هاوڕێ باخەوان

# وشە پەرتەوازەکان

## بەرگی سێیەم



هاوڕێ باخەوان

# وشە پەڕتەوازەکان

## بەرگی سێیەم

سەرجەمی ئەو وتار و دیمانانەیە کە لە سێپتێمبەری ٢٠٠٩ەوە تاوەکو نۆڤەمبەری ٢٠١٦ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بڵاوبوونەتەوە
بەبڵاوبوونەوەی هەر بابەتێکی نوێی نووسەر، ئەم دۆکومێنتە نوێدەکرێتەوە.
ڕۆژی نوێکردنەوە: ٣٠-١١-٢٠١٦

**ناوی پەڕتووک: وشە پەرتەوازەکان**
**نووسەر: هاوڕێ باخەوان**
**بابەت: کۆمەڵە وتار و دیمانە**
**بەرگ: سێیەم**

# ناوەڕۆك

**ناوەڕۆك.............................................................. 3**

**وتەیەك..............................................................12**

**دیمانە لەگەڵ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی – سازدانی جەبار عەزیز..............................................................14**

**یاسا بۆ بێپشتان سەروەرە! ..................................18**

**ئەمە... نابێت! ..................................................21**

**سینەمای دڵشاد، یادێك لە جاران!.......................23**

**لەگەڵ (هاوڕێ باخەوان)دا، دەربارەی گەندەڵی.. – گۆشەی هەفتانەی میدیا.........................................26**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی بەشداریكردنی حكومەت.. ..............................................................28**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێراق.............................30**

**تەوەری چاك و كۆنگرەی سێیەم............................32**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی یاسای هەڵبژاردنی ئێراق...................................................37**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی لێكترێنەگەیشتنی لیسەكان.. ..................................39**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی شكستەكانمان.. ..................................................41**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی لۆبیی كورد.. ..............................................................................44**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ... 47**

**تاراوگە و نەتەوەییبوون! ... 50**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن... 54**

**دیمانەی کۆوار – دەربارەی جینۆساید – سازدانی نوری بێخاڵی... 56**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی پایتەختی رۆشنبیریی ئێراق... 61**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی ئاستی دیپلۆماتیی هەرێم!... 63**

**دیمانەی گۆڤاری نێوەند – دەربارەی دامەزراندنەوەی پاسۆك... 65**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی زمانی کورد لە پەڕلەمانی ئێراقدا!... 73**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی توندوتیژیی دژبە ژنان!... 76**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی راپۆرتەکانی تاڵەبانی و نەوشیروان... 79**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی گۆران کاکەیی... 81**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی هاییتی و مەلا کوردەکان... 83**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی وانەی ئایین... 87**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی گرنگیدان بە لێدوانی بەرپرسەکان!........................................... 90**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی هەڵمەتی هەڵبژاردن!.................................................... 92**

**هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی نەبوونی کلتووری دبەیت!................................................ 94**

**دەربارەی درۆی ئیسلامییەکان! ............................ 96**

**دەربارەی بردنەوە و دۆڕانی هەڵبژاردن................ 98**

**دەربارەی پێشمەرگە و میلیشیا!......................... 100**

**کامیان باشترە؟! عەللاوی یان مالیکی!............... 103**

**دەربارەی گرژیی نێوان پارتی و یەکێتی!............ 105**

**دەربارەی ئیفلاسیی شیوعییەکانی کوردستان. 107**

**دیمانەی زاری کرمانجی لەگەڵ هاوڕێ باخەوان 163 ........................................................................**

**دەربارەی خۆپیشاندانی سەردەمی بەعس و سەردەمی (خۆمان)!........................................... 169**

**دەربارەی دووبەرەکیی ئیسلامییەکانی کوردستان 171 ........................................................................**

**دڵی گەورە و گیانی دیموکراسی لای منە، نەك شیوعییەکان!................................................... 174**

**لێکدانەوەیەك بۆ هەڵوێستی ئیسلامییەکان ...... 192**

**ئێمە خۆمان (سەردەشت)مان کوشت!............. 194**

**هەژاری مرۆڤ و کلتووری کاریزما ...................... 198**

**دەربارەی سەردەشت و پارتی و گۆڕان.............. 205**

**دەربارەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی ................. 208**
**نێڤەرتیتی، دوای میسر دەبێت بێتە کوردستان! 211**
**دیمانەی گۆڤاری وێران – سازدانی حەمە مەنتك ...................................................................... 222**
**تۆپبارانی ئێران و هەڵوێستی حکومەتی عێراق و ئەمریکا و کوردستان ........................................ 230**
**ڕۆژێکی نارنجی!.................................................. 233**
**دەربارەی سوێندخواردن بە زمانی کوردی......... 236**
**تۆپانێ و کۆمۆنیزم!............................................. 239**
**پژاك و داگیرکەری ئێران و هەرێم ........................ 241**
**کورد و مادەی 140 و دادگای باڵای ئێراق! ......... 244**
**پێشوەچوونی ئاستی دیپلۆماسیی هەرێم........ 246**
**پەراوێزخستنی کورد لە بەغدا ............................ 249**
**عەرەبی (کوردی نەزان)! .................................... 251**
**گومرگی شۆڕش و نەوتی (نا)یاسایی! ............. 254**
**دەربارەی لێکداپرانی حیزبە کوردییەکان! ........... 256**
**سوودی ئاماری ئەمجارە و پێویستە چی بکرێت؟! ...................................................................... 259**
**هونەر لە ئایین جوودابکەنەوە! ............................ 261**
**دەربارەی گفتووگۆی پارتی کرێکاران و تورکی داگیرکەر! ................................................................ 263**
**دەربارەی پێگەی دیپلۆماسیی هەولێر! .............. 267**
**دەربارەی ریفراندۆمەکەی دەستووری تورکیا..... 269**

دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی بۆچوون – شەنکار عەبدوڵڵا ........ 271
ئەگەری دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن لە ئێراقدا ........ 277
شەڕەوتاری شیوعییەکان و خوێندنەوە هەڵەکانیان ........ 279
تۆپ بەرامبەر پتەوترکردنی بازرگانی! ........ 292
دیمانەی ڕۆژنامەی ڕووبەر – سازدانی ئیبراهیم عەباس ........ 294
پیلانی عەرەب و سادەیی کورد! ........ 302
دەربارەی پرۆژە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ........ 305
ژنانی سەرکردە پڕکەرەوەی بۆشایین! یان بەڕاست سەرکردەن! ........ 307
تەعریبی خۆماڵی ........ 310
خەونی سەربەخۆیی! ........ 313
دەربارەی یاسای خۆپیشاندان ........ 315
عەرەبی (ڕەسەن) و کوردی (نا)ڕەسەن! ........ 317
سوپاس، ئەمجارەش یەکسان بوون! ........ 321
دەستپێشخەرییەکی ئێراقچییانە! ........ 324
من و کچە گەرمیانییەکە ........ 327
مەرگەساتی سلێمانی! ........ 331
دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی هەرێم ........ 333

**دەربارەی هاووڵاتیبوون و مافە بنەڕەتییەکانی! . 341**
**ئەگەر کوڕی چاڕڵس نەبوویتایە!.......................... 345**
**من و کوڕە وەرتێییەکە!...................................... 348**
**رووبەری داهێنان و زنجیرە پرس و رایەك! .......... 352**
**زمانی وێنە - پەروەردەی باڵای سەرئاوەڵا!........ 372**
**لۆزان کێشەی کورد نەبووە و نییە!...................... 375**
**دیمانە لەگەڵ زاری کرمانجی – سازدانی بەشار عەزیز گوانی........................................................... 377**
**زمانی وێنە - نەزانکۆی گەرمیان! ........................ 384**
**پرس و وەڵامێك بۆ گۆڤاری شەپۆل...................... 387**
**دەربارەی رووداوەکانی بادینان............................ 389**
**زمانی وێنە - جێگەی نەرمونیان! ........................ 393**
**زمانی وێنە - جیهانی من!................................... 395**
**کارەساتی رێنووسی کوردی و دنیای دیجیتاڵ! . 397**
**زمانی وێنە - پەتی سێدارە! ................................ 403**
**زمانی وێنە - سەرۆك(گەلی) ئێمە پشوونادات! 406**
**میستەر ریچ ........................................................ 409**
**ئایا ئاڕاستەی یەکێتی بەرەو ئێرانە یان رۆژئاوا؟ 411**
**کوورتە باسێکی تێپەڕ دەربارەی دادگا نێودەوڵەتییەکان..................................................... 413**
**دەوێرم بڵێم (کوردیپێدیا) پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە!.............................................................. 424**

**لایەنە خراپ و لێكچووەكانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن! .......... 430**

**دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقام .......... 432**

**زمانی وێنە ، بۆرما و رۆبۆسكی و ئیسلامی سیاسی .......... 440**

**دەربارەی گۆڕان و ئەجێندای ئێرانی!.......... 442**

**زمانی وێنە. رادیۆی تەكسییەكانی كوردستان! 444**

**زمانی وێنە (بۆ یادگاری)! .......... 446**

**زمانی وێنە: هەولێر، پایتەختی عەرەبستان!..... 449**

**درۆكانی كوردایەتی .......... 451**

**زمانی وێنە – عەرەب سەددامە و سەددامیش عەرەب!.......... 453**

**ئایینێكە و دوو قورئان! .......... 455**

**لە پشووی رۆژە رەشەكە! دەرگای پۆل و فەرمانگەكان بكەنەوە! .......... 457**

**بەیارمەتیی پەشێوی هاوڕێم*! .......... 459**

**زمانی وێنە: دیسان گفتوگۆ!.......... 461**

**زمانی وێنە: دوور لە سیاسەت و بەرژەوەندیی حیزبی .......... 463**

**زمانی وێنە – یادی هەڵەبجە .......... 466**

**پرۆسەی ئاشتەوایی لە توركیا!.......... 468**

**حەڵاڵ و حەرام!.......... 470**

**پرسی جینۆساید و بەنێودەوڵەتیكردنی!.......... 472**

**مەلا و حکومەت و ئێمە و ٣ پرسیار!.................... 474**
**ئێراق، وڵاتی خوێن و دژەکان................................ 476**
**یەک پارتی و دوو یەکێتی!.................................... 478**
**دیمانەی ئێستا نیوز دەربارەی هەڵبژاردن و ناوچەداپڕاوەکان.................................................... 480**
**دیمانەی کوردستانی نوێ دەربارەی کوردیپێدیا 486**
**ئاماری کار و چالاکییەکانی رێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2013 ........................................................... 497**
**رووداوەکانی سەیسایەق و دوو سەرنج!........... 499**
**(منداڵی ون).......................................................... 505**
**منیش چاڕلیم......................................................... 507**
**گفتوگۆیەک لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنییەکان و "رۆڵ"ی جاشە کوردەکان تێیدا!............................. 509**
**چارە، هەر دیواری کۆنکرێتییە!............................ 522**
**کوردیپێدیا، سەربە پارتییە! یان یەکێتی؟ و بەپارەی کێ ئەمە دەکات و (عاید)ی کێیە!........................ 523**
**کورتەی رەگوریشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان ............................................................... 525**
**باشووری کوردستان و پۆست-داعش................ 534**
**سیناریۆکانی پۆست-داعش................................ 553**
**داعش کێیە؟........................................................... 563**
**قەڵەمەکانی براکوژی.......................................... 564**
**نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان............................ 565**

**پیرۆزبایی لە نادیە موراد........................................ 566**

**ئەوەی بەعس بۆی تەواونەکرا!............................ 567**

**بۆ دەمیرتاش و هاوڕێیانی چیمان کرد!................ 568**

**راپۆرتەکانی هیومان رایتس وۆچ ئاماژەیەکی ترسناکن بۆ پاشەڕۆژی سیاسیی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان............................................ 569**

**ئەوە بوو ترسی من!............................................. 571**

**قەیرانی دادگای دادی نێودەوڵەتی – ICC و خواستی دامەزراندنی دادگایەکی بەهێزی نێودەوڵەتی........................................................... 573**

**کوردستان، وڵاتی بەیاننامە و راگەیەندراوەکان! 576**

**بۆ مێژوو بنووسە! (کێشەی کات و رێکەوت و شوێن لە نووسینەکانماندا).................................. 578**

**خۆزگە فیدێل وانەبووایە!.................................... 580**

**ئوتومبیل سووتاندن هەر هەمان هزری خەرمان سووتاندنە!............................................................. 582**

**بەیاساییکردنی حەشدی شەعبی و ترسەکانی پۆست-داعش ........................................................ 584**

**لیستەی گۆڤار، رۆژنامە و ماڵپەڕەکان................. 587**

**پەڕتووکەکانی نووسەر......................................... 589**

**ئامادەیە بۆ چاپ ................................................. 590**

# وتەیەك

هزری مرۆ، بیرکردنەوەی، هەڵسوکەوتی و هەموو دیاردە مرۆییەکانی تری وەک هەنگامەکانی تەمەنێتی. منداڵێکی شیرەخۆرە زۆرترینی هزر و بیرکردنەوەی بۆ شیرەکەیەتی، هزر و هەڵسوکەوتی مێرمنداڵێک لە زۆربەی کاتدا یاخی و سەرکەشە. بەڵام پاش خۆناسینی ئەو مێرمنداڵە، ئەو بیرکردنەوەیە هێمن دەبێتەوە و تاوای لێدێت لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەو بیرەش لە چوارچێوەیەکدا خۆیدەگرێت.

دیارە ئەم هاوکێشەیە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا ناسەپێت و مرۆڤایەتی و کوردایەتی گەلێک ریزپەڕی بەخۆیەوە دیتووە.

لە رەوەندی هزری ئێمەدا کەسانێکمان هەن خاوەن هزری لەرزۆک و بەپێی هەر کات و ساتێک و لەبەرژەوەندیی خۆیان، هەر جارەی رەنگێکیان لەخۆیانداوە، هزر و بیرکردنەوەی ئەوانە ئەگەرچیش لەباری فیزیکییەوە تەمەنیان بەرەوخوارچووە، بەڵام بیریان لە چوارچێوەیەکی ئاشکرا و هێڵێکی یەکئاڕاستەدا خۆیی نەبینیوەتەوە. زۆر جارانیش ئەم هزرە لەرزۆکە کارەساتی گەورەی نەک تەنها بۆ خودی ئەو مرۆڤە، بەڵکو بۆ نەتەوەکەشمانی لێکەوتووەتەوە.

مایەی خۆشبەختی و شانازیمە، کە بیرکردنەوەم هەر لە سەردەمی مێرمنداڵیمەوە لەیەک ئاڕاستەدا خۆیی بینیوەتەوە. تەواوی ئەو نووسین و وتار و کورتە لێکۆڵینەوانەشی کە پێشکەشی خوێنەرانمم کردووە، هیچیان ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر نین و هەموویان سەنگەری نەتەوەکەمن[1] ..

1 زۆربەی ئەو وتارانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان و ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، دەستم نەکەوتوون و هەندێکیانم لە رێی ئنتەرنێتەوە بینیوە. هەر بۆیە کۆکردنەوەیانم لەم پەرتووکەدا بەپێویست زانی و ناویشم نا "وشە پەرتەوازەکان".. هەندێک نووسینم لە جارێک زۆرتر بڵاوکراوەتەوە، هەندێکیشیان بە ویستی خۆم نەبووە و هەندێک رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ سەربەخۆ و بەبێ پرسی من بڵاویان کردووەتەوە. هەربۆیە لێرەوە تکا لەو کەناڵە بەڕێزانە دەکەم کە بەبێ پرسی خۆم هیچ نووسینێکم بڵاونەکەنەوە. ئەمە مافی رەوای خۆمە و هیوادارم رەچاوی بکەن.

بەشی زۆری ئەم بەشەی وشە پەڕتەوازەکان، دیمانەیە، زۆربەی ئەوانەش لە گۆشەی هەفتانەی رۆژنامەی میدیادا بڵاوکراوەتەوە. هەندێکجار هەمان پرسیار دەربارەی هەمان رۆژەڤ لە لایەکی ترەوە لێمکراوە، هەربۆیە دەشێت لەم بەشەدا لە چەند وەڵامێك زۆرتر دووبارەی تێدابێت!.

هاوڕێ باخەوان
16-06-2003

---

شایانی باسە کە شێوەی ڕێکخستنی وتارەکان بەپێی مێژووی بڵاوکردنەوەیانە.
هەندێک نووسینم بەبێ رەزامەندیی خۆم لەکاتی بڵاوکردنەوەدا دەستکاریکراون، هەندێکیان بەجۆرێکی واهی شێوێنراون کە مەبەستەکەی منیان تێیدا تێکداوە. بەڵام لێرەدا تەواوی نووسینەکان وەک خۆی کاتی خۆی چۆنم نووسیوون، هەرواهیش بڵاومکردوونەتەوە.
لەگەڵ زۆربەی دیمانەکانم پرۆفایلی خۆم بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لێرەدا لەبەر جێگرتن بەپێویستم نەزانی ئەو پرۆفایلانە دووبارە ببنەوە و لامبردوون.

# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی – سازدانی جەبار عەزیز[1]

**1- بەو پێیەی کەبەڕێزتان زۆر لەسەر پرسی نەتەوەی لێکۆڵینەوە دەکەن و پرسی (ناسیۆنالست) ی یەکێکە لەخەمەکانی ئێوە پێت وایە تائێستا بزوتنەوەیەکی گەورەی ناسیۆنالستی هەبێت ؟**

وەڵام: ئەگەر بزووتنەوەیەکی گەورەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان ببوایە، من چیم دابوو لەسەر لێکۆڵینەوەی پرسە نەتەوەییەکانمان!. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە کوردستان و لە نێو کوردان نەک گەورە نییە! بەڵکو بەڕای من هێشتا بوونێکی ئەوتۆیشی نییە. ئەگەر ببوایە ئێمە دەمێک بوو دەوڵەت بووین.

**2- ئەگەر نەتوانراوە پرسی نەتەوەی پێش شتەکانی تر بکەوێت هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە کەم تەرخەمی تاکی کوردە یاخود پارتە کوردیەکان نەیان توانیوە پرسی نەتەوەی لەڕۆرڤ بگرن و بیکەنە هەوێنی کارکردن ؟**

وەڵام: من ئەو دۆزە دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمانێکی زووی پێکهاتنی خوودی کورد وەک "نەتەوە"یەک. دیارە وشەی نەتەوەم خستنە نێو دوو کەوانەوە، چونکە لە نەتەوەییەتیی کورد هێشتا بەگومانم. چ پارتە کوردییەکان، چ تاکی کورد و بیرکردنەوەی بەشێکی نەبوونی ئەو پرسەن. کێشەکە پەیوەندیی بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی سستەوە هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکهاتانەی کە خودی نەتەوەی کوردیان دروستکردووە، ئەو پێکهاتانە هێشتا نەیانتوانیوە لە نێو بۆتەی نەتەوەی کوردا بتوێنەوە و نەتەوەیەکی واهی دروستبکەن کە باوەڕیان بەوە بێت بەرژەوەندیی کورد بەگشتی بەرژەوەندیی هەموو تاکەکانێتی. پێش مادەکان لە کوردستاندا کۆمەڵێک

1 ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی – ژمارە 820 – لاپەڕە 5 – 16-09-2009 – کوردستان – هەولێر. تێبینی: ئەم ڕۆژنامەیە هی دەستە جیابووەوەکەی حیزبی زەحمەتکێشانە. ماڵپەڕی کلاورۆژنە - 06-10-2009

ڕەگەزی زۆر ژیاون. لە هیندستانیشەوە هۆزە ئارياييەکان کۆچيان بۆ کوردستان کردووە. پاشانیش مادەکەن بە چەند هۆزێکی جياواز و دژبەيەک لە کوردستاندا بوونيان بووە. ئەم هەموو ڕەگەز و هۆزانە پاشتر ناوی کورديان لێنراوە. بەڵام کێشە لەوەدايە هۆزەکانی ماد بوونەتە هۆزێک يان میرنشینێک و ئێستاش پارتێک و عەقلييەتيان هەر ئەوەکەی سەردەمی ماد و پێشترە. لە هەموو بارودۆخێکدا تەنها خۆی و بەرژەوەندیی خۆيی بينيوە، چ وەک میرنشین، چ وەک هۆز و لە ئێستاشدا چ وەک پارتێک. واتە بەرژەوەنديی هاوبەش کە گرنگترینی پێکهاتەی نەتەوەيی و دەوڵەتە تاوەکو ئێستا لەناو کوردا سەریهەڵنەداوە. هەربۆيە بۆ من ئێستا ئاستەمە بەتەواوەتی بەخۆمان بڵێم نەتەوە و هۆيەکی سەرەکيشە بۆئەوەی پرسی نەتەوەيی پێش شتەکانی ترمان بکەوێت.

**3- لەئێستادا پرسی کورد لە يەکێکە لەپرسەگرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لەسەر ئاستی جيهانيش قسەی لەسەر دەکرێت دەکرێت بڵێين پرسی کورد لەچارەسەری نزيک بۆتەوە؟**

وەڵام: ناتوانم ئەوەندە گەشبين بم، لێ ڕەشبينيش نيم. چارەسەری پرسی کورد تەنها بەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەيیی کوردی دەبێت. هەر چارەسەرێکی تر، دەبێتە کاتی و پاشان کێشەی لێدەکەوێتەوە. ئێستا کوردی بندەستی داگيرکەری ئێراق کە بە گووتەی لای خۆمان فيدڕاڵيان هەيە! بەڵام ئايا ئەوە چارەسەرە؟، ئايا کوردی باشوور بێ کێشەيە؟!. هەر چارەسەرێکی تری دەرەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، کاتی و نەشياوە و کێشەی لێدەکەوێتەوە. پرسی کورد با پرسێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی نێوينيش بێت و لەسەر ئاستی جيهان قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەمە هێشتا ناگاتە ئەوەی سياسەت و بەرژەوەنديی نێودەوڵەتی نەخشەی چوار يان پێنج وڵات تێکبداتەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. هەربۆيە بەداخەوە دەڵێم کە پرسی کورد جارێ لە چارەسەر نزيک نەبووەتەوە، بەڵام گۆڕانکاری دروستبوون.

**4- ئەگەر دەسەڵاتی کوردی یان حیزبەسیاسیەکان لەئاستی ئەم قۆناغەدا نەبن دەبێت ئێمە وەک فەرد چی بکەین؟**

وەڵام: (ئەگەر)ی ناوێت و دەسەڵاتی کوردی یان حیزبە "سیاسی"یەکان لە ئاستی ئەم قۆناغەدا نەبوون و نین. ئەگەرچی دەبێت دەسەڵات و سیستم تاکەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت و رێکیانبخات! بەڵام دیارە لەم هەنگامەدا لای ئێمە پێچەوانە بووەتەوە. تاکی کورد دەبێت هەردەم دەنووکی لەسەر دەسەڵات بێت، چونکە تاکی کورد هێشتا لە دەسەڵات زیرەکتر و دڵسۆزترە. تاکە لێوەشاوەکان دەبێت هەردەم هەڵەکانی دەسەڵات دەربخەن و دزی و گەندەڵییەکانی دەسەڵات بۆ جەماوەر باشتر روونبکەنەوە، بەهەرچی شێوەیەکە دەسەڵات والێبکەن کە گوێ بۆ داخوازییەکانی تاک رابگیرێت و دەستەڵات والێبکەن کە سازش لەسەر پرسە نەتەوەییەکان نەکات و هێڵە سنوورەکان نەپەڕێنێت.

**5- لەمێژووی ئێمەدا زۆر بەی سەرهەڵدانەکان ناوچەی بوون و نەیان توانیوە سنورێکی دیاری کراو تێپەڕێنن ، ئایا ئەمە دەری ناخات کەهۆشیاری نەتەوەی لای ئێمە زۆر لاوازە؟**

وەڵام: بەڵێ بێگومان لاوازە، راپەڕینەکانیش دەگەڕێنمەوە بۆ هەمان تیۆریی پێکهاتەی کورد وەک نەتەوەیەک. کە ئێمە هێشتا بیرمان بیری هۆزەکانی ماد بێت! راپەڕینەکانیش بەو شێوەیەیە، هەربۆیە سەرهەڵدانێک لە ناوچەی باباندا لەگەڵ بەرژەوەندیی ناوچەی ئەردەڵان یان بادیناندا نەوەستاوەتەوە. ناوچەکان، هۆزەکان و میرنشینەکان تەنها خۆیان و بەرژەوەندیی خۆیانیان بینیوە، ئیدی لەو دیو سنوورەکانیان چی روودەدات کێشەی ئەوان نەبووە. سەیر ئەو قەڵا سەربازییانەی نێوان میرنشینی بابان و سۆران بکەن لە دژی یەکتری و بزانن ئایا تەنها قەڵایەکیشیان لەسەر سنووری نەتەوەیی کورد دروستکردووە! ئەمە ئەوە دەگەیەنێت بابان، بابان بووە نەک کورد. ئەردەڵان، ئەردەڵان و سۆرانیش، سۆران. ئیتر حوکمێکی مێژوویی ناوی لێناون کورد و بە خاکەکەشیان گووتراوە

کوردستان، ئەوە کێشەی ئەو ناوچە و میرنشینانە نەبووە! کێشەکە لەوەدایە هێشتا کێشەی حیزبەکانی ئێستاش نییە!.

**6- ئایندەی پرسی کورد چۆن دەبینن؟**

وەڵام: وەک پێشتر باسم کرد کێشەی کورد تەنها بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی چارەسەر دەکرێت. ئەوەش کارێکی وا ئاسان نییە، چونکە هێشتا کۆڵەکەیەکی گرنگی نەتەوایەتیمان نییە، تاوەکو بەتەواوەتی پێمان بگووترێت نەتەوە. ئێمە دەبێت پێش زمان و خاک و کلتوور و مێژوو و هەر شتێکی تر بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەبێت. کەی گەیشتینە ئەو رادەیەی ئێمە وەک نەتەوەیەک یەک بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیە، ئەو کات بەبێ هیچ گومانێکەوە نەتەوەین. کەییش بەتەواوی بووینە نەتەوە! ئەوکات ئاییندەی پرسەکەمان زۆر گەشتر دەبێت. بەڵام بەم بیرکردنەوەیەی ئێستاوە و بەمزووانە ئاییندەیەکی باشمان دیارە نابێت.

لاهای – هۆڵندا
2009-09-01

# یاسا بۆ بێپشتان سەروەرە![1]

لاهای - هۆڵندا
2009-09-11

کورد لەوەیاندا باشی وتووە کە دەڵێت: خلە خەتا دەکات، بلە دەدەنە بەر کلك! ئەمە کتوومت بەسەر کێشەکەی قایمقامی هەڵەبجەدا دەچەسپێت. ئەگەرچی پێدەچێت ئەویش هەر خەتابار بێت.

ئافەرم حکومەت! هەڵەبجە بەو ناوە گەورە و گرانەوە، بەو هەم و زام و ناسۆرەوە، ئەوە قایمقامەکەی بێت!. هەڵبەت هێشتا بەتەواوەتی روون نییە، کە قایمقامی ناوبراو چیی کردووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە کەسێکی بێ پشتوپەنایە، ئەگەر نا ئەوا رۆژی بەم رۆژە نەدەگەیشت کە کاسەی هەموو گەندەڵی و دزییەکانی حکومەتی لەسەردا بشکێنن. هەرچی ئیختیلاس و دزیی ئەو ملیاران دۆلارە هەیە لە کەسێکی وەك قایمقامی هەڵەبجەدا بچووکی بکەنەوە.

لەو وڵاتەی ئێمە پشتت هەبێت، چی دەکەی بیکە، ئەنفالت کردووە کێشە نییە و بە کوردایەتی بۆت دەنووسرێت. کاتی خۆی سەرۆکجاش بوویت یان فایل هەیە، ئەویش کێشە نییە و ئەمڕۆ بە خەت مایل بۆت نووسراوە! و بە کوردایەتی بۆیان سپی کردوویتەوە! دزیت کردووە و دەیکەیت، ئەویش کێشە نییە و تاوان نییە، بەڵکو ئەویشت بۆ دەکەن بەژێر لێوی نەسرییەوە!..

بەڵام پشتت نەبێت، کێچێکت لێدەکرێت بە گایەك و تاوانی گەلێکی تریش لە تۆدا رەشدەکەنەوە و دادگای شۆرشگێڕانەت بۆدادەنێن.

---

1 هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 78 – لاپەڕە 18 – 2009-09-14 – کوردستان – هەولێر
ماڵپەڕی کلاورۆژنە - 2009-09-15
ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – 2009-09-16
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 2009-09-16
ماڵپەڕی کورد نێت – 2009-09-16
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-09-17

خۆزگە حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی ئەوەندە ئازا دەبوون، وەك پەك سەیری تاوان و تاوانبارانیان دەکرد و بە قایمقامی هەڵەبجەوە نەدەوەستانەوە، ئەوکات جگەلەوەی تاوانباران هەموویان بەسزای خۆیان دەگەیشتن، ترسی ئەوەش دەهاتە ئاراوە کە حکومەت نەمایە!، چونکە زۆرینەی زۆری بەرپرسان لە قایمقامی هەڵەبجە شەریفتر نین!.

هەر لەو دەشتی شارەزوورەدا بەرپرسی پشتداری تێدایە، سەدان ئەوەندەی قایمقامی هەڵەبجە خراپە و تاوانی کردووە، کەسانی تێدایە بە رست شۆرشگێرانی رۆژهەڵاتیان تیرۆرکردووە و بە زیندوویی رادەستی داگیرکەری ئێرانیان کردوونەتەوە. بۆچی قایمقامی هەڵەبجە بەتەنیا تاوانبار بێت و ئەوانیش شۆرشگێر و دەستپاك!.

---

هەمان بابەت رووداوێت کردییە کوردیی کرمانجی و تیپی لاتینی:

## Yasa Bo Bê Piştan Serwere

**Hawrê Baxewan**

Kurdan di wê yekê de baş gotine ku dibêje: Xile xetayan dike, bile didin ber daran! Ev yekser ligel pirsgirêka qeymeqamê Helebce digunce. Herçiqas dibe ku ew jî xetaker be.”

Bijî Hikûmet! Helebce bi wî navê mezin û giran, bi hemû birîn û êşan ev qeymeqamê wan be! Bê guman hê bi tevahî ne eşkereye ku qeymeqamê navbirî çi kiriye, lê misoger e ku kesekî bê pişt û penaye. Ger na roj bi roj nedigha vêna ku kaseya hemû gendelî û diziyên hikûmetê bi ser de bişkînin. Herçiqas îxtilas û diziya milyonan dolar heye û kesek wek qeymeqamê Helebce biçûk bikin.

Ger li welatê me pişt hebe, enfal kiriye ne pirsgirêke, ji te re bi Kurdayetî dinivîse. Eger di dema xwe de tû serokê cerdevanan bî û dosya te hebe. Ew jî ne pirsgirêke û îro bi awayekî hatiye nivîsandin! Bi Kurdî ji wan re spî kiriye! Te dizî kiriye û tû dikî, ew jî ne pirsgirêk û tawane, wê jî ji te re bi nave nesriye dikin!

Lê ger pişta te nebe, kêçekê li te dikin zilga, tawanekî din jî bi ser te de dirjînin û deriyê Dadgeha Şoreşê bo te dideynin. Xwezî hikûmet û deshilata dadwer hewqasî jîr bûna, wek temaşekirina tawanekî  tawanbariya wan dikir û bi qeymeqamê Helebce ve ne disekinîn. Wê demê jî hemû tawanbar dighan cezayê xwe. Wê tirsa vê jî hatibana holê ku hikûmet nemaye! Ji ber piraniya rayedaran ji qeymeqamê Helebçe ne paqijtirin!

Her di deşta Şarezûr de rayedarê piştdarî têde ye, bi sedan wek qeymeqamê Helebçe xirabe û tawan kiriye. Hinek kes hene û bi rist şoreşgerên Rojhilatî terorkirîne û bi zindî radestî dagirkerên Îranî kirîne. Çima tenê qeymeqamê Helebce tawanbar be, ew jî şoreşger û dest paqij be!

# ئەمە... نابێت![1]

لاهای - هۆڵندا
2009-10-14

لە هەواڵەکانی رۆژی 13ی سێپتێمبەردا هەواڵێکی زۆر دڵتەزێنی تێدابوو، ئەویش تیرۆرکردنی خێزانێکی کورد بوو لە شاری کەرکوك. تاوانەکە تا بڵێی قێزەونە و مرۆ دەخاتە بەر چەندین پرسیار و تێرامانەوە.

هەڵبەت زۆمان لەم هەواڵانە بیستووە، بەڵام ئەمەیان بۆ من زۆر لەوانی دی جوودان و تووشی شۆك و بارودۆخێکی دەروونیی سەیری کردم . جوودابیەکەشی تەنها بەهۆی ئەوەوە نییە کە خێزانەکە لەخەودا تیرۆرکران، یان سێیان منداڵن و یەکیان ئەوەندە تەمەنی کەمە کە هێشتا لەوانەیە تەنها دایە و بابە بزانێت! بەڵکو بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەکانیانەوە بوو، کە ئەویش بە تاوانێکی گەورە دادەنێم.

بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەگەڵ یەك لەو وێنانەدا بوو کە پۆلیس یان رۆژنامەنووسێك دوای زانینی رووداوەکە گرتوویەتی و ئەویش وەك ئەوەی هەنگوینی لەداردا دۆزیبێتەوە بە هەموو ماڵپەڕەکانی دنیادا بڵاویکردووەتەوە.

وێنەکە تراژیدیایەکی گەورەیە، دایکێك و سێ منداڵ لە ژێر پێخەفەکانیاندا لە خوێندا خەڵتانکراون. تا لە وێنەکە وردبیتەوە، تراژیدیاکە گەورەتر دەبێت، زۆر پرسیار دێت بە مێشکتدا، دەبێت ئەوە چ مرۆڤێك بوویێت بەکارێکی واهی هەڵبستێت، دەبێت چ بیرێکی ببێت، دەبێت لەگەڵ کەسانی واهیدا چۆن لە وڵاتێکدا پێکەوە بژین!. دەبێت ئەو دایك و منداڵانە لەو کاتەدا خەویان بەچییەوە دیبێت، تۆ بڵێی ئاگایان لەخۆیان بوویێت و بەئازاری برینەکانیانەوە زۆر نەتلابنەوە! دەبێت ئێستا بارودۆخێکی مێرد و بابیان چ بێت و زۆری دی.

---

1 ئەم وتارە نێردرا بۆ رۆژنامەی میدیا، بەڵام بەهۆی جەژنی رەمەزانەوە بڵاونەکرایەوە، پاشانیش دەرکەوت کە بکوژی ئەوانە مێرد و باوکیان بووە.. ئیدی پێموابێت رۆژنامەکە بەهۆی ئەوەوە و بەسەرچوونی بابەتەکەوە بڵاوینەکردەوە.

تاوەکو تێڕامان و پرسیارەکان دەتبەنەوە سەرئەوەی ئایا چ شتێك لای پۆلیس نهێنییە؟! ئەو وێنانە بۆچی دەگیرێن؟ بۆ ئەوەیە لە کاتی تۆژینەوەدا یارمەتیی تۆژەرەوان بدات و بەنهێنی لە فایلی تاوانەکەدا بمێنێتەوە، یان بۆ ئەوەیە بەهەموو دنیادا بڵاوبکرێتەوە!. ماڵپەڕی کوردی هەیە لەمڕۆدا سەردانیم کردووە، لەباتی جارێك دووجار وێنەی ئەو تاوانە گەورەیەی لەسەر دەستپێکی ماڵپەڕەکەی داناوە!.

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە دوورە لە هەموو یاسا و رێساکانی پۆلیس و رۆژنامەوانییەوە، بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو تاوانە، تاوانە و دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت و مێرد و باوکی تیرۆرکراوانیش مافی داوای یاسایی لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هەیە، جگە لەوەی مافی گشتیش دژی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیەیە، چونکە لەوانەیە لەو وێنەیەدا داوێکی دەستگیرکردنی تاوانبار(ان)ی تێدابێت و بەهۆی ئەو وێنەیەوە ئەوانیش بکەونە خۆیان بۆئەوەی ئەو سەرەداوەش تیرۆر بکەن.

ئەوەی ئەو وێنەیەی بڵاوکردەوە پۆلیس بێت یان رۆژنامەوان، دەبێت بەرەورووی لێپێچینەوە بکرێتەوە، چونکە ئەمە نابێت!.

# سینەمای دڵشاد، یادێك لە جاران![1]

لاهای - هۆڵندا
2009-09-15

دەڵێن بیری منداڵی تیژە، رووداو و خاتیرەکانی هەردەم بەدوواتەوەیە. یەکێك لەو یادگارییانەی جاران کە هەردەم لە هەست و نەستمدایە، (سینەمای دڵشاد)ی شاری سلێمانییە. لەو پڕوایەشدام زۆرێکی خەڵکی ئەو شارە هەر لە گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکی بەردەگاکەی و بلیت فرۆش و تەنانەت خاوەن و هاتوچۆکەرانیشی، هەریەکە و بەشێوەیەك لە هەست و نەستییاندا مابێتەوە. ئەوەی من زۆرتر بەهۆی رەوانشادی باوکمەوەیە، کە لە کۆتایی شەستەکاندا سینەماکەیی دروستکردووە.
تەمەنم هەر سێ چوار ساڵێك دەبوو و وەك خەو بیرم دێت کە لە پاش یەکێك لە جەژنە ئیسلامییەکانەوە، باوکم رۆژێك چەند تورەکەیەك پارەی وردەی هێنایەوە بۆماڵەوە! پێمواییێت ساڵی 1969 یان 1970 بوو و من نەمدەزانی ئەم هەموو پارە وردەیە چییە؟!. منداڵ ئەو کاتە هەر جەژنان پارەی زۆری بەخۆیەوە دەبینی، کەچی من پاش جەژن ئەو هەموو پارەیەم لەبەردەستدا بوو!. توورەکەکان ئەوەندە قورس بوون! زۆر چاکم بیرە کە بەهەردوو دەست یەکێکیانم بۆ بەرزنەدەکرایەوە!. باوکم پارەکانی جوودادەکردەوە و منیش بەحیسابی خۆم یارمەتییم دەدا! لێ ئەوەی من تەنها یاریکردن بوو و لە هەر جۆرێکی پارەکە تاوەرێکم درووستدەکرد، سەد فلسی، پەنجایی، بیستوپێنجی و هتد. بۆ من زۆر شتێکی سەیر و خۆش بوو و نەمدەزانی ئەو هەموو پارەیە چییە، بەتایبەتی کە لەو سەردەمەدا رۆژانەکەم وەکو هەر منداڵێکی تر پێنج فلس بوو.

---

1 گۆڤاری کۆوار – ژمارە 45 – لاپەڕە 32 و 33 – سێپتێمبەری 2009 - لەبڵاوکراوەکانی دەزگای زاری کرمانجی – کوردستان – سۆران.
ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە - 2009-10-15
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2009-10-20

پاشتر کە گەورە بووم، ئەو خەونەم هەرلەیادمابوو، وەڵامەکەشی ئەوەبوو، کە باوکم بەڵێندەری سینەماکە بوو و هەروەها وەك وەستاش کاری تێداکردبوو و ئەو پارەیەی کە هێنایە ماڵەوە هی ئەوە بوو کە یەك جەژن سینەماکە بۆ باوکم کاری کردبوو تاوەکو ئەو مافەی کەلای خاوەن سینەماکە بووە بیداتەوە بە باوکم.



**ڕەوانشادی باوکم (وەستا قادر ڕەسوڵ) لەکاتی دانانی کاشیی سینەمای دڵشاد**

بێجگە لەو یادگارییەم، زۆرجاریش لەگەڵ دایکم و باوکمدا شەوانە دەچووینە ئەو سینەمایە، زۆرچاك فیلمی سەنگام بیرە. هەندێك جاریش لەگەڵ باوکمدا عەسران دەچووین بۆ هەمان سینەما. جاری وا هەبوو ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، ئەوەی بلیتێکی دەستبکەوتایە بە ئاوەڕووتکراوی دەهاتە دەرەوە. کەس ریزی نەدەگرت، بەهێز هەموو کاتێك زووتر بلیتەکەیی بەردەکەوت. بەڵام گەر من لەگەڵ باوکمدا بوومایە، خۆشبەختانە ئەو کێشەیەم نەبوو، چونکە هەموویان باوکمیان دەناسی و بە سڵاوێك دەچووینە نهۆمی سەرەوە و لەیەکێك لە لۆچەکاندا دادەنیشتین. لە پشووەکانیشدا دەچووینە لای (کاك عەلی) کە

فیلمەکانی کارپێدەکرد و لەوێ دەمبینی کە چۆن بەکرەکان هەڵدەکاتەوە و نیوەکەی تری ئامادە دەکات.

جەژنانیش لەگەڵ کوڕی گەڕەك هەرچی چۆنێك بێت بلیتمان وەدەستدەخست و دەچووینە فیلمی هەفت پاڵەوانە و شارلی شاپلن و زۆریتر.



**دووا پیشاندانی فیلم لەسەر کەلاوەکانی سینەما دڵشاد – وێنەی ڕەحمان غەریب**

بەداخێکی زۆرەوە هەموو ئەو یادگارییانەی من و زۆری تری خەڵکی شاری سلێمانی بووە ژێر کەوچکی شەڤەڵەکانەوە و سینەماکە رووخا و لەجێیدا تەلارێکی بارزگانی دروستدەکەن. لەوەیاندا لۆمەی خاوەنەکەی ناکەم، چونکە لەژێر دەستەڵاتی کوردیدا سینەما و هاموشۆکەرانی زۆر لەجاران کەمتر بووەوە. شارەکەشم، ئەو شارەی هەندێك کەس پێی دەڵێن پایتەختی ڕووناکبیری، لە سێ سینەما، دڵشاد و رەشیدی رووخا و تەنها سینەمای سیروان ماوەتەوە کە ئەویش زۆر هیلاکە و چارەنووسی دیار نییە! تۆ بڵێی ئەویش پرووخێ و شاریش ببێتە ئەو پایتەختە رووناکبیرییەی کە سینەمای تێدا نییە!.

# لەگەڵ (هاوڕێ باخەوان)دا، دەربارەی گەندەڵی.. – گۆشەی هەفتانەی میدیا[1]

**پرسیاری میدیا: یەکەم جار لە ماوەی حکومڕانی کوردستان، ئێستا لە سنووری ئیدارەی پێشووی یەکێتی دەستکراوە لێپرسینەوە لە ژمارەیەک بەرپرس لە سەر گەندەڵی، خوێندنەوەتان بۆ ئەو بابەتە چیە؟**

وەڵام:

گەندەڵی، کێشەیەکی گەورەی زۆرێک لە دەوڵەتانە. لە باشووری کوردستانیش دیاردەیەکی دزێو و زۆر بەرچاوە، بەڕادەیەکی وا کە بووەتە گەندەڵستان!. مەترسیی گەندەڵی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە هەموو کونج و کەلەبەرێکی وڵاتی گرتووەتەوە، تەنانەت خوێندنی زانکۆ و وەرگرتنی بڕوانامە و زۆری تریش. دیارە کارێکی زۆر باشە دەستبکرێت بە لێپرسینەوە و هەموویان بەرەورووی ئەو پەندە بەناوبانگە بکرێنەوە کە دەڵێت "ئەمەت لەکوێ بوو؟!". ئەم لێپرسینەوەیە زۆر درەنگە، بەڵام دیارە ئێستا بکرێت لە سبەینێ و درەنگتر باشترە. چونکە سەرەتاکانی گەندەڵی لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی راپەرینەکەی باشووری کوردستان و پێشتریش لەناو بزووتنەوەی کوردیدا گەندەڵی هەرهەبووە، دیارە ئەوانیش وەک دیاردەیەکی کلتووری لە هۆز و تیرەکانی کوردەوە وەریانگرتووە. گەندەڵی شێوازێکی نوێی تاڵانیی هۆزەکانی کوردستانە لەگەڵ یەکتریدا. کاتی خۆی هۆزی شوکاک هەموو شاری مەهابادی تاڵانکردووە، تەنانەت ئافرەتەکانیشیان رووتکردووەتەوە!.

زۆر گرنگە لەم پڕۆسەیەدا رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 406 – لاپەڕە 6 – 06-10-2009 – کوردستان – هەولێر.
تێبینی: بەڕێکەوتن لەگەڵ هەفتەنامەی میدیا، هەموو هەفتەیەك دوو پرسیارم بۆ دەنێرن و منیش لەم گۆشەیەدا وەڵامی یەکێکیان دەدەمەوە. بۆیەشە دوو پرسیارە، تاوەکو سەربەستیی تەواوم هەبێت لە هەڵبژاردنی دانەیەکیاندا.
ماڵپەڕی کڵاورۆژنە - 12-10-2009

- لێپرسینەوەکە تەنها ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی یەکێتی نەگرێتەوە، چونکە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی پارتیش هەر هەمان گەندەڵستانە.
- لێپرسنەوەکە هەموو بەرپرسیاران بگرێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی پلەوپایەی چییە، تەواوی سامانە جێگیر و ناجێگیرەکانیان شەنوکەو بکرێت، تاوەکو بزانن چییان هەیە و ئاماری هەموویان بکرێت. واتە لە لێپرسینەوەکاندا دیسانەوە گەندەڵی نەکرێت و ئەم لەبەر خاتری ئەو لێی نەپرسرێتەوە!.
- لەهەمووی گرنگتر، دەبێت ئەو پرۆسەیە بەهۆی یاساوە بێت، ئەو یاسایانەی کە ئێستا هەن، هیچیان تایبەت نیین بەو پرۆسەیەوە و ئەوەشی هەیە هی سەردەمی داگیرکەری بەعسە. بۆیە دەبێت پەڕلەمانی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی و خێرا بەم یاسایە بدات بۆ لێپرسینەوەی گەندەڵکاران. لە هەنگاوی یەکەمدا باشتر وایە کە چەند بڕیار و ڕێسایەک دابنرێت، تاوەکو یاساکە ئامادە دەبێت و جێی ئەو بڕیار و ڕێیسایانە دەگرێتەوە. زۆر گرنگە لە یاساکەدا ئەوە هاتبێت کە کێ بەر ئەم لێپرسینەوەیە دەکەوێت، سامانەکەی چی لێدەکرێت، سزای گەندەڵکار چی دەبێت و زۆر وردەکاریی تر کە پێویستە لە یاساکەدا هاتبن.

هیوای نەهێشتنی گەندەڵی لە کوردستاندا کارێکی زۆر زۆر گرانە و ناچارم بڵێم، بەهیوای کەمبوونەوەی گەندەڵی!..

2009-10-01

هۆڵندا – لاهای

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی بەشداریکردنی حکومەت..[1]

**پرسیاری میدیا: یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی لە بەرانبەر بەشداریکردنی لەگەڵ زەحمەتکێشان وسۆسیالیست تووشی رەخنە و گلەییەکی زۆر بوون لە لایەن جەماوەرەکەیانەوە هاوکات زۆر لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە کە ئەو کورسیانەی لە پەرلەمانی کوردستان ئەو دووحیزبە هەیانە بە دەنگی ئیسلامییەکان بووە، بەڵام ئێستا ئەوان بەنیازن بەشداری لە حکومەتدا بکەن بەوەش جۆرێک لە جۆرەکان فێڵیان لەو دوو حیزبە کرد. خوێندنەوەتان بۆ ئەو بابەتە چیە؟**

وەڵام:

چوار حیزبەکە، دەمێکە بەخۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن! بەڵام راستییەکەی وانییە. ئەمانە هەردەم لە شەڕی پارە و بەرژەوەندیی تەسکی خۆیاندا بوون. تێکەڵێکی سەیر و سەمەرەن و دەستکوورتی و بێپارەیی کۆیی کردوونەتەوە. لەسەرەوە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن رادەگەیەنن و لەژێریشەوە کێ پارەیان بداتێ وەدووی دەکەون، ئیدی ئێران بێت، عەرەبستانی سعودی و کاتی خۆشی رژێمی بەعس و تەنانەت پارتی و یەکێتیش بێت، بۆ ئەمان گرنگ نییە! گرنگ ئەوەیە شتێکیان دەست بکەوێت!. رەفتارەکانی شەڕی ناوخۆشیان هەر لەم دیدەوە سەرچاوەی گرتووە.

هاوپەیمانیی ئەو چوار حیزبە، ئەو بەرژەوەندییە نێوبراوەی لێدەربکرێت، هیچ شتێکی تر نییە. دابەزینیشیان بەیەک لیست بۆ پەڕلەمانی کوردستان و ئامادەییشیان پێکەوە لە هەر بوویەرێکی تردا لەهەمان بەرژەوەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئیدی خۆیان چ ناوێک و چ ستراتیژێک لە هاوپەیمانییەکەیان دەنێن، ئەوە درۆیەکی رووتە. چونکە جگە لەو ئامانجە

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 407 – لاپەڕە 6 – 13-10-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاورۆژنە - 19-10-2009

ناوکۆییەیان هیچ هێڵێکی هاوبەش لەنێوان حیزبێکی ئیسلامی و حیزبێکی بەوتەی خۆیان "پێشکەوتنخواز"دا نییە.

ئەم کێشەیەی دوواییشیان هەر لە هەمان بەرژەوەندییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئێران و عەرەبستانی سعودیە فەرمانی بەشدارینەکردنیان داوەتە ئەو دوو حیزبە ئیسلامییە و ئەوانیش لەبەرئەوەی سەرچاوەی پارەکەیان نەبڕێت ناچارن بەقسەیان بکەن. دووانەکەی دیش کە سۆسیالیست و پاشماوەکەی زەحمەتکێشانە لە هەمان سەرچاوەی بەرژەوەندییەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، بەشداریی حکومەت دەکەن. هەڵبەت تەندەرێکی باشیان لە دەستەڵاتەوە وەرگرتووە تاوەکو بەشداریی حکومەت بکەن.

لێ چونکە ئەمانە ئۆپۆزیسیۆنی راستینە نەبوون، هیچ زیانێک لە رمانی هاوپەیمانییەکەیاندا نابینم، تاوەکو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لاواز ببێت! چونکە ئەمانە هەرگیز ئۆپۆزیسیۆن نەبوون. بە پێچەوانەوە سوودی ئەوەیە کە بەرەیەکی درۆیینەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە لایەن دەستەڵاتە ئیقلیمییەکانەوە ئاراستە دەکرێت، هەڵوەشایەوە.

گومانیشم لەوەدا نییە، ئەگەر پارتی و یەکێتی لە ئێران و عەرەبستانی سعودی زۆتر پارەیان بەو دوو حیزبە ئیسلامییە بدایە ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەمانیش پێش دووانەکەی تر بەشداریی حکومەتیان دەکرد. ئێستاش دڵنیا نییە، لەوانەیە هەمان ئەو دەوڵەتانە داوای ئەوەیان لێبکەن کە بەشداریی حکومەت بکەن!. چونکە حیزبێک سەرچاوەی مادیی لە دەرەوەی سنووری خۆی و جەماوەرەکەی بوو، بڕیارەکانیشی هەر لە دەرەوەی سنووری خۆیدا دەبێت!.

2009-10-11
هۆڵندا – لاهای

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی ئێراق..[1]

**پرسیاری میدیا: دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر بەسەر وادەی دەست لە کارکێشانەوەی د. بەرهەم لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراق، ئایا پڕنەکردنەوەی ئەو پۆستە چ زیانێکی بە کورد دەبێت؟ بۆ پارتی و یەکێتی تا ئێستا نەیان توانیوە کەسێک بۆ ئەو شوێنە دەست نیشان بکەن؟**

وەڵام:

ئەگەر "کورد" لە باشووردا، هەموو چارەنووسی خۆی بخاتە دەست ئەو بەغدایەی کە هەردەم پڕیاری کاولکاریی کوردستانی لێوەدەرچووە، ئەوا پڕنەکردنەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەشێوەیەک لە شێوەکان زیانی بۆ کورد دەبێت!. ئەگەرچی خودی پۆستەکە و جێپەنجەی ئەو پۆستە لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا جێگەی پرسیارە!. چونکە نەمانبینی و نەمانبیست ئەوەی ئەو ڕۆڵە یاریدەکات، ڕۆژێک لە ڕۆژان باری گرانی ئاوارەکانی کەرکوکی سووک کردبێت یان نەک وشەیەک! بەڵکو پیتێکی مادەی 140یشی جێبەجێکردبێت!. مەترێک قیری لەو گەرمیانە ڕۆکردبێت!.. لە کوردەواریدا بەو جۆرە شتانە دەگووترێت "ناوی زل و دێی وێران یان زلی بێ هونەر". هەر بەراستیش وایە، ناوەکە زۆر گەورەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا وێرانە و هیچی ئەوتۆی لەدەست نەهاتووە!. ئەگەر لەمەودوواش لەدەستی بێت، ئەوەش پرسیارێکی ترە.

پڕنەکردنەوەی پۆستەکە لەوەدا زیانی دەبێت کە کاتێک دەستەی سەرۆکایەتیی ئێراق کۆدەبێتەوە، کورد تێیدا لاسەنگ دەبێت و دەکرێت پێشتر چەند فڕوفێڵ کراوە، ئێستا زۆرتر بکرێت. جگەلەوە لەلایەنی تەشریفاتیشەوە زیانی هەیە، خاوەنی پۆستەکە لەو ماوەیەی ڕابردوودا دەکرا زۆرێک لە نێردەکانی

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 408 – لاپەڕە 6 – 20-10-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە - 21-10-2009

دەرەوەی وڵات ببینێت، ئەگەرچی وەک نوێنەری ئێراق لەگەڵیان کۆدەبێتەوە، بەڵام دەکرێت ژێربەژێر زۆر کاری بەهۆوە بکرێت، ئەمە ئەگەر ئەو کەسەی کە رۆڵەکە یاریدەکات لێزانبێت، ئەگینا لەوانەیە زیانی لە سوودی زۆرتر بێت!.

بۆ پارتی و یەکێتی ئەوەندە ئاسان نییە ئەو پۆستە پڕبکەنەوە. بەتایبەتی ئێستا پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دراوەتە یەکێتی و پارتیش ئەو پۆستە بە مافی خۆی دەزانێت. لێ یەکێتیش لەبەرامبەردا دەڵێت ئێمەش پۆستی سەرۆکی پەرلەمانمان داوەتە پارتی و دەبێت ئەو پۆستەی بەغدا بۆ خۆمان بمێنێتەوە. لێرەدا بۆ روونکردنەوەی ئاڵۆزیی دەستنیشانکردنی ئەو پۆستە ئەم نموونەیە دێنمەوە، لە دوای کەوتنی بەغداوە شارەدێی قەرە هەنجیری نێوان چەمچەماڵ و کەرکوک کەوتە دەست پارتی و یەکێتی، یەکێتی بەهیی خۆی دەزانێت و پارتیش بەهەمان شێوە! هەربۆیە هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکیان بۆی داناوە کە پێی دەگووترێت مودیر ناحیە و تاوەکو ئێستا ئەوەی من بزانم هەروا ماوەتەوە و نەگەیشتوونەتە چارەرێیەک، فەرمانگەکانی ناوشاری کەرکوکیش هەمان کێشەیان هەیە و تاوەکو ئێستا لەسەر هیچیان ساغ نەبوونەتەوە، ئیدی چۆن لەسەر پۆستێکی وەک جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق خۆیان ساغ دەکەنەوە و بەو هاسانییە پارتی دەڵێت، یەکێتیی هاوپەیمانی ستراتیژیم بۆ تۆ و ئەویش دەڵێت نەخێر ئێوە برا گەورەن و هەردەبێت بۆ ئێوە بێت؟!.

2009-10-11

هۆڵندا – لاهای

# تەوەری چاک و کۆنگرەی سێیەم[1]

پێخۆشحاڵ دەبین بەشداری ئەم تەوەرەمان بکەن وەڵامی ئەم چەند پرسیارەی ماڵپەڕەکەمان بدەنەوە، کە تایبەتن بە کۆنگرەی سێیەمی چاودێری کوردۆساید لە 27 و28 و 29 مانگی 11 ی ئەمساڵ لە وڵاتی دانمارک دەبەسترێت.

چاک بە بانگەوازێک لە 6-1-2002 دەستی بە کارەکانی کرد، وەک یەکەم ڕێکخراو بۆ پرسی جینۆساید لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە هاوئاهەنگی، ژمارەی ڕاگەیەنەرانی لە چەند کەسێک تێناپەڕین، ئێستا سەدان ئەندامی هەیە و دەستی گەیشتووە بۆ زۆر پەیوەندی گرنگ و لە سەر زۆر دۆسیەی هەستیار کاردەکات، دەتوانین بڵێین یەکەم ڕێکخراوی بوێر و سەربەخۆ و چالاکترینیانە، لێرەدا چەند پرسیارێک کە وەڵامدانەوەیان بۆ کۆنگرەکەمان زۆر گرنگن دێتە پێشەوە، ئەوانیش:

**پ1: خاڵە بەهێزەکانی چاک چی بووە لە نزیک 8 ساڵی ڕابردووی؟.**

وەڵام: ئەمە کارێکی چاکە لە رێکخراوی چاکەوە کە دەیەوێت کاروبارەکانی ساڵانی خۆی هەڵبسەنگێنێت! خودی خۆم ئەمە خاڵە بەهێزانە دەبینم:

- پشتگیریکردنی دادگاییکردنی تاوانبار فان ئانرات و بەسزاگەیاندنی. ئەم رێکخراوە توانی هەندێک

---

1 ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید – چاك – 24-10-2009
ڕۆژنامەی ڕزگاری – نۆڤەمبەری 2009
ماڵپەڕی کڵاورۆژنە - 26-10-2009
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 13-11-2009
ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان KNC – نۆڤەمبەری 2009
ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – نۆڤەمبەری 2009
ماڵپەڕی پەیڤ – نۆڤەمبەری 2009
ماڵپەڕی کوردنێت – نۆڤەمبەری 2009
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – نۆڤەمبەری 2009
تێبینی: ئەم دیمانەیە لەلایەن رێکخراوی چاکەوە لەو رۆژنامە و ماڵپەڕانەی سەرەوەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەڵگەی مادیی باش پێشکەشی دادگای هۆڵندا بکات تاوەکو نێوبراو بە سزای خۆی بگەیەنرێت.

- ئاشکراکردن و بەلیستکردنی تاوانبارانی ئەنفال.
- بەشداریکردن لە چەندین کۆڕ و کۆمەڵی وڵاتانی ئەوروپی و هیی تردا بۆ راکێشاندنی هەست و سۆزی خەڵکی بێگانە بەلای کێشەی جینۆسایدی کوردا.
- هەوڵدان بۆ بەفەڕمیکردنی جینۆسایدی کورد.
- گۆڕینی ناوی چاک بۆ چاودێری کوردۆسایدیش بە یەکێک لە کارە باشەکان دادەنێم، چونکە چاک لە کوردیدا واتایەکی تری هەیە و وەک کورتکراوە بۆ ئەو رێکخراوە ناوە نوێیەکە بەباشتر دەزانم.
- دیارە خاڵی تریش هەن! بەڵام ئەوانە دەکرێت بەلای منەوە گرنگترینیان بن.

**پ2: خاڵە لاوازەکانی چی بوونە، ئەگەر بە وردی دەستنیشانیان بکەن؟**

وەڵام: هەڵبەت رێکخراوێک کە بۆ ماوەی 8 ساڵ کاربکات و بە وتەی خۆی هەزاران ئەندامی ببێت، نابێت خاڵی لاواز و کەموکوڕیی نەبێت، دەکرێت ئەمانە بەخاڵی لاوازی ئەو رێکخراوە دابنرێت:

- رێکخراوەکە کێشەی نێوخۆیی تێدایە و لەتبوونی بەخۆیەوە بینیوە.
- نەیتوانیوە وەک پێویست لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چالاکیی ئاشکرا و نهێنیی ببێت.
- زۆرینەی ئەندامانی رێکخراوەکە، کوردی دەرەوەن، ئەمانیش کەم و زۆر ئەو پەرتپەرتی و حیزبایەتی و هۆزایەتییەیان لە کوردستانەوە گواستووەتەوە بۆ دەرەوە و کە بووشن بە ئەندامی چاک، هەمان کێشەیان هێناویشەتە ناو رێکخراوەکەوە. هەربۆیە زۆرجار ئەم کێشەیە لە رێکخراوەکەدا رەنگی داوەتەوە و دەبێت باشتر چارەی بکرێت. چاک رێکخراوێکە و بۆ مەبەستێکی تایبەتی دامەزراوە، نابێت بکرێتە مەیدانی شەڕەگورزی حیزب و ئایدۆلۆژیا!.

- لایەنی راگەیاندنی رێکخراوەکە وەک پێویست نییە، ئەو ماڵپەڕەشی کە هەیەتی ئەگەرچی فرەزمانە کە ئەمە زۆرباشە، بەڵام وەک پێویست پروانامەکانی جینۆسایدی گەلی کوردی تێدا دەست ناکەوێت. جگەلەوەی ماڵپەڕەکە بابەتگەلێکی زۆر بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندی بە مەبەستەکانی رێکخراوەکەوە نییە. وەک هەڵبەست، چیرۆک و پرسەنامە و زۆریتر.. رێکخراوەکە پێویستە بڵاوکراوەیەکی مانگانە یان وەرزانەی بیێت و بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوبکرێتەوە و تێیدا شەنوکەوی کار و رەوشی بەفەرمیکردنی جینۆسایدی کورد بکات.
- رێکخراوەکە دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ببێت لەجیاتیی ئەوەی کە کەسێک لێپرسراوی بێت و باشان دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بێت. واتە رێکخراوەکە بە کاری هەرەوەزی بەڕێوەبچێت. ئەمەش زۆر کێشە هەیە لەناو چاکدا نایهێڵێت.

**پ3: پێشنیارتان چییە بۆ کارکردنی داهاتووی ئەم ڕێکخراوە؟.**

وەڵام: پێشتنیاری من بۆ کاری داهاتوو بەردەوامیی ئەو خاڵە باشانەیە کە باسمکردن و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان!.

**پ4: چاک کۆنگرەی خۆی لە وادەی خۆی و بەشێوەی کراوە ئەنجامە دات،واتا هەموو کەس دەتوانێت تا کۆتایی چاودێری کارەکانی کۆنگرە بکات،چۆن ئەم هەنگاوە هەڵە سەنگێنن.**

وەڵام: دیارە رێکخراوەکە، رێکخراوێکی رامیاری نییە، ئەگەرچی ئەگەر دوور لێی پروانیت زۆر لەگەڵ رێکخراوێکی سیاسیدا یەکدەگرێتەوە، ئامانجیشی زۆرتر بەفەرمیکردنی جینۆسایدی کورد و دادگایی تاوانباران و یارمەتیدانی لێقەوماوانی ئەو پرۆسە بەدناوەیە، هەربۆیە ئاساییە کە هەر کەسێک بیەوێت ببێتە چاودێر بەسەر نەک کارەکانی کۆنگرە! بەڵکو بەسەر هەر کارێکی تری رێکخراوەکەوە. ئەمە ئازایەتی نییە لە رێکخراوەکەوە کە بەو شێوەیە دەرگای چاوێریی ئاوەڵاکردووە! بەڵکو مافی هەموو کەسێکە کە کارەکانی رێکخراوەکە چاودێری بکات.

**پ5: پێتان باشە لە داهاتوو چاک قورسایی کارەکارەکانی بخاتە سەر چ لایەنێک؟.**

وەڵام: ڕێکخراوەکە دەبێت سێ خاڵی ستراتیژیی گرنگی بێت: ئەوانیش بەفەڕمیکردنی جینۆسایدی کورد، هەوڵدان بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و یارمەتیدانی لێقەوماوانە. ئەم سێ خاڵە دەبێت ببێتە ئەو چاویلکەیەی کە ڕێکخراوەکە دەبێت هەموو شتێکی لێوە ببێت.

**پ6: ئایا گرنگترین ئەو ڕێگریانە لە کوێ دەبینن لە بەردەم :**

**1- گەشە نەکردنی ڕێکخستنی چاک لە هەموو بەشەکانی کوردستان وەک یەک؟.**

وەڵام: ڕێگری زۆرن، دیارە کاری ئاشکرای ڕێکخراوەکە لە هەردوو بەشی خۆرئاوا و خۆرهەڵات ئاسان نییە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لەو بەشانەدا بەنهێنی کاری خۆیان نەکەن. هەروەها لە هەردوو بەشی باکوور و باشووریشدا گەشەکردن وەک پێویست نییە. ئەگەرچی داگیرکەری تورک هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی خۆی لە پرسی جینۆسایدی کورد بوێرێت. لە باشووریشدا بەداخەوە کە دەستەڵاتەکەی بەجۆرێک لە جۆرەکان بووەتە پەناگەی هەندێک لەو کەسانەی کە لە هێرشی ئەنفالدا دەستیان هەبووە و دەیانپارێزن، ئەوانە دەکرێت ڕێگری بن لەبەردەمی ڕێکخراوەکەدا.

**2- کەسوکاری قوربانیان چالاکانەتر بێنە ڕیزەکانییەوە؟.**

وەڵام: پرسی بەشداریکردنی خەڵکی لە ڕێکخراوێکی ناسیاسیدا لەناو ئێمەدا نوێیە، کەسوکاری قوربانیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یان پارتی یان یەکێتی و حیزبی دیموکرات و پکک و بەو شێوەیە بوون. ئاسان نییە ئەوان ببنە ئەندامی ڕێکخراوێک کە بۆ ئەوان سوونەتی نەبێت. هەربۆیە چاک دەبێت باشتر بچێتە ناویانەوە و ڕێکیانبخات، چونکە ئەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی هێز بۆ ڕێکخراوەکە و بەکارهێنانیان بۆ ئەوەی دەستەڵات بەزۆرینەی بڕیاری ڕێکخراوەکە بسازێت.

هیوای سەرکەوتن بۆ چاودێری کوردۆساید..

لاهای – هۆڵندا

2009-08-19

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی یاسای هەڵبژاردنی ئێراق..[1]

**پرسیاری میدیا: دوای ئەوەی پەرلەمانی ئێراق نەیتوانی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێراق دەربکات و ناردی بۆ ناو ئەنجومەنی باڵای سیاسی، ئەوە لە کاتێکدا کە ئەنجومەنی ناوبراو زیاتر لە ساڵێکە لە بەر کێشەی نێوان سەرکردەکان نەیتوانیوە کۆبونەوە بکات، ئایە ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت ئێراق لەو قەیرانەی ئێستا دەرباز بکات؟**

وەڵام: یەکێك لە پێناسە زۆرەکانی ئێراق ئەوەیە کە پێی دەگووترێت مۆزەخانەی رەگەزەکان! ئەم رەگەزانە لەوەتەی کەوتوونەتە چوارچێوەی ئێراقی ئێستاوە هەردەم لە ململانێی سەختدابوون. هەربۆیە مێژووی ئێراق هەرلە کۆنەوە تاوەکو ئێستا یەکێکە لە خوێناویترین مێژووەکانی نەك ناوچەکە بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی! ئەو پەڕلەمانەی کە ئێستا ئێراق بەڕێوەدەبات هەمان رەنگدانەوەی ئەو مۆزەخانەیەیە و لە هەموو بابەتێکی تێدایە. ئەو رەگەزانەش هەریەك لەلای خۆیەوە دەیەوێت بەشێکی کێکەکەی خۆی بەزیادەوە بەرێت و هیچ لایەکیان سەیری ئێراق ناکەن وەك وڵاتێکی یەکگرتوو ! هەربۆیە بۆ پەڕلەمانەکەشی ئاسان نەبوو یاسای هەڵبژاردنەکان دەربکات، هەڵبەت یەکێك لە هۆیەکانیشی دژایەتیی بەرژەوەندیی رەگەزەکانی ناو ئەو مۆزەخانەیەیە. چونکە یاسای هەڵبژاردن بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوودا کێ دەبێتە سەررەگەزی ئەو مۆزەخانەیە! بۆیە پەڕلەمان ناچار بوو ئەو بەڵایە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و کێشەکە بەرەورووی ئەو ئەنجوومەنە بکاتەوە کە ناوی نراوە ئەنجوومەنی باڵای سیاسی! هەڵبەت ئەو ئەنجوومەنەش بچووککراوەی هەمان مۆزەخانەکەی پەڕلەمانە و من پێم ئاستەمە بتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست چارەسەری کێشەکە بکات. چونکە ئەوەی پێی دەگووترێت

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 409 – لاپەڕە 6 – 27-10-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 30-10-2009

کلتووری تەوافوق لە هەمان ئەو ئەنجوومەنەشدا هەیە و دروستبوونی خودی ئەنجوومەنەکەش هەر بەهۆی هەمان بەرژەوەندی و بەشە کێکی رەگەزەکانی مۆزەخانەکەوە بووە، بۆیە ئەنجوومەنیش دەستەوداما‌ن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا دەوەستێت و وەك هەموو ئەو کێشانەی تری کە پێشتر بەرەوڕووی کرابوونەوە ماوەیەك پشتگوێی دەخات و پاشانیش بە چارەسەرنەکراوی دەیانگەڕێنێتەوە بۆ پەڕلەمان. یاخود چارەسەرێکی تەوافوقییانە !ی بۆ دادەنێت و کێشەکە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، بەشێوەیەك کە لە پاشەڕۆژدا بە دەیان لائیحە و تەعدیل بۆ ئەو یاسایە، هێشتا هەر کەموکوڕیی زۆری ببێت.. دیارە زۆرینەی کەموکورییەکانیش بۆ لاسەنگیی بەرژەوەندیی کوردە لە یاساکەدا!

هەرچی ئەو چارەسەرە تەوافوقییانەش هەیە لە بەرژەوەندیی کورد نەبووە و نییە ! چونکە لە تەوافوقدا دەبێت سێ لایەنی سەرەکی تێبخوێندرێتەوە، ئەوانیش عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و کوردن! بەشەکەی کوردیش لەو چارەسەرانەدا هەردەم لە یەکێك لە دوو لایەنەکەی تر زۆر کەمتر بووە، ئیتر بەراوردی ئەوەی کورد بە تێکڕای بەشی شیعە و سوننە بکەن و بزانن چەند زیانمەند دەبین ..

منیش وەك ئێوە سەیردەکەم و با بزانین ئەمجارەیان نوێنەرانمان لەو ئەنجوومەنە باڵایەدا دەربارەی ئەم کێشەیە چ چەپکە گوڵێکیان بۆ ئێمە پێیە ؟!...

لاهای – هۆڵندا
2009-10-23

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی لێکترێنەگەیشتنی لیسەکان..[1]

**پرسیاری میدیا: ماوەی ئەو چەند خولەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر سەرنج بدرێت جگە لە پرسی کەرکوک کە لە پەرلەمانی کوردستان باسکرا ئیدی بۆ هیچ پرسێکی دیکە لیستی کوردستان و لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن لێکتێگەیشتنیان نییە و هەست بە جۆرێک لە یەکتری نەخوێندنەوە دەکرێت لەناو پەرلەماندا ئەوە تاچەندە زەرەر بە ئەدای پەرلەمان دەگەیەنێت؟**

وەڵام: کێشەکە لەوەدایە نە لیستی دەستەڵاتدار دەزانێت ئەرك و مافەکانی بەتەواوەتی چین و نە لیستی ئۆپۆزیسیۆنیش دەزانێت چی بکات!. ئەوەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە یەکەمیان لیستی دەستەڵاتدار درێژبوونەوەی دەستەڵاتی هۆز و شێخ و ئاغاکانی کوردستانە و بەدرێژایی مێژوو هەر خۆیان یاسا بوون و رێکخەر و بکوژ و ببڕی ناوچەکانی ژێردەستەڵاتیان بوون. بۆ ئەوان وڵات یان نیشتمان هەر ئەو بەشە بووە کە دەستەڵاتی هۆزەکەیانی بەسەردا شکاوە و ئیدی ئەوانی تر چییان بەسەردا هاتووە کێشەی ئەمان نەبووە، هەر کەسێکی تریش ویستبێتی بێتە دەوروبەرەکەیانەوە ئەوا سڵیان لە هیچ نەکردووەتەوە و تەنانەت پێیشیان ئاسایی بووە بۆی ببنە پیاوی سەفەوی و عوسمانی! نموونەش ئەوەندە زۆرە کە پێویست بەباسکردن ناکات. هەرچی لیستی ئۆپۆزیسیۆنیشە چونکە هەرگیز نەمانبووە، نازانین لەمەیاندا چۆن رەفتار بکەین. ئێمە پێمانوایە کە مۆری ئۆپۆزیسیۆنمان کرد بەناوچاوانمانەوە، ئیدی دەبێت دژی هەموو شتێکی حکومەت بوەستینەوە، دیارە ئەمە نەك زیان بە حکومەت دەگەیەنێت، بەڵکو بۆ خودی لیستی ئۆپۆزیسیۆنیش زیانبەخشە. ئەو لێکترێنەگەیشتنەی ئەو لیستانە زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچیان نایانەوێت بەتەواوی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 410 – لاپەڕە 6 – 03-11-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 06-11-2009

خزمەتی دەنگدەرانیان بکەن، بەڵکو کێشەی یەکەمیان مانەوەیەتی بە دەستەڵاتدار و دووەمیشیان بوونێتی بەدەستەڵاتدار، ئیدی ئەو بەڵێنانەی کە پێش هەڵبژاردن بە دەنگدەرانیان داوە، کێشەی ئەمان نییە!. ئەم کێشەیە هێزکارێکی خراپی دەبێت لەسەر کارەکانی پەڕلەمان لە چوار ساڵی داهاتوودا. من پێشبینیی بەکارهێنانی هێز و پشێویش دەکەم!. ئەو کێبڕکێیەی ناو پەڕلەمان دەشبێتە هۆی ئەوەی کە پەڕلەمان بە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیدا رانەپەرمووێت و بکرێتە ئامرازێك بۆ شەڕەگورزی ئەو لیستە دژبەیەکانە. ئەم ئەزموونەی ئێستا دەکرێت بەدرێژکراوەی شەڕی ناوخۆ دابنرێت، هەردوولا هەوڵی لاوازکردنی یەکتری دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە ئەوەی چۆن و بە چ شێوەیەك. گرنگ ئەوەیە دەستەڵاتدار بە دەستەڵاتداری بمێنێتەوە و بێدەستەڵاتیش ببێتە دەستەڵاتدار!.

پرسی کەرکوك، هەرگیز وەك سەفقەیەکی نەتەوەیی یان سیاسی سەیری نەکراوە، بەڵکو هەردەم وەك تەندەرێکی بازرگانی بووە! هەربۆیە رۆژی بەم رۆژەی گەیشت و کەسیش نازانێت چیی بەسەر دێت و بەرەو کوێ دەچێت. ئەوەی من هەستی پێدەکەم ئەو لیستانە هەمان تێڕوانینیان بۆ پرسی کەرکوك نییە، تەنانەت لەناو لایەنەکانی ناو لیستەکانیشدا جیاواز لێیدەڕوانرێت، بەڵام ئەگەر سەرزارەکی بەشێوەیەکی چونیەك لەگەڵیدا رەفتار بکەن، ئەوەیان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە پرسەکە زۆر هەستیارە و هەمووشیان زۆرباش هەست بەوەدەکەن کە هەر لیستێك سازش لەسەر ئەم لیستە بکات، ئەوا خۆکوشتنێکی حەتمییە.

لاهای – هۆڵندا
2009-11-01

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی شکستەکانمان.. [1]

**پرسیاری میدیا: سەرەڕای ئەوە بەشێکی بەرچاوی رۆشنبیرانی کوردستان رەخنەیان لە سیاسەتی پارتی و یەکێتی دەگرت لەپەیوەندییاندا بە کێشە نەتەوەییەکانی کورد لە بەغدا، بەڵام ئەوان گوێیان لەو رەخنانە نەگرت و بەردەوام باسیان لە دەستکەوتەکان دەکرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێستا لەپاش دروستبوونی قەیرانی یاسای هەڵبژاردنی ئێراق و دەرکەوتنی رووی راستەقینەی بەشێکی زۆری عەرەبەکان ئیدی کورد نەکەوتووەتە چنینەوەی شکستەکانی لەو رووەوە؟**

وەڵام: ئێمە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی کە نوێنەرانمان لە بەغدا بوون، دەیان هەزاران وتارمان نووسی، زۆرتریش لە دەیان هەزاران نامەی کراوەیان بۆ رۆیشت، بەڕادەیەك باوەڕناکەم هیچ نەتەوەیەك هێندەی ئێمە نامەی کراوەی بۆ سەرکردە و نوێنەرەکانی نووسیبێت! دەربارەی ئەم نامەی کراوەیە، تەنها لە گوگڵدا بنووسە (نامەی کراوە) و بزانە ئەنجامی گەڕانەکەت چەندە! زۆر هاوارمانکرد وابکەن و وامەکەن! بەڵام ئەوان خۆیانیان لە ئێمە بە زیرەکتر و دڵسۆزتر دانا و هیچ گوێیان بەو هاوارانەی ئێمە نەدا. کێشەی ئەوان وەك ئەو نەزانەیە کە خۆی بە زانا دەزانێت! ئەوەیە کارەسات!. نەك ئەو نەزانەی کە دەزانێت نەزانە!. لەو رووەوە زۆر کەس دەڵێن سەرکردایەتیی کورد (بێ عار و بێ گوێ)یە و لەوەشدا ناهەقیان نییە!.

عەرەبی سیاسی دەمێکە رووی راستەقینەی دەرکەوتووە، کاتی خۆی هەندێك لایەن و ئایدۆلۆژیا ئەوەی بە ئێمە دەگووت کە عەرەب و بەعس دوو شتی جیاوازن. بەڵام رۆژگار دەریخست کە هەر عەرەبێك، بەعسییەکی نەك چاوڕەش! بەڵکو دڵڕەشە بەرامبەر بە کورد و مافەکانی. ئەدی ئەگەر وابوو، بۆچی دەستبەرداری کەرکوك و ناوچە داپڕاوەکان نابن!. ئەدی کوا ئەو

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 411 – لاپەڕە 6 – 10-11-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 16-11-2009

دەستکەوتانەی کە پاش رووخانی بەغدا و نەمانی بەعسدا بەدەستمان هێناوە!.

قەیرانەکە دەمێکە لە ئارادایە و نە سەرکردایەتی کورد و نە نوێنەرانی بەغداش گرنگییەکی ئەوتۆیان پێی نەدەدا، کارەساتەکە لەوەدایە کە رەگەزی کات هەرگیز لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نەبووە و نییە، کەچی سەرکردایەتیی کورد ئەوەندە بەکاوەخۆیە کە لە خودی بەغدا زۆرتر تەمبەڵی و خنەخنی تێدا دەکات. زۆر کار هەبوون درانە دەست زەمەن و قەدەر و لە کاتی خۆیدا هیچ بڕیارێکی لێنەدرا.

من پێموایە ئەم قەیرانەش بەشێوەیەك لە شێوەکان خودی خۆمان بۆ خۆمانمان ئافراندووە، چونکە قەیرانی یاسای هەڵبژاردنی ئێراق لە پلەی یەکەمدا پەیوەندیی بە کەرکوکەوە هەیە، ئەگەر کاتی خۆی سەرکردایەتیی کورد ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ کەرکوکدا بکردایە و لە کاتی خۆیدا ئەوەی دەکرا بیکات، بیکردایە، ئەم کێشەیە ئێستا هەر بوونیشی نەدەبوو. ئەم قەیرانەش دوا قەیران نابێت، چونکە هەڵەکانی سەرکردایەتیی کورد لەو ساڵانەی رابردوودا ئەوەندە زۆرن کە زۆر قەیرانی تریشیان لێدەبێتەوە.

کاتی خۆی زوو هاوارم کرد و گووتم: پێویستە سەرکردایەتیی کورد، نوێنەرانی کورد بە نوێنەر و وەزیر و گزیر و سەرۆك کۆمارەوە بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و تاوەکو عەرەب داخوازییەکانمان بە کەرکوك و هەموو ئەوانی ترەوە نەسەلمێنێت، چیدی بەشداریی حوکمی ئێراق نەکەن. بەڵام سەرکردایەتی کورد کە خۆیان گوێ لە یەکتری نەگرن!، ئیدی چۆن گوێ بە قسەی من و تۆ و ئەو دەدەن!. ئەوەی من تێبینییم کردبێت سەرکردایەتییەکەمان ترسنۆکە و ناتوانێت بڕیاری ئازایانە دەربکات، وابزانم تەنانەت هێندەی هەرزەکارێکی وەك موقتەدا سەدریشمان تێدا نەبوو! کە چۆن هەر بە هەرزەکاریی خۆی ئەوەی ویستی نەك لە بەغدای وەرگرت، بەڵکو ئەمریکییەکانیشی بە زۆر مەرجی خۆی سازاند.

بەداخەوە شکستە مێژووییەکانمان وردە وردە دەردەکەون و دەبنە راستینەیەکی تاڵ و لەوەشدا یەکەمین و دواهەمین بەرپرسیار سەرانی کورد و بەرژەوەندییە خودی و بنەماڵەیی و بازرگانییەکانیانە. ئێمە ئێستا لە کتێبە مێژووییەکاندا هەڵەی میرە

نەزانەکانی سـەدەکانی رابردوومان دەخوێنینەوە، دڵنیام لەوەی نەوەکانی داهاتووش بەهەمان هەناسـە سـاردیی ئێمەوە، هەڵەکانی پارتی و یەکێتی دەخوێننەوە..

لاهای – هۆڵندا
2009-11-06

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی لۆبیی کورد..[1]

**پرسیاری میدیا: بەپێی قسەی زۆربەی رۆشنبیرانی کوردستان جالیەی کوردی کوردی لە رۆژئاوا یەکێکە لە جالیە بێ هێز و بێکاریگەریەکانی رۆژئاوا ئایە وایە یاننا؟ ئەگەر وایە هۆکارەکانی چین؟**

وەڵام: قسەیەکی بەجێیە، رەهەندی کورد تابڵێی بێ هێز و بێکاریگەرە لە رۆژئاوا، ئەگەر بەراووردی بکەین بەهەر رەهەندێکی تری خۆرئاوا. هۆکارەکانیشی گەلێك زۆرن و دەکرێت زۆر بەکوورتی ئەم هۆیانە هۆکاری ئەو بێهێزی و بێکاریگەرییەی بن، هەڵبەت هۆیەکان زۆر پەیوەندیدارن بەیەکترییەوە و پۆلێنکردنیان ئاسان نییە:

- رەوەندی کورد لە خۆرئاوا زۆر نوێیە، ئەگەر بەراووردی بکەین بەهەر رەوەندێکی تر. کورد هەردەم لە نیشتمانەکەی خۆیدا ماوەتە و نەیویستووە ئێکسپلۆری دەوروبەری بکات. زۆر زۆر پیاوێکی کورد، دیارە هەموویان نا! لە ژیانیدا یەکجار بە سواری وشتر و لە گەشتێکی چەند مانگەی گراندا چووەتە عەرەبستانی سعودی بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەج! ئیدی لەوە زۆرتر هیچ شوێنێکی تری نەدیوە. رەوی کوردیش بەرەو خۆرئاوا زۆر نوێیە. لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا لە باکووری کوردستانەوە و بەهۆی وەدەستهێنانی بژێوی یان ژیانێکی باشتر چەند هەزار کوردێك روویان لە خۆرئاوا و بەتایبەتی ئەڵمانیا کردووە. پاشانیش بەهۆی تێکچوونی شۆرشی ئەیلوول و جەنگی ئێراق-ئێران و

[1] هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 412 – لاپەڕە 6 – 2009-11-17 – کوردستان – هەولێر.
ئەم هەفتە وەڵامە، لەم ژمارەیەوە ناوەکەی بووبە: سەرنج و را.
ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە 2009-11-20
تێبینی: وشەی رەوەند، بەهەڵە نووسرا بوو رەهەند! سوپاس بۆ کاك ئاکۆ محەمەدی سەرنووسەری رووداو کە ئەو هەڵەیەی بۆ راستکردمەوە.

جەنگەکانی تری کەنداوەوە، کوردی بەشەکانی تر روویان لە خۆرئاوا ناوە. ئەوانە هێشتا رەگی تەواویان لە خۆرئاوا دانەکوتیوە و خەریکی کێشەکانی ژیانی خۆیانن، هەربۆیە تاوەکو ئێستا نەبوونەتە لۆبییەکی بەهێز. هەڵبەت ئەو ماوەیە بۆ پێکهێنانی لۆبی زۆر کەمە و هێشتا ماوەیەکی کاتیی تریشی ماوە تاوەکو رەوەندی کورد بەرەو لۆبیبوون بچێت.

- لەباری دەروونییەوە هێشتا رەوەندی کورد ئامادەی ئەوە نییە ببێتە لۆبییەکی کاریگەر، چونکە بەهۆی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ و پێکدادانی هەردوو کلتووری کوردیی خۆرهەڵاتی و تاڕادەیەك ئیسلامی و خۆرئاوای سکولاردا، جارێ لە شۆکێکدا دەژی و خۆیی نەدۆزیوەتەوە. هەربۆیە ئەو هۆکارە دەروونییە وایکردووە کە هێشتا لەباری دەروونییەوە ئامادەیی ئەوە نەبێت کە بیر لە دۆزە نەتەوەییەکان بکاتەوە بەگشتی. بۆ نموونە زۆرینەی خێزانی کورد خەمی ئەوەیەتی کە کچەکەی گەورە بووە و چۆن و بە چ شێوەیەك بتوانێت سەرکووتی بکات، خێزان هەیە تەنها بەهۆی ئەم کێشەیەوە گەڕاوەتەوە کوردستان!. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە کچەکەی لە شوێنێك لە دایکبووە کە هەمان شوێنی باوانی نییە و لە کاتێکیشدا دەژی کە سەردەمی باوانی نییە!. هەڵبەت ئەمە نموونەیەکی ئێجگار کەمی خەمی خێزانە کوردەکانی خۆرئاوایە و هی تر گەلێکن. هەر بەهۆی ئەو ناجێگیرییەشەوەیە کە تاکی کورد زۆر کەم گەیشتووەتە ناوەندەکانی بڕیاری ئەوروپا.. کە دیارە ئەمە زۆر گرنگە و دەبێت هەوڵی زۆری بۆ بدرێت..
- گرنگترین هۆی بێکاریگەریی ئەو رەوەندەی کورد، نایەکانگیرییەتی. ئەمەش پەیوەندیی بە خودی ژیانی ئەو کەسانەوە هەیە کە کاتی خۆی لە کوردستان بوون، دەبینین کوردی باکوور بەجیا کۆدەبنەوە، هی باشوور بەجیا و هی بەشەکانی تریش هەروا. لەناو ئەمانیشدا وەنەبێت رەوەندێکی

یەکگرتووبن، بەڵکو لە کوردستان چۆن پارتی بەجیا و یەکێتی بەجیا و ئەویتر بەجیا، لە خۆرئاواش هەر بەو شێوەیەن. واتە کورد کە هاتووەتە دەرەوە دووبەرەکییەکانی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە خۆرئاوا و هێشتا نەیتوانیوە ئەو هەنگاوی پەرتپەرتییەی حیزب و هۆز و ناوچەگەرێتییە تێبپەڕێنێت. هەربۆیە دەبینیت مەڵبەندێکی رۆشنبیری سەربە حیزبی دیموکراتە و یەکی دی سەربە کۆمەڵەیە و ئەی دیکە سەربە پارتی کرێکارانە. ئەمە وایکردووە هەمان نایەکانگیریی ناوخۆی کوردستان، رەوەندی کوردیش لە خۆرئاوا بگرێتەوە. حیزبە کوردییەکانیش لەم پەرتپەرتییەدا یەکەمین هۆکارن و هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە پاڵنەرێکی پۆزەتیڤی بوون بەلۆبیبوون بن، هەربۆیە هەریەك لەلای خۆیەوە شەڕە گورزی ئەوەیەتی چۆن مەڵبەندە کوردییەکان بکاتە وابەستەی خۆی و لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.

دیارە هۆی تریش زۆرن و من لە نووسینی ترمدا بەدرێژی باسم لێوەکردوون...

لاهای – هۆڵندا

2009-11-10

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی ڕاپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ... [1]

**پرسیاری میدیا: ڕێکخراوی هیۆمان رایتس وۆچ لە بەیاننامەیەکدا دەسەڵاتی کوردستانی بە پێشێلکردنی مافی کەمینەکانی یەزیدی و مەسیحی لە موسڵ تۆمەتبار کرد، لە وەڵامدا حکومەتی کوردستان کە لەبری هەوڵدان بۆ چارەسەرکردی کەمووکورتیەکان، ئەو ڕاپۆرتەیان بە هەڵبەسراو و ناڕاست لە قەڵەمدا. ئەوەڵامە چۆن دەبینی؟**

وەڵام: کورد لەوەتەی هەیە، لە موسڵدا خەریکی پاشـەکشـێ بووە! ئەگەر جارجارێك بە راسـت بێت یان نا و هاوارێکی بۆ کەرکوك کردبێت، ئەوا بۆ موسڵ ئەمەشی هەر نەکردووە.

کاتی خۆی لکی ژمارە یەکی پارتی لە موسڵ بوو، بەڵام پاشـەکشـێیەکە گەییشتە ئەو رادەیەی کە ئێسـتا ژمارەی لکەکەی بەرامبەر هەر شـوێنێکی تری کەم بایەخ بێت، بۆ نموونە گەرمیان! دیارە بەلای پارتییەوە. ئێستاش ئەوە بۆ من مەتەڵە کە بۆچی لکی یەکی پارتی لە موسڵ لابرا!.

دەربارەی یەزیدی و کریسـتییانەکانی موسـڵیش هەمان پاشـەکشـێ بەدی دەکرێت. کاتی خۆی رام واهی بوو! ئەگەر ئازادییەك بۆ کورد بێتەکایەوە، ئەوا لە زاخۆوە بۆ خانەقین وەك ڕێزێك بۆ یەزیدییەکان پەرستگای تایبەتی بۆ ئایینی یەزیدی وەك شـوێنکەوتەی ئایینی رەسـەنی کوردی دروسـتدەکرێت! ئەم تەمی خەیاڵانەم وەك زۆری تر رەوینەوە.

کەمتەرخەمیی زۆر کراوە بەرامبەر یەزیدییەکان و کریسـتییانەکان، دەسـتەڵاتی کوردی ئەوەندەی پشـی پشـی بۆ

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 413 – لاپەڕە 6 – 24-11-2009 – کوردسـتان – هەولێر.
ئەم هەفتە وەڵامە، لەم ژمارەیەوە ناوەکەی بووبە: پرس و را.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە - 30-11-2009
ماڵپەڕی نوچە نێت – نۆڤەمبەری 2009 – لەلایەن رۆژنامەوان بەهمەن عومەرەوە لەگەڵ کۆمەڵێك بۆچوونی تری رۆژنامەنووسـان تێهەڵکێشکراوە.

عەرەبی موسڵ کردووە، یەك بۆ هەزاری ئەوە بۆ کوردە یەزیدی و کریستییانە کوردستانییەکانی موسڵی نەکردووە. هەڵبەت سەنتەری لالش لەخۆوە نەسووتا، میر تەحسینیش لەخۆیەوە راینەکرد بۆ ئەڵمانیا، کارەساتەکانی دوعا و زۆری تری یەزیدییەکان بەبەرچاوی دەستەڵاتی کوردییەوە روویاندا و جیهانیش بەتەواوەتی لێیان ئاگادارن. رەو و تیرۆری کریستییانەکانی موسڵیش بەبەرچاوی دەستەڵاتی کوردییەوە بووە!.

رێکخراوێکی وەك هیومان رایتس وۆچ، لەخۆوە و بەبێ بەڵگە هیچ راپۆرتێك بڵاوناکاتەوە، من بەپێی ئەو چەند ساڵ کار و شارەزاییەم لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا ئەوە فێربووم کە ئەو رێکخراوانە شتی بێ بنەما و بێ بەڵگە بڵاوناکەنەوە، ئەگەر ئەوەش روویدا ئەوا ئەستەمە دان بەهەڵەی خۆیاندا نەنێن و داوای لێبووردن نەکەن. چونکە هیچ راپۆرتێك یەك کەس ناینووسێت، بەڵکو کارێکی ناوکۆییە و ئەوانەشی بەشداری لە درافتکردن و پێداچوونەوە و ریلیزکردنی ئەو راپۆرتانەدا دەکەن کەسانی پسپۆرن و هەریەکەیان لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەوە هاتوون.

هەڵبەت لێرەدا بواری باسکردن و توێژینەوەی ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتە نییە، بەڵام کە رەخنە لە راپۆرتێك بگیرێت و پێی بگووترێت هەڵبەستراوە، ئەوا دەبێت لایەنی رەخنەگر بەڵگەی تەواوەتیی بۆ ئەو هەڵبەستراوییە هەبێت. ئەگەرنا ئەوا هیچ شتێك لە بەهای راپۆرتەکە کەم ناکاتەوە و بەڵکو راپۆرتەکە سەرنج راکێشتریش دەبێت.

ئەو وەڵامەی دەسەڵاتی کوردی بریتییە لە وەڵامێکی بێهێزی کلاسیك، وەڵامێکە کە خاوەنەکەی ئەوەی لەباردا نییە داکۆکی لە قسەکانی خۆی و کردەوەکانی خۆی بکات. ئەگین هەر کەسێك دەتوانێت لە ئاست هەر دەنگوباسێك، راپۆرتێکدا بڵێت هەڵبەستراوە، بەڵام ئایا کەس باوەڕی پێدەکات؟!.

دەستەڵاتی کوردی دەبێت ئەوە بزانێت کە بەو وەڵامەی هیچ چاوبەستێك نە لە راگەیاندن و نە لە خەڵکی ناکات، تاوەکو بەسەر ئەو کێشەیەدا تێپەڕێت و بیداتەوە دەست کات تاوەکو بیربچێتەوە!. ئامۆژگاریشم بۆ خاوەنی ئەو قسەیە ئەوەیە کە بزانێت راپۆرت چۆن درافت یان گەڵاڵە دەکرێت، چۆن ریڤیو یان

پێداچوونەوەی تێدا دەکرێت و بەچەند کۆنترۆلیشدا دەڕوات تاوەکو ریلیز یان بڵاودەکرێتەوە. کە ئەوە فێربووا! ئەوجا دەگەڕێت بەدوای بەڵگەی داپردا بۆ بەرپەرچدانەوەی! ئەگەرنا ئەوا دەبێت داوای لێبووردن بکات کە ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتە راست و دروستە و ئەوان کەمتەرخەمن. ئەو وەڵامە زۆر باشترە لە وەڵامێکی ناڕاست یان تەنانەت وەڵامێکی راستی بێ بەڵگە!.

لاهای – هۆڵندا

2009-11-20

# تاراوگە و نەتەوەییبوون![1]

لاهای - هۆڵندا
2009-10-20

زۆرجار دەبیستین کە زۆرینەی کوردانی هەندەران، ناسیۆنالیستن!. هەندێك جاریش باس لە زۆڕەویی نەتەوەییبوونیان دەکرێت و هەندێك بە نەتەوەییی کوێرانە یان رەگەزپەرستیان دادەنێت. زۆرجاریش روویداوە کەسێکی چەپ کە هاتۆتە هەندەران، پاش چەند ساڵێك غەریزە نەتەوەییەکەی تێدا چالاك بووەتەوە و وازی لە بیری چەپایەتی هێناوە و بووەتە نەتەوەیی، بازدانی چەپەکان بۆ نەتەوەیی لە تاراوگەدا زۆر خێرایە و زۆرجاریش لە نەتەوەییی تێدەپەڕێنن و بەرەو زۆڕەوی دەچن..

دیاردەی بەنەتەوەییبوون لە تاراوگەدا، تەنها پەیوەست نییە بە کوردەوە. بەڵکو دیاردەیەکی گشتییە و هەر تاکێکی نەتەوەیەك پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە نیشتمانەکەی دووردەکەوێتەوە، دەکەوێتە بیرکردنی. بیرکردنیش نیشانەی خۆشەویستییە بۆ هەر شتێك کە مرۆڤ لە دووریی، بیری لێبکاتەوە. ئەم بیرکردنە جۆرێکە لە دڵداری کە چۆن کەسێك بیر لە کەسێکی تر دەکاتەوە و لە دووریی، بیری دەکات و پاشان خۆشەویستیی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە ژیانی تاراوگە وای لە گاندی کرد، پاش ئەوەی گەڕایەوە هیندستان، بکەوێتە گەشت و بینینی زۆرینەی هەرێمەکانی وڵاتەکەی. هەمان تاراوگەییی گاندی هۆیەکی گرنگی زۆرتر خۆشویستنی هیندستان و هەوڵدانی بوو بۆ سەربەخۆیی.

---

1 ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 2009-12-04
ماڵپەڕی کوردستان نێت 2009-12-04
ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – 2009-12-10
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 2009-12-10
ماڵپەڕی پەیڤ – 2009-12-12
ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – 2009-12-12
ماڵپەڕی پاسۆك – دیسەمبەری 2009

زۆرینەی ئەو نووسەرانەی لە تاراوگە بەرهەمی بیر و نووسینیان هەبووە، بەرگی نەتەوەییی وەخۆی گرتووە. ئەمەش هەر بەهۆی ژیانی تاراوگەییەوەیە.

وەك نەتەوەش گەلێك نموونەی بەرچاو هەیە. جووەکان دەکرێت بەباشترین نموونە بهێنرێنەوە، ئەمانە لەوەتەی هەن و تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم نیشتمانێکی فەرمییان نەبووە و هەمیشە لە تاراوگەدا بوون، بەردەوام بیریان لە زەویی بەڵێنپێدراو کردووەتەوە و بیریان کردووە و خۆشەویستییەکی سەیریان بەرامبەر ئەو زەوییە لا پەیدا بووە، هەربۆیە بۆ مانەوەی خۆیان و گەیشتنیان بەو زەوییە لە هەر کوێیەك بووبن لۆبی و سیناگۆگی خۆیانیان دامەزراندووە. ژیانی تاراوگەیان بووەتە ماشینێکی گرنگی بیری زایۆنی و گەڕانەوەیان بۆ وڵات.

بەدرخانییەکان ماوەیەکی زۆر لە تاراوگەی شارەکانی ئەستەمبوڵ و قاهیرە و شامدا ژیاون، ئەو تاراوگەیەی ئەوان هۆیەکی گەورەی بزووتنەوەی بەدرخانییەکانە. تەنانەت هۆیەکی گرنگی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردیشە لە شاری قاهیرە لە 22ی ئاپریلی 1898!.

بارزانییەکانیش ماوەیەکی باش لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوسا ماونەتەوە، ئەمانە ئەگەرچی زۆرینەی هەرەزۆریان نەخوێندەواربوون و هەردەم پەیوەست بوون بەناوچەکانی بارزانەوە، خەونی گەورەی ئەو چەند ساڵەیان گەڕانەوەیان بووە بۆ بارزان. ئەو خەونەیان بەشێوەیەکی واهی گەورە بووە، پاش هەڵکەوتنی هەلی گەڕانەوەیان، زۆربەیان ژن و منداڵەکانیان لەوێ بەجێهێشت! و گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ئێستاش چیرۆکی بەیەکگەشتنەوەی ئەو بارزانییانە بە نەوە و خزمەکانیان تەواو نەبووە!.

مێژووی کورد بەگشتی لە تاراوگەدا ئەوەندە کۆن نییە، دەکرێت ئاماژە بە سێ شەپۆلی گرنگی کۆچی کورد بۆ ئەورووپا لە سەدەی بیستەمدا بکرێت. ئەوانیش کۆچی کوردی باکوور لە شەستەکاندا بۆ کارکردن، کۆچی کوردی باشوور و خۆرهەڵات بەهۆی رووداوەکانی کوردستان و جەنگی ئێراق-ئێرانەوە، کۆچی کوردی باشوور بەهۆی رووداوەکانی دووای جەنگی کەنداوی 1991ەوە.

تاکی کورد لە تاراوگەدا وەك تاکەکانی هەر نەتەوەیەکی تر بیری نیشتمانەکەی دەکات، ئەو بیرکردنە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەگۆڕێت بۆ بیری نەتەوەیی. بەهۆیەوە نەتەوەییانە بیردەکاتەوە و خوازیارە کە نیشتمانەکەی ئەویش سەبەخۆ بێت.

هۆیەکی گرنگی تری بەرەو نەتەوەییبوون لەلای کوردی هەندەران، جگە لە هەست و سۆز و بیرکردن، بریتییە لە پرۆسەی بەراوردکردنی کوردستان و ئەو وڵاتە ئەوروپییەی کە بۆ نموونە تێیدا دەژی، تاکی کورد بەردەوام بیەوێت و نەیەوێت خەریکی بەراوردکردنی کوردستان و ئەو وڵاتانەی دییە، خوازیارە کوردستانەکەشی بەهەمان شێوەی ئەو وڵاتە سەربەخۆ و پێشکەوتوو بێت. مانەوە لە تاراوگە و بەتایبەتی لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا وا لە تاکی کورد دەکات کە وڵاتەکەیی زۆرتر خۆشبوێت، چونکە سیستمی پەروەردە و ژیانی ئەوروپا وا لە مرۆڤ دەکەن وڵاتەکەیی خۆشبوێت. هەر بەو پێیە سەرباری ئەو سەربەخۆیی و پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی جیهان و نەمانی سنووری نێوان وڵاتانی ئەوروپا، کەچی هێشتا بیری نەتەوەیی یان ناسیۆنالیستی لای ئەوروپییەکان لە لووتکەدایە، ئەمەش زۆرتر پەیوەندیی بە پەروەردە و سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەوە هەیە. دەبینیت منداڵ هەر لە منداڵییەوە وا فێردەکرێت وڵاتی خۆش بوێت و پاکوخاوێنیی ڕاگرێت، کە یاریی تۆپانێ دەبێت، هەموو وڵات دەبێتە ئاڵا و هێمای وڵات، هەموو خەڵك بەرامبەر سکرینی تەلەڤزیۆنەکان کات بەسەر دەبات و خوازیارە تیمی وڵاتەکەی بیباتەوە، کە ئەمە جۆرێکە لە ناسیۆنالیستی.

ژیانی تاراوگە سەختە، بەتایبەتی یەکەمین دوو سێ ساڵی، تاراوگەوان تووشی کۆمەڵێك کێشە دەبێت، لەوانە زمان، کلتوور، دارایی و سەرباری ئەوانەش باجی دەروونی. ئەمانە وایلێدەکەن کە هەردەم بیر لەو گریمانە بکاتەوە، ئەگەر لە وڵاتی خۆی بووایە، کێشەی زمانی نەدەبوو، کلتوور، کلتووری خۆی بوو و باری دەروونیی بەو شێوەیە ئاڵۆز نەدەبوو. هەربۆیە لەیەکەمین بەریەککەوتنی ئەو تاکە بەو کۆمەڵگە نوێیەوە چەکەرەی بیری نەتەوەییی گەشەدەکات و بەرەبەرە تاوەکو چوارچێوە دەبەستێت و دەبێتە خولیای بەردەوامی!.

ناسیۆنالیستیی کورد لە تاراوگەدا هێشتا لە هەنگاوی سۆزدایە و نەبووەتە هۆی ئەوەی بچێتە قۆناغی واقیعییەوە و

هۆیەکی گرنگی دامەزراندنی لۆبیی کوردیش بێت، تاوەکو بەهۆیەوە ببێتە یارمەتیدانی رەوشی سیاسی و وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان لە بەشەکانی کوردستاندا. ئەو هەست و سۆزە دەبێتە سەرەتایەك بۆ چوارچێوەبەستنی ئەو بیرە، تاوەکو لە پاشەڕۆژدا ببێتە بیرێکی رێکخراو هەروەکو ئەوەی لەلایەن نەتەوەکانی تردا لە تاراوگەدا دەبینرێت.

بیری نەتەوەییی کورد و بوون بە نەتەوەیی کوردانی تاراوگە، باسێکی گرنگە و دەکرێت زۆرتر لەسەری ورد ببینەوە، نموونەی زۆرتر و تۆژینەوەی باشی لەسەر بکرێت. بەڵام من لێرەدا وچانێکی پێدەدەم و هیواشم وایە لە پاشەڕۆژدا درێژتر و قووڵتر بێمەوە سەری...

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن...[1]

**پرسیاری میدیا: هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئێراق لە کاتێکی وەك ئێستادا تاچەندە هەڕەشەیەکی جدیە، بەڕای تۆ ئەگەر کورد ئەوکارە بکات سوود و زیانەکانی چی دەبێت؟**

وەڵام: تێبینیی من و زۆر کەسی تریش لەمەڕ مامەڵەی کورد لەگەڵ عەرەبدا و بەتایبەتی لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە بەغدا، ئەوەیە کە کورد زۆر کەم وتوویەتی (نا)!، یاخود هەر نەیگووتووە!. ئەگەرچی من ئەو ئازایەتییە نە لە خۆماندا و نە لە نوێنەرانیشماندا بەدی ناکەم کە بایکۆتی هەڵبژاردنی ئێراق بکەن! بەڵام کارێکی بەجێیە کە ئەو گریمانە لێکبدرێتەوە کە ئەگەر بایکۆتی هەڵبژاردن کرا، ئایا هەڕەشەیە، دەبێت سوود و زیانەکانی چ بن!.

دیارە ئەگەر ئەو بایکۆتە بکرێت، ئەوا بێگومان هەڕەشەیە، بەڵام هێندەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئێراق و یەکپارچەییەکەی، ئەوەندە هەڕەشە نییە بۆ سەر رەوشی باشووری کوردستان. چونکە لەو کاتەدا هەرێمی باشووری کوردستان بە تاك دەوەستێتەوە و بەشداریی ئەو پرۆسە گشتگرەی ئێراق ناکات و خۆی دەخاتە دەرەوەی چوارچێوەی داگیرکەری ئێراقەوە، ئەمەش لە زۆر رووی نەتەوەییەوە دەکرێت بە سوودمەند دابنرێت و دەبێتە هێڵێکی جوداکەرەوەی سیاسەت و پاشەڕۆژی نێوان ئێراق و باشووری کوردستان.

بەڵام هەڵبەت زیانیشی دەبێت. دەکرێت زیانەکانی لە کەرکوك و ناوچە داپڕاوەکانی تردا لێکبدرێتەوە، ئایا ئەگەر کورد بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد، ئایا هەڵبژاردن لە ناوچە داپڕاوەکاندا هەر دەچێتە سەر یان نا. ئەگەر وا بوو، ئەوا ئایا ئەو هەڵبژاردنە تا چ رادەیەك یاسایی دەبێت، چونکە زۆرینەی ناوچە داپڕاوەکانی کوردستان کوردن. بەڵام ئەگەر هاوکات لەگەڵ

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 414 – لاپەڕە 6 – 2009-12-08 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە 2009-12-10

بایکۆتکردنەکەدا، کورد هەوڵی سەرنەگرتنی هەڵبژاردنی ناوچە داپڕاوەکان بدات تاوەکو داواکارییەکانی دەهێنرێتە دی، ئەوا دەکرێت بگووترێت کە بایکۆتکردنەکە سوودی زۆر زۆرترە لە زیانەکانی و نابێتە هۆی هیچ هەڕەشەیەکی ترسناك بۆ سەر ئەزموونی باشووری کوردستان.

ئەگەرچی دڵنیام لەوەی کە کورد بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەی بۆ ناکرێت، بەڵام ترسی ئەوەشم هەیە ئەگەر کاریکی واهی روویدا، ببێتە بینەری پرۆسەی هەڵبژاردنی ناوچە داپڕاوەکان و ئەوکاتیش نەك بەشێوەیەکی کارای وەك ئێستا ئەو ناوچانە دابپڕێن، بەڵکو داپڕانەکەش ببێتە کارێکی یاسایی و هێندەی تر رەوشەکە ئالۆزتر بکات.

کێشەکە بێ پلانیی دەستەڵاتی کوردییە، ماوەیەکە هەڕەشەی بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەکات، بەبێ ئەوەی روونی بکاتەوە پاش بایکۆتکردنەکە رەفتار و گوفتاری چ دەبێت و نیازی چیی هەیە.

کورتەی بیروڕای من لەم کێشەیەدا ئەوەیە کە بایکۆتکردن بەپلانی تێکدانی هەڵبژاردنی ناوچە داپڕاوەکان کاریکی سوودمەندە و لە سەرێکی تریشەوە عەرەبی ئێراقی پڕوا بە (نا)ی ئەمجارەمان دێنن و لە کاری داهاتوودا باشتر تێدەخوێندرێینەوە، بەڵام بایکۆتکردن و تەنها بوونە بینەر دەبێتە هۆی کارەساتێکی تر..

لاهای – هۆڵندا
2009-12-04

# دیمانەی کۆوار – دەربارەی جینۆساید – سازدانی نوری بێخاڵی[1]

## بنەما یاساییەکانی جینۆساید و پرۆسەی قڕکردن و تاوانی دژە مرۆڤایەتی چین؟

زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئەو دوو تاوانە لەیەکتری جوودا بکەینەوە، ئەوانیش تاوانی جینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتییە، من زۆرجار نەك لە نووسینە کوردییەکاندا، بەڵکو لە نووسینە ئەوروپییەکانیشدا ئەو تێکەڵییە دەبینم!.

جینۆساید دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت کە تاوانێکی سیستەماتیکییە بۆ نەهێشتنی نەتەوەیەك یان گروپێکی ئەتنیکی یاخود بەشێکی. لەو رووەوە ئەوەی سربییەکان لە دژی بۆسنییەکان کردیان دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە. تورکەکانیش هەمان جینۆسایدیان بەرامبەر بە ئەرمەنەکان پیادەکردووە. هەڵبەت بەرامبەر کوردیش کردوویانە!. تاوانی هۆلۆکۆستی ئەڵمانیای نازی دژی جوولەکەکان و تاوانی ئەنفالی عەرەبە بەعسییەکانیش دژی کورد هەمان تاوانی جینۆسایدە. ئەوەشی کاتی خۆی بەرامبەر بە بەنی قورەیزەی جوولەکە کردیان هەر جینۆسایدە.

بەڵام تاوانی دژە مرۆڤایەتی دەکرێت جینۆساید نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەموو تاوانێکی جینۆساید دەچێتە خانەی تاوانی دژبە مرۆڤایەتییەوە. تاوانی دژە مرۆڤایەتی ئەو تاوانەیە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان دژی هەموو مرۆڤایەتی دەوەستنەوە بەڵام نابێتە هۆی قڕکردنی رەگەزێك یان گروپێکی ئەتنی. بۆ نموونە، ئەگەر عەمباری ئاوی گوندێك ژەهراوی بکرێت، ئەوا ئەو تاوانە دژە مرۆڤایەتییە. بەڵام ئەگەر هەمان تاوان لە یەك گوندی رەگەزێکی تایبەتیدا بکرێت و لەو ناوچەیەدا

---

[1] گۆڤاری کۆوار – ژمارە 47 – لاپەڕە 10 و 11 – نۆڤەمبەری 2009 - لەبڵاوکراوەکانی دەزگای زاری کرمانجی – کوردستان – سۆران.
ماڵپەڕی کوردۆساید – چاك – 16-12-2009
ماڵپەڕی پاسۆك – دیسەمبەری 2009

هەر لەو گوندەدا ئەو رەگەزە نیشتەجێ بێت، ئەوا هەمان تاوانی دژە مرۆڤایەتی دەشبێتە تاوانی جینۆساید.

نموونەیەکی زۆر گرنگی تاوانی دژە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی رژێمی کۆمۆنیستی خمێری سوورە بەرامبەر هاووڵاتییە کەمبۆدییەکانی خۆی. خمێری سوور لە کۆتایی هەفتاکاندا و لە ماوەی تەنها سێ ساڵدا، نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتیی کەمبۆدیی لەناوبرد. بەڵام لە راستیدا ئەو تاوانانە جینۆساید نین، بەڵکو دەچنە خانەی تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانەوە، چونکە بەرامبەر نەتەوەیەك، یان رەگەزێکی دیاریکراو پیادە نەکراون، بەڵکو لەلایەن رژێمی کەمبۆدییەوە دژی هاووڵاتییانی کەمبۆدی بوون!.

**ئایا کامە تاوانێک دەچێتە خانەی جینۆساید؟**

هەر تاوانێکی کۆکوژ بە ئەنقەست و بەشێوەیەکی سیستەماتیك دژی نەتەوەیەك، پەیڕەوکەرانی ئایینێت یان بەشێکی بکرێت ئەوا دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

**ئەگەر بەو پێوەرە یاساییانە بێت ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هێنراون (ئەنفال، کیمیاباران، راگواستنی زۆرەملێ....) دەچنە خانەی جینۆساید؟**

بەدڵنیاییەوە ئەو تاوان و کارەساتانەی بەسەر کوردا هێنراون لە رووی یاساییەوە، دەچنە خانەی جینۆسایدەوە. هەڵبەت کیمیاباران، بەشێکی پرۆسەی ئەنفال بوو، تەنها ژەهربارانکردنی شارۆچکەی هەڵەبجە بەسە بۆئەوەی ئەوەی کە ئەو رووداوانەی کە لە ساڵی 1988دا روویدا بکرێتە جینۆساید. لەبەرئەوەی شارۆچکەیەکی دەیان هەزاری بەهۆیەوە لە ناوچوو. هەڵبەت رای گشتیی جیهانیش ئەمانە زۆر باش دەزانن، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆچی ئەو رووداوانە بە جینۆساید نەناسراوە، ئەوەیان پەیوەستە بە بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ویستی خۆمانەوە!.

**لەسەر ئاستی عیراق، دادگای باڵای تاوانەکان بە یاسا دان بەوە نراوە کە ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هێنراون جینۆسایدن، ئەنجوومەنی نوێنەران و دەستەی سەرۆکایەتی عیراقیش پشتڕاستیان کردۆتەوە، ئاخۆ ئەو یاسایە چ رۆڵێکی دەبێ لە پرۆسەی بە نێودەوڵەتی کردنی دۆسیەی جینۆسایدی کورد؟**

هەڵبەت ئەوە دانپیانانێکی باشە، بەڵام دیارە بەس نییە. دەکرێت ئەوە ببێتە پاڵپشتیکی باش بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەنێودەوڵەتی بکرێت.

**بەو پێیەی کە پرۆسەکانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە هەر شوێنکاتێک دابێت بە یاسا (تقادم) و (اسقاط) ناکرێ، ئاخۆ کوردیش وەک رواندی و یوگوسلافیەکان دەتوانن داوای پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی لەو بارەیەوە بکەن؟**

من پێشتر لە زۆر شوێندا باسی لایەنە باشەکانی ئەو دادگا نێودەوڵەتییەم کردووە، ئەو دادگا نێودەوڵەتییە نەك هەر دەبێتە هۆی بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، بەڵکو دەشبێتە هۆیەکی گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. بەڵام بەداخەوە لەوە دەچێت ئێستا درەنگ بێت بۆ دامەزراندنی ئەو دادگا نێودەوڵەتییە، چونکە دەسەڵاتی کوردی دادگای باڵای تاوانەکانی بەفەرمی ناسی و باوەڕ و دەسەڵاتی ئەوەی پێدا کە سەیری کەیسە ئاڵۆزەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان بکات.

دامەزراندنی ئەو دادگایە کارێکی ئاسان نییە، دیارە ئاستەمیش نییە. ئاسان نییە لەبەر زۆر هۆ. دەکرێت ئەم هۆیانە ببنە هۆی ئەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ جینۆسایدی کورد دانەمەزرێت:

1. دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ئەگەرچی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام لەلایەن هاوپەیمانان و کەمێکیش نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پاڵپشت دەکرێت و ئەم دادگایە سەیری ئەو کەیسانەشی کردووە کە پەیوەندییان بە جینۆسایدی کوردەوە هەیە. دەبووایە کورد کاتی خۆی هیچ حیسابێکی فەرمیی بۆ ئەم دادگایە نەکردایە و دانی پێدانەنایە و داوای دادگایەکی نێودەوڵەتیی بکردایە.
2. لە زۆربەی کاتدا دادگای نێودەوڵەتی سەیری ئەو کەیسانە دەکات کە دوو دەوڵەت تێیدا بەشدارن، کورد دەوڵەتی نییە. هەربۆیە دادگای دادی نێودەوڵەتی ناتوانێت سەیری کەیسی جینۆسایدی کورد بکات. هەربۆیەشە دەبێت دادگایەکی تایبەتیی

نێودەوڵەتیی لەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و رواندا و کەمبۆدیای بۆ دابمەزرێت.

3. دامەزراندنی ئەو دادگایە دژی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. چونکە زۆرێك لە وڵاتانی خۆرئاوا و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدارن لە جینۆسایدی کوردا.
4. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو دادگایە دەوەستنەوە.
5. دانانی دادگایەکی نێودەوڵەتی تێچوونێکی خەیاڵیی دەوێت، نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو بارە بەخۆیەوە هەڵناگرێت و دەستەڵاتی کوردیش هیچ ئامادەییەکی پیشاننەداوە بۆئەوەی خەرجیی ئەو دادگایە یان بەشێکی بگرێتە ئەستۆ. بۆ نموونە دادگای حەریری لە لاهای کە ناوی دادگای تایبەتیی لوبنانە، زۆربەی خەرجییەکەی لەلایەن لوبنان و خێزانی حەرییەکان دابین دەکرێت.
6. دیپلۆماسیی کوردی نەك ساوایە، بەڵکو هێشتا لەدایك نەبووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەت و کاری دیپلۆماسی لە مێژووماندا نەبووە، دامەزراندنی ئەو دادگایە پێویستیی بە دیپلۆماسی و کاری دانوستاندنی نێودەوڵەتی هەیە و ئێمە ئەوەمان نییە. هەڵبەت نە نەتەوە یەکگرتووەکان نە رێکخراوی ئای. سی. سی.ش لە لاهای خۆیان خۆبەخشانە بەو کارە ئاڵۆز و گەورە و گرانە هەڵناستن.

دەکرێت زۆر هۆی تریشی بێت، بەڵام دەکرێت بگووترێت ئەوە گرنگترینیانە.

**بیانووی کورد ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی نوێنەریان لە نەتەوە یەکگرتووەکان نییە تا دۆسیەکە بە جیهانی بکەن و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ دابین بکەن، لە کاتێکدا ئەرمەنەکانیش وەک کوردن، کەچی خەریکە دۆسیەی کۆکوژی خۆیان دەکەنە دیفاکتۆ، ئاخۆ جگە لە حکومەت، جالیەی کوردی و رێکخراوە کوردییەکانی تایبەت بەو بوارە لە ئاستی دونیادا دەتوانن چ بکەن و فشارە مەدەنی و یاسایی و دیموکراسیەکانیان چەندە**

**کاریگەری دەبێ لە جوڵاندنی هەڵوێست و بڕیاری نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە؟**

دیارە نەبوونی نوێنەری کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش هۆیەکە بۆ خۆی. ناکرێت بەراووردی کورد و ئەرمەن بکرێت، ئەرمەنەکان خاوەنی شارستانییەکی کۆنن و ئێستاش دەوڵەتییان هەیە و پێشتریش بەشێکی یەکێتیی سۆڤیەت بوون، لەبەرئەوەی لەباری نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیدا زۆر لە پێش ئێمەوەن. جینۆسایدی ئەرمەنیش زۆرتر پەیوەندیی بە دووبەرەکیی نێوان ئیسلام و فەلەوە هەیە و ئەمەش هۆیەکی گرنگی ئەو پاڵپشتەی خۆرئاوایە بۆ جینۆسایدی ئەرمەن.

رەهەندی کوردیش بەشێکی کوردە و هەرچی دووبەرەکی و کلتوورە خراپەکانی کوردن لەگەڵ خۆیدا هێناونیەتە دەرەوە، پەڕلەمانی کوردستان چەند بەرە و چەند هۆز و بنەماڵەی تێدایە ئەو رەهەندەش بەهەمان شێوەیە. باوەڕناکەم وەك جالیە بتوانین کاریگەرییەکی ئەوتۆمان ببێت. چونکە جالیەکە خۆی لەخۆیدا نوێیە و خەریکی کێشە سەرەکییەکانی خۆیەتی و جارێ کاتی ئەوەی بۆ ناڕەخسێت کار بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کورد بکات. هەڵبەت هەوڵ هەیە و دەکرێت ئاماژە بە رۆڵی رێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاك بکرێت لەم رووەوە، بەڵام دیارە ئەویش بەتەنها بەس نییە!.

لاهای – هۆڵندا
2009-11-10

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی پایتەختی رۆشنبیریی ئێراق...[1]

**پرسیاری میدیا: لەم رۆژانەی دواییدا دەنگۆی ئەوە هەیە کە حکومەتی ئیراقی کەرکوك بە فەرمی بکاتە پایتەختی رۆشنبیریی ئێراق! ئایا ئەمە هیچ گەمەیەکی سیاسیی لەپشتەوەیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: بەدڵنیاییەوە گەمەیەکی سیاسیی لە پشتەوەیە، حکومەتی ئێراق ئەگەر خەمی لە رۆشنبیری بخواردیایە، ئەوا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کەمێك گرنگیی بە لایەنی رۆشنبیریی کەرکوکی پایتەختی رۆشنبیریی ئێراق دەدا! و هەوڵی سڕینەوەی ئەو جێدەستانەی بەعسی دەدا کە هێزکاری ترسناکی کردووەتە سەر رەوشی رۆشنبیری لە خودی شاری کەرکوکدا.

هەر ناوێك، نازناوێك بۆ ئەو شارە لە بەغداوە بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێتە درێژەپێدانی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو شارە و دوورخستنەوەی ئەو هیوایەی کە ببێتەوە بە شارێکی کوردستانی و بێتەوە ناو سنووری باشووری کوردستان.

کاتی خۆشی کە بەعس لە هەفتاکاندا ناوی ئەو شارەی گۆڕی و کردییە (تەئمیم)ی عەرەبی هەر بەهۆی ئەو ئامانجەوە بووە، چونکە بۆ بەعس ئاسان نەبوو ئەو شارە ناوێکی کوردی وەك کەرکوکی ببێت کە رەگوریشەیەکی مێژوویی هەیە.

پاش رزگارکردنی ئێراقیش نازناوێکی تر بۆ کەرکوك دۆزرایەوە، کە بەداخەوە دەستەڵاتی کوردیش نەزانانە بە شانازییەوە بەکاری دێنێت!، ئەویش (ئێراقێکی بچکۆلە)یە. ئەمەش لەگەڵ وشەی تەئمیمدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئەم ئێراقە بچکۆلەیە تەنها بۆ ئەوە داتاشراوە کە کەرکوك کوردستانی نەبێت و ببێتە ئێراقی!. پرسیاری من ئەوەیە بۆچی کەرکوك (کوردستانێکی بچکۆلە) نەبێت و ئێراقێکی بچکۆلە بێت؟!. چونکە پێکەوەژیانی ئەرمەن، ئاسووری، کلدان و تورکمان و کورد نەك لە

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 415 – لاپەڕە 6 – 15-12-2009 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 22-12-2009

كەركوك بەڵكو لە زۆر شوێنی تری كوردستاندا پێشینەیەكی مێژوویی هەیە نەك لە ئێراقدا.

ئێستاش ئەم مۆدێلی پایتەختی رۆشنبیریی ئێراقەی حكومەتی ئێراق لە هەمان بیرۆكەی شۆڤێنیزمی عەرەبی و پرۆسەی بەعەرەبكردنی و بەئێراقیكردنی شارەكەوە سەری هەڵداوە. ئەگینا كەركوك بە بەراوورد لەگەڵ زۆر شاری تری كوردی و ئێراقیدا لە بواری رۆشنبیرییەوە زۆر لەدواوەیە. هەموو هەوڵی داگیركەری ئێراقی بۆ ئەوەیە كە كەركوك وەك شارێكی ئێراقی بمێنێتەوە نەك بێتەوە ناو سنووری كوردستان، چونكە مانەوەی بە ئێراقی واتە دەبێتە شارێكی عەرەبی، ئیدی بۆ ئەو كێشە نییە ئەگەر یەك عەرەبیشی تێدا نەبێت.

لەسەرێكی تریشەوە، بوونی ئەم شارە بە پایتەختی رۆشنبیریی ئێراقی، دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرێك چالاكیی رۆشنبیریی عەرەبیی تێدا بكرێت، هەڵبەت ئەگەر بەپێی دیموكراسییەكەی پەڕلەمانی ئێراقیش بێت، دەبێت زۆرتر لە 80%ی چالاكییەكان عەرەبی بن!. هیچ بەدووری نازانم پاش ماوەیەك میهرەجانی مەربەدی بەعسیی شیعری عەرەبی لە كەركوكدا بكرێت و لە مۆریتانیاوە تاوەكو ئەهواز، برا عەرەبەكانمان لە كەركوكدا شیعر بخوێننەوە و كەركوك نەك بكەنە شارێكی ئێراقی و پایتەختی رۆشنبیری، بەڵكو بشبێتە بازاری عوكازی سەردەمی پێش ئیسلامی شاری مەككەی عەرەبستانی سعودی!. ئنجا ئەوسا با دەسەڵاتی كوردی هەر بڵێت كەركوك ئێراقێكی بچكۆلەیە بەڵام بە پێناسی كوردستانی!. كە كەركوك ئێراقێكی بچكۆلە بێت، ئیدی پێناسی كوردستانیی چی!.

لاهای – هۆڵندا
2009-12-11

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی ئاستی دیپلۆماتیی هەرێم!..[1]

**پرسیاری میدیا: هەرچەندە سەرکردایەتی کوردستان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە ئامادەنین لە ژێر هیچ فشارێکدا تەنازول لە مافەکانی کوردستان بکەن، بەڵام بە پێی زانیاریەکان لە بەرانبەر تەلەفونێکی سەرۆکی ئەمریکادا رازی بوون بە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێراق کە خۆشیان پێیان وایە لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە، ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لە سیاسەتدا چۆن دەبینی؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان:

پۆل بریمەر، لە یاداشتەکانیدا دەربارەی سەرانی کورد نووسیوویەتی: ئەوان هەردەم دەڵێن بەڵێ و هەرگیز وشەی نەخێرم لێنەبیستوون! ئەم تێبینییەی پۆل بریمەر دەکرێت بکرێتە پێوەری زۆرێك لە پەیوەندییەکانی سەرانی کورد و دەرەوەی، بەتایبەتی رەفتاریان لەگەڵ ئەمریکادا.

سەرانی کورد پێش ئەو رووداوانەی ئەم چەند ساڵەی دوایی، هێندە تێکەڵێ دیپلۆماسی و دانوستانی سیاسی نەبوون، هەربۆیەشە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەو دانوستاندنانەدا نییە و هەردەم بە کەمترین بەش سازاوین. کاتی خۆی گەورەترین لێپرسراوی کورد کە دەچووە دیوی ئێران بۆ نموونە، ئەفسەرێکی قەرارگای رەمەزان یان لەویش نزمتر لە پێشوازییاندابوو، لەبەرئەوە ئاستی دیپلۆماسیشیان هەر لە ئاستی ئەو ئەفسەرە ئێرانییەدایە و پێشتر لەو بەرزتریان نەدیوە. زۆرجار بیستوومە لێپرسراوێکی زۆر گەورەی کورد بە چەند رۆژێك نەیتوانیوە بەرپرسێکی یەکێك لەو قەرارگایانە ببینێت!.

ئێستاش کە سەرانی کورد بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کەوتوونەتە ئەو ئاستەی کە لەگەڵ کەسانی ئاست دیپلۆماتبەرزی وەك سەرۆکی ئەمریکا و هیی تر دەکەونە

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 416 – لاپەڕە 6 – 22-12-2009 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاورۆژنە 30-12-2009
ماڵپەڕی پاسۆك – دیسەمبەری 2009

گفتووگۆوە، هەر وادەزانن هەمان ئەفسەری قەرارگای هەمزەیە و داوای بارێك فیشەك دەكەن!.

سەرکردایەتیی کوردستان زۆرجار باسی ئەوەی کردووە کە لەژێر هیچ فشارێکدا سازش لە مافەکانی کوردستان ناکەن، بەڵام لەڕاستیدا وانییە و وشەی سازش بووەتە سازشەکان و کارێکی واهییان کردووە کە هەندێك سازشیان تا هەتایە بۆمان راستنەبێتەوە! لەو رووەوە پڕبەدڵ بەزەییم بە نەوەکانی داهاتوودا دێتەوە و دەزانم چەند گلەیی لەو بارودۆخەی ئێستا دەکەن! هەروەك چۆن ئێمە ئێستا گلەییەکی زۆرمان لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و کۆمار و ئەیلوول و ئەوانی تر هەیە!.

سەرکردایەتیی کورد نابێت چیدی درۆ لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکات، سازانیان بە یاسای هەڵبژاردنەکانی ئێراق لە هەموو رووەیەکەوە هەڵەیەکەی سیاسیی گەورە و سازشێکی لێنەبووردراویشە لەسەر مافەکانی کورد و کوردستان، پێم سەیرە هەرچی دەمدەکاتەوە، تەنانەت نوێنەرەکانی خۆشیان لە بەغدا دەڵێن نەدەبوو ئێمە بەو یاسایە بسازایینانە! کەچی وتاری فەرمیی سەرکردایەتیی کوردستان ئەوەیە کە یاساکە لەبەرژەوەندیی کوردە! ئەمە لای من هیچ شتێك ناگەیەنێت تەنها ئەوە نەبێت کە سەرکردایەتیی کوردستان فڕی بەسەر بەرژەوەندیی کوردستانەوە نییە و تاوەکو ئێستا نەگەیشتووشەتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت لەڕێی دیپلۆماتییەوە چارەسەری کێشەکان بکات.

سەیرە لەوەتەی حکومەتی ئێراق لە ساڵی 2003ەوە دامەزرایەوە تەنها کورد تەنازولی کردووە، تەنها سەرکردایەتیی کورد سازشی لە مافەکانی خۆی کردووە و لایەنەکانی تر هەمیشە براوەبوون. ئەمە تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە سەرکردایەتیی کورد و نوێنەرانی سیاسەت نازانن، وەکو نایشیزانن نە دەیانەوێت فێربن و نەدەشیانەوێت کەسانێکی واهی بخەنە ئەو شوێنە هەستیارانەوە کە لە خۆیان باشتر دانوستاندن دەکەن و یان هەر هیچ نەبێت دەزانن کە سیاسەت بریتییە لە بەرژەوەندی و مامەڵەی بەرامبەر!.

# دیمانەی گۆڤاری نێوەند – دەربارەی دامەزراندنەوەی پاسۆك[1]

**سازدانی: ستیڤان شەمزینانی**

**1- لەماوەی رابردوودا و لەباشووری کوردستان، جارێکی تر پاسۆك دروستکرایەوە و لەکاتی هەڵبژاردنیشدا پشتگیریی لیستی "گۆڕان"ی کرد. ئەمەش لای زۆرینەی شارەزایان وا لێکدرایەوە پاسۆك لەژێر سایە و باڵی گۆڕاندا دێتەوە مەیدان. تۆ پێتوایە دروستکردنەوەی پاسۆك تاچەند بەهاوکاریی گۆڕان بووە؟.**

وەڵام:

لە راستیدا من پێموانییە کە پاسۆك دروست بووبێتەوە! کەسانێك کە کاتی خۆی پاسۆك بوون یان بەشێوەیەك لە شێوەکان نزیکایەتییەکیان لەگەڵ پاسۆکدا بووبێت و ئێستا لە پاڵ لیستی گۆڕاندا بڵێن پاسۆکمان دروستکردووەتەوە یان دروستی دەکەینەوە! ئەوە، یەکەمینیان جێی گومانێکی زۆرە و دووەمینیشیان بریتییە لە بزووتنەوەیەکی سۆزدارانەی سەردەمی ئەو هەڵبژاردنەی دوایی کە بەتایبەتی ناوچەی سلێمانیی گرتبووەوە. پاش راپەڕینیش پاسۆك هەر بەو هەستە سۆزدارانەوە کەمێك گەشەی کرد، بەڵام چونکە دروستبوون و هەنگاوی هەشتاکانی پاسۆك بریتییە لە زنجیرە هەڵەیەکی کوشندە، هەربۆیە دیسان بەو هەڵانەوە ناڵاندی و ئاکامەکەشی بەوە شکایەوە کە لەناو ریزەکانی پارتیدا شاردرایەوە و ئەو

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 70 – لاپەڕە 18-21 – دیسەمبەری 2009 - کوردستان – سلێمانی.
گۆڤاری شەقام– ژمارە 145 – لاپەڕە 18 و 19 و 21 – 2010-01-13 - کوردستان – سلێمانی. دووبارە لەلایەن ستیڤان شەمزینانییەوە لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە.
هەمان دیمانە لەلایەن ستیڤان شەمزینانی لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە لە 19-01-2010دا بڵاوکراوەتەوە.
هەمان دیمانە لەلایەن ستیڤان شەمزینانی لە ماڵپەڕی کوردستان نێت لە 20-01-2010دا بڵاوکراوەتەوە.

ئەندامانەشی بەشدارییی ئەو کڕین و فرۆشتنەیان کرد، بوونە فەرمانبەرێکی خاوەن مانگانەی هیچ لەباردانەبووی لاتەریتی ناو پارتی!.

ئەگەر پاسۆك مەبەستتان لەو چەند ئەندامە بێت کە لیستی گۆڕان لەسەر گردەکە ژوورێکی دانێ و پاشان کە کاری پێیان نەما، ژوورەکەیی لێوەرگرتنەوە! ئەوا دروستکردنەوەی پاسۆك بەهاوکاری و ریشسپێتیی گۆڕان بووە، بەڵام ئەگەر مەبەستیشت زۆرینەی ئەندامە کۆنەکانی پاسۆك بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە تێیدا نین و ئەوانیش وەك من و تۆ، ئەو بارودۆخەیان پێ سەیرە، ئەگەرچی لە سەرەتادا دەیان ئەندامی پاسۆك بەخێرهاتنی ئەو دامەزراندنەوەی پاسۆك و یارمەتییەکانی گۆڕانیان کرد، بەڵام پاشتر هەر زوو لێی کشانەوە و ماوەتەوە ئەو دوو، سێ کەسەی کە هەر لەگەڵ گۆڕاندا و بەناوی (ئەندامانی کارای لیژنەی دروستکردنەوەی پاسۆك)ەوە کاردەکەن. من لەو رووەوە زۆر بەداخم بۆ کەسێکی وەك کاك فەرهاد پاڵەوان کە خۆیی خستووەتە ناو ئەو گێژاوەوە! کە کەسێکە خاوەنی مێژوویەکی بەرچاوی ناو کاژیکیش و پاسۆکیشە..

گۆڕان بەڕێی خۆی و هیچ کێشەیەکم لەگەڵیدا نییە، بەڵام بۆ دەبێت پاسۆك لە گردەکەوە سەردەربێنێتەوە! ساڵی 1975 ئەوکاتی پاسۆك دامەزرا، نە گرد هەبوو و نە گۆڕان! ئەمجاریش دەبووایە دوور لە گرد و دوور لە برابچووکیی گۆڕان پاسۆك بەخۆیدا بچوایەتەوە و خۆیی تووشی ئەم هەموو قسە و قسەڵۆکە نەکردایە.. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە ئەندامانی کارای لیژنەی دروستکردنەوەی پاسۆك! بەتەنیا ناتوانن بچنە ژێر ئەو بارەوە و هەر دەبێت لەو ژوورەوە بووایە کە گۆڕان لە گردەکە پێی بەخشین..

**2- ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان هەیە، ئەو پاسۆکەی لەکوردستان دامەزرێنراوەتەوە، هەر لەئێستاوە کێشەی ناوخۆیی تێکەوتووە، بەوەی بەشێك لەکادران و ئەندامانی سەرکردایەتی رازی نین بەوەی پاسۆك ببێتە پاشکۆی گۆڕان و پێدەچێت ئینشقاق رووبدات!. بەبڕوای تۆ لەوەها بارودۆخێکدا کام لا دەتوانن وەك پاسۆکی**

**راستەقینە كار بكەن؟، پاشان تاچەند پێتوایە پاسۆك بەم ململانێیانە لاوازتر دەبێت؟.**

وەڵام:

ئەوە زۆر راستە و زۆر سروشتیشە، چونكە پاسۆك هەر لە رۆژی دروستبوونییەوە تاوەكو توێندرانەوەی لەناو یەكگرتن و پاشان پارتیدا، بریتی بووە لە كۆمەڵێك كێشە! كەسانێكی دژبەیەك، كێشەی كەسی، بنەماڵەیی، پارە و سەرباری ئەوەش زۆر كێشەی كاژیكیش هێنراوەتە ناو پاسۆكەوە و ئەم حیزبە بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی.

بیروڕا زۆر هەبوو و هەیە بۆ دامەزراندنەوەی پاسۆك، هۆكاری دانەمەزراندنەوەشی دەگەڕێتەوە بۆ كێشە ناوخۆییەكانی ئەندامانی، هەریەكە و لەلای خۆیەوە خۆی بە بیریاری بیری نەتەوەیی دەزانێت بەبێ ئەوەی هیچی لەباردا بێت!. ئینجا ئەگەر حیزبێك پێش دامەزراندنی ئەو هەموو كێشانەی ببێت، ئەوا بەڕای من دانەمەزراندنەوەی زۆر باشترە. چونكە ئەوەی من بزانم هیچ لایەكیان ناتوانن وەك پاسۆكی راستەقینە كاربكەن! ئەگەر لایەكیان پاسۆكی راستەقینەبوون، ئەدی ئەو چەند ساڵانەی پێشوو لە كوێ بوون و چ كارەبوون، بۆچی هیچ هەوڵی دامەزراندنەوەی پاسۆكیان نەدا، دەبێت ئێستا بەرژەوەندییان لەگەڵ دامەزراندنەوەی پاسۆكدا چی بێت!. ناچاربووم باسی بەرژەوەندی بێنمەكایەوە، چونكە هێشتا هیچ نەبوو بوو، پاسۆكەكانی گردەكە خۆیان كردبووە ئەندامی پەڕلەمان و بەڵێنی پاسەوانییان بەم و بەو دەدا!.

دامەزراندنەوەی پاسۆكیش هەمان گەمەی دامەزراندنەوەی كاژیكە و من كاتی خۆی زۆرجار ئەوەشم دەبیست، بەڵام من پێموایە چەند دامەزراندنەوەی كاژیك بووە راستینە! ئەوەی پاسۆكیش هەر واهیی بەسەردێت. دیسانیش پێموایە دامەزراندنی پارتێكی نەتەوەیی دەبێت دووربێت لە كێشە و مێژووی پڕ لە شكستی هەردوو كاژیك و پاسۆك و ئەندامەكانی – هەڵبەت بەخۆشمەوە!. دەبێت كەسانێك بەو كارە هەڵبستن كە نەتەوەیی سیاسی بن و بێگومان ناشبێت هەر لەنێو بازنەی داخراوی شاری سلێمانیدا بن! وەك ئەوەی كاژیك و پاسۆك پیادەیاندەكرد! و ئێستەش دەیكەن.

هەرچۆنێك بێت ململانێ ببێت یان نا، ئەوا پاسۆکی پێ لاواز نابێت! چونکە پاسۆك خۆی نییە تاوەکو لاواز بێت!.
لێرەدا بۆ بێسەروبەریی ئەو هەوڵانەی زیندووکردنەوە یان دامەزراندنەوەی پاسۆك دەمەوێت هەڵوێستە لەسەر رووداوێکی تری ئەم چەند مانگەی دوایی بکەم. کە لیستی گۆڕان هاتە کایەوە، لە کوردستان چەند کۆبوونەوەیەك کرا. یەکێك لەو کۆبوونەوانە و پێموایە گرنگترینیشیان بوو! لە سلێمانی لە ماڵی ئەندامێکی پێشووی سەرکردایەتی پاسۆك کرا، ئەو ئەندامە یەکێك بوو لەوانەی کە پاسۆکی کردە دیاری بۆ یەکگرتن و پاشانیش پارتی، هەمان ئەندام لە ساڵی 1992ەوە تاوەکو ئێستا وەك ئەندامی پارتی، مانگانە وەردەگرێت. ئەگەرچی زۆربەی ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بوون دەمناسین، بەڵام یەکێکیان زۆر هاوبیر و هاوڕێمە و بە تەلەفون هەموو وردەکارییەکانی پێڕاگەیاندم. کارەساتەکە لەوەدایە کە لە کۆبوونەوەکەدا (بەدڵنیاییەوە) ئەندامێکی دەزگای زانیاری و ئەندامێکی دەزگای پاراستنی تێدابووە!. تێرامێنن، کۆبوونەوەی دامەزراندنەوەی پاسۆك لە ماڵی فرۆشیارێکی پاسۆکدا بکرێت و هەردوو دەزگای زانیاری و پاراستنیش ئامادەییان بووبێت! ئیدی دەبێت بەهێزی و لاوازیی پاسۆك لە کوێیدا بێت!.

**3- بەدرێژایی تەمەنی پاسۆك، راستییەکی حاشاهەڵنەگر فێربووین کە پاسۆك هێزێکی کوردستانییەو بڕوای بەچوارچێوەی عێراقی و ئێرانی و تورکیایی و سوریایی نییە، بەڵام پاسۆك لەباشووری کوردستان لەپاڵ گۆڕان بەشداریی لەهەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکات و نوێنەریشی بۆ پەرلەمانی عێراق دەبێت. بەباوەڕی ئێوە ئەم سیاسەتە چەند نزیکایەتی هەیە لەگەڵ ستراتیژی پاسۆکدا؟. پێتوانییە ئەم سیاسەتە پاسۆك بەرەو هەڵدێر و ململانێی ناوخۆیی سەختتر دەبات؟.**

**وەڵام:**

بوورە، ئەمەش یەکێکە لە شتە ناڕاستەکانی پاسۆك!. پاسۆك وەك هەموو حیزبەکانی تری ئەوسای باشوور پەیوەندیی بە قەرارگای رەمەزانەوە هەبووە، من خودی خۆم بەناوی

پاسـۆکەوە کارتێکم هەبوو کەپێیان دەگووت (تەشـکیل پەروەند) و بەئاسـانی تاوەکو کرماشـان پێی دەچووم!. ئەگەرچی پاسـۆك لەچاو حیزبەکانی تری باشـوور درەنگتر ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ داگیرکەری ئێراندا دامەزراند، بەڵام سـەرئەنجام هەر بووینە هاوبیری قەرارگا، لەبەرئەوە باوەڕناکەم بەشـداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئێراق و بوونی نوێنەری بۆ پەڕلەمانی ئێراق لە هاورێیەتیی قەرارگای رەمەزان یاخود هەمزە خراپتر بێت و دژایەتیی سـتراتیژی پاسـۆك بکات!.

هەڵبەت ئەو پاسـۆکانەی بەهیوای بوون بە ئەندامی پەڕلەمانی ئێراق لەگەڵ گۆڕاندا هاوبیرن، زۆر هەڵەن! چونکە چەند کەسـیان لێ بوو بە ئەندامی پەڕلەمانی کوردسـتان، هەر ئەوەندەشـیان لێ دەبێتە ئەندامی پەڕلەمانی ئێراق!. کە ئەوان لەگەڵ گۆڕاندا دەسـتیان تێکەڵ کرد و لیسـتی گۆڕانیان پێکهێنا، بەڵێنی گۆڕان واهی بوو کە هەر دەیەمین ناوێك، ناوێکی ئەندامێکی پاسـۆك بێت! واتە دەیەم، بیسـتەم، سـییەم و بەوشـێوەیە، بەڵام ئەوەی بینیمان کە یەکەمین ناوی پاسـۆك لە لیسـتەکەیاندا پێموابێت سـیونۆهەمین ناو بوو!. زۆر زۆر لەم هەڵبژاردنەی ئێراقدا بووبە سـیهەمین ناو! ئیدی ئەویش دەبێتە تێکشـکانێکی دی، بەڵام ئەمجارەیان تێکشـکانێکی ئێراقییانە!.

پرسـیاری بیری کوردسـتانی و سـتراتیژی نەتەوەییت کردووە! ئەوانە چ لە کاژیکیشـدا و چ لە پاسـۆکیشـدا هەر لە بڵاوکراوەکانیاندا هەبوون، من کاتی خۆی کە کاژیکنامە یان پەیرەو و پرۆگرامی پاسـۆکم دەخوێندەوە کە باسـی سـەرکردایەتیی نەتەوەیی و هەرێمی و شـتی لەو بابەتەی دەکرد، موچووڕکە بە لەشـمدا دەهات، تاوەکو خۆم کەوتمە ناو راسـتییەکانەوە و هەموویم بەچاوی خۆم دی. لەوانەیە یروا نەکەن کە بەڵگەم لا هەیە کە هەموو سـەرکردایەتیی نەتەوەیی، سـەرکردایەتیی باشـوور، لکی سلێمانی و کەرکوکی کاژیك لە سـاڵی 1968ەوە تاوەکو سـاڵی 1975 یەك کەس بووە و یەك کەسـیش بەڕێوەیبردووە و هەر ئەو کەسـەش بەناوی ئەو سـەرکردایەتی و لکانە نامەی بەچەند دەسـتوخەتێکی نزیك لەیەکتری بۆ خوارەوە نووسـیوە و ئەندامانی ئاڕاسـتە کردووە!. ئیدی هێزی کوردسـتانی و سـتراتیژی چی. ببوورن کە هەندێکجار کاژیك تێکەڵی مەسـەکان دەکەم، بەڵام من پێموایە و

بەڵگەشم زۆرە کە زۆر کێشەی نێو پاسۆك هەمان میراتیی خوالێخۆشبووی کاژیکی باوەگەورەمانە!.

**4- لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ەوە هێزە نەتەوەییەکانی وەك پاسۆك، لەبری ئەوەی بەگوڕ و تینەوە بێنە مەیدان بەڵکو بەرەو لاوازیی و پوکانەوە رۆیشت، ئێستا هێزە نەتەوەییەکانی وەك پاسۆك کەمترین رۆڵیان لەسەر رەوشی سیاسیی کوردستان هەیە. پێتوایە ئەم هێزە نەتەوەییانە پاشەکشەیان کردووە؟ پێتوانییە پاسۆك جارێکی تر ناتوانێت ببێتەوە بەهێزێکی حیساب بۆکرابوو لەگۆڕەپانەکەدا؟.**

وەڵام:

ئەو هێزە نەتەوەییانە نەك هەر پاشەکشەیان کردووە، بەڵکو ئەوەی تاوەکو ئێستا دەبینرێت هیچ بوونێکیشیان نییە. پێش ڕاپەڕینیش پاسۆك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بهێنرێتە دەرەوە، بە موو گۆڕانکاری دروست نابێت!. چونکە سەنگێکی ئەوتۆی نەبووە.

پاسۆك بەو عەقلییەتەی کە لە ساڵی 1975ەوە تاوەکو 1992 پیادەی دەکرد، ناتوانێت ببێت بە هێزێکی دیار لە گۆڕەپانەکەدا. بەداخەوە هەمان بیرکردنەوە هەرماوە و باشترین بەڵگەش ئەو رووداوانەی ئەم دواییەی هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان و دەنگۆی دامەزراندنەوەیەتی. گوڕ و تینی پاسۆکیش ناوبەناوە، پاش ڕاپەڕین خەڵکانێکی زۆری لێ کۆبووەوە و زۆربەی ئەندامە کۆنەکانیشی تێهەڵچوونەوە. بەڵام ئیدی وردە وردە کزبوو و تاوەکو لە پارتیدا کوژانەوە. پاش رووداوەکانی ئەم دوادواییەش کەمێك گوڕ و تین کەوتەوە ناو ئەندامەکانی، بەڵام ئەمجارەیان رەوشی پاسۆك و نەتەوەییەکانی بە لایەکی خراپتردا برد و باوەڕناکەم هیچی واهیی لێ شین ببێتەوە. مەبەستم لەو لایە خراپە، لایەنی بەرژەوەندیی هەندێك لەو ئەندامانەیە کە بەهۆی دامەزراندنەوەی پاسۆکەوە دەیانەوێت، ئەندام پەڕلەمانییەك یان هەر دەستکەوتێکی مادیی تر بۆ خۆیان بپچڕن.

**5- عێراق بەباشووری کوردستانیشەوە بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات، دەوترێت لەم هەڵبژاردنەدا بەهۆی**

**فرە لیستی هێزە کوردییەکانەوە، کورد تووشی جۆرێك لەنسکۆ دەبێتەوە. پێتوایە چارەنووسی کورد بەتایبەت لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە روو لەکوێیە؟، پێتوانییە فرەلیستیی هێز و توانای کورد لەعێراقدا ورد و خاش دەکات؟.**

وەڵام:

من هەرگیز کێشەم لەگەڵ فرە حیزبی و فرە لیستی نەبووە، بەڵام بەداخەوە لەناو ئێمەدا چونکە کلتووری کاری پێکەوەیی و بەرەییمان نەبووە لە زۆر کاتدا بووەتە کێشە. کورد با لە جیاتیی لیستێك سەدانی هەبێت! بەڵام بەو مەرجەی کە لەسەر هێڵی ستراتیژی نەتەوەیی کۆك بن و ئاگایان لە هێڵە سوورەکانیان بێت. ئەگەر نا ئەوا لیستێك بێت یان زۆرتر ئەوا هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. بڕواننە کۆمەڵگای ئیسرائیلی، باوەڕناکەم هیچ کۆمەڵگایەك هێندەی ئەوان پەرت پەرت بێت و هەریەکەیان لە کونجێکی ئەم دنیایەوە رووی کردووەتە ئیسرائیل، بەڵام کە دێتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ستراتیژی نەتەوەییان، هەموویان دەبنە یەك پارچە، هەر ئەمەشە نهێنیی مانەوەی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا.

ئەم چەند ساڵەی رابردوو تەنها لیستی کوردستانی هەبوو لە بەغدا، بەڵام ئەی کوا هێز و توانای کورد لە بەغدا!، عەرەبەکان خۆیان دەڵێن نوێنەرانی کورد لە بەغدا تەنها خەریکی حیزبەکانی خۆیانن و بەرژەوەندیی حیزبەکانیانن! ئەگەرچی یەك لیستیش بوون!. بەو شێوەیە دەکرێت بگووترێت فرە لیستی بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات، چونکە ئێمە بە لیستێك ئەوە رەفتارمان بوویێت، ئەدی دەبێت بەچەند لیستێك بارودۆخەکە بەرەو کوێ بڕوات؟.

لەم پرسیارەدا باسی نسکۆ دەکەیت کە بەهۆی فرە لیستییەوە تووشی دەبین. پێم بڵێن: ئەوە نسکۆ نییە کە لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا شەش مەتر چوارگۆشەی ناوچە داپڕاوەکانمان نەگەڕاندووەتەوە بۆسەر ئەوەی پێی دەڵێن هەرێم!. کێشەی ئێمە نە لە یەك لیستیدایە و نە لە فرەلیستی، ئێمە کێشەی بیرکردنەوە و رەفتاری دروستمان هەیە و ئەمیش پەیوەندیی بارودۆخی مێژوویی و دروستبوونی کوردەوە هەیە وەك نەتەوەیەك.

**6- بارودۆخی کەرکووك بەرەو تاریکیی زیاتر دەڕوات و رەنگە بەهۆی بوونی چەند لیستێکی کوردییەوە بۆ هەڵبژاردنی دادێی عێراق، پێگەی کورد لەو شارە بەرەو لاوازیی بڕوات. ئێوە چۆن دەڕواننە پاشەڕۆژی سیاسیی شاری کەرکووك؟، ئایا فرەلیستیی چ زیانێك بەچارەنووسی ئەو شارە دەگەیەنێت؟.**

وەڵام:

بەداخەوە زۆر رەشبینم بەرامبەر پاشەڕۆژی کەرکوك، تاوەکو ئێستا لە نێوان دووکەوانەدا! یەك لیستمان لە کەرکوك هەبووە، لە سایەی ئەو یەك لیستەدا، دوو دەزگای ئاسایشمان لە کەرکوك هەیە، شارەدێی قەرە هەنجیری سەربە کەرکوك تاوەکو ئێستا دوو بەڕێوەبەری هەیە، یەکیان سەربە پارتی و ئەوی دییان سەربە یەکێتی!. فەرمانگەکانی کەرکوك جێی شەڕە گورزی ئەندامانی ئەو یەك لیستەن، ئایا پارتی سەرۆکی فەرمانگەکە وەربگرێت یان یەکێتی. دەستکەوتی ئەمە بۆ ئەو بێت یان ئەو و زۆر کاری ناڕەوای تر کە خۆتان لە من باشتری دەزانن. دیارە ئەگەر لیستی تریش بێت، ئەوا ئەویش دەیەوێت بەشە کێکی دزی و تاڵانیی خۆی ببات و رەوشی کەرکوك لە خراپەوە بباتە خراپترین.

هیوادارم من هەڵە بم و ئەو رەشبینییەی من وانەبێت و بارودۆخەکە بەرەو باشتر بڕوات...

2009-12-12

لاهای - هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی زمانی کورد لە پەڕلەمانی ئێڕاقدا!...[1]

**پرسیاری میدیا: لەم خولەی پەرلەمانی ئێراق بەپێی ئەو زانیاریانەی بڵاوکراوەتەوە (23) دانە لە (58) ئەندام پەرلەمانە کوردەکە زمانی عەرەبیان نەدەزانی، بینیشمان چەند جارێك لە داوی دەرکردنی یاساکانەوە ئەندام پەرلەمانەکانمان لە ئێراق گوتویانە فێڵمان لێکراوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو مەرجانە چین کە پێوستە لایەنی کوردی لە خولی داهاتوودا لە بەرچاوی بگرێ بۆ ئەوەی تووشی هەمان کێشە نەبنەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: چەند ساڵێك لەمەوبەر دەبووایە بۆ کۆمەڵێك یاساوان و دیپلۆماتی مەسەدۆنی بۆ ماوەی یەك کاژێر باسێکم پێشکەش بکردایە، نە من مەسەدۆنی دەزانم و نە ئەوانیش کوردی! بەڵام بەهۆی زمانێکی سێیەمی ترەوە و بوونی وەرگێڕێکی باش، توانیم ئەوەی دەمەوێت بیگەیەنمە ئەو کەسانە و ئەوانیش چی پرسیاریان هەبوو بەهۆی وەرگێڕەکەوە کردیان و وەڵامی خۆیانیان بە وەرگێڕدراوی وەرگرت و هەردوولا بەبێ کێشەیەکی ئەوتۆ توانیمان ئەوەی دەمانەوێت دەریببڕین و لەیەکتر تێبگەین!.

نەزانینی زمانی عەرەبی نابێت ببێتە کێشەی پەڕلەمانتارە کوردەکانی پەڕلەمانی بەغدا! مەرجیش نییە هەموو پەڕلەمانتارێکی کورد لە بەغدا زمانی عەرەبی بزانێت! ئەگەر زمانی کوردی بەڕاستی زمانێکی فەرمیی ئێراق و زمانی کاری فەرمانگەکانی ئێراق بووایە، دەبووایە پەڕلەمانتارە عەرەبەکانی ئێراقیش هەمان کێشەی پەڕلەمانتارە کوردەکانیان ببوایە سەبارەت بە زمانی کوردی! ئەگەر زمانی کوردی وەك لە دەستووری ئێراقدا هاتووە فەرمی بێت! دەبووایە پەڕلەمانتارە کوردەکان کێشەی زمانیان نەبووایە و ئازادانە بیروبۆچوونەکانی

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 417 – لاپەڕە 6 – 29-12-2009 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە - 04-01-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – ژەنیوەریی 2010

خۆیانیان بە زمانی دایکیان کە کوردییە لە دانیشتنەکانی پەڕلەمانی ئێراقیدا دەربڕییایە! بەڵام دیارە گومانێکی زۆر لەو فەڕمییەتەی زمانی کوردی هەیە و هەر هەمان کێشەی مادەی 140ی دەستوورە کە تەنها بۆ ناو و هەڵخەڵەتاندنی کوردی خراوەتە دەستووری ئێراقییەوە..

پەڕلەمانی وڵاتی سویسرا لە شاری بێرنە، ئەم پەڕلەمانە نوێنەرانی هەموو هەرێمەکانی سویسرای تێدایە و بە زمانەکانی ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتالی و هیی تر قسەی تێدا دەکرێت، باوەڕیش ناکەم هەموو ئەندامانی پەڕلەمانی سویسرا شارەزایی تەواویان لەو هەموو زمانەدا هەبێت! هندستان نزیکەی سەد و ئەوەندە زمانی فەڕمیی تێدایە و هەمووشیان نوێنەریان لە پەڕلەمانی وڵاتەکەیاندا هەیە! ئەم کێشەی تێنەگەییشتنەی نوێنەرانی کورد دەکرێت لێکدانەوەیەکی تریشی بۆ بکرێت کە نوێنەرانمان لە بەغدا یەکگرتوو نین و کێشەی گفتووگۆ و لێکتێگەیشتنی ناوخۆیی و خۆبەخۆییان هەیە، ئەگینا لە ناو کوردا ئەوەندە عەرەبیزان زۆرە کە بتوانن هەرچی لە پەڕلەمانی ئێراقیدا روودەدات بە زمانی کوردی بۆیان شیبکەنەوە و تێیانبگەیەنن تاوەکو بەگووتەی خۆیان فێڵیان لێنەکرێت. لەلایەکی تریشەوە نزمیی ئاستی خوێندنی نوێنەران دەردەخات بەگشتی، چونکە کورد لە ئێراقدا هەر لە هەنگاوەکانی خوێندنی بنەڕەتییەوە زمانی عەرەبی دەخوێنێت، بگرە ماوەیەکیش خوێندن هەمووی بە عەرەبی بووە کە هاوکات بووە لەگەڵ کاتی خوێندنی ئەو نوێنەرانەی کورد. ئەگەر پەڕلەمانتارێك بەو هەموو ساڵە زمانی عەرەبی فێرنەبووبێت، دەبێت چیی تر فێربووبێت و چیی لێ چاوەڕوان بکرێت لە پەڕلەمانی ئێراقیدا بۆ کوردی بکات!.

عەرەب هەر خۆیان دەیانگووت کەس لە مامۆستا مەسعود محەمەد عەرەبیزانتر نییە! لەوانەیە نوێنەرەکانی خەڵکی سلێمانی لە عەرەبیدا کۆڵ بن، ئەدی ئەوانەی هەولێر و بادینان وەك عەرەب! عەرەبی دەزانن و دەبووایە پاش هەر دانیشتنێك خۆیان خۆبەخۆ کۆببوونایەتەوە و یەك لەوان هەموو وردەکارییەکانی بۆ بکردنایە بە کوردی! تاوەکو فێڵیان لێنەکرێت! ئەم پاساوی فێڵلێکردنە بەهۆی زمانی عەرەبییەوە تەنها پاکانەیەکە بۆ خراپیی دانوستاندنەکانی نوێنەرانی کورد و

هیچی تر.. نوێنەرانمان عەرەبی بزانن و نەزانن نابێت ببێتەهۆی ئەوەی فێڵیان لێبکرێت. بەڵام بەداخەوە دەستەڵاتی کوردی تەنانەت نەیتوانی چەند وەرگێڕێکی شارەزای تەواو بۆ دادگای باڵای ئێراق ئامادەبکات تاوەکو لە کەیسەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و ئەوانی تردا بەباشی رووداوەکانی ناو دادگا وەربگێڕن، ئیدی دەبێت بۆ ئەم کێشـەیە چی بکەن!

چارەسەری ئەو کێشەیە بەوە دەکرێت کە پاش هەر دانیشتنێك، نوێنەرانی کورد کۆبوونەوەی خۆیان بکەن و عەرەبیزانێکی بەتواناش هەموو رووداوەکانیان بۆ بکات بە کوردی، پێویستیشە چەند پەڕلەمانتارێکی عەرەبیزان لە کاتی دانیشتنەکاندا ئاگاداری هەندێك فڕوفێڵی زمانەوانی ببن و دەستبەجێ هاوکارە کوردەکانیان ئاگاداربکەنەوە تاوەکو ئاگاداری ورد و درشتی رووداوەکان ببن و ئەو پاساوە بێهێزەش بۆ ئێمە نەهێننەوە!.

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی توندوتیژیی دژبە ژنان!...[1]

**پرسیاری میدیا: لە راپرسیەکدا کە رێکخراوێکی ئافرەتان بەناوی "پۆینت" ئەنجامی داوە لە کوردستان لە 74% ئەو ئافرەتانی لە کەرتی حکومی و ناحکومی کاردەکەن توشی "گێچەڵی سێکسی" دەبنەوە ئەوە لە کاتێکدایە وەزیری ناوخۆی کوردستان لە رۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو راپۆرتە رایگەیاند کە توندوتیژی دژ بە ژنان کەم بووەتەوە! ئایا بەڕاست توندوتیژی دژ بە ژنان کەم بووەتەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دەستەڵاتی کوردی دەبێت واز لە راگەیاندنی بێبناغە بهێنێت، ئەم دەستەڵاتە بەرامبەر هەر رەخنەیەك و هەر گازندەیەك یەکسەر دەستەواژەی هەژاری (نەخێر وا نییە!) بەرەورووماندا دەدات، بەبێ ئەوەی تەنها یەك جاریش بۆ ئێمە و رای گشتیی سەلماندبێت کە بۆچی و چۆن وا نییە!.

هەڵبەت گێچەڵی سێکسی لە هەموو کات و شوێنێکدا هەبووە و هەر دەبێت، نە دەستەڵاتی کوردی دەتوانێت ئەم دیاردەیە بنبڕبکات و نە هیچ لایەکی دیش، لێ ئەوەی جێی داخێکی زۆرە پێشتر و لە سەردەمی داگیرکەری بەعسدا زۆر کەم دەمانبیست ئافرەتێك لە فەرمانگەیەکدا تووشی گێچەڵی سێکسی بووبێت، یاخود لێپرسراوێکی بەعسی بەزۆر یان بە خواهیشت گێچەڵی سێکسیی بە کەسێك کردبێت!. بەڵام ئێستا و لە سەردەمی دەستەڵاتی کوردیدا نەك ئەوەی سەردەمی بەعس کەمنەکراوەتەوە، بەڵکو بووەتە چەندین بارە!. ئەمە تەنها یەك شتمان پێدەڵێت کە دەستەڵاتی کوردی بەهیچ جۆرێك کاری بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە نەکردووە، وەکو کاریشی نەکردووە بەگوێرەی زۆر راپۆرت و زۆر هەواڵ و زۆر

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 418 – لاپەڕە 6 – 05-01-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاورۆژنە - 07-01-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – جەنیوەریی 2010

قسەی دەماودەم، زۆرێك لە لێپرسراوانی دەستەڵاتی کوردی خۆیان گێچەڵی سێکسی بەم و بەو دەکەن. هەڵبەت گووتم و بەم و بەو! چونکە گێچەڵی سێکسی تەنها ئافرەت ناگرێتەوە و لیپرسراوان تێیاندا هەیە کە دڵی بە ئافرەت ناکرێتەوە! و هۆمۆیە. بەڵام هۆمۆییەکەشی وەکو دزی و فزییەکانی تری هەر لەژێر پەردەوەیە و ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە بڵێت من هۆرمۆنەکانم جۆرێکی ترە و هۆمۆم و کارم بەسەر ئافرەتەوە نییە!.

ئەو رێژەیەی کە رێکخراوی پۆینت بڵاویکردەوە ناکرێت بە تەواوەتی راست بێت و من پێم کەمە! چونکە هەندێك ئافرەت بەهۆی کۆتە کۆمەڵایەتییەکانەوە نایەوێت باسی گێچەڵی سێکسی بکات و دەڵێت من بەرەوڕووی نەبوومەتەوە، کەچی لە راستیشدا لەوانەیە لە جارێك زۆرتر تووشی ئەو کێشەیە بووبێت. هەربۆیە من ئەو رێژەیە چەند ژمارەیەکی تریشی دەخەمەسەر!.

زۆر کاری گێچەڵی سێکسی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەرگوێماندەکەوێت و هیچ لایەنێك بە فەڕمی خۆیی ناکاتە خاوەنی، کاری وا کە زۆر ترسناکن و هەندێکیان بە ئافرەتی سەروو هەژدەساڵیشەوە ناوەستن و گێچەڵی سێکسی و سێکس لەگەڵ کەسانی خوار هەژدە ساڵەوە دەکەن، ئەمە دەچێتە ناو خانەی منداڵبازی و پێدۆفیلییەوە و لە هەموو وڵاتێکدا بە خواهیشت بێت یان بە زۆر جگە لە وڵاتە ئیسلامییەکان سزای توندی لەسەرە، بەڵام لای ئێمە بەهاسانی روودەدەن و قوربانییەکانیش بەهۆی کۆتە کۆمەڵایەتییە دوواکەوتووەکانەوە، یان لەناودەبرێن، یان دەبێت خۆیی لێ بێدەنگ بکات تاوەکو نەبێتە وتە وتەی ئەم و ئەو!. دڵنیام ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە وەك هی ئەوروپی ئەو ئازایەتییەی تێدابووایە و هەموو ئەوانەی بەرەوڕووی گێچەڵ دەبنەوە، لای دادگا گێچەڵەکانیان تۆماربکردایە، ئەوا گەورەترین کارەساتی کۆمەڵایەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا دەخرایە بەردەمی راگەیاندنەکان و دەشبووە وانەیەکی باش بۆ گێچەڵکاران و ژمارەی گێچەڵپێکراوانیش زۆر زۆر کەم دەبووەوە..

با وەزیری ناوخۆی کوردستان هەر لەخۆیەوە نەڵێت توندوتیژی بەرامبەر ژنان کەم بووەتەوە و با بچێت سەرێك لە بەشی سووتاویی نەخۆشخانەکان بدات و بزانێت ئایا توندوتیژی

کەم بووەتەوە یان نا، ئەگەر ئەوەشی بۆ ناکرێت! با بەهۆی ئافرەتێکی ئانۆنیمەوە دەنگوباسی وەزارەتەکەی خۆی و ئەوانی تر وەربگرێت، تاوەکو بزانێت ئایا چەند ئافرەتی فەرمانبەر لەلایەن سەرۆککارەکانیانەوە داوای سێکس و بەرەوڕووی گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە.

خۆزگە بمتوانییایە باوەڕم بەقسەکەی وەزیر بکردایە و توندوتیژی کەمببوایەتەوە! خۆزگە وەزیری ناوخۆ هەر لەخۆیەوە نەیدەگووت توندوتیژی دژ بە ژنان کەم بووەتەوە و کۆمەڵێك ئامار و لێکۆڵینەوەی دروستی دەخستە بەردەستمان بۆ پشتڕاستکردنی قسەکەیی و ئێمەشی دڵخۆشبکردایە.. نەك ئاوا لێی بەگومان بووینایە..

2009-12-30

لاهای – هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی راپۆرتەکانی تاڵەبانی و نەوشیروان...[1]

**پرسیاری میدیا: دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی تاڵەبانی کە لە پلینیۆمەکەیاندا خوێندبویەوە، هەروەها دواتر وەڵامی نەوشیروان مستەفا ئێستا نیگەرانیەکی زۆر لە ناو شاری سلێمانیدا بەدی دەکرێت خوێندنەوەتان بۆ ئەو واقعە چییە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: منیش وەك ئێوە هەردوو راپۆرتەکەم خوێندەوە. ماوەیەك خولیای ئەوەم بوو یاداشتی ئەو کەسانە بخوێنمەوە کە لە لووتکەی پڕیارەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە!ی نوێی کوردستاندا بوون، یان ئەوانەی کە کەم و زۆر هێمای ئەو بزووتنەوەیە بوون، ئەو دوو راپۆرتەشم وەك هەمان ئەو یاداشتانە و خراپتریش هاتە پێش چاو!. هەرکات لە خوێندنەوەی هەر یاداشتێك یان بیرەوەرییەك دەبوومەوە، ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکرد، ئەم کابرایە تا چەندێك درۆ دەکات و چەندیش راست!. لێ هەر لە ئەنجامی شێوازی نووسین و هۆنینەوەی باسەکاندا بۆم دەردەکەوت کە یان زۆری پێوەناوە، یان راستیی زۆری شاردووەتەوە، یانیش یەکپارچە بووە لە درۆی رووت!. هەربۆیە دەمێکە هاتوومەتە سەر ئەو رایەی کە ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی یان هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر بەکاربهێنرێت.

لە هەردوو راپۆرتەکەی تاڵەبانی و نەوشیرواندا یەك شتی زۆر مەعقولم بینی، کە پێم وابێت لەوەی نەوشیرواندا بوو، ئەویش ئەوەیە: هەموو کەس خۆی دەکاتە خاوەنی سەرکەوتنەکان و شکستەکانیش هەتیوون!، ئەمە کلیلی کردنەوەی راستییەکانی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەن و بۆ ئەو دوو راپۆرتەش زۆر راستە. زۆر گووترا لەسەر داستانی رزگاری،

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 419 – لاپەڕە 6 – 12-01-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە - 13-01-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – جەنیوەریی 2010

بەرەی زۆزك-باڵەك، بەرەی قەیوان، شەڕی خواكورك و راپەڕین و گرتنی كەركوك! بەڵام كەسێك خۆی ناكاتە خاوەنی شەڕی براكوژی، كارەساتی هەكاری، شكستەكان، هەڵەبجە و ئەوانی تر. هەریەك لەلای خۆیەوە دەستە چەورەكەی بەوی دی دەسڕێت و خۆی دەكاتە ئەو تولفە مەعسومەی كە هێشتا هیچ تاوانێكی نەكردووە. شكستەكانیش بێخاوەنن و كەسیش ئاوڕی لێناداتەوە!.

یەكتری تاوانباركردن، دەبێتە هۆی شاردنەوەی راستییەكان و لەلایەكی تریشەوە ئەو راستییە دەسەلمێنێت كە هەردوولا تاوانبارن! ئەو رووداوانەی لەو دوو راپۆرتەدا هاتوون، هاوكات بوون لەگەڵ هاوخەباتی و براگەورە و برابچووكیی هەردوو لووتكەی ئەو دوو لایەنە دژە، بۆچی ئەوكات هاوخەبات بوون و ئێستاش دوژمن، بۆچی ئەوكات راپۆرتێكی واهی نەنووسرا و ئێستا وا یەكتری دەشكێننەوە!.

دەبێت ئەو نهێنییە چی بێت، بۆ ماوەی دەیان ساڵ تاڵەبانی و نەوشیروانی كردە دوو هاوڕێی هاوسەنگەر و ئێستاش دوو دوژمنی یەكدیی سەرسەخت. خودی خۆم ناتوانم بڵێم ئەو نهێنییە ئەوەیە كە لایەكیان لەوی تر كوردپەروەرترە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەو نهێنییە كوردایەتی و دڵسۆزی نییە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی كوردستان. ئیدی چیی ناودەنێیت خۆت بیربكەرەوە و سەرپشك بە!.

زۆرباش دەزانم لەو كێشەیەدا زۆر راستی هەیە لە ئێمە دەشاردرێتەوە، بەڵام دەڵێم، چی بەیەكتر دەڵێن بڵێن، چۆن یەكتر دەشكێننەوە بیكەن، بەڵام هیوادارم ئەو كێشەیە لە (وشە)وە نەبێتە (گوولـلـە)، چونكە دڵنیام گوولـلـەكان تەنها بەر كوڕی هەژاری نەتەوەكەم دەكەون، شارەكەشم سلێمانی، هێندەی تر دەچێتە پاشەوە و ئەوانیش رۆژێك دێت پێكەوە دادەنیشنەوە و وەك پێشتریان دوورنییە نوكتەش بۆ یەكدی بگێڕنەوە و قاقا بكەون بەپشتا!.. ئەوەیشی لەو كێشەیەدا رۆی بیخەنە لیستی شەهیدانەوە و مانگانەیەكی بێنرخ بدەنە كەسوكاریان...

2010-01-07
لاهای – هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی گۆران کاکەیی...[1]

**پرسیاری میدیا: ناڕەزای دەربڕینی مەلاکانی هەڵەبجە لە بەرانبەر دانانی پارێزەی گۆران ئەدهەم بەقایمقامی شارەکەیان کە کوردێکی کاکەییە چ ئاماژەیەکی لە پشتەوەیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ئەگەرچی زۆر لەسەر ئەم بابەتە وتراوە و نووسراوە، بەڵام بابەتێکی گرنگە و دەکرێت منیش زۆر بەکورتی بڵێم کە ئەم ئاماژانەی لە پشتەوەیە:

کلیلی بیرکردنەوەی مەلاکانی کورد بەگشتی، هەردەم لەلای داگیرکەران بووە، هەربۆیە دژی هەر کارێکن کە لە خزمەتی بیری نەتەوەییدا بێت.. هەڵبەت لەم کێشەیەدا دیارە کە کێ و چ دەوڵەتێکی داگیرکەر دنەی ئەو مەلا بەکرێگیراوە دژبە کوردانەی داوە. نهێنیی ئەم کلیلەش پارەیە، چونکە مەلاکان توێژێکی مشەخۆری دەستوپێ سپین و کێ پارەیان بداتێ دوای دەکەون. هەربۆیە لە هەموو کات و سەردەمێکدا مانگانەیان هەبووە، بۆ ئەوان کێشە نییە، بەعس بێت، داگیرکەری ئێران بێت، یانیش هەرێمی کوردستان!، گرنگ ئەوەیە مانگانەکەیان وەربگرن و بەبێ خۆماندووکردن بژین!.

مەلاکان دەیانەوێت بەزۆر بێت وەکو ئەوەی ئەنسارولئیسلام و حیزبە ئیسلامییەکانی تر دەیانکرد و هێشتاش دەیکەن، ناوەندی بڕیاری سیاسی بن، یانیش بەخواهیش وەکو ئەوەی هەر مەلایەك لە وتارەکانی نوێژی هەینی و تەراویحەکاندا بەخشکەیی مێشکی خەڵکی کوردی پێ دەشۆنەوە.

کاکەییەکان لە ناوچەی هەڵەبجەدا ئەگەرچی کەمینەن لەچاو کوردە موسوڵمانەکاندا، بەڵام مێژوویەکی زۆر کۆنیان هەیە، ترسی ئەو مەلایانە ئەوەیە، کە بەهۆی ئەوەی یەکێکیان

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 420 – لاپەڕە 6 – 19-01-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە - 22-01-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – جەنیوەریی 2010
ماڵپەڕی خوداکان – 09-02-2010

دەكەوێتە ناوەندی پڕیارەوە، تەنها كار بۆ كاكەییەكان بكات و كوردە موسـولْمانەكان فەرامۆش بكات و دەسـتكەوتی مەلاكان كەم ببێتەوە. ئەمە وەك پەندە كوردییەكە! لەبەر ئەوەیە كە مەلاكان تەنها لەخۆیان و رەفتاری خۆیانەوە دەڕوانن، چونكە ئەگەر مەلایەك ببێتە قایمقامی هەڵەبجە، ئەوا دوور نییە گوندی هاوار بەتاوانی رەددە و خەوازیج و زەندیق و كوفر و مەجوسـییەت ئەنفال بكاتەوە. نازانن ئەوەی كە دەبێتە قایمقام، ماوەیەكی دوورودرێژ لەو گەرمایەی بەغدادا خەریكی داكۆكیكردنی كوردە هەڵەبجەییەكان بووە بە موسـولْمان و كاكەییەوە! و مەلاكانیش بەبێ هیچ ماندووبوونێك مانگانەیەكی مفتیان لەم و لەوەوە بەسـەدەقە وەرگرتووە.

ئاماژەیەكی تریش ئەوەیە كە دەسـتەڵاتی كوردی هیچ دەسـتەڵاتێكی بەسـەر مەلاكان و وتارە ترسـناكەكانی ئەم مەلایانەدا نییە، یان لەوانەیە دەسـتەڵاتی ببێت بەڵام ئەم كێشـەیە بە هەند وەرناگرێت و شـووشـتنەوەی مێشـكی لاوەكانیشـمان گرنگییەكی ئەوتۆی لەلای دەسـتەڵاتی كوردی نییە.

ئاماژەكان گەلێك زۆرن و لەكۆتاییدا پێشـەكی پیرۆزبایی لە كاك گۆران كاكەیی دەكەم.

2010-01-13

لاهای – هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی هاییتی و مەلا کوردەکان...[1]

پرسیاری میدیا : لەکاتێکدا هەزاران کەس لە هایتی لەژێر داروپەردووی باڵەخانە روخاوەکانیاندا دەناڵێن و زۆربەی وڵاتانی دنیا گروپی فریاگوزاری و هاوکاری مادی بۆ ئەو وڵاتە دەنێرن، بەڵام لە کوردستان چەند مەلایەك لە هەفتەی پێشوودا گووتبوویان ئەوە غەزەبی ئیلاهییە و ئەوانە عەبدایەتیی شەیتانیان کردووە بۆیە خودا ئەوەی بەسەرهێناون، پێشتریش هەمان قسە بۆ کارەساتی تۆسۆنامی کرا، بۆ هەستی هاوخەمی مرۆڤانە لەکوردستان لەو ئاستە نزمەدایە؟

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ئەوەی جێی داخە هەستی مرۆڤانە لە کوردستان نەك بەرامبەر بەدەرەوە، بەڵکو بەرامبەر بە رووداوەکانی ناوخۆش هەر نزمە!. تاوەکو ئێستاش هەزاران خێزانی ئەنفالکراو لە گەرمیان کێشەی ژیانیان هەیە و وەك پێویست نە لەلایەن خەڵکی کورد خۆیەوە و نە لەلایەن دەستەڵاتیشەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.

دەربارەی کارەساتەکەی هاییتی، بیستم لەم رۆژانەدا لە شاری سلێمانی هەندێك کۆمەك کۆکراونەتەوە، هەڵبەت ئەگەرچی وەك پێویست نییە بەڵام ئەوە ئاماژەیەکی باشە و هیوادارم لە کارەساتەکانی تردا باشتر بەدەنگ خۆمان و مرۆڤایەتییەوە بچین.

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 421 – لاپەڕە 6 – 26-01-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کلاورۆژنە - 29-01-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – جەنیوەریی 2010
ماڵپەڕی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – جەنیوەریی 2010
ماڵپەڕی پەیڤ نێت - جەنیوەریی 2010
ماڵپەڕی پێنووسەکان – 30-01-2010
ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ – 29-01-2010
ماڵپەڕی کورد نێت – 31-01-2010
ماڵپەڕی هەڵوێست - فێبریوەریی 2010
ماڵپەڕی خوداکان – فێبریوەریی 2010

دەربارەی هەندێك مەلای هیچ نەزان کە کارەساتێکی واهی دەگەڕێننەوە بۆ غەزەبی ئیلاهی و تاوانی کۆیلایەتیی شەیتان دەخەنە پاڵ خەڵکی هاییتی، ئەوەیان کارەساتێکی ترە. چونکە خەڵکی هاییتی خۆیان بریتین لەو کۆیلانەی کە کاتی خۆی عەرەبەکان لە ئەفریقا دەیانفرۆشتن بە خۆرئاواییەکان و لە گەشتێکی سەختی دەریاییدا لە دوورگەیەکی وەك هاییتی گیرساونەتەوە و ئەوانەی کە ئێستا لە هاییتین نەوەی ئەو کۆیلە بەدبەختانەن. مەگەر فرۆشتنی ئەو کۆیلانە لەلایەن عەرەبەکانەوە بە خۆرئاواییەکان تاوان نەبوو و لە کۆیلایەتیی شەیتان خراپتر نەبوو، ئەدی ئەوکات غەزەبی ئیلاهی بۆچی بەسەر ئەو عەرەب و خۆرئاواییانەدا دانەباری!. ئەدی بۆچی ئەو مەلا نەزانانە تاوەکو ئێستاش بەو عەرەبە کۆیلەفرۆشانە دەڵێن، ئێوە باشترین نەتەوەن کە تاوەکو ئێستا دروست بووبن!.

دەبێت خودا زۆر لەوە جیاوازتر بێت کە ئەو مەلا نەزانانە وێنەی دەکێشن!

خودای من بەبەزەییە و کەس ناسووتێنێت، خودای من لە کارەساتی هاییتیدا هیچ تاوانێکی نییە و ئەوەی لەوێ روویدا دیاردەیەکی سرووشتییە و بەدەرە لە دەستەڵاتی خودای من! خودای من ئەنفالی خەڵکی کورد ناکات! خودای من پێویستی بە مەلاکان نییە درۆی بەدەمەوە هەڵببەستن!...

ئەگەر هاییتیش خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز و خانو و باڵەخانەکانی بە نەخشەی باش و کەرەستەی باشی وەك ئەوانەی ژاپۆن دروستبکرایە و لە کاتی بوومەلەرزەدا مەتاتی بوونایە!، ئەوکات ئەو زیانە زۆرە نەبەر هاییتی و نەبەر مرۆڤایەتیش دەکەوت، نە هەندێك مەلای نەزانیش هەر لەخۆیانەوە بازاڕگەرمییان بۆ مشەخۆریی خۆیان نەدەکرد.

ئەوەی جێی سەرسووڕمانە هەندێك لەو مەلایانە هەرکە لێکدانەوەیەکی زانستییان گومان نەبرد بۆ هەر رووداوێك یەکسەر بەرامبەر خودا و غەزەبی خودایی و هیی تری دەکەنەوە و بوختان بۆ خودا دەکەن!. لێیان دەپرسم ئایا کە ساڵی 1947 شاری پێنجوێن بە بوومەلەرزە تەخت بوو و زیانێکی گەورەی بەرکەوت، ئەویش هەر غەزەبی ئیلاهی و کۆیلایەتیی شەیتان بوو، ئەدی خەڵکی پێنجوێن موسوڵمان نین بەگشتی و رۆژانە پێج جار کۆیلایەتی و کڕنووشی خودای مەلایانیان

نەدەكرد، ئەدی بۆ ئەوەیان دەبێت چ بڵێن و لێكدانەوەیان چ بێت. بۆچی ئەوانیش وەك موفتی پێنجوێنی ناكەن و لەجیاتی ئەو قسە بەتاڵانە بە هۆنراوەیەكی لەوەی كە موفتی بۆ پێنجوێنی نووسی[1]، دڵی هاییتی و مرۆڤایەتی بدەنەوە، موفیش مەلا بوو و ئەمانیش مەلا!، لێ موفتی مەلایەكی داهێنەر، مەلایەكی مرۆڤپەروەر، مەلایەك كە خوداكەی بەبەزەیی بوو و كەسی نەدەستووتاند و كەسیشی ئەنفال نەدەكرد و غەزەبی خۆیشی بەسەر هاییتییە داماوەكاندا نەدەباراند.

دیسانیش دەپرسم ئەگەر خوانەكردە، بوومەلەرزەیەكی لەوەی هاییتی بێهێزتریش لە كوردستان بدات، چی روودەدات، بەتایبەتی كە زۆرێك لە پرد و باڵەخانەی توركی لە كوردستان دروستكراون و بە فوویەك دەڕووخێن و كارەساتی گەورەی لێدەكەوێتەوە، ئەوەشیان هەر غەزەبی ئیلاهییە یان نەزانی و بێ پلانیی دەستەڵاتی كوردییە كە ئەو پڕۆژە گرنگانە بەبێ هیچ چاودێرییەكی ئەوتۆ بە كۆمپانیا توركییەكان جێبەجێدەكات.

2010-01-22

لاهای – هۆڵندا

---

**ئەم نووسینە لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم كۆمێنتانەی لەسەردرا:**

هەڤاڵ 2010/01/29

مەلایانی كوردستان بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە هەر لێقەوماوێک بکەن دەبێت ئەم دوو مەرجەی تیا بێت:

1- دەبێت غەیرە کورد بێت. 2- دەبێت بە فیعلی، نەک هەر بە قسە دوژمنی کورد بێت.

ئەو مەرجانە لە حەماس و لە ئەردۆگاندا هەبوون، بۆیە درێغییان نەکرد لەوەی کوردیان بە قوربان بکەن.

soran 2010/01/30

دە ستخوش کاك هە فال زور راستە

1 ئاماژەیە بۆ هۆنراوەی: **پێنجوێن بەبێ تۆ نزیکە مەرگم لوبنان شکێن بووی داخی بەجەرگم...**

ئامانج عەلی 2010/01/31
dest xosh kak baxewan..... beri xory mrovayeti bebejingi shemsheme kuerekani tariki nagiret.....nmwnetan zorbet hawre baxewan.

**هەروەها لەسەر ماڵپەڕی خوداکان ئەم کۆمێنتانەی لەسەردرا:**

باوكي ريفان فەرمووی:
02/2010/22 لە 16:24

ئاينی ئيسلام موصاده رە ی هە موو خواستی نا موسلمانان كردووە . خوی تە نها بە ئاينی راستە قينە دە زانيت . وە بيغە مبە ری ئيسلام سيد المرسلينە و نبی الرحمە يە و ئە و باشترين خە لقی خودايە و بيغە مبە ري الرحمە يە وانە لعلی خلق عظيم . كە جي وانيە . جا جون دە تە وی بياوانی ئاينی قبول بكە ن غە يری موسلمان ئاينيان بخوينريت لە كە ل ئاينی ئە وان . الدين لدی الله هو الاسلام ... ومن اتخذ غير الاسلام دينا فلن يقبل منە .. هتد .ئاينی ئيسلام هە موو شتيك بە زوری بە سە ر خە لكدا دە سە بينی.

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی وانەی ئایین...[1]

**پرسیاری میدیا: لە سیستەمی پەروەردەی کوردستاندا وانەیەك هەیە بەناوی وانەی ئایین کە زیاتر خوێندنی هەندێك تقوسی ئایینی ئیسلامە، بەگشتی رات لەسەر ئەو جۆرە خوێندنەی دین چیە؟**

وەڵامی هاورێ باخەوان: وانەی ئایین لەلای ئێمە هەر لە سەرەتاوە ناوەکەی هەڵە بووە! چونکە ئەوە ئایین نییە بەگشتی و تەنها ئایینی ئیسلامە. ئەگەر ناوی ئایین یاخود پەروەردەی ئایینی بووایە، ئەوا دەبووایە زۆرینەی دینە بەربڵاوەکانی بگرتایەتەوە. نازانم بۆ ئێستا ئەگەر وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەرنامەکەیی گۆڕیبێت و ئایینەکانی فەلە و ئێزیدی و کاکەیی و ئایینە کوردستانییەکانی تریشی ناوکێشی ئەو وانە ئایینییە کردبێت! ئەگەرنا ئەوا ناوی ئایین هەڵەیە و دەبێت بکرێتە وانەی ئایینی ئیسلام!

هەرچۆنێك بێت هەڵەیەکی گەورەیە کە لە هەنگاوەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە ئەم وانەیە بخوێنرێت. بەتایبەتی ئایینی ئیسلام کە تێکستەکانی بە زمانێکی وا گرانە کە خودی منداڵی عەرەبیش کێشەی زۆری هەیە لەگەڵیاندا، چ جای منداڵێکی ناعەرەب کە بە پیتە گرانەکانی ناو زمانی عەرەبی ئاشنا نییە و دەربڕینیان هەندێکجار کارەساتە. هەربۆیە باشتر وایە لە بەرنامەی خوێندنی ئایین بەشی ئیسلامەتیدا تێکستەکان بە کوردی بن و عەرەبییەکان بەکارنەهێنرێن، وەك ئەوەی کە لە تورکیا پەیرەو دەکرێت و هەندێك وڵاتی ئاسیای دووریش هەمان بەرنامەیان هەیە..

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 422 – لاپەڕە 6 – 2010-02-02 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە - 2010-02-03
ماڵپەڕی پاسۆك – 2010-02-03
هەروەها هەمان نووسین لە مانگی فێبریوەری لە ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پەیڤ، پێنووسەکان، هەڵوێست، خوداکان و دەنگی سەربەخۆ و هیی تردا بڵاوکراوەتەوە.

وانەی ئایین باشتروایە تەنها بخرێتە هەنگاوەکانی خوێندنی دوای شازدە ساڵییەوە، واتە هەنگاوەکانی خوێندنی ئامادەیی، چونکە ئەوکاتە خوێندکاران دەتوانن باشتر بیر لەوە بکەنەوە کە ئایینێك بۆخۆیان هەڵبژێرن، نەك هەر لە منداڵییەوە پەروەردە بکرێن بە تەنها یەك ئایین.

هەروەها زۆر پێویستیشە وانەی ئایین وانەیەکی گشتی بێت و تایبەت نەبێت بە ئایینێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو کورتەیەکی مێژوویی و پرنسیپەکانی هەر سێ ئایینە گرنگەکەی وەك ئیسلام، فەلە و جوو و پاشانیش زۆر گرنگە کورتەیەکی مێژوویی ئایینیی زەردەشتی، ئێزیدی، کاکەیی و ئەهلی هەق بخرێتە ناو مادەی ئایینەوە، تاوەکو خوێندکاری کورد ئاشنابن بە مێژووی ئایین لە کوردستاندا. دیسان زۆر گرنگیشە لەم وانەیەدا خوێندنگاکان هەندێك گەشت بۆ خوێندکاران رێکبخەن و هەرجارێك بۆ شوێنێك بێت کە تایبەت بێت بە ئایینێکەوە، بۆ نموونە کورد مێژوویەکی دوورودرێژە لەگەڵ برا فەڵەکانیدا دەژی، کەچی پێدەچێت لە هەزار کوردی موسڵمان یەکێکی کڵێسەیەکی دیانانی نەدیتبێت و نەزانێت لە ناوەوەیدا چی روودەدات و چۆن فەلەکان نوێژ و پەرستنی خۆیان لە کڵێسەکاندا ئەنجام دەدەن، هەربۆیە ئەم گەشتانە گرنگن و دیارە ناشبێت گەشتی لالش و بینینی شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزیدی فەرامۆش بکرێت، تاوەکو خوێندکاران بەشێوەیەکی مەیدانی بزانن کە ئێزیدی و کاکەیی بۆ نموونە چییە..

وانەی ئایین دەبێت لە چوارچێوەی ترس و لەرز و لەبەرکردنی سوورەتەکانی فاتیحا و ساعیقە و فێربوونی تەحیات بێتەدەرەوە، بەڵکو دەبێت ببێتە وانەیەکی مێژووی ئایینی و رێکخستنی گەشتی فێرکاری تاوەکو خوێندکاران بزانن ئایینەکان بەگشتی چین و کامیان باشن و کامیان خراپ!..

2010-01-29

لاهای – هۆڵندا

**ئەم نووسینە لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم کۆمێنتانەی لەسەر نووسرا:**

ئاتەئیستێک 2010/02/03

هەر لە منداڵییەوە ئێمە فێر دەکرێین، کە دوژمنەکانمان خۆش بوێت. ئەوانەی ئەنفالیان کردین پیرۆزن و دەبێت ناویان لە منداڵەکانمانبنێین. سوێند بە گۆڕیان بخۆێن. ئەی بۆ ڕاستتیەکانی ئەو مێژووە بە منداڵی کورد ناڵێن؟ بۆ ناڵێن ئەو مرۆڤە پاکانە چەندیان خۆین لە یەکتر ڕشتووە. بۆ ناڵێن ئەو عائیشەیە بووە هۆی کوژرانی چەند موسڵمان. ئەو عەلییە بکوژی چەند لە هاوڕێکانی خۆیەتی؟ عومەری ڕەگەزپەرست چەند دوژمنی نەتەوەکانی تر بوو؟ کێ عوسمانی کوشت؟ بۆ کوژرا؟ کێ عەلی کوشت؟ شەڕی جەمەل و سەفێن، کە لەنێوان خۆیاندا ڕوویدا چەند کەسی تیا کوژرا؟ قورئان بۆ پڕە لە هەڵەی مێژوویی و جوگرافی و زمانەوانی؟ محمەد بۆ دەیان ژنی لە شەڕەکان بەدیل گرت و مارەی کردن؟ دڵنیا بن ئەگەر ئێستاش ئەوانەی پێ نەڵێن وەکو ئێمە دەیخوینن و بۆیان دەردەکەوێت، کە ئەو دینە لای خواوە نەهاتووە.

2010/02/06 sarbaz
am babata dzrawa hi kaseki tra ..........
....

2010/02/08 هاوڕێ باخەوان
کاك سەرباز سڵاو،
دەشێت دووکەس یان زۆرتر لە بابەتێکدا وەك یەك بیربکەنەوە!.. بەڵام کاشکی ئەوەندەش ئازابوویتایە و بتنووسیبایە کە من ئەو بابەتەم لە کێ دزیوە و ئەو کەسەی تر کێیە.. ئێمە دەبێت فێری ئەوەببین کە قسەیەك دەکەین پشتڕاستیشی بکەین و بەڵگەمان بۆی هەبێت..
لەگەڵ ڕێزی هاوڕێ باخەوان..

2010/02/09 sarbaz
xot dazanit la ket dziwa ..la bashakani trda dasakai xot kashf dakait...rawasta.........

**من چیدی وەڵامی ئەم کاك سەربازەم نەدایەوە و وازم لەم چاوشارکێیە هێنا!**

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی گرنگیدان بە لێدوانی بەرپرسەکان![1]

**پرسیاری میدیا (بەهمەن عومەر): لە کوردستان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەندەی بایەخ بە لێدوانی بەرپرسێکی سیاسی دەدەن، ئەوەندە بایەخ بە کارەساتێکی نەتەوەیی لە بەشێکی دیکەی کوردستاندا نادەن، بەبڕوای ئێوە هۆی ئەو بارودۆخە چییە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ئەگەر لێدوانی ئەو بەرپرسە ئەوە بهێنێت، یان چ نەبێت ببێتە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی باشووری کوردستان بەرەو باشتر ببات، یاخود کەمێك توند بێت بەرامبەر هەڵوێستەکانی بەغدا! تاوەکو ئەوان کەمێك حسابمان بۆ بکەن! یان بەلایەنی کەمەوە بە کوردییەکی رەوان بێت و لە دە وشەیدا شەشیان عەرەبی نەبێت! ئەوا کارێکی زۆر باشە گەر بایەخی پێ بدرێت و لە هەموو شوێنێك باسی بکرێت. بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە، زۆرێك لەو بەرپرسانە لە زۆر کات و باردا نە دەزانن چ دەڵێن و نە دەشزانن ئەوەی دەیڵێن چیی لێدەکەوێتەوە. زۆرجار گوێم لێبووە کە ڕاگەیاندکارێکی بێگانە پرسیارێکی لە بەرپرسێکی لەمەڕخۆمان کردووە، کەچی ئەو هەر لەخۆیەوە وتوویەتی ئێمەی کورد لە ئێراقدا دەژین و جوودا نابینەوە، بەبێ ئەوەی کابرای ڕاگەیاندکار بە موویەك بەلای ئەو پرسیارەدا چووبێت و مەبەستی ئەو پرسیارە بێت و تەنانەت پێیشی خۆش بووبێت گوێی لە وەڵامێکی واهی بێت لە کاکی بەرپرسەوە!. هەربۆیە لەو رووەوە زۆر خەفەت بۆ بەفیڕۆدانی ئەو کاغەز و کات و تێچوونی ئەو ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنانەش دەخۆم.

لە بەشەکانی تری کوردستاندا کارەساتەکان بەردەوامن، دەبووایە بەلایەنی کەمەوە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنی باشوور،

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 423 – لاپەڕە 6 – 09-02-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە - 10-02-2010
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 13-02-2010
ماڵپەڕی پاسۆك – 10-02-2010
هەروەها هەمان نووسین لە مانگی فێبریوەری لە ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پێنووسەکان، کورد نێت، دەنگی سەربەخۆ و هیی تردا بڵاوکراوەتەوە.

بەش و کاتی دیاریکراوی بۆ پرسە نەتەوەیی و کارەساتە نەتەوەییەکان لە بەشەکانی تردا تەرخان بکردایە! بۆ نموونە هەر رۆژنامەیەك، دوو تا چوار لاپەڕەی تایبەت بووایە بە بوویەرە نەتەوەییەکان، تاوەکو باشتر ئاگاداری بارودۆخی بەشەکانی تری وڵات ببین و هۆیەکیش بێت بۆ یەکانگیربوونی نەتەوەییانەی کورد. تێبینیی ئەو هەموو کارەساتی لەسێدارەدانەی لاوەکانمان بکەن لە خۆرهەڵات لەلایەن داگیرکەری ئێرانییەوە، چ گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدرا. ئەگەرچی دەبووایە بۆ هەر یەکیان دەیان بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ریپۆرتاژی رادیۆیی و لاپەڕەی زۆر گۆڤار و رۆژنامانیان بۆ تەرخانبکرایە!.

گەلێك هۆ هەیە بۆ ئەو فەرامۆشییەی راگەیاندنی باشوور بۆ کارەساتە نەتەوەییەکان، بەڕای من گرنگترینیان ئەوەیە کە کورد هێشتا لە هەنگاوی هۆزایەتیدا دەژی و نەگەیشتووە بەو پلەیەی کە بەتەواوەتی پێی بگووترێت نەتەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی هەنگاوی هۆزایەتیش، بەرژەوەندی خودی هۆزە. هۆز، تەنها خۆی دەبینێت و هۆزەکانی تری بەرامبەری چیی بەسەر دێت کێشەی ئەم نییە، بەڵکو لە زۆرجاریشدا هۆزی بەرامبەر خۆشحاڵ بووە بەزۆر کارەسات کە بەسەر هۆزەکەی تری بەرامبەریدا هاتووە، نموونەی لەم بابەتە لە مێژووی ئێمەدا بە خەروارە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. زۆرینەی سەرنەکەوتنی شۆرشەکانی کورد لە رابردوودا و هەوڵی سەربەخۆبوونی میرنشینەکانی کورد و شکستەکانیان بەهۆی ئەم هەنگاوی هۆزایەتییەوە بووە. هۆز تەنها خۆی دەبینێت، دەیێت هەرخۆی بەهێزبێت. سەرهۆزیش، جگە لەخۆی، کەسی تر لەسەرووی خۆیەوە دانانێت و بەیاسا و ردێنسپێتیی هیچ کەسیش بیراز نابێت، هەربۆیە ئەو کارەساتانەی لە بەشەکانی تردا روودەدەن، کێشەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ زۆرینەی بەرپرسەکانی باشوور، بۆ ئەوان کێشە نەبێت! بۆ راگەیاندنیش کێشەیەکی ئەوتۆ نییە! چونکە خودی راگەیاندن بەگشتی لە باشووردا سەربە هۆز و بیری هۆزایەتییە... راگەیاندنی نەتەوەییش لە کوردستاندا هێشتا بوونی نییە... بەڵکو ئەوەی دەیبینین راگەیاندنی حیزب و هۆزە...

2010-02-03

لاهای – هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی هەڵمەتی هەڵبژاردن![1]

**پرسیاری میدیا (بەهمەن عومەر): لەو هەفتەیەودا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەست پێدەکات، ئەوە لەکاتێکدا یە کە لە ماوەی پێشوودا گرژی توندە لە نێوان سەرە دیارەکانی ناو یەکێتی وگۆڕاندا لە رێگای راگەیاندنەوە هاتە ئاراوە، پێشینی چی دەکەیت لەم هەڵبژاردنە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: بەپێی رای زۆرینەی چاودێرە بییانییەکان و کوردەکانیش، رۆڵی کورد لە بەغدا رۆژ بە رۆژ لەکەمبوونەوەدایە. کارەساتەکە لەوەدایە ئەوکاتی کە بەهێز بووین و دەکرا هەندێك بریاری چارەنووسساز بدەین، نەماندا! پێشتر یەك لیست و وەك ئەوەی لەدەرەوە دەبینرا یەك ریز! ئێستا لەم هەڵبژاردنەی ئەم دواییەدا نەك لیستێك بەڵكو لیستگەلێك!.

وابزانم خستنەڕووی ئەم پێشبینییە لە زۆر پرسیار و زۆر شیکردنەوە ئاسانترە، چونکە هێشتا هیچ نەبووە، ئەو لیستانە کەوتوونەتە دژایەتییەکی سەیری یەکتری، لە شارێکی وەك سلێمانیدا و بەپێی ئەو هەواڵە سەرەتاییانەی تاوەکو ئەم ساتە دەستمکەوتوون، لیستی یەکێتی یان کوردستانی پۆستەری گۆڕان لێدەکاتەوە، گۆڕانیش ئەوانەی یەکێتی دەدڕێنێت، شیوعی هی یەکێتی و یەکێتیش هی ئیسلامییەکان! واتە گرنگ نییە لیستەکەی تر چییە، کێیە و بەرنامەی چییە! گرنگ ئەوەیە لیستی ئەم نییە، کە لیستی ئەمیش نەبوو، ئیتر ئەم (ئەم)ە هەر کەسێك بێت و هەر لایەنێك بێت گرنگ نییە و دژییەتی و دەبێت تەنها پۆستەر و دروشمەکانی خۆی بەسەر دیوارەکانەوە بێت!

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 424 – لاپەڕە 6 – 16-02-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕی پاسۆك – 17-02-2010

ئەم لیستانە بەگشتی و گۆڕان و کوردستانی یان یەکێتی بەتایبەتی ئەوە رەفتار و بارودۆخی هەڵمەتی هەڵبژاردنیان بێت، ئیدی دەبێت پێشبینیی چی بکرێت لەو هەڵبژاردنە و هیوای چییان پێ ببخەشرێت تاوەکو لە بەغدا کار بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییانەمان بکەن! ئەگەر کورد لە خولی پێشوودا بەردێکی خستبێتە سەر بەردێك لە بەغدا!، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەم جارەیان هیچ سوودێکی ئەوتۆیان نابێت، چونکە ئەوەی هانی ئەو لیستانە دەدات بۆ بوونیان لە بەغدا، بەرژەوەندیی خودی ئەو لیستانەیە نەك بەرژەوەندیی نەتەوەیی.. گەر ئەو لیستانەش بەبێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە بەغدا ئامادەییان ببێت، ئەوا چاوەڕوانی سازشی زۆرتر و دۆڕانی زۆرتریش بکەن لە بەغدا.. بەدووریشی نازانم یەك لەو لیستانە یان زۆرتر، لەدژی لیستێکی تری کوردستانی لەگەڵ لیستێکی ناکوردستانی لە بەغدا بچنە بەرەیەکەوە و ئەوەی ئێستا بەهۆی پۆستەر و دروشمەکانیانەوە دژایەتیی یەکتری دەکەن، ئەوسا لە چوارچێوەی ئێراقدا پیادەی بکەن و ئەوەندەی تر ئێراقێتیی خۆیان بسەلمێنن..

ئەگەر بەراووردی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمەی ئەمجارەیان بەوەی رابردووش بکەین، ئەوا یەك هەنگاو بەرەوپێشەوە نەچووین و هۆشیاریی بانگەشەی هەڵبژاردنمان نەك باشتر نەبووە بەڵکو خراپتر و شەڕانگێزتر بووە، بەداخەوە ئێمە نەتەوەیەکین فێرنابین..

2010-02-13
لاهای – هۆڵندا

# هەفتانە وەڵامی (میدیا) - دەربارەی نەبوونی کلتووری دبەیت![1]

**پرسیاری میدیا (بەهمەن عومەر): تائێستا لەکوردستان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان هیچ کاتێك نەبووە کە کاندید و بەرپرسی لیستەکان لە دبەیت (مونازەرە) یەکدا پێکەوە گفتوگۆی بەرنامەو سیاسەتی کارکردنی خۆیان بکەن وەك ئەوەی لە دونیای دیموکراتیدا باوە کە پاڵێوراوەکان لەبەرانبەری یەك دەوەستن و گفتوگۆ دەکەن، بەبڕوای تۆ ئەوە هۆکاری چیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: لە هەڵبژاردنەکانی هاوینی پار بۆ پەڕلەمانی کوردستان، کەم و زۆر باسی ئەم دبەیتەم کردووە وەك پێویستییەکی گرنگ و هاوچەرخ بۆ ناساندنی بیر و ئاستی رۆشنبیری و ئامانجی هەر کاندیداتێك بۆ هەر هەڵبژاردنێك.

هۆکاری نەبوونی یان نەهاتنەکایەی کلتووری دبەیت لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ کە هەردووکیان پەیوەندییان بە ترسەوە هەیە:

یەکەم: ئاستی زۆرێك لە کاندیدەکان ئەوەندە خراپە کە خۆیان بەدوور دەگرن لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەك، چونکە زۆر باش دڵنیان کە بۆ زۆرێك لە بوویەرەکان نەك هەر وەڵامیان پێ نییە! بەڵکو تێیشی ناگەن! زۆرجار بینیوومە لێپرسراوێك یان کاندیدێك کە کەوتووەتە هەڵوێستێکی واهییەوە لە سووربوونەوە و تێکچوون و لەرزین زۆرتر هیچم لێوەی تێبینی نەکردووە. بە کوردییەکی وا خراپیش قسەی کردووە کە تەریقبوومەتەوە کە ئەوە لێپرسراوە یان دەبێتە نوێنەرمان لە پەڕلەماندا. هۆکاری ئەم خراپییەی ئاستی کاندیدەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاندیدکردن تاوەکو ئێستا لەسەر بنچینەی هۆز و بنەماڵە و

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 425 – لاپەڕە 6 – 2010-02-23 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی کڵاورۆژنە - 2010-02-24
ماڵپەڕی پاسۆك – 2010-02-24

هێماکانی ناوچەکانی کوردستانە، نەك لەسەر بنچینە دروستەکان!.
دووەم: کە ئەمەیان گرنگترینیانە، زۆرینەی ئەو کاندیدانە خۆیان بەدوور دەگرن لەو دبەیتانە چونکە ئەو لایەنەی کە پشتڕاستی کردووە بۆ کاندیداتیی هەڵبژاردن، ئەوەندە خراپەکاریی کردووە، ئەوەندە سازشی کردووە ئەو بەستەزمانە بەرەوڕووی هەزاران پرسیار دەبێتەوە کە نەخۆی نە لایەنەکەیشی لە تەریقبوونەوە زۆرتر هیچ وەڵامێکی پێ نییە! زۆرێکیش لەو خراپەکارییانە دەستی ئەمی تێدا نەبووە و بەهۆی ئەم کاندیداتییەیەوە بووەتە خاوەنی و بەشێکی ئەو خراپەکارییانەیشی بەرەوڕوو دەکرێتەوە، هەربۆیە بۆ نموونە ئەگەر دوو کاندیدی لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی بەرەوڕووی یەکدی بکرێنەوە جگە لەوەی جەماوەر بەر ڕێژنەی پرسیار و لۆمەیان دەدات، خۆیشیان دەکەونە تاوانبارکردنی یەکتری و هەرچی کارەساتی براکوژی و تیرۆری سیاسی و گەندەڵیی یەکتری هەیە دەکەوێتە سەر مێز و ئەوەندەی تر رووی گەشی! یەکدی هەڵدەماڵن.. هەربۆیە خۆیان بەدوور دەگرن لە هەموو رووبەڕووبوونەوەیەك..

21-02-2010
لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی درۆی ئیسلامییەکان![1]

**پرسیاری میدیا: لەم هەڵبژاردنەدا کۆمەڵی ئیسلامی لە دروشمەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە ئەگەر دەنگدەران دەنگ بە ئێمە نەدەن لەو دنیا خوا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات، ئەم دروشمە لە کوێوە هاتووە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: کۆمەڵی ئیسلامی گردبوونەوەیەکی دواکەوتووی کۆنسێرڤاتیڤی بەرژەوەندپەرستە، بە تێڕوانینی مێژووی ئەم کۆمەڵەیە دەزانین کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەر لە بەعسەوە پێیدا هاتووە تاوەکو عەرەبستانی سعودیە و ئێران و زۆر ڕێکخراوی تیرۆریستی تریش، لەگەڵ هیچ لایەنێکی دژە کوردا سڵی نەکردووەتەوە و هەردەم هاوپەیمانیان بووە. کۆمەڵێك ئەمە مێژوو و رەفتاری بێت، ئیدی زۆر ئاساییە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێك یان چمکێکی دەستەڵات پەنابەرێتە بەر درۆ و خورافیاتێك کە مەگەر تەنها بنکەی جەماوەریی دواکەوتووی خودی کۆمەڵی ئیسلامی باوەڕی پێبهێنێت.

کورد دەڵێت: کەس لەلای خوداوە نەهاتووەتەوە! دیارە ئەمە زۆر ڕاستە و ئیدی کۆمەڵی ئیسلامی چۆن و بەچیدا دەزانێت کە ئەگەر دەنگدەران دەنگ بە ئێمە نەدەن لەو دنیا خودا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات! ئەگەر تەماشای خودی پرنسیپەکانی ئایینی ئیسلام بکەین، دژی ئەم درۆ و دەلەسەیەی ئیسلامییەکانی کوردستانە. ئەوەندەی من بزانم شتی واهی نە لە قورئان و نە لە سوننە و نە لە جیماعیشدا نییە، بەڵام ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بەئارەزووی خۆیان تەئویلی ئایینەکە دەکەن، ئەمە کێشەی ئایینی ئیسلام بووە بە

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 426 – لاپەڕە 6 – 2010-03-02 – کوردستان – هەولێر.
تێبینی: ئەم وتارە لە میدیادا بەئاگادارییی خۆم کەمێك دەستکاری کراوە.
هەفتەنامەی رووبەر – ژمارە 5 – لاپەڕە 2 – 2003-03-02 – کوردستان – هەولێر.
تێبینی: ئەم بابەتە لەسەر داواکی کاك بەهمەن عومەر لەم هەفتەنامە رووبەردا بۆ دووەمجار لەگەڵ رای هەندێك نووسەر و رووناکبیری تر تێهەڵکێشکراوە.

درێژایی مێژوو و تاوەکو ئێستاش نەك موسوڵمانان، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی بەدەست تەئویل و تەفسیری ئایینی ئیسلامەوە دەناڵێنێت!. پرنسیپە ئایینییەکانی بەئارەزوو و لە بەرژەوەندیی پیاوانی ئایینی و بەرژەوەندیی سیاسیی لایەنێك لێکدەدرینەوە و هەرچی وتیشی لەل دەبێتە مورتەد و زەندیق خەواریج و کافر و خوێنی حەڵاڵ دەکرێت..

ئەم دروشمە تەنها ئەوەمان پێرادەگەیەنێت کە ئاستی رۆشنبیریی بنکەی جەماوەریی پارتە ئیسلامییەکانی کوردستان زۆر لەخوارە و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان یاری بە هۆش و چارەنووسیان دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە دروشمێکی واهی لە کوردستان رێی پێدەدرێت و دەستەڵاتیش وەك من و تۆ بینەرە و هیچ هەڵوێستێکی نییە، کەچی دەبووایە ئەو دروشمانە لەلایەن زۆرێك لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە رسوابکرانایە، تاوەکو خەڵکی چیدی باوەڕ بە خورافیاتەکانی پارتە ئیسلامییەکان نەکەن. ئەوەیشی نەك جێی داخ بەڵکو کارەساتیشە، وەکو دەستەڵات ئەوەش ناکات، بەڵکو بۆ هەریەك لەو پارتە ئیسلامییانەی کە ژەهر و تلیاك بەناو میللەتەکەماندا بڵاودەکەنەوە! مانگانەیەکی چەوری پریوەتەوە.. هەردەم جێی رێز و پێزانینی دەستەڵاتن و ئەوانیش هەردەم خەنجەرێکی ژەهراویی پشتی دۆزەکەمان بوون..

2010-02-26

لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی بردنەوە و دۆڕانی هەڵبژاردن[1]

**پرسیاری میدیا: دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامە سەرەتاییەکان هەموو لایەنەکان لە کوردستان جاڕی سەر کەوتنی خۆیاندا، پێت وانییە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ لایەك توانای قبوڵکردنی دۆڕانی نییە، بۆیە ئەو هەرایەیان ناوەتەوە. لە کاتێکدا هەندێکیان بە ئاشکرا پاشەکشەی گەورەیان کردوە، لەوانە یەکێتی و گۆڕان؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: حیزبە کوردییەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر هێزکاری بەعسدان، هەموو بیرمانە کە پاش گیرانی کوەیت و هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر سووپای داگیرکەری ئێراق، ئێراق چۆن شکستی خوارد و چۆن نیوەی سوپاکەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە تەفروتوونا بوو. کەچی هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو تێکشکانانەدا داگیرکەری بەعس لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هاواری دەکرد و دەیگووت لە جەنگی (ئومولمەعاریك)دا سەرکەوتووین و دوژمنمان تێکشکاندووە. هەڵبەت بەعسییەکان بەدرێژایی جەنگی هەشت ساڵەیان لەگەڵ ئێراندا هەمان دەهۆڵ و زووڕنای سەرکەوتنیان ژەندووە!.

هەڵسوکەوتی پارتەکانی خۆشمان وەك ئەوەی بەعسی( لەمەڕ خۆمان) وایە! هەڵبەت من هەست ناکەم کە گۆڕان پاشەکشەی کردبێت، ئەگەر بەراوورد بکرێت بە هاوپەیمانیی کوردستان کە نزیکەی 13 پارت و کۆمەڵی لە خۆی گرتووە. پاشەکشەکان ناوچەیین و گشتگر نین، یەکێتی بۆ نموونە لە هەولێردا وەك پاسۆکی لێهاتووە و بە مەنجەڵێك یاپراخ تێردەخوات! کەچی بەم رۆژگارە خەریکی هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زووڕنای سەرکەوتنن. پارتیش بە هەمان شێوە لە سلێمانیدا لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدایە و تەنانەت حیزبە ئیسلامییەکانیش لەو لەپێشترن! کەچی خۆی بە براوەی یەکەم

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 427 – لاپەڕە 6 – 16-03-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کلاورۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان و دەنگی سەربەخۆ – مارتی 2010.

دادەنێت. ئەگەرچی ئەمیان بەشە شێری کورسییەکانی بردووە بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا کۆمەڵێك کورسیی بۆ گۆڕان ئەوانی تر چووە بە گشتی.

پارتی کرێکارانی هۆڵندا تا چەند ساڵێك لەمەوبەر یەکێك بوو لە گەورەترین پارتەکانی هۆڵندا، بەڵام چەند ساڵێکە ژمارەی کورسییەکانی روو لە خوارە، ئەم پارتە چونکە کەسانێکی شارستانی بەڕیوەیدەبەن، هەر زوو هەستیان بە هەڵەکان و شکستەکانی خۆیان کرد و داوای لێبووردنیان لە جەماوەر کرد و پیرۆزباییشیان لەوانە کرد کە ژمارەیەك لە کورسییەکانیان بردوون.

لای ئێمە لە کوردستان ئەو ئەقلییەتەی کە پارتەکانی ئێمە بەڕێوەدەبات زۆر دواکەوتووە، بۆ ئەو گرنگ نییە کە جەماوەر کێ دەخوازێت و چیی دەوێت، بەڵکو گرنگە کە خۆی هەردەم سەرکەوێت، ئیدی بەرژەوەندیی جەماوەر چی دەخوازێت ئەمە کێشەی ئەو نەبووە و تاوەکو ئێستاش نییە! هەربۆیە نە توانای سازاندنی دۆرانی هەیە، نە دەشتوانێت بە بەرامبەرەکەی بڵێت تۆ بردتەوە و لە من باشتریت و بەڵێنیش بە جەماوەرەکەی بدات کە خۆی باشتر بکات تاوەکو چیدی شکست نەهێنێت. بوونی ئەو هەموو ساختەکارییەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش هەر لەو بیرکردنەوەیەوە سەریگرتووە..

2010-03-12

لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی پێشمەرگە و میلیشیا![1]

**پرسیاری میدیا: لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا (میلیشیا) بوون یان نەبوونی پێشمەرگە، بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنرا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەڵام لەپاش ئەو هەرایە ئەگەر بە هێمنی و دوور لەهەڵمەتی هەڵبژاردن قسەی لەسەر بکەین رای تۆ لە سەر دۆخی پێشمەرگەی کوردستان چیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: کاتی خۆی وەکو زۆر شتی ترم، زۆر بیرکردنەوە ی میسالییانە یان کوێرانەم هەبوو لەسەر زۆر دیاردە، دیارە یەك لەوانیش پێشمەرگە بوو. زۆر چاك بیرم دێت کە بۆ یەکەمجار لەدوای هەرەسی ساڵی 1975ەوە پێشمەرگەم لە هاوینەهەواری ئەحماوای هەورامان بینی، دیارە ئەوکات منداڵ بووم و لە خۆشیدا حەپەسابووم، ئەلەرزیم و زۆر لە بارودۆخێکی سەیردا بووم! ئەو هەستە میسالییانەیەم بە کەمێك گۆڕانکارییەوە تێدا مابوو تاوەکو سەرەتای ساڵی 1987 بوومە پێشمەرگە. ئەو ماوە کەمەی کە پێشمەرگە بووم لە زۆر شتدا تووشی شۆك بووم و هەندێك جاریش بەتەواوەتی لە بوونم بە پێشمەرگە پەشیمان بووم!. هەڵبەت سەرئەنجام بەتەواوەتی پەشیمانبوومەوە..

من لە شار ئەگەرچی کەسێك بووم بەردەوام شوێنکەوتەی زانیاری و دەنگوباسەکانی پێشمەرگە بووم و تاڕادەیەك ئاشنای زۆربەی لایەنەکانی ئەمدیو و تەنانەت دیوی رۆژهەڵاتیش بووم. هەڵبەت هەندێك کاری دزێوم بیستبوو، بەڵام دیارە بینین بەچاوی خۆت وەك دەڵێن بەڵگەنەویستە و چەند و چونی پێناوێت.

ئەوماوەیە بینیم، کە پێشمەرگە مرۆڤێکی زۆر هەژاری کوردە، سەرانی پێشمەرگە بەبێ ریزپەڕکردنی هیچ لایەنێك، کۆمەڵێك مافیا بوون و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و پاراستنی ژیانی خۆیان و

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 428 – لاپەڕە 6 – 30-03-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کلاورۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان و دەنگی سەربەخۆ – مارتی 2010.

دیارە ژیانێکی خۆش بۆ ئەو کاتەیان، ئەم مرۆڤە هەژارەی کوردیان وەك ئامێر بەکاردێنا.

پێشمەرگەم دەبینی مەیتەر بوو، تەنها کاری ئاودان و لەوەڕاندن و شتن و زینکردنی ئەسپە رەسەنەکەی بەرپرسەکەی بوو!.

پێشمەرگەم دەبینی شوفێری ژنی لێپرسراوەکەی بوو و بۆ کوێی بویستایە وەك تیسکەی تفەنگ دەیگەیاند!.

پێشمەرگەم دەبینی قسەی باشیان لێوە نەدەکرد و کوڕێکی جوان و قۆز بوو، شەوانە دەبووە بووکی لێپرسراوە هەتیوبازەکەیی و بۆی دەچووە پەردەوە. هەرکاتێکیش لێپرسراوەکەی لێی وەڕس بووایە، بەدیاری دینارد بۆ لێپرسراوێکی هەتیوبازی تر.

پێشمەرگەم دەبینی لەبەردەرگای ماڵێکدا پاسەوانیی لێپرسراوەکەیی دەکرد، چونکە لێپرسراوەکەی بەزۆر بوویێت یان بە ئارەزوو، ئارەزووەکانی خۆیی لە ژنێکی گوندیدا بەتاڵدەکردەوە.

هەڵبەت پێشمەرگەشم دەبینی تفەنگەکەی بەدەستێکییەوە و نارنجۆکەکەشی بەدەستەکەی تری و هێرشی سەر رەبایەکانی دەکرد و لێپرسراوانیش لە بارەگای گەرم و نەرمدا خەریکی کۆنکان و ویسکی خواردنەوە بوون. ئەویش بۆخۆی (شەهید) دەبوو و یەکێك لە فەرهادەکان یان هەر بێژەرێکی تری رادیۆی حیزبەکان بە فلووتی نەینەوا لە کاروانی شەهیداندا یادیان دەکردەوە و ئیدی کەس ناوی نەدەبیستەوە!.

ئێستا بەداخێکی زۆرەوە نەك پێشمەرگە بەڵکو کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، زۆرجار باسی بەردەوامیی ئەنفالم کردووە، ئەنفال هەر بەردەوامە و ئەمجارەیان مێشك و بیرکردنەوە و رەوشتی کوردی بەگشتی ئەنفالکردووە، دیارە پێشمەرگەش وەك بەشێکی کورد بەر ئەو ئەنفالە کوردەوارییەی خۆمان کەوتووە.

پێشمەرگە لەم ساڵانەی دواییدا شەڕی براکوژیی کردووە، ئەمە رەفتاری میلیشیایە نەك پێشمەرگە. پێشمەرگە ماڵی خەڵکی تاڵانکردووە، ئەمە کاری میلیشیایە نەك پێشمەرگە، پێشمەرگە بەشداریی هێنانی سوپای دوژمنی کردووە بۆ کوردستان، پێشمەرگە وابەستەی بڕیارێکی حیزبییە نەك

حکومەتی هەرێم و زۆریتر. هەربۆیە ئێستا من ئەو بیرە میسالییەی جارانم بەرامبەر بە پێشمەرگە نەماوە. خۆزگە ئێستاش هەر منداڵە نۆ ساڵییەکەی ئەحماوای هەورامان بوومایە و لە خۆشیی بینینی پێشمەرگەدا تووشی شۆک بوومایە و هەڵبلەرزیمایە..

لاهای - هۆڵندا
2010-03-17

# کامیان باشترە؟! عەللاوی یان مالیکی![1]

پرسیاری میدیا: کورد دوو ئەزموونی سەرنەکەوتووی لەگەڵ هەرکام لە ئەیاد عەللاوی و نوری مالیکی هەیە. لە ئێستاشدا دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بۆ کورد پێوستە لەسەر چ بنەمایەك کار لەگەڵ ئەو دوو کەسە بکات کە دوو سەرکەوتوی هەڵبژاردنەکانن؟

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: کاتی خۆی لە نووسینێکدا وتەیەکی زۆر جوانم خوێندەوە کە دەڵێت: لە ناخی هەر عەرەبێکدا سەددامێکی شاردراوە هەیە!، من زۆر باوەڕم بەم وتەیە هەیە. بۆ کورد عەللاوی بێت یان مالکی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم. هەردووکیان سەددامێکی شاردراوە لە ناخیاندا هەیە، هەردووکیان باشووری کوردستانیان لا باکووری ئێراقە، کەرکوك لەلایان شارێکی ئێراقییە و فڕی بەسەر کوردستانەوە نییە. تەنانەت بە هەولێریش دەڵێن ئەربیل!.

پێگەی کورد زۆر لاواز بوو لە بەغدا، پاش ئەم هەڵبژاردنەش هێندەی تر لاواز دەبێت. ئەو بنەمایانەی کە دەبێت ئێستا کاری لەسەر بکەن بۆ هاوپەیمانێتیی لیستەکان و دروستکردنی حکومەت، دەبووایە ساڵانێك لەمەوبەر بیانکردایە و ئێستا خەریکی بنەمای نوێ و کاری نوێ بوونایە. یان هیچ نەبێت خەریکی چەسپاندنی باشتری ئەوانەی رابردوو بوونایە.

هەر کارێك بەتایبەتی کاری سیاسی لە کاتی خۆیدا نەکرا، بەهیچ جۆرێك راست ناکرێتەوە، ئەگەر راستیش بکرێتەوە ئەوا پێویستی بە قوربانیی سیاسیی زۆرە، زۆرجار چەندین نەوە بەدەست راستکردنەوەی هەڵەیەکی سیاسیی پێشترەوە دەناڵێنن. کوردیش لەبەرئەوەی فڕی بە سیاسەت و کاری دیپلۆماسییەوە نییە، چونکە نەیبووە و نەیکردووە، هیچ کارێکی سیاسیی لە کاتی خۆیدا نەکردووە. هەربۆیە ئێستا کورد هەر مەرجێك بۆ ئەو دوو لایەنە دابنێت ئەوان پێی پێدەکەنن، چونکە

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 429 – لاپەڕە 6 – 2010-04-06 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کلاوڕۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان و دەنگی سەربەخۆ – ئاپریلی 2010.

ئەو کاتەی کە پێگەی کورد کەمێك حیسابی بۆ دەکرا، ئەمان پەتیان بۆ عەرەبی ئێراقی شل کرد و هەرچییەك گووترا! وتیان بەڵێ، ئێستا کە پێگەی لاواز بووە ناتوانێت هیچ مەرجێك دابنێت. نموونەش زۆرە، کاتی خۆی دەکرا کورد بیگووتایە ئێمە بە مەرجێك بەشداریی حکومەتی ئێراق دەکەین کە کەرکوك بە فەڕمی بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوە بەشداریکردنمان مەحاڵە، دیارە ئەو کات پێگەی عەرەب و رەوشی ئامریکییەکان لە ئێراقدا لە بارودۆخێکی زۆر ناسکدا بوو و دەکرا ئەم مەرجە بهێنرێتە دی، بەڵام کورد یان باشتر وایە بڵێم سەرانی کورد ئەو مەرجەیان نەکرد، ئێستا ئەگەر ئەو مەرجە لەگەڵ لیستێکی وەك ئەوەی عەللاویدا بکەن بۆ نموونە کە زۆرینەی کورسییەکانی کەرکوکی هێناوە! ئەوا زۆر بە ئاسانی عەللاوی دەڵێت پڕۆن عەرەبانەکەتان بۆ ئەربیل راکێشن و کەرکوك شارێکی ئێراقییە و ئێمە زۆرینەی کوردسییەکانیمان هەیە!. هەڵبەت لەباری سیاسیشەوە هەقیانە، چونکە سیاسەت لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەوانیش لە لیستی کوردستانی لە کەرکوکدا بەهێزترن!. دیارە هەمووش دەزانین هەر لە ئێستاوە هەردوو لیستی براوەی عەللاوی و مالیکی نەك مادەی 140 جێبەجێ ناکەن، بەڵکو گاڵتەشیان پێدێت.

هەڵە زۆر کرا و زۆر هەڵەش بە هەڵەی تر چاککرایەوە! بەشداریی کورد لەم هەڵبژاردنەدا هەڵەیەکی تر بوو بۆ چاککردنەوەی هەڵەکانی تر، دیارە هەڵە، هەڵە چاکناکاتەوە و زۆرجاریش دەیکاتە کارەسات، کارەساتی ئێمەش ئەوانەیە کە ئەو بڕیارە هەڵانە دەدەن و بارودۆخەکەش لە خراپترەوە دەبەنە خراپترین.

لاهای - هۆڵندا
2010-04-01

# دەربارەی گرژیی نێوان پارتی و یەکێتی![1]

**پرسیاری میدیا: لەو ماوەیە لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، جۆرێك لە گرژی لەنێوان پارتی و یەکێتی دروست بوو، ئەو دۆخە چۆن دەخوێنیتەوە، دەرئەنجامی گەورەبوون و دروست بوونی کێشە لەنێوان پاتی و یەکێتی دەبێت؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: زۆر گووتراوە و زۆریش لەسەر پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی نووسراوە! من لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا وتارێکی درێژم دەربارەی ئەم پەیوەندییە نووسی، ئەوکات پێم وابوو، نێوانی پارتی و یەکێتی ئاشتیی درۆیینە و دوژمنایەتیی ڕاستەقینەیە.. ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵ و گۆڕانکارییانەی ئەم دواییە، بەداخەوە هەر لەسەر ڕایەکەی خۆم ماومەتەوە و ئاشتیی نێوانیان هەر بە درۆیینە دەزانم. لەو ڕووەشەوە کە باسی ڕێککەوتنی بەناو ستراتیژیی ئەم دووانە دێتە گۆڕێ، هەزار و یەك پرسیارم لەلا دروستدەبێت.

ڕەفتاری ئەو دوو لایەنە، جگە لە لایەنە تەشریفاتییەکانیان و ئەوانەی ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیانبینین، ئەوانی تریان وەك هەمان قۆناغی نە شەڕ و نە ئاشتی وایە. هەریەکەیان خۆی بە هەموو شتێك دەزانێت و لایەکەی تری پێ هیچ نییە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی ئەو ڕەفتارانە چەند زیان بە دۆزی کورد بەگشتی دەگەیەنێت. بۆ نموونە کاتێك کە سەرۆکی هەرێم چووە ئامریکا بۆ دیدەنیی ئۆباما، سەرۆکی حکومەتی لەگەڵ خۆیدا نەبرد، تەنها لەبەر ئەوەی یەکێتییە! لە بری ئەو برازا و کورەکانی خۆیی لەگەڵدا بوو و دەچووە هەر کۆبوونەوەیەکەوە ئامریکییەکان پێیاندەگووت ئەی سەرۆکی حکومەتەکەت کوا؟!.

ئەوەشیان وەکو ئەو هەزاران هەڵەیەی پێشتر نەبووە وانەیەك بۆمان، لەم ڕۆژانەدا لەباتی ئەوەی سەرۆکی حکومەتی

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 430 – لاپەڕە 6 – 13-04-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی کڵاورۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان، کوردستان نێت و دەنگی سەربەخۆ – ئاپریلی 2010.

هەرێم بچێتە توركیا بۆ دانوستاندن، پارتی سەرۆكی پێشووی حكومەتی نارد بۆ توركیا و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی هەزار و یەك پرسیاری دیكە. هەڵبەت من چوونی هیچیان بۆ توركیا بە پێویست نازانم..

ئەوەی من بۆیبچم و هەستم پێی كردبێت، ئەو بارودۆخەی كە دوای رووخانی بەغدا هاتە كایەوە و هەندێك بەرژەوەندیی هەردوولا پەیوەندیی پارتی و یەكێتیی بەو شێوەیە هێشتووەتەوە، ئەگینا بەدڵنیاییەوە چەندین داستانی تری شەڕی براكوژییان تۆمار كردبووا. هەر بۆ نموونە یەكێتی كاتی خۆی بە 49%ی خۆی و 51%ی پارتی رازی نەبوو و كێشەیەكی زۆریشی لێكەوتەوە، ئەدی ئێستا بۆچی بەو دۆڕاندنەیان هەر خەریكی دەهۆڵ و زوڕنان لەسەر تەلەڤزیۆنەكانیان. دیارە ئەگەر شەقی ئامریكا نەبووایە ئەوا ئێستا لەو سلێمانییەدا ئەوەی بیگوتایە گۆڕانم تووشی كێشەی زۆر دەبوو، هەروەكو چۆن كاتی خۆی ئیسلامییەكان لە ترسان ردێنیان تاشی و خۆیانیان پاكوخاوێن راگرت!.

گرژی نێوانی پارتی و یەكێتی باوەڕناكەم خۆشبەختانە ببێتەوە هۆی شەڕی براكوژی ئەویش لەبەر بوونی ئامریكییەكان لە ناوچەكەدا و هەردوولاش خاوەنی سەرمایەیەكی زۆر گەورەن و دەیانەوێت بیپارێزن و لەدەستیان نەچێت!. تەرازووی هێزەكانیش زۆرتر بەلای پارتیدایە و یەكێتی بەهۆی گۆڕانەوە زۆری لەدەست چووە، هەربۆیە وایبۆدەچم كە گرژییەكان زۆرتر لە بەرژەوەندیی پارتی بێت و یەكێتیش بەهۆی گۆڕانەوە زۆر سازش لە بەرژەوەندییە حیزبییەكانی بۆ پارتی بكات.. هەڵبەت هەر گرژییەك و سازشێك لەوانەوە بۆ یەكتری هێزكاری زۆری لەسەر رەوشی باشوور دەبێت، هەندێك جار باش و لە زۆر جاریشدا خراپ.. چونكە سازش و سووربوونی ئەوان لەسەر هەر بوویەرێك، بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندیی حیزبیانەیانە نەك بەرژەوەندیی نەتەوەیی..

2009-04-09
لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی ئیفلاسیی شیوعییەکانی کوردستان[1]

**پرسیاری میدیا: وەك دەزانن کە لیستی هاوپەیمانی کورسییەکی قەرەبووی بەرکەوت، ئایا بەڕای ئێوە ئەو کورسییە بدرایە بەکێ؟. حیزبی شیوعیی کوردستان ئەو کورسییەی بەمافی خۆی دەزانی، ئایا پێت وایە کە ئەوە مافی ئەوانە؟!.**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دەربارەی ئەم کورسییە، پارتی هەرزوو لەسەر زمانی لێپرسراوێکییەوە رایگەیاند کە ئەوان کورسییان زۆر هێناوە و پێویستییان بەم کورسییە نییە!، دیارە ئەوە هەڵوێستێکی ئەرۆگانتانەیە لە پارتییەوە، چونکە ئەو کورسییە لە کۆتاییدا دەبێتە کورسیی کورد لە بەغدا. یەکێتیش تاوەکو کەمێك بارودۆخی دەستکوورتیی دەنگ و کورسییەکانی خۆی باشتر بکات، هەرزوو ئەم کورسییەی بۆ فوئاد مەعسوم قۆزتەوە، هەروەکو ئەم فوئاد مەعسومە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا هەموو مافەکانی کوردی لە بەغدا وەرگرتبێت و هاوپەیمانیی کوردستان بەبێ ئەم بەڕێزە لە بەغدا پێکهێنانی مەحاڵ بێت!.

دەربارەی ئەوەی کە حیزبی شیوعیی کوردستان ئەو کورسییە بە مافی خۆی دەزانێت، سەرەتا دەڵێم پارتی هیوا و رێکخراوی ژێ کافی لەناوچوو، چەندێك مافی ئەو کورسییەیان هەیە، شیوعییەکانی کوردستانیش نیو ئەوەندە. حیزبێك کە ریشەی بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان و نەتوانێت تەنانەت پێچکەی کورسییەکیش لە کوردستاندا بەدەست بهێنێت! ئیدی مافی چی و حاڵی چی؟!

شیوعییەکانی کوردستان، هیچ کاتێك سەربەخۆ نەبوون و هەردەم دواکەوتەی ئەم و ئەو بوون و بە سواڵ و سەدەقە

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 431 – لاپەڕە 6 – 20-04-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کڵاورۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان، پەیڤ، KNC و دەنگی سەربەخۆ – ئاپریلی 2010.

ژیاون. پێشتر کە لەناو حیزبی شیوعیی ئێراقیدا بوون، هەردەم دواکەوتەی عەرەبەکان و بە پارەی دەستی سۆڤیەت و وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵات ژیاون. پاشانیش لە هەفتاکاندا بوونە هاوپەیمانی بەعس و ئەمان مانگانەیان دەدانێ. دوای ئەوەشی بەعس دەریکردن روویان لە چیاکانی کوردستان کرد و بەزۆری پارتی بەخێوی دەکردن..

دەربارەی شیوعی و پارتی دەکرێت زۆر قسە بکرێت. پەندێکی باو دەربارەی شیوعییەکان هەیە و دەڵێت: شیوعی کە پێشکەوت دەبێتە پارتی!.. هەر بەڕاستیش ئەمە وایە، بڕوانە زۆرینەی راگەیاندنی پارتی لە تەلەڤزیۆن و رۆژنامە و دەزگای بڵاوکردنەوەی تریان بەدەست کۆنە شیوعییەکانەوەیە. هەڵبەت شیوعییەکانی ناو پارتی زۆرباش لە بیری کۆمۆنیزم تێگەیشتوون هەربۆیە خەریکی خۆژیاندنن، بەڵام ئەو داماوانەی ناو حیزبی شیوعی کە هێشتا ستالین و کاسترۆ و پۆل پۆتیان پێ دیکتاتۆر نییە و نەیانتوانیوە لە پێریسترۆیکا تێبگەن و ئەو هەموو ماڤیا و لەبەریەکهەڵوەشانە کۆمەڵایەتی و رەوشتییانەی رووسیا و وڵاتانی پاشماوەی بلۆکی خۆرهەڵاتیش بە سەرەنجامی سیاسەتی خراپی مارکسیزم و لینینیزم نازانن.. هەر لەناو حیزبی شیوعیدا ماونەتەوە و خەریکی یەکێگرتنی کرێکارانی جیهانن!.

کاتی خۆی هەولێر قەڵای شیوعییەکان بوو، لەو قەڵا رووخاوەیاندا چەند هەزار دەنگێکیان هێنا! لە شارێکی وەك سلێمانیدا چەند سەد دەنگێکیان هێنا، شاری هەڵەبجە کاتی خۆی زۆرینەی شیوعی بوو، تەنها دەیان دەنگیان هێنا. وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کە ئیفلاسیی خۆیان بە فەرمی رابگەیەنن و خۆیان هەڵبوەشێننەوە و ئەوانیش وەك کۆنە هاوڕێکانیان پێشبکەون و بچنە ناو وێستگەکەی پاشەڕۆژیانەوە کە ئەویش پارتییە..

ئێستا شیوعییەکانی کوردستان بوونەتە سەرچاوەی نوکتەگەلێکی زۆر خۆش بۆ منداڵانی سلێمانی و دەڵێن: خێرەومەند زەلیلم، نوقسانم، شیوعیم.. توخوا کورسییەکم بدەنێ.. هەربۆیە منیش تەنها لەبەرئەوەی ئەوانە شیوعیی کوردستانین، ئامۆژگارییان دەکەم کە چیدی لەوە زۆرتر خۆیان نەکەنە سینەما و واز لە حیزبایەتی و شیوعییایەتی بهێنن..

2009-04-14
لاهای – هۆڵندا
**ئەم نیوستوونە لە ماڵپەڕی دەنگی ئازادی ئەم کۆمێنتانەی لەسەر نووسرا:**

**abdul 2010/04/21**
mam baxwan bojwnakat tanh eflasey boxot nak bo shweykan bashtr waya xot ka ba roshnber bazanen yak toz xwenbawat habet bo komalgay kurdwstan ka takw estaesh ba dwe barzhawande xo dagren nak gal awanae ka bwan ba parte yxwd harshtek awan xalke shwey nabwan chwnka shweyt fkra nak bazrgane brezm estaw aenda tanh rega bo yaksane fkre marksey wa agar w sabarat baway party shwae ba xewkrbwa aw to zor kolet la 60takand takw rwxane bloke eshtake pare la regay shwaeyaw parae war dagrt larwsyae jaran awe esta hay la kurdstana bareke asaeneya la rwe syse abwre farhangeyw kam law hezanae klwrdwstanda bange badast henawa bargawe neya ba layneke darake yan bo naprse am sarwatw samayan la je badast hena bo ragayandn barezm ber krdnawakat zor kwr bena lagal rezm bot

**karwan 2010/04/21**
دةم خوش بارتيش تةنانةت .... بيي لةدةست ئةدات نمونةيي ئةم بةنبونةيي ديار عةزيز
2010/04/21 ئاسۆ بیارەیی
ئاسۆ بیارەیی; سڵاو هاوڕێ باخەوان! ڕەنگە من لە ئێوە پتر ڕەخنەم لەسەر ئەو حزبە هەبێت کە ساڵانێکی دور کارم لەگەڵیدا کردووە .. ئەو یەکسانی و دادپەروەریەی کۆمۆنیستەکان دەتوانن پەیرەوی بکەن نە بۆرژوا ونە سەرمایەداران ناتوانن بەسێبەرەکەشی بگەن، سیستمی ئێستەی ولاتەکە کۆنەکانی بلۆکی سۆشیالیست، کە

کۆمەڵگەکانیان بووتە دوو چین، وەک مانگی چواردە دیارە کە چەند پەشیمانن لە نەمانی ئەو سیستەمە. دەسەڵاتی پاشکەوتووی و وابەستی بۆرژوای بنەماڵەیی کوردستانیش لە بیست ساڵەی دەسەڵاتیدا ئەو شکستیەی سەلماند کەڕژێمی سەرمایەداری چۆن مرۆڤ وەک کاڵا سەیردەکات. راستە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق نەیتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەوەش فاکتەری خۆی هەیە. بەڵام لە بارەی ئەوەی کە پارتی ، حزبی شیوعی بەخێوکردبێت دوای ئاشبەتاڵ، ئەمەیان ناهەقییە، چونکە من خۆم پێشمەرگەی ئەو حزبە بووم دەزانم. ڕەنگە لەسەرەتاوە پارتی یارمەتی لۆجیکی دابێت، بەڵام بۆ پارتی موچەی بە پێشمەرگەکانی خۆی دەدا تاکو بتوانێ یارمەتی بە لایەنی تر بدات. پروابکە ئەو یارمەتیەش کە سوپای پاسداران بەناوی جەنگزدە ودەیدا بە پارتی، بەرپرسەکان بەشی زۆریان دەفرۆشتەوە، براکەم پارتی ئەمڕۆ لە دەسەڵاتە سێ مانگ جارێک موچەی ئەندامەکانی دەدا، ئەی ئاخۆ لە شاخ چۆن بووبێت. ئەگەر حزبێک لە وڵاتێکی وەک سوڤیەت کۆمەکی ئابوری درابێت، یارمەتی پارتی بۆچی بووە، ئەی ئەو بۆچونەی تۆ پارادۆکس نیە؟ براکەم هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم لە جیهانی بەندە بە چەند هوکارێکی سەرەکییەوە، ئاسان نیە بەم چەند دێرە باسکرێت. بەڵام لاوازی و توانەوەی حزبی شیوعی لە کوردستان بەندە بەو کۆمەڵگە پاشکەوتووەی کوردستان هەیەتی و دژایەتی هێزە کوردیەکان بۆ ئەو حزبە، لەلایەکی تریشەوە نەبوونی سەرکردایەتیەکی بوێری شیوعی کە سەر بۆ گەندەڵییەکانی پدک و ینک دانەنوێنێت. بەڵام پێویستە مرۆڤ کە ڕەخنە دەگرێت، بەبەڵگەوە بێت نەک بەو جۆرەی کە خۆی پێی خۆشە. وەک وتم من یەک دنیا ڕەخنەم لەو حزبە و پارتییەکانی تر گرتووە، بەڵام وەک ئاکادیمیستێک هەوڵمداوە ڕەخنەکانم بابەتیانە بێت. دوبارە سڵاو و ڕیزم ئاسۆ بیارەییassobyari@yahoo.com

**kaka 2010/04/21**

....بۆ سەرپەرشتیاران و ئەوانەی کە ئەم سایتە بەرێوە دەبەن بەراستی ئێوە سەلماندتان کە سەربەخۆ نین و تەنیا ئەو شتانە بڵاو دەکەنەوە کە خۆتان مەبەستتانە بە تایبەتیش لە

دوژمنایەتی کردنی شوعیەکاندا کە تەنیا ئەو شتانە بڵاو دەکەنەوە کە دژ بە حیزبی شوعی دەنوسرێن ...بەرێزان ئەگەر ئێوە سەربەخۆن و خۆتان بە هەڵگری پەیامی رۆژنامە نوسی و ئەخلاقی رۆژنامە نوسی دەزانن دەبو ئەو مافەش بۆ شوعیەکان بە رەوا بزانن لە وەڵام دانەوەی ئەو نە خۆشانەی کە دژ بە حیزبی شوعی دەنوسن بەڵام دیارە وانیە و ئەوەش ئامانج و ئەرکی ئێوە نیە

...............

**دەنگی سەربەخۆ**

کاک کاکە... تا وەکوو ئێستا هەموو ئەو بابەتانەی لە لایەن لایەنگرانی حزبی شوعییەوە بۆمان هاتوون وەک خۆیان بڵاوکراونەتەوە...

بەڕێزم: ئەگەر ئەوان شت نە نووسن و ڕەوانە نەکەن خەتای ئێمە نییە. کاری ئێمە نییە لە جیاتی حزبی شیوعی وەڵامبدەینەوە یان سانسۆر دابنێین.

زۆر سوپاس

**2010/04/22 عباس رۆستەم**

ئەی باشە برایانی خۆشەویست بۆ نوسینە کورتەکەی منتان بڵاو نەکردۆتەوە .

...................

**دەنگی سەربەخۆ**

ئەگەر بە تەواوەتی کاک عەباس ڕەستەم بیت ئەوە وەڵامی پرسیاری جەنابت ئەوەیە کە: هیچ بابەتی جەنابت پێمان نەگەیشتووە کە بڵاومان نەکردبێت. ئەگەر کاک عەباسیش نیت سوپاس بۆ ئەو بوختانە.

**Ehmed 2010/04/22**

نوکتەیێکی خۆشی شوعیەکی پارتی.

پێش چەند سالێک ئەندامێکی حزبی شیوعی کوردستانی عیراق دەبێتە پارتی و دوواتریش دەبێتە بەرپرسی رێکخراوێکی پارتی لە دەرەوەی وولات. ئەم کونە شوعییە سەنگەر گۆریەکە،

فۆرمی ئەندامێتی بە سەر ئەندامە پارتییەکان دابەش دەکات، و پێیان دەڵێت: ئەبێت سەر لە نووێ ئەم فۆرمە ئەندامەتییە پڕ بکەن، بۆ ئەوەی ببنە پارتی راستەقینە. ئەندامێکی پارتی پێی دەلێت کەوەتە ئێستا دەبمە پارتی و لە پێشا من پارتی نەبووم! ئەو کونە شوعییە وەڵامی ئەداتەوە، بەڵێ پێش ئەوەی من ببمە پارتی تۆ پاڕتی بووی بەڵام ئێستا دەبیە پارتی راستەقێنە

**محی الدین**
**bako 2010/04/22**

وەڵا ..... باخەوان بابەتەکەت زۆر کرچوو کاڵە تۆ وا باشترە لە محکەمەی لاهای دەرس بلییتەوە نەک شتی تر.

2010/04/22 دلشاد

بەرێزم کاك سەلام دەستەکانت خۆش بو ئەم نووسینە، بەلام ئەوەی نووسینەکەی هاورێ باخەوان بخۆینێتەوە دەزانیت ئەم بەرێزە چەند بێ ئاگایەو چەند لە ئاستێکی نزم قسان دەکات، ئەم قسانە قسەی مەلاکانی هەفتاکانی سەدەی رابردووە، بەراستی نە هاورێ باخەوان نە نووسینەکە ئەوەندە ناهێنێت وەلامی بدرێتەوە چونکە ئەم بەرێزە نە قسەیەکی زانستی کردوە نە هیچ بیرۆکەیەکی تری پێشکەش کردوە، بەلکو وەك کەسێکی سادە هاتووە رق و قینەی خۆی بەرامبەر شیوعیەکان دەرخستووە بۆیە هیواداریین هاورێیان و کەسانی چەپ نەجنە ئەو ئاستە وەلامی هاورێ باخەوان بدەنەوە. ئەو کەسە لە نووسینەکەی خۆیدا ئاستی ووشیاری خۆی و بیرکردنەوەی خۆی راگەیاندوە باشترین وەلام بۆ ئەم بەرێزەو ئەوانەی وەك ئەوە بیر دەکەنەوە ریسواکردنی بیری کۆنەپرستیە لە کوردستان.

2010/04/23 لاوە سۆفی

دیارە لای بێخەوان. 75=31= تانکو تۆپو تایارەی تورکی . کە با بلّێین لە ڕابوردوو.

ئەوەی کە ئێستاش لە کوردستان ئەگوزەرێ کە بۆتە مەڵبەندی بازرگانی تورکیا. تاوەکو حکومەتی عیراق بەهێز ئەبێتەوە ، دیسانەوە تەسلیمبونەوە بە عیراقی یەکگرتوو زۆر بە شڕەفترە.وە وە توانەوەی حیزبی شێوعی ئامانجەو دەوڵەتی کوردیش خەونە. زۆر ڕاسەتە ئەوکاتەی چیاکان مەڵبەندی

خەبات و بەرخودانی شیوعیەکان بوو نە بێخەوە کانو نە پارتیش نە ئەبینران نە ئەبیسران . بەڵکو لە هەمەدان لە ناو پێخەفی گەرمدا خەباتیان ئەکرد . نمونەش وە هەموو کات لە تەلەڤزیۆنەکانیەن ئەڵێن تەلیسی جوانە مەرگ . هەمیشە مردوو .پێمان ناڵێی لە کوێ تۆپی .؟

دەکرێ وەک پارتیەک نهێنیەکانی زیندانی خەلانمان بۆ ڕون بکەیتەوە . کە هیچی لە ئەبوو خرێب کەمتر نەبووە .بۆ شێوعیەکانی وڵآت دوریش نیە حیزبی بەحس لە پارتیەوە فێربوبێت.؟

دیارە لە کوردستان ئەوەی ئەوەی کە ڕۆشنبیران تیرۆر نەکات هەقە ئیفلاس بکات.

ئەوەی کە مامۆستای زانکۆ تیرۆر نەکات دۆڕاوە.؟

ئەوەی نانی خەڵک نەپرێت لەسەر ئەوەی دەنگی بە ئەم نەداوە دۆڕاوە .؟

گوێ بگرە هەی ..... . شیوعیەکان ئەگەر لە ساحەکەش نەمێنن ئەوەی کە بۆیان دەمێنێتەوە پرراو پرە لە سەربەرزی و ئەخلاق و شەڕفە .

بەڵام ئێوە چی هەی ماستاو چی.................

**Ahmad 2010/04/23**

Hawrê Baxewan, kom unîstekanî be yek riste shêt u har kidun .
Komunîstekan u Îslamyekan zu tore debin .

**شێرزاد شێر 2010/04/4**

جەنابی هاوڕێ باخەوان ئەو هەموو زانیاری یە زۆرەت لە چ کونێک دەرهێناوە ...؟ ئەو دەهۆڵە هەر بۆخۆتی لێدەو وەکوو .... هەڵپەڕە! خەیاڵت خاوە خەڵک ئەوەندە ساویلکە بێت و ڕەش و سپی لەیەک جیا نەکاتەوە و باوەڕ بە ڕشانەوەت بکات... پرۆ بۆ خۆت لە مێژوویان بگەڕێ و باش لە سەرکردایەتی و کۆنە پێشمەرگەکانی پارتی و یەکیەتی بپرسە، ئەوسا دەزانی شیوعیەکان چ جۆرە کەسانێکن؟ چاوت بکەرەوە و گوێ بگرە - شیوعیەکان لە هیچ کاتێک پێویستیان بە شەهادەتی کەسانی غەرق بوو لە ڕق و قینی ڕەشی قیزەون و دڵ پڕ لە

.......کەسانی وەکو جەنابت نیە... نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بێزیشیان لێتان دەبێتەوە!
ئەگەر ئەو مرۆڤە جوامێرەشی کە توانای ئەوەت هەیە بە بەڵگە قسە بکەیت، وەرە مەیدان، با بزانین جەنابت کێیت و لە کام قوتابخانە پەروەردە کراویت و بە بێ ترس لاپەڕەکانی ژیانت هەڵدەوە، ئینجا دەزانین کێ کێیە و ئاشکرا دەبێت کێ قوونی ڕەشە و کێش قوونی سپییە!
لە کۆتاییدا دەڵێم، ڕووی زەمانە ڕەش بێت و وتەیەکی هاوڕێیەکی عارەبم بە بیر دێتەوە کە لە ساڵانی پێشمەرگایەتی لە شاخ دەیگوت - هاوڕێ، دونیا دونیایا، بزن سواری گایە، زەمانی ....دایە!

**بەڕێزێکی شیوعیش بەناوی (هیوا رەش)ەوە ئەم دژە وتارەی لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆدا بڵاوکردەوە:**

## ئەگەر بودەڵەیی سەرانی حزبی شیوعی نەبوایە هاورِێ باخەوان نەئەبوو بە موفەکیر- هیوا رِەش[1]

10-04-21

بەر لەوەی نووسینێکی دیمانە ئاسای کاك هاورِێ باخەوان بخوێنمەوە سەردێرِەکەی هێندە سەرنجی رِاکێشام ( خوا خوا ) م بوو زوو بچمە قولاَیی نووسینەکەیەوە , لە داخی خاویی هێڵی ئینتەرنێتەکەم خەریك بوو لاپتۆکەش بە زەوی دا بدەم و وورد و خاشی بکەم و بیکەمە قوربانیی ئەو هیوا لە خۆرِا سەوز بووەی ناخم , چونکە پێم وابوو شوکر بیرمەندێکی کورد پەیدا بووە و بە شێوازێکی زانستییانە چمکێکی نهێنیی فاکتەرەکانی ( ئیفلاس ) بوونی شیوعییەکانی کوردستانمان بۆ ئاشکرا ئەکات ! و رِینمایی تازەی پێیە و رِایئەگەیەنێت , مخابن هەروەکو جەنابیشی ئاماژەی بە شیوعییە هەڵخزاوەکانی ناو پارتی داوە , منیش یەکێك لەو بەناو شیوعییانەم کەوتەوە بیر کە

---

1 ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ - 21-04-2010
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 24-04-2010
ماڵپەڕی ئەمڕۆ – 23-04-2010

دوای پەتپەتێنێکی زۆر لە ناو پارتی دا بۆ یەکجاری هەواری هەڵدا , کە ڕِۆژێکیان لە لێدوانێکی دا ووتی : پارتی خێوەتێکی گەورەیە و جێگەی هەموومانی تێدا ئەبێتەوە و ( دەرگاکە ) یشی کراوەیە و هەموو کەس ئەتوانێت لێوەی بێتە ژوورەوە ! ناوبراو ئەوەی بیر چووبۆوە خێوەت بێ لە دەرگادان و سەردانی پرسگەکەی بەرِێزی , هەر کەسێك بیەوێت کەلێنێك لە چوار دەوری خێوەتەکە ئەدۆزێتەوە تا لێوەی وەژوور بکەوێت , تیئۆرە ( نوێگەرا ) کەی هاوڕِێ باخەوانیشم وا دێتە بەرچاو کە بیەوێت بەو جۆرە ڕِێنمایی خوێنەر بکات .

کاکی نووسەر بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو ڕِەخنەی ( زۆر جدی ) لە مارکسیزمیش هەیە , ڕِەنگە ئەلتەرناتیڤێکی پێ بێت بەس لە ڕِووی نەهاتووە دەری ببرِێت , ئێمەش ئەخوازین مامۆستا هاوڕِێ باخەوان ڕِووناکی تەنها بۆ خۆی نەبێت و بە چاوەڕِوانییەوە هیواخوازین بێبەشمان نەکات لە تیئۆرە بە ( پێز ) ەکەی خۆی , تا بە هەموو لایەك تێبکۆشین لە پێناوی دادپەروەرییەکی کۆمەلاَیەتی ئەوتۆ کە بەها ئینسانییەکانی تێدا حێ ببێتەوە و چی تر دەسەلاَتی گەندەڵ و حیزبۆکەکانیان بە سەرانی حزبی شیوعیشەوە گەمە بە قووت و بژێوی ماڵ و مناڵمانەوە نەکەن .

گاڵتەجارِییەکەی ئەو موفەکیرە لەوەدایە بۆتە ئامۆژگاریکەرێکی نەزان و پێی وایە وازهێنان لە حزبایەتی و ( شیوعییایەتی ) تەواوی گرێ کوێرەی نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا و پرسە هەنوکەییەکان چارەسەر ئەکات , بێ ئەوەی پێمان بڵێت چی بکەین باشە ؟ و ئایا لەبەر ڕِۆشنایی کام ئامۆژگاریی ئەودا کار بکەین بۆ دەرچوون لەو تەنگژە کوشندانەی مەگەر بەس جەنابی درکی پێ نەکات کە ڕِۆژ ڕِۆژ لە دوای ڕِۆژ ماڵی هەژاران وێرانترِ ئەکات ؟ ئەگەر چوونە ناو پارتی چارەسەر بێت ئەوا بەندە بەڵێنی ئەداتێ کە من ببم بە یەکەم تۆبەکاری سەردەستی ئەو .

لە کۆتاییدا هیچم نەماوە بیڵێم بەرامبەر بە نووسینێکی هیچ جگە لەوەی بە هیوام هیچی تر کەس خۆی بە نووسینی هیچەوە سەرقاڵ نەکات کە خۆی هیچی تێدا بەسەر نەبێت . سەرانی گەندەڵی حزبی شیوعی خۆش بن زۆری تری لەو چەشنەمان لێ ئەبێت بە هەزەلی .

داوای لێبووردن لە خوێنەران ئەکەم کە ( لە جێی سندان قوزەڵقوردە ) م پیادە کردووە و لەو ڕوانگەیەوە ئەم وەڵامەم نووسیوە , ئەو نوکتە داهێنە دیارە حەزی بە وەڵامی نوکتە ئامێزە بۆیە لەم ئاستە زیاترم بە پێویست نەزانی کە بۆم نووسیوە .

Hewarash1@yahoo.com 07701309524

**تێبینیەکان**

**2010/04/21 هیمن دە ربە ندیخا نی**

دە ست خۆ ش جوا بە کە ت پڕ بە پێستی پرۆ فیسۆر با خە وا نە، ها وڕێ هیوا دە زانی کورد پێویست بە با خە وا نە بۆ ئە وە ی ببێت بە مو ستە شا ر ی سە رۆ ک هههههههه

**2010/04/22 شاسوار**

دە ست خۆش ها وری هبوا...ئە ی ئە وە نیە لە ناو حزبیش دوینی فرۆکە جە نکیە کان کە کابتن رحمان غریب لیی دە خوری هە موو فرۆکە خا نە نهینیە کانی ناو حزبی بۆردومان کردوو بە سە لا مە تی کە را یە وە لا ی کمال شاکر و حیدر فیلی لە ئە نجامی ئە و جالا کیە ش ما مۆستا قادر موکافە ئە ی باشی بیدا وجە نا بی سکرتیریش ویسامی روو قایمی بی بە خشی لە وا نە یە یە کیتی رۆ زنا مە نووسانیش ویسامی دلسۆزی بۆ بیشە کە ی بی ببە خشی...بە دا خە وە لە سایە ی سە ری ئە و دوو برادە رە حزب وای بە سە ر ها ت بی نا جیت ئا خیریان خیر بیت!!!

**2010/04/25 عا دل میران**

دە سست خۆش ها وڕێ هیوا با شت پێکا وە بە عسیش هە ر ئە و دا وای هە بوو کە شیوعیە کان واز لە شیوعیە ت بێنن ئە و بە دارو فە لا قە ئە م بە قە لە می شە هراوی.

**بەڕێزێکی شیوعیی تریش بەناوی (سەلام عەبدوڵلا)ەوە ئەم دژە وتارەی لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆدا بڵاوکردەوە:**

## هاورِێ نییە وباخەوانی هیرۆئینە![1]

10-04-22

هێرشێکی ژەهرئامێزانە رووبەری رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکانی گرتووەو لەناو ئەو هەموو دزو جەردەو چەقۆ لەدەستانە، روو لە شوعییەکان و شوعییەت دەکەن. ئەم جارەیان کۆپییەکی تری"زۆر بەڕێز" ژەنەراڵ بینۆشیت، جۆرج بوش، بەناوی"هاورِێ باخەوان"لەو شارەوە(لاهای) قسەمان بۆ دەکات کە من تێدا3رۆژ بەناهەق لەلایەن براکانییەوە زیندانی کرام و پاشان لەدادگاکەی لەگەل چەندین کوردستانی، سزادرام! راستە لاهای شارێکی جوانە، بەڵام بۆ من زیندانێکی تاکە کەسی بوو و بۆنی میزو پیسییەکەی، کەساسی کردم، ئەوجا ئەم دەنگە نەشازەیشی لێ بەرز بووە!

لە وەڵامی کەسێك بەناو هاورِێ باخەوان لەسەر پرسیاری(میدیا)، بەشێوەیەکی قینئامێزو سوکایەتیپێکردن لەبارەی شوعییەکانی کوردستان دەدوێ. هەر لە سەرەتای کارو خەباتی شیوعییەکان هەزاران هێرشی جۆراجۆری فکری لەسەری کراوە تا رادەی کۆمەڵکوژی بەدەست برادەرو هاوبیرەکانی باخەوان، لێ شوعییەکان هێشتا وەك پیرەمەگرون، سیرامایسترا، دیان بیان ڤو سەربەرزانە درێژە بە خەبات دەدەن. زۆر ئاساییە لەسەر ئاستی مێژوو، ئەگەر ئێستا گوڵاڵە سوورەکەمان لە هەندێ شوێنی دنیا بە گوێرەی پێویست ئاوی بەرناکەوێت یان تۆزێ نەخۆشەو ناز بەسەرمانەوە دەکات ولەولاوەوە گەوادو خوێنرِێژەکانی مێژوو بەر خۆری لێ

1 ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ - 2010-04-22
ماڵپەڕی پەیڤ – 2010-04-24
ماڵپەڕی کوردستان نێت – 2010-04-26
ماڵپەڕی ئەمڕۆ – 2010-04-23
ماڵپەڕی کوردستان تێکست – 2010-05-01
هەفتەنامەی رێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی شیوعیی کوردستان – ژەمارە 883 لاپەڕە 10 – 2010-04-28
تێبینی: رێگای کوردستان ئەو شەرەفەی دابوو بەمن و وشەی هیرۆئینەکەی لە سەرباسەکە لابردبوو و کردبووی بە (هاورێ نییە و باخەوانیش نییە).

دەگرن....ئێمە دەبینین چۆن دڕکەکان دەوریان لێداوەو دەیانەوێ زەفەری پێ ببەن!

بوقێك دووبارەی هەمان ئاوازی ئاوازی فرانكۆو ئیمزاكەرانی سایكس بیكۆی دیموكراتەكان و لایەنگرانی وەهم دەكات!

بوقێك بە وشە تینوێتی ژەنەڕاڵێكی پەككەوتە بۆ خوێنی شوعییەكان دەشكێنێ!

چەند كۆن و سواو بۆگەنە ئەو دەنگە...

یەكەمجار"خوا"خۆمان بگرێ بۆ هەڵەكانمان، بەڵام دڵنیای باخەوان و هەموو هاوسەنگەرەكانی دەكەم، مەحاڵە سەرمایەو بازاڕە ئازادەكەتان وبوقە ژەنگاوییەكانی دیكتاتۆرەكانی راگەیاندن و جەنگ و چەوسانەوە كە بەناو دیموكراسی، لیبراِلیزم، ئاین و پاشایەتی حوكمڕانی دەكەن بتوانن بەر بە هێزی نەبڕاوی ژێردەستەكان و بیروباوەڕی ئازادیان بگرن. ئێستا نزیكەی ملیاردێك ژێردەستە لە دنیا خەبات بۆ بەدیهێنانی شوعییەت دەكەن.

"باخەوان"ە زەلیلەكە بۆ سەلماندنی بۆچوونەكەی لەبارەی مافی شوعییەكان بۆ وەرگرتنی كورسییە قەرەبووەكە بۆ پەرلەمانی عیراق، دەڵێ(پارتی هیوا و ژێ كاف لەناوچوون، چەندێك مافی ئەو كورسیاینە هەیە، شوعییەكانی كوردستانیش نیو ئەوەندە...).

دیارە نە پارتی هیواو نە ژی كاف لەناو چوون، بەڵكو هەردووكیان بوون بە برِبرِەی پارتی دیموكراتی كوردستان، ئەوە جەهالەتی باخەوانی ئەفیونە، پێی وایە ئەو دوو لایەنە لەناوچوون!

"باخەوان"دەنووسێ: (...هەر خەریكی یەكپێكردنی كرێكارانی جیهانن)

ئەو بۆچوونە رقوقینی"رۆشنبیرێكی ئازادیخواز سەربەخۆ"ی پێوە دیارە، چونكە نووسەرەكەی دەتوانێ لە چیاكانی كوردستان، سورێن و هەندرین و بەمۆ بكات؛ لە زیندانی فاشیستەكان، لە گاورباغی و لە گۆران بپرسێت شوعییەكان چییان بۆ كوردستان كردووە!

حزبی شوعی لە سەدان بۆنە دووبارەی رەخنە لەخۆ گرتنی كردووە بۆ ئەو بەرەیە كە لەگەل بەعس كردی و بەڕاستی

هەڵەیەکی کەمەرشکێن بوو، بەڵام"باخەوان" هێشتا هەمان فکرو بیری فاشیستی بەعسی هەیە بە شێوە کوردییەکەی.

گاڵتەکردن بە شوعییەکان وەك ئەوە وایە یەکێك تف لە روخساری دایکی خۆی بکات یان چەپلە بۆ راگری کویلەکان، لێبدات.

پەرلەمان بۆ شوعییەکان گۆڕەپانێکە وەك هەر گۆڕەپانێکی تر، بۆ بەرگری لەمافی ژێردەستەکان دەهێنین و هیچی تر!

پاش سوکایەتیپێکردنی دیموکراسیانە، "باخەوان" گەمژەییەکەی دەگەیەنێتە لوتکە و دەڵێ: ئامۆژگارییان دەکەم کە چیدی لەوە زیاتر خۆیان نەکەنە سینەما و واز لە حیزبایەتی و شوعییایەتی بهێنن)

سۆزانیخانەکانی ئەمستردام بۆ تۆ!

قەیرانە گشتییەکەی سەرمایە، بۆ تۆ!

جەنگەکانی بۆ تۆ!

گرانی بازاڕ و بازرگانی بە کاڵای ئیکسپایەر، هیرۆئین و چەکی ئەتۆم و کیماوی بیۆلۆگی هاوسەنگەرەکانت، بۆ تۆ!

داگیرکردنی کوردستان لەلاین ئایندارو دیموکرات و فاشیت و...بۆ

هەموو سیستێمی رێکخستنی ژیانی بەم شێوەیە کە هەیە، بۆ تۆ

نەتەوەپەرەستەکان، بۆ تۆ!

شوعییەت بۆ ئێمە ماڵی باوکمانەو لایەلایەی دایکمانەو هاوڕێیەکی گیرفانخاڵی شەهیدو ئەنفالکراوێکمانە، باوەشی گەرمی خۆشەویستەکانمانەو بەوپەڕی دڵسۆزی و نەبوردەیی کار بۆ ئاوەدانی و جوانی و بەرزکردنی دەنگ و پڕکردنی پێداویستییە هەمە لایەنەکان دەکەین لە کوردستان و دەنگی هاوڕێتی و دۆستایەتی بۆ هەموو ژێردەستەکانی دنیا بەرزدەکەینەوە!

زۆرێك لە حکومەتەکانی جیهان بۆیان هەیە رێککەوتنی جیهانی رێکبخەن

ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی جیهان یەکگرتووانە کار بۆ ئاینەکەیان بکەن

نەتەوە یەکنەگرتووەکان، هاوبەشانە ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن

بازارِ یەکگرتوانە ڕێکبخرێت...هتد

تەنها هەوڵی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان، نامەعقول و نابەجێ و بێ کەڵکە؟!

بۆ باخەوان هەق بەخۆی دەدات لە ڕێکخراوێکی جیهانی کار بکات، پانتۆڵی چینی لەبەربکات و کۆمپیوتەری ئەڵمانی بەکاربهێنێت، ریکلام بۆ فلان یان فیسارە بیرمەندی فەرەنسی یان بەریتانی بکات، وەك کوردێك لە وەڵاتێکی تر بژێ و دەست لە کاروباری وەڵاتێکی تریش وەربدات و قسەی لەسەر بکات...هتد، تەنها شوعییەکان بۆیان نییە. مەبەستم ئەوەیە ئێمە لە جیهانێکی جیهانگیر دەژین و زیاتر لە جاران خەمی مرۆڤایەتی هاوبەشە، بۆیە جەهالەتە ئەگەر یەکێك تاوە بە تازە لەم سەردەمە رەخنە لە گیانی نیونەتەوەیی شوعییەکان بگرێ. لەوانەیە هەر خودی"بیلمەتەکە" لە شوێنێکی تر بەخۆی بنووسێ(جیهان بووە بە گوندێکی بچوك)!

لەدواییدا دەبێ بڵێین بزووتنەوەی کۆمونیستی بە هەڵە و نوقسانییەکانیەوە زۆر گەورەترە لەوەی بە بۆچوونەکانی ئەو هیرۆئینفرۆشەو هاوسەنگەرەکانی بتوانن لە شکوویی کەم بێتەوە...

ئەی بوقی ژەنگاوی سەرمایەی بێویژدان
تۆ نە هاوڕێیت و نە باخەوانی ژیان!
سەلام عەبدوڵڵا

**تێبینیەکان**

## 2010/04/22 دلشاد

بەرێزم کاك سەلام دەستەکانت خۆش بو ئەم نووسینە، بەلام ئەوەی نووسینەکەی هاورێ باخەوان بخۆینێتەوە دەزانیت ئەم بەرێزە چەند بێ ئاگایەو چەند لە ئاستێکی نزم قسان دەکات، ئەم قسانە قسەی مەلاکانی هەفتاکانی سەدەی رابردووە، بەراستی نە هاورێ باغەوان نە نووسینەکە ئەوەندە ناهێنێت وەلامی بدرێتەوە چونکە ئەم بەرێزە نە قسەیەکی زانستی کردوە نە هیچ بیرۆکەیەکی تری پێشکەش کردوە، بەلکو وەك کەسێکی سادە هاتووە رق و قینەی خۆی بەرامبەر شیوعیەکان دەرخستووە بۆیە هیوادارین هاورێیان و کەسانی

چەپ نەجنە ئەو ئاستە وەلامی هاورێ باغەوان بدەنەوە. ئەو کەسە لە نووسینەکەی خۆیدا ئاستی ووشیاری خۆی و بیرکردنەوەی خۆی راگەیاندوە باشترین وەلام بۆ ئەم بەرێزەو ئەوانەی وەك ئەوە بیر دەکەنەوە ریسواکردنی بیری کۆنەپرستیە لە کوردستان.

**ئاسۆ بیارەیی 2010/04/23**

سڵاو کاک سەلام!

پێت وانیە وەڵامەکەت هەڵچونی پێوە دیارە؟ ئەگەر وەڵامێکی زانسیتان پێیە دەتوانن بەشێوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ، دور لەبریندارکردنی کەسایەتی نوسەر، فەرموو بینوسن. گریمان ئەو بەشێوەیەکی سادە وتی حزبی شیوعی ئیفلاسی کردووە، ئێ خۆ تاڕادەیەک هەندێ لە قسەکانی بەجێن، ئەی شیوعیەکان لاواز و لانەوازنین؟ بەڕاستی من ئەمجارە ئیوە سوکایەتی بەو دەکەن. هاوڕێ باخەوان کوا باسی سۆزانی دەکات؟ ئیوە لە بابەتەکە دەرچوون و بە شێوەیەکی سۆزانە(عاتفی) نەک زانستی بەرگری لەحزبێکی گەندەڵ دەکەن کە ڕەنگی کۆمپانیای گرتووە. ئەو جۆرە بەرگریانە زیان بەخۆتان و کەسانی ترد دەدا و نەیارانی کۆمونیزم بە هیز دەکات.

ئەو وەڵامەی تۆ لە بۆچونکەی کاک باخەوان گەلێک نزمترە کە باسی سۆزانی و هیرۆیین دەکەیت. فەرموو کورد لە باشوور نزیکەی حەوت ملێونە، ئێوە ئازابن و سەدهەزاری بکەن بە شیوعی!

براکەم کاک سەلام! سۆشیالزم و کۆمۆنیزم قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگەن، گەیشتن بەو قۆناغانەش کاری دەویت. ئەدی وانیە؟

دڵنیاشبە باز بەسەر قۆناغی سەربەخۆیی نەتەوایەتیدا نادرێت، تاکو کورد لە عەرەبی داگیرکەر ڕزگاری نەبێت،ماڵی کرێکارێکی فارس نەسوتێ و کرێکارێکی تۆرانی تووشی چەوسانەوە نەبێت، هەست بە ئازارەکانی گەلی کورد ناکەن.

تکایە باسی نەتەوایەتی مەکەن! دەها هاوڕێی عەرەب لە کوردستان خەباتیان کرد، ئەوانەیان کە فێری کوردیبوون، بە پەنجەی دەست دەژمێدرێن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە شیوعیە عەرەبەکان پێش ئەوەی شیوعی بن، داگیرکەرن، لێ ئەگەر

یەکێک بە پێنج ساڵ زمانی نەتەوەیەک فیرنەبێت، ئایا چی دەگەیێنێت، هەمان هاوڕێیان زمانی سوێدی کە زۆر قورسە بە دوو ساڵ فێربوون.

دوبارە هیوادارم وەڵام زانستی بدەنەوە، نەک ریزێک جنیو و بوختان بنوسن.
ئاسۆ بیارەیی/باشووری سوێد

**Hewlèr 2010/04/23**
kak Aso byareii destekant xosh... Kak Selem ewenya xelki Kurdistan dengtan pè naden(ei ewe feshel hènan nye???) legel rèzm bot...

**سالار 2010/04/23**
من نوسینەکەی هاورێ باخەوانم نەخویندۆتەوە.بەلام بیشم خۆش نیە کاك سەلام عەبدولا بەو زمانە داکۆکی لە شیوعیەت بکا،ئەمرۆ ئیوارە لەکەل برادەریکی لە حزبی شیوعی تۆراو کە ئیستا خۆی بە بێ لایەن دەزانێ و ویزدانی خۆی هەراج نەکردووە.باسی حالی حزبی شیوعیمان دەکرد،کە رای من و ئەویش ئەوەبوو کە سەرکردەکانی حزبی شیوعی لە بیناوی دەستکەوتی تایبەتی حزبی شیوعیان ەهەراج کردوو زۆر بجوکیان کردەوە،وایان لێ کرد بجوکترین کاریکەریان بەسەر کۆرەبانی سیاسی کوردستانەوە نەمینێ و بەدەستی بەتال بۆ کریکارانی کوردستان بکەرینەوە.
حزبایەتی بەر لە هەر شتیك هەلویستە،دەبێ تۆ بەردەوام هەول بدەی کەر بە بیش بشهاتەکانیش نەکەوی لانی کەم لە دواوە نەرۆی،حزبی شیوعی لە سالی 1991ەوە خۆی کردووە بە باشکۆو سواری عارەبانەی یەکیتی و بارتی بووە .
بنکەی حزبی شیوعی تا ئیستاش بەشیکیان شانازی بەوەوە دەکەن کە نەدارترین خەللك تویزی کوردستانن ، ئەوەشیان بێ هەلویستەو شانازی بیوە دەکەن.بەلام دەبێ زیانی سەرکردەکانیشیان وابێ،یان وەکوو هەندێ مەلای جاوجنۆك داوای قەناعەت و زیانی هەزاری بۆ مسکینی موسلمان دەکەن و خۆشیان بە هیج شتیك جاویان تیر نابێ و هەر دەلین ئەلف بێ.

بەریزیکی کۆمیتەی ناوەندی دوینێ یەخەی کرتم وەك ئەوەی تازە بەخەبەر هاتبێ و هەستی بەو کارەساتە کردبێ کە بەسەر حزبیان هیناوە، تازە بیم ئەلێ کورە دەبێ لەمەودوا بجولیین ئیش بکەین لە حزبایەتی کەرییین دەبێ داکۆکی لەو خەلکە بکەین.بۆیە وای بێ کوتم لەبەر ئەوەی دەزانێ من جەبم بەلام سەر بە حزبی شیوعی نیم.

کارەساتە حزبی شیوعی خۆی هینا ریزی هەندێ بەناو حزبی زۆر بجووك کە لە دوکانیك دەجن بۆ سیاسەت نەك حزبایەتی دێ و لەکەل ئەوانە بەیوەندی دەبەستێ و ریککەوتنیان لەکەل دەکاو بە یەك لیست لەکەلیان دادەبەزێ .

**salam abdula 2010/04/24**

بۆ ئاسۆ بیارەیی

برام: مەبەستم لە بەکارهێنانی باخەوانی هیرۆئین، ئەقڵی ئەنتی کۆمونیستییەو من باسی سۆزانیم نەکردووە، بەڵکو سۆزانیخانە. تۆ بەخۆت هەستی هەزاران کەس بریندارەدەکەی کاتێ بە حزبێك دەڵێی(کۆمپانیا)، کەچی بووی بە پارێزەرێکی کابرایەکی خاوەن دڵ و ئەقڵ هەڵویستی سەرتاپا ئەنتی کۆمونیست و تەنانەت منیش تاوانبار دەکەی. هیچ عەیبە نییە شوعێکان لاوازو لانەواز بن، بەڵام ئەو سوکایەتی دەکات و "ئامۆژگاریمان" دەکات واز لە شوعییەت بهێنین!.

تۆ خۆت بە شوعی دەزانی و بۆچوونەکانی بازرگانی هیرۆئینت پێ ئاساییە، بەمەش شوێنی خۆت وەك چەپخواز لەقکردووە.

هەرگیز خۆت مەکە بە پارێزەری فکرو دەسەڵات و کەسانی دژ بە شوعییەت!

**Abas Rostem 2010/04/24**

کاکە سەلام ،ئەم هاوری با خەوانە لەوە ئەچێت نەوەی یەکێک بێت لە پیاوکوژە فاشستەکانی کانی ماسی ، یاخود نەوەی یەکێک بێت لە زێوانەکانی گرتوخانەکانی مالومەو خەلان ، یاخود کوری خوداپێداوێکی خاوەن سامانی حەرامی رەنجی چەوساوان بێت ، وا دڵی پڕ لە کینەو ڕقە بەرامبەر شیوعیەت .ئەگینا هیچ هۆیەکی دیکە نیە وا ( ڵا خەبەر ) و بێ هیچ زانیاریەک شەلم کوێرم حزبی شیوعی داوەتە بەر هێرش . تۆش

هاورێ ئاسۆ ئەوەت لەبیر نەچێت کە هەمومان لە لانکەی پیرۆزی ئەو حزبە بەخێوکراوین ، پیویست ناکات لەبەر رقێکی دڵت وا پشتی دوژمنێکی مێشک تاریکی حزب و چینەکەت بگریت و بەرگری لێبکەیت ،دەبێت زویریەکەت لە هەندێک لە دەستەڵاتدارانی ناو سەرکردایەتی حزب پاڵت پێوە بنێت بنیاتنەرانە ڕەخنە بگریت نەک بەو شێوەیە

**2010/04/25 هاورییەک**

سلاو

کاك ئاسۆ ئەوە راستە کە نووسینەکەی کاك سلام هەلچونی پێوەدیارە، بەلام هێرشەکەی تۆش بۆ سەر شیوعیەکان شێوازێک لە کۆرەیی پێوە دیارە، کە نایەوێت شتەکان وەک خۆی بەبێنێت.بەرێزم لەکام کات حزبی شیوعی رێگر بووە بۆ رزگاری نیشتمانی لە کوردستان خۆ خۆت ئەندامی ئەم حزبە بوویت، باش دەزانی هەلوێستەکانی حزب دەربارەی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی چون بووە، بەلام زۆر نەزانیە کە بە شیوعیە عەرەبەکان بلێت شوفینی تەنیا چونکە هەندێکیان فێری زمانی عەربی نەبوون، دەبێت پێوەری بۆ شۆفنی ئەوەبێ، بەرێزم سەدان کوردی زمان پالاو لەگەل رژێمی بەعس کوردی ئەنفالدەکرد، ئەمەی ئەمرۆ دکتور کازم حبیب بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان دەکات، دەبێت سەرکردەکانی چوار جەوەلەی شەری ناوەخۆی کردبیان، پێت وانیە بەم قسەیەت هیچ جیاوازێکت لە نێوان ئەم عەرەبانەی کە خۆیان بە دۆستی گەلەکەمان دەزانن لەگەل بەعسیە و شوفینەکان نەهێشتەوە، کە کەسی وشیار ئەم جیاوازیە زۆر باش دەبێنێت!!! بەرێزم ئەم رووتە نەتەوەپەرستیەی جەنابت باسی دەکەیت کام کات ئەگەر لەگەل بەعس پەیوەندی نەبووبێت لە باوەشی دەولەتەکانی تری داگیرکەری کوردستان نەبووە. پێتوایە خەباتی نەتەوەیی پێشکەوتنی پاسدارانە لەشەرەکانی کوردستانی ئیران یان هێنانی پاسدارە بۆ کوردستان !!! یان ئەم پەیوەندیە ئەمنیەی کە پارتی هەیبوو لە پاش راپەرین تا رۆخانی بەعس لەگەل بەعس لەوانەیە جەنات لە کوردستان نەبوویت دەزانی لە دوای جەولەی چوارەمی شەری نێوان پدك و ینك وەفدی هەردوولا لە بەغدا کێ کۆیکردبوونەوە ، خۆشەویستی نەتەوەکەمان عەلی حەسن مەجید!! ئەگەر پێت وایە ئەمانە نوینەری بزوتنەوەی

نەتەوی نین دەبێت کامە بێت؟؟ کە تا ئێستا بەدەرنەکەوتووە!!! بۆیە حەزدەکەم پێت بلێم ئەم رەوتە نەتەوەپەرستیە توند رەوە بە درێژای مێژوو زیانی بە گەلەکەمان گەیاندوە لە داهاتووش ناتوانی هیچ خزمەت بەم کێشە رەوایە بکات. بەرێزم لە خۆشەویستی نەتەوەش شیوعیەکان لە پێش کەسانی ترن، بۆ پرسیارێك لە خۆت ناکەی لە مێژوودا ئەوانەی ئاشناییان لەگەل حزبی شیوعی هەبووە رێژەیەیان چەندە لە نێو ئەم ژمارە زۆرەی کە بە درێژایی مێژوو لەسەنگەری داگیرکەرانی کوردستان دابوونە، راستە ئەمرۆ حزب بە هۆی ئەم سەرکردیە لە وەزعێکی نائاساییە بەلام ئەم هاورێ باخەوانە هێرشەکەی بۆ سەر بیری پێشکەوتوخوازییە لە کوردستان. ئەم بیر کردنەوە لە قبولنەکردنی بیری پێشکەوتوخوازی سەرچاوەی گرتووە نەك رەخنە لە کارەکانی حزبیکی شیوعی.

**بەڕێزێکی شیوعیی تریش بەناوی (هەندرێن)ەوە ئەم دژە وتارەی لە ماڵپەڕی دەنگەکاندا بڵاوکردەوە:**

**وەعزدەری کوردایەتیی: بوغزێنەری مارکسایەتی[1]**

**پلۆمیکێکی کاتیی بۆ دوا خوتبەکەی هاوڕی باخەوان لە "میدیا"دا**

هەندرێن

دیارە تشتێکی نوێ نییە کە بێژین، رۆژانە دەیان تشتی سەیر، لە هەموو بوارێکدا، بەناوی نووسینەوە لە راگەیاندنی کوردییدا فرێدەدرێن. ئەگەر مرۆ کات و ژیانی خۆی بەو ئاستەوە تەرخانبکات، دەبێ هەمیشە خەریکی وەرامدانەوە و راستکردنەوەی ئەو تەرزە قسە هەلیت و پەلیتانەوە بێت. لێ گریمان ئەگەر ئەو ئەرکەشت کرد بە هی خۆت، کەچی کێشەکە لەوەدایە تا ئەو بنەمای جەڵەبییە لە نووسیندا و ئەو مۆدەی رۆژنامەرگەییەی کە ئێستا لە کوردستاندا بۆتە بەشێک

---

1 ماڵپەڕی دەنگەکان - 22-04-2010

لەو دووکاندارییەی کە حیزبەکان دایانهێناوە باو بێت، ئەو شێوە لە نووسینە جەڵەبییەش لە ڕاگەیاندنی کوردییدا بازاڕی بە هەڕمێن دەبێت.

بەڵێ، سێ شەممەی رابردوو، 2010.4.20 بە دەم هەڵدانەوەی لاپەڕی رۆژنامەی "میدیا"ەوە بووم، کە من بە زۆری تەنێ بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵ و هەندێ رووداوی رۆژ سەیری رۆژنامە و چەند ماڵپەڕی کوردییش دەکەم، چاوم بە وەڵامێکی هاوڕێ باخەوان (کە راستییەکەی "خ" دەبێ غ بێت، باخەوان بکرێ بە باغەوان) کەوت کە، وەک باوە، ئەویش هەموو رۆژانی سێ شەممە، وەک چۆن رۆژانی هەینی مەلایەکان خوتبە دەدەن، وەعز و خوتبە لەسەر ئەو پرسیارانە دەدا کە لە لایەن ئەو رۆژنامەوە ئاراستەی دەکرێت. وەعزی ئەو سێ شەممەیە لەسەر "ئیفلاس"بوونی حیزبی شیوعی بوو. راستییەکەی هەرچەند وابزانم پێشتر وتارێکی هاوڕێ باخەوانم بە تەواوی نەخوێندۆتەوە، لێ دەزانم خۆی وەک موفەکیرێکی کوردایەتی دەزانێت و لەوەدەچێت "ئەکادیمی"یش بێت. بۆیە کەمێک بۆم سەرنجڕاکێش بوو، کە بزانم ئەو "پسپۆڕە" ستوونووسەی "میدیا" چۆن هۆکاری "ئیفلاس"بوونی حیزبی شیوعی لێکدەداتەوە.

لێرەدا بە جەغتکردنەوە بە خوێنەر و هاوڕێ باخەوان دەڵێم، کە راستە من لە هەشتاکاندا هەشت نۆ ساڵێک پیشمەرگەی حیزبی شیوعی بووم، لێ نە ئەوکات و نە ئێستاش من پێم وانییە نەک هیچ حیزبێکی کوردیی و غەیرە کوردیی، بەڵکو هیچ ئایدیۆلۆژییەکیش، چەپ، راست، ئایینی و ... تا رزگارکەری کورد و مرۆڤ بن. وەک مجگێزیش، کەیفم بە هیچ حیزب و رێبازێکی سیاسیی نایێت. لەوەش زیاتر، من پێش هاوڕێ باخەوان و هاوڕاکانی لەو گرمۆڵەبوون یان بە دووکاندارێکردن و تەقاویخۆرەکانی حیزبی شیوعی بە ئاگام و هەڵوێستی خۆم رووبەڕووی خۆیان و بە نووسینیش لەو دۆخە شەرمهێنەرەی حیزبی ئەوان راگەیاندووە. لەوەش گەرێ، کە ئەو سەرکردایەتیی و راگەیاندی ئەو حیزبە هێندە دەمچەفت و خەنی خۆشن بە دووکانەکانیان، بۆیە نە توانای گفتوگۆیان لەگەڵ نەیارەکانیان هەیە نە سەرکۆنەکردنی دۆستەکانیان.

کەواتە فرۆشتنی حیکایەتی کوردایەتیی و هەڵوێست بە من لە هەر کەسێکەوە بێت، بە فشە وەردەگرم.
بەڵێ، هەر دوای خوێندنەوەی چەند دێرێک زانیم ئەو ستنوونوسەش هەمان بەزمی ئەو بەناو نووسەرانە دەڵێتەوە کە خۆیان بە وەعزدەری بێحزروی کوردایەتیی دەزانن و لە تێدامان بەرانبەر بندەستی کوردستانیشدا نەک هەر حیزبی شیوعی، بەڵکو مارکس و مارکسیزمیش دەبوغزێنن. لە کن ئەو نووسەرە کورد-یزم خوازانە هەموو مێژووی بندەستی کورد نەک هەر هۆکاری حیزبی شیوعییە، بەڵکو خەتای خودی مارکس و مارکسیزمیشە، هەروەک پێش مارکس کورد بندەست نەبوویێت، هەروەک دوای رمانی سەدام خەتای مارکس و حیزبی شیوعی بوو بێت کە کەرکوک بوو بە دوکانداریکردنی حیزب و نووسەرە پارەخوازەکان. ئەدی ماوەیەک ئەوە سکرتێری حیزبی شیوعی عیراقی نەبوو کە شەڕی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی 140دەکرد؟ تۆ بڵێی هاوڕێ باخەوان پێی وابێت، کە کردنی مادەی 140 بە حیکایەتی مێشێ و ناودێرکردنی موسل، کەرکوک و گەرمیان بە "ناوچە جێناکۆکەکان"، خەتای مارکس و حیزبی شیوعی بن؟ دوای تەواوکردنی ئەو "تەحلیل"ە بێتامەی هاوڕێ باخەوان بە خۆم گوت، ئەگەر هەموو وەعزی سێ شەممەکانی رابردوو بۆ پرسە رۆژەڤێکانی کورد ئەوها بن، ئیتر حکومەتی کوردستان بۆ تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی ناوچەکە و جیهانیش پەکی ناکەوێ.
دواجار پاش خوێندنەوەی ئەو وەعزە ستوونییەی هاوڕێ باخەوان بیرمکردەوە بە بینانۆی ئەو وەعزەدانەی ئەوەوە ستوونێکی بەرین و بێسنوور لەسەر ئەو کوردایەتییە خێڵەکیی، لاسیکەرەوەی پان-عەرەبیزمە، بەعسی ئاسا، ئەو بە باو بوونی جۆرە پرسیار و وەڵام، لێکدانەوە ستوونییانە کە زیاتر قسەی خوشداکەنەن لەسەر دۆخی ئێستای کورد، وەک مۆدەیەک لە رۆژنامەکاندا دەنووسرێن و ئەو بوغزاندنەی مارکسیش بنووسم کە نووسەرگەلێکی وەک باخەوان خۆیانی پێ هەڵدەتەکێنن. لێ راستییەکەی ئەو وتارەی کە من گەرەکم بوو بینووسم، لەو دەمەدا لەبەر بێکاتیی و بێهوودەییش لەوێ راوەستێ، بۆم نەنووسرا، بۆیە لە بری ئەوە بە باشم زانی ئەو شێوازە لە رەخنە پلۆمیک، رەخنە رووبەڕووبوونەوەیە هەڵبژێرم.

بەڵێ، رۆژنامەی "مێدیا" کە بە رووکەش گوایە دەمڕاستی "کوردایەتی" یەکەی "کۆنگرەی نەتەوایەتی" دەکا و لە جەوهەریشدا بەشێکە لەو دووکاندارییە عەنتیکانەی کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەناوی رێکخراو و رۆژنامەی سەربەخۆوە کۆمەکیان دەکا یان قووتی کوردوونەتەوە. بۆیە "میدیا" لە ژێر چەتری ئەو تەرحە کوردایەتییە رووکەشەوە ستوونە هەفتانەکەی بۆ وەعزەکانی کاکە هاوڕێ بەغەوان تەرخانکردووە. دیارە من مەبەستم چاکیی ناچاکی ئەو رۆژنامانە نییە کە چۆن و کێ کۆمەکیان دەکەن، لێ وەک خۆیان ناودێریان دەکەم.

سەرەتا لەوە بترازێن، کە ئەوە بێدەماریی سەرکردایەتیی و بنکردایەتی حیزبی شیوعییە کە ئەمڕۆ بۆ بەردەوامبوونی دووکانەکانیان ئەو حیزبەیان گەیاندە ئەو ئاستە کە باخەوانە بێ کوردایەتییەکان ببنە وەعزدەری مێژووی حیزبی شیوعیی و بگرە پڕیاردەری هزری مارکسیش. بەڵام گاڵتەجاڕی لەوەدایە کە مامۆستا باخەوان، وابزانم لە دەرێ دەژی، کەچی وەک مەلای گوند وادەزانێ بۆ جوتیار و شوانی گوند دەخوتبێنێ، بۆیە وا باسی لەو ستوونە وەعز ئاسایەدا وا باسی شیوعی دەکا کە گوایە لە هەشتاکان و ئێستاش دژی کوردایەتی بوو، وەهاش باسی پارتی دیمۆکراتی دەکا کە گوایە حیزبێکە لە کاتی هەشتاکان و ئێستادا خەریکی "کوردایەتی"یە. وەلێ باخەوان کە لە ئاستی کوردایەتییدا کە خەریکە بە دروشمی "برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خوداوە بێت" کوردستانی "گەورە" مان بۆ بسازێنێ، لە بیری چۆتەوە کە خودی پارتی کە تا کۆتایی هەشتاکانیش لەبەر یەکێتی نیشتمانی نەک حیزبی شیوعی بوو نەیدەتوانی لە دەڤەرەکانی هەولێر و سلێمانیی و گەرمیاندا بە خەباتی نهێنیش بحەوێتەوە، بۆیە لە بری ئەوە بە ناچاری بۆ ئەوەی رژێمی ئیسلامی پەنای بدات ناچار بوو ماوەیەک کەم و زۆر بۆ لێدانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی ئێران بەلەدی بۆ پۆسدار بکات، یان لە زێوە، رژان و کەرەج خەریکی "کوردایەتی" بوو. لەوەش گەڕێین، کە پارتی دیموکرات هەرچەند راپەڕینی جەماوەر لەو دەربەدەرییەی ئێران رزگاریی کرد و هاتەوە کوردستان، کەچی دواجار لە بۆ راوانانی "براکەی-یەکێتی نیشتمانی" لە 1996دا ئەو سەربازانەی رژێمی بەعسی هێنایەوە هەولێر کە هێشتا دەست و

چەکمەکانیان خوێنی منداڵ، پیر، ژن و کیژەکانی کوردستانیان لێدەچۆڕایەوە! هەروەک هێشتا باغ، مێرگ، دەشت و چیاکانی کوردستان بۆنی دوکەڵی کیمیایی ئەنفال بەری نەدابوون! پێویستیش ناکات باخەوان و هاووێنەکانی زوو باسی ئەوەم بۆ بکەن، کە پیشتر یەکێتی نیشتمانیی بەسیج و ئیتلاعاتی ئیرانی تا کۆیێ هێنابووا! ئەو بەزمانە هەموو خەتای مارکس و حیزبی شیوعیین کە کوردایەتییەکەی کاکە باخەوانیان بێ" باخ " و "باخەوان"ی کوردایەتی کردووە. لەوەش گەڕێ، کە ناچارم بە یادی باخەوان بهینمەوە کە خودی پارتی تا 90 لە پەیڕەوی ناوخۆیدا نووسیبووی، کە بڕوای بەو سۆسیالیزمە هەبوو کە کاکە باخەوان مەعیدەی پێدەگیرێت.

لێ گوایە پارتی لە هەشتاکاندا کۆمەکی ماددی و مانەوەی حیزبی شیوعی کردووە، ئەمەیان وەعزێکی نوێیە کە ئەو لە باخە کوردایەتییەکەی بەرهەمیهێناوە. من کە فشەم بە هەموو ئایدیۆلۆژیی و ئایدیۆلۆژیستکی وشکەڕۆ دێت، لێ وەک پێشمەرگەیەکی ئەوێ رۆژێی حیزبی شیوعی، دەزانم پارتی، بەلای کەمییەوە لە دەڤەری هەولێردا، چۆن بوو و چیکردووە. کە من لە 1984 بۆ ساڵێک لە راگەیاندنی ناوەندی شیوعی بووم کە لە دەڤەری "لۆلان" و "دەروا" بوو، پارتی کە تازە راگەیاندنێکی شڕۆکەی لە نزیک شارۆچکەی شنۆ دا بە دیوی "لۆلان"دا هێنابوو، مانگانە رۆژنامەی "خەبات"یان دەهێنایە راگەیاندنی حیزبی شیوعی تا بۆیان تەسمیم بکەن و یارمەتیان بدەن. گاڵتەجاڕییە کە حیزبی شیوعی لەسەر داکۆکی کردن لە پارتی کە مافی خۆیەتی بێتەوە کوردستان خەبات بکات، لە شەڕی خۆکوژیی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا دەیان پێشمەرگەی خۆی کردە قوربانی. کەچی پارتی بە مقاوەلات جار و بار چەند بەناو پاشمەرگە نەک پێشمەرگەی خۆی، کە گوایە تا وەک بەشێک لە "بەرەی کوردستان"ی ئەودەم ئامادەییان لە گۆڕەپانی خەباتدا هەبێت رەوانەی کوردستان دەکرد، کەچی مانەوەی لە ماوەیەکی کورت تێندەپەڕیی و دوا وێستگەشیان دەڤەری باڵەکایەتی یان خۆشناوەتی بوو و دوایی دەگەڕانەوە "زێوە" و"راژان" و "کەرەج". لەوەش گاڵتەجاڕیتر ئەوەیە، کە ئەو رۆژگارە نازانم هاوڕێ باخەوان لە کوێ بووە و

چی بووە، کەچی ئێستا بێت خۆی بکات وەعزدەری راستیی و مێژوو بنووسێتەوە!

وێڕای ئەمەش ئەوکات لە هەشتاکاندا کە یەکێتی نیشتمانی بۆ گاڵتە، دەیانگوت هەموو پاسۆک " مەنجەڵە دۆڵمەیەک" بەشیان دەکا، کەچی حیزبی شیوعیی و سۆسیالیست پاسکۆیان پەنا دەدا و کۆمەکی ماددیی و مانەوەی دەکرد. ئەو پاسۆکەی، کە بە واتای هاوڕێ باخەوان، خەمی رزگارکردنی هەموو کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوو، دەبوو پشت و پەنای"پسپۆڕ"گەلی وەک هاوڕێ باخەوان و حیزب و گەلی کورد قایم بووایە نەک حیزبی شیوعی کۆمەکیان بکات. نازانم ئەوکات هاوڕێ باخەوان و ئەوانەی کە کاتی خۆی کۆنە جاش و موستەشار و ئێستاش مشەخۆری کوردایەتین لە کوێ بوون کە پاسۆک لەو لاوازیی و هەژاریی جەماوەرییە رزگار بکەن؟ ئەگەر مارکسیزم، وەک باخەوان دەڵێ، مایە پووچە، ئەدی باشە وێڕای ئەوەی کە کورد دوای لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو یان لە کاتی رماندنی رژێمی سەدەم بە دەست ئەمریکاوە، ئەگەر هێزێکی کوردپەروەر و خاوەن ستراتیژی نەتەوایەتی هەبووایە، دەکرا سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت، لەو دەمەدا بۆ "پاسۆک" وەک ئێستای حیزبی شیوعی خراپتر "ئفیلاس" بوو و دواجار بەشێکی زۆریان، وەک ئەو کادیرانەی ئێستای حیزبی شیوعی، بارگەیان بۆ ناو پارتی گواستەوە؟! تۆ بڵێی لە دواجاردا حیکایەتی کوردایەتییە وەعزدەرانەکەی کاکە هاوڕێ باخەوان بە وەرگرتنی پۆستێکی کوردانەی پارتی دیموکراتی ئاسا، وەک کۆی ئەوانەی کە لە کن پارتی دیموکراتیی بوونەتە "راوێژکار" و "خەبیر"ی بێراوێژ و خبرە و خومرە، پۆستی راوێژکارییەکی بێراوێژ، خەتم نەبێت؟! بەس دەترسم پۆستەکەی لەو دەزگای راگەیاندن و مەدەنییانەدا بێت کە کۆنە شیوعییەکان سەرۆک و بەڕێوەبەریینە و پێش ئەویش پەرەپێدەری رێبازی کوردایەتییەکەی رەحمەتی بارزانین!

بەهەمە حاڵ، خۆشی لەوەدایە کاتێک کاکە باخەوان، وەک گشتاندنێک، باس لەو پێرە کۆنە شیوعییانە دەکات کە دوای پەشیمانبوونەوە یان بە هۆی مەگیرانکردن بە دوای پارەوە بوونەتە پارتی، کەچی ئەو هاوڕێیە کوردپەوەرە باسی ئەوەشمان بۆ ناکات، بۆچی پاسۆک، کە هەڵبەت دەبێ هاوڕێ

باخەوان یەکێک بێت لە دامەزرێنەریی یان بە لای کەمییەوە هاوبیرانی، دوای بە هەڕمێنبوونی پارە و نەمانی کوردایەتیی و سیاسەتە لە کوردستاندا، بە واتای باخەوان "ئیفلاس"بوو یان بەشێکی زۆریان لە دەوروبەری پارتی دیموکراتدا دەخوولێنەوە. ئەدی ئەو کوردایەتیی و خەونە خۆشانەی کە بە رزگارکردنی چوارپارچەی کوردستانەوە چی لێهات کە دروشمی قەبەی پاسۆک بوو؟ رەنگە خەتای مارکسیزم بێت ئەو خەونانە بە زایەع چوون، وەک زۆر لە خۆ بە نەتەوەزانە باخەوان ئاسا بێ "ئیزم"ەکان باسی دەکەن؟ مرۆ لای سەیرە، کە بۆچی باخەوانی هاوبیر باسی پاسۆک ناکات، کە ئەو حیزبە دەرپەڕی روح و ئاستی کوردایەتی ئەو بوو، بەو ئاکامە کۆمیدی/تراژدییە گەیشت! لەوەش گەڕێ، کە ئێستا دوای ئەوەی بەزمی "گۆڕان" بوو بە مۆدەی دووکانێکی نوێی سیاسەتبازیی و کاسبی کۆنە سیاسیی و نووسەرە مێش ئاکارەکان، ئیدی بەشێک لەو پاسۆکانەی کە بە هۆی هەر تەگەرە و بەزمی کۆنەقین و کەسیی بێت، وەک باوە، بوون بە "هاوپەیمان"ی :لیستی گۆڕان". لێ رەنگە کاکە باخەوان بزانێ، ئاخۆ ئەو لیستە دوکانێک، کورسییەکی بەو کۆنە پاسۆکانە داوە یان نا؟ ئەو حیکایەتانە تولانین و لێرەدا ناکرێ هەموویان بۆ کاکە هاوڕێ باخەوان شیکبکەمەوە. لێ باخەوانی هاوبیرمان یان خۆی دەخەپێنێ ئان وا دەزانێ کە کەس بە کەس نییە، بۆیە نازانێ کە دەزانین بەشێکی زۆر لەو پێڕی کۆنە شیوعیانەی کە لە راگەیاندنی پارتی دا بوونەتە درێژەدەری "رێبازی بارزانی"، لە رەچەڵەکدا زۆربەیان پارتی بوون. دەبێ کاک باخەوان بزانێت، کە لە سەرەتای هەشتاکاندا، کە ئەودەم پارتی بوون عەیب بوو، کەچی شیوعی بوون مانای "رۆشنبیربوون" و پێشکەوتن" بوو، بۆیە ئەو کۆنە شیوعیی و تازە پارتیيانەی کە ئەو ئاماژەیان پێدەکا لە کۆتای حەفتاکاندا "قیادەی موقتە"بوون یان لە بنەماڵەوە سەر بە پارتی بوون و بە جەماعیی یان وەک تاکە کەس هاتنە ناو حیزبی شیوعییەوە، تاکوو لەگەڵ بەزم و مۆدەی ئەو دەمە خۆیان کۆک ببینن. هاوکاتیش لە نەوەدەکاندا دوای خۆشکردنی کارگەی شەڕی یەکتر کوشتنی نێوان پارتیی و یەکێتیی و ئیسلامییەکان، ئیتر زەمینەی حیزبێکی وەک حیزبی شیوعی بەرتەنگ بوو، کە خەریکی دروشمی یەکسانیی و

عەداڵەتی کۆمەڵایەتیی و تشتی ئەوها بوو کە لە کوردستانێک کە بە دەست برسییەتیی و لەناو شەڕی حیزب و چەتەگەرییدا هەلا هەلا بوو بوو. حیزبی شیوعی کە ئەوکات تازە بلۆکی سۆڤییەت رمابوو و ویستی ئەوەی نەبوو کە هەڵوێست لە دڕندەیی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکانی و لەسەریشانەوە یەکێتی سۆڤییەت و خودی مێژووە دوور و نزیکەکە چەوتەکەی بگرێت، بۆیە لە ئاکامی ئەمانە و ئەو چەتەگەریی و مافیاگەرییەی کە بەناوی حیزب و حکومەتەوە سامانی خەڵکی کوردستان تاڵاندەکەن و پریار لەسەر چاوەنووسی خەڵک دەدەن، حیزبی شیوعی بەرەو ئەو دۆخە بوودەڵە و دەستکورتییە گەیاند کە ئێستا لە پارتیی و یەکێتیی دەپارێتەوە کورسییان پێبدەن، کە راستییەکەی دوکانە نەک کورسیی دەسەڵات. هەروەک دەرۆزەکردنی حیزبی شیوعی بۆ کورسییەک لەو حکومەتەی کوردستان، مانای راگەیاندنی دۆرانێکی ئەخلاقییانەی ئەو ئەو حیزبەیە وەک خودی ئەو دوو حیزبە.

لەوەش خۆشتر، ئەو قسە جەڵەبییەی هاوڕێ باخەوانە سەبارەت بە خودی مارکس. بەڵێ دەکرێ کێشەمان نەبێت لەگەڵ ئەو نییە کە حیزبە کۆمونیست و دەوڵەتانی پێشووی سەر بە بلۆکی سۆڤییەت وابەستە و دژە ئازادیی و بگرە بکوژیش بوون، لێ ئەوها لووتبەرانە و سەرپێیانە بێبایەخکردنی کارل مارکس وەک هزرڤان و سۆسیولۆگ و ئابووریناسێک لە لایەنەوە ئەو هاوڕێ باخەوانەوە ، تەنیا وەعز و فتوای ئەو مەلایە بێ عیلم و بێ ئاینانەمان بیر دەهێننەوە کە جار و بار رۆژانی هەینی لە خوتبەکانی مزگەوتەکانی کوردستاندا، جا بە هۆی بێکارەباوە بێت یان بە هۆی بوغزەکانیان لە خێزان یان ئەو رێکخراوانە ئافرەت/ژنانەوە بێت کە لە جیاتی کۆمەکیکردنی ژنی کورد، کاسبییان پێدەکەن، وەعزی لەو چەشنە عەنتیکەیە دەدەن. بە دەر لەوەی کە ئێمە هاوڕای تیۆرییەکانی مارکس بین کە لەمەڕ سیستەمی ئابووریی سەرمارییەداریی، پرسی جڤاک، مێژوو، شۆرش، هونەر و... تاد بەرهەمیهێناوە، لێ ئەوها سووککردنی مارکس مایەی کەمزانی هاوڕێ باخەوان لە ئاستی تێگەیشتنی لە کۆی هزر و تیۆریی نیشاندەدا. دیارە ئەوا قسە جەڵەبییە، ئەوها سووکردنی مارکس و زۆرێک لە فێلەوسوفانی تر و نووسەری جیهانیی و خۆماڵێش لە لایەن

بەشێکی زۆری کۆلکە نووسەر و سیاسەتکاری رۆژانەی کوردستاندا تشتێکی نوێ نییە، هەروەک هەموو دەزانین بەشێک لەو نیو لیبرالیس و نیو کۆنپارێزانەی رۆژئاواش ئەوها مارکسیزمیان وێنە کردووە و دەکەن. لێ، ئەوەندەی من بزانم، نووسەر و ئاکادیمییەکی پۆسپۆڕ لە بوارێکی زانستە مرۆڤایەتیی و سروشتییەکانیش نەخوێندۆتەوە کە وا مارکس بە فشە و مردوو بزانێت.

بۆیە هیوادارم کاک هاوڕێ باخەوان لە نووسینی ستوون، وەعز و خوتبەی سێ شەممەکانی داهاتوویدا، ئەگەر دەخوازێ کوردایەتی کوردان بفراژێنێت، چیتر لەناو ئەو چەشنە قووڕە لیتاوە خوول نەخوات کە هەم پێش ئەو نیو سەدە زیاتر کەسانی تر خوولیان لەناویدا خوارد و هەمیش ئەم رۆژگارە هی ئەوە نییە بەو جۆرە قسانەوە مرۆڤگەلێک فریو بدەیت کە لەناو ئەو قسانتدا خوول بخۆن.

21-4-2010

ستۆکهۆلم

/http://handren07.kurdblogger.com

**بەڕێزێکی شیوعیی تریش بەناوی (دلێر محەمەد شەریف)ەوە ئەم دژە وتارەی لە ماڵپەڕی رێگای کوردستانی حیزبی شیوعیی کوردستاندا بڵاوکردەوە:**

## وەڵامێك بۆ ووشە سواووناشازەکانی هاوڕێ باخەوان[1]

دلێر مەحەمەد شەریف

Apr 25|13:26

---

1 ماڵپەڕی رێگای کوردستان - 25-04-2010

ئەم کاك دلێرە هەمان نووسینی وەك کۆمێنت لەسەر نووسینەکەی من لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆدا تۆمار کردبوو، ترسابوو لەوەی نەوەکو نووسینەکەی لەسەر ماڵپەڕی رێگای کوردستان نەبینم!. ئەم دلێرە ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی کوردستانە.

هەفتەنامەی رێگای کوردستان – ئۆرگانی حیزبی شیوعیی کوردستان – ژەمارە 883 لاپەڕە 7 – 28-04-2010

من هیچ کات ووشە ریزکردنەکانی ئەم هاوڕێ باخەوانە سەرنجی رانەکێشاوم بۆ خوێندنەوە چونکە هەمیشە سەرپێی ودوور لە هیچ رەهەندێکی مەعریفی و سیاسی ووشەکانی ریزدەکات . ئەم جارەش لە وەڵامی پرسیارێکی هەفتەنانەی میدیادا ئەم هاوڕێ باخەوانە لە ژمارە ( 431 )ی بەرواری ( 20 \ 4 ) ی هەفتەنامەی میدیادا کە بە داخەوە خۆی لێمان کردوە یان کردوویانە بە بیرمەندو سیاسەتمەدارو لێکۆڵەرەوەی فکرو سیاسەت و ئەویش بە ئارەزوی خۆی و بە پێ خاوسی و ناهوسەنگانەو دەکەوێتە وێزوی شوعیەکان و حیزبی شوعی و فکری مارکسی . کە لەوە دەچێ ئەوی لە لاهای ژیاوو تا ئێستا ئەوە نەزانێ کە هەتا گەورەترین ئەودەوڵەتانەی کە ئەو بەرێزە ناخی بۆیان دەسوتێ و شانازیان پێوە دەکات نەك بەو جۆرە باسی فکرو تێروانینەکانی مارکس و مارکسیەت ناکەن ، بە ڵکو بە رێزە لە چەمك و داهێنانە فکری و فەلسەفیەکانی مارکس دەروانن و وەك تیۆرێکی فکری مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەکەن بە تایبەتی لە دۆزینەوەی گرنگ ترین خاڵە وونبووەکانی سیستەمی ئابوری و ئابوری سیاسی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە . لەوانەیە باشترین بەڵگەش ئەو گەراندنەوەیەی دەوڵەتێکی گەورەی سەرمایەداری وەك ئەمریکا بێت بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی مارکسیەت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە داراییەی کە دەوڵەتانی سەرمایەداری دوچاری بوون لە رۆڵ و بەشداری دەوڵەت لە ئاراستەبوونی ئابوری دەوڵەتدا و هەر ئەو روانگەیەش بوو وای کرد کە بە برێك پارەی زۆر یامەتی ( ووڵ ستریت ) بدات بۆ دەربازبوون لە وقەیرانە داراییە . کە ئەمە پێچەوانەی فکری سەرمایەداری بوو . کە بێگومانم ئەو بەرێزە نە لەو هاوکێشە فکریە مارکسیە پەیوەست بووە بە مرۆڤایەتی تێ گەیشتووەو نە تێی دەگات ، کە بروا ناکەم رۆژێك لە رۆژان هیچ خۆی خەریك کردبێت بە خوێندنەوەی مارکسیەت و نزیك لە فەلسەفەی مارکسی ، ئویش وەك زۆرانی تر بەباکگراوندێکی ژەناوی وبە بریاری پێشوەختەوە حوکمی کوێرانە بەسەر مارکسیەت و هەڵگرانی فکری مارکسیەتدا دەدات ، چونکە هەمیشە ئەو وشە ریزکردنانەی ئەو بەرێزە کلۆڵی و هەژاری ئەوی نیشانداوە لەو مەسەلانە و لەو حاڵەتەشدا هەر دەبێت

بەو جۆرە قسەبکات . ئەگەر وانەبێت خۆ ئەو پرسیارەی میدیا لە شوێنێکەو وەڵامەکەی ئەویش لە شوێنێکی ترە . کە لەراستی دا وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەندەی یاساییە کەمتر سیاسیە ، کەچی ئەوبەرێزە زۆر نەشارەزاو لە باکگراوندێکی پر لە کینەو رقەوە و دوور لە وەڵامی پرسیارەکە دەکەوێتە وێزەی شوعیەکان و حیزبی شوعی و مێژووی پر لە قوربانی و سەروەری ئەو حیزبە ناشیرین دەکات ، کە ئەوو هەموو ئەوانەی وەك ئەو لە بەرامبەر باڵای شوعیەکان و مێژووی حیزبی شوعیدا لە کورتە باڵایەکی کلۆڵ زیاتر نین .

ئەوەتا ئەو سیاسەتمەدارە بەرێزە لەو چەند دێرەی وەڵامە ناهاوسەنگ و ناشازەکەیدا داوا لە شوعیەکان دەکات واز لە شوعیەت بهێنن چونکە ئەو لەو تێروانینە مەزنەیدا گەیوەتە ئەو دەرئەنجامەی کە شوعیەکان وەك خۆی وتەنی مادام لاقێکی کورسیەکیان نەهێناوە ، ئیتر ئەم حیزبە پێویست نیەو ئیفلاسی کردووە و باشترە ئیفلاسی خۆمان رابگەیەنین و بچینە پاڵ لایەنێکی تر کە کورسیان هێناوە ...!؟خۆزگە دەمزانی ئەو بیرمەندە چۆن گەیشتۆتە ئەو بیرۆکە مەزنە کە شوعیەت و حیزبی شوعی پێویست نیە مادام کورسی نەهێناوە ...!! دیارە ئەوە حیکمەتی بیرکرنەوەی ئەو سیاسەتمەدارە مەزنەیە کە فکرو تێکۆشان و ململانێکانی مرۆڤ و ناکۆکی سیستەمەکان لە کورسی و دەسکەوتی کورسیدا دەبینێ و پێوەری بەرنامەو پرۆژەکانی مرۆڤ بۆ ئایندە و گۆرانکاری کۆمەڵگە بە ساڵ و ژمارەی کورسی دەپێوێ ....ئێ خۆ بەرێز کێ دەڵێت ئەوانەی کورسی زۆردەهێنن یان زۆریان هێناوە ئیتر ئەوان هەڵگری پرۆژەیەکی مرۆڤانەی رەواو فریادرەسی نەهامەتیەکان و بەدیهێنەری پێشکەوتن و رەفاهیەتی مرۆڤ و ئایندەی کۆمەڵگەن .....؟؟ خۆ لایەن و خەڵکانێك لەم هەڵبژاردنەدا کورسی زۆریان هێناوە تا دوێنێ بەشداری ئەنفال و جینوسایدی کوردیان دەکرد و ئەمرۆش نەك هەر بروایان بە ماف و ئازادییەکانی ئەم گەلە ستەم دیدەیەی کوردنیە ، بەڵکو نەبروایان بە دیموکراسی و نە فیدراڵی لە کەمترین مافی ئەم گەلەدا نیەو هێشتا خەون بە دەوڵەتێکی ناوەندی و تۆلیتارییەوە دەبینن . تۆ بڵێ ی ئیتر ئەوان هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و

بنیادنەری بەهەشتی ئەم کۆمەڵگەیە بن ...!؟ یان ئەوانەی کە دەنگی مەزهەب گەرایی و گێرانەوەی کۆمەڵگەیان بۆ کۆمەڵگەی شەریعەتی و وابەستە بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دەوروبەر هێنا براوەن ...!؟ تۆ بڵێی ئەوە پەیامی مرۆڤایەتی و ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیەبێت مادام کورسیان هێناوە ...!؟ یان ئەم واقیعەی کۆمەڵگەی کوردستانی خۆمان و سروشتی ململانێکان و پەنابردن بۆ هەموو شتێکی خوازراوو نە خوازراو تا ئاستی شەری دەستەو یەخە و ئاراستە کردنی کوردستان بۆ حیزبی براوەو حیزبی دوراو هەر وەك تۆش بەو هەمانەیە واقیع و دەرهاویشتەکانی دەپێوی ، لە کاتێکدا تۆی گوایە لە هۆڵەندە ژیاو دەبوو باشتر لە چەمکی دیموکراسی و ناوەرۆکی دیموکراسی تێبگەی ، کە پرۆسەی دیموکراسی لە بنەرەتدا پرۆسەیەکە بۆ رێکخستنی ململانێی سیاسی و براوەی راستەقینە کۆمەڵگەیە کە ئیتر رێگە نادات ئاڵوگۆری دەسەڵات بە خوێن وزوڵم و فێڵ و شەر ئەنجام بدرێت و دەسەڵات ناچار دەکات کە لە رێگەی بەشداری سیاسییانەوە و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەسەڵات بە دەستانی ناو دەسەڵات دیاری بکات ....بەڵام دیارە تۆی بیرمەندی مەزن سەرمایەداری و سیستەمی سەرمایەداریت لێ بووەتە کۆمارەکەی ئیفلاتۆن و واتێدەگەی کە نەك هەر مافیاکانی جیهان دەرئەنجامی مارکسیەتە لەوانەیە ئیستا بورکانە تەقیوەکانی ئیسلاندیشت پێ وابێ بە هۆی مارکسیەت و شوعیەکانەوە یەو وا لەم سەردەمەدا رەخنە لە ستالین و کاسترۆو پۆڵپۆت دەگری ...!.هەی ئافەرین بۆ ئەو بیر کردنەوە مەزنەت کە ساڵانێکە سەردەمی ئەمانە بەسەرچووەو کەچی تۆ لەمرۆدا لە کوردستاندا وا شوعیەکان لە سەر هەڵەی ئەوان دادگایی دەکەی ... هەی ئافەرین بۆ ئەو عەقڵە دیموکراتخوازەت کە لە هەموو ووشە ریزکردنەکانتدا بە هەمان نەزمی ئەوان بیرت کردۆتەوە و مافی ئازادی بیروراو حیزبایەتیت بۆ شوعیەکان نەهێشتۆتەوە . لە کاتێکدا مەگەر تۆو هاوشێوەکانی تۆ نەبێت کەس نیە لەم کوردستانەدا ویژدانی لە بەرامبەر رۆڵی شوعیەکان لە هوشیارکردنەوەو قوبانی و هەڵویستی نیشتمان پەریی ودڵسۆزانەیاندا لەم ووشە ریزکردنەی تۆدا ئازاری نەدات . بەڵام کورد وتەنی دیارە کاڵا بەقەد باڵای خۆیەتی .

بەرێز تۆ کەیفی خۆتە چۆن بیردەکەیتەوەو تاچەند بە رق و کینەو نەشارەزاییەوەهیچ بە شوعیەکان رەوانەبینی .بەڵام دەبێت ئەو راستیە بزانی کە شوعیەت بە دروشم و هاتو هاوارو تەمەن نیە ، بەڵکو ئەوە پرۆژەیەکی مرۆڤ دۆستانەو سیستەمێکی کامڵەو بە تەواوی سیستەمەکانی کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە ( سیستەمی سیاسی – سیستەمی ئابوری – سیستەمی کۆمەڵایەتی – سیستەمی رۆشنبیری ) ، واتە پەیوەستە بەهوشیاری کۆمەڵگەو ئاستی پێگەیشتنی سیستەمی ئابوری و پێشکەوتنی کۆمەڵاتی لە پاڵ رۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگەدا ، هەر وەك چۆن پرۆژە رەشهەڵگەراوەکان لە کۆمەڵەیەکی ناتەندروستدا گەشە دەکات بە پێچەوانەی ئەوە شوعیەت و دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێشکەوتودا گەشەدەکات . بەڵام دیارە ئەوەش نەگبەتی شوعیەکانە کەو کۆمەڵگەیە پرە لە و کۆڵەوارانەی وەك تۆ کە ئەوروپاش لەو بیرکۆڵی و کۆڵەواریە رزگاری نەکردوون . ئەگەر نا بەرێز خۆ شوعیەکان هەرچی بووبن و هەر چۆن بووبن بەڵام داکۆکی کەرێکی جدی و دڵسۆز بوونە بۆ رزگاری نیشتمانی و بنیادنانی دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و لەو پێناوەشدا بە هەزاران قوربانیان داوە و هەزاران جار بە قەد باڵای تۆ خوێنیان بە خاکی ئەم کوردستانەدا چۆتە خوارێ .

ئێوەش بەرێزانی هەڵسورێنەرانی هەفتەنامەی میدیا ( کە پێویست وایە زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی بن و سەربەخۆ نین....!؟ ) گەر مەبەستتان بوو وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەو پرسیارەتان دەست کەوێت ونەکەونە ناو وشە ریزکردنی پر لە چەواشەکاری و ناشازو نا دروستەوە باشتر بوو بچن وەڵامی ئەو پرسیارە لە کەسێکی شارەزای سیاسەت و یاساناس وەرگرن و پاشان لە حیزبی شوعی کوردستانیش بپرسن بزانن تێگەیشتنیان بۆ ئەو پرۆسەیە و ئەو کورسی قەرەبۆیە چیە ، کە دیارە بوەتەکورسی کێشەی کورد .لە کاتێکدا نازانم ئێوە چۆن رازی بوون ئەو بیرمەندە مەزنە ئاوا بە پێ خاوسی بکەوێتە وێزەی حیزبی شوعی کەلە وەدەچێت هیچ لە و پرۆسەیەو لە سیستەمی هەڵبژادن و یاساو دەقەکانی پەیوەست بەم بوارە

نەزانێت و دێت هەموو مێژووی تێکۆشان و هەڵوێستەکانی حیزبی شوعی لەو روانگە ژەنگاوییەوە بە هەمانەی ئەنتی کۆمۆنیست دەپێوێت ، لە کاتێکدا ئەو مەزنە ئاگادار نیە کە بە پێی سروشتی یاساکەو پێکهێنانی لیستی هاوپەیمانی حیزبی شوعی وەك کیانێکی سەر بەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردن نەکردووە و تاکە کاندیدەکانیشی لە شارەکاندا کاندیدی لیستەکە بوو ، یاساکەش زۆر روون بوو بەڵام ئەو راگەیاندنە بە یەك ناکۆکانەی ئەندامانی دەستەی باڵای کۆمسیۆن وای لێ کرد کە نازانم لە ژێر فشاری سیاسی دا بوو یان تێنەگەیشتنی ئەوانیش بوو بۆ (بە شی چوارەم) و ( هەنگاوی دووەم )ی پەیرەوی دابەشکردنی کورسی قەرەبۆی نیشتیمانی . ئەمە لە کاتێکدا وەك وتم حیزبی شوعی وەك کیانێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنی نەکردبوو (کە ئەمەیان بۆ خۆی هەڵە یە یان راستە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو پەیوەندی هەیە بە خوێندنەوەی حیزبی شوعی یەوە بۆهاوکێشەی سیاسی و میکانیزمی کارکردنی ، کەدەکرا تۆش لەم روانگەیەوە گفتو گۆ لە گەڵ حیزبی شوعی بکەی یان رەخنەی لێبگری ) . بەڵام دیارە تۆی مەزن ئاگادار نیت کەلەو ( 56 – 57 ) کاندیدە براوەیەی کوردستان تەنیا ( 3 ) کاندیدیان دەنگی پێویستی کورسی هێناوە ، جگە لەوەی کە لەناو لیستەکاندا کاندید هەیە بە ( 300 ) هەزار دەنگ کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی بردووە و کەچی هەر لە هەمان لیست کاندید هەیە بە ( 3 ) هەزار دەنگ کورسی بردووە . کە ئەمەش پەیوەست بوو بەو میکانیزمە ناداد پەروەرەی دابەشکردنی کورسییەکان و سیستەمی هەڵبژاردن . جا بەرێز گەر کەسانێك هەبێت لەناو حیزبی شوعی ئەو کورسیە قەرەبۆیەیان بە مافی خۆیان زانیبێت وەك خاوەن زۆرترین دەنگی ناو لیستەکە لە پاش یەکێتی و پارتی ئەوە هیچ نەنگیەکی تێدا نیە ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو لیستە هاوپەیمانیە هێندە بە بیرکردنەوەی حیزبایەتی تەسکەوە لەو پرۆسەیەیان نەروانیبایە. یان تۆ هێشتا لە خەونی هاوێیانی ئەشکەوتدا هەڵنەستاوی و لە دێرێکی پرلە ناشازو نا هاوسەنگدا بە ژێ کاف و هیوای دەبەستیتەوە . ( کەمن وەك رای خۆم پێم باشتر بوو حیزبی شوعی وەك کیانێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکات ، چونکە من دەمزانی زۆرن ئەوانەی

هەڵوێستی نیشتیمانی و بەرزەوەندی باڵای نیشتمانی نا خوێننەوە و ئیتر کاتی ئەوەش هاتبوو لە بیر تەسکی حیزبی پارتی و یەکێتی ئاشنا بین ) .

نازانم ئەم بەڕێزە هۆڵەندیە چۆن لە دیموکراسی گەیوە یان تاچەند بروای پێی هەیە دێت لە چەند وشەیەکی سواوو بێ حیکمەتدا بەو زمانە بازاریەوە کەهەر لەخۆی دەوەشێتەوە گاڵتە بە شوعیەکان و فکری مارکس و حیزبی شوعی دەکاو بە گاڵتە جاریەوە حیزبی شوعی بە سۆاکەر نیشان دەدات ، دیارە ئەو سیاسەتمەدارە مەزنە نازانێت هیچ کات شوعیەکان نە لە سەردەمی شاخ و نە لە ئیستاشدا سواڵکەری بەردەرکی هیچ لایەن و دەوڵەتێك نەبوونەو ئەو بر پارەیەش کەوەك بودجەیەك لەناو ئەو لێشاوە سامانەی کە کەس نازانێت دەچێتە کام گرفانەوە وەری دەگرێت وەك مافێکی حیزبی و حیزبێکی خاوەن ئیجازە بەپێی یاسا و خاوەن تێکۆشانی هەزاران قوربانی کە ئەمرۆ سەدانی وەك تۆ لە پەنایدا لافی ئازادی و دیموکراسی لێ دەدەی و بە هەوەسی خۆت و بە پێ خاوسی رەش و سپی تێکەڵ دەکەی . بڵێین چی ئەوەش حوکمی زەمانە سالآنێك کە شوعیەکان خاوەن هێزو توانا بوون هەزارانی وەك تۆ چیرۆکی مەزنی و جوانیان بە باڵای حیزبی شوعی و شوعیەتدا هەڵدەدا ، بەڵام ئەمرۆ سەردەم گۆراوەو شاباش بەبەڵای دەسەڵات و حیزبی براوەدا دەکەن . کاکی سیاسەتمەداری مەزن دەزانی بەو نوکتە دروست کراوە نزمەی تۆکە بەقەد باڵای خۆت نزمە تاچەند هەستی هەزاران شوعی بریندار دەکەی کە هەموویان باڵایان سەد جار لە باڵای تۆ بەزترە ، کە لێم روونە نەك هەر هیچ رۆشنبیرێکی هۆڵەندی بەڵکو هیچ تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە بەو زمانە نزمە نازانن قسە بکەن ، تۆئەو زمانە نزمە لە کوێ فێربووی.....!؟

بەڕێز من ناهەقی تۆش ناگرم وەك هاوشێوەکانت بە رقێکی ساویلکانەوە لەوەش ناحەکیمانەتر قسە بە شوعیەکان بڵێی ، ئاخر تۆ هەر دەبێت وابڵێی ، ناهەقی ئەو هەفتەنامەیەش ناگرم کە دیارە ئەویش لە پە نا مەبەستێکەوە دەبێت دەرگا بۆ کەسێکی مەزنی وەك تۆ بکاتەوە تا بەو زمانە سواوو نزمە

شوعیەکان و مێژووی شوعیەکان ئاوا ناشیرین بکەی ، لە کاتێکدا گەر تۆ ئەو بیرمەندە پر رۆشنبیری و دیموکراسخوازەیت دەتتوانی لە گفتوگۆیەکی فکری و سیاسیانەدا هەموو ئەو وشە ناهاوسەنگانەت بەجوانی و بەزمانێکی تردارێژی جا هەرچی بێت تێروانینت، ئەوە مافی هەموو کەسێکە و منیش لە چوار چێوەی ئازادی بیرو راوە زۆر بە هێمنی و بەرێزە وە تێروانینەکانت قبوڵ بکەم ، چونکە هیچ کات شوعیەکان لەو جۆرە گفتو گۆیانە نەترساون و وەك تۆ گوناح نەبونە .

بەڵام بەرێزم ئەو قەوانە سواوەی تۆ دەمێکە ریسوا بووە یان تۆ هێشتا ناتوانی ژیان و وەحشیەت گەری دەوڵەتانی سەرمایەداری بدینی ، ئەوەتانێ سەر هەڵدانی مافیا و نابوت بوونی کۆمەڵایەتی کە وەك خۆت دەڵێی پاش روخانی دەوڵەتانی سۆسیالیستی سەریان هەڵداوە بە دەر ئەنجامی مارکسیەت وسۆسیالیزمی دەزانی ، کە ئەمە بۆخۆی ئەو پەری هەژاری و کلۆڵی و نەشارەزایی تۆ نیشان دەدات لە رۆشنبیری و سیاسەت و فکری سیاسی و لەوە دەچێت هێشتا لە سەردەمی تاك جەمسەری و دەرهاویشتە پر لە شەرو ماڵکاولیەکەی سیستەمی نوێی جیهان حاڵی نەبوبی کە رۆژ بە رۆژ کۆمەڵگە هەژارەکانی وەك ئێمە بەرەو لەبەریەك هەڵوەشانەوەو نابوت بوون دەبەن ، دەك هەزار جار پیرۆزت بێت ئەو سیستەمە جوانە پر لە مرۆڤ کوژیەی سەرمایەداری ، کوردی هەژاریش لە هیچی کەم نیە شاباشی سەرمایەداری و بازاری ئازاد نەبێت کە 19 ساڵە لە پەنا ئەم بازاری ئازادەوە قور بۆ خەڵکی هەژاری ئەم کوردستانە ئەگیرێتەوە . خۆ گەر هەندێك لەو سیستەمە سۆسیال دیموکراسەی ئەو دەوڵەتەی کە خۆتی لێ دەژیت شارەزابویتایە بەتایبەتی لە سیتەمە ئابوریەکەی ئەوە دەتزانی کە سۆسیال دیموکراتیش لە بنەما ئابورییە سەرەکیەکەیدا هەڵقەڵاوی بەشێکی زۆری فکری سۆسیالیستیە . کە جیاوازی هەموو سیستەمە سیاسی و دەوڵەتیەکانی جیهانیش لە بنە رەتدا لە جیاوازی و شێوازی ئاراستە بوونی سیتەمە ئابورییەکەیدا دەردەکەوێت . بەرێز ئێمە وەك شوعیەکی کوردستان هەرگیز داکۆکی لە بلۆکی سۆسیالیستی و دەوڵەتە روخاوەکانیان ناکەین ، بەڵام تۆو

ویژدانت مارکسیەت هۆکاری سەر هەڵدانی مافیا کانیان بووە وەك خۆت وتەنی ، خۆ ئەگەر دەوڵەتی نادیموکراسی و شمولی و تاك حیزبی بونە ، بەڵام کێ هەیە نەزانێ لە پاش روخانیانەوە ئیتر توشی ئەو نەگبەتیە بوون و ئیستا بۆ کارو بۆ ژیان پەرتەوازەی دنیا بوونە . بەرێزم ئەمە حوکم و حیکمەتی بازاری ئازادە کە نەك هەر شتەکان لە پێناو زۆرترین قازانجا دەکاتە کاڵا بە ڵکو مرۆڤە کانیش دەبنە کاڵای دەستی خواپێداوو خاوەن سەرمایەکان ، کە بێگومانم تۆ سەر لەم مەسەلانە دەرناکەیت و بازنەی بیرکردنەوت لەو شتانە بچوك ترو نارۆشنترە . باشترە هەر واتێبگەی کە سەرمایەداری و سیستەمە نیو لیبراڵەکان ئەو کۆمارەی ئیفلاتۆنن کە تۆ خەونی پێوە دەبینی .

دواجار بەرێز شوعیەت فکرو بەرنامەو پرۆژەیەکی ئینسانیەو تا کێشەی تێرو برسی هەبێت ئەم پرۆژەیەش هەر دەمێنێ .. جا ئێمە کورسیمان هەبێت یان نا ... حیزبی شوعی هەبێت یان نا .

## لەنێوان مارکسیەکەی سەلام عەبدوللا و نەتەوەیی بونەکەی هاوڕێ باخەوان دا

**قادر نادر**

### بەشی یەکەم

دەمێکە بەدوای هەڵێک دەگەرام، کەبتوانم هەندێ رەخنە لەکەسە نەتەوەیە (٤ پارچە لیبرالەکان) بگرم

دوای دیدارەکەی هاوری باخەوان لەرۆژنامەی میدیا, هەلێکی دروست کرد، بەهیوای ئەوەی بەدلێکی گەورە و بەگیانێکی دیموکراسی، نەوەک بەدژایەتی وقین هەلگرتن، لێم وەربگرن. چونکە دەبێت، کۆتایی بە شەرم و رەچاوکردنی

هاوڕییەتی و ناسین لەسەر هەلوێست ودیاردەو روداوە چارەنوسسازەکان بهێنین و هەمومان راستگۆ بین، لەگەڵ قەلەم و پراکتیزەکردنی وشەی دیموکراسی لە ژیانی رۆژانەمان دا. وەهەردولا وبەرە کەسانی دلسۆزن بەلام دلسۆزی مانای ئەوە ناگەیەنێت هەلەنین لەلێکدانەوە و لەدەرەوەی رەخنەبن.

ئەو رەخنانەی هاوڕی باخەوان لە ڕۆژنامەی میدیا لەژمارە ٤٣١ لەسەر حزبی شوعی گرتویەتی، زۆرینەی راستە، ئەم حزبە و ئەندامانی نایێت واتورە و هەلبچن، کاتێک لەدوو هەلبژاردن ، گەورەترین شکستی جەماوەری توشی دەبێت، بێ ئەوەی شیوازی میتۆدی کارکردنی بگۆڕێت !؟ ، کەئەگەر سکرتێر و سەرکردایەتی ئەو حزبە بروایان بە سەرەتای بیروباوەر ی حزبیان بوایە. هەر دوای هەلبژاردنی ٢٥,٠٧ دەستیان لەکار دەکێشایەوە؟. کەچی دریژەیان بەهەمان میتۆدی تێکشکان دا و بەشداربونەوە لەحکومەت، بونەوە حزبی بارەگا و دیدار و هاوپەیمانی ٢ حزب و دسەلات ؟

ئەوەی هاورا نیم لەرەخنەکان، کە (حزبی شوعی) سەرباری ئەوەی دەیان سال گەنج و لاوی کوردیان بەناوی چەپێتیەوە، لەهەستی نەتەوەیی و کال دەکردو و نزیک بە ٦٠ سال (دوای گۆرینی سەدان ئالۆگۆری سیاسی) ئەوکات، دانیان بە حزبی شوعی کوردستان هێنا؟ بەلام ئەم حزبە حزبی قسە زل و دروشم دەر نەبون، حزبێک بوو تا بەر لەراپەرین، حزبی شەهیدان و قارەمانی زیندان و لوتکەی تێکۆشان بە ئەندام و سەرکردایەتیەوە؟ بۆیە نەدەبوو هەندێک لە هەلسەنگاندنەکەی بگاتە شێوەی ئیستفزازی و بی ویژدانی!؟ پێچەوانەی هێزو کەسایتیە نەتەوەیەکانی باشور، لەوەتەی دەیان بینم، خاوەنی دروشم وتیۆری جوانن ، کەدەمی هەریەکێکیان دەکەیتەوە دنیایەک وشەی(دەبێت و پێویستە ت.... بۆ دەژمیرن؟ بەلام کێ ئەو پێویست ودەبێتانە، بباتە ناوکاری مەیدانی، فعلەکە مەجهولە؟ دواتر هەلگرانی بیری ( کۆمنیست وئیسلامی و عێراقچیەکان.... بەبەراورد بە خەلکە نەتەوەیەکان ، بۆ باوەرەکانی خۆیان مەیدانی تر بون .!!؟ وە هەقە بەر لەرەخنە

گرتن لە شوعی رەخنە، لەخەلکی نەتەوەیی بگرین ؟ کوا هێزو توانا و نارەزایەتی و چالاکیە مەیدانیەکانتان ؟

بۆ ئەم هەلبژاردنانەی عیراق وئەو بەشداریە کاریگەریەی کوردان بۆ پەرلەمان و حکومەتی عیراقی، بەوڕێژە زۆرە نیشانەی لاوازی وئیفلاسی هەستی بیرکردنەوەی نەتەوەیی نیە ؟

تالەبانی وبارزانی، لە ٧سالی رابردو دا، چ هەلێکی نەتەوەیی بۆ کورد هاتە ئاراوە، و چ گورزێکیان لێ دا ؟ کەچی زۆرێک لەخەلکە نەتەوەیەکان دەنگیان پێ دانەوە!؟

کەهاتمە ئەورپا وەمزانی بەرەی نەتەوەیی ئەوەندە بەهێزە لەهیچ شوێنێک جێگامان نابێتەوە، بەلام کەلەناو دەیان نارەزایەتی و خۆپیشاندانی نەتەوەیی ئاور دەدەمەوە، کەمترین (تیۆرزانە نەتەوەیەکان) دەبینم؟؟ کە نازانم هێزو گروپێک، بەس رەخنە بگرن و نەچنە مەیدان، چۆن گەشە دەکەن!؟ لات سەیرە بۆ خۆپیشاندان بۆ گەرانەوەی کەرامەتی نەتەوەیی، بۆ ١٨کچی ئەنفال کە فرۆشرابونە میسر بە ٦ ولاتی ئەوڕپی ژمارەی خۆپیشاندەران ٣٠٠ کەس نەدەبوو؟ لەولاتی سوێد لەدژی داکۆکی تالەبانی لە جەلادی کۆمەلکوژی نەتەوەیەک" سولتان هاشم "٢٧ کەس و بۆ ئازادکردنی"تاریق رەمەزان "٣٤ کەس.... لەکاتێکدا بە س لەو ستۆکهۆلمە زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس خۆی پێ فول نەتەوەییە ( ئالا و نەخشەیەکی گەورەی کوردستانی هەلواسیوە)؟ وەبەئاستی هەموو ئەو ژمارانەی نوسیومە نوسەرو شاعیری خۆ بەنەتەوەیی زان هەیە؟

ئەمە جگە لەوەی کێشەی ناوچە تەعریب کراوەکان، لەدوای روخانی سەدام، هەلێکی دیرۆکی بۆکورد هاتە ئاراوە، کەچی بارزانی و تالەبانی بەهۆی خەونی دیرۆکیان ( کورسی و پارە ) گەورەترین چانسیان لەدەست کورددا؟ ئەی کاردانەوەی خەلکە نەتەوەیەکان لەکوێدا یە ؟؟

وەئەگەر قسەیەک بکەم رەنگ بێت بەهەڵەش لێک بدڕێتەوە. زۆرینەی کەسە خۆ بەنەتەوەیەکان، سەرباری تاوانە

نەتەوەیەکانی، پارتی و بارزانی، کەچی بارزانیەکان وەک کاریزما و سیمبۆلی نەتەوایەتی سەیری دەکەن!؟، بۆیە ئەگەر پرسیارێک بکەین وبلێین ئەرێ کێ بوو بۆ یەکەم جار لەمێژوی کورد، خەباتگێرانی کوردی بەشەکانی تری تەسلیم بە داگیرکەر کردەوە، دواتر بوە کەلتورو رەفتارێکی هێزە باشوریەکان؟

راستە بەشێکی گرنگی کادیری راگەیاندنی شیوعی ئەمرۆ بۆق لێدەری پارتین، بەلام لەیادمان نەچیت بەشێک لەخەڵکی خۆ بەنەتەوەییش لەچوارچێوەی دەزگای پاراستن دەخولێنەوە بەتایبەتی لەکوردستان.

بۆیە هیودارم هاوڕێ باخەوان ئەو راستیەش ببینێ خەڵکە نەتەوەیەکان لاوازترین گروپی مەیدانین وەبەر لەوەی رەخنە لەحیزبی شیوعی بگرین بارەخنە لەخۆمان بگرین.

لەکۆتایدا دەڵیم ئەم وتانەم، هەرگیز لە بوێریدا پەشێوی شاعیر ناگرێتەوە. چونکە ئەو قوتابخانە و لوتکەی هەلوێستە لەبوێری و ناسینی مۆخی سەرکردایەتی باشور ٣٠ سال لەمەوبەر. (بەلام لەبواری کاری مەیدانی و روداوە گەرماو گەرمەکان بونی نابینم). یان جەمال نەبەز، کەبەردەوام رەخنە ولەگەرمەی روداوەکان قسەی خۆی بوێرانە کردوە . ئەوەی دەلێم ئەو سوپایە قەلەم بەدەست و هێزو گروپە نەتەوەیەکانن کەنازانم کەی دێنە سەرشەقام؟ یان هەرگیز لەگەل چەندین کەسی نەتەوەیی ومەیدانی وەک خدر کوردستانی وکاوە ئەمین و زۆرێکی تر نیم. کەبەرەدوام لەتەک باوەڕە نەتەوەیەکانیان لە پێسەوەی کارە مەیدانیەکان، سەرباری ئەوەی مالیان لەشارەکانی تری ستۆکهۆلمە.

وەهەرگیز ئەو وشانەشم لەگەڵ چەپە کوردستانیەکان نیە، کەلە ٣٥ سالی رابردو لوتکەی کەس و لایەنی شورشگیری و مەیدانی بون، بەهێزترینیان، پکک ، یان کۆمەلەی رەنجدەران (سەرباری تێبینیمان لە کوردستانی بون و ناراستگۆیی زۆرێک لەسەرکردەکانی کۆمەلە)

وەهەرگیز ئەورەخنانەشم بەو مانایە نیە کە هەموو خەلکە نەتەوەیەکان هەر هیچیان نەکردوە، بەلام تائێستاش هێزە نەتەوەیە کوردستانیەکان لەئەورپاو کوردستان نەیان توانیوە ببنە کۆمەلێک سەروەری و دەستکەوتی نەتەوەیی کە بەبەروبومی ئەوان هاتبێتە ئاراوە.

لەبەشی دووەم چەند رەخنەیەک لە شێوازی رەخنە و هەڵچونی سەلام عەبدوڵلا و دابرانی حزبی شوعی لەخەلک دریژە پێ دەدەم

## لە نێوان مارکسییەکەی (سەلام عەبدوڵلا) و نەتەوەییبوونەکەی (هاوڕێ باخەوان)دا

**قادر نادر**

### بەشی کۆتایی

هاوکێشەک لە هزرم دەخولێتەوە، رەخنەگرتن لە دەسەلاتی کوردی بێ مۆرە تر دەردەچیت، لە هێزە ئۆپزسیۆنەکان!؟. وەلە حزب لە بەناوهەزاران ڕۆشنبیر!؟ بەلام ئەمە کاروانێکە دەبێت ئەو دیوارە زیاتر بشکێت. ئیتر با بکەوینە بەر تۆمەت و رەخنەو مۆرە لێ گرتن یان هەڵچون وتورەبونی کاتی هەندێ هاوڕێ، کە رەخنەکانمان بۆ سەرنج دانی تێ بینی و ئاگادارکردنەوەیە نەوەک ئازاردانیان.

دوەم مانگ لەسوید بوم، سەلام عەبدوڵا کەمپینی کاروانی ئاشتی دەست پێکرد، دواتر لەمەسەلەی خەزرەجی و دروستکردنی کەمپینی ئەنفال وهەلەبجە وناوەندی چاک، لە سەرەتا و جێ پەنجەی دیار بوو .بەلام هەر زوو لە سەر دەرکردنی بەیانامەیەکی حەمە سەعید لەگەل پۆلێ (ڕۆشنیرو کەسایەتی) روبەروی بۆوە، لە کەمتر لە ٢ مانگدا ٢٥ بابەتی زیاتر لەسەر نوسی!؟. دواتر چەند سالێک لەئێمە دورە پەرێز

کەوتەوە، بەلام ماوە ماوە، لەتەک وشە و نوسینی کاری مەیدانی خۆی دەکرد ئەمەش جوانیەکی ئەو کوڕەیە.

لە هەردو هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 25.07 و عیراق 03.07.. سەلام عەبدوللا دو رۆژ جارێک بابەتێکی لەسەر گۆران بەتوندی دەنوسی!؟.

لە وەلامی هاوڕێ باخەوان کە رەخنەی لەحزبی شوعی گرتبوو، وەلامەکێکی پر لە هەلچون و برینداركەر ی دایەوە. بۆیە ئەو پرسیارە م لا دروست بوو، سەلام بۆ بەویژدانەوە لەگەل قەلەم دەجولێتەوە؟ ئاخر کفرەکە لەکوێ دایە ئەگەر ئیستفزاز یان هەلەیەک بەرامبەر حزبی شوعیش بکرێت. بۆ بەو زمانە توندە وەلام دەداتەوە؟

مەگەر حزبی شوعی لە ١٩ سالی رابردوی توانیبێتە خاوەنی ٢ نارەزایەتی جەماوەری بەرفراوانی خەلک بێت!؟

مەگەر ئەو حزبە لە رەخنەگرتنی لەدەسەلات لە ١٩ سالە ی دەسەلاتی سیاسی کوردی، بەئاستی یەک هەفتەی میدیای ئەهلی ترس و جەبەروتی دەسەلاتی شکاندوە و ماهیەتی ئەو دەسەلاتەی بە خەلک ناساندوە؟

مەگەر ئەندام پەرلەمانەکانی لە ٩٢ بەدواوە توانیویانە، بۆ یەک جار هەڵوێستێکی بوێری و هەلایەکی سیاسی لەسەر دەیان تاوانی ئەم دەسەڵاتە لەپەرلەمان بکەنە بابەتی ڕۆژەڤی خەلک ؟

مەگەر پەرلە،مانتاری شوعی بەئاستی پەرلەمانتارانی ( یەکگرتو وکۆمەل ) لەسەر دەیان تاوانی دەسەلات لە گەندەڵی و دزینی داهاتی خەلک، نارەزایەتیان دەربریوە؟ ئاخر ئەمە لوتکەی تێک شکان و دۆرانی فیکری و بازرگانی کردن بە شوعیەت و خەلک نیە، کە جۆتە پەرلەمانتارەکەی بەناو جەپ شوعی و زەحمەتکێشان، وەک پەرلەمانتارانی دەسەڵات

دەستە پڕ لەناپاکیەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ بودجە دزین ، کەچی ئیسلامیەکان دژی دەوەستنەوە!؟

مەگەر ئەو حزبە ڕۆلی نەبوو لە پەرتەوازەکردنی هەزران کادیری تێکۆشەری؟

مەگەر ئەم حزبە نەبۆتە پاشکۆی دەسەڵات و حزبی بارەگا و میوانی بەردەوامی سەری رەش و قەلاچۆلان....

پرسیار ئەوەیە ئەی هۆی چیە سەلام عەبدوڵلا رەخنەیان لێ ناگرێت؟ کەرەخنەیەکیشی لێ دەگیرێت، بەتوندترین شیوە دیتە وەلام؟

ئایا نوسین و رەخنە، دژ بەدیاردەی قێزەوەن و تاوانە یان بەکارهێنانێتی بۆ میزاج و قین؟

سەلام زۆر ئازاری هەژارانی ولاتەکەمانی بەوێنەوە نیشان دەداین. بەلام کاتێک ئەندامانی لیستی گۆران شەری بودجەی ئەو هەژارانەیان دەکرد، ئەو لەپری لانی کەمی بێ دەنگ بێت، لەگەرمەی کەمپینەکەی دابوو. زۆر جار بیرم دەکردەوە سەلامەکان بۆ لەم چرکە ساتە رەخنەبارانی گۆران نەوەک دەسەڵات دەکەن!؟ تۆ بڵیی گۆران مەترسیدارترو تاوانبارتر بێت؟

گۆران نەک فریشتە نین، بەلکو بەشێکی سەرکردایەتیەکەی. هەمان عەقلیەتی یەکێتین، کەهەیانە شایستەی زیندانە نەوەک لافلێ دانی گۆران خوازی. ئەمە جگە لە نەبونی بەرنامەیەکی جیا لەدەسەڵات، لەبواری نەتەوایەتی و دیموکراسی، کۆمەلکوژیەکانی کورد و شەفافی بودجەی مادی و داوای لێ بوردن لەمێژوە ناشیرن و پڕ لەتاوانەکانیان لە ناو دەسەڵات و یەکێتی دا. بەلام هەرگیز ئەوان لەدەسەلات گەندەڵتر و مەترسیدارترنین کەهەندێ نوسەر بەخەڵک دەیان ناسێنن؟

دلنیام لە پاکی هاوری باخەوان و سەلام عەبدوڵلا. کەهیچیان بە فیتی دەسەلات، رەخنە لە(شوعی و گۆران) ناگرن. بەڵام ئایا قەلەم بەپێی دیاردە و رووداو لای نوسەر چردەبێتەوە بۆ ناو دارستانی نوسین، تا پێش بەتاوان بەرامبەر بە خەڵک بگرێت یان بۆ ململانێی شەخسی سەنگەر گرتن لەحزب بەکار دێت؟

بەهیوای ئەوەی ڕێز لەپاکی و پەیامی قەڵەم بگرین، کەرەخنەش دەگرین بێ پەرینەوە، بەسەر هەلەی چواردەورمان. لەیادیشمان نەچیت لەنەبونی ئۆپزسیۆنێکی مەیدانی وبوێر، پارتی ویەکێتی ئەو مافیایەی ئێستان. وەلە نامەیدانی و چەواشە و دروشم دەری، هەزاران ڕۆشنبیر ی ئەو ولاتە، لەناو ئەو هەموو ئازار و تاوانە دەژیین.

## وەڵامێک بۆ قادر نادر لەمەڕ نەتەوەیەکان و نەتەوەیی بوونی کورد

### ساسان دەروێش – هۆڵەندا

لەم ڕۆژانەدا وەک کاری هەمیشەیم لەچاوپیاخشاندنم وخوێندنەوەی هەندێ بابەتی ماڵپەڕی کوردستان پۆست ، بابەتێکی بەڕیز (قادر نادر ) م بەرچاوکەوت کە لە دووبەش دا لەژێر ناونیشانی ( کۆمۆنیستەکان و نەتەوەییەکانی کورد لە دەرەوەی پارتی و یەکێتی چیان بۆ کورد کردوە ؟
لە دوای خوێندنەوەی بەباشم زانی بۆ دەولەمەندکردنی بابەتەکە و زیاتر قسەکردن لەسەر ئەو تەوەرە گرنگ و مێژوویانەی نەتەوەکەمان ئەوەی دەیزانم بە ئەزموونی خۆم بیخەمە سەرکاغەز و ئەم (ئسلوبەش) ببێتە هاندەرێک بۆ ڕۆشنبیران ونووسەرانی کورد،بەڕیز کاک ( قادرنادر) لە بابەتەکەی دا هاتووە لە بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنێکی خێرای سەرپێیێ بێ پشت بەستن بەگەڕانەوە بۆ مێژووی دوورو نزیکمان بەڕای بەڕیزیان بەراوردێکی لە نێوان( مارکسییەکەی سەلام عەبدوڵلا و نەتەوەییبوونەکەی هاورێ باخەوان) کردوە کە من پێم وایە دادپەروەری تیانەبوو چونکە بابەتەکەی بەرگی زیاتر

پێوه دیاره وەک لەوەی وێنەیەکی جوانی ڕاستیەکانی نیشانی خوێنەرانی کوردبدایە لەمێژووی هەردوولایەن ، پێم وایە کاک قادر نادر لە دلسۆزیەوە هەر وەک خۆی دەڵێ و ئامۆژگاری ڕۆشنبیران وقەڵەم بە دەستانی کورد دەکات لە ڕاستگۆ دەرپرین و دڵ گەورەی ڕەخنە قبوڵ کردن و بەرچاو ڕوون کردنەوەی خوێنەری کورد کە ئەرکی هەمووومان بێت ومنیش بەش بەحاڵی خۆم هاوڕام لەگەڵ ئەو ووتە جوانانەی، کە دەبا هەمووومان بە دووربین لە زمانی زبرو چەواشەکردن و جوانکاری کردنی ڕووخسارە ناشرینەکان ،ئەوەی هەیە با وەک مێژوویەکی پوخت بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بەجێ ی هێڵین ،دیارە مێژووش ڕەحم بەهیچ کەس ولایەنێک ناکات لە ڕووی ڕاستی و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی ئەمڕۆبێ یان سبەی .

با بێمەوە سەر باسەکەم کە بەڕیز قادر نادر و بابەتەکەیەتی، من بەش بەحاڵی خۆم دەست خۆشی لێ ئەکەم بۆ ووروژاندنی ئەم بابەتە، دەبوایە زۆر زوو ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد شەن وکەوی ئەو بابەتەیان بکردایە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی نووسەری کورد لەم ڕۆژگارە ئازاد و فراوانەی نووسین وبڵاوکردنەوەدا تێوەی گلاوە دژایەتی کردن وسووک کردنی یەکترن وبەیەکدا هەڵشاخان وزمان زبریە بەرامبەر یەک کە هەموو جوانیەکان ڕووخساریان لە تاریکیدا بەرەو خۆر ئاوابوون هەنگاودەنێن و کڕۆکی ڕاستیەکان بیردەبەنەوە. بە دڵنیایشەوە ئەم کارانەش دەکەونە خزمەتی دوژمنانی کورد و کوردستان ولە داهاتووش دا هەرکورد زەرەرمەند دەبێت .

ئاخۆ دەڵێین باشە!!!! کاکە قادر نادر بۆ چاوەڕوانی هەلی کردوە تا لەسەر نەتەوەییەکان بنووسێ ، کە لە سەرەتایی نووسینەکەی دا ئەو ڕاستیەی درکاندوە کە لە بۆسەدا بووە بۆ ڕەخنەگرتن لە کەسە بە ناو نەتەوەیە(چوارپارچە) لیبڕالیانە ، دوای دیدارەکەی هاوڕێ باخەوان لە ڕۆژنامەی( میدیا لە ژمارە 431 ) لەسەر حیزبی شیوعی و وەڵامی سەلام عەبدوڵڵا بۆ هاوڕێ باخەوانی ئەوبابەتەی قادر نادری لێ کەوتەوە.

کە هاوڕێ باخەوان لەونووسینەیدا لەڕۆژنامەی میدیا وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە زۆر بەئاگایانەوپشت بەستن بەمێژووی ئەوحیزبەوخەبات وتێکۆشانیان بەرامبەر دووهەڵبژاردن و سەرئەنجامی شکستی بێ جەماوەری وتەنازول کردن بۆ

کورسیەک ڕاستی درکاندوە بۆ سەلام عەبدوڵڵا خۆی سەغڵەت کردوە بەو ڕادەیە کە هیچمان ئەوەمان لێ چاوەڕوان نەدەکرد بەو شێوە ئاست نزمیە ووشە ڕیز بکات دژی هاوڕێ باخەوانی و نەتەوەییەکان ،دەبوو کاک سەلام عەبدوڵڵا پێشتر لەخۆیانەوە ڕەخنەی بگرتایە کە چەند ناکۆکن بەپێ ی ئەو هەموو نووسراوانەی ماڵپەڕەکان بە ئاشکرا کە دەبینرێن خۆ ئەوە هاوڕێ باخەوانی نییە ؟!!!! خۆتان باش ئەزانن کێن ولەخۆتانن ئەگەر خۆتانی لێ گێل ناکەن !!!!!

هەرهەمان زوڕناژەنەکانی زەمانی پێش قاسم و دوای قاسمن کە لەبەردەم ڕۆڵەی کوردا کورد بوونیان کاڵ کردەوە و پێیان شەرم بوو بڵێن کوردن و بە کوردیان دەووت پیاوی ئیمپریالیزم و نۆکەرو ئەڵقەلەگوێ ،مێژوو هەمووئەو ڕاسیانەی سەلماند کێ ڕاست بووکێش شکستی خوارد لەبەرامبەر کورد بوون ونەتەوەیی بوون .

خۆ کاکە قادر نادر یش بەشێک لەم ڕاستیانەی ووروژاندوە لە شکست و ناکۆکی نێوانیان و بەردەوام بوونیان لەسەرشکستی خۆیان وبەشداری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ،بەڵام لە دواڕیزی ڕیزبەندی ووشەکانی قادرنادر با دەداتەوە بۆ بەرگری کردن و دەلێ ئەم حیزبە پێش ڕاپەڕین حیزبی شەهیدان وقارەمانی زیندان ولوتکەی تێکۆشان بوو،دیارە لە دوای ئەم مێژووە وەها نین بەووتەکانی قادر نادر ،کە ئەمەش ڕاستیە کە بۆ سەلماندنی ووتەکانی هاوڕێ باخەوانی کە سەلام عەبدوڵڵای توشی هستریاکردوە.

لێرەدا ناکرێ بکەومە پێناسەکردنی نەتەوە و دەوڵەت چونکە زۆری لەسەر وتراوە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم بەبێ هیچ ئیستیفزازکردنی کەس ولایەن ،بوونی هەر نەتەوەیەک چەق گرتنە لەسەر دەوڵەت بوون،ئێمەی نەتەوەی کورد کوا خاکمان کوا دەوڵەتمان ،کوا ڕەنجی خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوەیمان .

کاتێک بیری نەتەوەیی لەساڵی 1959 ویستی لەنێو نەتەوەی کوردا وەک کاژیک خۆی پێناسە بکات بۆ نەمانی داگیرکاری و هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کورد لە دیلی و ڕزگاری ، ئەی هاوڕێ کانی سەلام عەبدوڵڵا نەبوون ،کوردیان بەقلیاسان دەشوبهان وبەسەرەتای ئەی ڕەقیب دەناسی و

ڕۆڵەی کوردیان لە کورد بوونی خۆیان کاڵ دەکردەوە بۆ ئایدیەک کە بێ خەبەربوو لە هاواری کرێکارانی سەرخاکێکی داگیرکراو کە لەوکاتەدا جەمسەرێکی بەهێزی هەموو هاوکێشەکان بوو، بێ گوێدانە ئەوخەبات و قوربانیەی هاوڕێ کانی کاک سەلام وچەواشەکردنی کوردبۆ چەکوش وداس وماندوبوون لێنە کردن لەبەرخاتری رژەوەندی خۆی قومبەلەی ناپاڵمی ڕووسی بەسەر شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستان وەک شۆڕشی ئەیلول تاقی دەکرایەوە و هەژارانی کوردستانی لەنێو دەبرد،کوا ئەودیکۆمێنتە فەرمیەی کە ئەو تاوانەیان ڕەت کردەوە هاوڕیانی کاک سەلام بۆ وەستان دژی بۆمباباران کردنی کوردستان وچیتر چەکی ڕووسی نەفرۆشرێت بەعێراقی دیکتاتۆروخوێن ڕێژ ، نەتەوەیەکان نەبوون بەپشووی درێژوخۆڕاگری وخەباتی نهێنی دژ بەداگیرکاری کوردستان بوون وبێ گوێدانە حیزب و حیزبۆکێ بێ یەک ودوو چونە پاڵ شۆڕش تا ئەوکاتەی جاڕی نسکۆدرا ، ئەی هاوڕێ کانی کاک سەلام نەبوون چونە پاڵ عێراق و دواتر پاشگەزبوونەوە وهاتنەوە ژێر باڵی شۆڕش کە لایەنی مەکتەبی سیاسی پارتی واتە جەلالیەکان ئەم کارەیان پێ قبوڵ نەدەکرا بەڵام لەژێر سایەی بارزانی نەمر توانرابیان پارێزن ،ئەی کوا ئەو هۆشداریەی کە درا بە عێراق یان ڕووسیا کە ئەوکاتە هاوڕێ کانی کاک سەلام لەچیاکانی کوردستان بوون بە ناپاڵمی ڕووسی وجێ بەجێ کاری عێراق هەژاران و جوتیاران و کرێکارانی دێ کانی ژێر دەستی پێشمەرگەیان شەهید دەکرد.

هەرنەتەوەیەکان نەبوون چەندین هۆشداری تۆکمەو بەجێ یان گەیاندە سەرکردایەتی شۆڕش وبارزانی کە لە کۆکراوەی پەرتوکی( بارزانی وکاژیک ) دەتوانن تێ ی بڕوانن وەک بەڵگەیەکی زیندووی ئەوکاتەی نەتەوەییەکان .

ئەو بێ پشتیوانی و نا هۆشیاریەی کورد و هاوڕێ یانی کاک سەلام بوو چرای ڕووناکی نەتەوەیەکیان بێ ئومێد کرد لە ڕەنج وخەباتیان ،بە گاڵتەپێ کردن بە کورد و نەتەوەیەکان کە دەیان ووت کورد نەتەوەیە و کوردستان داگیرکراوە،ڕێکخراوێکیش هێشتا لە هەرەتی لاوی دابوو بۆ گەشەسەندن ونەشونماکردن وپێگەدانان لەناوجەماوەری کورد (کاژیک ) ،شۆڕشی ئەیلولی مەزن هەڵگیرساو نەتەوەیەکانیش نان خۆری سەرسفرەی هیچ داگیرکەرێکی کوردستان نەبوون و ئەڵقەلەگوێ ی هیچ

دەوڵەتێکی زل هێزیش نەبوون ،بۆیە هەر زوو لە شانشی دوژمنانی کورد وکوردستان ئەوچرایە لەگەڵ نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کزکرا،بەڵام ئاگری ئەوچرایە جارێکی تر بەشێوازێکی تروخەباتی ئاشکرا پاسۆک لە 11ی ئەیلولساڵی 1975 جاڕی سەربەخۆیی بوونی کورد و نەتەوەی کوردیان بەگوێ ی دوژمنانی کورد و کوردستاندا دا و دڵی دوژمنانی کورد و کوردستانیان ڕاچەڵەکاند، دوژمنان هەر زوو لە ڕێگای ئەڵقە لەگوی کانی خۆیانەوە کەوتنە دژیاتی کردنیان و ڕێ گرتن لە خەباتی چەکداریان، کاتێک چوونە چیاکانی کوردستان بە هێزکەم وبە هورە وەک پلنگ ئاسا دەجەنگان بێ ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان گەردی ناپاکی وتەسلیم بوونەوە بە ڕژێم و سفرەی نان خۆری هیچ پایەختێکی دوژمنانی کوردستان و دۆلاری دەوڵەتانی زلهێز قبوڵ بکەن ،کە لەو بارودۆخەدا کە ئابووری کوردستان لە چ بارودۆخێکدابوو عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی پڕ لەچەک دەکرد و شەڕی ماڵ وێرانی بەرامبەر کورد و دراوسێ کانی هەڵگیرساندو ڕۆڵەی کوردی دەکردە سووتەمەنی جەنگەکەی وخەڵک وکوردی لە کارو کاسپی دەکرد، کاتێکیش نەتەوەییەکان لە چیابوون وەک پاسۆک ،خاڵی هەرەگرنگی نێوان عێراق ویەکێتی ومفاوەزاتەکەی ساڵەکانی هەشتەکان ئەوەبوو دەبێ پاسۆک نەمێنێ ، کە ئەوبڕیارەی دوژمنانیش جێ بەجێ کرا لەلایەن نۆکەرانی ئەوسای کورد ، هێرش کرایە سەربارەگاکانی سەرکردایەتی وبنکەکانی نزیک شاری سلێمانی و زۆر دڕندانە بە جەیش و جاش و نۆکەرانی کوردەوە هەموویان هەڵبڕین بۆ دیوی چیاکانی نزیک ئێران ، پاش ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەش دەتوانن بۆ ڕاستی و درووستی ووتەکانم سەیری ئەوبەڵگەنامە شەرمەزاریەی تاڵەبانی بکەن کە ناردویەتی بۆ سەرانی شۆفێنێ عەرەب حسن نەقیب کەتیدا چ دوژمنکاریەک باس دەکات بۆ دوژمنانی کوردوکوردستان دەربارەی پاسۆک وکاژیک وپارتەکانی تر .

منیش لێرەوە بەکاک قادر نادر وکاک سەلام دەڵیم حیزبێک یان بیروباوەڕێک لەپێناوی نەمانی دیلێتی و سەربەخۆیی و ئازادی ویەکسانی بۆ کوردستان و نەتەوەی کورد بەوشێوەیە لەلایەن دوژمنان و شێرە بەفرینەکانی نێوخۆ ڕاوە دووناوبێ ولە

نێو بیرێ و بکوژرێ و ناوی بسڕێتەوە ،دەبێ ئەندامەکانی چی بکەن ولەکوێ بن ؟!!!

کاک قادر نادر باس لە دروشمی جوان وباق وبریق دەکات لە نەتەوەییەکان ،ئەی هەرئەو دروشمانە نیە کە هەستی لای هەمووکوردێک دروست کردوە بە هەر هەڵگری بیروپڕواێکەوە بێ، بێ سێ و دوو ئاڵا جوان و پیرۆزەکەی کوردستان بەرز دەکەنەوە کە لەقوڵایەوە کورد بوونی خۆی دەسەلمێنێ وبە دوژمنانی کورد دەڵێن سەرتان دای لەبەرد ئێمە کوردین ونەتەوین وخاونی ئاڵای خۆمانین .ئەگەر بیرتان نەچۆتەوە ڕیفراندۆمەکەی بۆ سەربەخۆی کوردستان شاهیدە لە ناوە وەو دەرەوەی کوردستان هەڵگری چ ئاڵایەک بوون ئاپۆرای جەماوەرەکانی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوە،ئەی بۆ باس لە دروشمی هاواری کرێکارانی جیهان یەکگرن بۆ ناکەی بزانم خۆت لەسویدی و ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێ بیستی کرێکارانی سویدبوی هاتبێتنە سەرشەقامەکان و لەخەمی کرێکارانی عێراق وکوردستان لەبێ کاری ودابین کردنی ژین ،ئەوکرێکارانەی کە کرێکاری کورد بۆیان دەگری ساڵەهای ساڵە کە هەموو ژیانی خۆیان لە چوارچێوەی یاسا ڕێکخستوە چ کاریان بە کرێکارانی جیهانە ،ئەوە تەنها دروشمی فریودەرەکانە ،کرێکاری ئەوروپا هیچی لە ئاغاکانی کوردستان و فیرعەونەکانی ئێستا کەمتر نیە لەجوانی پێستی دەست و دەموچاویان کە بێ ئارەق دانی ناوچەوان ڕۆژانەکانیان مسۆگەرە و ئەوی تر حکومەت بۆیان دابین دەکات .

لەخاڵێکی تر دا کاک قادر نادر دەڵێ کۆمۆنیست وئیسلامی وعێراقچیەکان بە بەراورد بە خەڵکە نەتەوەییەکان مەیدان تربوون دەپرسێ کوا هێزوتواناو ناڕەزایەتی و چالاکیە مەیدانیان .

بۆ وەڵامی ئەم دێرەش هەروەک لەسەرەتاوە باسم لێکرد هەست کردن بە بیری پیرۆزی نەتەوەی و سەرهەڵدان و دامەزراندنی لەنێو کاژیکدا هەر لەسەرەتاوە نەتەوەییەکان باوەڕیان وابووە کە حیزب وحیزبۆکە بکەنە قوربانی لەپێناوی سەرخستنی شۆڕش دژ بەداگیرکاری کوردستان و هەوڵیان نەداوە بنە دیکتاتۆر لەنێو پارتێکداو جەماوەری کورد بەعەبدی خۆیان بزانن وتەنها هەوڵیان ئەوە بووە کە کوردستان سەربکەوێ وکێ ئەودەسکەوتە بەدەست دەهێنێ ئەمان

سەربازی بوون و شەهیدیان لەپێناوی داناوە بۆیە ناکرێ هەموو نەتەوەییەکان وەکو یەهودیەکان بۆ ئەوەی لە دنیا بناسرێنەوە ئاڕمی یەهودیەکان لەقۆڵیان بنێن .

هەروەک ووتم ئەوە بەسە بۆ نەتەوەییەکان کە کوردیان فێری ئەوەکرد لەبەرامبەر دوژمن خۆ بەکەم نەزانن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەرامبەریان بوەستن ،بیرت نایەت ئەوپاسۆکەی کە نۆکەرانی کورد وەک ئەتواری هەمیشەییان کە خستبویانە پاڵ پێشمەرگەکانی پاسۆک کە گوایە بە مەنجەڵێک یاپراخ تێر ئەخۆن، ئەوە خۆی لەخۆیدا گەورەترین وەسفە بۆ نەتەوەییەکان کە بێ باک لە ماڵی دنیاو پلەوپایە  و دالدەدانی جاش وخۆفرۆش وسیخوڕوفایلدار لەخۆیان کۆبکەنەوە  بێ منەت لەدوژمنانی کوردوکوردستان دەجەنگان وخەڵکانێکیش خەریکی ڕاوڕووت بوون و کوردستانیان بە سەوزی ئاودیوی ئێران کرد تەنانەت ووردە نانەکانیش ، هەرپاسۆک و نەتەوەییەکان بوون لە دوای ڕاپەڕین لەسەر چیای ئەزمڕ و بارەگاکەیان لە قەڵاچوالان ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد ، دوای ئەوە بوو بە چ هەڵایەک تەنانەت لەڕادیۆکانی دنیاشەوە بە عەرەبی شۆفێنی و تورک وفارس وە گوێ بیستی ئەوە بووین کورد دەیەوێ سەربەخۆ بێ ،هەر زوو بە هەزار و یەک درۆ وەڵام درایەوە لەلایەن نۆکەرانی کورد کە ئەو کارە نەکراوە و چەند کەسێک بوون وچیتر .

بۆ مەیدانی بوونیش نازانم قادر نادر باس لەچەند ژمارەیەکی خۆپیشاندان دەکات کە نەتەوەیەکانی تیا نەبینیوە، ناشێ کاک قادر چالاکی ڕێکخراوی چاک ببەستێتەوە بە ئایدیەکی جیاواز لە نەتەوەیەکان، چونکە ئەوانەی ئەو باسی دەکەت چالاکی ڕێکخراوی چاکە کە هەستاون بە سازدانی ئەوکارانە کە لەلای هەمووومان بەهەڵوێستی بەرزوشۆڕشگێرانە بۆیان دەنرخێنین ولەبەر چاون ،بەڵام بیرت نەچی ئەوانەی لەوچالاکیانەدا هەڵگری ئاڵای پیرۆزی کوردستانن ئەوە نەتەوەییەکانن هەروەکو ووتم ناکرێ لەسەرقۆڵیان بنووسن ئێمە نەتەوەییەکانین جیاواز لە ئێوە.

بۆمەسەلەی ئیفلاسی هەستی نەتەوەی وبەشداری کورد لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق خۆتان باش دەزانن کە کێ بەرپرسە لە وکارە لە 18 ساڵی ڕابردوودا کە خۆتان ڕۆژانە کاری

لەسەرئەکەن لەڕێکخراوی چاک ،ئەویش شێرە بەفرینەکانی بە ناو سەرکردایەتی کوردن کە کوردبوونیان کاڵ کردەوە ئەوەندە چەمینەوە بەسەر دەست و قاچی سەرۆکی پایتەختەکانی داگیرکاری کوردستان و شیوەن و شەپۆر لەسەر گۆڕی مردوەکانیان و گۆڕینەوەی بیروباوەڕ بە دۆلارو بلەو پایەی کورسی ، ئەوهەستە نەتەوەیە ئەوان کوشتیان ، ئێمەی نەتەوەی نەبووین ،بۆ ناڕەزایی وخۆپیشاندان وهاتنە سەرشەقام ئەوەندە بەس نیە کە ڕۆژانە گوێ بیستی دەبێ ودەی خوێنیتەوە لەو هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕە کوردیانە چی بە گەندەڵ و سیخورو فایلدار دەکرێ ،مێش میوانیان نیە و زیاتر خۆیان قایم دەکەن ،کێ لە جاشێتی و سیخوری وفایلداری شەرمی کردوە و سەری خۆی هەڵگرتبێ ،مێژوو بیرچۆتەوە ،کێ مێژوو سەیر دەکات ،کێ مێژووبەپیوانە کرد بۆ هەڵبژاردنی بیروباوەڕی ، ئەوەی دوێنێ چاشێتی کردە ئسلوب ئەمڕۆ ئاغایە یان فیرعەونە ،ئەوەی دوێنێش شۆرشگێرو نەتەوەی و دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بوو بە کوردستان ئێستا گۆشەگیری تاراوگەیە .........

دەزانی کەسانی نەتەوەیی چەند پرۆژە و یاساو ڕێنمای و یاداشتیان پێشکەش بەسەرکردایەتی کورد کردوە کوا وەڵامەکانی لەکی پپرسن کوا ....کوا.....کوا.........!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

یەکی لەوانە پرۆژەکەی پارێزەر و نووسەری نەتەوەیی کاک ( کامیل ژیر) بوو بۆ سەرکردایەتی باشووری کوردستان لە ژێر نانێشانی( پرۆژەیەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەبێ خوێن) کێ هات شەن وکەوی ئەو بابەتەی کرد یان لەو پەرلەمانەی کاک سەلام ئاواتی پێ دەخوازێ لەڕوانگەی یەک کورسیەوە بۆ هاوڕێ کانی دەنگی کرێکارانی کورد بگەیەنێ بەجیهان .

دەنگ دانی نەتەوەیەکانیش بۆ بارزانی وپارتی دیارە هەڵوێستی نەگۆڕی نەتەوەیەکان وایە لەسەرەتاوە کێ دژی داگیرکاری کوردستان هەڵوێستی هەبێ خۆیان بە سەربازی زانیوە کە چەند جارێ بارزانی لەبەرامبەر تورکەکان ووتویەتی کەرکوک شارێکی کوردستانیەو لە پاشەڕۆژدا ئاواتی دەوڵەتی کوردیمان هەیە ئەم هەڵوێستەش بە هەڵوێستی خەڵکان و سەرکردەی تری کوری کە دەوڵەتی کوردی بە خەونی شاعیر

دەزانێ و فیدڕاڵی بە دێلێتی بۆ کوردو نەتەوەی کوردیش بەنۆکەری عێراق چێتی بزانێ بەراورد دەکەن .

لەکۆتایدا هیوادارم ووشەکانم یەکە بە یەکە بە هیچ ئیستیفزازێک وەرنەگیرێ بۆ هیچ کەس ولایەنێک ،تەنها وەڵامێکی کورت بوو بۆ هستریاکەی سەڵام عەبدوڵڵاو لاسەنگیەکەی بەراوردکردنەکەی قادر نادر ،

خەباتی هەموو تێکۆشەران بە تایبەتی خوێنی شەهیدان بە هەر بیروباوەڕێکەوە بێ لەسەروهەمووستێکەوە دەبینم،بەتایبەتی ئەوانەی کوردبوون و بۆ کوردستان خەباتیان کردوە وە یان شەهیدبوون .

ئەوەی من ووتومە بەشێکە لەمێژووی ڕابردوومان بە زمانێکی سادە نەک وەک مێژوونووس ،ئەگەر بێت وباس لە مێژووش بکەین دەبێ هەمووشتێک بڵێن ناکرێ وەک قادر نادر دەڵێ دەبێ چاوپۆشی لە برادەرایەتی وناسین بکەین و ڕاستگۆبین لە دەربڕینی قەڵەمەکانمان ......

لەکۆتایدا دەڵێم هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر پروانێ کەم بن یان زۆر دەگەنە خۆر ،کە ئەویش سەربەخۆیی کورد و دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردە .

---

**تێبینی: لێرەدا بەمەستەوە ئەم وتار و تانە و تەشەرانەی شیوعییەکانم بڵاوکردەوە، تاوەکو خوێنەر خۆی بڕیار بدات کە ئەوانە چەند جنێوفرۆشن و چۆن هەموو شتێکیان بەسەر یەکتریدا ترنجاندووە!**

**ئیتر چیدی نووسین و تانەی شیوعییەکان لەسەر ئەم نیو کۆڵۆمەی خۆم لێرەدا بڵاوناکەمەوە، بەس نەبوو کۆڵۆمێکی تەواوم نەنووسی! ئەوکات دەبووایە چییان بنووسیبایە!. بەڵام دیارە لە بوارێکی تردا سڵاوێکی تریان هەر لێدەکەم..**

**ئەگەر ئەوەی لەسەر منیان نووسیوە لەمەنگەنەی بدەم، بێگومانم کە کتێبێکی قەوارە گەورەی لێدەردەچێت..**

**لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە وتارێکی زۆر جوانی کاك قادر رەشید (ئەبو شوان) دەربارەی ئەو کورسییە**

**قەرەبووە بڵاوبکەمەوە، کە زۆرباش شەنوکەوی سیاسەتی دۆڕاوی حیزبی شیوعیی کوردستانی کردووە و خۆشی یەکێکە لە شیوعییە کۆنەکان، ئەم وتارە لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا لە مانگی ئاپریلی 2010دا بڵاوکراوەتەوە:**

## حیزبی شیوعی: ئەگەر کورسی قەرەبوو وەرنەگرین، خۆپێشاندان ئەکەین!

## قادر ڕەشید (ئەبو شوان)

کورد ئەڵێت: سواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب.

ئەوەتەی حیزبی شیوعی دروست بووە (76 ساڵە)! بە عێراقیی و کوردستانییەوە ، ئەوەندە توشی داڕمانی یەک لە دوای یەکی زیانبەخش نەبووە ، وەک ئەوەی لەم دووایانەدا توشی بووە و ئەبێت! بەڵام بە داخەوە ، ئەوەی توشی مەرگ و سەگەردانیی بووە ، قەواعیدی حیزبە ، نەک سەکردە قەڵەوە تێروتەسەلەکان کە هەر ئەڵێیت نە بایان دیوە و نە باران!

دوێنێ حیزبی شیوعی کوردستانیی لە شەقامی شارەکاندا چەپڵە و هەلهەلەیان بۆ هاوپەیمانیی لێئەدا! ئەمڕۆش لە دژیان شەقامیان لێئەگرن!

بەپێی هەموو نەریت و یاسا و ڕێسایەکی حیزب ، ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی بۆی نیە بە ناوی حیزبەوە فتوای وا ڕابگەیەنێت کە بە کوردییەکەی پێی ئەڵێن (گەڕکردن!). ئەوەی شەرعیەتی هەیە لە ناوەوە و دەرەوەیدا ، فتوای وا بدات ، ئەمانەن:

1 - کاندیدی لیستی ئەو 11 حیزبە بۆیان هەیە داوای ئەو قەرەبووکردنەوەیە بە بەڵگەوە ڕابگەیەنن. لەو حاڵەتەدا ئەو کورسییە قەرەبووە بەسەر ئەواندا دابەشئەکرێت و بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان. ئەمانە ئەگەر نەیانکرد هەر مانگەی یەکێکیان مانگانە 45 هەزار دۆلاری پارلەمان لە بەغدا وەربگرێت ، ئەوا بە تاکە لایەنێک ناکرێت و شەرعیی نیە.

2 - سکرتێری حیزب ، یان وتەبێژی حیزب بۆی هەیە هەڵوێستی وا ڕابگەیەنێت ، نەک ئەحمد شیروانیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی.

3 - لە کۆبوونەوەی بە پەلە و تایبەتی (ل.م یان م.س) بۆی هەیە لە دوای دیراسەیەکی هەموو باشە و نەباشەی ئەنجامی خۆپێشاندانەکە لە گرتن وبرینداربوون و لێدان لە لایەن پۆلیسەوە ، لە بەرچاو بگیرێت ، لەبەرئەوەی دور نیە ئاسایش بەپێی یاسا بڕیاری خۆپێشاندان نەدات ، بێگومان ئەو کادێرە سەرکردانەش مەرجە کە لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکەوە بن ، وەک سکرتێر و ئەندامانی ل.م و م.س بە هادی مەحمودی وەزیریشەوە ، بە قات و بۆینباخەوە!

4 - لە دەرەوەی حیزب ، کارگەرانی کارگەکانی کوردستان بۆ داکۆکیی لە حیزبەکەیان دەست لە کار هەڵبگرن و پڕژێنە شەقامەکانەوە و داوای قەرەبووی کورسییەک بکەن بۆ کاندیدێکی حیزبەکەیان کە موچەی مانگانەکەی بە حیمایەکانیەوە کە خۆی وەریئەگرێت 45 هەزار دۆلارە. با هاواربکەن (با .. بژی) لەگەڵ پۆلیسدا بکەونە شەڕەدار و بۆکس!

5 - ئەو جەماوەرەی دەنگیان داوە بە کاندیدی حیزبی شیوعی کوردستانیی ، ئەتوانن داکۆکیی لەو پاڵێوراوە بکەن ، بە مەرجێک کە پێشەکیی شارەزابن لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی هاوپەیمانییەکە و چۆن حیزبی شیوعی مۆری کردووە!

گریمان بڕیاری خۆپێشاندان درا ، ئەوانەی نایەن بە دەنگ ئەو بڕیارەی ئەحمد شیروانییەوە ، ئەبێت کێ بن؟

لە پێش هەمووانەوە ، سکرتێری حیزب و ئەندامانی م.س و ل.م بەشدارنابن! پێم وایە نایانەوێت لە دوریشەوە خۆپێشاندانەکە ببینن.

ئەندامێکی م.س بە ڕۆژنامەکان ئەڵێت: هاوپەیمانیی و دەسەڵات خەنجەریان لە پشتیان داون! بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کورستانیی خۆی بوو ئەو خەنجەرە زەهراوییەی لە بڕبڕەی پشتی خۆی دا ، نەک هاوپەیمانییەکە!

پێشنیاری من بۆیان ، بەر لە خۆپێشاندان! پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت:

1 – تەواوی سەرکردایەتی حیزب ئیستقالە بکەن و داوای کۆنگرەیەکی بە پەلە بکرێت ، بە مەرجێک ئەوانەی دورخراونەتەوە و لەسەر بیروڕای جیاواز نانپڕاوکراون و بەربەرەکانیی کراون و دەرکراون ، لەو کۆنگرەیەدا بەشداربن. نابێت کۆنگرەیەکی دروستکراوی سەرکردە بێت! هەروەک کۆنگرەی حیزبی شیوعی ئەڵمانیای دیموکرات کە لە دوای هەرەسهێنانی حیزب و حکومەتەکەیان ، لە کۆنگرەیەکدا ، بە دەنگدان سەرکردەکانی پێشوو لابران کە وڵاتیان گەیاندە ئەو داڕمانە.

2 - نەفرەت لە هاوپەیمانیی ئاغا و مسکێنیی و خۆبەدەستەوەدان بکرێت.

3 - ئەو کاندیدانەی دەنگیان نەهێناوە ، ئەبێت لە حیزب وازبهێنن ، لەبەرئەوەی جێی ناڕەزایی و بێمتمانەیی جەماوەرن ، چونکە ئەوەش بۆ سومعەی حیزب ، سەرگەردانیی لێکەوتووەتەوە. ئەو کاندیدەی چوار ساڵ ئەندامی پارلەمان بووە و نەیتوانیبێت لە هەڵبژاردندا چوار هاووڵاتیی بکات بە دۆستی

خۆی و حیزبەکەی کە دەنگی پێبدەن ، ئەبێت واز لە حیزب بهێنێت ، ئەگەر نەیکرد ، ئەبێت لە حیزبەوە سزا بدرێت.

4 - ئەو کادێرانەی لە ڕێی هاوپەیمانییەوە لە ڕێکخراوەکاندا بەرپرس و سودمەندن و بۆ مانەوەیان و دەوڵەمەندبوونیان ، خۆیان داوە بە دەستەوە ، ئەبێت لابرێن. هەیانە ئەزانێت باری حیزب لار بووە ، کەوتوونەتە ڕەخنەگرتن لە حیزب و بە فیتی دەرەکیی. ئەوانە هەر ئەوانە بوون کە بە فیتی سەرکردە ، پێشەرمانە هاورێکانیان نانپراو ئەکرد و لە هەموو مافێکی تێکۆشانی دەیان ساڵەی چەکداریی وغەیری چەکداریی مەحرومیان ئەکردن ، پێشەرمانە پێیان وتوون: تۆ ڕەخنە لە حیزب ئەگریت ، ئەبێت هیچت پێ نەدرێت! بۆیە ئەو جۆرە کەسانەش بەشدارن لەوەی کە حیزبیان گەیاندە ئەم ڕۆژە.

5 - دوای ئەم تێکشکانە یەک لە دوای یەکەی سەرکردەکانی حیزب ، ئەبێت دڵسۆزەکانی ئەو بیروباوەڕە ، لە ناوەوە و دەرەوەی حیزب ، لە یەکتر نزیک ببینەوە و وتووێژبکەین و یەکتر قبوڵبکەین.

6 - ئەو سەرکردانەی پشتئاشانیان دا بەدەستەوە ، بە هەمان شێوە لە 1992 دا حیزبیان دا بەدەستەوە ، حوکمڕانیی هاوبەشیان دا بەدەستەوە بەرامبەر بەوەی کە 6% داهاتی گومرگەکانیان پێبدرێت! ئەمەشیان تاوانێکە و دادگاییکردنی لەسەرە. هێشتا ئەبو سەرباز لە ژیاندا ماوە و لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکایە لە ستۆکهۆڵم ، لەو خۆبەدەستەوەدانەدا پرسیاری لێبکەن ، تا بە ڕاستگۆییانە وەڵامتان بداتەوە.

7 – لێکۆڵینەوە لەو سێ ئەندامەی م.س بکرێت کە لە پێش 03-07 ، ڕۆژی هەڵبژاردن لە نەرویج وهۆڵەندا و سوید ، نەیانتوانی دە کەس بۆ سیمینارەکانیان کۆبکەنەوە لەو سێ وڵاتە و لە بارەی هەڵبژاردنەوە ڕێکلامی خۆیان بکەن بۆ کاندیدەکانیان! ئەندامێکی م.س لە ستۆکهۆڵم تەنیا 9 کەس لە هاورێ و دۆستی بۆ کۆکرایەوە ، هەر هەموویان ڕەخنەیان لە خۆی و لە سیاسەتی حیزب گرت. ئەحەمەد شیروانییش بە

نیازە هاوڕێیان و دۆستانی ئەوروپا بێنەوە بۆ کوردستان و هاوبەشیی خۆپێشاندانەکە بکەن ، تا بە هەریسەکە بگات و بۆ موچەی مانگانەی 45 هەزار ، جەلال دەباغیش 57 ساڵی ئەندامیی حیزبی نایە بانی و پێی نەگەیشت!

ئەو کۆنە وەزیرەمان و ئەندامی م.س ، ئەیەوێت لە ڕێی پیاهەڵدانی جەلال تاڵەبانیی و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ، بیکەن بە موستەشاری هێرۆخان (شاژنی عێراق!). دیارە موچەی ماڵنشینیی وەزیرییەکەی بەشی ناکات!

ئەندامێکی تری م.س ، سوپەرمارکێتی بۆ کوڕەکەی کڕیوە لە دەرەوەی وڵات! ئەو پارە مشەیە نە بە ژنهێنان ، نە بە کۆشک و نە بە ئەوتۆمۆبیلی مۆدێلی نوێ و نە بە پرۆژە لە دەرەوەی وڵات و نە بە سەفاومەڕوای ئەوروپا ، تەواو نابێت! ئاخۆ ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بە ئێش و ئازاری کارگەران و جەماوەرکەیانەوە مابێت! ئەمانە حیزبیان تاپۆ کردووە و کردوویانە بە سەرچاوەیەک بۆ بازرگانیی. هەر بۆیە لە ناو کۆنگرەکاندا بۆ مانەوەیان شەڕی مردن و ژیان ئەکەن!

دوێنێ ئەندامێکی م.س لە کاناڵی گەلی کوردستانەوە هاواری ئەکرد ، کورد ماندوو بووە بەو هەڵبژاردنەوە ، بەڵام لە بارەی ئەو داخوازییەی ئەحمد شیروانییەوە ، ورتەی لێوە نەهات ، خوا نەکات ڕەخنەیەک لە هاوپەیمانەکانی بگرێت ، ئەبێت شیروانیی داپڕاو ، تەنانەت لە (شەغیلەی) بارەگاکەشی ، بە کام پێوەر! کام جەماوەر! ئەڕژێتە شەقامەکانەوە دژ بە ڕەفتاری هاوپەیمانەکەی دوێنێی! ئەمە سەرلێشێواویی قیادەیە ، یان قەواعیدی خێر لە خۆ نەدیوە؟ شیروانیی ئەو ڕاستییە نازانێت کە ئەندامانی تێروتەسەلی م.س ، لەگەڵ خۆپێشاندان‌دا نین.

پێم وایە کارڵ مارکسیش لە گۆڕەکەیدا زیندوو ببێتەوە ، ناتوانێت کێشەی دروستبوونی چینایەتی لە ناو حیزبی شیوعی کوردستانییەکە خۆیدا ، چارەسەر بکات! ئەم شین و ڕۆڕۆیەی شیروانیی بۆ حەسەن و حوسەینە! یان بۆ هەریسەکەیە؟

ئەیەوێت لە ڕێی کاندیدێکەوە لەم پارلەمانە داتاشراوە دروستکراوەدا ، ئەو کەلاوە شڕەی ماوە ، بیکاتەوە بە حیزبەکەی هاوڕێ فەهد!

بەر لەوەی خۆپێشاندان بکەن! کلیلی بارەگاکەی هەولێر بدەنەوە بە خاوەنەکەی و بودجەی حیزب کە لە ساڵی 1992 ەوە وەرتانگرتووە ، بۆ قەواعید و جەماوەری ڕابگەیەنن کە چەند بووە و چی بەسەر هاتووە؟

لە دوای ئەم نوسینەم و خۆماندووکردن ، بۆم دەرکەوت کە ئەوەی شیروانیی بە ناوی حیزبی شیوعی کوردستانییەوە بڵاوی کردووەتەوە ، دوێنێ بووە ، ڕۆژی یەکی نیسان ، کەواتە درۆی نیسانە!

# دیمانەی زاری کرمانجی لەگەڵ هاوڕێ باخەوان[1]

*** دوای بێ ئاکام مانەوەی کۆی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئێستا هیچ ئومێدێك دەبینی بۆ چارەسەر کردنیان؟**

وەڵام: دەبێت چ ئومێدێك ببینرێت لە کاتێکدا کە مەخموور لە بندەستی هەولێردایە و زۆرینەی زۆری خەڵکەکەشی کوردن و هێشتا نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئیدی دەبێت ئەو ناوچانەی تر کە دوورترن و کوردیش تێیاندا لەخوار ئەو رێژەیەی شاری مەخموورەوەیە چۆن بن!. دیارە هەوڵێکی ئەوتۆ نەبووە تاوەکو بێ ئاکام بێت!، هەر داواکردن و پاڕانەوە هەوڵ نییە! بەڵکو هەوڵ ئەوەیە بڵێین ئێمە لەسەر ئەوە پێدابگرین کە یان ناوچە داپڕاوەکان دەگەڕێننەوە! یانیش بەهیچ جۆرێك بەشداریی حکومەتی ئێراقی ناکەین!.

*** پێت وایە لەم قۆناغە نوێیەی دوای هەڵبژاردنی عیراقدا حکومەتی نوێ ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت هەنگاوەکانی ئاسایی کردنەوە و سەرژمێری و راپرسی لە کەرکوك ئەنجام بدات؟**

وەڵام: ئەگەرچی من هیوادارم، بەڵام هەرگیز پێم وانییە! چونکە حکومەتی ئەمجارەیان زۆر لەویتر جەنجاڵتر دەبێت و پێموایە ئەمجارەیان بەتەواوەتی بکەوینە نێوان بەرداشی هەردوو گەورە لیستی شیعە و سوننەوە. خودی خۆم کەوتوومەتە گومانەوە لە سەرژمێری و راپرسی، چونکە پێشتر هیوایەکی ئێمە بوو، یان هیوایەکی پارتە کوردستانییەکان بوون کە کوردیان لە کەرکوکدا بە زۆرینە دادەنا، بەڵام ئێستا و سەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی کۆتایی زۆر هاوکێشەی گۆڕی! بەتایبەتی کە

1 رۆژنامەی زاری کرمانجی – ژمارە 241 – لاپەڕە 11 – دەزگای زاری کرمانجی - کوردستان - سۆران

لیستەکەی عەللاوی لە کەرکوکدا بەلایەنی کەمەوە شەش کورسیی هێناوە..

*** گریمان حکومەتی نوێ بەو هەنگاوانەش رازی بوو، پێت وانییە ئەنجامەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردن کەمێك بۆ کورد لە کەرکوك جێگەی مەترسین بە تایبەتی رێژەی لیستی عیراقیە؟**

وەڵام: بەڵێ، بێگومان! هەربۆیەش لەوەڵامی پرسیاری پێشووتردا ئاماژەم بەو مەترسییە کرد. مەترسییەکەش لەوەدایە، ئێمە نە دوژمنایەتیمان لەگەڵ عەرەبی هاوردە و تورکماندا کرد، نەتوانیشمان ببینە دۆستییان. هەربۆیە ئەوانە هەردەم وەك دوژمن سەیری کورد دەکەن و هەردەم داکۆکیکەری هەر لیستێکی ناکوردستانین لە کەرکوکدا، سەرکەوتنی لیستی ئێراقییەش هەر بەهۆی ئەم نەزانییەی خۆمانەوە بوو.

*** ئایا لە چوارچێوەی دەستوری عیراقدا بوارێك بۆ ئەوە هەیە ئەگەر سبەی کور رووبەڕووی مەترسی ببێتەوە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێت، وەك ئەوەی لە تەیموری رۆژهەڵات و ناوچەکانی دیکەی جیهان بینیمان؟**

وەڵام: نەخێر شتی واهی لە گۆڕێ نییە! بشتبێت سەرانی کورد ئەو ئازایەتییەیان تێدا نییە کاری واهی بکەن. ئەوان زۆر بەهاسانی لە ساڵانی نێوان 1991 و 2003دا دەیانتوانی دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن، ئێستا بارودۆخەکە گۆڕدراوە و سەرانی کورد ئەوەندەی خەریکی خۆلکاندنەوەن بە ئێڕاقی عەرەبییەوە، ئەوەندە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ناکەنەوە. دەوڵەتی کوردی بیرە، ئێمە ئەو بیرەمان نییە، کە بیریشمان نەبوو ئەوا کرداری راگەیاندنیشمان نابێت.

*** بەراورد بە رابردوو رێژەی کورد لە پەرلەمانی عیراق کەمترە، جگە لەوە ئێستا ئامادەگی سوونەش بەرچاو و بەهێزتر، ئاخۆ ئەو مەترسی و شەڕە سیاسییانە چین سبەی دێنە رێی کورد؟**

وەڵام: ئەم خاڵە دەکرێت بە زۆر باردا لێکبدرێتەوە کە من لێرەدا لە سیانیان دەدوێم، یەکەمیان شەڕی بەرژەوەندیی شیعە و سوونە ببێتە هۆی ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە ئێراقدا دروست ببێت و بەهۆیەوە ئێراق بۆ سێ دەوڵەتی سوونە و شیعە و کورد دابەشببێت، ئەمە ئەگەر کورد بیەوێت و هەمدیسان خۆی نەنووسێنێتەوە بە ئێراقی ئەوکاتە سوونەوە!. بەڕای من هەر کاتێك سەرانی کورد هەر ناوبژییەکی نێوان شیعە و سوونەیان کردبێت یان لەمەودوا بیکەن، ئەوا هەڵەیەکی گەورەیان کردووە و دەیکەن. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت کورد هەردەم ئاگرخۆشکەری شەڕی نێوان شیعە و سوونە بێت تاوەکو بەهۆیەوە خۆی بەرژەوەندییەکی دەستبکەوێت و دەوڵەتی خۆی لە باشووری کوردستان دابمەزرێنێت. بەڵام ئەوەی جێی داخە سەرانی کورد ئەوەندە کوورتبینن هەردەم شانازی بەوەوە دەکەن کە هەوڵی رێکخستنەوەی شیعە و سوونەیانداوە! ئەمەیە کارەسات.. رۆژگاریش سەلماندوویەتی هەرکاتێك دەوڵەتی ئێراق بێهێز بووبێت ئەوا بارودۆخی کورد باش بووە، بەپێچەوانەوە بارودۆخی خراپ بووە.

دووەمیان، چانسی هاوپەیمانیی هەردوو لیستی گەورەی شیعە و سوونەیە، هەڵبەت لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە و ئەگەر ئەمەیان روویدا ئەوا باشتر وایە کە نوێنەرانی کورد لە بەغداوە بگەڕێنەوە و سنووری کوردستان قایمبکەن بەرامبەر هەر دەستدرێژییەکی سەربازانی عەرەب.

سێیەمیشیان ئەوەیە کە کورد وەك ئەو چوارساڵەی رابردوو رۆڵی پرکردنەوە ببینێت و لەگەڵ سوونە یان شیعە ببێتە هاوپەیمان و ئەوان براگەورە و کوردیش هەر بەهیوای هاتنی پارەی بەغدا و جێبەجێکردنی مادەی 140 بێت بۆ کەرکوك و ناوچە بەعەرەبکراوەکان!.

*** پێت وایە کورد بەو پێکهاتەی ئەمڕۆی، بەو جیاوازییەی دەتوانێ یەکریزی و یەك ئیرادەیی خۆی لە بەغدا بپارێزێ؟**

وەڵام: نەخێر، مێژووی ئەو چوار ساڵەی پێشوو سەلماندنی کە هەر حیزبێك لە بەغدا خەریکی غەمەکانی خۆیەتی، غەمی

حیزب و نوێنەرانی ئێمە لە بەغدا تەنها بەرژەوەندیی خۆیان و کاروباری خۆیان بووە بەگشتی و هەرگیز گوێیان تەنانەت بە هێڵە پانەکانی هاوپەیمانییەکەشیان نەداوە! ئیدی لەوەوە پڕۆ بۆ زۆر وردەکاریی تر.. زۆرینەی پێکهاتەکانی ناو هاوپەیمانیی کوردستان بریتین لە بیری بنەماڵە و هۆز و کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندچی.. هەربۆیە بەو نوێنەرانەوە من پێم ئاستەمە نە یەك ریز بن و نە بشتوانن گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ دروستبکەن کە شایانی باس بێت..

*** دادگای باڵای تاونەکان لە عیراق ددانی بە جینۆسایدی پرۆسەکانی ئەنفال و کیمیاباران ناوە، حکومەت و پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی کۆماریش پشتڕاستی ئەو بڕیارەیان کردۆتەوە، ئایا لەو حاڵەتەدا حکومەتی عیراق چ بەرپرسیارێتییەکی بەرامبەر قوربانییەکان دەکەوێتە ئەستۆ؟**

وەڵام: من نازانم ئەگەر یاسایەکی لەو بابەتە لە ئێراقدا هاتبێتە کایەوە کە بەرپرسیاریی خۆی بەرامبەر قوربانییەکان دیاریبکات. هەڵبەت هیچ رژێمێك بەرپرسیاری کارەکانی رژێمە لەناوچووەکانی پێش خۆی نییە لە هەندێك باردا نەبێت. بەڵام رژێمی نوێ دەبێت بەپێی یاسا هەوڵی خۆشگوزەرانیی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بدات کە قوربانییانی جینۆساید و تاوانی جەنگیش دەگرێتەوە و دیارە قوربانییانیش دەبێت گرنگیی زۆرتریان پێ بدرێت.

لە راستیدا دەبوایە لە ماوەی ئەو 19 ساڵەی رابردوودا دەسەڵاتی کوردی کارێکی واهیی بکردایە کە چیدی قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران چاولەدووی دەستی رژێمی نوێی داگیرکەری ئێراقی نەبوونایە. وەك بیستوومە لەماوەی ئەو 19 ساڵەدا 71 کیلۆمەتر جادەی ئەسفەلت لە گەرمیان راخراوە، ئیدی با گەرمیان هەرگیز بە هیوای راخستنی 700 کیلۆمەتر ئەسفەلتی ئێراق نەبێت!. ئەو کاتی کە کورد دەسەڵاتی گرتە دەست لە هەموو کاتێك زۆرتر قوربانییان پێویستی بە هاوکاری هەبوو، منداڵی ئەنفال ئەوکات تەمەنی 3 ساڵ بوو و دەکرا پەروەردەیەکی باش بکرایە و ئێستا خۆشی و کوردیش لەو پەروەردەیە سوودیان وەربگرتایە، ئافرەتی ئەنفالی بێوەژن

ئەوكات تەمەنی دەوروبەری بیست ساڵێك دەبوو، لێ ئێستا بووەتە نزیكەی 50 ساڵ و هەر لە جلە رەشەكانیدایە!.. زۆریتر دەكرا بكرایە كە نیوەی نیوەی تێچوونی شەڕەگوورزی پارتی و یەكێتیی تێنەدەچوو. ئەگەر كورد خۆی خزمەتی قوربانیانی ئەنفال و كیمیابارانی پێنەكرێت، ئەوا دڵنیابن كە داگیركەری ئێراقی هیچیان بۆناكات..

*** وەك شارەزایەك لە دۆسییەكانی جینۆساید و دۆسیەی تاوانبارانی جەنگ، كورد دەتوانێ چی بكات بۆ بە سزا گەیاندنی ئەوانەی ئەمڕۆ لە دەست یاسا و دەزگا دادوەرییەكانی عیراق رایان كردووە و تاوانباری گەورەن لەو كارەساتانەی بەسەر كورددا هاتوون؟**

وەڵام: كورد دەیتوانی زۆر شت بكات، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر بەراوورد بكرێت بەو قەبارەی قوربانی و ماڵوێرانییانەی كوردا، ئەوا دەكرێت بگووترێت هیچ شتێك نەكراوە. هەڵبەت دەستەڵات هیچ ناكات، چونكە خۆی داڵدەدەری یەكەمی ئەنفالچییەكانە، ئەوانە بەبەرچاوی هەمووومانەوە لە ریزی دەستەڵاتدان و جۆرەها پایە و ئیمتیازاتیشیان هەیە و من و تۆش هەرچییەكیان پێ بڵێین قەرزارباریشمان دەكەن. ئێوە دەزانن پارێزگاری سلێمانی یەكێك بوو لە ئەنفالچییەكان و ماوەیەك لە هەولێر شاردیانەوە و پاشان ناردیان بۆ شوێنێكی نادیار.. مرۆ لەم باسانە و لەم وەڵامانە شەرمەزار دەبێت! زۆر شەرمەزارم كە دەبیستم فڕۆكەوانە مەرگبارێنەكەی هەڵەبجە لە سلێمانی ئازادكرا. زۆر شەرمەزارم كە بە نزار خەزرەجی و وەفیق سامەرائی دەڵێین كەسانی نیشتمانی. نەتەوەیەك ئەمە رەفتاری تاكەكانی بێت، تاوانبارانی ئەنفال و كیمیابارانیش هەر لە ژیاندا بەبێ دادگاییكردن دەمێننەوە. بچن سەیری ئەو لیستە بكەن كە رێكخراوی چاك كۆیكردووەتەوە و بزانن چەند ئەنفالچی لەو هەولێر و سلێمانی و دهۆكەدا كاربەدەستن!. من لە یاسادا ئەوەم خوێندووە كە هەر كەسێك هاوكاریی تاوانباری كرد، ئەویش هێندەی ئەو تاوانبارە، ئەی دەستەڵاتی كوردیش تاوانبار نییە؟!.

*** هەر پەیوەست بەو ئەزموونەت لە بواری تاوانەكانی جەنگ، دیارە جیاوازییەكی بەرچاو لە نێوان**

**تاوانی دژە مرۆیی و جینۆساید هەیە، لە دیدی نێو دەوڵەتیش ئەو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون وەك تاوانی دژە مرۆیی سەیر کراون، کورد چی بکات بۆ ئەوەی لە ئاستی نێو دەوڵەتی و بە بڕیار بە جینۆساید بناسرێن؟**

وەڵام: کۆکردنەوەی هەرچی روویداوە بە تەواوی وردەکارییەکانەوە زۆر بە گرنگ دەزانم، پاشان ئەوانە بکرێنە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و دوو ناوەندی گرنگ بۆ بینینی ئەو دۆکومێنت و وێنە و فیلمانە لە ئامریکا و ئەوروپا دابنرێن، تاوەکو رای گشتیی جیهانی ئەگەرچی درەنگە بەو ئازارانەمان بزانن.

پاشان هونەری فیلم لێرەدا زۆر بەگرنگ دەزانم، پێویستە چەندین فیلم لەسەر چیرۆکەکانی ئەنفال دروست بکرێن و ژێرنووسی زمانی ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی تر بخرێتە سەر و هەوڵ بدرێن ئەو فیلمانە ئەکتەر جیهانی و دەرهێنەری جیهانی کاری تێدابکەن، تاوەکو بەشدارییان لە پێشبڕکێی فیلمەکاندا پێبکرێت و لە هۆشی خەڵکیدا بمێنێتەوە.. لەو روەوە جوولەکەکان زۆر ژیر بوون و چەندین فیلمی کاریگەریان دروستکرد. پروانە فیلمی پیانۆژەن کە چ کاریگەرییەکی لەسەر هۆشی بینەران ماوە.. دیارە دەکرێت کاری تریش بکرێت بەڵام من هیچ بە تەمای دەستەڵاتی کوردی نیم..

2010-04-20

لاهای - هۆڵندا

# دەربارەی خۆپیشاندانی سەردەمی بەعس و سەردەمی (خۆمان)! [1]

**پرسیاری میدیا: لە رۆژانی رابردوودا خوێندکاران ژمارەیەك خۆپیشاندانیان لە سلێمانی و هەولێر ئەنجامدا لەو کاتەدا لە لایەن پۆلیس و ئاسایشی سلێمانییەوە بەتوندی دژی ئەو قوتابیانە هەڵسوکەوتیان کرد و ژمارەیەکی زۆریان رووبەرووی لێدان بوونەوە، بەگشتی ئەوجۆرە مامەڵە توندە و ئەشکەنجەدانی قوتابیان لە لایەن هێزەکانی حکومەتی کوردستانەوە دەلالەت لە چی دەکات؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: هەڵبەت توندوتیژییەکە تەنها لەلایەن ئاساییشی سلێمانییەوە نەبوو! بەڵکو لە هەولێریش وەڵامی خوێندکاران بە فیشەك درایەوە و هەندێکیشیان بریندار بوون.. بەڵام دیارە ئەوەی سلێمانی کاریگەرتر بوو و خوێندکارانیش درێژخایەنتر وابەستەی داواکانی خۆیان بوون..

دەلالەت لە چی دەکات؟ ئەمە وەڵامێکی زۆر ئاسانە، بەڵام بەرلەوە باشتر وایە کەمێك بگەڕێمەوە بۆ پێشەوە و خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی هەولێر و سلێمانی و شارەکانی ترتان لە ساڵانی هەشتاکاندا وەبیر بهێنمەوە! ئەوانەی ئەوی رۆژێ برا گەورە و باوك و دایکی ئەم خوێندکارانەی ئێستان. ئەوکات خۆپیشاندانەکان، خەباتێکی پیرۆز بوو، کوردایەتی بوو و هەموو ئەو حیزبانەی ئێستا لەم سەری چەپ تاوەکو ئەوسەری راست و کۆنسێرڤاتیڤیان خوێندکارانیان بۆ ئەو خۆپیشاندانانە هان دەدا، لەسەر ئیزگەکانیان بانگەشەی ئاگرینیان بۆ دەکرد و ئەوەندەی تر کەفوکوڵی خوێنگەرمیان بەرزتر دەکردەوە.

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 432 – لاپەڕە 6 – 27-04-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کڵاورۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان، پەیف، KNC و دەنگی سەربەخۆ – ئاپریلی 2010.

من هیچ جیاوازییەك لە نێوان داخوازییەکانی خوێندکارانی ئەوکات و ئەوانەی ئێستا نابینم، چونکە هەموو داخوازییەکان لە خولگەی ژیانێکی ئازاد و یەکساندا دەخولێنەوە. بەڵام بۆچی بزووێنەری ئەم دەستەڵاتەی ئێستا کە پارتی و یەکێتین و خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتیان بە خەباتی پیرۆز و زۆری تر ناوزەد دەکرد و دژی ئەمانەی ئێستان! ئەوە دەگەیەنێت کە دەستەڵاتی کوردی تاوەکو ئێستا لە چەمك و مەبەستەکانی ئازادی نەگەیشتووە! چونکە گەر ئازادی بێت، دەبێت خویندکاران خۆپیشاندان بۆ بکەن؟، ئەدی یەکێك لە بنەماکانی ئازادی وەدیهێنانی خواستەکانی خوێندکاران نییە!.

زۆرجار لێرە و لەوێ لە دەستەڵاتەوە دەبیستم کە کۆمەڵگەکەمان ئازادە، یان وەکو منەتێك ئەوە بە گوێماندادەدەن کە ئازادیان کردووە و ئازادییان دەپارێزن! بەڵام بەبێ ئەوەی بزانن کە ئازادی ئەوەیە، کە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و تاڕادەیەك یەکسان بێتە کایەوە، کە هەریەك لە باری ئابوورییەوە سەرفراز بێت و تەواوی مافە سەرەتاییەکانی پارێزراو بێت، پەروەردەی منداڵانی کورد، پەروەردەیەکی تەندروست و هاوچەرخ و دووربێت لە خورافاتی بیابان! ئافرەتی کورد تیرۆر نەکرێت و پێمان نەڵێن نەتەوەی ژنکوژ، کەس بەهۆی باوك و براکەیەوە نەبێتە ئەندامی پەڕلەمان! هەڵبەت دەستەڵات ئەوەش نازانێت کە کەسی گونجاو دەبێت لە شوێنی گونجاودا بێت کە پایەیەکی گرنگی تری ئازادییە!

لەو ڕۆژانەی رابردوودا کە خوێندکارانی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی بە تێلا و ئاو و گازی فرمێسکڕێژ و فیشەکی زیندوو لێیاندەدرا، بەراووردی ئەوەم دەکرد کە دەبێت جیاوازیی نێوان (ئەو قوات خاسە عەرەبەی کە ساڵی 1982 لە خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتەدا کە خەباتی پیرۆز بوو لای حیزبەکان! تێڵایەکی کێشا بە قاچمدا و ئەوانەشی کە ئەمڕۆ عەرەب نین و بە کوردی قسە دەکەن و فیشەك دەنێن بە کوڕ و کچ و برا و خوشکە بچووکەکانمانەوە)! چی بێت؟!.. بێگومان هیچ.

2010-04-23
لاهای - هۆڵندا

# دەربارەی دووبەرەکیی ئیسلامییەکانی کوردستان[1]

**پرسیاری میدیا: دوای ئەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی چەند جارێك هێرشی راستەوەوخۆ و ناراستەوخۆیان کردەسەر یەك، تا ئێستا ئەو دوو هێزە لەگەڵ یەك دانەنیشتوون و جۆرێك لەگرژی لەنێواندایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەلەم رۆژانە ژمارەیەك کادیری یەکگرتوو چوونە ناو کۆمەڵەوە! ئەو جۆرە لە پەیوەندیی نێوان ئەوە دوو هێزە چۆن دەبینیت؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: وابزانم لینینە کە دەڵێت لە هەر وڵاتێك یان ناوچەیەك دوو رێکخراوی کۆمۆنیستیی تێدابێت، ئەوا یەکێکیان تێکدەرە. من باسی ئەو هەموو رێکخراوە چەپەی کوردستان ناکەم و کە دەبێت بە پێی ئەم وتەیە تەنها یەکێکیان هەو بێت و ئەوانی تریش لادەر! لێ ئەم پەندەی لینین بە لەجیاتیدانان بۆ رێکخراو و پارتە ئیسلامییە کوردستانییەکان بەکاردێنم، چونکە زۆرباش بەسەریاندا دەچەسپێت. هەڵبەت ئیسلام خۆیشی دەڵێت: هیچ پارتێك نییە پارتی ئەڵڵا نەبێت. ئەگەرچی ئەم وتەیە زۆر گشتیترە لەوەی لینین، بەڵام دەکرێت بۆ بوونی زۆتر لە پارتێکی سەربە یەك ئایدۆلۆژیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاربهێنرێت..

ئەگەر ئایینێك ناوی ئایینی ئیسلام بێت و خودایەك ناوی ئەڵڵا بێت و پێغەمبەرێکیش ناوی محەمەد و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش وابەستەی ئەم ئایینە و ئەم خودا و پێغەمبەرە بن! بۆچی یەك رێکخراو نەبن! ئەگەر لە پشتی ئەو سێ کۆڵەکەیەی تریان کە ئیسلام و ئەڵڵا و

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 433 – لاپەڕە 6 – 04-05-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کڵاوڕۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان، پەیف، KNC و دەنگی سەربەخۆ – مایی 2010.

محەمەدە، هۆکارێکی تر یان لایەنێکی تر و بەرژەوەندییەکی تر نەبێت!.
هەڵبەت لەم کورتە وەڵامەدا، ئاستەمە وردەکارییەکانی هۆکاری درووستبوون و دابەشبوونی بەرەی ئیسلامی سیاسیی کورد بۆ چەند لایەنێك باسبکرێت، بەڵام ئەوەی بەڵگە نەویستە کە هەر یەکێك لەو ڕێکخراوە ئیسلامییانە جێبەجێکەری پلانێکی دژبە کوردی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و عەرەبستانی سعودیەن. هەربۆیە دژایەتیی هەریەك لەوان بۆ یەکتری، دەبێتە دژایەتیی پلانی ئەو دەوڵەتانە لەسەر باشووری کوردستان. ئەم هۆکارە دەمێکە پاشەڕۆژی باشووری کوردستانی خستووەتە مەترسییەوە، چونکە ئەو لایەنانەی کە باشووری کوردستان بەڕێوەدەبەن بە پارتی و یەکێتیشەوە، هەمیشە وەك تاکە لایەن پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیان پیادە کردووە، نەك وەك باشووری کوردستان، دیارە ئەمە ترسناکترینی هۆیەکانی بەشبەشی و بێهێزیی وڵاتێکە. بەو پێیە حیزبە ئیسلامییەکانیش هەمان پەیوەندیی سەربەخۆیان بە دەرەوەی هەرێم هەیە. ئەو هێرشە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەشی کە ئەمانە دەیکەنە سەریەك هەمان هێرشی هەر بۆ نموونە، هەردوو داگیرکەری ئێران و عەرەبستانی سعودیەیە بۆسەر یەکتر!. هەڵبەت ئەمان ناچاریشن بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئەو دەستەی کە بە پشتی ئەم حیزبانەوەیە ئەوانن و بەبێ وان، بەردەوامبوونیان ئەستەمە.
بەرژەوەندیی مادی کە لەو دەوڵەتانەوە بۆ ئەم حیزبە ئیسلامییانە دێت، دەکەوێتە پێش ئەو سێ کۆڵەکە گرنگەی کە ئەو حیزبانە (لە پێناویدا) دامەزراون. هەربۆیە پەیوەندییەکانیشیان هەر ئەو بەرژەوەندییانە ڕێکی دەخات، هەر هەمان بەرژەوەندیشە کە وا لە کۆمەڵێك (کادیر)ی یەکگرتوو دەکات بچنە ناو کۆمەڵەوە، نەك لەبەرئەوەی خودای یەکگرتوو ئەڵڵا نییە و ئایینیشیان ئیسلام نییە و پێغەمبەریشیان محەمەد نەبێت!. یاخود خوانەخواستە بەرنامەی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی ئازاد و یەکسان لەوەی هی یەکگرتوو کاریگەرتر بێت!.

هەمووومان زۆرباش دەزانین کە ئاڕاستەی هەر حیزبێکی ئیسلامیی کوردی بەلای چ دەوڵەتێکەوەیە، هەربۆیە دەکرێت پەیوەندی و دژایەتیکردنی یەکتریان وەك پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ رادەی دژایەتیکردنی ئەو دەوڵەتانە..

2010-04-27
لاهای - هۆڵندا

# دڵی گەورە و گیانی دیموکراسی لای منە، نەك شیوعییەکان![1]

لە گۆشە هەفتانەکەمدا، کە هەموو سێشەممەیەك لە لاپەڕە شەشی هەفتەنامەی میدیادا بڵاودەبێتەوە، لە ژمارەی 431ی رۆژی 20ی ئاپریلی 2010دا، وەڵامێکی من دەربارەی ئیفلاسیی شیوعییەکانی کوردستان، هەرایەکی نایەوە!. هاوزمانە شیوعییەکانم ئەو وەڵامەی منیان بۆ قوت نەچوو و تووشی هێستریا بوون و بە سووکایەتییان دانا بۆسەر سیاسەتی مارکسیزم – لینینیزم و بەهۆیەوە چەندین وتار و کۆمێنتی ناشرینیان لەسەر نووسینەکەی من بەتایبەتی لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ و پێنووسەکان، دەنگەکان، کورستان نێت، پەیڤ، ئەمڕۆ، رێگای کوردستان و زۆریتردا نووسی.

هەڵبەت من پێشتر بڕیارم دابوو کە بە هیچ جۆرێك وەڵامیان نەدەمەوە چونکە بەڕاستی من واهی پەروەردە نەکراوم کە وەڵامی جنێو بدەمەوە و ئەم وەڵامەشم نابێت بخرێتە بری ئەوە، چونکە زۆرتر گفتوگۆی نووسینێکی کاك قادر نادر دەکەم وەك لە شیوعییەکانی کوردستان. هۆیەکەشی زۆر ئاسانە، ئەوان بەو نووسین و کۆمێنتە ناشرینانەیان سەلماندیان کە ئەدەبی گفتووگۆ نازانن و لە خۆڕا شتان هەڵدەبەستن و تەنانەت گاڵتە بە ناو و نازناوی مرۆڤیش دەکەن!. کەسانێك ئەوە ئەدەبی گفتوگۆیان بێت هەر فەرامۆش بکرێن باشترە.

دەربارەی ئەو جنێوانەی کە شیوعییەکان بە منیان دابوو و تەنانەت لەسەر رۆژنامە بێئاستەکەیانەوە لە لاپەڕە یەکی ژمارە 883یدا رێکلامیان بۆ بەرپەرچدانەوەیەکی ئەندامێکی سەرکردایەتییان لە دژی قسەکانی من کردبوو، هاوڕێی بەڕێزم کاك هەڤاڵ نەژاد لەسەر فەیس بووك ئەمەی نووسیبوو کە پێموابێت باشترین وەڵامی ئەو شیوعییە جنێوفرۆشانەیە:

---

1 ماڵپەڕەکانی کڵاورۆژنە، کوردستان نێت، پارتی چەپی کوردستان، پێنووسەکان، KNC و دەنگی سەربەخۆ – مایی 2010.

*(دز، جەردە، چەقۆ لە دەست، دەنگی نەشاز بەنوسەر، گەواد، خوێنرێژ، بۆق، کۆن، بۆگەن، سواو، باخەوانە زەلیلەکە، باخەوانی ئەفیون، بیری فاشی و بەعسی هەیە، تفی لە دایکی خۆی کردووە، گەمژەیی دەگەیەنێتە لوتکە، سۆزانیخانە بۆ تۆ، هیرۆین و چەکی ئەتۆم و کیمیایی بۆ تۆ، ئەو هێرۆینفرۆشە، بۆقی ژەنگاوی، نەهاوڕێیت، نە باخەوان) ئەم هەموو جنێو و سوکایەتیە لە ئەیفۆرێک، ئەمە کوێی نوسین و رۆشنبیریە؟؟؟* - سەرچاوە: لاپەڕەی کاك هەڤاڵ نەژاد لە فەیس بووك. تێبینی: ئەو جنێوفرۆشە یەکەمجار بەشێوەیەکی بەرفراوان جنێونامەکەی بەناوی (هاوڕێ نییە و باخەوانی هیرۆیینە)دا بڵاوکردەوە، بەڵام پاشان لە لاپەڕە 10ی ژمارە 883ی رێگای کوردستاندا، ئەو جنێونامەیە بووە (هاوڕێ نییە و باخەوانیش نییە)!. هیوادارم خوێنەری بەڕێز لە ریزکردنی ئەو وشە ناشرینانە لێمببوورێت، ئەوانە قسەی من نین، بەڵکو جنێوبژێرەکانی بەناونووسینێکی هاوڕێیەکی حیزبی شیوعییە!.

بەرلە هەر شتێك دەمەوێت سوپاسی کاك ئاسۆ بیارەیی بکەم، کە بە ئەدەبێکی زۆر جوانەوە کە 180 پلەی لەگەڵ شیوعییەکانی تردا جیاواز بوو، گفتوگۆی لەگەڵدا کردم. هەڵبەت واهیم هەستکرد کە کاك ئاسۆ بەهۆی ئەو گفتوگۆیانەوە لەلایەن زۆرێك لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعییەوە بخرێتە دەرەوەی بازنە، لەو رووەوە داوای لێبووردنی لێدەکەم.. کە بەهۆی ئەو گفتوگۆیانەوە کەوتە بەر هێرشی هاوڕێکانی.

من لای خۆمەوە ئەم بابەتەم داخستبوو تا کاتێك کە نووسینێکی کاك قادر نادرم لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بینی. هەڵبەت من زۆرجار شتی کاك قادر دەخوێنمەوە، بەڵام بەبینینی سەرباسی نووسینی ئەم جارەی (لە نێوان مارکسیەکەی...) دەبووایە لە جارێك زۆرتر بمخوێندایەتەوە. نووسینەکەی کاك ساسان دەروێشیش بووە هاندەری زۆرترم بۆ ئەوەی هەندێك لەسەر ئەم کێشە راوەستم.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە من نە دڵگران دەبم و نەهیچ، چونکە دڵنیام کە کاك قادر دەزانێت ئەدەبی نووسین چۆنە و چی دەنووسێت. دڵنیاشم لە خۆم کە بە گیانێکی دیموکراسییەوە وەریدەگرم و باوەڕیشم بە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەك نییە، ئیدی

هی پرۆلیتاریا بێت، یان هی ئایینی بۆ من دوو دیوی دراوێکی قەڵبی بەسەرچوون!.
نووسینەکەی کاك قادر خراپلێتێگەیشتنێکی دەربارەی من تێدا بوو، ئەوەی کە من خوێندمەوە و لێی تێگەیشتم ئەوەیە کە نەتەوەییەکان رەخنە و دروشمیان زۆرە و بەڵام بەشێوەیەکی کارا ئامادەییان نییە. ئەمە دەکرێت لە زۆر لاوە راستیی تێدابێت، بەڵام هەڵبەت من دەتوانم تەنها بەناوی خۆمەوە قسە بکەم و (بەس) نەك وەك ئەوەی شیوعییەکان دەیکەن و بەناوی هەموو کرێکارانی جیهانەوە رەخنە دەگرن و دروشم دەدەن!.
پێموابێت، من پێشەنگی ئەو کەسە نەتەوەییە لیبراڵانەم کە زۆرترین رەخنەم لە بیری نەتەوەیی و کاژیك و پاسۆك گرتبێت. هەر کەسێکیش دواکەوتەی نووسینەکانی من بێت، ئەو راستییە دەزانێت. ساڵێك لەمەوبەر نووسینێکم بەناوی (باش بوو پاسۆك نەما ئەگینا ئەویش چەند کەرت دەبوو - هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 50 – 2009-04-06 – لاپەڕە 19 - کوردستان – هەولێر) ناڕەزاییەکی زۆری لە ناو هاوبیرانمدا دروستکرد. لەسەر ئەو نووسینەم کچێکی خەڵکی سلێمانی بە ئیمێڵ پرجنێوی کردم!. وەکو پاسۆك پەریی ئاسمانانی ناو کتێبە ئەفسانەییەکان بێت و بە هیچ جۆرێك قابیلی رەخنە و گازندە نەبێت!.
هەر ماوەیەك پێش ئێستا و لەسەر زیندووکردنەوەی پاسۆك بەیارمەتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەردوو گۆڤاری نێوەند و شەقام كاك ستیڤان شەمزینانی کە خۆی چەپە، رووبەڕوویەکی لەگەڵدا سازکردم (بڕوانە - گۆڤاری نێوەند – ژمارە 70 – لاپەڕە 18-21 – دیسەمبەری 2009 - کوردستان – سلێمانی. گۆڤاری شەقام– ژمارە 145 – لاپەڕە 18 و 19 و 21 – 2010-01-13 - کوردستان – سلێمانی)، ئەوەی من لەو رووبەڕووەدا وتوومە و ئەو رەخنانەی لە پاسۆك و هاوبیرانی پاسۆکم گرتووە، هیچ شیوعییەك لە هەڵە و خیانەتەکانی حیزبی شیوعیی نەگرتووە، هەڵبەت لەو رووبەڕووەشدا کە باسی پەیوەندیی پاسۆك و قەرارگای رەمەزان یان هەمزەم کردبوو، کەوتمە بەر تانە و تەشەری هاوبیرانم! بەڵام لەبەرئەوەی من راستیم گووتووە باکم بە تانە و تەشەری ئەو هاوبیرانە نییە، چونکە بۆ من راستگۆیی پێش پاسۆکیش و بیری نەتەوەییشە.. نەك ئەوە!

بەڵکو ڕاستگۆیی بەشێکی گەورەی بیری نەتەوەیی کوردییە. ئیدی نازانم جنێوفرۆشی سەربە کام ئایدۆلۆژیایە!.

کاك قادر، تێڕوانینی من بۆ بیری نەتەوەیی و نەتەوایەتیی کورد زۆر جیاوازە، خۆزگەم ئەو ئەرکەشت دەکێشا و پەڕتووکی هێشتا چاپنەکراوی (بەراوردەکانی ژیان) لە نووسینی من کە لەسەر ماڵپەڕەکەم ئامادەیە، دەخوێندەوە، ئەوکات باشتر دەتوانی بیر و بۆچوونی من بخوێنیتەوە. چونکە من دەمێکە باوەڕم بەوە نەماوە کە ئێمە نەتەوەیەکی ئازا و زرنگ بین!.

لەسەر ئەو نیوە کۆڵۆمەی من لە ڕۆژنامەی میدیادا زۆر نووسرا، لەوانەیە من هەموویانم نەدیبێت بەڵام، نزیکەی هەفت وتارێکم لایە، کە سیانیان زۆر دوور و درێژن، سەرباری ئەوەی کە دەیان کۆمێنتیش لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆدا لەسەر ئەو وتارانە و وەڵامەکەی من نووسرا. دیارە لەوانەیە شتی تریش نووسرا بێتن و بەڵام من نەمدیبن. هەموو ئەو نووسینانە سەلماندیان کە من لەو نیوە کۆڵۆمەمدا چەند ڕاستیم پێکاوە! ئەگینا بازرگانێکی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نەدەهات بۆ بەرگری لە سەرمایەکەی یەك دانە لاپەڕەی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە من و وشە ریزکراوەکانمدا خەسار بکات!. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی تەنانەت هێشتا فێری ئەوە نەبووە کە وشەی (وشە) بە یەك واو دەنووسرێت نەك دوو!.

دەمێکە گووتوومە شیوعییەکانی ئێمە پێویستییان بە تێڕاپی هەیە، یان چارەسەرێکی سروشتی. Therapy - چارەسەرەکەش دنیادیدەییە. دەبێت شیوعییە کوردستانییەکان لەو چوارچێوەیە بێنەدەرەوە کە لە مۆسکۆ باران باری، لە چلەی هاویندا لە کوردستان چەتر هەڵبدەن تاوەکو تەڕنەبن. ئەو تێڕاپییە لەوەدا خۆی دەبینێت بۆ نموونە بچن گەشتێکی کوبا بکەن و ببینن کە مرۆڤی کوبی بەدەست کۆمۆنیزمەوە چۆن سووك و ڕسوا بووە!. بچن بۆ کۆریای باکوور و کۆریای باشوور! بزانن کە مرۆڤی کۆریای باکوور چەند هەژار و سەرکووتە و هی باشووریش چەند ئازاد و خۆشبەختە!. بچن بۆ کەمبۆدیا تاوەکو وەکو من خۆشبەخت بن و نەفرەت لە کۆمۆنیزم بکەن، تاوەکو بزانن کە کۆمۆنیزم چۆن بووەتە هۆی تیرۆرکردنی ملیۆنان مرۆڤی کەمبۆدی، بچن زیندانی ئێس 21ی پۆلپۆت ببینن لە نۆم پێنی

پایەختی کەمبۆدیا، تاوەکو ئەو گردە کەللەسەرانە ببینن کە دەستی کۆمۆنیستەکانی کەمبۆدیا کوژراوە. بچنە ناو کێڵگەکانی برنجی کەمبۆدیاوە و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی جووتیاری کەمبۆدی ببینن کە چۆن خراونە ناوچاڵەوە و گوولـەباران کراون. بابچن بۆ سۆفیای پایەختی بولگاریا، کە نزیکترین وڵاتی کۆنە کۆمۆنیستە لە کوردستانەوە و ببین کە ژمارەی ئەو ئافرەتە سۆزانیانەی کە جنێوفرۆشەکەی لەمەڕ خۆمان باسی کردووە، هێندەی هەموو ئەوروپای خۆرئاوا نییە!. هیوادارم ئەو جنێوفرۆشە ئەمەی دووایییانم بە حاڵ و حیسابێك بۆ لێکنەداتەوە، چونکە من بە رێبواری و بە ترانزێت سوفیام بینیوە و لە ناو فڕۆکەخانەکەیدا لەسەر کارتۆن دانیشتووم! چونکە کورسیی لێنەبوو!. کە تەنگاویش بووم، چومە تواڵێتەکانییەوە، چونکە دەسڕی لێنەبوو! بەپیسی هاتمەدەرەوە!. ئەگەر بەراووردی تریشتان دەوێت! ئەوا هەر زۆر لەمە زۆرترم لایە..

تکایە، تکایە و دیسانیش تکایە با شیوعییەکانی کورد، بچن دنیا ببینن و تێبگەن کە ئێوە دوای چی کەوتوون. تاوەکو خۆتان چارەسەر بکەن و بزانن چی دەڵێن و چۆن رەفتار دەکەن. ئەو کات دڵنیام کە شیوعییەکی موخەزرەمی وەك عەباس رۆستەم ئەم قسانە دەربارەی من نانووسێت:

**Abas Rostem 2010/04/24**

*... ،ئەم هاوری با خەوانە لەوە ئەچێت نەوەی یەکێک بێت لە پیاوکوژە فاشستەکانی کانی ماسی ، یاخود نەوەی یەکێک بێت لە زێوانەکانی گرتوخانەکانی مالومەو خەلان ، یاخود کوری خوداپێداوێکی خاوەن سامانی حەرامی رەنجی چەوساوان بێت ، وا دڵی پڕ لە کینەو ڕقە بەرامبەر شیوعیەت .ئەگینا هیچ هۆیەکی دیکە نیە وا ( لا خەبەر ) و بێ هیچ زانیاریەک شەلم کوێرم حزبی شیوعی داوەتە بەر هێرش . تۆش هاورێ ئاسۆ ئەوەت لەبیر نەچێت کە هەمومان لە لانکەی پیرۆزی ئەو حزبە بەخێوکراوین ، پیویست ناکات لەبەر رقێکی دڵت وا پشتی دوژمنێکی مێشک تاریکی حزب و چینەکەت بگریت و بەرگری لێبکەیت ،دەبێت زویریەکەت لە هەندێک لە دەستەڵاتدارانی ناو سەرکردایەتی حزب پاڵت پێوە بنێت بنیاتنەرانە ڕەخنە بگریت نەک بەو شێوەیە.*

پڕوانە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ.

کاك قادر، من لە وەڵامی ئەم شیوعییە موخەزرەمەدا، زۆر بەڕێزەوە دەڵێم:
کاك عەباس سڵاو، ئەوانەی کە لە کارەساتی کانی ماسیدا بەدەستی پیاوکوژە فاشییەکان تیرۆرکران، هاوڕێی ڕەوانشادی باوکم بوون، چون ئەوکات ڕەوانشادی باوکم ئەندامێکی بەرزی نەقابەی کرێکارانی سلێمانی بوو و زۆریش بەداخ بوو بۆ تیرۆرکردنی هاوڕێکانی، هەربۆیەشە منی ناو ناوە هاوڕێ!. دیارە خۆشم زۆر بەداخم بۆ ئەو کارەساتە، ئەوانەی دەستییان لە کارەساتی کانی ماسیدا هەیە ئەگەر کاژیك بن یان پارتی دەبێت دادگایی بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن! من وەك شیوعییەکان کوێرانە لە هەڵەکانی کاژیك و پاسۆك نابوورم و پرۆتستۆی دەکەم.
بەڕێزم (لا خەبەر) هەر دەبێت تۆ بیت، کە ئەو تاوانانە دەبەخشیتەوە، ئەو زەیوانی مالومە و خەلان نەبوو، سامانەکەشی حەرام نەبوو و ڕەنجی چەوساوان نەبوو!. خۆزگە ئەو وڵاتەی تۆ و هاوڕێ جنێوفرۆشەکانتی تێدایە، وڵاتی یاسا بووایە، یان لە وڵاتێکی سەرمایەداریدا ژیانتان بەسەر ببردایە، ئەو کات دەتزانی چۆن لەسەر ئەو جنێو و تۆمەتانەتان ڕاپێچی دادگام دەکردن و هەڵبەت کارێکی باشیش ناکەن کە کەسوکاری من دەخەنە ناو ئەم گفتوگۆیانەوە!.

2010-05-03
لاهای – هۆڵندا

**ئەمە بابەتە لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم کۆمێنتانەی لەسەردرا، دیارە پێویست ناکات کە بڵێم هیچ وەڵامی ئەم هێستریایەی شیوعییەکانم نەدایەوە:**

**hogr 2010/05/04**
كاك باخەوان سلاوت ليبي .
برای بەريز تۆ لەنوسينەکەتدا ديارە... لە جەند تەلەيەکی تر بساوە بۆيە خۆت باسی ئەوەدەکەی کە جەند جاری تر جنيو

باران کراوی ئەی کەوایە بۆ بۆخۆت بیدەنك نابیت بۆ هەول نادەی بەشیویەیەکی باشتر بنوسی تا جنیوت بینەدریت ؟ئاخر برای بەریز تۆ کە خۆت بروات بە شیوعیەت نیە خەلکانیکی زۆر بروایان بیی هەیە وەك ئەوەی کەلەم هەلبژاردنانەی ئەم دواییە دەرکەوت کە شیوعیەت فکریەکی نامۆ نیە خەلکانیك پەیرەوی دەکەن کەواتە بەریزت کە بەم زمانە وشکە ووشە ریز دەکەی هیچ تیبونیەك بۆ رای ئەم خەلکە نابینی هەول بدە خۆت ریز لە تیروانین و بۆچونی خەلکان بکرە چونکە خەلکیك هەیە قوربانی بە خوین داوە لە بیناو شیوعیت ناکریت تۆ بی ئەهمیەتی بکەیت بۆیە بەریزم تکایە خۆت خالی بکەوە لەم هەموو رقو کینەی کە بەرامبەر شیوعیەکان هەتە بانەکەویتە بەر جنیوو قسەی ناشرین .

**2010/05/04 دلشاد**

دلشاد

سلاو من هەر لەسەرەتادا لەگەل ئەوە نەبووم کە وەلامت بدرێتەوە، کە کۆمێنتی خۆشم لەسەر نووسینەکەت نووسی داوام لە هەموو هاورێیان کرد کە ئەم نووسینە لە ئاستێکی نزمدایە پێویستی بەوەلامدانەوە نیە!!! چونکە نووسینەکە هیچ شتێکی نوێ تێدانەبوو، ئەو قسانەش چەندین دەیە پێش جەنابت مسعود مەحمەد کردویەتی، هەمووشمان دەزانی رق و قینەی ناوبراو دژی شیوعیەکان لە چ سەرچاوەی گرتبوو!!! چەند دژی شیوعیەکان دەینووسی ئەوەندەش بۆ پیرۆزی سەدامی دیکتاتۆر دەینووسی!!!! من وەك شیوعیەك زۆریشم پێ ئاساییە کەسانیك هەبێت وەك جەنابت لە شیوعیەکان و بیری سوسیالیزم بروانێ، بەلام ئەوەی ئاسایی نیە جەنابت بە چەند نمونەیەکی سادە ئەم سیستەمە هەلسەنگێنی، داوا لە شیوعیەکان بکەیت بچن سەردانی ئەم ولاتانەبکەن!!! بەلام ئەمرۆ مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ سەردانیش لەرێگای خویندنەوە موتابەعەی وەزعی ئەم ولاتانە بکەن، خۆ ماوەیەکی زۆر نیە راپورتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر سیستەمی تەندروستی کوبا بلاوکرایەوە، کە بەباشترین سیستەمی تەندروستی لە هەموو جیهان ناساند، تەنیا بۆ زانین دەزانیت ئاستی زانکۆکانی کوبا لەچ ئاستێك دایە!!! لە ئەمریکای باشوردا تەنیا کوبا دەولەت نیە!!! بۆ هەلسەنگاندنێکی کوبا لەگەل ولاتانی ناوچەکە

ناکەیت!!! خۆی ئەوانی تر دەیان سالە سیستەمی سەرمایەداری تیدا بەرقرارە!!! ئێستاش لەگەل ئەوەی زیاتر لە 40 سالە ئابلوقەی ئابوری لەلایەن ئەمەریکا خراوتە سەر ئەم دەولەتە،( تەنیا چونکە ئامادەنیە واز لە کەرهامەتی خۆی بێنی) بەلام بەگشتی ژیانی گەلی کوبا لەوانی تر باشترە!!!! ئەگەر جەنابت کەرامەتت لا گرنگە ئەوەی کەرامەتی گەلی کوبا زۆر لە ئاستێکی بەرزدایە!!! بە هیچ شیوەیەك براورد لەگەل ئەوانی تر ناکرێت. بەلام دەیان نمونەی دولەتی نەتەوەیی لە ناوچەکەی خۆمان هەیە کە مرۆڤەکانی تیدا رێگای مەرگ هەلدەبژێرن تەنیا بۆ رزگار بوونی، دەزانی ژمارەی دانیشتوانی گورستانەکانی میسر چەندە!!!! خۆ هەموو مان لە نزیکەوە شارەزای ژیانی میسریەکانین، ئەوەش نمونەی دەولەتی نەتەوی . بەداخەوە هەلگرانی بیری تەسکی نەتەوەی لە کوردستان( رێزم بۆ ئەوانەی بە گیانیکی پێشکەوتوخوازی تێکوشاون بۆ رزگاری نەتەوەی) رەخنەکانیان لە بیری سوسیالزم زۆر جیاواز نیە لە رەخنەکانی کەسانی کۆنەپەرست و پیاوانی ئاینی. من وای دەبینم کە لە ناوەراستی سەدەی رابردوو رەوتی ئاینی پەسند نەبوو لە نیو گەلانی ناوچەکە، بۆیە خۆیان لە نیو ئەم رەوتە نەتەوەییە دەدۆزیەوە، ئێستا رەوەتی ئاینی رەواجی هەیە سەنگەری کازیك و پاسوك بوونی نەماوە. ئەوانەی وەك ئەمان بیر دەکەنەوە هەموویان لە نیو بزوتنەوە ئاینیەکانن. بەرێزم بزوتنەوەی نیشتیمانی لە کوردستان تەمەنێکی درێژی هەیە، رۆلی شیوعیەکانیش بۆ هەمووان دیارە، بەلام ئەم رەوتە نەتەوەییەی داخراوەی جەنابت باسی دەکەیت هەموو کاتەکانی وەك تەمشاکەر بووە، ئەگەر دەورێکی خراپی نەگێرابی.

**2010/05/04 كاوة**

نةتووكاك هاوري باخةوان نة دلير محةمةد شةريف دةناسم تةنها خوينةرم بةلام دلير بةجوريك ولامي داويتةوة جون دةتوانيي قةلةم هةاكرييو بنوسيي؟ولاميكى داويتةوة فيريي رةخنةكرتن بة لييةوة؟

**تێبینی لە لایەن کاک عەباس ڕوستەمەوە**
**Abas Rostem**

کاکە هاوڕێ باخەوان ،سوپاس بۆ وەڵامەکەت هەرچەندە هەندێک توندی پێوە دیاربو . برام من وتومە لەوە ئەچیت کە نەوەی فاشستەکانی کانی ماسی وزێوانەکانی هەردوو گرتوخانەی مالومەو خەلان و پەروەردەی ڕەنجی چەوساوان بیت ، نەک وەک تۆ تێگەیشتویت کە وتبێتم نەوەی ئەوانەیت .ئەوەشم بۆیە وتوە چونکە ئەو ڕق وکینەیەت تاکو ئێسک لە شیوعیەت و شیوعیەکان لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت ،ئەگەر تۆش وا تێگەیشتویت من ئەوە نیازم نەبوەو ڕێزیشم بۆ خۆت و خانەوادەکەت و باوکی رەوانشادت .

عەباس روستەم

**sarbaz 2010/05/05**

slaw! agar har kasek lamroda ka biawet xoi darbxat awa wak am hawre baxawana bawk kona shu3iu daulamandi sardami sadam den chand sara mqastek zaniari la govarakanawa war dagretu dayannusenet bayakawa wa dazanet bama dabet ba nusaru runakbir...xoi la xalk krdwa ba siasi...am kasa puri lagal amni slaimani bu,,tekali mala mustasharakan bun,,,hai qur basar kurd ama bua ba natawaie..

**abadul 2010/05/05**

bo dwham jar bo lenkakm blaw na krayawa bastae bangye sarbaxoooooooooooooo

..................

Dengî serbexo

kak Edulla basî kam Lînk dekeyt ???

tikaye dillnyabe le rewanekirdin, u pashan e-maileki tewaw binose ta welam bideynewe ..

supas

**هیوا رهش 2010/05/05**

سلاو بؤ ده نكى سه ربه خؤ : هيج كؤمينتيك نه نووسرابوو من كؤمينتيكم بؤ ره وانه كردن ,بى سه ر و شوين كردنى نيكه رانى كردم !

.............

دەنگی سەربەخۆ

کاک هیوای بەڕێز

هیچ هۆکارێک نییە بۆ بڵاوەکردنی کومێنتی جەنابت. تەنیا هوکار ئەوەیە کە بەدەستمان نەگەیشتووە. تکایە بۆمان ڕەوانە بکەوە... ئێمە دەزانین کە مالپەڕەکە کێشەی هەیە لەو بوارەدا و دیساینەری مالپەڕەکە بە تەواوەتی دروست نەکردوە و چاککردنەوە پارەی دەوێت هههههه

زۆر سوپاس و داوای لێبوردن دەکەین

**2010/05/05 جەمال عوسمان**

کاک باخەوان تۆ نوسیوتە "ئەگینا بازرگانێکی ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نەدەهات بۆ بەرگری لە سەرمایەکەی" کاک باخەوان دەتوانی بیسەلمێنی ئەو ئەندام سەرکردایەتیە بازرگانە ؟؟ چەند سەرمایەی هەیە ؟؟ و چەند پرۆژەی بازگانی هەیە ؟؟ و ئێمە نەمان زانیوە ؟؟؟ بەڵگەت هەیە ؟؟؟؟؟؟

تۆ نوسیوتە "ببینن کە مرۆڤی کوبی بەدەست کۆمۆنیزمەوە چۆن سووك و رسوا بووە!" ئەمە ئاستی ڕۆشنبیری بەڕێزتە کە بە مرۆڤ بڵێی سوک و ڕسوا !!! خۆشیوعیەکان بە مرۆڤ دەڵێن گەورەترین سەرمایە ! تۆ بۆ لێیان هاربوی خۆ بەقەد تۆ سوکایەتی بە مرۆڤ ناکەن ؟؟؟؟

تۆ کەسێکی پێم وایە باری دەرونیت تەواو نەبوە کە ئەم نوسینەت نوسیوە دەنا شیوعیەکان ناکەی بە جنێو فرۆش و دوایش بنوسی "ئیدی نازانم جنێوفرۆشی سەربە کام ئایدۆلۆژیایە!" ئەگەر باری دەرونیت تەواو بوایە نە شیوعیەکانت دەکرد بە جنێو فرۆش و نە ئەو پرسیارەشت دەکرد کاک باخەوان ئەگەر ڕاست گۆیت و دەتەوێ ڕاستی بڵێیت ئەدەی بۆم

بسەلمێنە و بەڵگە بێنە لە کوێ و لە کام شوێن شیوعیەکان گوتویانە ئێمە نوێنەری کرێکارانی جیهانین تا بە ناوی کرێکارانی جیهان قسە بکەن و ڕەخنە بگرن وەک ئەوەی تۆ دەیڵێی "ئەوەی شیوعییەکان دەیکەن و بەناوی هەموو کرێکارانی جیهانەوە رەخنە دەگرن و دروشم دەدەن!. "؟؟؟؟

کاکە باخەوان دڵی گەورە و دیموکراسی وەک ئەوەی تۆ نوسیوتە بە نوسین نابێ نە دڵ لە ئاستی ناحەقی گەورەیە و نە دیموکراسیش لای تۆیە ئەگەر لای تۆیە مەیدە بە کەس با هەر بۆخۆت بێت ؟؟ بە سەدان خانەوادە خوێنیان بۆ شیوعیەت و لە دژی بەعس ڕشتوە کە چی تۆ لە نوسینەکەتدا دەڵێی "نەتوانێت تەنانەت پێچکەی کورسییەکیش لە کوردستاندا بەدەست بهێنێت! ئیدی مافی چی و حاڵی چی؟!" جا کاکە خۆ بەعسیش وای پێکردین نە مافمان هەبو نە حاڵ وەک ئەوەی تۆ داوای دەکەی ؟؟؟

تۆ بە شیوعیەکان دەڵێی بونەتە سینەما ؟؟؟ تۆ کە سوکایەتی بە شیوعیەکان بکەی بیرت نەچی ئەگەر بە سەدانیش نە بێت بە دەیان خوێن گەرم هەیە کە چۆن قەسابخانەکەی پشت ئاشانی بیر ناچێ ئاوهاش بوون بە سینەمای بیر ناچێ ؟؟؟؟

بە دەیان پرسیاری دیکە کە پێم وانیە بتوانی وەڵام بدەیتەوە بەڵام ئەو پرسیارانەی من وەڵام بدەرەوە کە بۆم نوسیوی ئامادەم واز لە شیوعیەت بێنم و لەسەر دەستی تۆ دەستی لێ بەردەم

husa92@yahoo.com

**2010/05/06 دلێر مەحەمەد شەریف**

......بۆ هاوڕێ باخەوانی خاوەن ئەودڵە گەورەودیموکراسخوازەی.....!؟ کە لەبری گفتو گۆیەکی

ڕۆشنگەراییانەی دیموکراسیانە و سەلماندنی ئەو لێکدانەوەو تێروانینە مەزنەی بەرامبەر شوعیەت و فکری مارکسی لەدیرێکی لاسەنگدا من بە بازرگان ناو دەبات .....!خۆزگە دەمزانی مەبەستی کام بازرگانیە ...!؟ خۆئەگەر مەبەستی بازرگان بەمانا بازرگانیی خاوەن سەرمایەپرۆژەی بازرگانی بێت کەئەوە هیچ نەنگیەکی تیدانیە و مافی هەموو کەسێکە بازرگان بێت یان ئەو بەرێزە بیر مەزنە ئەوەش بە شوعیەکان رەوانابینێ هەر وەك چۆن مافی حیزبایەتی و ئازادی بیرو راشی بۆ شوعیەکان نەهێشتۆتەوەو خۆشی بە خاوەن دڵی گەورەو دیموکراسخواز دەزانێت بەڵام هەموو کەس چی شوعیەکان و چی رۆشنبیران و خەڵکێکی زۆر من دەناسێت خۆمن ئەوەی کە لێ ی کۆڵەواربم بازرگانیە ...خۆزگە وەك ئەوەی کە کاکە جەمال عوسمان بۆی نوسیوی دەتسەلماند کام بازرگانی و کام پرۆژەی بازرگانی ...!؟ دلنیابە من گەر بازرگان بومایە قەد درۆم لەگەڵ خۆمدا نەدەکردو وەك شوعیەك نەدەمام چونکە شوعیەت ململانێیەکی چینایەتیە لەنێوان بازرگانە خاوەن سەرمایەو هەژارانی بێسەرمایەدا کە دڵنیام تۆ لەمەش تێناگەیت چونکە بریارت داوە بەو جۆرە بیر بکەیتەوە ...بەرێز ئەگەر تۆ کەسێکی دیموکراتخوازو ئازاو ئازادی برۆ بەئارەزوی خۆت بیسەلمێنە کەمن بازرگانم کە بێگومان بازرگانی دوور لە رێگەی نا مەشروع مافی رەوای هەموو کەسێکە کەمن لە هەردوو ئەو بازرگانیەش هیچ نازانم ...!ئەگەر مەبەستیشت بازرگانی سیاسیە لەمەشدا خۆرێگەی ئەو جۆرە بازرگانیە بۆ هی وەك من زۆر ئاوەڵابووە بەڵام من هەر وەك شوعیەك ماومەتەوە ، کە حیزبی شوعی ئەو حیزبەیە تۆ بە سواڵکەر ناویت بردووە .. ئەی لە مەشدا کام بازرگانی ...!؟ پاشان ئەگەر تۆی مەزن بازرگانیت پێ نەنگیە ئەی بۆ ئەو هەموو سە ریەشەیەت بۆمان دروست کردووەو ئەو هەموو شاباشە بۆ دەکەی بەسەر سەرمایەداریدا ...!؟ یان تۆ پێت وایە هەرچی داکۆکی لە بیرو برواکەی خۆی کرد زیاتر لە 28 ساڵی تەمەنی لە خەباتی نهێنی و پێشمەرگایەتی و حیزبایتی لە ریزەکانیدا بەرێکرد ئیتر بازرگانە ...!!!؟؟؟ (حیزبێك کە خاوەنی ساڵانێك تێکۆشان و 23 هەزار دەنگە لە کوردستان و ناوچە بەزۆر دابرێنراوەکان کە تۆ خاوەنی ئەو 23 هەزار دەنگەت پێ ئینسان نیە و هەموو مافێکت لێ سەندونەتەوە )و ئاخر بەرێزم ئەمە کام

ویژدانە ...؟ کام دڵی گەورەو دیموکراسخوازە ...؟ کاکی بەرێز راستە من وەڵامی ئەو چەند ( ووشە ) ریزکردنەی تۆم بە یەك لاپەرە داوەتەوە چونکەمن وەك تۆناتوانم بە چەند دێرێك مێژوویەك بسرمەوە ...بیروبروایەك بشێوێنم ...هەزان کەس بریندار کەم ...بەبێ بەڵگە کەس تاوان بارکەم ...من ناتوانم وەك تۆ سەرپێییانە هیچ لایەنێك تاوان بارکەم ...چونکە دیموکراسی و ناوەرۆکی دیموکراسی ئاوا نیە ...کاکی بەرێز من کوردێکی رەسەنی ئەم خاك و نیشتیمانەم کە مارکسیەت فیری کردوم چۆن نیشتیمان و نەتەوەو تاك بە تاکی ئەم گەلەم خۆش بوێت...فیری کردووم چۆن لە دیموکراسی ئەم گەلە ستەم دیدەیەم بگەم نەك دیموکراسی هاوردەی هۆڵەندەو سەرمایەداری ....من لەو نوسینە وەڵامەم دا کە بۆ هەمان هەفتەنامەی میدیام نارد وەك عورفێکی رۆژنامەوانی بەڵام بڵاویان نەکردەوە و ویستم پێت بڵێم دیموکراسی راستەقینە گفتو گۆیەکی فکریە دوور لە ناشیرین کردنی بێ بنەماو سرینەوەی بەرامبەرو شێواندنی مێژوو کەچی تۆ بەهەمان هەناسەی ئەو نوسینەت منت بە بازرگان و نەشارەزا لە زمان و رێنوسی کوردی تاوان بارکرد ...ئەمەشت پیرۆز بێت دیارە تۆ بریارت داوە هەر ئاوها بیت و هەر ئاوهاش بیر بکەیتەوە .....خوێنەری بەرێزیش دەتوانێت لە رێگای کوردستانی ژمارە 883 و سایتی www.kurdistancp.org نوسینەکەی من و لە میدیاش تێروانینە مەزنەکەی تۆ بخوێنێتەوەوئەوجا حوکمی خۆی بدات . دیسانەوە دەك پیرۆزت بێت ئەو سەرمایەدارییەی کە تۆ بۆی دەسونێ ی و دەتەوێت لە شێوەی سیستەمێکی پر لە جوانی نیشانی ئەم کوردە قور بەسەرەی دەیت، مەگەر نابینی چەند لەپەنا سیستەمی سەرمایەداری و بازاری ئازاددا حاڵی جوانە

**rebaz 2010/05/07**

سلاو بەریزان من کۆمێنت دەنوسم بەلام بلاو ناکرێتەوە بە راستی جێگەی نیگەرانیە . .

دوو کۆمێنتم تا ئێستا نوسیوە دەربارەی ئەم ووتارانە

دیسان دە یلێمە وە کاك هاورێ باخەوان تۆ وەکو مێژوو نوسێك بۆ تۆ نەهاتووە خۆت بخزێنیە ناو ئەم جۆرە ململانێیە

چونکە پایەی خۆت تێک دەدەی وەکو مێژوو نوسێك . . هەزاران گەندەڵ و خراپەکار هەن لە کوردستان تۆش هاتووی بە شێوەیەکی نارەوا هێرش دەکەیە سەر حیزبی شەهیدان . . من ناڵێم ئەوان هیچ هەڵە و تاوانێکیان نیە بەلام لە هەمان کاتدا بەم شیوەیەش نیە کە بەرێزت دەینوسیت . . لەگەڵ ڕیزم

--------------

**دەنگی سەربەخۆ**

سڵاو کاک ئارام

بەڕێزم ك لە کاتی گەیشتنی کومێنتەکە دەبێ بۆت بنووسرێت (سوپاس تێبینیەکەت گەیشت) ئەگەر نە نووسرا واتە تێبینیەکە نەگەیشتووە

**بەڕێزێکی شیوعیی بەناوی (سەلام عەبدوڵڵا)ەوە ئەم دژە وتارەی لە ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردەوە:**

## بۆ باخەوانێکی جنێوفرۆشە لاهاییەکە! [1]

ئەگەر مارکس ئاینی بە ئەفیونی گەل زانیوە، ئەوا من ئەو تێڕوانینە بەرفراوانتر دەکەم و دەڵێم: دژایەتی شوعییەت ئەفیونی گەلانە. بەداخەوە زۆرێك کەس لەم بۆچوونە تێنەگەیشتن و تەنانەت هەفتەنامەی(رێگای کوردستان)یش لەخۆیانەوە دەستکاری ناوی وتارەکەیان کرد. یەکێك بەناو(ب...)ئەوەندە بە ئەدەب و ئەخلاقە بە شوعییەکان دەڵێ(با چیتر خۆیان نەکەن بە سینەما).

---

1 ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پەییڤ و دەنگی سەربەخۆ – مایی 2010.
هەروەها هەمان وتار لە ژمارە 855ی هەفتەنامەی رێگای کوردستان لە لاپەڕە 8ی رۆژی 12-05-2010دا بڵاوکراوەتەوە.
**شایانی باسە ئەم وتارەی ئەوەندە بەپەلە نووسیوە، تەنانەت سەرباسەکەشی لەنگە نەك ناوەڕۆکەکەی! کاری ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ راست بێت کە سەرباسەکەیان بۆ گۆڕیبوو بە: بۆ باخەوانە جنێوفرۆشە لاهاییەکە. منیش دەپرسیم داخۆ لە کوێی چ نووسینێکمدا جنیومداوە!. هەڵبەت ئەم وتارەشم بە ئەنقەست لێرەدا بڵاوکردەوە، تاوەکو خوێنەرانی بەڕێز خۆیان بڕیار بدەن، کێ جنێوفرۆشە!.**

جا خاوەن ئەخلاقی بەرزو راستگۆ خواز: شوعییەکان سینەمان؟! ئایا بەڕێزیان چەندە لەو وەسفە ئەخلاق و راستگۆیی پاراستووە؟ ئەمەیان بۆ ئاسۆ بیارەیی بەجێدەهێلم چونکە ئەمیش بە هەزاران ئەندامی حزبێك دەڵێ(کۆمپانیا)!

رۆشنبیرە بە ویژدانەکانی جیهان قەڵەمەکەیان ئاراستەی بەرپرسی سەرەکی کارەساتی ئینسانی و جەنگ و تاوانەکانی دەکەن(سەرمایەو دەزگا زەبەلاحەکانی بۆرسەکەو سەندوقی دراوی جیهانی و فاشیزم هتد...)، بەڵام کۆڵەکە بەناو"نوسەرو روناکبیر)ەکانی کوردستان ئەرکی تریان لە ئەستۆ گرتووە: دژایەتی شوعییەت!

هیرۆئینفرۆشەکان، مەبەستم ئەنتی کۆمونیزمە، لەلایەکەوە نوسیویەتی(من بەناوی خۆمەوە قسە دەکەم و(بەس)، بەڵام لە رستەی دوایەوە خۆی بە (پێشەنگی ئەو کەسە نەتەوەیی لیبڕالانە دەزانێ کە رەخنەی لە ....)! ئەمەیان چەندی بە چەندە؟!

جنێوفرۆشەکە لە هۆڵەنداوە یاسای هۆڵەندیمان پێدەفرۆشێت! هۆی ها: زەحمەت نەبێ پڕۆ جارێ زیندانە تاکە کەسییەکانی لاهای و زیندانی دادگاکەی لاهای لە میزو بۆنەکەی پاك بکەوە، ئەوجا باسی یاسامان بۆ بکە...پڕۆ بپرسە بۆچی 12کوردستانی لەوێ زیندانی کران و بۆچی بەندەیان لە هاتن بۆ سەر زەمینی هۆڵەندای"پیرۆز" بۆ ماوەی 2ساڵ یاساغکرد!

جەنابی نووسیویەتی(...یان چارەسەری سروشتی. چارەسەرەکەش دنیادیدەییە)

من لە جەنابی جنیوفرۆشەکە زۆر زیاتر دنیامان بینیوەو"زۆر حەز"دەکەم لە شەقامە جوانەکەی سەنتەری ئەمستردام: سەرتاپای شوێنی قومارو و سۆزانیخانەیە. کوتومت جیهانی لیبرڵەکان پیشاندەدا. ئەگەر سۆفیا سۆزانی زۆر بێت، ئەوا دەبێ باخەوان خۆشحاڵ بێت بە سەرکەوتنی سەرمایە، چونکە ئەم سیستێمە نەك سۆفیا، بەڵکو هەموو وەڵاتانی ئۆروپای رۆژهەڵاتیان کرد بە سۆزانیخانەیەکی گەورە بۆ خۆیان: ئەمە بەرهەمی فکر و ئەقڵ و بێویژدانی نیولیبڕالیزمی سەرمایەو بازاڕە"ئازاد"ە دڕندەکەیە کە جەنابی بەرگری لێدەکات، بەرگری لە سەرمایەی باوکسالار دەکات، چونکە ئەگەر پرسیار بکات کێن

ئەوانەی سۆزانیخانەکانی ئۆروپایان پڕکردووە، بۆی دەردەکەوێت کە زۆریان لەو وەڵاتانەوە بەهۆی بارودۆخی هەژاری لەلایەن مافیای ئۆروپی و وەڵاتەکانیانیانەوە بۆ پیاوانی ئۆروپای"دیموکراسی"، (ئەستیراد)کراون!

بڕۆ قوربانییەکانی جەنگی ئەمریکی لە کەمبۆدیا، ڤێتنام، لاوس ببینە

بڕۆ بۆ لای بەردە قارەمان و بپرسە قارەمانەکانی دیموکراسی و لیبڕالیزم چەند کوردیان کوشت

بڕۆ ناکازاکی و هیرۆشیما ببینە

بڕۆ، بڕۆ قوربانیانی دەستی دیکتاتۆرە سەربازییەکانی ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و ئاسیا ببینە کە دۆست و لایەنگری لیبڕالیزم و دیموکراسییەکانی دۆستەکانت!

بڕۆ بۆ هەڵەبجەو شێخ وەسانان ببینە، تا باسی چەکی کیمیاوی ئەڵمانی و هۆڵەندیتان بۆ بکەن!

بڕۆ پرسیار لە هیندە سوورەکانی ئەمریکا بکەن، بزانە چەند کەسیان ماوە!

بڕۆ پرسیار لە قوربانیانی پاشا و حکومەتی"زۆر بەڕێزی"هۆڵەندای مەزن بکە، چۆن بە زنجیر کۆتیان دەکردن، برسی دەکران و دەکوژران.

بڕۆ پرسیار لە هەژار، دەروەزە، ئەلکوهولیکە و بێکارەکانی هۆڵەندا بکە، باری ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان چۆنە وبۆچی وایان لێ هاتووە؟

بڕۆ پرسیار لە بارودۆخی بۆرسە، بازاڕی جەنگ و تەقەمەنی دیموکراسی و لیبڕلی بکە، بزانە چەندە بایەخیان بە مافی مرۆڤیان داوەو دەدەن.

بڕۆ مۆزەخانەی سێکس ببینە لە نزیك بانهوقەکەی ئەمستردام تا بزانی چۆن بازرگانە هۆڵەندییەکان کاتێ بۆ بازرگانی و راوە کویلەو داگیرکردن رۆیشتوون چۆن(پێش و پاشی نێولاقی!)هاوسەرەکانیان بە ئاسن قوفڵداوە.

بڕۆ، بڕۆ دونیا ببینە ئەی خاوەن ویژان و راستگۆ!

بڕۆ پرسیار لە کوردستانیان بکە، کێ بەرپرسە لە دابەشکردنی وەڵاتە نەگەبەتەکەیان، بەیاننامەی دابەشکردنی لە کوێ ئیمزا کرا..ئایا ئەوانە هەمان هاورێ و دۆستی هیرۆئینفرۆشەکە نین؟

هەر کەسێك بەرگری لە سەرمایەو سیاسەتی کۆلۆنیالیزم و نیو کۆلۆنیالیزم بکات، من بە کانیبالی دەزانم. ئەوەی نەفرەت لە کۆمونیزم بکات؟ نەفرەت لە بوونی دەکەم!

ئەو جنێوفرۆشە دەنوسێ: بچن دنیا ببینن و تێبگەن کە ئێوە دوای چی کەوتوون. تاوەکو خۆتان چارەسەر بکەن و بزانن چی دەڵێن و چۆن رەفتار دەکەن.)

ئاسۆ بیارەیی دەتوانێ چەپڵە بۆ(هیرۆئینفرۆشەکە)لێبدا. ئایا ئەو دێڕانە چەند ئەدەب و ئەخلاقی تێدایە؟ ئێمە تێڕوانین و جیهانبینی جیاوازمان هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە تێناگەین یان نەخۆش بین. وا چاکە باخەوان خۆی تیراپی بکات، چونکە بە روونی و ئاشکرا بەرگری لە داگیرکەرانی وەڵاتەکەی و جەنگ و تاوانەکانی سەرمایە لە جیهان دەکات.

باخەوان ئەوەندە بێ ئیتك دەنووسێ، رێ بەخۆی دەدا بە حزبێکی خاوەن هەزاران گیانبەختکردوو، زیندانی، خەباتگێڕ و تێکۆشەرو رۆشنبیرو شاعیر و هونەرمەند، بڵێ(من ئامۆژگاریتان دەکەم... ئێوە دوای چی کەوتوون... خۆتان چارەسەر بکەن...

من لەبەرامبەر هەموو جنێوەکانی"باخەوان"تەنها یەك وشەی ناشرینم بەکارهێناوەو ئەوەش وشەی(گەمژەیی)یە کە سزاکەی بە گوێرەی یاسای رۆژنامەوانی کوردستان تەنها پرێکی مادی زۆر کەمەو پێشم ناخۆشە بەکارمهێناوەو وشەکانی تر رەوشت و فکرو رەفتاری سیستێمی سەرمایەداری دەگرێتەوەو لێشیان پەشیمان نیم.

"باخەوان"بە رابردووی ئیسلامی <u>توندڕە"زۆر ئینسانی"و تازە لایەنگری لیبرالیزمی نوێ"زۆر ئینسانی"</u>[1]، وەك چەندین نووسەری تر بەرچاوی رەشبووەو توشی هەستیریای ئەنتی کۆمونیستی بووەو لە رۆژنامەیەکی زۆر کلۆڵ و بێئاستی حزبێکی نەتەوەیی" گەورەو بەناوبانگ"ی کۆماری مەزنی مەخمور، بە"ئازادی"بە ئەدەب و ئەخلاقەوە، تەقەی تاوان لە شوعییەکان دەکات و خۆی لێ بووە بە"رۆشنبیر"و رێپیشاندەرو

**1 ئەم دەستەواژە کاڵوکرچە لە رێگای کوردستاندا هێڵی بەژێردا هێنرابوو، تێینەگەیشتم کە بۆچی ئەم شادەستەواژەیە هێڵی بەژێردا هێنراوە و مەبەستی نووسەر چییە، دوایی بیستم کە کاکی نووسەر هەموو شتەکانی تێکەڵ کردووە و مەبەستی کاك عادل باخەوانێکە کە کاتی خۆی ئیسلامی بووە! لەوە دەچێت ئێستاش نەزانێت لەگەڵ کێدا کەوتووەتە کێبڕکێ!.**

پێشـەنگ. پڕۆ ڕێ بە ئەمنسـتی ئینتەرناسـیونال نیشـانبدەن، تا ڕاپۆرتەکانیان دژ بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە وەڵاتە دیموکراتەکان، بدڕن!

پڕۆ بە حکومەتی مەزنی نەرویژ، بەریتانی، دەنیمارك و هۆڵەندا بلێ بۆچی پەنابەرە کوردسـتانییەکان بە زۆرەملی بۆ عیراق دەنێرنەوە!

پڕۆ ڕێ سـەراماگۆ و چۆمسـکی نیشـانبدە تا واز لە شـوعییەت و چەپایەتی بهێنن!

من ئێرەیی بە ئاسـتی کاڵفامییەکەی نابەم و بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەی کە ئیمڕۆ لە دەنگی سـەربەخۆ بڵاوبۆتەوە، زۆر باشـتر ئاسـتنزمی هیرۆئینفرۆشێك پیشـانداوەو هیچی تر.

سـەلام عەبدوڵڵا

# لێکدانەوەیەك بۆ هەڵوێستی ئیسلامییەکان[1]

**پرسیاری میدیا: لەم ڕۆژانە هەردوو پارتە ئیسلامیەکەی کوردستان، کۆمەڵ و یەکگرتوو، دووبەیاننامەیان لەسەر گۆڤاری وێران دەرکرد، بە تۆمەتی سوکایەتیکردن بە ئاین ئەو هەڵوێستەی ئەو دوو پارتە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: هەڵوێستی ئەو دوو پارتە، هەمان هەڵوێستی تووڕەی ئەو مەلایانەیە کە ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی بڕیارێکی وەزارەتی ئەوقافەوە تووشی هێستریا بوون!. ئەگەرچی ئەمە دوو بابەتی جوودایە بەڵام لە بنەواندا بۆ یەك شت دەگەڕێتەوە، کە ئەویش پارە و دەسەڵاتە.

هەمووومان باش ئەوە دەزانین کە مەلاکان چۆن بەهۆی قورئان خوێندنەوە خەڵك رووتدەکەنەوە، بەتایبەتی لە پرسەکاندا، خاوەن پرسە سەریشی چووە و ماڵیشی دەچێت. ئەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقافیش بۆ قەدەغەکردنی خوێندنی قورئان بوو لەلایەن مەلاکانەوە و لە جیاتی ئەوە دەبێت ریکۆردەرێك بەکاربهێنرێت. هەڵبەت ئەوە بڕیارێکی زۆر باشە لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە، تاوەکو خاوەن پرسە سەدان هەزار دینار نەداتە ئەو مەلایانە و لەبری ئەوە، ریکۆردەر دابنرێت. هەر بۆیە بەهۆی ئەو بڕیارەوە مەلاکان کەوتنە ناڕەزایی، چونکە جگە لە قورئان خوێندن زۆرتر هیچ هونەرێکی تریان نییە و ناتوانن بژین و لە رێگایەکی ترەوە بژێوییان دابین بکەن. دیارە قورئان خوێندنیش پیشەیەکی زۆر ئاسانە و هەر کەسێك بەماوەیەکی زۆر کەم دەتوانێت فێری ببێت..

نەك ئەم بەیانامانەی ئەم دواییەی حیزبە ئیسلامییەکان لەسەر گۆڤاری وێران و دەزگای ئاراس، بەڵکو هەر بەیاننامەیەك لەوانەوە دەربچێت، پەیوەندیی بە کەمبوونەوەی پارە و دەسەڵاتی ئیسلامییەکانەوە هەیە، هەر رەخنەیەك لەوان،

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 434 – لاپەڕە 6 – 11-05-2010 – کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کلاوڕۆژنە، پاسۆك، پێنووسەکان، KNC و دەنگی سەربەخۆ – مایی 2010.

دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵاتیان و تەکانەوەی خەڵکی لێیان.

حیزبە ئیسلامییەکان لە زۆر هەڵوێستدا دژی یەکترین، ئەمە دەتوانرێت زۆری لەسەر بگووترێت، بەڵام ئەوەی کە هەردەم لەسەری کۆکن، بەرپەرچدانەوەی هەر رەخنەیەکە بۆسەر ئیسلامییەکان و ئایینی ئیسلام بەگشتی. هەرکاتێکیش شتێکی لەو جۆرەیان هاتەڕێ، لەگەرمەی ململانێی یەکتردا دەبنە دوو هاوبیر و هاوڕێ و دژی دەوەستنەوە، چونکە سەرچاوەی ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

دەربارەی ئەم کێشەیەی نێوان ئێمە و حیزبە ئیسلامییەکان، دەکرێت لەوەدا کوورتبکرێتەوە کە کێشەی دوو جیهانبینیی جیاوازە، کێشەی جیهانێکی رۆشن و جیهانێکی تاریکە، کێشەی پێشکەوتن و دواکەوتنە، کێشەی رێزگرتنی مافی مرۆڤ و سەرکووتکردنییەتی.

لەم کێشەیەی دواییدا، دەبووایە دەسەڵاتی کوردی هەڵوێستی روونی ببوایە و سنوورێکی بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان دابنایە. دەبێت لە جیاتیی ئەو لغاوەی کە ئیسلامییەکان بۆ گۆڤاری وێران و دەزگای ئاراس و سەردەم و رۆشنبیران داوایدەکەن، دەسەڵات لە رێی یاساوە ئیسلامییەکان و چالاکییەکانیان و پەیوەندییە دەرەکییەکانیان سنووردار بکات. نەوەك بە ئارەزووی خۆیان ئاشووبی لەم چەشنە بنێنەوە و ببنە هۆی دڵەڕاوکێ بۆ کۆمەڵگەکەمان و هەڕەشەی لماویی لە رۆشنبیران بکەن.. ئێستا بەهۆی ئەم نائارامییەوە زۆرێك لە رۆشنبیران لە ژیانی خۆیان دەترسن و دەسەڵاتیش لەوەدا بەرپرسیاری یەکەمە..

2010-05-06
لاهای – هۆڵندا

# ئێمە خۆمان (سەردەشت)مان كوشت![1]

**پرسیاری میدیا: بەگشتی تیرۆركردنی سەردەشت عوسمان چۆن دەبینیت، چین ئەو ئاماژانەی كە ئەم تیرۆرە پێمان دەدات؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: زۆرم بیست و زۆرم خوێندەوە لەسەر تیرۆركردنی سەردەشت عوسمانی جوانەمەرگ، زۆریش دەڵێن بەپلانی ئەو یان لەداخی ئەوە كوژراوە! زۆریش مەلی فەنتازیای خۆی، بەئارەزووی خۆی دەباتە ئاسمانەكان و لێكدانەوەی خۆی دەكات. هەشە دەیەوێت ژیان و وشەكانی سەردەشت بۆ خۆی بقۆزێتەوە و كەمێك یان خۆی دەرخات، یانیش سەردەشتێكی تر بەكوشت بدات!، بەڵكو خۆشی ببێتە سەردەشت و بەكوشت بچێت!.
بەڵام ئەوەی لەو هەزاران دێڕانەدا كە زۆر بە كەمی دەمدی (خۆمان) بووین! كەسێك نەبوو راستەوخۆ بڵێت ئێمە خۆمان سەردەشتمان كوشت!

- ئەو كاتە سەردەشتمان كوشت كە نەخوێندەوارێكمان كردە بەڕێوەبەری شار و چەپڵەمان بۆ لێدا!
- ئەو كاتە سەردەشتمان كوشت كە سەدان پێشمەرگەی رۆژهەڵاتمان تیرۆكرد و كەسیش لەسەری هەڵنەدایێ!
- ئەو كاتە سەردەشتمان كوشت كە سوپای داگیركەرانمان هێنایە سەر یەكتری و بە كوردایەتی و شۆرش بۆمان حیساب كردن!

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 435 – لاپەڕە 6 – 18-05-2010 – كوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەكانی كڵاورۆژنە، كوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەكان، KNC و دەنگی سەربەخۆ – مایی 2010.

- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە نەمانزانی سامانی وڵاتمان چیی بەسەرهات و لە کەسمان نەپرسییەوە!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە سەرکردە براکوژەکانمان وتیان شەڕی براکوژی گوناهی ئێمەی تێدا نییە و باوەڕمان پێکردن و چەپڵەیەکی گەرممان بۆ لێدان!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە رووی تفەنگەکانمان کردە یەکدی و یەکترمان کوشت!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە وتیان یاسا سەروەرە و ئێمەش باوەڕمان پێکردن!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە وتیان باشووری کوردستان ئازاد و دیوکراسیی تێدایە و ئێمەش پێی دڵخۆش بووین..
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە بەکر عەلی، ستار و سۆران و ئەوانی تریان تیرۆرکرد، وەك پێویست لەسەریان هەڵماننەدایێ!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە کەرکوکیان کردە بازاڕی دزی و جەردەیی و ئێمەش بەشداریمانکردن!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە پەروەردەی منداڵانی کوردیان کردە دوو بەشەوە و هەر هەرێمێکیش بەشێوەزارێك دەخوێنێت!
- ئەوکاتە سەردەشتمان کوشت کە سەرکردەکانمان نەناسی و ئێستاش نامانەوێت بیانناسین!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە لێبووردنی گشتیمان بۆ جاش و ئەنفالکەرە کوردەکان دەرکرد و لە شەهیدەکان زۆرتر رێزمان بۆدانان!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە هەزاران ئافرەتمان بەزیندووی سووتاند!
- ئەو کاتە سەردەشتمان کوشت کە حکومەتمان کردە حیزب، زانکۆمان کردە حیزب، خزمەتگوزاریمان کردە حیزب، کەرامەتی خۆمانمان کردە حیزب و نان و ئاویش بووە حیزب..

شاپوور و قابیل و سەربەست و رەئووفیش هەر خۆمان کوشتمانن! دەمێکە سەردەشتیشمان کوشتووە! زۆر سەردەشتی تریش دەکوژین.. دەتانەوێ بزانن بکوژی سەردەشت کێیە! ئەوە نەبوو کە رفاندی! ئەویش نەبوو کە مەرگی بەسەردا باراند! خۆمان و بەبەرچاوی خۆمانەوە رفاندمان! خۆشمان کوشتمان! هەر خۆشمانین هی تریش دەکوژین!..

2010-05-11
لاهای - هۆڵندا

**ئەم نووسینە لەسەر ماڵپەڕی کڵاوڕۆژنە بۆ ماوەی زۆرتر لە دوو هەفتە پڕخوێنەرترین نووسین بوو و ئەم کۆمێنتانەشی لەسەردرا:**

**May 13, 2010 , خالید written by**

برای بەڕێزم ئەن هەوێت ئەوەت پێ بڵم کە باسەکەی تۆ دەقاودەقە. ئەمە رەستیەناتوانین چاو پۆشی لێ بکەیەن. دەستەکانی خۆش بێت. ئەوەی ئێستا لەسەر سەردەشت ئەنوسرێ دەبوایە لەسەر سۆران بکرایە. وەئێستا بۆئەوەی میلەتی ئێمە ڕزگاری بێت. تەنیا دوو ئەڵتەرناتیف هەیە سێهەم نیە. یان ئەبێت .دەسەڵاتی خێڵەکی کوردستان چۆل بکات یان. ئەبێت چاوەڕی بین بۆ هەموو سەردەشتەکان . بەڕێزم دەستەکانت خۆش بێت باسێکی پڕ بە کوردستانت نوسیەوە
report abusevote downvote up Votes: +0

...

**May 12, 2010 , written by shna salh**

slaw zor rast dakaet barezm la wlate ema ka
kurdstana jegae hamu shtek hya tanha mrofayate nya

lagal reze shna

**May 12, 2010 , written by halwest**

dast xosh .. barasty mn 100 la 100 lagel qsakany barez y am nosrawem ka alet xoman berpersyarin la kushteny kaka sardeshty shahidy qalem... milety kurd tawan bara.. badaxewa zor bedaxewa.. ka mileteky peter la 5 melion ensan la bashory kurdistan be dangen u nayene ser shaqam u daway serany be kuzhy shahid sardasht bekan.

# هەژاری مرۆڤ و کلتووری کاریزما[1]

کۆتایی زستانی پار، کۆمەڵێك کتێبی کاك شێرکۆ هەژارم پێگەییشت. یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی (هەژاری مرۆڤ و دەورووبەری – کارەساتی کۆمیدیاییەك) بوو. کتێبەکانی شێرکۆی هەژار، بە تیراژێکی زۆر کەم چاپ و بڵاودەبنەوە، هەربۆیە وەدەستخستنیان ئاسان نییە.

کاك شێرکۆ مەبەستی بوو کە کتێبەکانی بخوێنمەوە و رای خۆمیان لەسەر دەربیڕم، لەو رووەوە سوپاسی دەکەم. بەهۆی کتێبی (هەژاری مرۆڤ و دەورووبەری)یەوە کاك شێرکۆم ناسی و کەوتینە گفتووگۆیەکی زۆر دوورودرێژەوە، چ دەربارەی کتێبەکەی و مام هەژاری موکریانیی باوکی و چ دەربارەی رێکخراوە نەتەوەییەکان، کە کاتی خۆی یەکێك بووە لە کادیرە پێشکەوتووەکانی رێکخراوێکی نەتەوەیی. خۆشبەختانە گفتووگۆکانمان تەنها لە رێی ئیمێڵەوە بوو، هەربۆیە هەر کاتێك بمەوێت بچمەوە سەر گفتووگۆکانمان دەتوانم بە ئاسانی بیبینمەوە! لە ماوەی دوو مانگێکدا سەدان نامەمان گۆڕییەوە، زۆر پرسیارم لێکرد و ئەویش وەڵامی دەدامەوە، بە شێوەیەك ئەگەر ئێستا ئەو نامە پارێزراوانەی هەردوولامان کۆبکەمەوە و لە پیتی لاتینییەوە وەریگێڕمە سەر ئارامی، ئەوا کتێبێکی زۆر زانیارییەخشی لێوە دەردەچێت کە زۆر بابەتی ئەدەبی، هزری و مێژوویی و سیاسیی لەخۆ گرتووە، زۆر وەڵامی گرێکوێرەی رێکخراوە نەتەوەییەکانی تێدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت شت دەربارەی ئەو رێکخراوە لەناوچووانە بزانن یان بکۆڵنەوە..

هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری، کتێبێکی سەیرە، هەرکە یەکەم بەشیت خوێندەوە، ئیدی ناتەوێت وازیلێبهێنیت. سەیرییەکەشی لەوەدایە کە تاوەکو ئێستا لە مێژووی نووسینی کوردیدا کتێبێکی لەو جۆرە نەنووسراوە، کە کەسێك بە دوو بەرگی کتێب باوك و کارەکانی باوکی بداتە بەر رێژنەی رەخنە!. هەڵبەت بەرگی

---

1 هەفتەنامەی هاوڵاتی – ژمارە 630 – لاپەڕە 14 – 2010-05-23 – کوردستان – سلێمانی.

سێیەمیشی بەڕێوەیە. رەخنەکانیش هەمەجۆرەن و هەر لە رەفتارە خودییەکانی هەژارەوە دەستپێدەکات تاوەکو گاڵتەوگەپەکانی و هەستی پارەپەرستی و ژیانی سێکسیی و زۆر کاری تر..

مرۆ پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبە، هەژاری لا ئەو هەژارەیە کە هەمووومان دەیناسین، هەژاری ئەندامی سەرەتاییی کۆمەڵەی ژێکاف، هەژاری نزیك لە پێشەوا و رووناکبیری کۆمار، هەژاری هاوڕێی هێمن، هەژاری نزیك لە مەلا مستەفا بارزانی و شیعرەکانی بۆ ئەو، هەژاری (باشترین) وەرگێڕ و شەرەفنامە و قانون در طب و زۆریتر.. واتە هەژار کاریزمایەکی شیعر و وەرگێڕانی کوردییە بەو پارێزییانەوە کە هەندێك پێشتر پێیان گووتووە شاعیری دیوەخانی بارزانی..

کلتووری ئێمە، کلتوورێکی کاریزماییە، کە یەکێك ناوی دەرکرد، ئیدی ئەو کەسە سەرۆك هۆز بێت یان شاعیر و لە هەندێك باردا نووسەریش، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە سەدەی رابردوو و پێشتردا جێدەستیان لەسەر ژیانی کوردەواری بەگشتی دیاربووە، دەست تێوەدانیان تابووە، لە زۆر باریشدا هەر رەخنەیەك یان هەڵەیەکی ئەو مرۆڤە بخرێتە بەرچاو، ئەوا کەس پەروا ناکات و بۆ هەر رەخنەیەك هەزار و یەك پاساوت بۆ دێننەوە!..

هەژاری کاریزماش بەهەمان شێوە، ئەوێك ئەندامی سەرەتاییی ژێکاف بووبێت و کەسی نزیکی پێشەوا و مەلا مستەفا بارزانی و رووناکبیری کۆمار و وەرگێڕی شەرەفنامە و دانەری هەمبانە بۆرینە بێت، ئیدی نابێت کابرایەکی پوولەکی بووبێت و ئەو ماوەیەشی لە بەغدا ژیانی بەسەر بردووە خەریکی منداڵبازی و سێکسی بەکۆمەڵ – گەلەگان بووبێت!.. کە شێرکۆی کوری لە کتێبەکەیدا باسی دەکات و هەندێکیشیان یان بەچاوی خۆی دیویەتی، یان بەڵگەی داپری بۆیان هەیە..

دیارە هەژار، هێشتا یەکێکە لەو کەسانەی کە کاری زۆر باشی پێشکەش کردووین و هەموو ئەو کارانەی و ئەو هەڵکەوتانەی کە لە ژیانیدا بۆی هەڵکەوتووە، کردوویەتی بە کاریزمایەك لەناو ئەدەب و نووسینی کوردیدا.

من کە لە خوێندنەوەی کتێبەکە بوومەوە، بۆ کاك شێرکۆم نووسی، (کتێب ئەو کتێبەیە، کە گومانت لا دروستبکات)، ئەو

کتێبەی شێرکۆی کوری هەژاری موکریانی گومانی لا دروستکردم.. چونکە یەکەم کتێبێکی رچەشکێنە لە مێژووی نووسینی کوردیدا و دووەمیش هیچ مرۆڤێك نییە هەڵەی نەبێت، ئەگەرنا لە مرۆڤی دەردەچێت! ئەوەشی شێرکۆ دەربارەی باوکی نووسیوویەتی رۆمان و چیرۆك نییە، بەڵکو ئەوانەیە کە لە باوکییەوە (دیویەتی) یان (بیستوویەتی) یان خۆی شیکردنەوەی لەسەر کردووە، دیارە ناشبێت هەمووی هەڵبەستراو بێت. ئەگەرچی من لە هەندێك باردا (کێشەی دەروونی) بە نووسینەکانی کاك شێرکۆوە دەبینم و ئەمەشم لە خۆی نەشاردووەتەوە و بۆم نووسیوە، بەڵام دەکرێت بگووترێت کە ئەوەی ئەو نووسیوویەتی کارێکە دەبێت لای لێبکرێتەوە و لەلایەن کەسانی ترەوە کە هەژاریان دیوە و ناسیوویانە بەراوورد و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، تاوەکو یان تەمی هەژار پرەوێتەوە، یان هی شێرکۆی کوری..

سەرباری ئەوانەش، دەکرێت کتێبەکە وەك سەرچاوەیەکی باش بەکاربهێنرێت بۆ ژیانی کۆمەڵێك نووسەر و هونەرمەند و رووناکبیر و کەسایەتییی کوردی، کە کاتی خۆی لە تاراوگەی بەغدا ژیاون، لەو رووەوە چیرۆك و رووداوی نەبیستراوی تێدایە، کە چۆنێتیی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو کەسانە دەردەخات. بۆچی لە بەغدا بوون و پەیوەندییان بە داگیرکەری ئێراقییەوە چی بووە و زۆریتر..

هەڵبەت تێبینیی زمانەوانی و رێنووسم زۆر لەسەر کتێبەکە هەیە، بەتایبەتی کە ئەو زمانەی کە کاك شێرکۆ پێی دەنووسێت، تێکەڵەیەکی موکریان و سلێمانییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەناو هەردوو ئەوکلتوورەدا ژیانی بەسەر بردووە. بەڵام دەکرێت بگووترێت کە بەگشتی تێگەیشتنی ئاسانە و خوێنەر کێشەی زۆر تووش نابێت..

ئەو کتێبە رچەشکێنە، بە پێویستی دەزانم هەموو رۆشنبیرانی کورد بیخوێننەوە، خۆشبەختانە لەسەر ماڵپەڕی فەیسبووك لە گروپێك زۆرتری لەسەر دروستبووە و گروپەکەش هەر بەناوی کتێبەکەوەیە و لەوێشەوە دەکرێت کتێبەکە بەهەردوو بەرگەکەیەوە بەشێوەی دیجیتاڵ ببینرێت..

دەربارەی ئەو گرووپەی فەیس بووك، ئەوە دەڵێم کە زۆربەی ئەوانەی کە رای خۆیان نووسیوە، هەژاریان پێ کاریزمایە، هەربۆیە زۆرترین لۆمە و تانە و تەشەر بەر شێرکۆی هەژار کەوتووە. بۆیە من دادپەروەری لە زۆربەی رایەکاندا نابینم..
هیوادارم تۆش بیخوێنیتەوە و رای خۆتت هەبێت...

2010-05-04
لاهای – هۆڵندا

**ئەم نووسینە لەسەر ماڵپەڕی فەیسبووك لەسەر گروپی (هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری) ئەم کۆمێنتانەی لەسەر نووسرا:**

Haval Nazhad
کاک هاوری دەستت خۆش بێت
دیارە زۆربەی کۆمێنتەکانم خوێندۆتەوە دەربارەی ئەو کتێبە ، زۆربەیان راست و چەپەپیان پێدا هێناوە و دادوەریەکی زۆر توندیان کردووە ، بەڵام ئەمەی تۆ زۆر باشتر و راست بینانەترە.

منیش لەگەڵ هەندێ بۆچوونی نوسەری کتێبەکە نیم ، بەڵام ناکرێ هەمووی بە ناراست لەقەڵەم بدەین و رەتی بکەیەنەوە.

لەو کتێبەوە دەکرێ گومانێکی گەورە لەسەر خودی هەژار و چەند کەسێک بکرێ کە لە کتێبەکە ناویان هاتووە (تا ئێستا بەرگی یەکەمم خوێندووەتەوە) ، تەنانەت ناوی تێدایە و هێشتا لە ژیان ماوە!!! ئەمەش گومانەکە تۆختر دەکاتەوە کە چۆن تا ئێستا وەڵامێکیان نەبووە؟؟
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەژار لای من شاعیر و نوسەرێکی بەتوانایە بەو رەخنانەشەوە کە لە کتێبەکەدا لێی گیراوە.

ئەم کتێبەش شتێکی ناوازەیە لە کتێبخانەی کوردی و رێچکەشکێنانە نوسراوە ، بۆیە ئەگەر رەخنەی زۆر توندیشی لێ بگیرێ ، کارێکی ئاساییە.

هەر بژی
2010-05-24 at 10:49pm ·

Shemal Abdulla commented on هەژاری مرۆڤ و دەور و بەری" هەژاری مرۆڤ و کلتووری کاریزما نووسینی's note" هاوڕێ باخەوان:"

"هاوبیرم کاك هاوڕێ ئەو کاتەت باش...

دەستخۆشانەت لێدەکەین کە وات کرد بەو کتێبە گومانەکانمان لەسەر کەسایەتی کاریزماییی هەژار و زۆرانی تری ئەوکاتی نیشنگەی بەغداد و سیاسیە کاریزما و کاریگەرەکان دروست بێت، ئەویش بە بڵاوکردنەوەی لە سایتەکەت....

بەراستی ئەوەی شێرکۆ هەژار کردوویەتی رچەشکێنە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەمن لە بەرگی دووەم و باسکردنی هاوڕێیەکانی هەژارم و تەواو نەکردووە، بەڵام هەست دەکەم چۆن کاك شێرکۆ دوو دێوی بۆ مام هەژار داتاشیوە و بە دوو کۆمێدیایە سەیرەکە ناوی دەبات (مەبەستم گ.. و ئاو..)ە، و هەموو حەرفەکانی ژیانی بۆ ئەو دابەشکردنانەی خۆی خووردکردونەتەوە، پێویستە وەڵامی ئەوەشمان بداتەوە، کە ئاخۆ ئەو پەیوەندی بە لایەنی دەروونی ئەوەوە نییە، کە ئاوا "باوك"ی کردووە بە فیلم؟ چونکە لە زۆر شوێنی کتێبەکەی گەمە بە باوکی دەکات، کە ئەو فشەی بە رەوانشوناسی هاتووە و فەلسەفەی بە فڵتەفڵت داناوە، وەڵاممان بداتەوە ،ئایا ئەوە لە ئەنجامی گرێیەکی دەروونیەوە نەهاتووە، کە باوکی بە رواڵەت بە کوڕی خۆی زانیوە و تەنیا باسی "خانی"ی برای لە کتێبەکانی بردووە و شوێنێکی بۆ ئەوان نەکردۆتەوە؟ هیوامە بە دیداری شێرکۆ هەژاری رچەشکێن بگەم و گومانەکانی لەگەڵ باس بکەم، وەك خوێنەرێك نەك زیاتر، یانیش ئیمیلەکەی بەدەست بخەم....

کاك هاوڕێ، چاوەڕوانی بەهەمەکانتین، نازانم نەم ئاگام لێنییە،

نە ئەو ساڵانە هیچ کتێبێکی نوێی تۆم نەبینوە، تاوەکو گومانە نەتەوەییەکانمان پتر بکەین"...

2010-05-27

Hawreh Bakhawan
هاوبیری بەڕێزم کاك شەماڵ سڵاو،

زۆر خۆشحاڵ بووم بەبینینی ئەو کۆمێنتەی بەڕێزتان لەسەر ئەو بابەتەی من بۆ رانانی کتێبەکەی کاك شێرکۆ..
من باوەڕم وایە ئەگەر هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری لە بەرگەوە بۆ بەرگ درۆ و بوختانیش بێت (بەداوای لێبووردنەوە بۆ کاك شێرکۆ)، هەر گرنگییەك و سوودێکی زۆر تایبەتی هەیە، لەوانەیە زۆرێك هەبن شتیزۆر سەرکردە و کەسانی بەناوبانگی ئێمەیان لەلابێت و بەهۆی هەندێك لە تابووەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمەوە نەتوانن بیخەنە روو و شێرکۆی هەژار ئەو تەلیسمەی بۆ زۆر کەس شکاندبێت، ئەگەر راستیش بن، ئەوا ئەو کتێبە کۆمەڵێك راستیی دەرخستووە.
لە گریمانی یەکەمدا ئەگەر هەمووی درۆ و بوختان بێت، ئەوا ئازارێکی زۆرە بۆ گیانی مام هەژار، بەڵام بەهۆی ئەو رچەشکێنی و گرنگی و تەلیسمشکاندنە، مام هەژار بەدڵنیاییەوە لە کوڕە یاخییەکەی خۆش دەبێت.. ئەو لە ژیاندا خزمەتی بە وشەی کوردی کردووە و مردنیشی بووە هۆی لەدایکبوونی ئەم نووسینەی کوڕەکەی، ئەدی ئەوەش خزمەت نییە!
ئەم کتێبە بێنە و بەردەی زۆر لەسەر کرا و بەهەموو حیسابێك دەبێت ببێتە کتێبی ساڵ!

کاك شەماڵ ئیمێڵی کاك شێرکۆ هەر لەسەر ئەو لاپەڕەیەیە کە کتێبەکانی لەسەرە.

بۆ بێدەنگیی من لە راستیدا ئێستا زۆرتر نووسینی کورت دەنووسم لە گۆشەی هەفتانەکەمدا لە لاپەڕە شەشی هەفتەنامەی میدیا..

هەڵبەت چەند نووسینێكی دیشم لە شێوەی كتێبدا هەن و كەی چاپكران دەیاننێرمە خزمەتت.

وێڕای ڕێز و داوای لێبووردنیش لە كاك شێركۆ..

2010-05-27

# دەربارەی سەردەشت و پارتی و گۆڕان[1]

**پرسیاری میدیا: لە هەفتەی رابردودا خەڵکی کوردستان شایەتی هەڵمەتێکی توندی راگەیاندن بوون لەلایەن پارتیەوە لەدژی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو دۆخە چۆن دەبینیت؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ئەوەی من بینیم (پارتی خۆیی کردە حکومەت و حکومەتیشی کردە پارتی!). ئەمە ئەگەرچی لە هەولێر و دهۆکدا راستە! بەڵام بیرکردنەوەیەکی ترسناکە ئەگەر پارتی بەتەنها خۆی بە حکومەت بزانێت و لایەنەکانی تریش هیچ، بەداخەوە ئەمە کلتوورێکە لەناو پارتیدا، کەییش دەگۆردرێت! ئەوەیان پابەندە بە زۆر لایەنەوە..

هەستکردنی تاکە لایەنێك بەوەی کە خۆی هەموو شتێکە، یەکێکە لەو هۆیە ترسناکانەی کە دیکتاتۆر دەئافرێنێت. مێژووش گەواهیی زۆر لەو دیاردانە دەدات و باسکردنیان زێدەنووسییە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی هەمە لایەنە بێت و چەندین لایەن بەشداربن تێیدا، ئیدی دەبێت هەموو لایەنەکان خاوەنی بن و کەس بەتەنیا خۆی نەکاتە خاوەنی و ئەوانی تریش هیچ، چونکە ئەوە یەکەمین پرنسیپی کاری پێکەوەییە.. خودی خۆم کەسیان لە کەسیان بە باشتر نازانم و کامەیان زۆر خۆی بە خاوەن و دڵسۆزی ئەو حکومەتە دەزانێت، هەر لاپەڕەیەکی دوور یان نزیکی مێژووی هەڵبدەیتەوە، هەزار و یەك پرسیار و سازشت لا دروستدەکات!.

من وای دەبینم ئەوەی لە پاش مەرگی سەردەشتی جوانەمەرگەوە روویدا، تەنها بەهۆی سەردەشتەوە نەبوو! بەڵکو کۆمەڵێك رووداوی مێژووی دوور و نزیکی پارتی و یەکێتی نەك (گۆڕان) ئەو هەڵمەتە دژبەیەکەی چڕ و بەرزکردەوە و گەیاندییە هەنگاوێکی ترسناك.. چونکە گۆڕان تا دوێنی بەشێکی گرنگی ناو یەکێتی بوو و هەر کێشەیەکی نێوان پارتی و یەکێتیش لە

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 436– لاپەڕە 6 – 25-05-2010 – کوردستان – هەولێر.
ئەم بابەتە لە میدیادا بەبێ پرسی خۆم! هەندێك دەستکارییانکرد ئنجا بڵاویانکردەوە.

کاتی خۆیدا گۆڕانی کردووەتە میراتگری، ئیتر گۆڕان و پارتی بیانەوێت یان نەیانەوێت، ئەوانەی کە کاتی خۆی وەك یەکێتی و پارتی داستانی کوردکوژییان تۆمار دەکرد، ئێستا زۆرێکیان گۆڕانن و دژایەتییەکەش بەواندا چووەتە خوارەوە. هەڵبەت ئەمەش پەیوەندییەکی زۆری بە پێکهاتەی خێڵایەتی و بنەماڵەیی کوردەوە هەیە، چونکە لەناو ئێمەدا تاوەکو ئێستا سزادان شەخسی نییە و بەشێوەی بەکۆمەڵ پیادە دەکرێت. بۆ نموونە لە خێڵێکدا کەسێك لەلایەن خێڵێکی ترەوە بکوژرێت، ئیدی هەموو خێڵەکە یان بنەماڵەکە دەبنە دژی ئەوی دی و بەو شێوەیە ململانێیەکە نەوە دوای نەوە دەچێتە خوارەوە. پارتی و گۆڕانیش چونکە سەربە هەمان کۆمەڵگەی دواکەوتووی هۆز و بنەماڵەن، باوەڕ بەوە ناهێنن کە ئەوانەی ئێستا گۆڕانن یان پارتین، کاتی خۆی بەشێوازێك و رووکەشێکی ترەوە دژایەتیی یەکتریان کردووە و ئێستاش لە چوارچێوەیەکی تردان. هەربۆیە بۆ پارتییەك ئاسان نییە کە شەڕەکانی براکوژیی پشتئاشان و ئەوانی تر بداتە پاڵ یەکێتی کە ئەمڕۆ رێکەوتنی بەناو ستراتیژییان لە نێواندا هەیە و بۆ ئەو ئێستا نەوشیروان تاوانبارە و ئەوی کردووەتە سێرەی دژایەتیی خودی گۆڕان و یەکێتیش. هەڵبەت لەلایەن گۆڕانیشەوە بەهەمان شێوەیە.. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لەناو گۆڕاندا کۆمەڵێك هێمای یەکێتیی تێدایە، ئەگەر وانەبووایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بارەکە بەجۆرێکی تر دەشکایەوە.

پارتی، سەردەشتی تیرۆرکردبێت وەك ئەوەی بەرەی گۆڕان دەیڵێت، یان نا، وەك ئەوەی خۆیان دەیڵێن، لەهەردوو باردا لەم کێشەیەدا زیانێکی زۆری کرد، زیانەکەشی زۆرتر بەهۆی رەفتارە ناسیاسیەکانییەوە بوو، بەوەی کە خۆیی خستە هەڵوێستی بەرگرییەوە و ئەو بەیانەی مەکتەبی سیاسیی دەرکرد کە هەڵەیەکی سیاسیی زۆر گەورە بوو لەلایەن پارتییەوە. دەبووایە لەجیاتی ئەوەی لە ئۆرگانە فەرمییەکانیان قسەی سووك بە نەوشیروان بڵێن و زۆر رابردووی هەڵبدەنەوە، بەشێوەیەکی باشتر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو رووداوەدا بکردایە، بەتایبەتی کە رووداوەکە لە هەولێردا روویداوە و (هەولێریش بەواتای وشە واتە پارتی، نەك حکومەتی هەریمی کوردستان)..

لاهای – هۆڵندا

2010-05-21

# دەربارەی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی[1]

**پرساری میدیا: وەك دەزانین شەرعیەتی سیاسییەکانی ئێمە بەدەسەڵات و ئۆپۆزسۆنەوە شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕییە و شانازی بەخەباتی خۆیانەوە دەکەن، بەڵام بەردەوام لەوەش دەترسن باسی رابردوو بکرێت، لەکاتێکدا رابردوویان ئەوەندە خراپە روویان نایەت باسی بکەن، ئیدی شانازی بەچییەوە دەکەن؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: نەك بەتەنها سیاسییەکانمان، بەڵکو من رام وایە کە ئێمەی کورد وەك نەتەوە هیچ شتێکی ئەوتۆمان نییە شانازیی پێوە بکەین! دەوڵەتمان، سنوورمان، شارستانیی پێشکەوتوومان، بیناسازیمان و زۆریتر! بەڕادەیەك کە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کورد دواکەوتووتر و بێشانازیتری تێدا نییە!

سیاسی و حیزبەکانیشتمان هەر بەو شێوەیە و لە ئێمەن، هەردوولا پەیوەندییەکی راستەوانەیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، پێشکەوتن و شانازیی هەریەکەیان دەبێتە هۆی باشتربوونی ئەوی تریان و پێچەوانەکەشی راستە.

حیزبەکانی ئێمە هەر لە بچووك و بێدەستەڵاتەکانییەوە، زەحمەتکێشان و حیزبی شیوعی بە نموونە، تاوەکو دەگاتە گەورە و دەستەڵاتدارەکانیان، پارتی و یەکێتی و دێموکرات و پەکەکە بە نموونە، خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە لێکداپڕان، سازش و هەڵەی سیاسی و نەتەوەیی و زۆری ترن، بەڕادەیەك هیچ کام لەوانە ئامادەنین بەتەواوەتی لاپەڕەکانی رابردوویان هەڵبدرێتەوە. هەریەك لەوانە تاوەکو روویەکی گەشیان دەبینی،

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 437– لاپەڕە 6 – 2010-06-01 – کوردستان – هەولێر.
**ئەم بابەتە لە میدیادا بەبێ پرسی خۆم! زۆر دەستکاریی خراپی تێداکرابوو، بەڕادەیەك تەنانەت لەباری زمانەوانی و رێنووسیشەوە لەنگیانکردبوو. وەستانیشم لە گۆشەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە هەر بەهۆی ئەم دەستکارییانەوە بوو.**

لەبەرامبەردا لێکداپڕان، یەکترکوشتن، سازش و هێنانی سوپای داگیرکەر و تێپەڕاندنی هێڵی سوور و زۆریتر لەولاوە بەرامبەر دەوەستنەوە، هەربۆیە تەواوی حیزبە کوردستانییەکان بە کۆن و نوێیانەوە ئامادەیی تەواویان تێدا نییە کە لاپەڕەکانی رابردوویان هەڵبدرێتەوە و هەردەم دەیانەوێت بیکەن بەژێر لمەوە، ئەوەش زۆرجار بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر رێکەوتنی نادروست و سازشی لێبکەوێتەوە. ریکەوتنی (ستراتیژی)ی نێوان پارتی و یەکێتی دەرئەنجامی ئەو رابردووە خراپەیانە و دەیانەوێت لەو رێیەوە هەرچی کوردکوژی و سازشی داگیرکەران هەیە لەسەر خۆیان لاببەرن، ئەگەرچی ئەو رێکەوتنە لەسەرێکیشەوە بەسوودێك بۆ رەوشی باشوور شکاوەتەوە، بەڵام تا بلێی رێکەوتنێکی نادروستە.

هەڵبەت بەکارهێنانی شەرعییەتی شۆرشگێری و شانازیکردن بە خەباتی سیاسیی ئەو حیزبانە رووکەشێکە بۆ شاردنەوەی مێژووی خراپی ئەو حیزبانە، ئەویش تەنها دیاردەیەك نییە کە پەیوەست بێت بە کوردەوە، بەڵکو لە هەموو دنیا هەر دەستەڵاتێکی شۆرشگێر هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات و بەردەوام شانازی بەخەباتی خۆیەوە دەکات. کاسترۆ یەکێك بوو لەو شۆرشگێرە بەناوبانگانەی جیهان کە رابەرایەتیی رزگارکردنی دوورگەی کوبای کرد و پاشان خۆی و بنەماڵەکەی بوونە شێرپەنجە بۆ کوبا و ماوەی نیو سەدەیە ئەو دوورگەیەیان خستووەتە ژێردەستی خۆیانەوە و ئێستاش بۆ شاردنەوەی ئەو هەموو لێکداپڕانی کۆمەڵایەتی و رەوشتی و ئابوورییەی کوبا هەزار و یەك بەهانەی خەباتی چینایەتی و شۆرشگێریت بۆ دەهێننەوە کە لە درۆ زۆرتر هیچی تر نین.. نموونەی تر زۆرە و بوونی شەرعییەتی شۆرشگێری و شانازیکردن بە خەباتەوە هۆیەکی تری لاوازیی پرۆسەی دیموکراسییە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دیموکراتدا، شانازیکردن بۆ ئەو لایەنەیە کە زۆرتر خزمەتی کۆمەڵگە دەکات و رێز لەو دەنگانە دەگرێت کە پێیانداوە..

کوورتەی قسە: ئێمە نە وەك نەتەوە، نە وەك حیزبەکانمان هیچ شتێکمان نییە جارێ شانازیی پێوە بکەین!

لاهای – هۆڵندا

2010-05-27

# نێڤەرتیتی، دوای میسر دەبێت بێتە کوردستان![1]

شـاژن نێڤەرتیتی، هاوسـەری ئەخناتونی فیرعەونی میسـر بوو، ناوی راسـتینەی تادوهیبایە و کچی پادشـایەکی میتانییەکان بووە، میتانییەکان رەگەزێکی کۆنی کوردسـتانن و یەکێکن لە گرنگترین رەگەزە پێکهێنەرەکانی کورد. نێڤەرتیتی، لە هەندێك سـەرچاوەشـدا نێڤەرتاریشـی پێدەگووترێت کە واتای (ئەو جوانەی کە هات) دەگەیەنێت. ئەمەش پێدەچێت کە کاتی خۆی تادوهیبا لە کوردسـتانەوە بە بووکی براوە بۆ میسـر لەبەر جوانییەکەی، دەسـتوپێوەندی کۆشـکی ئەخناتونی فیرعەونی میسـر ئەو ناوەیان لێینابێت..



1 هەفتەنامەی رووداو – ژمارە 116 – لاپەڕە 18 – 2010-06-07 – کوردسـتان – هەولێر.

لەگەڵ ئەم وتارەدا کۆمەڵێك وینە نێردرا بۆ رووداو بۆ بڵاوکردنەوەیان، بەڵام بەداخەوە رووداو لەبەر بێچێگەیی یان هەر هۆیەکی تر بڵاوینەکردەوە! لێرەدا وتارەکە بە وێنە پێویستەکانەوە بڵاودەکەمەوە.

## پەیکەری نێفەرتیتی لە مۆزەخانەی میسر لە بەرلین

نێفەرتیتی لەوانەیە کە یەکەم ئافرەت بێت لە مێژوودا کە زۆری دەربارەی گووترابێت، ئەویش لەبەر زۆر هۆ، کە گرنگترینیان ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەیە کە هێنای بەسەر ژیانی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی میسردا، بەوەی کە ئایینی یەکتاپەرستی و خۆرپەرستیی لە میسردا بڵاوکردەوە و لەسەردەمیدا میسر بووە وڵاتێکی بەهێزتر و پێشکەوتووتر..

نێفەرتیتی تاوەکو ئێستا مۆمیاکەی نەدۆزراوەتەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر هەواڵێکی واهی بڵاوبووەوە، بەڵام هەر زوو ئەوە دەرکەوت کە ئەو مۆمیایە هی ئەو نییە و هی ئافرەتێکی تری میسرییە، نەدۆزینەوەی مۆمیاکەی هۆکاری مردنە زووەکەی نێفەرتیتی زۆرتر تەمومژاویتر دەکات..

یەکێك لە گرنگترین کەرەستە ئاڕکیۆلۆجییەکانی ئەوکاتی فیرعەونەکانی میسر، پەیکەری سەری نێفەرتیتییە، کە ئەمڕۆ لە مۆزەخانەی میسر لە شاری بەرلین پارێزراوە. پەیکەرەکە بەشێوەیەکی وا هونەری دروستکراوە، کە تاوەکو ئێستا جێگای سەرسووڕمانی پەیکەرتاشان و زانایانی ئاڕکیۆلۆجییە. ئەم پەیکەرە لە سەدەی هەژدەیەمی پێش زاییندا لەلایەن بەناوبانگترین پەیکەرتاشی شاهانەی فیرعەونەکان لە بەردی سپی دروستکراوە، وردەکاریی سەیری ئارایشت و رەنگی تێدا بەکارهاتووە، کە تا رۆژی ئەمڕۆش کە تەمەنی بووەتە نزیکەی 3 هەزار ساڵ، کەچی رەنگ و بریسکە و کوالیتیی تایبەتیی خۆیی لەدەست نەداوە!.



**لودۆڤیگ بۆرخارت لە کاتی دۆزینەوەی پەیکەرەکەدا**

پەیکەری سەری تادوهیبا، لەلایەن نێردەیەکی شوێنەوارناسی ئەڵمانی بەسەرۆکایەتیی لودۆڤیگ بۆرخارت لە ساڵی 1912 لە ناوچەی تەل عەمارنە دۆزرایەوە، ئەوکات بەپێی ڕێکەوتنی نێوان ئەڵمانیا و حکومەتی میسری، کەرەستە دۆزراوەکان دەکرایە دووبەشەوە، بەشێکیان بۆ میسر و بەشەکەی تریان بۆ ئەڵمانیا، بەرامبەر ئەوەی ئەڵمانیا کەرەستەکان بدۆزێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدات! بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە ئەم نیوە پەیکەرە بەر ئەڵمانییەکان

کەوت و ساڵی 1933 گواستیانەوە بۆ بەرلین. پەیکەرەکە هەر زوو سەرنجی شوێنەوارناسان و خەڵکیی بە گشتی راکێشا و تەنانەت هیتلەر بەتایبەتی چووە بۆ مۆزەخانەی میسری لە بەرلین بۆ بینینی سەری نێفەرتیتی و زۆر پێی سەرسام بووە. هەر لەو کاتەوە ناکۆکی لەسەر موڵکداریی ئەم پەیکەرە لەنێوان میسر و ئەڵمانیادا دەکەوێتە ئاراوە و بەپێی وتەی میسرییەکان ئەو پەیکەرە لە نیوە بەشی میسرییەکان بووە و ئەڵمانییەکان بەشێوەیەکی ناڕەوا لە میسر بەدزییەوە بردوویانەتە دەرەوە، بەوەی کە پەیکەرەکەیان لە قوڕ گرتووە و لەگەڵ شتی تردا تێکەڵیانکردووە و میسرییەکانیان هەڵخەڵەتاندووە، هەرچی ئەڵمانییەکانیشە موڵکداری و هێنانەدەرەوەی ئەو پەیکەرە بە رەوا دەزانن و بە رێکەوتنێکی فەرمیی نێوان میسر و ئەڵمانیای ئەوکاتە دەزانن.



**سەری نێفەرتیتی و پەیکەرە بڕۆنزییە رووتەکە**

ئەم کێشەیە هەر لە سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردووەوە لە ئارادایە و ئەوکات سەرۆکی مۆزەخانەی بەرلین بەوە سازا کە پەیکەرەکە بنێردرێتەوە بۆ میسر، بەڵام پاش ئەوەی کە هێتلەر دەیبینێت و پێی سەرسام دەبێت، فەرمان دەدات کە پەیکەرەکە لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە.
پەیکەرەکە گەلێك تاقیکردنەوە و تۆژینەوەی لەسەر کراوە، ساڵی 2003 ئەڵمانییەکان بۆ ئەوەی بزانن کە ئەم پەیکەرە لەچ باڵایەك دەوەشێتەوە، خستیانە سەر پەیکەرێکی بێسەری پڕۆنزیی رووت یان نیوە-رووت و وێنە و تۆژینەوەکانیشیان بڵاوکردەوە. ئەم رووداوە بووە هۆی تووڕەیی میسرییەکان، بەوەی ئەڵمانییەکان سووکایەتییان بە سەری پەیکەری تادوهیبا کردووە و ئەمەش لەگەڵ کلتوور و دابونەریتی میسرییەکاندا ناگونجێت!.. لەبەرامبەر ئەوانیش ئەڵمانییەکان رەخنەیان لە چۆنێتیی ئاشکراکردنی راڕەوە نهێنییەکانی ناو هەرەمەکانی میسر گرت و بەهۆیەوە قەیرانێکی شوێنەوارناسیی نێوان هەردوو وڵات کەوتووەتە ئاراوە و سەرۆکی مۆزەخانەی ئەڵمانیش لە میسر بە کەسێکی بەخێرنەهێنراو ناسێندراوە و دیسان داوای گەڕانەوەی پەیکەرەکەیان کرد، تاوەکو ئیدی ئەوەندە سووکایەتی بە نێفەرتیتی نەکرێت.
هەڵبەت بەهانەی پەیکەری رووت و نەگونجانی لەگەڵ دابونەریتی میسرییەکان، بەهانەیەکی لاوازە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پەیکەرە بۆ میسر، چونکە ئەوکات نە ئیسلام لە میسر هەبووە و نە باڵاپۆشی!. دیارە بوونی پەیکەرەکە لە ئەڵمانیا زۆر گونجاوترە لە زۆر لاوە، بەهۆی ئەوەی کە زانستی شوێنەوارناسی و میسرناسی لە ئەڵمانیا زۆر لە میسر پێشکەوتووترە، هەروەها ئەڵمانییەکان زۆر بەباشتر دەتوانن پارێزگاری لە پەیکەرەکەی تادوهیبا بکەن تاوەکو خودی میسرییەکان، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ساڵی پار بە گەشتێك چوومە میسر و سەردانی مۆزەخانەی شارستانیی میسرم لە قاهیرە کرد، تابلێیّ بەشێوەیەکی خراپ رێکخراوە و بەزەییم بەو هەموو کەرەستە دانسقەیەی فیرعەونەکاندا دەهاتەوە کە بەو شێوە خراپە پارێزگاریی لێدەکەن!. لەوانەیە باوەڕنەکەن کە بڵێم، لە جارێك زۆرتر جیاوازیم لە نێوان پێناسە

کوورتەکانی سەر کەرەستەکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئیگلیزی بینی!. ئیدی لەوەوە تێبینیی شتەکانی تر بکە!.

من پێموایە هەردوولا کەم و زۆر مافی موڵکداریی ئەو پەیکەرەیان هەیە، میسر وەك وڵاتی دایکی پەیکەرەکە کە تیایدا دروستکراوە و پەیوەندیی بە هەنگاوێکی مێژوویی گرنگی میسرەوە هەیە، ئەڵمانییەکانیش کە خۆیان دۆزیویانەتەوە و بەپێی رێکەوتنێك بوونەتە خاوەنی. بەڵام دەکرێت ئێمەی کوردیش بەشێوەیەك لە شێوەکان مافێکمان هەبێت بەسەر ئەو پەیکەرەوە، بەوەی کە تادوهیبا شازادەیەکی کوردستانی بووە و کێش دەڵێت تاشینی پەیکەرێکی لەو بابەتە بیرۆکەکەی لە وڵاتی ئێمەوە نەچووەتە میسر! هەروەك چۆن تادوهیبا بیری یەکتاپەرستیی لە کوردستانەوە بردە میسر. ئەوانە و زۆر بازنەی نهێنیی تری نێوان میتانی و فیرعەونییەکان چاوەڕێی شوێنەوارناسانی کوردن، بەو هیوایەی کە شوێنەوارناسی لە کوردستاندا بایەخی پێبدرێت و بەهۆیەوە گرێکوێرەکانی مێژووی خۆمان بکەینەوە..

لە نێوان مۆزەخانەکاندا نەریتێکی باو هەیە، بەوەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی کەرەستەیەکی گرنگی کۆن یان تابلۆیەك لە مۆزەخانەیەکی تر و وڵاتێکی تردا نیشان دەدەن و پاشانیش دەیگێڕنەوە بۆ شوێنە هەمیشەییەکەی خۆی، ئەگەر ئەم پەیکەرەی سەری نێفەرتیتی بەو نەریتەدا بڕوات، ئەوا پاش مۆزەخانەی میسر، یەکێك لە مۆزەخانەکانی کوردستان یەکەمین مافی نیشاندانی ئەو پەیکەرەی هەیە، بەوەی کە نێفەرتیتی لەدایکبووی کوردستانە و تا تەمەنی بووکێنیی لە کوردستاندا ژیاوە و ئیدی بەهۆی ئەخناتوون و بیری یەکتاپەرستی و سیاسەتزانیی خودی نێفەرتیتییەوە بەرەو ژیانی ناوبانگ و نەمری چووە و هەرگیز چاوی بە کوردستان نەکەوتووەتەوە..

2010-06-02
لاهای – هۆڵندا

**سەرچاوەکان:**

1. هجمة عالمثالثية على المتاحف الغربية لاسترداد الآثار المنهوبة - أنيسة مخالدي – الشرق الأوسط - ژمارە 11506 – رۆژی 30-05-2010
2. BBC - German guile won Queen Nefertiti News
3. هەواڵێك لە خاتوو (تادوهیبا)ی میتانی، نێڤەرتیتی – هاوڕێ باخەوان – هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 145 – رۆژی 28-07-2003

**هەمان ئەم وتارە لە ماڵپەڕی رووداو نێت کرایە کوردیی کرمانجی و پیتی لاتینی و بڵاوکرایەوە:**

2010-06-10

**Piştî Misrê Divê Nefertiti Bê Kurdistanê**!

**Hawrê Baxewan**

Şahjin Nefertiti hevsera fîr`ewnê Misrê`Akhenaten` bû. Navê wê yê rastî Tadohiba ye û keça padîşahekî Mîtanî bû. Mîtanî gelekî kevin ên Kurdistanê ne û yek ji gelên herî kevin ên eslê Kurdan in. Nefertiti tê wateya ` Ew xweşika ku hat` e. Dibe ku dema Tadohiba ji Kurdistanê bi bûkanî bo Misrê hatiye birin, jiber bedewiya wê, derdorên koşka fîr`ewnê Misrê `Akhenaten` ev nav lê kiribin .

Nefertiti dibe ku yekem jin be di dîrokê de ku pir tişt derheqê wê hatine gotin. Gelek sedemên vêya jî hene, nemaze ku wê guherîneke mezin xist jiyana siyasî, olî û civakî ya Misrê û Ola yektaperestî û rojperestî li Misrê

belav kir û di dema wê de Misr bû welatekî pêşketî û bihêz .

Hê heta niha mumya Nefertiti nehatiye dîtin. Berî çend salan nûçeyek di vê derbarê de hat weşandin, lê di demeke zû de hat xwiyakirin ku ev mumya ne yê wê ye, lê yê jineke Misrî ya din e. Ne dîtina mumya wê, sedemê mirina wê ya pêşwext bêtir tarî û ne zelal dike.

Yek ji girîngtirîn madeyên arkeolojîk yên wê dema Fîr`ewnên Misrê, peykerê serê Nefertiti ye, ku niha li muzexaneya Misr li bajarê Berlînê parastî ye. Peyker bi awayekî hunerî hatiye dirustkirin ku heta niha cihê şaşmayîna peykertaş û zanayên arkeolojîk e. Ev peyker li sedsala 18an B.Z. ji aliyê navdartirîn peykertaşên şahane yên Fîr`ewnan e û ji kevirên spî hatiye dirustkirin. Hurdekariyên balkêş têde hatine bikaranîn, ku heta îro ku temenê wê bûye nêzîka 3 hezar sal, reng, çirisandin û qalîteya xwe ya taybet jidest nedane!

Peykerê serê Tadohiba ji aliyê şandeke kevnewarzanên Elman bi serokayetiya Lodovig Burkhart sala 1912an li navçeya Tel Emarne hat dîtin. Li gor peymana di navbera Elmanya û hikûmeta Misrê de, madeyên dîtî dihatin dûbeş kirin, beşek ji Misrê re û beşê din bo Elmanya, beramber wêya ku Elmanya madeyan bibîne û lêkolînan liser wan bike! Jiber vê peymanê, nîvê peyker bû para Elmanya û sala 1933an guhastin bo Berlinê.

Di demeke kurt de, peyker bala şûnwarzan û xelkê bi giştî kişand û Hitler bi taybetî çû muzexaneya Misrê li Berlinê bo dîtina serê Nefertiti û pê şaş ma. Hê ji wê demê ve, nakokî liser milkdariya vî peykerî di navbera Misr û Elmanya de derdikeve holê û li gor gotinên

Misriyan ev peyker ji nîv-beşê Misriyan bû û Elmanan bi awayekî ne rewa ji Misrê bi dizî birine derve, bi hinceta ku wan peyker ligel tiştên din tevlîhev kirine û Misrî xapandine. Elman jî milkdarî û anîna derve ya peyker rewa dibînin û bi peymaneke fermî di navbera Misr û Elmanya de didin nasîn.

Ev pirsgirêk hê ji destpêka salên 30 ji sedsala borî li holê ye û wê demê serokê muzexaneya Berlinê razî bû peyker bişîne Misrê, lê piştî wêya ku Hitler peyker dibîne û pê şaş dimîne; ferman dide ku divê peyker li Elmanya bimîne. Gelek test û lêkolîn liser peyker hatin kirin, sala 2003an, Elmanan da ku bizanin ku dirêjiya peyker çiqas e, ew danîn ser peykerekî bê serî yê sifir ê tazî yan nîv-tazî û wêne û lêkolînên xwe weşandin.

Ev bûyer bû sedemê hersbuna Misriyan, bi hinceta ku Elmanan sivikatî bi serê peykerê Tadohiba kirine û ev ligel çand û kevneşopiyên Misriyan nagunce! Elmanan jî rexne li awayê eşkerekirina raz û nehêniyên Ehramên Misrê girtin, loma qirîzeke şûnwarzanî di navbera herdû welatan de derket holê, û serokê muzexaneya Elmanî li Misrê wek kesekî nexwestî hat naskirin û dîsa Misiriyan daxwaza vegerandina peykerê xwe kirin.

Bê guman behaneya peykerê tazî û neguncandina wê ligel kevneşopiyên Misriyan, hinceteke lawaz e bo vegerandina peyker bo Misrê! Ji ber ku wê demê ne Ola Îslamê li Misrê hebû û ne jî lixwekirina cilên nuxumandî!! Hebûna peyker li Elmanya baştir e ji ber ku şûnewarzanî û Misrzanî li Elmanya ji Misrê pêşketîtir e û Elman dikarin bi awayekî baştir peykerê Tadohiba biparêzin. Par, çûm Misrê û min seredana muzexaneya şaristanî ya Misrê li Qahîre kir, madeyên dîrokî yên giranbuha bi awayekî pir

xerab dihatin parastin! Heta navên ku liser peykeran bi herdû zimanên Erebî û Ingilîzî hatibûn nivîsandin, cihê gumanê bûn.

Bi baweriya min peyker ê herdû aliyane. Peyker ê Misrê ye jiber li wir hatiye dirustkirin, û yê Elmanya ye jî jiber ku wan dîtiye û li gor peymanekê bûne xwediyên wê. Lê mafê me Kurdan jî liser peyker heye. Tadohiba şahzadeke Kurdistanê bû û kî jî dibêje hizra dirustkirina peykereke wiha ne ji welatê me çûbe Misrê! Tadohiba hizra yektaperestiyê ji Kurdistanê bir Misrê. Ev xal û gelek xalên nehênî yên din di navbera Mîtanî û Fîr`ewniyan de li benda şûnwarzanên Kurd in.

Li muzexaneyan, kevneşopiyeke naskirî heye. Ew made yan parçeyên kevin û girîng ku tên dîtin, tînin ba xwe û pêşan didin û piştre wan vedigerînin cihên wan ên herdemî. Ger peykerê serê Nefertiti li gor vê kevneşopiyê here, divê piştî muzexaneya Misrê, li muzexaneyeke Kurdistanê bê nêşandan bi hinceta ku Nefertiti li Kurdistanê jidayik bûye û heta temenê bûkaniyê li Kurdistanê jiyaye û êdî jiber Akhenaten û hizra yektaperestî û siyasetvaniya xwe, derbasî jiyana navdarî û nemiriyê bûye û qet careke din çavê wê bi Kurdistanê neketiye.

02.06.2010
Lahay – Holenda

**Çavkanî:**

1. Êrîşa cîhana sêyem ser muzexaneyên Rojava bo vegerandina kevnewarên talankirî- Anîsa Mexalidî – Şarqul Ewsat- jimare 11506- roja 30.05.2010.
2. German guile won Queen Nefertiti - BBC News.

3. Nûçeyek ji Tadohiba xan a Mîtanî, Nefertiti, Hawrê Baxewan – Heftenameya Mîdya – jimare 145, 28.07.2003 .

# دیمانەی گۆڤاری وێران – سازدانی حەمە مەنتك[1]

هاوڕێ باخەوان
لاهای 09-06-2010

**پرسیاری یەکەم/ مێژوو دەتوانێت چ ڕۆڵێك بگێڕێ لە ناساندنی خاك و نەتەوەی کورد بەجیهان؟**

وەڵام: بەگشتی مێژوو، ڕۆڵێکی پرشندار دەنوێنێت لە ناساندنی خاك و نەتەوە بە جیهان. مێژووی پرشنگداری چینییەکان وایکرد کە ئەمڕۆ ببنە یەکەمین دەوڵەت کە کەرەستەی پیشەسازی بنێرێتە دەرەوە، لە هەر کونجێکی ئەم جیهانەدا ڕێستورانتێکی چینی ببێت! هەمان مێژووش وای لە ژاپۆنییەکان کرد کە ببنە یەکێك لە پێشکەوتووترین دەوڵەتەکانی جیهان، چونکە هەمان مێژووی ژاپۆنییەکان پێمان دەڵێت کە تەنانەت بچووکترین کێڵگەی ئەو وڵاتە لە چەند سەد ساڵێك لەمەوبەرەوە تۆماری تایبەتیی خۆیی هەبووە و هەرچی لەو کێڵگەیەدا ڕوێنراوە و ڕوویداوە، لەوێدا تۆمارکراوە!. بەو شێوەیە هەر خاك و نەتەوەیەکی ناسراوی ئەم سەردەمە دەبێت مێژوویەکی پرشنگداری لە پشتەوە بێت.

لەوەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە هۆی نەناسراویی خاك و نەتەوەی ئێمە، نەبوونی مێژوویەکی پرشنگدار و پرشانازییە، مێژووی ئێمە بریتییە لە دواکەوتەیی ئەو نەتەوە بەهێزانەی کە مێژووی پرشنگداریان بووە و ئێستا خاك و نەتەوەیان ناسراون و فەرمانڕەوایی ئێمەش دەکەن. بەڵام لە مێژووی ئێمەدا جگە لە دووبەرەکیی نێوان میرنشینەکان، نێوان هۆزەکان و بنەماڵەکان، هیچی تری ئەوتۆی تێدا نییە کە شایەنی باس بێت!. دەشێت لەم سەدە بۆ ئەو سەدە پزیسکی مێژوویەکی پرشنگدار لە لایەکی وڵاتەکەماندا درەوشابێتەوە، بەڵام هەر زوو و بەهۆی

1 تێبینی: ئەم پرسیارانەم لەلایەن کاك حەمە مەنتکەوە ئاڕاستەکرا کە لە گۆڤاری وێراندا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لە بڵاوبوونەوە یان نەبوونەوەی ئاگادارنیم..

خۆمانەوە، ئەو پزیسکە کوژێنراوەتەوە! هەربۆیە ئەو میژووەی نەیتوانیوە رۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێت لە ناساندنی خاك و نەتەوەی کورد بە جیهان..

**پرسیاری دووەم/ چۆن بەراوردی نوسینەوە و خوێندنی مێژوو دەکەیت لە ئەوروپا و کوردستان، چ هەوڵێك پێویستە بۆ ئەوەی لەرێگای مێژووە وە کلتوری خۆمان بپارێزین؟**

وەڵام: بۆ ئەم بەراووردە پێویستە باس لە دوو جۆر نووسینەوەی مێژوو بکرێت، یەکەمیان مێژووی دەستەڵات و ئەویتریان مێژوو وەك ئەوەی روویداوە. مێژووی دەستەڵات ئەوەیە کە دەکرێتە مێژووی نەتەوەیەك یان وڵاتێك و دەستەڵات و قەڵەمچییەکانی بە ئارەزوو و بەرژەوەندیی ئەو دەستەڵاتە دەینووسنەوە! نموونەش زۆرە لای ئێمە: شەڕی خواکوڕك لای دەستەڵاتی هەولێر رووداوێکی هەتا بڵێی گرنگە و ساڵانە یاد و دۆکومێنەریی بۆ دەکرێت، لەبەرامبەر ئەمیشدا شەڕی دابان و داستانی رزگاریی یەکێتی لەسەر راگەیاندنەکانی یەکێتی و دەستەڵاتی سلێمانی بووەتە رووداوێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازانە و هیچ لایەکیشیان باس لەوانەی بەرامبەریان ناکەن، ئەمە ئەو مێژووەیە کە دەستەڵات لە بەرژەوەندیی خۆی دەینووسێتەوە، بەڵام مێژوو وەك ئەوەی کە روویداوە: وەك بەردەوامییەك بەو نموونانەی پێشوو، دەبێتە هەمان مێژووی خواکوڕکیش و شەڕەکانی دابان و داستانی رزگاری و سەرباری ئەوانەش ئەو چەند ساڵەی کە ئەو دوو هێزە براکوژییان کرد و چ هۆیەکی هەبوو بۆ دواخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی و زۆریتر!. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسین و خوێندنی مێژوو لەلای ئێمە، بەو شێوەیە نییە کە لە ئەوروپا پیادەدەکرێت، چونکە ئەوەی ئەوروپا تاڕادەیەك ئەو مێژووەیە کە روویداوە، نەك ئەو مێژووەی کە دەستەڵات دەینووسێتەوە!

دیارە دەکرێت لە رێگای مێژووەوە کلتووری خۆمان بپارێزین، ئەویش بەهۆی دەرخستنی مێژووی ژیانی کوردەواری لە سەدە کۆنەکاندا، هەموو ئەو دیاردە کلتوورییانەی کە پێشتر لە وڵاتی ئێمەدا باو بووە، دەبێت کۆبکرێنەوە و بەپێی کات و شوێنەکان

پۆلێن بکرێن و تۆژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەمە دەبێتە هەوڵێکی گرنگ بۆ پاراستنی کلتووری کوردەواری..

کلتووری ئێمە، کلتوورێکی تەمومژاوییە و سەرچاوەی کەمی لەسەر هەیە، ئەوانەشی کە هەن هیچیان لە دووسەد ساڵێك کۆنتر نین، زۆر ئاستەمە بزانین کە ئافرەتی کورد لە ناوچەیەکی دیاریکراودا پێش ئەوەندە سەدە جلوبەرگەکانی چۆن بووە! یان ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کاتی خۆی چۆن بووە! هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە وەك نەتەوە پارێزەری کلتووری خۆمان نەبووین و گوێیمان پێی نەداوە، بۆ نموونە کە دەچیتە مۆزەخانەی لوڤەر، دەبینی بە درێژایی چەندین سەدە فەرمانڕەوایانی ئەو وڵاتە و خەڵکەکەی چ جۆرە جلێکیان لەبەرکردووە، هەمووی پارێزراوە، ئێمە لەوانەیە لە یەك کاتدا سەدان میرمان لە کوردستان هەبووبێت، وابزانم ئێستا لە هەموو کوردستاندا جۆغە شڕێکی میرێکی کوردت دەست ناکەوێت!. دیارە باسی کۆشك و قەڵا و پردی میرەکانی کورد هەرناکەم! هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆشی پاراستنی ئەو شتانەمان نەبووە و ئێمەی کورد هەردەم کلتوورمان بەرامبەر بێگانە لەرزۆك بووە و گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە.. تێبینیی ئەو گۆڕانکارییانە بکەن کە لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا بەسەر خشڵ و زێڕ و زیوی کوردیدا هاتووە بەرامبەر بە کەرەستەی لەدەرەوەهێنراوی عەرەبی کەنداو بۆ باشووری کوردستان!.

**پرسیاری سێیەم/ نوسینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی زانستانە چۆن دەکرێت، خۆت دەزانیت هەزاران دیکۆمێنتی مێژوویی لە ئەرشیفخانەکانی ئەوروپا هەن سەبارەت بەکورد چۆن بەدەستیان بهێنینەوە؟**

بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەشێوەیەکی زانستی، وەدەستخستنی سەرچاوەی باوەڕپێکراو گرنگە، پاشانیش بەراووردکردنی ئەو سەرچاوانەیە بەیەکتری. لێرەدا ناچارم بچمەوە سەر بەشێکی وەڵامی پرسیارێکی پێشووترتان، نووسینەوەی مێژووی ئێمە دەبێت وەك ئەوە بێت کە روویداوە و واز لە نووسینەوەی مێژووی دەستەڵات بهێنین. لە باسکردنی رووداوەکان و لێکدانەوەیان دەبێت خۆ لە هەموو هەستێکی

نەتەوەیی، خێڵەکی و بنەماڵەیی و ئایدۆلۆژیایی بەدوور بگیرێت! تاوەکو هەموو ئەو هەڵانەی لە رابردوودا کردوومانە بۆ نەوەکانی نوێی بخەینە سەر کاغەز و چیدی وەك ئێمە بەو مێژووە نەخەڵەتێك کە کەسانێك پێش ئێمە بەپرشنگداری و دوور لە راستییەوە نووسیوویانەتەوە!.

دۆکومێنتگەلێکی زۆر لە ئەرشیفخانەکانی ئەوروپا و وڵاتانی داگیرکەر سەبارەت بە کورد و کوردستان هەن، هەندێك لەو ئەرشیفخانانە بۆ کەسانی ئاسایی رێگەپێدراوە و هەندێکیشیان تاوەکو ئێستا داخراون، لەبەرئەوە زۆرێك لەو دۆکومێنتانە تاوەکو ئێستا رۆشناییان نەدیوە، لەو رووەوە دەبووایە وەزارەتی رۆشنبیریی کوردستان هەر لە دەمێك ساڵەوە هەوڵی بەدەستخستنی ئەو دۆکومێنتانەی بدایە و هەموویانی لە خانەی ئەرشیفی نەتەوەییدا کۆبکردایەتەوە و وەریبگێڕانایە و پۆلێنی بکردنایە!، تاوەکو هەر لێکۆڵەرێك بیەوێت ئەو سەرچاوانە بەکاربهێنێت، بەهاسانی دەستییان بکەوێت. کەواتە لێرەدا هەوڵی تاکەکان بۆ ئەرشیفخانە رێگەپێدراوەکان و هەوڵی دەستەڵاتی کوردیش بە پێویست دەزانم بۆ کۆکردنەوەی ئەو دۆکومێنتانە..

**پرسیاری چوارەم/ نووسینەوەی هاوڕێنامە لە (60000) هەزار ساڵ پێش زایینەوە تاکو ساڵ (2005) بێگومان ماندوو بوونی دەوێت، ئایا ئەمە بەردەوام دەبێت؟**

وەڵام: من ساڵی 1995 دەستم کردە نووسین و دانانی هاوڕێنامە، تاوەکو ساڵی 1999 توانیم زۆربەی کرۆنۆژیی رووداوە گرنگەکانی پەیوەست بە کوردستان و کوردەوە تۆمار بکەم، هەر لەو ساڵەشدا دەزگای سەردەم چاپ و (بڵاویکردەوە). خۆشبەختانە هاوڕێنامە دەنگێکی باشی دایەوە و سەرباری ئەو کەموکورتییانەشی، لەلای هەندێك کەسەوە وەك کتێبی ساڵی 1999 ناوزەد کرا! پاشان من بەردەوام بووم لە تۆمارکردنی رووداوەکان و باشترکردنی ئەوانەشی کە هەبوون و تا ساڵی 2005م هێنا، ئیدی زانیم کە پرۆژەکە زۆر گەورە دەبێت و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاسان نابێت! لە تۆمارکردنی رووداوە نوێیەکانی دوای ساڵی 2005ەوە وەستام، چونکە ئێستا رووداو زۆرن و

هەموویان تۆماربکرێن لە وزەی تاکەکەسێك دەچێتە دەرەوە و پێویستیی بە ڕێکخراوێکە. هاوڕێنامە ئێستا چاپێکی دیجیتاڵم بۆ ئنتەرنێت ئامادەکردووە و نزیکەی 1200 لاپەڕەی A4ە و هەموو کەسێك دەتوانێت بیبینێت. زۆر هەوڵیشمدا ئەو بەرگە پاکژکراو و زێدەکراوە چاپبکەمەوە، بەڵام ئاسان نەبوو چ بۆ وەدەستخستنی ڕەزامەندی و چ بینینەوەی خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە. ئێستا خەریکم ئەو بەرگەی هاوڕێنامە بە تیراژێکی کەم لە هۆڵندا چاپ بکەم، بۆ ئەو مەبەستە دیزاینەرێکی پرۆفیشناڵی هۆڵندی بەرگەکەیم بۆ دەکێشێت و بەڵێن وایە لەم چەند هەفتەیەدا تەواو ببێت، ئەوکات لێرە لەسەر ئەرکی خۆم چاپی دەکەمەوە!

بۆ بەردەوامیی هاوڕێنامە وەك وتم ڕووداوەکانی تا ساڵی 2005یشم تۆمارکردووە و ئیدی باوەڕناکەم لەوە زۆرتری لێبکەم، بەڵام ئێستا بۆ ماوەی دوو ساڵێکە پرۆژەیەکی تر بەڕێوەدەبەم کە ئەویش ناوی کوردیپێدیایە، کە بریتییە لە ماڵپەڕێك و داتابەیسێکی گەورە و دەتوانم بڵێم بووەتە گەورەترین سەرچاوەی کوردی! ئەم پرۆژەیە هاوشێوەیەکی وەك ویکیپێدیایە بە هەندێك تایبەتمەندیی کوردییەوە و هەموو ئەو بیۆگرافی و شتانەی تێدا تۆماردەکرێت کە پەیوەستن بە کوردستان و کوردەوە، لەوانە کەسەکان، شوێنەکان، ڕێکخراوەکان، بڵاوکراوەکان و هتد.. هەمان پرۆژە بەهیوایە کە لە پاشەڕۆژدا ببێتە چەند بەرگێکی گەورەی کتێب و چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

کوردیپێدیا بەردەوام لە گەشەکردندایە و هەموو کەس دەتوانێت (ئەوەی دەیەویت) لەسەر ئنتەرنێت لەڕێی: http://www.kurdipedia.org بە زمانی کوردیی سۆرانی و پیتی ئارامی بیدۆزێتەوە.

**پرسیار پێنجەم/ زۆر لە مێژووی کورد شێوێندراوە، بەواتایەکی تر ڕِۆژهەڵاتناسان، یان مێژوونووسانی سەفەوی و عوسمانی مێژووی کوردیان بە شێواوی نووسیوەتەوە، چۆن دەتوانین ئەمە ڕِاست بکەینەوە؟**

وەڵام: دیارە ئەم پرسیارە مێژوونووسانی عەرەبیش دەگرێتەوە! ئەوانیش زۆریان لە مێژووی کورد شێواندووە و بەمەبەستی بەرژەوەندیی خۆیان و ئایینەکەیان شتی ناڕاستیان تۆمارکردووە، هەرچۆنێك بێت ئێمە زۆر قەرزاری هەوڵی ئەو

ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسانەی ترین، ئەوانە بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژووی کوردستان و کورد. هەندێکجار ڕووداو هەیە جگە لە نووسین و یاداشتەکانی ئەوان لە هیچ شوێنێکی تردا باس نەکراوە و سەرچاوەی بۆ نییە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە خۆمان هیچی خۆمانمان نەنووسیوەتەوە! هەربۆیە من پێموایە شێواندنەکانیش لەلایەکەوە دەکرێت سوودی هەبێت، بەوەی بزانین داخۆ ئەو لایەنەی کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسەی ناردووە یان پشتگیریی کردووە، چ بەرژەوەندییەکی هەبووە لەو شێواندنانە! جگەلەوەش وەك گووترا ئەوانە تاکە سەرچاوەن و بەهۆی ئەوەوە دەزانین کە ڕووداوێکی لەو جۆرە لە مێژووی ئێمەدا ڕوویداوە! بۆ نموونە ئەگەر سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی نەبووایە، ئێمە چۆن دەمانزانی لە ناوچەی ئامەدی باکووردا کاتی خۆی ئەوەندە جۆر ترێ هەبووە!، یان ئەگەر گەشتەکەی میستەر ڕیچ نەبووایە ئێمە چۆن دەمانزانی پلەی گەرمای شاری سلێمانی لە ڕۆژێکی دیاریکراوی دووسەد ساڵ لەمەوبەردا چەند بووە!، بەداخەوە کورد خۆی ئەقڵی بەو شتانە نەشکاوە و ناچارین پەنابەرینە بەر ئەو سەرچاوانە.. ڕاستکردنەوەی شێواندنەکان ئەستەم نییە، دەبێت هەرچی شێواندن هەیە بەراوورد بکرێت بەو دۆکومێنت و یاداشت و سەرچاوانەی تری کە پەیوەستن بە ڕووداوێکی دیاریکراوەوە لە سەردەمێکی دیاریکراودا، تاوەکو ڕاستینەی شێواندنەکان بخرێنە ڕوو و هۆکار و بەرژەوەندیی ئەو لایەنانەش ئاشکرا بکرێن کە بوونەتە هۆی ئەو شێواندنانە.. کەواتە ئەو ڕاستکردنەوانە هەر بە تۆژینەوە و بەراوورد دەبێت.. بەڵام دیارە ڕاستکردنەوەی هەندێکیشیان ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەگەر دۆکومێنتە شێواوەکە تاکە سەرچاوە بێت!..

**پرسیاری شەشەم/ چۆن دەڕوانیتە نوسینەوەی مێژوو لە لای مێژوونووسانی کوردەوە؟**

وەڵام: مێژوونووسانی ئێمە بەگشتی کەمیان تێدایە مێژووی کوردستان و کوردیان وەك خۆیان تۆمار کردبێت، زۆرینەیان پەیوەست بوون بە مێژووی دەستەڵاتەوە، مێژووی هۆز و بنەماڵە لە کارەکانیاندا زۆر زەقە.. ئێمە مێژوویەکمان دەوێت کە ڕووداوەکانی ژیانی کوردەواریمان بۆ بگێڕێتەوە و دەستەڵات و

هۆز و بنەماڵەش هەڵبەت بەشێکی ئەو مێژووەن، هەربۆیە من وایدەبینم کە مێژووی وڵاتی ئێمە لە دەستەڵات و هۆزدا بچووککرابێتەوە و گرنگیی بە مێژوو و ژیانی رەشە خەڵکەکە نەداوە و ئەوەشی کە تاوەکو ئێستا نووسراوەتەوە پێویستیی بەپیداچوونەوە و سەرلەنوێ نووسینەوەیە.

لەناو مێژوونووسە کوردەکاندا کارەکانی مامۆستا کەمال مەزهەرم گەلێك پێباشە، ئەگەرچی ئەویش بێبەش نییە لە هێزکاری ئایدۆلۆژیا لە نووسینەکانیدا، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە کۆنەکانی.. بەڵام من لە کارەکانی ئەو باشتر نابینم و ئەو دۆکومێنتانەی لەم دواییانەدا کۆییکردوونەتەوە و بڵاویکردوونەتەوە بە یەکێك لە گرنگترین کارەکانی دەزانم..

**پرسیاری حەوتەم/ تۆ زیاتر لەبواری مێژووی رامیاری کوردەوە دەنووسیت، ئایا مێژوویەکمان بەم ناوەی سەرەوە هەیە کە ئێمە بە جیهان بناسێنیّ، چونکە هەر حیزبە و مێژووی خەبات و رامیاری کورد بەهی خۆی دەزانێت نەك بە موڵکی کورد؟**

وەڵام: بوونی رامیاریی کوردی خۆی لەخۆیدا پرسیارێکە!. من لە هاورێنامەدا زۆرێکم لە رووداوی (چاك) و خراپی رامیاریی کورد تۆمار کردووە، بەڵام دیارە ئەوە نابێتە مێژووی رامیاریی کورد، دەشێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسینی. لە مێژووی رامیاریدا کە باس لە رووداوێك دەکرێت، دەبێت لە زۆر لایەنەوە لێی بکۆڵرێتەوە، بۆ نموونە هۆیەکانی ئەو رووداوە، سەرئەنجامە باش و خراپەکانی، هێزکاری دەستتێوەردانی دەرەکی و ناوەکی، ئەڵتەرناتیڤەکانی و ئەگەر ئەو رووداوە رووینەدایە چی بکرایە باشتر بوو!، بۆ؟ و زۆریتر دەبێت بخرێتە بەر نەشتەری توێکاری، گەر ئەوانە بەشێوەیەکی باش و پشتبەستن بەسەرچاوەی باش کرا، ئەوجا دەتوانین بڵێین مێژووی سیاسیی سەردەمێکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیاریکراومان نووسیوە، یان هەوڵی نووسینیمان داوە!.

ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشی دووەمی خودی پرسیارەکەدایە، بەوەی کە دەستەڵاتی کوردی تەنها مێژووی خۆی بە مێژوو دەزانێت و هیچی تر! نموونەش هەتا بڵێی زۆرە! من لە جارێك زۆرتر باسی ئەو یادداشتنامانەم کردووە کە لەم

چەند ساڵانەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوانە زۆر ترسناکن و دەبێت زۆر بە پارێزەوە سەیرییان بکرێت، یاداشتنووسەکانی ئێمە لە هەموو رووداوەکاندا لایەنەکەی خۆی یان خێڵ و بنەماڵەکەیی کردووەتە پەری ئاسمانان و هەرچی هۆکارە خراپەکانیش هەیە داویەتە پاڵ لایەن و خێڵ و بنەماڵەی بەرامبەر، تەنانەت لەناو خودی لایەن و خێڵ و بنەماڵەکەی خۆشیدا خۆیی بێبەری کردووە لەو رووداوانەی تەنها بەهۆی ئەوانەوە روویانداوە و کەسانی تری ناو لایەن و خێڵ و بنەماڵەکەیی تێوەگلاندووە، لەبەرئەوە ئەو یاداشتانە دەبێت بەشێوەیەکی زۆر باش بەراووردبکرێن بەهی تر و سەرچاوەی بەرپرستر، ئنجا هەوڵی ئەوە بدرێت بە پارێزەوە وەك (سەرچاوە) بەکاربهێنرێن و من خودی خۆم بەهیچ شێوەیەك وەك مێژووی رامیاریی کوردی دایاننانێم..

لە کورتەی وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: نەخێر ئێمە هێشتا مێژووی سیاسیی کوردیمان نییە! چۆنیش مێژووەکەیمان ببێت ئەگەر سیاسەتەکە خۆییمان نەبێت!.

# تۆپبارانی ئێران و هەڵوێستی حکومەتی عێراق و ئەمریکا و کوردستان[1]

**پرسیاری میدیا: دەوڵەتی تورکیا و ئێران بە هەماهەنگی، هەندێك ناوچەی باشووری کوردستان بۆردومان دەکەن، ئەمریکا و ئێراق و حکومەتی کوردستان هەڵوێستەکەیان زۆر لاوازە لە بەرامبەر ئەو رووداوە، ئەو لاوازیە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دوو ساڵ زۆرتر بەر لە ئێستا، بەهۆی بۆردوومانێکی تری داگیرگەری ئێرانەوە، هەر لەم رۆژنامەی میدیایەدا نووسیم: ئەگەر ئێمەش دوو تۆپ بتەقێنین چی دەبێت؟! بەڵام ئەوکاتەش و پێشتریش و ئێستاشی لەسەر بێت، دەستەڵاتی کوردی هەرگیز گوێی لە کەس نەگرتووە و خۆی چۆنی ویستبێت وایکردووە! دیارە گومانیشم هەیە لە مانەوەی ئەو هەموو چەك و تۆپخانە و زرێپۆشانەی دوو فەیلەقی گەورە و گرانی داگیرکەری ئێراقی کە کەوتنە دەست یەکێتی و پارتی! هیوادارم ئەوانەش وەك زۆر ئنفراستڕەکچەری گرنگی تری کوردستان تاڵانفرۆشی داگیرکەری ئێران نەکرابێتن و ئەویش بەهەمان تۆپەکانی خۆمان! بۆردوومانمان نەکەنەوە!

ئەوکات دەکرا حکومەتی هەرێم وەڵامێکی بدایەتەوە و بەهۆی بارودۆخی ئەوکاتەشەوە ئێران بەڕای من نەیدەتوانی چیدی نە تۆپبارانی هەرێم بکات و نە سنووری باشووری کوردستانیش ببەزێنێت، هەروەها پێش دوو ساڵ هەموو سنووری ئێراق لە ژێر کارگێڕی ئامریکییەکاندا بوو و دەبووایە حکومەتی کوردستان زیرەکانە رەفتاری بکردایە و بە چەند تۆپێك وەڵامی داگیرکەری ئێرانی بدایەتەوە و هەموو لایەکی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 439– لاپەڕە 6 – 2010-06-15 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕەکانی: پاسۆك، کڵاوڕۆژنە، پێنووسەکان، کوردستان نێت، KNC و دەنگی سەربەخۆ - ژونی 2010

بخستایەتە ئەمری واقیعەوە! لێ ئەوکات ئەوە نەکرا، ئیدی بارودۆخەکە بەو ئاسانە نییە!

دەربارەی لاوازیی داگیرکەری ئێراقیش، ئەوەیان کارێکی ئاشکرایە کە ئەمڕۆ داگیرکەری ئێران هێزکارێکی گرنگی لە سیاسەت و بڕیاری داگیرکەری ئێراقدا هەیە، بەوەی کە زۆرینەی لایەنە بڕیاردەرەکانی داگیرکەری ئێراق، دواکەوتە و جێبەجێکاری ئەجێندای داگیرکەری ئێرانین و ئەمەش تەنانەت لە روو و رووخساری شارە عەرەبییەکانەوە دەردەکەوێت کە وەك دەڵێن، بۆ نموونە جیاوازیی لە نێوان بەسرە و عەباداندا نەماوە لە زۆر بارەوە کە ئەوەش کاریگەریی داگیرکەری ئێران دەردەخات، ئیدی داگیرکەری ئێراق دەبێت چۆن لاواز نەبێت بەرامبەر ئەو تۆبارانەی داگیرکەری ئێرانی، بگرە من پێموایە تۆبارانەکە لەلایەن زۆرینەی هەرەزۆری شیعەکانی ئێراقەوە بەخێرهاتنی لێدەکرێت..

دەربارەی ئەمریکییەکان، ناکرێت بگووترێت هەڵوێستیان لاوازە، چونکە ئەوان دەوڵەتێکی مەزنن و نەخشەی تایبەتی و درێژخایەنی خۆیانیان هەیە نەك لە ئێراقدا، بەڵکو لە هەموو خۆرهەڵاتی ناویندا، ئیدی ئەوان لەبەر حکومەتی هەرێم ئەو نەخشەیەی خۆیان تێکنادەن، بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا کە هەر هەڵدانێك لەسەر باشووری کوردستان لەوانەیە ئەو نەخشە گەورەیەی ئەمریکا و خۆرهەڵات و ئیسرائیل تێکبدات کە لەوانەیە لەگەڵ ئێراندا هەیانبێت، سەیریشە کە ئێمە داوای هەڵوێست لە داگیرکەری ئێراق و ئامریکا دەکەین، کە خۆمان هەڵوێستمان نەك زۆر  لاوازە! بەڵکو حەیالەبەرهەڵگیراویشە! لەم رۆژانەدا لیستی ئێراقییە کە عەرەبن! لەدژی داگیرکەری ئێرانی بۆ تۆپباران و سنووربەزاندنی هەرێم، وێنەی تاوانبار ئەحمەدی نەژاد و ئاڵای داگیرکەری ئێرانییان سووتاند، لێ ئێمە وەك ئەو ئەزعەفەلئیمانەشمان نەکرد، هاتین بەئامادەبوونی زۆرێك لە هێماکانی حکومەتی هەرێم، لە هۆڵی (پێشەوا)! یادی (ئیمامی خوێن و تاوان)مانکردەوە!

ئەوە هەڵوێستی حکومەتی کوردستان بێت دەربارەی داگیرکەری ئێران!، ئیدی دەربارەی تورکیای تائێستا هاوڕێی ئەمریکا و ئەندامی ناتۆ و ئەندامی پاشەڕۆژی یەکێتی ئەورووپا دەبێت چۆن بێت؟!

لاهای - هۆڵندا
12-06-2010

**ئەم بابەتە لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم کۆمێنتەی لەسەردرا:**

2010/06/16abdul

afarem kak nataway ay awdewe snwr kurd ney hay kurd parwar xo to xot zor b kurd parwr dazane daway top barany rozh halat dakay kurd bdwena sharae xoy dakat b rasty to zor koly aetr nazanm bo hande rozhnama daynwet gawrat bkan kak kurdos

# رۆژێکی نارنجی![1]

رۆژی 14ی ژون، يارييەكەی نێوان هۆڵەندا و دانيمارك بوو لە جۆهانسبورگی باشووری ئافريكا بۆ جامی جيهانی، چەند رۆژێك پێش يارييەكە، زۆرينەی قوتابخانەكانی هۆڵندا بە قوتابييەكانيانی راگەياندبوو كە بۆ ئەو رۆژە سكرين و تەلەڤزيۆنی تايبەتی دادەنرێن و هەمووش باشترە بە جلی نارنجييەوە بێن بۆ قوتابخانە، تاوەكو هاندەری تيمەكەی هۆڵندا بكەن..

زۆرێك لە كۆمپانياكانيش هەمان گرنگييان دابووە ئەو يارييە و سەرتاپايان لە نارنجی هەڵكێشابوو، زۆرێكيش بۆ ئەو دووانيوەڕۆيە مۆڵەتيان وەرگرتبوو، تاوەكو لەماڵەوە سەيری يارييەكە بكەن..

سەيركردنی يارييەكان لە قوتابخانە و شوێنكارەكاندا، بڕيارێكی زۆر باش بوو بەوەی كە بووە رێگرێك بۆ خۆدزينەوەی قوتابيان لە قوتابخانە و هەروەها بەدرۆخۆنەخۆشخستنی كارمەندەكانيش.!

لە ماوەی يارييەكەدا شەقامەكانی هۆڵەندا كش و مات ببوو و كەمە كەمە رێبوارێك يان ئوتومبيلێكت دەدەی، دەتگووت كاتی بەربانگی ناو شاری هەولێرە!، بەڵام لەجياتی دەنگی ئەڵڵاهو ئەكبەر، تەنها گوێت لە هاتوهاوار و زووڕنای هاندەرانی هۆڵەندی بوو لە كاتی هێرشەكان و گۆڵكردندا و هەروەها هوهاش، بۆ تيمی دانيمارك ئەو كاتەی دژە هێرشێكيان بكردايە.!

زۆر دەمێكە فوتباڵ ئەو تێبينييەی لای من دروستكردووە كە وڵاتە پێشكەوتووەكان، زۆر نەتەوەيين، هەستی ناسيۆناليزمييان بووەتە هۆی ئەوەی بەو شێوەيە خاك و نەتەوەی خۆيانيان خۆشبووێت و بەو شێوەيە پێشبكەون، تۆپانێكەشيان رەنگدانەوەی ئەو دياردەيانە و زۆرجار روويەكی گەشی بيری ناسيۆناليزمی وڵات و نەتەوە ئەوروپييەكانە. ئەگەرچی ئەم

---

1 رۆژنامەی هاوڵاتی – ژمارە 637 – لاپەڕە 6 – رۆژی 16-06-2010 – كوردستان – سلێمانی.
ماڵپەڕەكانی: پاسۆك، كڵاورۆژنە، كوردستان نێت، پێنووسەكان، دەنگی سەربەخۆ - ژونی 2010

خۆشەویستییەیان بۆ تۆپانێ لایەنێکی تری سیاسیشی هەیە بەوەی کە گەلانیان بە ئارامی بمێننەوە و زۆر لەسەر پرسەکانی تری ژیانیان نەدوێن، ئەویش بەوەی کە زۆرینەی وڵاتە پێشکەوتووەکان تاوەکو ئێستا کار بەو پرینسیپەی یۆنانی کۆن دەکەن کە دەیگووت: (نان و یاری بدەرە گەل تاوەکو بە ئارامی بمێننەوە)! لێ ئەو وڵاتەی کە ئەم پرینسیپە و زۆرینەی یارییە ئۆلەمپییەکانی لێهاتە دەرەوە بۆ مرۆڤایەتی، چونکە خۆی ئێستا کار بەم پرینسیپە ناکات! گەلەکەی ئارام نییە و کێشەی زۆری بێ نانی و بێ یارییان هەیە!.. یۆلیۆس سیزەر زۆر چاك دەیزانی کە بۆچی لەکاتی پێشبڕکێی ئەسپ و عەرەبانە و زۆرانبازیدا نان و خواردنەوە بەخۆڕایی بەسەر خەڵکدا دابەشدەکات، تەنها بۆ ئەوە بوو کە بەئارامی بمێننەوە و خۆی و دەستەڵات و تەختەکەی پارێزراو بێت!

ئێمە سەرباری ئەوەی کە دەوڵەتمان نییە، نان و یاریشمان نییە، هەربۆیە گەلی ئێمە ئارام نییە! نان و یاری، دوو پایەی گرنگی ژیانی ئازادن، هەر کێشەیەك لەو دووانەدا، ئازادیی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر پرسیارەوە..

تیمەکانی هۆڵندا هەردەم کێبڕکێی گەرم و دژایەتیی سەیر لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی هۆڵندا ئەو ڕۆژەی کە یاری لەگەڵ وڵاتێکی دەرەوە بکەن، هەموو ڕەنگ و هێمای تیمەکانی خۆیان وەلا دەنێن و تەنها ڕەنگی نارنجی و ئاڵای هۆڵندا برەو و ڕێزی هەیە. ئەوەش ڕوویەکی گەش و تێگەیشتووی خەلکی هۆڵندایە بۆ ناسیونالیزم، هەربۆیە دەتوانم بڵێم چ گلۆبالیزم و چ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەم ناتوانێت هەستی ناسیونالیستی لای میللەتان لەناوبەرێت.!

ئەگەرچی من بینەرێکی بەئەمەکی تۆپانێ نیم و زۆر نێوانم لەگەڵیدا نییە، بەڵام لەو ڕۆژەدا لە هۆڵندییەکانەوە باشتر لەو لایەنەی تری ناسیونالیزم تێگەیشتم و بەبردنەوەی هۆڵەندای وڵاتی دووەمم خۆشحاڵ بووم.. پاش تەواوبوونی یارییەکەش لەخۆمم پرسی، ئێمە هەژدە ساڵە لە هەرێمی کوردستان نان و یاریمان نییە! بۆ چەندی تر دەمانبێت، ئەوەیان هێشتا لە بازنەی نهێنییەکانماندایە. بەڵام گەر ئەوکات تیمی کوردستان چووە پێشبڕکێیەکی وا جیهانییەوە، دەبێت ڕۆژەکەی ئێمە ببێتە

زەرد یان سەوز! بڵێی هەموو ئەو لایەن و دەستانە لەژێر ڕەنگێکدا کۆببنەوە..!

چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ سازدانی ڕووبەڕوویەك چوومە مەد تیڤی، ئەو ڕۆژە بەڕێکەوت هەڵبژاردەی تورکیا لەگەڵ تیمێکی تردا بۆ پێشبڕکێی وڵاتانی (ئەوروپا) یاریی دەکرد، زۆرینەی کارمەندانی تەلەڤزیۆنەکە لە ڕێستورانتەکەدا سەیری تۆپانێیان دەکرد و هاندەری تیمی تورکیا بوون!. لە باشووری کوردستانیش کاتێك ئێراق یاریدەکات، لە کوردستان هاندەرانێکی زۆریان هەیە و ئێران و سووریاش هەر بەو شێوەیەیە! ئێمە تاوەکو ئێستا بەگشتی لەوە تێنەگەیشتووین کە تۆپانێش ڕوویەکی ناسیونالیستیی هەیە و لێ ئەوانەی تورك و ئێراق و وڵاتە سەردەستەکانی ترمان بە ڕووە شۆڤێنیزمەکەیایەتی و کەچی ئێمەش هەر چەپڵەیان بۆ لێدەدەین..!

لاهای – هۆڵندا
15-06-2010

# دەربارەی سوێندخواردن بە زمانی کوردی[1]

**پرسیاری میدیا: لەکاتی سوێندخواردنی پەڕلەمانتارە کوردەکان بە کوردی لە کردنەوەی پەڕلەمانی ئیراقی هەڵایەکی گەورەی لەنێو ڕاگەیاندنەکان و ناوەندە سیاسیەکانی عەرەبی دروستکرد و بە نایاسایی لە قەڵەمیاندا، لێکدانەوەت بۆ ئەو هەڵایە چییە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: بیرکردنەوەی عەرەبی، بەگشتی بیرکردنەوەیەکی شۆڤێنیزمانەیە و گۆڕینی عەقڵییەتی عەرەبی ئەوەندە ئاسان نییە، ئەوان هەر لەسەرەتاوە بڕیاری ئەوەیانداوە ئەوەی لەچوارچێوەی ئەو نەخشەیەدایە کە پێی دەگووترێت وڵاتانی عەرەبی، دەبێت ملکەچی ئایین و کلتوور و یاسای عەرەبی بێت!. هەرچیش لەو یاسایە دەرچوو ئەوا تاوانی هەڵگەڕانەوەی ئایینی و نایاسایی و بەکرێگیراوی ئیسرائیل و هەزار شتی تری بۆ هەڵدەبەستن و خەڵکی خۆشیان بەگشتی باوەڕیان پێدێنن. زۆرجاریش لەوەی تێدەپەڕێنن و هەر بەو هۆیەوە بەئاسانی پاکتاوی ڕەگەزییان لەدژ بەکاردێنن، هەر کورد نەبووە بەدەست ئەوەوە ناڵاندوویەتی لە چوارچێوەی ئەو نەخشەیەدا، بەڵکو قیبتییەکانی میسر و دارفۆڕییەکانیش هەمان کێشەیان هەیە.. چونکە ئەوانیش وەك کورد لەو نەخشەیەدا داواکردنی هەر مافێکیان بەنایاسایی لەقەڵەم دەدرێت.. ئەگەر دوورتریش بە مێژوودا بچینە خوارەوە، دژایەتیکردنی بزووتنەوەکانی شعوبییەت و ئەبو موسلیمی خۆراسانی و ئەوانی تر هەر بەو هۆیەوە بووە..

عەرەبە شیوعییەکان دەیان ساڵ لە کوردستاندا (خەبات)یانکرد و کەمینەیەکی زۆر کەمیان نەبێت، کەسیان فێری زمانی کوردی نەبوون!، دەیان ساڵ حیزبی شیوعی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 440– لاپەڕە 6 – 22-06-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی: پاسۆك، کلاوڕۆژنە، پێنووسەکان، کوردستان نێت، KNC و دەنگی سەربەخۆ - ژونی 2010

زۆرینەی کادر و بنکە جەماوەرییەکەی لە کوردستاندا بوو، کەچی نەمانبیست رۆژێك کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتییان بە زمانی کوردی بێت، ئەمە لە کاتێکدا کە دەڵێن کۆمۆنیزم زۆر گوێ بە بنەما نەتەوەییەکان نادات! دیتان یەکێك لەو کۆنە شیوعییانە نەفرەت لە عەرەبایەتیی خۆی بکات لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی کە عەرەبی دراوسێ بەرامبەر کوردی کردووە، یان هەر هیچ نەبێت بڵێت داوای لێبووردن دەکەم؟!.. ئەم نموونەیەم لەبەر ئەوە هێنایەوە تاوەکو بەراووردی کۆمۆنیستێکی عەرەب بە ئەعرابییەکی سادە بکەین، ئیتر لەوەوە تێبینیی بیرکردنەوەی عەرەب بکە بەرامبەر بە کورد و زمانی کوردی.

دیارە ناشبێت تەواوی هۆکارەکانی ئەو کێشەیە بگەڕێنینەوە بۆ خودی عەرەب و بیرکردنەوەی خراپی بەرامبەر بە کورد بە درێژایی مێژوو!، بەڵکو ئێمە خۆشمان هەڵەمان زۆرە بەرامبەر بە مامەڵەمان لەگەڵ عەرەبە دراوسێکانماندا.. هەمیشە ئەوانمان بە (ئەفزەڵ و خەیرولئوممە) زانیوە و ئەمەش تەنانەت لە ئەدەبی کوردیدا بە روونی دیارە!. سیاسییەکانی کورد بە راستیان بێت یان بەدرۆ، هەردەم دەڵێن ئێراقی فیدڕاڵ! لەبەرامبەر ئەماندا عەرەبێك نییە تەنانەت بەدرۆشەوە لە راگەیاندنەکاندا ئەو وشەیە بەکاربهێنێت، ئەمە دەکرێت بکرێتە ئاوێنەی بیرکردنەوەی عەرەبی ئێراق بەرامبەر هەرێمی فیدڕاڵی و زمانی کوردی و هەموو ئەو شتانەشی کە هەرێمێکی فیدڕاڵ مافی تێیدا هەیە.. عەرەبێك کە نەتوانێت تەنانەت دوو وشەی (ئێراقی فیدڕاڵ)ی بەسەر زاردا بێت، ئیدی چۆن باوەڕی بەبەکارهێنانی زمانی کوردی دەبێت بۆ سوێندخواردنی پەڕلەمانتارەکان!.. وەکو ئەوانیش وان، ئێمە تاوەکو ئێستا رێککەوتننامەیەکی روونمان لەگەڵیاندا نییە، زۆرتر لە هەفت ساڵە ئەم حکومەتە نوێیە فەرمان دەگێڕێت، هەر لەو کاتەوە بەپێی دەستوور و هەر وەك نموونەیەکی سادە، دەبووایە زمانی کوردی شانبەشانی عەرەبی لەسەر دراوی ئێراقی (فیدڕاڵ) بووایە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر ئێمە ئەوکات چاپی ئەو دینارەمان رەفز بکردایە و لە جیاتیی ئەوە بۆ نموونە دۆلارمان بەکاربهێنایە و لەسەر ئەوە پێمان دابگرتایە کە تاوەکو زمانی کوردی بەپێی دەستووری ئێراقی (فیدڕاڵ) نەچێتە سەر

دراوەکان! بەکارینەهێنین، ئەوان ئێستا بەو شێوەیە زمانی کوردییان بۆ ئەو سوێندە بە نایاسایی لەقەڵەم نەدەدا..
ئەوان بیرکردنەوەیان بەرامبەرمان زۆر خراپە، بەڵام لەوان خراپتر خۆمان و رەفتارە نەزانەکانمانە!..

لاهای – هۆڵندا
2010-06-18

# تۆپانێ و کۆمۆنیزم![1]

ئەگەرچی من زۆر نێوانم لەگەڵ تۆپانێدا نییە و زۆریش لە یاساکانی نازانم، بەڵام ئەم جامی جیهانییەی ئەمساڵ کەمێك خەریکی کردووم. هەڵبەت کەناڵەکانی راگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە گرنگییەکی تەواوی پێدەدەن، هەربۆیە بتەوێت یان نا! ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر تووشی دەبیت!.

دوێنێ ئێوارە کە بەڕێوەبووم بۆ ماڵەوە لە رادیۆکەدا گوێم لێبوو: تیمی پورتوگال لە کۆریای باکووری بردووەتەوە و ئەنجامەکەشی حەوت گۆڵ بە هیچ! چەند کەناڵێکی تریش گەڕام، ئەوانیش هەمان بابەتی گرنگیان بڵاودەکردەوە و تیمی کۆریای باکوور ببووە مەزە! هەر پێشکەشکارێك بەئارەزووی خۆی تانەی لەو تیمە و ژمارەی زۆری گۆڵەکانی پورتوگال دەدا!.. کەس نەبوو خۆزگە بە تیمی کۆریای باکوور بخوازێت و هەندیکیش بە سکانداڵیان دادەنا کە تیمێك لە جامی جیهانیدا حەوت گۆڵی لێبکرێت..

هەڵبەت هیچ تیمێك لەخۆرا ناچێتە ناو ئەو پێشبڕکێیەوە، کاشکی ئەوە تیمی هەڵبژاردەی کوردستان بووایە و بچوایەتە ئەو پێشبڕکێیەوە، ئیدی نەك حەوت گۆڵ با چواردەشمان لێبکرایە!..

کاتی خۆی تیمی هەڵبژاردەی ئێراق لە کێبڕکێیەکی ئاسیایی یان عەرەبیدا خراپ دۆراندبووی، ئەندامانی تیمەکە کە گەڕابوونەوە لەلایەن عودەیی کوڕی سەددامەوە سزادرابوون و سەریان پاك تاشرابوو و ماوەیەکیش بەندکرابوون!، ئەم سزادانە تەنانەت راهێنەری تیپەکەشی گرتبووەوە.. لەوەوە وەرزش و ئەستێرەکانی تۆپانێ لە ئێراقدا کەوتبوونە دڵەڕاوکێیەکی گەورەوە و لەو کاتەوە پێموابێت هیچ سەرکەوتنێکیان وەدەستنەهێنا..

---

1 ئەم وتارەم نارد بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی یان نەکردنەوەی ئاگادار نیم.

تیمەکەی کۆریای باکووری هەژاریش، لەوەی ئێراق خۆشبەختتر نییە! چونکە رژێمی کۆریای باکوور لەزۆر لایەنەوە هاوشێوەی هەمان رژێمی بەعسە، بۆیە پێشبینی دەکەم کە پاش گەڕانەوەی یاریزانەکان و ئەندامانی تیمی کۆریای باکوور بەرەوڕووی سزایەکی سەخت ببنەوە لەلایەن رژێمی کۆمۆنیزمەوە.. هۆیەکەشی هەمان ئەو هۆیەیە کە کاتی خۆی عودەی سەری یاریزانەکانی ئێراقی پێتاشی، ئەوان دەبووایە یارییەکەیان ببردایەتەوە بۆئەوەی رژێمی بەعس بیباتەوە نەك ئێراق، تیمەکەی کۆریاش نەدەبوو بەو جۆرە بدۆڕێن، چونکە ئەوان پێیان وایە کە کۆمۆنیزم لە کۆریای باکوور دۆڕاندوویەتی نەك خودی کۆریای باکوور!.

ئەم جامی جیهانەی ئەمساڵ جیاوازیی زۆرە لەگەڵ ئەوانی تردا، خۆشبەختانە هەندێك تیمی وڵاتانی تری وەك کەناری ئیفۆر و کامیرۆن و کۆریای باکوور و هەندێکی تر.. کەم یان زۆر بوونی خۆیانیان سەلماندووە و دەبێتە بەرایی ئەوەی کە جامەکە لە پاشەڕۆژدا هەر لای براوە کلاسیکییەکانی تۆپانێی جیهان نەمێنێتەوە.. ئەم پێشبڕکێیەی ئەمساڵ ئەوەی سەلماند کە نەتەوەی تر و تیمی تریش شایەنی ئەوەن کە بچنە ئەو پێشبڕکێیەوە و هێشتاش زۆری ماوە، کێ دەڵێت ئەوەی ئەمڕۆ بە کۆریای باشوور دەگووترێت سبەینێ بە ماسییە گەورەکانی وەك بەرازیل و ئەڵمانیا و ئەوانی تر ناگووترێت..

پاش بینینی هەندێك گرتەی دووبارەی یارییەکەی پورتوگال و کۆریای باکوور، زۆر ئاماژەی ترس و تۆقاندن و سزادانی رژێمی کۆریای باکوورم لە دەموچاوی ئەو یاریزانانەی کۆریام خوێندەوە، هیوای سەلامەتی بۆ ئەندامانی تیپی کۆریای باکوور دەخوازم و دەڵێم: تۆپانێ بووەتە یارییەکی جیهانی و بردنەوە و دۆڕانی هەر تیمێك نابێت بخرێتە بری بردنەوە و دۆڕانی بەعس و کۆمۆنیزم یان هەر ئایدۆلۆجیایەکی دی..

لاهای – هۆڵندا
2010-06-22

# پژاك و داگیرکەری ئێران و هەرێم[1]

**پرسیاری میدیا: ئەو ئاگادارکردنەوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، مۆڵەتدانی 10 رۆژی حکومەتی کوردستان بۆ دەرکردنی پژاك لە باشووری کوردستان و داواکردنی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هاوکاری کردن دژ بە پەکەکە، بۆنی شەڕی کورد کوژی لێنایەت؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: حکومەتی هەرێم، هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە لەژێر فشارێکی زۆری هەردوو داگیرکەری فارس و تورکدا بووە، ئەمانە هەردەم ئەم هەرێمە بچووکە لە ئەجێندای تایبەتییاندا بووە، بەجۆرێك ئەگەر فشارەکانی ئەم دووانە نەبووایە، ئێستا ئەوەی کەپێی دەگووترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووتر و سەقامگیرتر و بەرفراوانتریش دەبوو.. لەبەرئەوەی تەنانەت پرسی گەڕاندنەوەی ناوچە داپڕاوەکانیش پەیوەندیی بە فشاری ئەم دوو داگیرکەرەوە هەیە!.

فشارەکانی ئەم دوو داگیرکەرە گەلێك جۆرن، کە هەندێکیان بەهۆی بێسەروبەریی خودی سیاسەتی باشووری کوردستانەوەیە، لەوانە فشاری ئابووری کە زۆرجار بووەتە فشارێکی کوشندە بۆ باشووری کوردستان، ئەویش بەهۆی نەبوونی پلانێکی کشتوکاڵی و پیشەسازی و سیاسەتێکی روونی هێنانەناوەوەی شمەکەوەیە بۆ باشووری کوردستان..

هەموو ئەو فشارانە وادەکات کە ئەو دوو داگیرکەرە لە هەڵوێستی سەرووتردا بن و داواکاریی خۆیان ببێت. ساڵی 1992 کاتێك تورکەکان فشارەکانی خۆیانیان بەکارهێنا، هەردوو هێزی پارتی و یەکێتی شانبەشانی تورکەکان هێرشیان کردە سەر پەکەکە! پاشتریش هەر بەهۆی ئەم فشارانەوە پارتی یارمەتیی تورکەکانیدا بۆ هێرشکردنەسەر هەردوو یەکێتی و پەکەکە..

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 441– لاپەڕە 6 – 29-06-2010 – کوردستان – هەولێر.

فشارەکانی داگیرکەری فارس بەهۆی شەڕی ناوخۆوە وای لە یەکێتی کرد بەوە رازی بێت کە پاسدار بێتە کۆیە و هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانی خۆرهەڵات.. هەڵبەت نموونەی تری فشار و داواکاریی ئەو داگیرکەرە گەلێك زۆرن، بەڵام دەکرێت ئەوانە هەرە دیارەکانیان بێت..

ئێستاش هەمان فشاری هەردوو داگیرکەر هەر ماون، ئەوان چەندێك دژی پێشمەرگەکانی پەکەکە و پژاکن، هەزار ئەوەندەش دژی ئەو هەرێمۆکەیەی ئێمەن..

هەڵبەت ئەو بارودۆخەی کە ئێستای کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوینی تێدایە زۆر لەو سەردەمانە جوداترە کە هەردوو پارتی و یەکێتی هێرشیان بۆسەر پەکەکە دەکرد! هەربۆیە دەکرێت فشاری ئەو دوو داگیرکەرە بەهەمان فشاری پەژاك و پەکەکە وەڵام بدرێتەوە.. دەبێت جارێکی دیکە ئەو رووداوە ناخۆشانەی رابردوو روونەدەنەوە کە من پێموایە خودی پارتیش و یەکێتیش پێیان خۆش نییە تەنانەت هەر باسیش بکرێت!..

ئێستا چ پارتی و چ یەکێتی لە زۆر لاوە لەگەڵ ئەو رۆژانەی کە ئەو رووداوە باسکراوانەی تێدا روویدا، لەپێشترن، ئەگەرچی وەك پێویست نییە! بەڵام ئەمە وادەکات کە رووداوێکی لەو چەشنانە تاڕادەیەك روونەدەنەوە، چونکە ئەوان زۆرباش دەزانن لاوازبوونی پژاك و پەکەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان لاوازبوونی ئەمانیشە، ئەگەرچی بوونی ئەوان لە باشووردا فشارێکە بۆسەر هەرێم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کارتێکی زۆر باشە بۆ خودی هەرێم.. بەتایبەتی کە ئێستا داگیرکەری فارس لە زۆرلاوە گەمارۆی ئابووری و سیاسی دراوە و داگیرکەری تورکیش بەڕای زۆری چاودێران گەلێك دۆستی لەدەستداوە.. هەڵبەت ئەو بارودۆخە هێزکاری تەواوی دەبێت لەسەر جدییەتی ئەو فشارانە بەڵام دیارە نابێت هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێت، هەربۆیە دەبێت هەر فشارێکی ئەو دوو داگیرکەرە بە فشارێکی بەرامبەر وەڵام بدرێتەوە و شەڕی کوردکوژی بخەینە دواهەمین گریمانە ناخۆشەکانەوە، چونکە پەکەکە و پژاك بە پارتی و یەکێتی لە قەندیل دەرناکرێن!..

لاهای – هۆڵندا

2010-06-25

# کورد و مادەی 140 و دادگای باڵای ئێراق![1]

**سەبارەت بە هەڕەشەکانی د.فوئاد مەعسوم ،ئەگەر هاتوو لایەنە ئیراقییەکان ماددەی 140 جێبەجێ نەکەن ئەوا کورد پەنا دەباتە بەر دادگای باڵای ئیراق ، بە رای ئێوە هیچ بوارێك ماوە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو مادەیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دەستووری ئێراق ماوەیەکی کاتیی دیاریکراوی داناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادەیە و ئەوەش لە کەسمان شاردراوە نییە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ئەوکات نەماندەزانی ئەوەیە کە عەرەبەکان زۆر لە دەستوورنووسانی ئێمە شارەزاتربوون لە داڕشتنی ئەو مادەیەدا، شارەزاییەکەشیان لەوەدابوو کە پەیوەستیان کرد بە ماوەیەکی کاتییەوە، چونکە دەیانزانی کە هیچ لایەنێك ناپەرژێتە سەر مادەی 140 و هەربەهۆی فڕوفێڵی کاتەوە پووچەڵی دەکەنەوە!.

بەڵام دەربارەی هەڕەشەکانی کاك فوئاد دەڵێم زۆر درەنگە و دەبووایە زووتر ئەوەمان بکردایە نەك ئێستا، خۆ ئەوکاتیش دادگای باڵا هەبوو و ناوچەداپڕاوەکانیش هەر لەژێردەستی واندابوون!، ئەگەرچی ئەوکاتیش من گوومانم لە پەنابردنە بەر دادگای باڵای ئێراق هەبوو، چونکە پێکهاتەی ئەو دادگایە هەر ئەو لایەنانەن کە پێشتر دژایەتیی جێبەجێکردنی مادەی 140یان کردووە، ئەگەرچی ناوچە داپڕاوەکان بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیە چارەسەر نایێت!

ئەوەی لە سیاسەتی کوردیدا زۆر بەزەقی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە کێشەکان لە کاتی خۆیدا گرنگیی پێنادرێت و دەدرێتە دەست قەدەر، هیچ کاتێك نەمبینیوە (کورد لە کاتی خۆیدا ئەوەی کە دەکرێت بیکات)، بیکات! هەربۆیە مادەی 140 و هەموو ئەو کێشانەی تریش بەهەڵواسراوی ماونەتەوە و کێشەی زۆری تریشیان لێکەوتووەتەوە... لێرەدا من ناچارم تێبینییەکی ترم دووبارە بکەمەوە کە پێشتریش لە شوێنی تر

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 442– لاپەڕە 6 – 2010-07-06 – کوردستان – هەولێر.

باسم کردووە، سەرانی کورد و سیاسەتمەدارانی لە دوای رووخانی ئێڕاقەوە هیچیان بۆ شارۆچکەی مەخمور بۆ نەکرا کە زۆرتر لە 90%ی کوردە و پێشتریش بە فەڕمی لەسەر پارێزگای هەولێر بووە، ئیدی دەبێت پاشەڕۆژی جەلەولا چۆن بێت کە دەیانەوێت بە مادەی 140ی بەسەرچوو بیخەنەوەسەر هەرێمی کوردستان!. ئێمە دەبووایە ئێستا کێشەکەمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لەسەر نیوەی شاری موسڵ بووایە و رووباری دیجلەمان بکردایەتە سنووری هەرێمی کوردستان!..

کوورتەی قسە: مادەی سەدوچل ئەگەرچی لەباری یاساییەوە بەسەرچووە، ئەگەر بەسەریش نەچووایە چارەسەری کێشەی ناوچەداپڕاوەکانی نەدەکرد! هەربۆیە من رام وایە کە سەرکردایەتیی کورد بگەڕێت بەدوای چارەسەرێکی تردا و چیدی نە خۆشیان و نە ئێمەش بەو مادەیە دەستخەڕۆ نەکەن...

سلێمانی – کوردستان
2010-07-03

# پێشوەچوونی ئاستی دیپلۆماسیی هەرێم[1]

**پرسیاری میدیا: سەردانەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ چەند ولاتێكی هەرێمی ئەوروپی، گوزارشتە لە گرنگیدان بە پارتی یان پێشوەچوونی ئاستی دیپلۆماسیەتی هەرێم؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: هاتووچۆی سەرۆكی هەرێم و لێپرسراوانی تری كورد بۆ دەرەوەی هەرێم و پێشوازیكردنی دیپلۆماتە بیيانييەكان لە كوردستاندا هەنگاوێكی گەلێك باشە بۆ دروستكردنی پەیوەندیی دیپلۆماسیی كورد و دەرەوە.. بەڵام ئەوەی هەر لە زووەوە جێی تێبینیی چاودێران بووە ئەوەیە كە هەرلایەك دەیەوێت ئەو پەیوەندییە بۆ لایەنەكەی خۆی دروست بكات نەك بە گشتی بۆ هەرێم، تەنانەت ئەمە لە بەغداش هەروایە!.. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە پارتیدا زەق بووەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەیە كە سەرۆكی هەرێم لە هەمان كاتیشدا سەرۆكی پارتییە و پێشتریش سەرۆكی حكومەت كەسی دووەمی پارتی بووە..

چوون و دانوستاندنی دیپلۆماسیی ئەو كەسایەتییانە لەگەڵ بێگانەدا بەناوی پارتییەوە، زیانی گەلێك زۆرە، چونكە لە بەهای دانوستاندنەكان كەم دەبێتەوە.. دەبێت هەریەك لەو سەردانانە بەناوی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بێت و ئەو وەفدانەش پێكهاتبێت لە تەواوی پێكهاتە سیاسییەكانی كوردستان..

دیارە ئاستی پێشوەچوونی دیپلۆماسیی هەرێم لەبەرچاوە بەبەراوورد لەگەڵا ساڵانی پێشوودا، كردنەوەی ئەو هەموو كونسوڵخانانەی دەوڵەتانی دراوسێ لە هەولێری پایتەختدا ئەو راستییە دەسەلمێنن، بەڵام لەلایەكی دیشەوە دەكرێت بگووترێت كە گرنگیدانێكیشە بە پارتی، ئەویش بەهۆی ئەوەی كە پارتی ساڵانێكی زۆرە حاكمی هەولێرە!.. لێ نابێت ئەو

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 443– لاپەڕە 6 – 13-07-2010 – كوردستان – هەولێر.

پەیوەندییانە لە پارتی و یەکێتیدا بچووك بکرێنەوە و شەخسییەتی سیاسیی هەرێم بخرێتە پشت گوێ..

لە دوا گەشتی سەرۆکی هەرێم بۆ واشەنتۆن و بینینی ئۆباما، رۆژنامە ئەوروپییەکان وێنەیەکی زۆر تایبەتیی ئەو گەشتەیان بڵاوکردەوە کە ئیدی نابێت ئەوە دووبارە ببێتەوە، ئەویش سەرۆك بارزانی دەیویست تەوقە لەگەلأ ئۆباما بکات و لە ناو دەرگای ژوورەکەدا نێچیرڤان بارزانی دەیویست بێتە ژوورەوە و پاش ئەویش مەسرور بارزانی لە ئامادەییدا بوو بۆ دیدار! ئەو وێنەیە زۆر شتی بە ئێمە گووت و تەنانەت بە پێی رای هەندێك لە چاودێرانی بێگانە نەك گەشتی دیپلۆماسیی کوردی نەبوو، بەڵکو دەشیانگووت تەنانەت پارتیش نەبووە؟!.

سلێمانی – کوردستان
2010-07-11

# پرس و را[1]

بەهۆی سـەفەرکردنی هاوڕێ باخەوان، ئەم هەفتەیە نەیتوانی گۆشـەکەی بنووسێت، بە داوای لێبووردنەوە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە هەفتەی داهاتوو گۆشـەی (پرس و را) ئاسـایی دەبێتەوە و نووسـەر وەڵامی پرسـیاری هەفتانەی میدیا دەداتەوە.

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 444– لاپەڕە 6 – 2010-07-20 – کوردسـتان – هەولێر.
بەداخەوە بەهۆی ئەو گەشـتەم بۆ کوردسـتان ئەم هەفتەیە گۆشـەکەی میدیام وەسـتا و کاك کاوە نادری سـەرنووسـەری میدیا پێی باش بوو کە ئەم ئاگادارییە لە شـوێنی گۆشـەکەدا بڵاوبکرێتەوە..

# پەراوێزخستنی کورد لە بەغدا[1]

**پرسیاری میدیا: ئەگەر کورد لە دامەزراندنی حکومەتی عیراقی پەراوێزخرا چ کارتێکی هەیە بەکاری بهێنێت یان هەڵوێستی چی بێ باشە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: کورد لە دامەزراندنی حکومەتەکانی پێشوودا زیرەکانە لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا نەچووە پێشەوە، هەربۆیە بەپێی رای زۆرێك لە چاودێران ئەمجارەیان کورد بەشێوەیەك لە شێوەکان لە دانوستاندنەکاندا سەنگێکی ئەوتۆی نییە لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا نازانێت کێ دۆستییەتی و کێش دوژمنی. تاوەکو ئێستاش سیاسەتمەدارانی کورد نایانەوێت باوەڕ بەوە بهێنن کە هیچ لایەکیان دۆستی کورد نین و ئەوان چەندێك دژی یەکدی بن و مزگەوتی یەکدی بتەقێننەوە، زۆرتر لەدژایەتیی کوردا کۆك و هاوبیرن.

گرنگترین خاڵی دانوستاندنەکانی کورد لەگەڵ عەرەبەکاندا گێرانەوەی پۆستی سەرۆککۆمارییە بۆ کوردا!، بەبێ ئەوەی ئەم پۆستە لە رابردوودا سوودێکی بووبێت بۆ کورد جگە لە زیان. هۆکاری ئەم داواکارییانەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ناڕێکوپێکیی خودی ماڵی کورد ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتە خراپەی کە پارتی و یەکێتی پیادەی دەکەن لە دابەشکردنی سامان و پۆستەکاندا، کە ئەویش سیاسەتی تەوافوقە. سەرانی کورد هەموو مافێکی کوردیان لە پۆستی بێنرخی سەرۆککۆماریدا بچووککردەوە و وایکرد کە هەموو ئەو مافانەی تر لە کاتی خۆیدا داوانەکرێن و بدرێنە دەست کات، هەربۆیە ئێستا زۆرینەیان بوونەتە ئەستەم و بەهۆی دووبارە بەهێزبوونەی حکومەتی ناوەندییەوە پێگە و داواکارییەکانی کورد بەتەواوەتی لاواز بووە.

ئەم پۆستی سەرۆککۆمارییەی کە بەرژەوەندییەکانی پارتی و یەکێتی سەپاندوویەتی، کارێکی وای کردووە کە بێگانەیەك لە

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 445– لاپەڕە 6 – 27-07-2010 – کوردستان – هەولێر.

دەرەوە تەماشای ئێراق دەکات و دەبینێت کە سەرۆککۆمار کوردە! یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا دەبێت کورد کێشەی چی بێت لە وڵاتێکدا کە سەرۆککۆمارەکەی کورد بێت!، نازانێت ئەو پۆستە لە کارەسات زۆرتر هیچی تری بۆ کورد تێدا نەبووە..

کورد تاکە کارتێکی لاوازی ماوە، ئەویش جێهێشتنی بەغدایە بەهەموو شێوەیەك، تەنانەت گەڕانەوەی کوردەکانی ناو سوپای داگیرکەری ئێراقیش بۆ کوردستان، کەی ئەوە روویدا، ئەوکات کورد دەتوانێت بۆ گەڕانەوەی و بەشداریکردن لە حکومەتی ئێراقدا هەندێك لەو مافانەی بچەسپێنێت کە خەڵکی کورد داوایدەکەن نەك سیاسییەکانی!

سەرانی کورد هەڵەی زۆریان کرد لە ساڵانی رابردوودا، ئەم پەراوێزخستنەی ئێستا سەرئەنجامی هەڵەکانی خۆیانە، بەڵام ئەوان هەرگیز باجی ئەو هەڵانە نادەن، باجەکەی تەنها بۆ من و تۆیە و ئەوانیش دەکەونە بەر سەرزەنشتی نەوەکانی داهاتوو، چونکە مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە و پارووی منداڵێکی کورد و بستێکی خاکی کوردستانی لە پۆستی سەرۆککۆماری لەلا گرنگترە...

خرۆنینگن - هۆڵندا
2010-07-25

# عەرەبی (کوردی نەزان)![1]

**پرسیاری میدیا: عەرەبێکی زۆر روویان لە کوردستان کردووە بۆ خانوو کڕین بە پارەیەکی خەیاڵی یاخۆد لە نرخی خۆی زیاتر، لێژنەی ئەمنیش لە کوردستان بە مەرج رێگایان پێداون، ئێوە بۆ ئەو مەسەلەیە چی دەڵێن؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دیارە مرۆڤ ئازادە لە هەر شوێنێك بیەوێت نیشتەجێ ببێت و بژی. ئەمە پرنسیپێکە تەنانەت جاڕی گەردوونیی مافیش مرۆڤیش ئاماژەی پێکردووە.

هەموو ئەو نەتەوانەی کە لەو وڵاتەی کە پێی دەڵێن ئێراق، چ بەپێی پرینسیپە مرۆییەکان و چ بەپێی ئەوەشی کە پێی دەڵێن دەستووری ئێراق! مافی ئەوەیان هەیە کە لە زاخۆوە تاوەکو فاو نیشتەجێ ببن و زیندەگانی بکەن! بەڵام دیارە نابێت ئەم مافە بەشێوەیەکی خراپ بەکاربهێنرێت بۆ گۆڕینی زۆرتری باری دیمۆگرافیی کوردستان..

بە تێڕوانینیکی خێرای مێژووی جوگرافیای باشووری کوردستان زۆر بە ئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سنووری نەتەوەیی کورد و عەرەب هەمیشە بەرەو باکوور چووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە بیری عەرەبی، لە ژێر هەر ناوێکدا بووبێت بیرێکی شۆڤێنیزمی بووە و هەردەم بەو شێوەیە لە خاکی کوردی روانیوە کە بەشێکی نیشتمانە بەزۆر فراوانکراوەکەیەتی!.

من لە مانگی رابردوودا بۆ ماوەی سێ هەفتە لە کوردستان بووم، لە هەموو لایەکی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی عەرەبی زۆرم دەبینی، ئەوانە هەندێکیان بۆ کار هاتوون و هەندێکیشیان بۆ گەشتوگوزاری و ئەوانیتریشیان نیشتەجێی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 446– لاپەڕە 6 – 03-08-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی ئۆگەست.

ئەو شارانەن، بەپێی هەندێك ئاماری نافەڕمی کە بیستوومە لە شارێکی وەك هەولێردا نزیکەی 17%ی عەرەبە! سلێمانی کە جگە لە کورد و دوو گەڕەکی جوولەکە و فەلە هیچ بێگانەیەکی تێدا نەبووە! دەڵێن 13%ی عەرەبە! ئەم ئامارانە من نازانم تا چەند راستن، لێ ئەگەر نیوەشی راست بێت ئەوا خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر رەوشی باشوور و خراپتربوونی سەنگی سووکی کورد لە چوارچێوەی ئێراقدا.. بۆ نموونە ئەگەر کار واپڕوات وەك ئەو ئامارانە ئاماژەی بۆدەکەن، ئەوا پێت ئاسایی بێت کە ئەو عەرەبانە بەناوی هەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی تری کوردستانەوە خاوەنی کورسی بن لە پەڕلەمانی ئێراقدا!.. دیارە باسی فێربوونی زمانی کوردی و تێکەڵبوونیان بۆ کۆمەڵگەی کوردی هەرناکەم!..

کورد لە خوار سنووری حەمرینەوە لە هەر جێیەکی عەرەبنشیندا بوویێت، هەردەم تووشی کێشەی زۆر بووە، تەنانەت لەو شوێنانەشی کە لە خاکی خۆیدایە و ئێستا بەناوی ناوچە داپڕاوەکان ناوی رۆیشتووە، لە کولەمەرگیی تەواودایە! سەیرە عەرەب بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کوردا بکەن و ئێمەش لە کوردستان خانوویان پێبفرۆشین و لیژنە ئەمنییە کوردییەکانیش رێگای نیشتەجێبوونیان بدەن!..

ئەگەر ناوچە داپڕاوەکانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا یەکنەگرنەوە و سنووری باشووری کوردستان بەپێی یاسا و دەستووری ئێراقی دیارینەکرێت، ئەوا بوونی یان هاتنی هەر عەرەبێك لە هەر سێ شارەکەی باشووری کوردستان دەبێتە ترسێکی گەورە و دەبێت کاربەدەستانی هەرێم بەری تەواو بەم کۆچە پلان بۆڕێژراوەی عەرەب بگرن..

لە فەرهەنگی سیاسیی کوردیدا چەند ناوێك لە عەرەب نراوە! لەوانە عەرەبی هاوردە و عەرەبی رەسەن و عەرەبی دەهەزاری و زۆریتر... دەبێت ئەم جۆرە عەرەبە چ ناوێکی لێبنرێت! عەرەبێك کە بە زۆر نەهێنرابێتنە کوردستانەوە، یان ئەوانە نەبن کە پێیان دەڵێن رەسەن! باشترە ناویان بنرێت ئەو عەرەبانەی کە بەهۆی نەزانیی خودی کوردەوە لە کوردستاندا نیشتەجێ بوون، هەربۆیە پێشنیازی دەستەواژەی (عەرەبی کوردی نەزان) بۆ ئەوانە دەکەم کە دەکرێت دوو واتا بدات بەدەستەوە، یەکەم ئەوانە هەرگیز فێری کوردی نابن! دووەمیش

بەهۆی نەزانیی خودی کوردەوە لە کوردستاندا نیشتەجێ بوون!..

لاهای – هۆڵندا
2010-07-29

# گومرگی شۆڕش و نەوتی (نا)یاسایی![1]

**پرسیاری میدیا: تا چەند گرنگ بوو پێش ئەوەی سەرۆکی حکومەت بانگهێشتی بەغدا بکرێت لەسەر ئەو ناردنە دەرەوەی نەوت بە نایاسایی، پەڕلەمانی کوردستان کۆبونەوەیەکی نائاسایی ببەستێت لە پشووی ئاسایی خۆیدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلەیە!**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ئەو کاتەی پارتی و یەکێتی و ئەوانیتر لە شاخ بوون، هەر یەکەیان و لە چەند لایەکەوە چەندین بنکەی سنوورییان دانابوو بۆ وەرگرتنی سەرانە لە کاروانچییە کوردەکان! ئەو سەرانەیەیان ناونابوو گومرگی شۆڕش! پارەکەش بۆ ئەو کات کەم نەبوو، بەڵام چیی لێدەهات ئەوەش پرسیارێکە بۆخۆی! چونکە پێشمەرگەی هەژار بە نەسرییەیەکی کەم و یارمەتییەکی مانگانەی زۆر کەمەوە بۆ نموونە شەڕی بەرەیی قەیوان ماوەت و خواکوڕك و هی تری دەکرد!..

ئەقلییەتی بەکارهێنانی ئەو سنوورانە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا هەر یەك شتە و گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، سنوور دەستکەوتە! ئیدی چی دەچێتە ئەودیوەوە و بۆکێیە یان چی دێتە ئەمدیوەوە و کێی پێ نەخۆش دەکەوێت! هەرگیز کێشەیەکی گرنگ نەبووە بۆ دەستەڵاتی کوردی!.. جارجارە گڕوکفێك بۆ کێشەی تەندروستی کراوە، بەڵام هەرگیز نەتوانراوە کۆنترۆڵی تەواو بکرێت.

دەیان ساڵە عەرەبەکان نەوتی باشوور تاڵانفرۆش دەکەن و بە پارەکەی ئاگر و ئاسن دەکەن بەسەر کوردا، واتە نەوتی کورد ئیدی خاو بێت یان بەهەر جۆرێکی دی، ڕەوانەی دەرەوە کراوە...

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 447– لاپەڕە 6 – 2010-08-10 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی ئۆگەست.

بەڵام لەم دوادواییەدا کەبەشێکی کەمی کەوتووەتە دەست (کورد) خۆی، ئەوەیان لەسەرێکەوە جێی خۆشحاڵییە و ئەگەرچی ئەو خۆشحاڵییە لە زۆر رووی ترەوە بووەتە نیگەرانی!..

هەموو دنیا ئەمڕۆ داگیرکەری ئێران بە تیرۆریست و کێشەیەکی گەورە دەزانێت بۆ مرۆڤایەتی، وڵاتانێکی زۆر گەمارۆی ئابوورییان لەسەر داناوە، بەو پێیە دەبووایە کوردیش بەشداریی ئەم گەمارۆیەی بکردایە! بەتایبەتی کە ئەمریکیپەکان لایەنێکی گرنگی ململانێی نێوان داگیرکەری ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین و ئەو گەمارۆیەش بە ویست و پلانی ئەمریکییەکان بووە.. بەڵام گوێپێنەدانی دەستەڵاتی کوردی بۆ ئەم گەمارۆیە و پەیتا پەیتا ئاودیوکردنی نەوت بۆ دیوی داگیرکەری ئێران، خودی دەستەڵاتی کوردی تووشی کێشە و پرسیار دەکات لەگەڵ ئەمریکییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.. ئەمە جگە لەوەی ئایا ئەو سەرمایەیەی لە ئەنجامی بردنەدەرەوەی ئەو نەوتەدا چیی لێدێت و بۆ گیرفانی کێ دەچێت! ئەوەیان جێگەی باس و مشتومڕی زۆرە..

ئەم کێشەیە زۆر گەورەیە و دەستەڵاتی کوردی زۆر خەمساردە تێیدا، کاتێك کە سەرۆکی حکومەتیش بانگهێشی بەغدا کرا، ئەوەیان بە دڵنیاییەوە بڕیارێکی ئەمریکی بووە نەك داگیرکەری ئێراقی!.

ناردنە دەرەوەی نەوت بەو شێوەیەی کە لە باشووری کوردستاندا هەیە، بڕیار و بازرگانیی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستانە، پەڕلەمانی کوردستانیش بەگشتی هەمان بڕیار و بۆچوونی ئەو حیزبانەیە، هەربۆیە ئەوان چییان بوێت، پەڕلەمان دەیکات و لەم کێشەی نەوتەشدا چونکە پارتی و یەکێتی بە پێویستیان نەزانی پەڕلەمان کۆبوونەوەیەکی نایاسایی لە پشووی هاویندا ببەستێت! ئەوانیش خواخوایان بوو و هەر یەکەیان لەم گەرمای هاوینەدا بەدوای شوێنی فێنکدا دەگەڕێن تا بەردەوامی بە پشووەکەی خۆیان بدەن و چییش دەبێت با ببێت و مەسەلەیەك نییە!..

لاهای – هۆڵندا
2010-08-06

# دەربارەی لێکداپڕانی حیزبە کوردییەکان![1]

**پرسیاری میدیا: حیزبەکانی باشووری کوردستان کەوتوونەتە نێو قەیرانی لێکداپڕان و جیابوونەوە، حیزبی زەحمەتکێشان، یەکێتی نیشتمانی، یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبی شیوعیی کوردستان ... هتد، هۆکاری سەرەکی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: لێکداپڕان و جیابوونەوە لە ناو حیزبەکانی کوردستاندا بووەتە تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی، ئەگەرچی لەهەر شوێنێك و لە هەر حیزبێکدا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم داپڕان و جیابوونەوەیە هەبووە، بەڵام ئەوەی لە ناو حیزبە کوردستانییەکاندا روودەدات دیاردەیەکی زۆر تایبەتییە و دەبێت هەڵوێستەی زۆرتری لەسەر بکرێت..

گەلێك لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، زۆرینەی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانە هۆکاری ئەو لێکداپڕانانە دەگەڕێننەوە بۆ دەستی دەرەکی و دوژمنانی کورد! لێ من ئەگەرچی ئەم هۆکارە بە گرنگ دەزانم، بەڵام پێم وانییە کە ئەمە گرنگترین هۆیەکانی ئەو لێکداپڕانانە بن!

تەواوی حیزبەکانی کوردستان بە چەپەکانیشەوە لەسەر بناغەی هۆز و بنەماڵە دروستبوون، هەرچی دووبەرەکی و لێکداپڕانەکانی ناو هۆز و بنەماڵەکانی کوردستانە گوێزراوەتەوە بۆ ناو حیزبەکانی کوردستان، هەربۆیە کە دەبینیت هۆزی جاف وەك یەکێك لە گەورەترین هۆزەکانی کورد دووبەرەکی و لێکداپڕان وایی لێکردووە، لەباتی بەشێك ببێتە دەیان یاخود سەدان بەش کە لە شێوەی خێڵدا خۆیی بینیوەتەوە، مێژووی ئەم خێڵانەش لەگەڵ یەکدا هەر بریتی بووە لە شەڕە تێڵا و خەرمان سووتاندن و ئەسپ دزین و زۆر کاری نابەجێی تر کە هیچ یەکێکمان بەگێڕانەوەی شانازیی پێوە ناکەین!.. هەر ئەو هۆیەشە کە وای لە حیزبێکی وەك حیزبی دێموکراتی

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 448– لاپەڕە 6 – 17-08-2010 – کوردستان – هەولێر.

کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران کردووە کە وەك هۆزی جاف کەرت کەرت ببێت و ببێت بە چەند بەشێکەوە، هەموو ئەو بەشانەی حیزبەکەش نموونەیەکن لە شێوەی خێڵی جافدا و تاسەر ئێسکیش دووژمنی بەشەکەی ترن، لێکداپڕانەکانی ناو حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆرن کە من ئێستا نازانم کێ باڵی کێیە و کێش سەربە کێیە!.

هۆکاری ئەم لێکداپڕانانەی هۆز و بنەماڵەکانی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (کورد) وەك نەتەوە هێشتا هەنگامی دروستبوونی نەتەوایەتیی تەواو نەکردووە، هۆزەکانی کورد هەموویان هێشتا لە بۆتەی ئەو ڕەگەزەدا بەتەواوەتی نەتواونەتەوە کە پێی دەگووترێت کورد! هەربۆیە هەر هۆزێکی کورد بگریت بەرژەوەندیی هۆزایەتی هەزار هێندە پێش بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی کورد خستووەتەوە، گرنگ ئەوەیە هۆزەکەیی و هێزەکەیی و دەستەڵاتی سەر هۆزەکەی پارێزرا و بووبێت! ئیدی چ زیانێکی بۆ خودی کورد دەبێت ئەوە کێشەی هۆزەکان نەبووە! چونکە هێشتا بیرکردنەوەی هۆزایەتیی نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە هەر زیانێك بۆسەر کورد بە هەر جۆرێك بێت دەبێتە زیانیش بۆسەر هۆزەکەی..

ئەم بیرکردنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆریی ئەو ڕەگەزانەی کە لە مێژووی کۆندا لە کوردستاندا ژیاون و ژمارەی ئەو کۆچە زۆرانەی کە بۆی کراوە و هەموویان پێکەوە ئەو تێکەڵەیەیان پێکهێناوە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن کورد و هەریەکە لەمانە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ عەقڵییەتی ئەو ڕەگەزە کۆنانەی کەم تا زۆر پاراستووە، هەربۆیە کورد هەرگیز یەکڕیز نەبووە و ئەم نایەکڕیزییەش بووەتە گرنگترین هۆیەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی..

هەرچی ئەو لێکداپڕانانەی بۆ نموونە ناو حیزبەکانی وەك زەحمەتکێشان و یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و ئەوانی تریش هەیە، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیر و میکانیزمەی کە هۆزەکانی کورد بە درێژایی مێژوو خۆیانیان پێوە بەڕێوەبردووە و کەمێکی کەم نەبێت هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە..

بێرن – سویسرا

2010-08-13

# سوودی ئاماری ئەمجارە و پێویستە چی بکرێت؟![1]

**پرسیاری میدیا: لە مانگی داهاتوو ، حکومەتی عێراقی بە نیازە ئامارێکی سەرتاسەری عێراق و باشووری کوردستان بکات، بۆ کورد ئەو ئامارە چەندە بە کەڵکە و چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی بە قازانجی کورد بشکێتەوە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: ساڵانێکی زۆرە کە هیچ ئامارێکی تەواوەتی نە لە ئێراق و نە لە باشووری کوردستاندا ئەنجام نەدراوە، هەموو ئەو ئامارانەشی بڵاوکراونەتەوە، لەسەر بنچینەی خەمڵاندن بووە، چونکە سیستمی تۆمار و ئاماری ئێراق و باشووری کوردستان هێندە پێشکەوتوو نییە کە بزانرێت کێ ماوە و کێ مردووە!.

ئەم کەم و کورتییەی ئامار هێزکارێکی خراپیشی کردووەتە سەر سەرئەنجامی هەموو هەڵبژاردنەکان، هەربۆیە نەتەوە ناعەرەبەکان بەگشتی و بەتایبەتی کورد زیانێکی زۆریان لەو رووەوە کردووە..

سەرژمێریی سەرتاسەری لە ئێراق و باشووری کوردستاندا سوودیکی زۆری هەیە، لەوانە:

- دەکرێت بەهۆیەوە کورد سەنگ و پایەی خۆی بزانێت لە چوارچێوەی سیاسیی ئێراقدا و هۆیەکیشە بۆ (چارەسەر)کردنی پرسی ناوچە داپڕاوەکان و فراوانکردنی سنووری هەرێمی کوردستان.
- چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و چەسپاندنی رێژەی کورد تێیدا لەسەر رۆشنایی ژمارەی کورد و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا.

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 449– لاپەڕە 6 – 2010-08-24 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی ئۆگەست.

- چەسپاندنی ڕێژەی کورسییەکانی پەڕلەمانی ئێراق لەسەر بنچینەی ژمارەی دانیشتووان.
- چەسپاندنی ڕێژەی پڕۆژە ستراتیژییەکانی ئێراق کە پەیوەندییان بە ئاسایشی ئێراقەوە هەیە لە کوردستاندا، بۆ نموونە دروستکردنی بەنداوی نوێ لەسەر رووبارەکانی کوردستان ئەگەرچی لە کوردستاندایە بەڵام دەبێتە پڕۆژەیەکی سەرتاسەری بۆ تەواوی ئێراق..
- چەسپاندنی ڕێژەی ئەفسەرانی سوپا و فەرمانبەرانی وەزارەتەکانی بەغدا و نوێنەرە دیپلۆماسییەکانی دەرەوەی ئێراق بۆ کورد.
- گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان بەغدا بەرهەمهێنتر دەبێت، لەبەرئەوەی ئەوکات لەسەر ئامار و ڕێژەی دیار گفتوکۆ دەکرێت، ئەمە ئەگەر ئامارەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبچێت و فرتوفێڵی تێدا نەکرێت..
- رووهەڵماڵینی درۆ و دەلەسەی تورکمانە رەگەزپەرستەکانی سەربە داگیرکەری تورك، بەوەی دەڵێن ژمارەی تورکمان نزیکەی چوار ملیۆنە! و زۆرێك لە ناوچە داپڕاوەکان بە ناوچەی تورکمانی دادەنێن نەك کوردستانی..

دیارە دەکرێت زۆر سوودی تریشی هەبێت، بەڵام دەبێت کورد بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە بدات کە پرۆسەی سەرژمێرییەکە بەشێوەیەکی پاك و ترانسپەرانتانە بەڕێوەبچێت و ئاگاداری هەموو فڕوفێڵێکی عەرەب و تورکمانەکانی ناوچە داپڕاوەکان بین.. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی بۆ تەنها جارێك لەو ناوچانەدا شەڕە گورز و بەرژەوەندیی خۆیان بخەنە لاوە و ئاگادار و چاودێریی پرۆسەکە بکەن و زۆریش گرنگە تا کاتی رۆژی ئامارەکە هەموو یارمەتییەکی لۆجیستی پێشکەشی ئەو کوردانە بکەن تاوەکو لە ناوچە رەسەنەکانی خۆیاندا ئامادەبن و ناویان لەو شوێنانەدا تۆمار بکرێت..

لاهای - هۆڵندا
2010-08-20

# هونەر لە ئایین جوودابکەنەوە![1]

ڕەمەزان، بەزۆر بێت یان بەخواهیش، هەزار ساڵێك زۆرترە تێکەڵی کلتووری ئێمە بووە. لەو مانگەدا زۆر شتی سەیر و سەمەرە ڕوودەدات! باسی بازاڕ و دەستبڕینی برای موسوڵمانی کورد بۆ برای موسوڵمانی تری ناکەم لە دوکان و بازاڕەکاندا! چونکە زۆری لەسەر گووتراوە..

ساڵانێکی زۆرە بەهۆی بوونی ئەو هەموو حیزب و کۆمەڵە ئیسلامییانەوە، کێشەیەکی گەورەمان بۆ ئافرێندراوە، ئەویش تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەتە! لێ ماوەیەکە هونەریشی چووەتە پاڵ و هونەر و ئایین خەریکە باش تێکەڵ دەبن!.

من تاوەکو ئێستا، ئەگەرچی لە کۆلکە مەلایەك زۆرتر شارەزاییم لە ئیسلام هەیە، کەچی بۆم روون نەبووەتەوە کە هەڵوێستی ئایینی ئیسلام لە هونەر چییە! چون هەریەك لەو ڕێباز و ئاڕاستانەی ئیسلام شتێك دەربارەی دەڵێت! بەڵام دڵنیام لەوەی کە کاتی خۆی عەرەبەکان هەرچی پەیکەری خوداوەندەکانیان هەبوو لە کەعبەدا رووخاندیان، بەمەش زیانێکی زۆریان لە هونەری پەیکەرتاشیی عەرەبیدا!.. بەڕادەیەك ئەگەر ئەوە رووینەدایە لەوانەبوو ئێستا مێژووی پەیکەرتاشیی عەرەبی پێشبڕکێی یۆنانی کۆنی بکردایە!..

ئەوەی من تێبینییم کردووە لەم دوو ساڵەی دواییدا جگەلەوەی کۆمەڵێك زنجیرە درامای کوردی بۆ ئەو مانگە ئامادەکراوە، گۆرانیبێژانیش لەم مانگەدا کۆمەڵێك کاری ئایینیی زۆریان ئامادەکردووە!. ئەمەش لاساییەکی ماڵوێرانکەرەی هونەری عەرەبییە و هیچی تر!.

گۆرانیبێژ هەیە تەنانەت سوورەتی ئەلفاتیحای لەبەر نییە! کەچی بۆ کلیپی گۆرانییە ئیسلامییەکەی ردێنێکی قەڵەمیی بەرداوەتەوە و حەیئەڵڵایەتی!.. هەیانە پێشتر تا کچی نیوەڕووتی ورووژێنەری ئەوروپی وەستا بێت لە کلیپەکانیدا

---

1 ڕۆژنامەی ڕووداو – ژمارە 128 – ڕۆژی 30-08-2010 – کوردستان – هەولێر
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی ئۆگەست.

نەبینراوە، کەچی ئێستا مزگەوتەکانی جەلیل خەیات و مزگەوتی گەورە بوونەتە باکگراوندی کلیپە ئیسلامییەکەی! لە هەمووی عەنتیکەتر گەورە گۆرانیبێژی شۆڕشگێڕی کورد لە یەکەم ئەلبوومیدا هاواری مارکس و لینین و پرۆلیتاری کوردی بوو! کەچی ئێستا ئێوارانی رەمەزان بە دەنگە بەسۆزەکەی بانگ دەدات!..

نازانم ئایا لە پشت سەیتەرەی هەولێر ئێوارانی رەمەزان بەزمی مەیخواردنەوە رێی پێدرابێت، بەڵام دڵنیام هەندێك لەو گۆرانیبێژانەی سلێمانی کە ردێنیان بۆ کلیپە ئایینییەکەیان هێشتووەتەوە بە ئاسانی پاش بانگی ئێوارە لەو بەزمی خواردنەوە و گۆشت برژاندنانەی چەقچەق و دەباشانی سلێمانی دەبینرێن!...

پرسیاری من ئەوەیە کە ئێوە پەیرەوی ئەو ئایینە نین، ئیدی ئەو کلیپە ئیسلامییانەتان لە چییە... نە سووکایەتی بە هونەرەکەشتان بکەن و نە ئێوەش وەك بازاڕەکانی رەمەزان دەستی برای موسوڵمانتان بەو درۆیانە ببڕن!.. تکایە هونەریش وەك سیاسەتەکەمان بە ئایینەوە تێکەڵاو مەکەن.. هونەریش وەك سیاسەت وایە، گەر تێکەڵی ئایین بوو، شیرازەی تێکدەچێت!..

لاهای - هۆڵندا
2010-08-25

### ئەم بابەتە ئەم کۆمێنتانەی لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ لەسەر نووسرا:

**2010/09/01 ahmad**

Dengî serbexo

têbînyeket bilawnakrêtewe chonke sokayetî tîdaye û pêwîstî be bellgeye ..

supas

# دەربارەی گفتووگۆی پارتی کرێکاران و تورکی داگیرکەر![1]

**پرسیاری میدیا: چۆن دەڕوانیتە ئەو هەواڵانەی کە باس لە گفتوگۆی نێوان ئۆجەلان و حکومەتی داگیرکەری تورکیا دەکەن؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: خەباتی باکووری کوردستان بە زۆر هەنگاودا تێپەڕیوە، ماوەیەکی زۆر خەباتی پارتی کرێکاران بۆ جوودابوونەوە بوو لە دەوڵەتی داگیرکەری تورك، بەڵام ئەوە ساڵانێکە پارتی کرێکاران وازی لەو دروشمە هێناوە و (هەوڵدان بۆ ملپێدانی داگیرکەری تورك بۆسەر مێزی گفتووگۆ)ی کردووەتە یەکێك لە ستراتیژە بەهێزەکانی.. ئەگەرچی ئەم دروشمە لەوانەیە بە ئاشکرا لە ئەدەبیاتیاندا دەرنەکەوێت، بەڵام لە رەفتارەکانی پارتی کرێکاراندا بە روونی دیارە..

دیارە پەکەکە زۆر کاریشی بۆ ئەمە کردووە، ئەوانەی کە پێشتر پەکەکەیان پێ زۆڕەو بوو کەم نەبوون، بەڵام ئێستا زۆرینەی ئەوانە پەکەکەیان پێ رێکخراوێکی تاڕادەیەك میانڕەوە.. تەنانەت ئەوانەشی تاوەکو ئێستا بە (تیرۆریست)ی دەزانن، ژێربەژێر لە پەیوەندیدان!.. لەوانە ئەمریکییەکان.

من هەردەم دژی گفتوگۆ بووم، چونکە ئێمە مێژوویەکی خراپمان لە گفتوگۆدا هەیە، دەبینین پاش تەواوبوونی هەر گفتوگۆیەك ماڵوێرانییەکی گەورەی بەدواوە بووە!، نموونەش زۆرە و باسکردنیان تەنها درێژدادڕییە. بەڵام رەوشی باکوور پێدەچێت بە جۆرێکی تردا بشکێتەوە.. زۆربەمان ئەوەمان لەلا روونە کە پارتی کرێکاران هەزار ئەوەندە بە دیسپلین بێت، ئەوا ناتوانێت زلهێزێکی وەك داگیرکەری تورك پروخێنێت و بە پێچەوانەشەوە داگیرکەری تورك چەندی تر بەهێز و دڕندەتر بێت، نە دەتوانێت

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 450– لاپەڕە 6 – 2010-08-31 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی سێپتێمەری 2010.

پێشمەرگەکانی باکوور لەناو بەرێت وەك چەندین ساڵە هیوای بۆ دەخوازێت و بەڵێنی ئەوە بە خەڵکی تورك دەدات، نە دەشتوانێت ورەی گڕگرتووی خەڵکی باکوور بهێنێتە خوارەوە!.. لەبەرئەوە دانیشتن لەگەڵ یەکدیدا ئەگەرچی باشترین چارەسەر نییە! بەڵام دەکرێت بگووترێت چارەسەرێکی (باش)ە..

دیارە ئۆجەلان هێمایەکی گرنگی پارتی کرێکاران و خەباتی باکووری وڵاتە، هەربۆیە ئەگەر داگیرکەری تورك هەر هەنگاوێك لەو رووەوە بنێت، ئەوا لە ئوجەلانەوە دەستپێدەکات نەك لە قەندیلەوە، ئەویش لەبەر زۆر هۆ، کە گرنگترینیان ئەوەیە کە داگیرکەری تورك لەگەڵ ئوجەلان، هەڵوێستی بەهێزی هەیە بەو سیفەتەی کە ئۆجەلان زیندانیی ئەوە، دووەمینیشیان نهێنپۆشیی گفتوگۆکان و باسوخواستەکانێتی کە زۆر گرنگە بەلای داگیرکەری تورکەوە، چونکە ساڵانێکە پارتی کرێکاران لای تیرۆریستە و چەندینجار بەڵێنی لەناوبردنی بە گەلی تورك داوە و ئێستا لەسەر مێزی گفتوگۆدایە لەگەڵیدا!..

دیارە من ئەم گفتوگۆیە بە دوور نازانم و لە هەندێك سەرچاوەوە ئەوەشم بەرچاو کەوتووە کە خودی کارایلانی سەرۆکی ئێستای پەکەکە پشتڕاستی کردووە.. بەڵام پرسیار لەوەدایە کە ئایا داگیرکەری تورك لەم گفتوگۆیەدا، لایەنی بەرامبەر وەك پارتی کرێکاران تەماشا دەکات یان وەك ئۆجەلان و دواکەوتەکانی!. تاوەکو لەو قەیرانی پێناسەی تیرۆر و بەڵێنانەی بۆ گەلی تورك خۆی رزگار بکات!..

بەدووری نازانم کارێکی لەو جۆرە سیناریۆکەی باشووری ئافریکا و نێڵسن ماندێلا دووبارە بکاتەوە بەشێوە کوردییەکەی و ئوجەلانیش ئازاد بکرێت و پۆستی گرنگ لە حکومەتی تورکیدا وەربگرێت، هەروەك ئەوەی لە ماندێلا روویدا!..

ئەوەی زۆر گرنگە لەو گفتوگۆیانەدا کە بە تایبەتی لایەنی کوردی جەخت لەسەر بەشداربوونی چاودێرانی یەکێتیی ئەوروپا بکات، تاوەکو ئەو هەڵانەی لە کاتی گفتوگۆکانی باشووری کوردستاندا کرا، لە باکووریشدا دووبارە نەبێتەوە..

لاهای - هۆڵندا
2010-08-26

## ئەم بابەتە ئەم کۆمێنتانەی لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ لەسەر نووسرا:

**2010/09/03 sardar**

dengî serbexo

têbînyeket billawnakrêtewe... eger shitî taybetit heye le gell nûserî babeteke bo e-mailekey rewane bike ..

supas

**2010/09/05 sardar**

barez dangi sarbaxo,,,bo agar malafi kasek kashf bkait blawi nakanawa..am hawre baxwana agar jwan lei bkolnawa azanin ch ............ka br............ la zamani ba3s lagal chand kasek gira hamuyan i3dam kran balam har ...... ba wastai amozhni ka lagal amnakani slaimani dasti habu barala kra.................bo rastish bron biprsn bzanin waya yan na? esta am .............

..........barasti sharma bo hamu layak[1]

**2010/09/06 هاوڕێ باخەوان**

کاك سەردار سڵاو،

برا من نازانم بەڕێزتان چیرۆکی گیرانی منتان لە چ گیرفانێکتانەوە دەرهێناوە.. من خۆشبەختانە لە زەمانی بەعسدا بەهیچ شێوەیەك نەگیراوم تاوەکو بە گووتەی بەڕێزت ئامۆژنم یان خاڵۆژنم! واستەم بۆ بکات و بەڕەڵڵام بکات!..

کاکی خۆم: ئەگەر واش بێت (کە بەدڵنیاییەوە وانییە) دەبێت ئەم نووسینەی من چ پەیوەندییەکی بەو چیرۆکە دروستکراوەی تۆوە هەبێت.. هیوادارم پرسیار لە هاوڕێکانت! بکەیت تاوەکو زانیاریی راستت لەسەر من بدەنێ و ئاوا نەتخەنە ئەم چیرۆکە دروستکراوەوە..

سوپاس بۆ دەنگی سەربەخۆ کە تۆ و باکگراوندی تۆی بۆ دەرخستم بە پەخشکردنی ئەم پەیامەت..

---

1 تێبینی: ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ هەندێك وشە و دەستەواژەی ئەم کۆمێنتەی سڕیوەتەوە و لە شوێنیدا چەند خاڵێکی داناوە.

وێڕای ڕێز..

# دەربارەی پێگەی دیپلۆماسیی هەولێر![1]

**پرسیاری میدیا: هاتنی مالیکی و عەلاوی بایدن بۆ کوردستان چۆن لێک دەدەیتەوە؟ گرنگی پێگەی سیاسی کوردستان دەگەیەنێت یان سەردانی رۆتینین؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: سەردانی دیپلۆماسی، هەر لە سەردەمی ئەلفوبێی سیاسەت و پەیوەندییە سیاسییەکانەوە، رەگەزێکی گرنگی زانستی سیاسەت بووە. لە هیچ بارودۆخ و سەردەمێکدا ئەم رەگەزە گرنگیی خۆیی لەدەست نەداوە. بەڕادەیەك ئێستا ئەگەرچی زۆرینەی میر و پاشاکانی جیهان ئەو هێز و توانایەی جارانیان نەماوە و زۆرتر وەك دابونەریتی زۆرێك لە وڵاتان ماونەتەوە، کەچی سەردانی نێوان خێزانە شاهانەییەکان هەر گرنگیی خۆیی لەدەست نەداوە..

سەردانی دیپلۆماسی، هیچ کاتێك رۆتین نەبووە و نییە! لە پشت هەر سەردانێکەوە جۆرە داواکاری یان بەرژەوەندییەك هەیە، تەنانەت سەردانی تەشریفاتیش جۆرێکە لە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی، بەوەی کە توندوتۆڵیی پەیوەندییەکانی نێوان میوان و خانەخوێ، بەشێوەیەك لە شێوەکان پتەوتربوونی هەڵوێستە سیاسی و ئابوورییەکانی لایەنی سەردەر یان میوانە!. ئەگەر وا نەبووایە تەنانەت سەردانی تەشریفاتیش بوونی نەدەبوو..

لە مێژووی ئێمەدا گەلێك سەردان لە نێوان میر و سەرۆك هۆزەکاندا روویانداوە، کە هەر هەموویان پەیوەندیی بە پایەی سیاسی و بەرژەوەندیی لایەنی سەردەرەوە هەبووە.. تەنانەت قبوڵکردنی دەستەیەکی پێشمەرگە بۆ خوانێکی چەوری دەستەیەکی تر، تەنها لە بەرژەوەندییەوە بووە، لێ بەرژەوەندیی دەستەی یەکەم لەوانەیە پیشاندانی نیازپاکی بێت و

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 451– لاپەڕە 6 – 2010-09-07 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاورۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی سێپتێمەری 2010.

بەرژەوەندیی دەستەی دووەمیش گووللـەبارانکردنی دەستەی یەکەم بووە لە کاتی نانخواردندا!.. هەڵبەت ئەو سـەردانانە هەریەکە و بەجۆرێك لێکیدەداتەوە، بەڵام هەر هەموویان لە خولگەی بەرژەوەندیی و خۆچەسپاندن و دەسـتەڵاتی زۆرتردا دەسوورێنەوە..

باشووری کوردستان، بەتایبەتی شاری هەولێر، ماوەیەکە بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئێراقی بووەتە خانەخوێی چەندین میوانی عەرەبی ئێراق و ئەمریکی، هەڵبەت ئێمە تەنها ئەوانەمان بینیوە کە باس دەکرێن، دەشێت زۆری تریش هاتبێتن و لەبەرژەوەندیی هەولێر و سـەردەردا نەبووبێت کە باس بکرێن..

هەموو ئەو شاندانە بەمەبەستی بەرژەوەندیی خۆیان و داواکردنی سازشی کورد لە پێکهێنانی حکومەتی ئێراقدا هاتوون بۆ هەولێر، هیچیان نەهاتوون ئەوە بە هەولێر رابگەیەنن کە داواکارییەکانی کورد هەموو رەوان و هەمووشیان دەسەلمێنین، ئەگەر وابووایە ئەوا هیچ پێویستی بەو سـەردانانە نەدەکرد و هەریەك لە جێی خۆیەوە ئەوەی هەیبوو ئاشکرایدەکردا!..

شایانی باسە هەموو ئەو سەردانانە ئەوە دەردەخات کە بنکەی سیاسیی کورد لە ئێراقدا ئەگەرچی وەك پێویست نییە، بەڵام هێشتا کورد رەگەزێکی گرنگە بۆ بڕیاری سیاسی و پێکهێنانی حکومەت لە ئێراقدا، هەربۆیە دەبێت هەولێر دەرسێکی زۆر لە هەڵەکانی پێشووی لە پێکهێنانی حکومەتدا وەربگرێت و هەمان ئەو هەڵانە دووبارە نەکاتەوە، چونکە هەڵەی سیاسی، یان هەرگیر چاك نابێتەوە! یان ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردنی..

لاهای - هۆڵندا
2010-09-02

# دەربارەی ریفراندۆمەکەی دەستووری تورکیا[1]

**پرسیاری میدیا: سەرکەوتنی بەدەپە لە ریفراندۆمەکەی هەموارکردنی دەستووری تورکیا، لە شارەکانی باکووری کوردستان چۆن لێکدەیتەوەو چ ئەنجامێکی دەبێت لە لایەن حکومەتی تورکیا؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: لەم ساڵانەی دواییدا، تورکی داگیرکەر، لە هەمبەر رەوشی کورد لە باکووردا وەك جاران هەڵبژاردەی زۆری نەماوە.. ئەوان زۆرچاك دەزانن کە جارێکی دیکە ناتوانن بە ئاگر و ئاسن داواکارییەکانی کورد سەرکووت بکەن، هەروا چاکیش دەزانن ناتوانن ئەوانەی کاتی خۆی لە دەرسیم بۆ نموونە کردیان، جارێکی دی بیکەنەوە، ئەگەرچی ژیرێتیی تورکان لە هەموو کات و سەردەمێکدا نزیك بووە لەو قەتلوعامانەی کورد و ئەرمەنەوە!.. دیارە ناشیانەوێت جارێکی تر پاشاگەردانییەکی وەك شەڕەکانی زاب دووبارە ببێتەوە! هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر هەندێك چاوبەستی تر کە سەرتاپایان بە درۆی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شتی جوانی تر داپۆشراون و ناوەڕۆکیشیان هەر هەمان تورك و هەمان قەتلوعامەکانی جاری جارانە!. باوەڕناکەم ئەو چاکسازییانەی کە پارتی بەناو (داد و گەشەپێدان)ی تەیب ئۆردوگان ئاواتی بۆ دەخوازێت لە ناوەڕۆك و زۆر لایەنی ترییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چاکسازییەکانی هەمایۆن و خەتی شەریفی گوڵخانەی سەردەمی عوسمانییەکاندا هەبێت! چونکە خودی داد و گەشەپێدان و هاوبیرانیان هەمان بیرکردنەوەی عوسمانییە تۆرانییەکانیان هەیە و هەموو گەلانی ناتورکی ئیسلام وەك کۆیلەی دۆزەکەیان سەیردەکەن کە ئەویش زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و شکۆ لەناوچووەکەیانە بە شێوازێکی تر!.

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 452– لاپەڕە 6 – 2010-09-21 – کوردستان – هەولێر.

تورکی داگیرکەر لەم پرۆسەی ریفراندۆمەی دەستووردا، دوو هەڵبژاردەی دایە کورد، کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ یەکدیدا! هۆیەکەشی پەیوەندیی راستەوخۆی بە شێوازی بیرکردنەوەی خودی داگیرکەری تورکەوە هەیە بە گشتی. ئەگەر جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبێت لە نێوان تورکێکی ئیسلامی و عیلمانی یان چەپ بەرامبەر بە مافەکانی کورد لە باکووری کوردستاندا! ئیدی دەبێت چ جیاوازییەك هەبێت لە نێوان دەستووری تورکە ئیسلامییەکان و تورکە کەمالییەکاندا! هەربۆیە دەبووایە کورد بە هەموو شێوەیەك بیگووتایە نەخێر بۆ ئەو دەستوورە..

سەرئەنجامی ئەم ریفراندۆمە لە زۆر لاوە سوودی هەیە بۆسەر رەوشی کورد بەگشتی و رەوشی باکوور بەتایبەتی، یەکڕیزیی کورد و وەڵامی نەخێر و ئاڕاستەکردنی پارتە سیاسییەکانی باکوور بۆ ئەم پرۆسەیە زۆر دڵخۆشکەرەیە، هەروەها هۆشیاریی خەڵکی کورد بەرامبەر ئەم گەمەی دەستوورەش گرنگیی خۆیی هەیە. بەڵام لە هەمووی گرنگتر پیشاندانی گۆڕانی کەمێك هەڵوێستی تورکی داگیرکەرە بەم ریفراندۆمە، کە سەرئەنجامەکەشی وەکو ئەوە نەبوو کە خۆی هیوای بۆ دەخواست لە هەمووی گرنگترە و تورکی داگیرکەر ناچار دەبێت هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەتر لە باشترکردنی رەوشی کوردان بێتە پێشەوە و چیدی هەنگاوەکانی رووپۆشانە نەبن بۆ کوێرکردنی رای گشتیی ناوخۆیی و جیهانی.. هەربۆیە دەکرێت بگووترێت، ئەو ریفراندۆمە دەبێتە خاڵێکی گۆڕانکاریی گرنگ بۆ باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورك و سازاندنی تورکیش بەو راستینەیەی کە نە بە ئاگر و ئاسن و نە بە گەمەی سیاسی چیدی ناتوانێت رێ لە کوردان بگرێت بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی لە باکووری وڵاتدا..

لاهای - هۆڵندا
2010-09-17

# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی بۆچوون – شەنکار عەبدوڵڵا[1]

***حزبە بچوکەکان هەندێکیان مێژویەکی دورودرێژیان هەیە، بەڵام لەهەڵبژاردنی 7/25 بەحەوت حزبەوە ئەوکات توانییان کورسیەکی پەرلەمان بەدەست بهێنن، رای تۆ لەسەر ئەم حزبانە چیە؟ ئایا چ پێویستیەك هەیە بۆمانەوەیان؟**

وەڵام: لای من حیزبی گەورە و بچووك بوونی نییە، مێژووی سیاسی زۆر حیزب و بزووتنەوەی نوێی بەخۆیەوە بینیوە کە لە ماوەیەکی کوورتدا توانیویانە ژمارەیەکی باشی کورسیی پەڕلەمان وەدەست بهێنن. بەڵام لای من حیزب و حیزبۆکە هەیە! ئەوانە تەنها حیزبۆکەن و تەنها کۆمەڵێك دوکانی کەسابەتن و سەربە هەردوو زلهێزی پارتی و یەکێتین و هیچی تر!

پێویستیی مانەوەشیان دیارە بەلای خۆیانەوە پارە و دەستبەسنگەوە گرتنە بۆ هەردوو زلهێزەکەی کوردستان، بەڵام بەلای منەوە هیچ پێویستییەك لە مانەوەیاندا نابینم و پێویستە لە شوێنیان پارت و بزووتنەوەی تر دابمەزرێن کە لە پێناوی بەرژەوەندیی رابەران و لێپرسراوانیان سازش لەسەر بیروباوەڕەکانیان نەکەن!.

*** هەریەکە لەسۆسیالیست و زەحمەتکێشان و شیوعی بەردەوام لەژێر باڵی یەکێتی و پارتیدا بوون، ئەمە خۆبەستنەوە بەم دوو پارتەوە چ زیانێکی لەڕێگەو هەڵوێستیان داوە؟**

وەڵام: زیانەکە ئەوەیە کە خاوەنی بڕیاری خۆیان نین، هەر لایەنێکیش کە خاوەنی بڕیاری خۆی نەبوو و چاوەڕوانی یەکێ لە خۆی باڵاتری کرد، ئەوە دەبێتە بەکرێگیراو.. هەموویان بەلایەك،

---

1 **ئەم پرسیارانەم لە رێگای کاك شەنکار عەبدوڵڵاوە بۆ رۆژنامەی بۆچوون ئاراستەکرا لە 13-09-2010. من لە 17-09-2010دا وەڵامەکانم بۆی ناردەوە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ئاگادار نیم!.**

ئەو حیزبی شیوعییەی کە ناوتان هێناوە بەلایەك! ئەمانە ئەگەرچی (چەپ و عیلمانین)! دیارە لەناو دوو کەوانەدا! کەچی هەر بۆئەوەی کە بابای ئاغایان کە موحافیزکارە، لە ماڵپەڕ و رۆژنامەکەیانەوە مژدەی بینینی مانگ بڵاودەکەنەوە بۆ جەژنی رەمەزان و وەزیرەکەشیان! وەك وەزیری ئەوقاف بێت! بەناوی حکومەتەوە کات و رۆژەکانی جەژنی رەمەزان رادەگەیەنێت!.

*** ئەم حزبانە لەئێستادا خۆیان بەجیاواز لەیەکێتی و پارتی دەزانن تاچەند ئازادن لەبڕیارداندا؟**

وەڵام: من هیچ ئازادییەکیان تێدا نابینم، سەیری حیزبی زەحمەتکێشان بکەن! ئایا جیاوازیی ئەمان لەگەڵ یەکێتیدا چییە، ئاغا و نۆکەرایەتیی ئەم دوو حیزبە گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە دەنگۆی توانەوەی زەحمەتکێشانی باڵی قادر عەزیز هەیە لە یەکێتیدا، بێگومان خۆیان پێی دەڵێن یەکگرتن، بەڵام من بە توانەوەی دەزانم! هەروەك چۆن پاسۆك ساڵی 1992 لە پارتیدا توێنرایەوە.

*** ئەوەندەی ئاگادارن ئەم حزبانە بودجەیەکی زۆر وەردەگرن لەپارەی ئەم میللەتە، بەبۆچونی ئێوە هەندێك لەحزبەکان دوکانی سیاسی نین؟ یان دەوریان چیە لەسیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کوردستاندا؟**

وەڵام: من پێش بینینی ئەم پرسیارە، هەمان دەستەواژەی دوکانم بۆیان بەکارهێنا! ئەمانە ئەو پارەیەشی کە وەریدەگرن، جگەلەوەی سەرکردە و لێپرسراوەکانیان پێ سوودمەند دەبێت هیچی تر نییە! پاشاگەردانییەکە لەوەدا ئەگەر زلهێزەکانی سەرچاوەی بودجەی ئەم حیزبۆکانە وەك پێویست رۆڵیان لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستاندا نەبێت! ئیدی چاوەڕوانی چی لەو بازرگانانەی لوتکەی ئەو حیزبۆکانە دەکەن!

*** هەندێجار ئەم حزبانە ئینشیقاق دەکەن و دەبنە چەند لەتێکەوە هۆکاری ئەم ئینشیقاقانە چین؟**

وەڵام: من بێ دوودڵی هۆکاری ئەم لێکداپڕانانە دەگێڕمەوە بۆ دەستەڵات و پارە! هەر لایەنێك زانی کە پارەی حیزبی کەم بەردەکەوێت! دەکەوێتە هۆنینەوەی هەزار بەیتوباڵۆرە بۆ لایەکەی دی و ئیتر خۆی لەو حیزبە دادەبڕێت و سروشتی بارودۆخی سیاسی بەهۆی هەردوو پارتی و یەکێتیشەوە ئاسانکاری زۆر بۆ ئەم داپڕانانە دەکات، بۆ نموونە ئەگەر حیزبۆکەکە سەربە پارتی بێت، ئەوا لایەنە ئینشیقاقەکە دەچێتە لای یەکێتی و بەهۆیەوە دەستی لە مشتێك دۆلار گیر دەبێت و پێچەوانەکەشی لەو راسترە!.

*** ئایا ئەم حزبە بچوکانە تاچەند بەشدارن لەو گەندەڵییەی کەداموودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە؟**

وەڵام: گەندەڵی دینارێك و ملیارێك هەر ناوی گەندەڵییە، حسك و شیوعی و زەحمەتکێشان و ئیسلامییەکانیش، وەك پارتی و یەکێتی بەشداری ئەو گەندەڵییەی داموودەزگاکانی هەرێمن. دیارە هیچ یەکێك لە ئێمە تاوەکو ئێستا نەمانزانیوە نەمانبیستووە کە یەکێك لەو حیزبۆکانە بودجەی خۆی بۆ جەماوەر بخاتە روو و سەرچاوەی پارەکەشی ئاشکرا بکات، ئەدی ئەمە گەندەڵی نییە!.

*** هەندێجار گوێمان لێدەبێت کەهەندێ کەس سۆسیالیست دروست دەکەنەوە، بەرای تۆ ئەمە تاچەند گونجاوە؟ ئایا کارێکی وەها لەئێستادا زەحمەت نیە؟ ئایا سۆسیالیست ئەوەندە سەروەری هەبووە هەتا دروست بکرێتەوە؟**

وەڵام: ئەمە هەمان قەوانی دروستکردنەوەی پاسۆکە لەم ساڵانەی دواییدا. ئەگەر سۆسیالیست دروست بکرێتەوە یان نا! ئەوا بەڕای من هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، من دەمێکە گووتوومە ئەگەر شتێك بکرێت، دەبێت لە دەرەوەی بازنە و ئەقڵییەتی ئەو حیزبانە بکرێت کە تاوەکو ئێستا هەن و بوون. گۆڕان نموونەیەکی زۆر باشە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و من بەهۆیەوە پرسیارێك لە ئێوە دەکەم، ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان

گۆران و یەکێتیدا هەیە؟! ئەدی سەرکردەکانی گۆران هەمانی ئەوانەی یەکێتی نەبوون!

*** باسی چونە ناوەوەی سۆسیالیست و زەحمەتکێشان باڵی قادر عەزیز بۆ ناو یەکێتی دەکرێت، ئایا ئەمە تاچەندە پێویستە؟ یان تاچەند شتێکی وەها گونجاوە؟ کەبەدرێژای مێژوو ئەم دوو حزبە لەسەنگەری یەکێتی بوونە دژبە پارتی؟**

وەڵام: من دەربارەی ئەم پرسیارە زۆر بە کورتی لە پێشەوە کەمێکم لێی باسکرد، ئەوانە بچنە ناو یەکێتییەوە هەر یەکێتین و لە دەرەوەی یەکێتیش بن هەر یەکێتی! لەبەرئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم و هەڵبەت ئەو یەکگرتنانە هیچ پەیوەندییەکی بە پێویستییەکانی بارودۆخی رەوشی باشووری کوردستانەوە نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی سەرانی هەردوولا و بەس! پریاری تێدا دەدات.. زەحمەتکێشانی باڵی قادر عەزیز بە نموونە، بوونی چییە و نەبوونی چییە بۆ بەرەوپێشتخستنی بارودۆخی باشووری کوردستان، ئەو بوون و نەبوونەی هەروەك بوونێتی چ لە دەرەوەی یەکێتی و چ تواندنەوەی خۆیان لەناو یەکێتیدا..

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حزبە بچوکەکان بەکۆمەڵ بچنە پاڵ یەك بەتایبەتی ئەوانەی ئایدۆلۆژیایان لەیەکەوە نزیکە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانن کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکەن و دەنگەکانیان نەفەوتێت؟**

وەڵام: ئەوانە دەمێکە دەنگەکانیان فەوتاوە، من لەو پروایەدام بشچنە پاڵ یەك بە هەموویان کورسییەك ناهێنن، حیزبی شیوعی لە هەموویان کۆنترە، تەنانەت لە پارتی و یەکێتیش کەچی پێچکەی کورسییەکیشی نەهێنا! کێشەکە لە یەکگرتندا نییە، کێشەکە لە شێوازی کار و ناسەربەخۆییان و لەدەستدانی بنکەی جەماوەرییانە. کە جەماوەر نەبوو، ئیدی لەباتی سێ حیزب با هەزاریش یەکبگرن! باوەڕناکەم هیچی لێ پێکبێت.. ئەوانە پێش هەر هەنگاوێك دەبێت جەماوەریان ئاشت بکەنەوە و واز لە خۆژیاندن و کەسابەت بهێنن..

*** ئایا ئەم حزبانە تاچەند دەرفەتی مێژوویان لەدەستداوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەهێزەوە بێنە ساحەی سیاسی کوردستان؟**

وەڵام: دەرفەتەکە زۆر دوور و درێژ بوو، حیزبێت بە بیست ساڵی پاش راپەڕین و لەو کەشە ئازادی و لەو زەمینە لەبارەدا نەتوانێت هێزێکی ئەوتۆ لە ساحەی سیاسیی کوردستاندا پێکبهێنێت! ئیدی بە هەزار ساڵی دیش چیی وەهای بێناکرێت..

*** تێروانینت لەسەر حزبە ئیسلامیەکان چیە؟ ئەوان تاچەند گوتاری نەتەوەییان هەیە؟ چەندە توانیویانە خزمەت بەخەڵکی کوردستان بکەن؟**

وەڵام: ئەمانە خراپترینی حیزبۆکەکانی کوردستانن، مشتەی ناو هەمانەکەی باشووری کوردستانن.. بەهیچ جۆرێك وتاری نەتەوەییان نییە، ئەندامەکانیان زۆر خراپ پەروەردە دەکەن.. هەموو سەرکردەکانیان (بەبێ هیچ ریزپەڕێك) سیخوری داگیرکەرانی یان ئێران، یان تورکیا، یاخود عەرەبستانی سعودیەن!.. لە زیان زۆرتر هیچ خزمەتێکیان نەك بە خەڵکی کوردستان تەنانەت بە ئەندامان و هەوادارانی خۆشیان نەکردووە..

*** ئایا تاچەند گونجاوە هەرسێ حزبەکە یەك بگرن؟ یان ئەو جیاوازییانە لەنێوان ئەواندا هەیە لەنێوان ئیسلامیو بەناو عەلمانیەکانیش هەر ئەوەندە جیاوازی هەیە؟**

وەڵام: حیزبە ئیسلامییەکانیش، هەمان کێشەی ئەو بەناو سیکولارانەی تریان هەیە، ئەمانە کە یەك نیین، ئەویش بەرژەوەندیی ئاغاکانیان دیاریی دەکات! من یەکگرتنی ئەمانە بەدوورتر دەزانم وەك لە حیزبە (ئاسایی)ەکانی تر.. زۆرجار کێشەی نێوان ئێران و سعودیە و بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە ناو ئەم حیزبە ئیسلامییانەوە، چونکە ئەوان سەرچاوەی پارەکەیانن، دەبێت چاویان بەرەوژوور بێت بۆیان و چ داخوازییەکیان هەبێت بۆیان جێبەجێ بکەن..

*** ئایا هەریەکە لەکۆمەڵ و یەککگرتوو تاچەند ئۆپۆزسیۆنێکی جدین؟ ئایا ئەوەی دەیکەن لەپەنای گۆرانەوە نیە؟ یان خۆیان جورئەتی ئەوە دەکەن رەخنەی بابەتی بگرن لەحکومەت کەهەتا پێش هەڵبژاردنی 3/7 لەحکومەتدا وەزیر و وەزارەتیان هەبووە؟**

وەڵام: هیچ بڕیارێك و رەفتارێکی ئەمانە لە دەستی خۆیاندا نییە! ئەمانە من پێیان ناڵێم ئۆپۆزیسیۆن و پێشموایە گۆڕان زۆر بەخراپی بۆ مەرامی خراپی خۆیان و بەرژەوەندیی داگیرکەرانی فارس و تورك بەکاردەهێنن.. هەروەها هیچ جیاوازییەکی قوڵ لە نێوان ئەم کابینەیەی ئێستا و ئەوەی ئەوی رۆژێ نابینم کە ئەمان وەزیر و وەزارەتیان تێیدا هەبوو، ئەدی ئەوکات بۆچی ئۆپۆزیسیۆن نەبوون و ئێستا بۆچی بوونەتە ئۆپۆزیسیۆن! ئەگەر بە داخوازیی ئەو حکومەتانە نەبێت کە ئەمانە بەخێودەکات!.

*** تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە وەك هەندێ لەدەوڵەتانی دراوسێی عێراق، ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان دەسەڵات بگرێتە دەست؟ ئایا مەترسی گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حزبە ئیسلامیەکانەوە چیە؟**

وەڵام: ئەگەرچی خۆشبەختانە تاوەکو ئێستا نەگەییشتوونەتە ئەو ئاستە، بەڵام ئەگەر پارتی و یەکێتی ئاواهی خەمسارد بن لە گەشەکردنی ئیسلامییەکانی سەربە ئێران و تورکیا، هیچ دوور نییە کە زۆرتر گەشە بکەن و ئەنجوومەنی شارەوانی لەدوای ئەنجوومەنی شارەوانی و کورسی لە دوای کورسی زۆرتر بکەن و ئەوەندەی تر رەوشی کورد و دۆزەکەی بنەن بە قوڕدا.. جیاوازیی نێوان حیزبەکانی تر و ئیسلامییەکان ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێت دەستەڵات بگرنە دەست و تەنها خۆژێێنن، بەڵام ئەمان سەرباری خۆژێێنییشیان دەستەڵاتیشیان دەوێت و کاریشی بۆدەکەن، ئەمەیە مەترسییە گەورەکە!.

لاهای - هۆڵندا
2010-09-17

# ئەگەری دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردن لە ئێڕاقدا[1]

**پرسیاری میدیا: ئەگەر هەڵبژاردن لە عێراق دووبارەكرایەوە، بەڕای ئێوە سوود و زیانەكانی بۆخەڵكی باشووری كوردستان، چی دەبێت؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دووبارەكردنەوەی هەڵبژاردن لە ئێڕاقدا بەهۆی ئەوەی ئامارێكی رێكوپێك لە ئێڕاقدا پیادەنەكراوە، نابێتەهۆی ئەوەی كە گۆڕانكاری لە كورسییەكانی كورد لە بەغدا بكرێت، واتە چەندایەتی وەك خۆی دەمێنێتەوە لە رووی ژمارەوە، بەڵام دەكرێت چۆنایەتیی نوێنەرەكانی كورد لە بەغدا گۆڕانكاریی بەسەردا بێت، گۆڕانكارییەكەش لەوانەیە لە خراپەوە بۆ خراپتر یان لە باشەوە بۆ خراپ و بە پێچەوانەشەوە بێت، ئەگەرچی لەو ماوە كەمەدا باوەڕناكەم هیچ لایەنێكی كوردی گۆڕانكاریی زۆر لە هەڵبژێردراوەكانی خۆیدا بكات بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێڕاق..

نێنەرایەتیی كورد لە بەغدا تاوەكو ئێستا لەسەر ئاستی پێویست نەبووە، باوەڕیش ناكەم بەهۆی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانكارییەكی رەگوڕیشەیی بەسەردا بێت، ئەمەش زۆر هۆی هەیە كە گرنگترینیان بەلای منەوە سیانن:

یەكەم: پیشەی پەڕلەمانی و خەبات و كاری پەڕلەمانی لەناو كوردا زۆر نوێیە و زۆری تری دەوێت تاوەكو لایەنە نهێنی و گەمە پەڕلەمانییەكان فێردەبێت.

دووەم: كە بەلای منەوە زۆر گرنگە، نوێنەرایەتیی كورد لە بەغدا، بەرامبەرەكەی كە عەرەبەكانن بەگشتی، مێژوویەكی دوور و درێژیان لە خەباتی دیپلۆماسی و سەرچاوە و كاری پەڕلەمانتاریدا هەیە و بۆ نوێنەرایەتیی كورد ئاسان نییە كە بەرامبەر ئەو هەموو شارەزایی و فڕوفێڵی عەرەبەكان بوەستێتەوە..

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 453– لاپەڕە 6 – 28-09-2010 – كوردستان – هەولێر.

سێیەم: نوێنەرایەتیی کورد لە بەغدا وەك پێویست بەرەیەك نییە و هەرلایەك کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نوێنەرایەتییەکە نەتوانێت بە ئاسانی لە گەمە سیاسییەکان بگات و کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا چارەسەر بکات.

دیارە دەکرێت دووبارەکردنەوەی زیانیشی ببێت، کە گرنگترینیان مەترسیی تێکچوونی ماڵی کوردە بەهۆی شەڕە پەڕۆ و بانگەشەی ناڕەوای هەڵبژاردنەوە. هەموو باش لەیادمانە کە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بەتایبەتی لە سلێمانی و دەوروبەریدا خەریك بوو کارەساتی لێبکەوێتەوە، بە دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن، ئەم ترسەش دووبارە دەبێتەوە..

هەڵبەت نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە بیرکردنەوەی کورد لەو ماوە کەمەی نێوان هەڵبژاردنی پێشوو و ئەوەی داهاتوو ئەگەر بکرێت، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵبژاردن، واتە تەزویر و ساختەکاری، بانگەشەی ناڕەوا، پشوویەکی زۆر و زیانێکی زۆر بۆسەر ئابووریی کوردستان..

کوورتەی قسە دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن بۆ کورد، راکردنێکە لە شوێنی خۆیدا و هەنگاوێك بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە و هیچی تر...

لاهای - هۆڵندا
2010-09-24

# شەڕەوتاری شیوعییەکان و خوێندنەوە هەڵەکانیان[1]

ماوەیەکە شیوعییەکانی کوردستان کەوتوونەتە شەڕەوتار و تاوانبارکردنی یەکتری لەسەر ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ چەپی کوردستانی بەگشتی و شیوعییەکانی کورد بەتایبەتی تێیکەوتوون. شەڕەوتارەکان هەر بەتەنیا کادرەکانی ئەم توێژە سیاسییەی کوردستان نییە، بەڵکو ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی کوردستان و زۆرێك لە هێماکانی ئەو حیزبەشی گرتووەتەوە کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ریزەکانی حیزبی شیوعیی ئێراقیدا کاریان کردووە..

من وەك (نە شیوعی و نە چەپ)، کەم و زۆر خوێنەری ئەو شەڕەوتارانە بووم. دیارە تێبینیم زۆرە لەسەریان! چونکە کەمیان هەبووە بەلایەنی کەمەوە بتوانێت کەمە قەناعەتێك بە من بکات کە ئەوەی دەینووسێت بەتەواوەتی راستە و تەنها بۆ ئەوە نییە کە نەیارەکانی بەدرۆدا بخاتەوە، دیارە نەیارەکانیش لە ریزەکانی خودی شیوعی و چەپەکانن.. هەڵبەت زۆرێك لەو شیوعیيانە، لە هەڵگێڕانەوەی بارودۆخەکان و ئافراندنی بەوشێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، دەستێکی باڵایان هەیە و کورد بە گاڵتە نەیگووتووە: ئیدیعایەی شیوعییەکانە!.

شیوعییەکان کارێکی باش دەکەن کە مێژووی حیزبەکەیان بەوەی ئێراقیشەوە تانوپۆ دەکەن و هەوڵی دۆزینەوەی هۆکاری قەیرانەکەیان دەدەن، بەڵام زۆرینەی رەخنەکانیان رووکەشییە و زۆر بەکەمی دەچنە ناو ناوەڕۆکی کێشەکانییانەوە، کە پەیوەندییەکی زۆری بە مێژووی حیزبی شیوعیی ئێراقی و هەڵەکانی ئەو حیزبەوە هەیە بەرامبەر بە دۆزی کورد لە باشووری کوردستاندا..

---

1 گۆڤاری لڤین – ژمارە 138 – لاپەڕە 39 – سێپتێمبەری 2010 – کوردستان – سلێمانی.

ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، پاسۆك، پێنووسەکان، دەنگی سەربەخۆ، کڵاوڕۆژنە، کەی ئێن سی و پارتی چەپی کوردستان – مانگی سێپتێمەری 2010.

زۆرجار بەرچاوم دەکەوێت کە شیوعییەك باسی پەیوەندیی حیزبی شیوعی و حیزبە کوردستانییەکانی تر دەکات، یەکەم شت باسی کارەساتی پشتئاشان دەکات، ئەم کارەساتە کە ژمارەیەکی زۆری شیوعییە عەرەب و کوردەکانی تێدا بەبێ تاوان تێداچوون، کراوەتە پەردەیەکی سیاسی بۆ شاردنەوەی زۆرێك لە هەڵە و کێشەکانی حیزبی شیوعیی ئێراقی و شیوعییە کوردستانییەکان!..

من زۆر چاك باوەڕم بەوە هەیە کە ئەوەی لە پشتئاشان روویدا، کارەساتێکی گەورە بوو و نەدەبووایە روویبدایە و دەبێت لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێت و بەتەواوەتی راستینەکانی ئاشکرا بکرێن، کارەساتێك بوو کە نەك هەر شیوعییەکان بەڵکو چەندین لایەنی تری ئەو کاتەی کوردستانی تێوەگلا و زیانی زۆری بەرکەوت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەموو ئەو لایەنانەی تر، زۆر کەم کارەساتی شەڕی براکوژیی ناوچەکانی قەڕناخە و پشتئاشانی وەك کارتێکی سیاسی بۆ داپۆشینی رابردووی خراپی خۆی بەکار نەهێناوە جگە لە حیزبی شیوعی!..

شیوعییەکان ئەوەندەی خۆیان بە زۆرلێکراو پیشاندەدەن لە ئەدەبیاتەکانیاندا یەك بۆ هەزاری ئەوە باسی زۆرداری و سازشەکانی خۆیانیان نەکردووە، هەربۆیە من پرسیاری ئەوەیان لێدەکەم کە ئایا لە هەموو رووبەکەوە کامیان زۆرتر زیانی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و تەنات ئێراقی و خودی شیوعییەکانیش گەیاندووە، شەڕی پشئاشان یان ئەو بەرەیەی کە شیوعییەکان لەگەڵ بەعسییەکاندا بۆ لێدانی شۆڕشی کورد دروستیان کرد؟!.. ئەو بەرەیەی کە ناویاننا بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی! و بەشداریکردنیان لە ئەنجوومەنی تەنفیزی و تەشریعیی کوردستان بۆ تێکدانی شۆڕشی کورد و گفتووگۆی کورد و بەغدا لەو کاتەدا!.

ئەم نادادپەروەرییەی ناو بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعی بە ئێراقی و کوردستانیشەوە، پەڕیوەتە ناو ئەو شەڕەوتارانەی ئەم دواییەی شیوعییەکان.. هەربۆیە تا وتارێکی باشی تێدادەبینی، دەیانی ترت بەرچاو دەکەوێت کە تەنها خۆڵ لەچاوکردنە! وتارێك کە زمانی هەمان ئەو شیوعییە عەرەبانەیە کە دەیان ساڵ حیزبی شیوعیی بۆ خزمەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی بەکاردەهێنا

و بۆ دەمکووتکردنی کورد و شاردنەوەی خراپەکارییەکانیان، کوردێکیشیان دەکردە سکرتێری ئەو حیزبە! تاوەکو دەمی شیوعییە کوردەکانی پێدابخەن. عەرەبی ئێراق، ئێستاش هەمان سیاسەتی شیوعییە عەرەبەکان بەکاردەهێنێت بەوەی کە رازییە کوردێك ببێتە سەرۆك کۆماری ئێراق! ئەمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سکرتێرایەتیی حیزبی شیوعیی ئێراقیدا نییە! و لە هەمان بیرۆکەی شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە!..

گەر شیوعییەکان دەیانەوێت بەڕاستی لەو قەیرانەی ئێستایان بتۆژنەوە، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو هەڵانەی کە حیزبی دایکیان، حیزبی شیوعی ئێراقی بەرامبەر کورد کردوویەتی، بچن بزانن هۆکاری ئەو بەرەیە و لایەنە نەرێنییەکانی چ بوو، بچن بزانن عەرەب و کورد پایەیان لە خودی حیزبدا چۆن چۆنی بوو! بچن لە منداڵانی ئەو کاتەی سلێمانی بپرسن کە کاتێك دژی شۆرشی کورد بوون، ئەوێ رۆژێ چییان پێدەگووتن و چ بەیت و بالۆرەیەکیان بۆ هەڵبەستبوون! بچن بزانن خەباتی دەیان ساڵەی هەردوو حیزبی شیوعیی ئێراقی و کوردستانی تەنها سکی پرۆلیتارێکی کوردی تێرکردووە! یان تەنها دووکانێك بوون بۆ دەوڵەمەندبوون و خۆشگوزەرانیی کەمینەیەکی زۆرکەم!.. رەشە خەڵکی کوردیشیان بە دروشمە عێراقچییە کوردکوژییەکانیان وەدوای شۆڤێنیزمی عەرەبی خستووە..

شیوعییەکان مافی رەوای خۆیانە باس لە کارەسات و قەتڵوعامی شیوعییەکان بکەن لە پشتئاشان و ئەوانی تردا، نەك هەر ئەوان، مافی هەر کەسێکی دەرەوەی بازنەی شیوعییەکانیشە. بەرامبەر ئەو مافە رەوایەشیان، ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە بەهۆی سازش و خیانەتەکانیان لە ئەنجامی ئەوەی کە پاڵپشتی بەعس بوون لە دژی شۆرشی کورد، چ نەبێت داوای لێبووردنمان لێبکەن و کارەساتی پشتئاشانیش نەکەنە پەردەی هەڵە و سازشەکانیان و لەوەش زۆرتر بێڕێزی بە گیانپاکانی حیزبی شیوعی نەکەن لە شەڕەکانی پشتئاشاندا..

لاهای - هۆڵندا
2010-09-01

## ئەم بابەتە ئەم کۆمێنتانەی لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ لەسەر نووسرا:

**2010/09/21 هیمن دە ربە ندیخا نی**

کا ک با خە وا ن ئە م کا تە ت با ش برا ی ئا زیزم کا کە گیا ن وتا رە کە ت بۆ چا ک کردنی وە زحی حیز بیشیو حی نیە بە ڵکو تە نها وە بە ردێک فڕێبدە ی وا یە ئە گە ر تۆ ئە وە ندە شا رە زای ئە دە بیا تی حیزبی شیو حیت بۆ با سی ئە وە نا کە یت لە کۆ نگرە ی چوار دا حیزب دە ست نیسا نی کر دوە ،کا کی برا ئە وە کا م حیزبی کو ردستا نیە تا ئێستا با سی هە لە یە کی خۆ ی کر دوە ،کاکە گیا ن خۆ بۆ 31 ئا ب دوێنێ بو لە چا و جە بهە کە ی ئێمە دا بە ڵا م شا نا زی پێوە دە کە ن یا ن ،ئە ی بە هە زا ران کە س لە شە ڕی نا وخۆدا نە ما ن تۆ هە ر با سی نا کە ی ئا زیزم را ستە جە بهە کە ی ئێمە هە ڵە یە کی گە ورە بو لە مێژوی حیزبدا نکو لی لێنا کرێت بە ڵا م لە و جە بهە دا کە س ئە نفا ل نە کرا بە دە ستی شیو عیە کا ن ،کا کی برا ئە گە ر تۆ دە تە وێت لە هۆ کا ری جە بهە بکۆ ڵیتە وە ئە وا ئە دە بیا تی کۆ نگرە بخوێنە وە بە رو نی دیا رە،بە ڵا م من پر سیا ر لە تۆ دە کە م دوا ی جە بهە کە ی ئێمە چە ند جە بهە لە گە ڵ ئێرا ن کرا بۆ وە دە ر نا نی دیمو کرا ت لە ئێرا ن یا ن چە ند جە بهە کرا لە گە ڵ تور ک بۆ وە دە ر نا نی پە کە کە یا ن لە گە ڵ بە عس بۆ وە دە ر نا نی یە کێتی خۆت دا دوە ر بە و بیا ن ژمێرە پا شا ن حو کم بدە ،هیوا دارم ئا وا ش هە ڵویست هە بێت بە را م بە ر 31 ئا ب بە رو نی با سی بکە یت ......ئە وە شی پە یوە ستە بە شە ڕە وتا رە کا نی نا و حیزب هە مو یا ن بۆ با ش کر دنی وە زحی حیزبە نە ک تێکدا نی ،دڵنیا شم حیزب دە بێت ببێ بە و حیزبە ی کە کا دیرە کا نی دە یا نە وێتو جە ما وە. دو با رە ڕێزم بۆ ت هە یە

**2010/09/21hawrre abdul**

aw bareza tanha yak chrka agadare mezhwe neya la xoyawa mala la awe lellda dakat ae bebax har hawrre

fahd nabw dawa dakat hezbe hewa bkan ba hezbe karkrdn pshtewantanen la airaq balam tanha wsha boto kapet blen awaya to yan zoor gele yaxwd zoor rqt la shwaeyakana

**هەولێر 2010/09/21**

باشە کاک باخەوان ئەگەر ڕەخنەکان ڕوکەشین ئەی تۆ پێشنیارت چیە بۆ چاککردنەوەی حزبی شیوعی و پێشخستنی؟ هەمیشە تۆ و کەسانی تر باسی بەرە لەگەڵ بەعس دەکەن، ئاخر براکەم هەرچەندە ئەو بەرەیە زۆر بە زیانی ئەو حزبە شکاپەوە، بەڵام خۆ لە سەر بنچینەی میثاقێک بوو،،بەراورد لەگەڵ ئەو وتوێژانەی کە بەناو حزبی نەتەوەیی کردوویەتی و دەیکا، ئاسمان و ڕێسمانە، براکەم ئەو حزبە عێراقی بوو نەک نەتەوەیی. برواش بکە، ئەگەر چینی کرێکار و بەرەی چەپ لە هەرولاتێک لاوازبوو، ئەوە دەبێتە بەرەڵایی و یاسای دارستان دەخوات، وەک باشوری کوردستانەکەمان، کە هیچ شتێکی پیرۆزی تیا نەماوە نۆکەرانی سەرمایەداری(پارتی و یەکێتی و گۆڕان) نەیکەن.

ئازیزم شیوعیەکان هەر شەڕ و خەباتێکیان کردبێت بە کادیر و جەماوەری خۆیان کردویانە. پاسۆکەکەی تۆ تا سەیتەرەی تاسلوچە پری نەدەکرد بەردێکی زلی وشاند، ئەی بۆ شوکر نایێت، حزبی شیوعی عێراق یەکەم حزبە باسی مافی چارەی خۆنوسینی کوردی کردوە وئەو فیدرالیەش کە هەیە پێشنیار هاوڕێ ئەبو داودە بۆ مەسعود و جەلال. شیوعی لەکوێ گەشە بکات کە دەوری بە گورگ و پاش کەوتووی دراوە. جەلالی و مەلایی وەک ئەمریکا لە کوردستان هەمیشە بۆ لاوازکردنی بەرەی چەپ ئیسلامی بەهێزدەکەن و ئامادەشن هەموو سازشێک بکەن. ئەوان کە تا سەر ئێسک دژی شیوعیەکانن، باش دەزانن کە تەنها شیوعیەکان لە فێل و دزی و خیانەتیان شارەزان. لاواز بوونی شیوعیەت تەنها پەیوەندی بە گەندەڵییەوە نیە، بەڵکو بە ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکەوە، خۆ بەدەرزی مارکسیەت ناکرێت بە مێشکی خەڵکدا. فەرموو وا شیوعیەکان وازیان هێنا، دە ئێوە شتێک بۆ کورد بکەن. ئەوەندە بە ناو کۆلاکە

پارتی و یەکێتی خیانەتیان لە کورد کردوە، بەعسیش هەر هێندە کردوە..
تکادەکەم لەمەو دوا وەک ئەکادێمێک کە ڕەخنە دەگرێت چارەسەرەکەشی بنوسە، بەڵکو ئێ حزبی شیوعی جارێک لە جاران بە گوێت بکات.

من نە شیوعیم و نەهیچ، بەڵام پروابکە هەتا حزبی شیوعی لەو هەولیرە بەهیزبوو، بە تایبەتی پارتی بێ پرسی ئەوان هیچی نەدەکرد

وەک وتم کە نەتەوەیەک بەرگری لە خوی ناکات، کەس ناتوانێت بەرگری لێ بکات،،بەداخەوە..،،

لەگەڵ سڵاوی گەرممدا..
هەولیر لە هەولیر

**2010/09/22 سوما**
كاك باخه وان عيراقيه كان به هه موو بيكهاته كانه وه خوزكه يان به كاتي جه بهه بو؟ جونكه نه وت خومالي كرا .. صحه مجاني.. تعليم مجاني.. بيرياري 11 ئازار.. اصلاح زراعي .. ده عمي اسعار له لايه ن حكومه ته وه هه موو ئه مانه ده ست كه وتي كه وره بوون بوو ميلله ت به نه ماني هه موو عيراقيه كا ن سواليان بيَ ره وايه كيانه توزيك عا قل به

**2010/09/22 برایم تاپر**
هاورێ باخەوان!!!!!
عەقل نایبرێ،!...
سەلام عەبدوللا گوتەنی لەوەیە باخەوانی هیرۆیین بێت.
بروا دەکەم سەلام عەبدولأ راستی فەرمووبێ.
ئەگەر واش نەبێت ئەوا ئەو هاورێ باخەوانە فەریکە سیاسیەک یا راسپێردراوێک بێ بۆخۆی،جگە لە مەئموریەتێک بەولاوە هیچ بەرپرسیاریەتێکی تری بە ئەستۆوە نەبێ.یا ئاشنا نیە و نەبوە بەو هەل و مەرجەی کە کەس نا شییعەکان تیایا

بوون لە سەختترین ڕۆژەکانی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ شۆڤێنیەکانی بەعس .
کە تەنیا بروایەکی زۆر مرۆڤ پەروەرانە نەبوبێ چی تر نەبوە بۆ داکۆکی کردن !
....هاوڕێ .....باخەوان، دەبێ بەدەست نوێژەوە ناوی شیوعیەکی ناو حیزبی شیوعی بێنی....

**2010/09/24 هیمن عبد القادر**
کاکی خوم توبه دوو جاو سه یری دنا ده که ی به لام له راست شیوعیه کان تانه دیته بان جاویکت !!!هیچ خه با ت و خوینی شیوعیه کانت نه دی ..که ئیستا تو خه لکانی وه ك تو له سا یه یدا ده زین به که وره کانیشته وه

**پاشتر ئەم بابەتە لەلایەن (عادل میران)ەوە لەسەر ئەم بابەتەی من نووسرا:**

## هاوڕێ باخەوان و نوسینەکانی - عادل میران[1]

16-10-2010

له ماڵپه ری پارتی چه پ دا با به تێکم خوێنده وه که یه کێک به ناوی هاورێ باخه وان بڵاو کرابوه وه هه ندێ خا ڵی زۆر سه رنج راکێشی تیا بو ، له پێشه کی نوسینه که یدا ئه ڵێ من نه شیوعی ونه چه پره ومر له کاتێکدا له لایه که وه شیوه ن بۆ شه هیده کانی پشت ئاشان ئه کات و له لایکی تره وه وای ده ر ئه خات که ئه و تاوا نه ره نگ دانه وه ی چونه پاڵی حزبی شیوعیه بۆ ناو به ره ی به عس هه روه ها ئه م به رێزه له نوسینێکیدا له ماڵپه ری ده نگی سه ربه خۆدا هێرش ئه کاته سه ر چه پی عه ره ب ئه یانخاته خانه ی نسیۆناڵیست وراست ره وی عه ره ب،ئه وه ی جێگه ی پرسیاره ئه م به رێزه

1 ئەم بابەتە لە ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ لە 16-01-2010دا بڵاوکرایەوە.

کە نە چە پرە و بێت نە شیوعی ئە بێت چی بیر کردنە وە کی هە بێت بێجگە لە بیری راست رە وی کە هە ڵپە رکێو دە هۆڵ وزورنایان لێدا بۆ سە رکە وتنیان لە پشت ئاشاندا بۆیە پێویستە بە رێزیان شێوە ی بیر کردنە وە ی رون بکا تە وە تا کۆ خوێنە ر بزا نێ چی وە کێ پاڵی پێوە ناوە بۆ نوسینە کە ی دڵسۆزیە یاخود دوژمنایە تی ، من کە ئە مە ئە ڵێم ئە وە ناگە یینێ پاڕێزگاری لە سیا سە تە چە وتە کانی حزبی شیوعی ئە کە م چونکە دە مێکە وازم لە دە روێشی هێنا وە ، بە ڵام وازم لە ویژدان نە هێناوە و نایهێنم ، بۆیە ئە مە وێ ئە م چە ند تێبینیە مێژوییە بخە مە بە ر دە م بە رێزیان و خوێنە ران .

بە رێزیان لە نوسینە کە یدا ئە ڵی دە یان سا ڵ حزبی شیوعی بۆ خزمە تی شۆ ڤیە نیە تی عە رە ب بە کار ئە هێنرا بێ ئە وە ی ئە وە رە چاو بگری کە حزبی شییوعی هە ر لە یە کە م رۆژی شۆرشی گوڵانە وە پاڵپشتی گە لی کورد بوە وە سە دە ها زیندانی وشە هیدی دا بۆ بە رگری بوون لە شە ر دژی کورد بۆئە م مە بە ستە ش هە ر لە هە ڵگیر ساندنی شە ر دژی کورد لە سە رانسە ری عێراقدا دە ست کرا بە خۆپیشاندنی گە ورە تە نها لە بە غدادا سێ خۆپیشاندان کرا کە خۆم بە شدار بووم لە ژێر دروشمی[ وێن دستور و منطوقا شعب الکوردی یرید حقوق...سلم..سلم..فی کوردوستان ] واتە کوانێ دە ستورێ کە تیایدا هاتوە کە کوردو عە رە ب لە وڵاتتا هاوبە شن ، گە لی کورد مافی خۆی ئە وێ،ئاشتی ئاشتی بۆ کوردستان، هە ربە وە ش نە وە ستان هە ڵمە تێکی ئیمزا کۆ کردنە وە یان دە ست پێکرد وە زیاتر لە ملیۆنێک ئیمزایان کۆ کردە وە وە لە و هە ڵمە تە شا سە دە ها هاورێمان دە ستگیرکران وە زوربە یان زیاتر لە چوار ساڵ مانە وە ئە مانە هە مو چە پی عە رە ب بوون وە ئە وانە ی لە پشت ئاشان شە هید بوون چە پی عە رە ب بوون یە کە م مە فرە زە کە توانی رە بیە ی عێراق بگرێ لە کوردستان مە فرە زە ی بە هدێنان بو کە زوربە یان چە پی عە رە ب بوون ، بە ڵام بە رێزیان بە دوژمنی گە لی کوردیان دا ئە نی کە ئە وە ئە گە ێنی دە ست خۆ شی لە بە کوژە کانیان بکات ، من ئە مە وێ بڵێم هە مو کە سێک بۆێ هە یە بۆ چونی خۆی بنوسی بە مە رجێک مێژوو نە شێوێنێ وە لە بوارێکا بنوسێ کە شارە زایی تیا هە بێت بە م جورە ئە توانین

زانیاری خوێنه ر ده وڵه مه ند که ین چونکه نوسین بۆ به رز کردنه وه ی ئاستی زانیا ری خه ڵکه نه ک بۆناو ده رکردن و خۆ ده رخستن له سه ر حسابی خه ڵکا نێکی تێکۆشه روشه هیدان و مێژوو ،وه ئه وه ی جێی داخه که له ماڵپه ری پارتی چه پدا ئه و جۆره فه رمایشته ی بڵاو کردۆته وه له کاتێکدا پێویسته پێشه کی ئه وه بزانی که پارتی چه پ له کۆمه ڵێ تێکۆ شه رانی چه پره و پێک هاتوه که هه مو ژیانیان ته رخان کردوه بۆ خزمه تی چینی چه وساوه وه هیچ کاتێک دوژمنی حزبی شیوعی کوردستانی نه بوون به ڵکو دژی سیاسه ته چه وته کانی ئه و حزبه بوون به ڵام چۆن ئه م وتانه ی تۆ به سه ریانا ره ت بوه ئه مه جێی داخه ،به رێز تۆ له نوسینه کاندا قه سابخانه که ی پشت ئا شان له گه ڵ هاوپه یمانی حزبی شیوعی له گه ڵ به عسدا گرێ ئه ده ی خۆزگه چه ند دێرێک مه تریالزمی مێژوییت بخوێنایه ته وه تاکو بزانی چۆن شته کان به یه که وه گرێ ئه ده ی وه هه ندێ زانیاری خۆبینیت هه بوا یه له بابه ت کا تی پێش ئیمزا کردنی ئه و هاو په یمانه تیه ،ئه وه هیچ گوما نی تیا نیه که ئه و هاوپه یمانه تیه گه وره ترین هه ڵه و سازش بوووه ئه توانین بلێین که بوبه جۆ رێک له جاشایه تی وه ئه م جۆره سا زشه ش ته نها حزبی شیو عی نه یکرد به لکو زۆر له حزبه کوردیه کانی تریش هه ر یه که ی له کاتێکی جیاوازدا وه هه ندی جار بوه شه هید بونی هه زاره ها پێشمه رگه ی قاره مان ،به رێز من لێره دا ئه مه وێ باسێکی گرنگی مێژویی پێش ئیمزا کردنی هاو په یمانیه ته ت بۆ بکه م .

ره شنوسی هاو په یمانیه تیه که به سه ر هه موو حزبوو لایه نه کاندا دا به ش کرا بۆ را ده ربرین له سه ری وه پارتی دیموکراتی کوردستان یه کێ بوو له و لایه نانه وه له چه ند کۆبونه وه یه کدا ئاماده بووبه ڵام به هێچ جۆرێک له گه ل هاتنه ناو هاوپه یمانیه که دا نه بون له به ر چه ند هۆیه ک یه کێ له هۆیه سه ره کیه کان ده ست تێوه ردانی ده ره کی بو له شۆرشا به تایبه تی ئێران که به جۆرێک بو ده سه ڵایه تی بۆ سه رۆک به رزانی نه هێشتبوه وه هۆی دوه میش کێشمه کێشی ناو خودی پارتی ، چونکه پارتی هه میشه له گه ڵ دا نوستانا بوه نه ک شه ر بۆ به دیهێنانی مافی کورد به ڵام له م

کاته دا شۆرش وئێران له لایه ک و پارتی وه کو حزب له لایه کی که بو لێره دا پا رسه نگی شۆرش قورس تر بو له تای پارتی ئه مه ش له دوا دیداری هاورێ که ریم ئه حمه دا له گه ل سه رۆک به رزانیدا پێش ئیمزا کردنی هاو په یما نیه که له گه ڵ به عسدا له لایه ن به رزانیه وه به راشکاوی رون کرایه وه که ئه و وه ک خاوه نی بریار نه ماوه بریار که وتۆته ده ست خه ڵکێکی که .

له دواییدا ئه مه وێ به هاورێ باخه وان بڵێم باسو نوسین له بواری سیا سه تدا مه رجوبنه مای هه یه وه مه رج نیه له حزبێکابیت تاکو ببێت به سیاسی چونکه هه مو حزبیه ک سیاسی نیه هه مو سیاسیه ک مه رج نیه حزبی بێت وه بنه ماکانی سیاسه ت برێتین له شاره زایی له مێژو وئیکۆنۆمی فه لسه فه زانستی کۆ مه ڵایه تی وه بتوانێ له نوسینه کاندا یاخۆ گفتوگۆ کردنی سیاسیدا بینای له سه ر بکات ئه گینا منالێکیش که زمانی گرت ئه توانێت با سی سیاسه ت بکات ،ئه مه یه ک دوه میش لاسایی ئه وانه مه که ره وه که هێرش ئه که نه سه ر حزبی شیوعی جونکه ئه وانه زوربه ی زۆریان جه رگ سوتاون خۆیان و خانه واده یان له پێناوی ئه و حزبه دا داناوه ئیمرۆش په راوێز خراون یان ده ر کراون و لێیان ناپرسنه وه به لکو دوژمنایه تیان ئه که ن وه وه کو خۆت ئه فه رموی ئه مانه هیچیان نیت.وه باشتر وایه بوارێکی که هه ڵبژێری که شاره زایی ته واوت تیا هه بێت به تایبه تی جه نابت له وڵاتێکی پێشکه وتوی وه کو هۆله نده ئه ژی تاکو خوێنه ر زانیا ریت لێ وه رگرێت .

Adel_allaf@hotmail.com
http://www.kurdistanan.net

**لەسەر هەمان ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم نووسینەی عادل میران ئەم تێبینییانەی لەسەر نووسرا: تێبینیەکان**

**هاورێ 16/10/2010**

ها وڕێ عا دل با خه وا ن خۆ شی نا زا نیت چی ده ڵێت کا کی با خه وا ن خۆ ی با ش ده زا نێت کی ده هۆ ڵکو تی عه ره بو ئه وا نه ی 31 ئا بیا ن کر د یا ن ئه وا نه ی که مه له فیا ن هه یه ، بروا تا ن هه بێت چه ندێک با به ته کا نی با خه وا ن ده خوێنمه وه لیی تێنا گه م چی ده وێت چی با س ده کا ت مه گه ر خۆ ی له خپ ی بگا ت

## 17/10/2010 هیوا ره ش

ویرای سلاوم بؤ هه ردووکتان , به بیویستم زانی ئه م روونکردنه وه بحووکه بده م ویرای تیبینی و سه رنج که لیکی زؤر ترم , کاره ساته خویناوییه که ی بشتاشان ئه نجا م بوو نه ك هؤ , که واته به هؤی سیاسه ته هه له کانی حزبی شیوعییه وه به ربا نه کرا , به لکو به هؤی سازشی سه رانی یه کیتی له که ل به عسدا بوو , و کرایه ده سکه کولی سه ر میزی مفاوه زاتی 1983 ی یه کیتی نیشتمانی کوردستان و حزبی به عس , که واته ئه که ر ئه و سازشه نه بوایه مه رج نه بوو کاره ساتی بشتاشان رووی بدایه و کؤمه لیك خه باتکیری عه ره ب له لایه ن بزووتنه وه یه کی کوردایه تییه وه خوینیان بکریته ده ست و دیاری بؤ دیوه خانی شؤفینیزمی عه ره ب , بؤیه ئه و کاره ساته به سوی یه ئه نجامی ئه و ده ستله ملانییه ی ئه و سه رده مه بوو --- له که ل ریزم بؤ رای هه موو لایه ك.

## 18/10/2010 سارا

لەگەڵ رێزم بۆ قەڵەمە بوێرەکان ، هەموو قەڵەمە ترسنۆک وماستاوچی و بەکرێ گیراوەکان بەیەکتر دەڵێن بەرێز !

له ئاخرا بێ رێزی و بێ حورمتیەکە بۆ کورد و دۆزە رەواکەی دەمێنێتەوە .

جاش قەلەمەکان شەری گیرفان و ئەرزە و سەیارەی ئاخر مۆدێل و خۆشترین جنس و رابواردن و خواردن و خواردنەوەیە لەسەر حسابی چەواشکردن و بەلارێدابردنی خەلکن بەقەلەمەکانیان .

بەراستی کارەداتە قەلەم خۆی بفرۆشێ و ببێتە جاش .(..........)

زۆر بن قەلەمە کەم و بوێرەکان ، ئەو قەلەمانەی تا ئێستاش پیادەن و بە پێشمەرگەیی ماونەتەوە سەرەرای خراپترین هەل و مەرجی ژیانیان بێ جێ و رێی کرێچێتی و دەرامەتی ژیانیان . ترساندن و چاو سورکردنەوە و هەرەشە و گورەشەی دەسەلاتیش لەوێ بوەستێ ، کە ئەورۆ چۆکی بەحیزبە شۆرشگێرەکانی دوێنێی سەردەمانی شاخیش داداوە . خۆزگە قەلەمە بەرێزەکان بە بەقەلەمە بێ رێزەکانیان نەدەوت بەرێز ، بۆ ئەوەی ریزی بەرێز و بێ رێزەکان لە هەموو بوارەکاندا تێکەل نەبونایە چونکە تێکەل بونیان جیاکردنەوەیان زەحمەت دەکات وەک تراژیدیای تێکەل بونی سازشکار و شۆرشگێر ، پێشمەرگە و جاش (........) ، کە ئەمرۆ لێیان تێکەل کردوین و بۆمان جیا ناکرێتەوە ، کارەساتە قەڵەم خۆی بفرۆشێ..

**18/10/2010 سارا**

سوپاس ..

هیوادارم سەربەخۆیی لەدەست نەدەن

کورد کەسی نیە تەنیا خۆی نەبێ

بەداخەوە خۆیشی نیە وەک پێویست

ماوەو نەماوە ویژدان !

کوا

خوا؟

؟؟؟؟

..........

خۆمان و خۆمان ماوینەوە .

خۆزگە پۆزشەکەشم کە لەبەینی کەوانە دان بلاو دەکردەوە و نەتان دەپەراند ، چونکە گوناهە بێحورمەتی بە گوێدرێژ و بێچوەکەی .

چونکە گوێدرێژ کەم نەبووە لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان

ئەویش کەمی لەزەحمەتی و جەرگ سوتان وقوربانی بەر نەکەوتوە. دوبارە سوپاس

**19/10/2010 سارا**

بۆ دەبێ جاسوس و خۆفرۆش و بەکرێ گیراو بە جاش تەشبیە بکرێن و ناوی جاشی پێ بزرێنرێ؟؟؟!!!!

**19/10/2010 هاوڕێ باخەوان**

کاك میران گیان سڵاو،

سوپاس بۆ نووسینەکەت، چ نەبێت بەڕێزتان وەك هەندێك لە هاوڕێیانت نە جنێوتان داوە، کە دیارە ئەوە دوورە لە پەروەردە و شەخسییەتی بەڕێزتانەوە و نە بوختانیشتان بۆ هەڵبەستووم ..

کێشەم لەگەڵ ڕێنووسەکەتدا هەبوو و بزوێنەکان وشەکانی کردووە بە دوو کەرتەوە، هیوادارم لە داهاتوودا چارەسەری ئەمە بکەیت ..

کاکە گیان، من هیچ بێڕێزییەکم بە لەکیسچووانی شەڕی دزێوی پشتئاشان نەکردووە، بەڵکو ئەوەی بێڕێزییان پێدەکات و بۆ داپۆشینی هەڵە و سازشەکانیان بەکاریان دێنن، بازرگانەکانی حیزبی شیوعییە کە بوونەتە پیاوی دەستەڵات.. وەزیرەکەیان لە خۆشی دەستەڵاتدا بووەتە وەزیری ئەوقاف و مژدەی بینینی مانگ و ژمارەی پشووری ڕۆژەکانی جەنی رەمەزان بڵاودەکاتەوە ..!

ئایا ئەمانە شیوعی و چەپن.. من زۆر بەداخم بۆ کرێکارانی کورد کە ئەمانە خۆیان بە ڕێبەریان بزانن ...

وێڕای ڕێز..

# تۆپ بەرامبەر پتەوترکردنی بازرگانی![1]

**پرسیاری میدیا: لە کاتێکدا جرتوفرتی لێپرسراوانی تورکی و ئێرانی لەگەڵ سەرانی کورد لەو ماوەیەدا زۆرە ،کەچی تۆپ بارانکردنی ئێران و تورکیا بۆ ناوچە سنورییەکانی باشوری کوردستان دەستی پێکردۆتەوە، ئەم رەوشە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟!**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەی هەردوو داگیرکەری ئێران و تورك، زۆری لەسەر وترا و نووسراوە. خودی خۆم لە جارێك زۆرترم لەسەر نووسیوە...

لە هەندێك رێورەسمی تەشریفاتیی نێوان دەوڵەتاندا تۆپ تەقاندن هەیە! ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەو کاتەی کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو و سەردانی تارانی کرد، ئەگەرچی ئەو نوێنەری حکومەتێك نەبوو بە پێوانەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام لە جیاتی ئەوەی لە شەرەف و رێزی ئەودا تاران چەند تۆپێك بەرەو ئاسمان بتەقێنێت، رووی تۆپەکانیان کردە هەژارانی ناوچەی پشدەر و قەندیل!.. ئەم سەردانانەشی کە تورکەکان و فارسەکان بۆ هەولێری دەکەن، تەشریفاتەکە پێچەوانە بووەتەوە، هەولێر لە شەرەف و رێزی ئەواندا نایتەقێنێت!، بەڵام ئەوان دیسانەوە کەوتوونەتەوە گیان وماڵی و ئاژەڵی مرۆڤەکانی سەرسنوورمان..

نموونەی زۆر هەیە لە جەنگی نێوان دوو وڵاتی رکەبەردا، کاتێك کە هێزەکانیان لەوپەڕی شەڕانگێزیدان لە دژی یەکدی، کەچی کاتێك وەفدێکی ناوبژیکەر یان لایەکیان سەردانی لایەکی دییان دەکەن بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو کێشەیە، بەهۆیەوە بەرەی جەنگیان خامۆش دەکەن و تەقە دەوەستێنن. ئەمە تەنها و تەنها وەك رێزێکی وەفدی میوانە و رێورەسمێکی تەشریفاتییە و هیچی تر..

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 454– لاپەڕە 6 – 2010-10-05 – کوردستان – هەولێر.

ئەوەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رووەدەدا، لە زۆرشتدا بەشێوەیەکی سەیر دەکەوێتە دەرەوەی زۆر عورف و رێورەسمی تەشریفاتیی سیاسەتەوە، هەندێکجار مرۆ رادەمێنێت و تێی ناگات، کە یەکێکیان منم. بەچ پێوەرێك سەرۆکی هەرێم سەردانی ئەنکەرە دەکات و ئەوان نەك ئاڵای کوردستان! بەڵکو هی ئێراقیش دانانێن، کەچی کاتێك کەچە وەزیرێکی تورك کە لە زۆر باردا بارزگانییە، ئاڵای تورك لە هەموو ئەو شوێنانەدا دادەنرێت کە وەزیرەکە تورکەکە لێدوانی لێدەدات!، یان چاوی کامێرا دەیانبینێت!.

کاتی خۆی ئەم حیزبانەی لەمەڕ خۆمان گەر هەڵەیەکی گەورەیان بکردایە، بەناو خەڵکیدا واهی بڵاویاندەکردەوە کە ئەمە سیاسەتە و ئێوە جارێ تێیناگەن!، کە کاتی خۆی هات هەموو شتێك رووندەبێتەوە، بەڵام ساڵان و دەیان ساڵیش رۆییشت نە هیچیان روونکردەوە و نە سیاسەتیش بوو!.. تۆپبارانکردنی هەرێم هاوکات لەگەڵ جرتوفرتی لێپرسراوانی تورك و ئێراندا نابێت ئەو سیاسەتە بێت کە کاتی خۆی خەڵکیان پێ چەواشە دەکردا.. وەکو ئەوەش نییە، رۆژێك نەمانبینی ئەم حکومەتەی ئێمە کەمێك لەسەر ئەو تۆبارانە خۆی تورە بکات، بەڵکو زۆرجاران وەك دەنگوباسێکی تێپەڕ لە کەناڵەکانی راگەیاندن بڵاویاندەکاتەوە..

کارەسات لەوەدایە هەر تۆپێك کە دێت بەمدیودا، ئەوان لە جیاتی هەر ناڕەزاییەکی ئێمە، ملیۆنێك دۆلار بەلایەنی کەمەوە لە بازرگانی و شتومەکی هاوردەیان بۆ هەرێم دەچنە پێشەوە.. ئەوەشی لە حکومەتەکەی ئێمەی دەبینن، تەنها ئاسانکارییە بۆ هێنانەناوەوەی شمەکەکانیان و پتەوترکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانمانە و پێدانی پرۆژەی زۆرترە بۆ کۆمپانیا ئێرانی و تورکییەکان..

دوای جەنگی کەنداو، نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئێراق پرۆسەی نەوت بەرامبەر خۆراکی پیادە دەکرد، ئەم تۆپ تەقاندن و بازرگانییەی هەرێم لەگەڵ ئەو داگیرکەرانەدا هەق وایە ناوی بنرێت (تۆپ بەرامبەر پتەوترکردنی بازرگانی)!..

2010-10-01
لاهای - هۆڵندا

# دیمانەی رۆژنامەی رووبەر – سازدانی ئیبراهیم عەباس[1]

**رووبەر: رەنگە هیچ شتێك ئێستا بە قەد رەوشی میدیا لە کوردستان لە رۆژەڤدا نەبێت، کە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك ئیشکالی خوڵقاندووە، وەك تا دێت بەشێك لە چاپەمەنی و کەناڵەکانی تریش لە بێلایەنی و پیشەیی بوون دوور دەکەونەوە و خەریکە دەسەڵات و میدیاش کەلەبەری نێوانیان فراونتر دەبێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو رەوشە رووە وکۆی ملدەنێت و چۆن چارەسەر دەبێت؟**

باخەوان: بەبێ هیچ پارێزییەك، بەو رەوشەی میدیای کوردستان دەڵێم: گەڕەلاوژێ. چونکە لێکتێنەگەیشتنی تەواو هەیە لە نێوان دەستەڵات و میدیادا. زۆر لایەن تەواوی کێشەکان دەدەنە پاڵ دەستەڵات و میدیاش بەبێ تاوان دەزانن، بەڵام من هەردوولایان وەك دوو رەگەزی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەك کۆمەڵگەی کوردی سەیردەکەم (دیارە بەخۆشمەوە). هەرچی دەستەڵاتە، پێی وایە ئەوی بە کوردی قسەی کرد سیفەتی مێگەلی هەیە، زۆرجار بینیوومانە کە رۆژنامەنووسێکی بێگانە، چونکە کورد نییە و بە کوردی قسە ناکات، بە ئازادییەکی تەواوەوە کێی ویستبێت بینیوویەتی و چییشی ویستبێت پرسیوویەتی! کەچی هەموو ئەوانە بۆ رۆژنامەنووسێکی کورد تاوەکو ئێستا تابووە و بقەیە. ئەگەر رۆژنامەنووسێکی سەرکێش باکی نەبووبێت و ویستبێتی وەك هاوکارە بێگانەکانی هەمان سەربەستیی هەبێت، ئەوا دووچاری زۆر کێشە بووەتەوە، خۆ ئەگەر هەر سوور بووبێت لەسەری ئەوە تیرۆرکراوە..

دەستەڵات، توێژی رۆژنامەنووسان وەك چەند چەکدارێکی بەردەستی خۆی تەماشادەکات، بەهیچ جۆرێك مل بەوەنادات کە لێی هەڵگەڕێتەوە یان باسی ئەوانە بکات کە ئەو بە پیرۆزی

---

1 هەفتەنامەی رووبەر – ژمارە 34 – لاپەڕە 11 – 2010-10-05 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕی پاسۆك – ئۆکتۆبەری 2010

دەزانێت، هەربۆیە کێشەکان زەق دەبنەوە و هەردوولا بە چاوی دوژمنایەتییەوە لێکتری دەڕوانن..

میدیای کوردی، یان میدیای (بێلایەن)، داوای شتێکی زۆر گەورە لە دەستەڵاتی کوردی دەکات کە ئەو دەستەڵاتە توانای پێدانی نییە، ئەمەش زۆرتر کێشەکانی بەلایەکی خراپدا بردووە، دەستەڵاتێك باوەڕی بە ترانسپەڕانتی نەبێت، ئیدی پێم سەیرە ئەو میدیایە داوای ترانسپەڕانتی و خستنەڕووی زانیارییەکانی لێدەکات!..

ڕەوشی میدیا و دەستەڵات زۆر بەرەو خراپی ڕۆیشتووە و خوێنی تێدا ڕژاوە. ئەمەش بەداخەوە وەك هەنگاوێکی سروشتیی لێهاتووە بۆ بەرەو باشبوون، هەربۆیە گەر پڕوانینە مێژووی میدیا و ژیانی دیموکراسیی وڵاتە پێشکەوتووەکان، دەبینین ئەوانیش بە هەمان هەنگاوی خوێن و فرمێسکدا تێپەڕیوون تاوەکو دەستەڵات لە لاسارییەوە بووەتە دەستەڵاتێکی ڕام و میدیاش هەنگاوێکی باشی بڕیوە لە پڕۆفیشناڵی و کاریگەری و دروستکردنی پڕوای نێوان خۆی و جەماوەری خۆیی و خودی دەستەڵاتیشدا..

ئەو ڕەوشەی کوردستان بەو شێوە ئاسانییە چارەسەر نابێت و هێشتا خوێن و فرمێسکی زۆر ماوە تاوەکو بەرایی بەرەو باشبوون دەربکەوێت.. بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە کە کەسانێك هەن بە وشە وەڵامی گوللە دەدەنەوە..

**ڕووبەر: حزبە ئیسلامییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەیەکە داوای یاسایی لەسەر چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسان تۆمار دەکەن، لەبەرامبەریشدا ئەو ڕۆژنامەنووسانەی داوا لەسەر خۆیان و بڵاوکراوەکانیان تۆمارکراوە دەڵێن: ئەمە هەوڵە بۆ پاشەکشە لە ئازادی ڕادەربڕین، ڕات لەمبارەوە چییە؟**

باخەوان: ئەگەر پارتی و حیزبە کۆنسێرڤاتیڤەکانی تری وەك ئیسلامی و ئەوانی تر، بەڵگەیەکی داپریان لەسەر ئەو بڵاوکراوە و ڕۆژنامەنووسانە هەبێت، کەوا زانیاریی ناڕاست، تەشهیر و شتی لەو جۆرەیان بڵاوکردووەتەوە، ئەوا منیش ئەگەرچی لەوان نیم، بەڵام لەگەڵیاندام. بەڵام ئەگەر داوا یاساییەکان لەسەر بنەمای دەمکووتکردنی ڕۆژنامەنووسان بێت بۆ دەرنەخستنی

راستی و گەندەڵی و هەموو ئەو تایبەتمەندییە خراپانەی تری دەستەڵاتی کوردی! ئەوا بەبێ گومان پاشەکشەیە لە ئازادیی رادەربڕین..
من لەو داوایانەی کە تاوەکو ئێستا بەرچاوم کەوتوون، داواکارەکان داوای سزای پارەی خەیاڵی دەکەن کە بەپێی ستانداردی ئەوروپی ئەمریکیش پێموابیت زۆر زۆرە. هەربۆیە من وای دەبینم داواکردنی ئەو پرە پارەیە، واتای داخستنی ئەو بڵاوکراوەیە دەگەیەنێت! چونکە هیچ کام لەو بڵاوکراوانە خاوەنی ئەو سەرمایەیە نین تاوەکو بیدەنە پارتی و ئیسلامییەکان.. هەربۆیە ئەو داواکارییانە بەو شێوەیە، کوشتنی وشە و دەنگی ناڕەزاییە!..

**رووبەر: وەکو کەسێکی شازا لەمێژوو، میدیا و هەلومەرجی سیاسی حەزدەکەم ئەو پرسیارەت لێبکەم، کێشەی میدیا و دەسەڵات پەیوەستە بە باگراوەندی مێژوویی یان نا پرۆفیشوناڵی میدیا یان ئەوە هەلومەرجە سیاسییەکەی دەسەڵات و میدیای رووبەری یەکتری کردۆتەوە؟**

باخەوان: دیارە زۆر فاکتەر دەبێتە هۆکاری ئەم کێشەیە، دەکرێت باکگراوندی مێژوویی هۆیەکی گرنگ بێت، کلتووری کوردی کلتوورێکی هۆزایەتییە، لەو کلتوورەدا گوێ لەیەکگرتن بوونی نییە، بەڵکو فەرمانکردن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بەڕێوەبردندا و ئەوانی تریش هەموو دەبێت ملکەچی فەرمانەکانی سەرۆك هۆز بن کە ئێستا لە سەرۆکی حیزب یان سکرتێردا بەرجەستە بووە، هەربۆیە بۆ دەستەڵاتی کوردی ئاسان نییە هەرسی ئەو جۆرە رەخنە و نووسینانەی ناو میدیای کوردیی ئێستا بکات. چونکە بیرکردنەوەکە هەر هەمان بیرکردنەوەی هۆزە!. نموونەیەکی باش بۆ ئەمە تیرۆرکردنی جەمال عیرفانە لە بیستەکانی سەدەی بیست لە شاری سلێمانی، ئێستاش پاش نزیکی سەدەیەك، بیرکردنەوەکە، هەر هەمان بیرکردنەوەیە و تەنها ناوەکان گۆڕدراون و جەمال عیرفانیش بووەتە سۆران و سەردەشت و بەکر و ستار!..
مێژووی رۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستاندا زۆر کەمە، کاتی خۆی رۆژنامەگەریی شاخ، رۆژنامەگەریی حیزب بوو و ئازاد

نەبوو. ئێستا ئەوانەی لە (دەرەوەی حیزب) خەریکی ڕۆژنامەگەرین مێژوویەکی زۆر کورتیان هەیە و ناکرێت پێیان بگووترێت پرۆفیشناڵ، چونکە زۆرینەیەك لەوانیش ژێربەژێر پارە و پاداشت لەم حیزب و لەو بزووتنەوە وەردەگرن! (دیارە من بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەکم نییە و تەنها لێرە و لەوێ بیستوومە)، تاوەکو ڕاپۆرتێك یان ڕەخنەیەك ئاڕاستەی لایەنێکی دیاریکراو بکەن.. هەربۆیە لە کوردستان دەکرێت بگووترێت سەرباری میدیای حیزب و میدیای (سەربەخۆ)، دەکرێت بگووترێت میدیای بەکریگیراویش هەیە کە لەژێر پەردەی ئازادی و دیموکراسی و ڕەخنە لە دەستەڵاتدا خۆیی شاردووەتەوە کە من پێموایە لە هەموویان ترسناکترە..

**ڕووبەر: بەئەنقەست بێت یان هەڕەمەکی، کێشەی میدیا و حزبەکان جیاوازییەکانی نێوان سلێمانی و هەولێر گەورە دەکەن و زۆرن ئەو دەنگانەی سلێمانی بە مەملەکەتی ئازادی رادەربڕین و هەولێریش بە شاری خامۆشان ناو دەبەن، ئایا ئەمە لەڕووی نەتەوەییەوە چ دەرئەنجامێك دەخاتەوە؟**

باخەوان: هەڵبەت لە رووی نەتەوەییەوە دەرئەنجامی خراپی دەبێت و هەولێر و سلێمانی زۆرتر لەیەکتری دادەبڕێت، من تەنانەت هەندێك جار بە هەندێك نووکتەی سلێمانییان لەسەر هەولێرییانیش قەڵس دەبم، چونکە پێموایە کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر یەکانگیربوونی نەتەوەییمان و سووکایەتیی تەواوی بۆ هەولێر و هەولێرییان پێوەدیارە..

من هاوینی ئەم ساڵ لە هەردوو شارەکەدا مامەوە، هەریەکەیان میرنشینێك بوو بۆخۆی، ماوەیەکی زۆرە ئەمەشی هاتووەتە پاڵ و ئەوەندەی تر لێکتریی جوداکردوونەتەوە.. ئەم بابەتە زۆر هەستیارە و من حەزناکەم بەدڵی خۆم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لەبەرئەوەی خەڵکی سلێمانیم. چونکە کاتی خۆی لە کوورتە وتارێکمدا و لەبەر چەند هۆیەك بە هەولێرم گووت (گوندێکی گەورە)! کەچی چەند هاوزمانێکی هەولێریم کەوتنە دەهۆڵ کووتین بۆم و پێیانگووتم کە من سلێمانچێتی دەکەم. وەك سلێمانی پاریس و بەرلین بێت و من زۆر شانازیی پێوەبکەم!..

هەرچۆنێك بێت دەتوانم بڵێم کە بواری ئازادی دەربڕین ئەگەرچی لە سلێمانیش وەك پێویست نییە، بەڵام دیارە گەلێك لە هەولێر باشترە.. هەڵبەت لەوەشدا کلتووری شارەکان رۆڵی خۆی دەگێڕێت و هەر شارە و تایبەتە بە شتێك، هەولێر هەر لە کۆنەوە بە شاری بازرگانی و پارەپەیداکردن ناسراوە و سلێمانیش لە قسە و نووکتەدا!.. دیارە نووکتە و قسە بەشێکی گرنگی ئازادیی رادەربڕینە.. بازرگانی و پارەپەیداکردنیش واتە رازیکردنی دەسەڵات!.. چونکە بەبێ دەسەڵات، بازرگانیکردن بوونی نابێت..

**رووبەر: ئەو کاتەی قەیرانەکان دەخولقێن، هەڵبژاردنەکان دێنە پێشەوە مرۆڤ لە ئاراستەی بەشێك لە راگەیاندنەکان سڵدەکاتەوە، دەمەوێت لەوە پرسیار بکەم، ئەگەر میدیایەکی تەندروست بنیاتبنرایە ئەو زەمینە دروست دەبوو خەڵك لە راگەیاندن بسڵەمێتەوە؟**

باخەوان: من پێم وانییە خەڵك لە راگەیاندن بسڵەمێتەوە، ئەوە دەسەڵاتە کە دەسڵەمێتەوە! من باسی خۆم دەکەم وەك تاکێکی ناو ئەو خەڵکە، کە من فایلم نەبووبێت و ئەنفالچی نەبووبم و گەندەڵیم نەکردبێت! ئیدی لە چی بترسم! بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوانەم بوو ئەوا ناچارم رۆژانە سەیری رۆژنامە و گۆڤارەکان بکەم بزانم هیچی دەربارەی من تێدایە!..

هەڵبەت میدیاکەمان تەندروست نییە، هەرکاتێك و بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردندا بینیت یەکێك لە رۆژنامەکان شتێك لەسەر لایەنێك یان کەسێك بڵاودەکاتەوە، تاوەکو لە هەڵبژاردندا گورزێکی لێبوەشێنرێت! ئەوە بزانە کە ئەو بڵاوکراوەیە بەکرێگیراوە و پارە و دۆکومێنتی لە لایەنێك وەرگرتووە.. هەندێك دۆکومێنت بڵاودەبنەوە کە ئەستەمە ئەگەر لایەنێکیان لە پشتەوە نەبێت، بتوانن بەدەستی بهێنن!.

زۆرینەی میدیاکان لە کاتی هەڵبژاردندا، ئەوەندەی بانگەشە بۆ خۆیان و فرۆشتن و تیراژزۆری دەکەن، ئەوەندە لە خزمەتی پرۆسەکەدا نین.. هەربۆیە من پێموایە کە بەرژەوەندییەکان لە هەردوولاوە بریاری زۆر شت دەدەن..

**رووبەر: بەهەموو پێوەرێك دەسەڵات و فەرمانگە حكومییەكان مامەڵەیان لەگەڵ رۆژنامەنووساندا باش نییە، هێزە ئەمنییەكانیش بەهەمان شێوە، ئایا چۆن دەكرێت ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت و فەرمانبەر و كەسێكی ئەمنی، رۆژنامەنووس وەكو چاوی خەڵك ببینێت و بە نا حەز سەیری نەكات؟**

باخەوان: دەستەڵات و فەرمانگە حكومییەكان و هێزەكانی ئاساییش كارێكی زۆر خراپ دەكەن لەو رووەوە، هەڵبەت ئەمە بەئاشكرا پێمانی دەڵێن كە ئەوان شتێكیان هەیە دەیشارنەوە و نایانەوێت بكەوێتە دەمی میدیا، ئەو شتانەش بریتین لە دزی و گەندەڵی و كاری خراپ!..

دەستەڵات دەبێت لەو رووەوە كاری باشتر بكات و هەوڵ بدات لەگەڵ رۆژنامەنووساندا ئاشتببێتەوە. تەنها بەسە كە ئەو پرسیارە لەخۆی بكات كە بۆچی رۆژنامە و گۆڤارەكانی دەرەوەی حیزب ئەوەندە دەفرۆشرێن و خەڵك دەیكڕێت و ئەوانەی ئەوانیش خەڵكی بەخۆڕایی وەك خوانی نانخواردنیش بەكاریان ناهێنێت!.

پێوەری ئازادی و دیموكراسی، ئازادیی رۆژنامەنووسییە، ئەوە لە هەر وڵاتێكدا نەبوو ئەوا كێشەی ئازادی هەیە. لە باشووری كوردستان ئازادیی رۆژنامەنووسی زۆر بەرتەنگە و رۆژنامەنووس تەنانەت لەسەر نووسینەكانی لێیدەدرێت و تیرۆر دەكرێت! ئیدی ئاستەمە بە دەستەڵاتی كوردی بڵێین دەستەڵاتێكە باوەڕی بە ئازادی و ژیانی دیموكراسی هەیە! كارەسات لەوێدایە كە دەیانەوێت ئەو ئازادی و دیموكراسییە بۆ هەموو ئێراق بگوێزنەوە!..

**رووبەر: ئەركی دەزگاكانی راگەیاندن لە پێگەیاندن و بەهێزكردنی رۆژنامەنووسان لە ئاستێكی زۆر خراپ دایە، هەر بۆیە رۆژنامەوانی كورد وەكو كاسبی سەیری پیشەكەی خۆی دەكات، چ قسەیەكت لەمبارەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دەزگاكانی راگەیاندن هەیە؟**

باخەوان: دەزگای راگەیاندنی حیزبەكان كە راگەیاندنی هەرێم و پێگەیاندنی رۆژنامەنووسانیشیان مۆنۆپۆلكردووە، ناتوانن بەشێك بن لەو پێگەیاندنەی كە ئێمە دەمانەوێت، ئەوانە

ئامانجیان جوودایە وەك لەوەی کە دەبێت هەبێت. زۆرێك لەو کەسانە کەسانی خۆژیێنن، بۆ ئەو تەنها ئەوەندە بەسە کە رۆژنامەی حیزبەکەی لە لاپەڕە یەکیدا وێنەی سەرۆك یان سکرتێر و کوڕ و کەسوکاری بڵاوبکاتەوە و هەندێك دیدار و سەردانیشیانی تێدابێت و پاشانیش لە لاپەڕەکانی تردا وەکو چاوەزار چەند هەواڵێکی هونەری و چەند راپۆرتێکی تێدابێت کە زیانی بۆ پەزەکان نەبێت!، پاشان بورجەکان و هەواڵی وەزرشی و ژیان و کارنامەی ئەکتەرە عەرەبەکان و شتی لەو جۆرە.. لەمە زۆرتر هیچی تر نییە، هەربۆیە لەوانەیە لە رووی ناوەڕۆك و کاریگەرییەوە جیاوازیی رۆنامەکەی ئەمڕۆیان و ئەوەی هەمان رۆژی پاریان نەبێت!، دیارە ئەگەر ئەوە ئاستی رۆژنامەکانی خۆیان بێت، ئیدی چۆن رۆڵیان لە پێگەیاندن و بەهێزکردنی رۆژنامەنووساندا ببێت!..

کاسبی و خۆژیێنی دوو شتی جیاوازن، کاشکی ئەوان وەکو کاسبی سەیری پیشەکەیان بکردایە، چونکە کاسبی بەشێکی گرنگی پرۆفیشناڵییە، ئەگەر من نان و ئاو و پەروەردەی منداڵەکانم لەسەر رۆژنامەنووسی بێت، دەبێت بەشێوەیەکی واهی خۆم پێش بخەم کە نان و ئاو و پەروەردەی منداڵەکانم باشتر بکەم یان هیچ نەبێت ئەو ئاستەی ئێستام مسۆگەر بکەم.. ئەگەر نا ئەوا بۆم نەبێت کاری رۆژنامەنووسی بکەم! بەڵام رۆژنامەنووسگەلێك بخوێنێتەوە هەر بژی و نەخوێنێتەوە هەربژی! ئیدی چ پێشکەوتن و پێگەیاندنێك روودەدات.. لەناو دەزگاکانی راگەیاندندا هەندێك شوێن هەیە کە دەستت پێی گەییشت ئیدی وەك ئەوە وایە کە لۆتۆت بۆ دەرچوویێت و تا ئەو رۆژەی دەمریت ژیانت مسۆگەرە، ئیتر پێشکەوتن چۆن دروست ببێت!..

رۆژنامەی حیزبی هەیە لەو کوردستانە من و زۆری تر بە پولێکی قەڵب نایکڕین، کەچی دەبیستم هەر لاپەڕەیەکی لێپرسراو و پەیامنێر و کارمەندی هونەریی و چی و چیی تری هەیە!.. ئەمە باسی بەردەست و کارمەندی تر ناکەم.. ئەمانە کە ساڵانێکە لاپەڕەیەکی وا پێکەڵك دەردێنن، ئەگەر کەسانی خۆژیێن نەبن! ئەدی چین! هەڵبەت لەوانەیە زۆر شت بن، تەنها ئەوەیە کە رۆژنامەنووس نین..

لاهای - هۆڵندا
2010-09-28

# پیلانی عەرەب و سادەیی کورد![1]

**پرسیاری میدیا: دواخستنی سەرژمێری لە ئێراق وپرسیارکردنی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێراقی لە دادگای باڵای ئێراق سەبارەت بە شمول بوونی ژمارەی دانیشتوان لە ماددەی 140 بۆ چ مەبەستێکە لە لایەن حکومەتی ئێراقی؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: دواکەوتنی سەرژمێری لە ئێڕاق بەهیچ شێوەیەك لە خزمەتی دۆزی کوردا نییە! هەموو زۆرباش دەزانین کە پڕۆسەی بەعەرەبکردن هێشتا هەر بەردەوامە، لە هەندێك ناوچەدا نەك هەر بەردەوامە، بەڵکو لەوەی سەردەمی بەعسیش خراپترە. کاتی خۆی واتە پێش رووخانی بەعس، کورد هیوای گەڕاندنەوەی هەندێك ناوچەی بۆسەر هەرێم مابوو و هێشتا ئەو ناوچانە کەمینەیەکیش بێت کوردی هەر تێدا بوو. بەڵام دوای پڕۆسەی ئازادی بارودۆخەکە زۆر گۆڕدرا و ئەو ناوچانەی کە کەمێك کوردیان تێدابوو و لەباری جوگرافی و مێژووییەوە سەربە کوردستان بوون، بەتەواوەتی کوردیان تێدا نەما. نموونەش بۆ ئەمە شارۆچکەی جەلەولایە کە پێش رووخانی رژێمی بەعس کوردی زۆرتر تێدابوو وەك لە ئێستا!.. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمەی کورد بیرکردنەوەمان زۆر سادەیە، ئەوکات واماندەزانی کە تەنها بەعس پرووخێت ئیدی عەرەبی شیعە و ئەوانی دیکە وەك بەعس ناکەن، نەماندەزانی عەرەبی چەپ و شیعە و سوننە و هەموو ئەوانی تر هەمان بیروبۆچوونیان بەعسییانەیە بەرامبەر بە کورد!.

دواخستنی سەرژمێری پیلانە، عەرەب بەشێوەیەکی سیستەماتیك هەوڵی زۆرتر بەعەرەبکردنی ناوچە داپڕاوەکان دەدات، شارۆچکەی خورماتوو بە نموونە، رۆژ بە رۆژ رێژەی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 455– لاپەڕە 6 – 12-10-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، کڵاورۆژنە، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، پارتی چەپی کوردستان و ... – ئۆکتۆبەری 2010

کوردی تێدا کەم دەبێتەوە و هەڵدێن، عەرەبیش بە ئاسانی زەوییەکانیان لێدەکڕێت، لە زۆر باردا هەمان سیاسەتی جوولەکە بەکاردێنن کە پرە دراوێکی زۆر زۆرتر لە هەقی زەوییەکان دەدەن بە کورد، من وای بۆدەچم کە ئەو پارانە هەمووی لە بودجەی ئێراق و بە مەبەستەوە بدرێت بە عەرەب تاوەکو زەوییەکان لە ژێردەستی کورد دەربهێنن. هەمان سیاسەتیش لە کەرکوك پەیرەودەکرێت.. هەڵبەت من پێموایە هێشتا رێژەی کورد لە ناوچەی کەرکوکدا بەتایبەتی لە ئەوانی تر زۆرترە، هەربۆیە عەرەب بەو شێوەیە کەوتووەتە خۆی و ئەو پارە زۆرەیان بۆ کڕینی موڵك و ماڵی کورد هەڵڕشتووە، دواخستنی سەرژمێرییەکەش هەر لە ئەنجامی تەواونەبوونی ئەو پرۆسەی بەعەرەبکردنەوە هاتووە.. کەنگێ زانییان کێشەیان نییە لەو ناوچانەدا و ئەو رێژەیەی کە خۆیان مەبەستییانە پێی گەیشتوون، ئەوکات ئامادەن دەست بکەن بە پرۆسەی هەڵبژاردن..

سەبارەت بەوەی کە ئەو ناوچانەی کە مادەی 140 دەیانگرێتەوە، خراوەتە بەردەم دادگای باڵای ئێراقی تاوەکو بڕیاری لەسەربدات کە ئایا شمولی سەرژمێری دەکەن یان نا، ئەوەشیان هەر بۆ هەمان مەبەستە، ئەوان هێشتا ترسی ئەوەیان هەیە کە رێژەی کورد لە کەرکوك و دەوروبەریدا لە ئەوانی تر زۆرتر بێت. هەربۆیە نایانەوێت ئەو رێژەیە بەهۆی سەرژمێریی گشتی دانیشتووانەوە فەرمییەتێك وەربگرێت و ئیدی کورد وەکو کارتێك بەکاریبهێنێت بۆ گەڕانەوەی کەرکوك و دەوروبەری بەسەر هەرێمی کوردستان..

هەڵبەت من لەوە دڵنیا نیم کە ئایا ئەم پلانانە هی خودی عەرەب خۆیەتی یان دەستی ئامریکییەکانیشی تێدایە، بەڵام لەیەك شت زۆر دڵنیام کە دەستەڵاتی کوردی هیچ خەمێکی بەم پلانە و بەم دواخستنی سەرژمێرییەوە هەڵنەگرتووە..

2010-10-10

لاهای – هۆڵندا

**ئەم بابەتە ئەم کۆمێنتانەی لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ لەسەر نووسرا:**

**2010/10/12 ئاسۆ بیارەیی**

دەستخۆش هاوڕی باخەوان!

ئەگەر سەرنجی میدیای کوردی بدەیت، بە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لە باتی ناوچە داگیرکراوەکان دەڵێن ناوچە جێناکۆکەکان، بە تایبەتی بەعەرەبی. تەعریبکردنی باشووری کوردستان لە شارەکانی هەولیر و سلێمانی بەردەوامە. بە قسەی خۆدی دەسەلات پتر لە ١٨٠ هەزار عەرەبی تیایە. ئەگەر تا دەسەڵای تریش ئەو عەرەبانە لەو شارانە بمێننەوە، ژمارەیان دەگاتە نزیکەی یەک ملێون. دەسەلاتی کورد هەر لەوە بێ دەنگ نیە، بەڵکو ڕێگەی داوە دەها کۆمپانیای میسری و سوری و ئەردەنی، ئیماراتی وەبەرهێنان بکەن. ئەگەر سەددام تەنها تەعریبی جەستەیی و سەربازی کردبێت، ئەوا شیعە و سوننەکان زیرەکانەتر لە سەرانی کورد، ناوجەرگەی کوردستانیش تەعریب دەکەن..بەڕاستی کارەساتە وا دەسەڵاتی کە کوردی خەمساردە، هەرچەندە خاوەن باشترین سەرمایەیە و لە ساڵی ٢٠٠٣ دەیتوانی هەموو ناوچەکان بە پارەیەکی هەرزان بکڕێتەوە..هەر بۆیەش ئەمڕۆ کورد لە باشوور پیوپستی بە پارتێکی نەتەوەیی توکمە و هوشیارە کە بێ سڵەمینەوە بەرگری لە خاکی کوردستان بکات.

دوبارە دەستخۆش

**2010/10/13 هاوڕێ باخەوان**

کاك ئاسۆ گیان سڵاو،

سوپاس بۆ کۆمێنتەکەت... ئەوەی بەڕێزتان نووسیووتانە هەمووی راستە دەستخۆش.. من داخی ئەوەم لێدێت هەندێك کەس بە یەکێتی و پارتی دەڵێن نەتەوەیی! ئەوانە کەی نەتەوەیین؟!..

دووبارە سوپاس..

# دەربارەی پرۆژە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن[1]

**پرسیاری میدیا: پەڕلەمانی کوردستان دانیشتنی خۆی دواخست، لە گەرمەی گفتوگۆکانی لەسەر پرۆژە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان، ئایا مەبەستی سیاسی لە پشتە یان هۆکاری ئیداری و تایبەت بەرێکخستنەوەی کارەکانی پەڕلەمانە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: کار و بڕیار و یاساکانی پەڕلەمانی کوردستان، هەرگیز وەك پێویست نەبوون. هیچ کاتێکیش، هیچ کردەوەیەکی بەبێ خواستی هەریەك لە یەکێتی و پارتی نەبووە، واتا ئەم دوو لایەنە چۆنیان پێ باش بووبێت و لە بەرژەوەندییاندا بووبێت، پەڕلەمان بەو شێوەیە رەفتاری کردووە..

کێشەگەلێکی زۆر هەن کە چاوەڕێی ئەوەن پەڕلەمانی کوردستان بڕیار و یاسا و رێسایان بۆ دەربکات. لە راستیدا پەڕلەمانی کوردستان زۆر کەم کار بە پریۆریتیی کێشەکان دەکات، ئەگەرچی هەموو ئەو یاسایانەی کە تاوەکو ئێستا دەریکردوون، هەموویان گرنگن، بەڵام دیارە زۆر لەوان گرنگتر هەیە و بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست دوایخستوون!.

زۆرجاریش لە دەرکردنی یاسایەکدا پەلەپەلێکی وایکردووە کە فەزیحەتی لێکەوتووەتەوە، دەستووری باشووری کوردستان یەك لەو فەزیحەتانەیە و من خودی خۆم هەزار و یەك رەخنە و تێبینی و هەڵەم تێیدا دۆزیوەتەوە!.

هەمووومان زۆرباش دەزانین کە هەڵبژاردنەکانی رابردوو چەند کێشەیان لێکەوتووەتەوە و چەند لایەن بە درۆ بێت یان بەڕاست بەرەورووی ساختەکاری و دەستتێوەردان بوونەتەوە.. یەکێك لە گرنگترین هۆیەکانی ئەو کێشانەش نەبوونی یاسای هەڵبژاردنە

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 456– لاپەڕە 6 – 19-10-2010 – کوردستان – هەولێر.
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، کڵاورۆژنە، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، پارتی چەپی کوردستان و ... – ئۆکتۆبەری 2010

لە کوردستان. ئەگەرچی من بە بوونی ئەو یاسایەش گومانم هەیە لەوەی کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەبێ لەکە بەڕێوەبچن، چونکە ئەو کێشانە زۆرتر پەیوەندی بە ئاستی بیرکردنەوەی خودی کورد و نەبوونی شارەزایی تەواوی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراتیەوە هەیە، جگە لەوەی زۆرینەی یاساکانی نەك کوردستان بەڵکو وڵاتانی جیهانی سێ، تەنها بۆ ناو و ناوبانگ نووسراون و کارپێکردن و پراکتیککردنیان ئاسان نییە، ئەگەر لێرە و لەوێش پراکتیك بکرێت، ئەوا زۆرتر بۆ چینی هەژار و بێپشتانە و هیچی تر..

دەرکردنی یاسایەك بۆ رێکخستنی هەڵبژاردنەکان زۆر پێویستە، پەرلەمانی کوردستان ماوەیەکی زۆری خۆیی بۆ دروستکردنی ئەو یاسایە تەرخانکرد، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوورمانە بەبێ هیچ هۆیەکی روون و روونکردنەوەیەکی سازێنەر، پەرلەمان گفتووگۆکانی خۆیی راگرت و کەسیش بەتەواوەتی نازانێت کەنگێ دەستدەکاتەوە بە کارکردن تێیدا.. هەڵبەت ناکرێت باوەڕ بەوە بکەین کە پەرلەمان بەهۆی هۆکاری کارگێڕی و تایبەت بەرێکخستنەوەی کارەکانی پەرلەمان ئەو گفتوگۆیانەی راگرتووە، چونکە ئەو رێکخستنەوانە دەکرێت شانبەشانی ئەو گفتوگۆیانەی سەر ئەو یاسایەش بکرێت، ئەدی پەرلەمانی کوردستان ئەو لەشکرە کارمەندەی بۆ چییە ئەگەر لە دوو پرۆسەی واهیدا بەکاریان نەهێنێت و نەبێتە هۆی ئیفلیجبوونی کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان کە ئەویش دروستکردنی یاسا و رێسا و بڕیارەکانە!.. دیارە ئەوانەی کە لە پشتەوەی ئەم بڕیارەی وەستاندنی گفتوگۆکانن، دەیانەوێت هەڵبژاردنی داهاتووش بەبێ یاسا و بەبێ کێشە بۆیان، بەو هەڵبژاردنەشدا تێپەڕن!..

2010-10-15، لاهای - هۆڵندا

# ژنانی سەرکردە پڕکەرەوەی بۆشایین! یان بەڕاست سەرکردەن![1]

زۆرجار لێرە و لەوێ، لە نێو یاداشتی گەڕیدەیەك یان رۆژهەڵاتناسێك و یانیش کوردناسێك ئەوەم بەرچاو کەوتووە کە ژنانی کورد بە بەراوورد لەگەڵ ژنانی دراوسێیان، واتە عەرەب و تورك و فارس، گەلێك سەربەستترن!. دیارە هەریەك لەو رایانە و ئەو بارودۆخ و شوێن و کاتانەی کەوای لەو بێگانانە کردووە ئەو رایە دەرببڕن زۆر جێگای مشتومڕە.. بەڵام من هەردەم گومانم لەو رایەیان هەبووە و پێموابووە کە ئەو دەربڕینەیان دەربارەی سەربەستیی ژنانی کورد، دەربڕینێکی زۆر سادە و رووکەشی بووە..

ئەگەرچی نەبوونی عەبا و پەچە و کارکردن و دانیشتن لەناو مەجلیسی پیاواندا! بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرێکن لە سەربەستی ئافرەتان و ئەمانەش پێموابێت تاکە هۆن بۆ ئەو بەراووردەی ئەو بێگانانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەس نین بۆ ئەو بەراووردەیان!. بەتایبەتی دانیشتنی دیوەخانی پیاوان، بێگانەکان تەنها لە ئاغاژنانیان بینیوە و ئەوانی تر بە رێبواری بەلایدا تێپەڕیوون کاتێك لە کێڵگەکاندا وەك رۆبۆت کاریان کردووە و کەمینەیەکیان نەبێت هەر سڵاویشیان لێنەکردوون.. هۆیەکەشی ئەوەیە هەموو ژنێکی کورد خانزاد و عادیلەخان و حەپسەخان نەبووە..

من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە، کە ئەگەر لە کوردستانی ئەوسادا، شارێکی وەك خاوەن بازاڕ و گرنگی وەك ئەستەمبوڵی تێدابووایە و کاکی گەڕیدەش بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی سەردانی خراپخانەکانی بکردایە و چەند لەشفرۆشێکی بناسییایە، هەر زوو دەیزانی کە زۆرێك ئافرەتی کورد خەتەنەکراوە و ئەو رایە رووکەشییەی خۆیی دەرنەدەبڕی و زوو دەیزانی کە ئافرەتی کورد لە چ زیندانێکدا دەژی!.. شاری

---

1 رۆژنامەی رووبەر – ژمارە 36 – لاپەڕە 11 – 19-10-2010 – کوردستان – هەولێر
ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، کڵاورۆژنە، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، پارتی چەپی کوردستان و ... – ئۆکتۆبەری 2010

قاهیرە، چونکە شارێکی گرنگ بووە، گەریدەکان هەر زوو بەهۆی لەشفرۆشەکانەوە دیاردەی خەتەنەیان پەی پێبردووە و یاداشتیان کردووە!..

وەکو گەڕیدەکان لە هەندێك لایەنی ژیانی ئافرەتی کوردا بە هەڵە چوون، خۆشمان نەمانتوانیوە کێشەکانیان وەك پێویست شیبکەینەوە.. ئەو ئافرەتانەشی کە بە سوپاسەوە ئەو هەوڵانەیان کە بۆ هاورەگەزەکانی خۆیانیان داوە، هێشتا نەیتوانیوە بستێك رەوشی ژیان و پێشکەوتنی ئافرەتی کورد بەرەو پێشەوە ببەن، چونکە خۆیان هێشتا کێشەی زۆریان هەیە و سەربەستیی تەواویان نییە!، بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی هۆزایەتییە و لە سیستەمی هۆزیشدا پیاو هەموو شتێکە و ئافرەتیش هەروەك کاڵا مامەڵەی پێکراوە.

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، بێجگە لە ئیسلامییەکانیان کە زۆرتر بوونەتە هۆی دواکەوتن و دیلکردنی ئافرەتی کورد، ئەوانی تریش کارێکی ئەوتۆیان بۆ ئافرەتی کورد نەکردووە و کاتی خۆی هۆزەکان چۆن سەیری ئافرەتییان کردووە، ئەمانیش گۆڕانکارییەکی جگە لە رووکەشی، هی ئەوتۆیان بەسەر ئەو رەوشەدا نەهێناوە..

ماوەیەکە پیاوانی سیاسیی کورد، بەو سیفەتەی کە وەك هۆزەکان هەڵسوڕێنەری داینەمۆی حیزبەکانیانن، هێنانی ئافرەتی کوردیان بۆ ناو بازنەی (بەڕێوەبردن و بڕیاردان) کردووەتە مۆدێل. پێشتریش هەمان مۆدێلی هێنانی لاوانیان پیادەکردووە و من پێموایە هیچ سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێناوە.. چونکە تاوەکو ئێستا بەڕێوەبردن و بڕیار هەر لای سیاسیی کلاسیك و پیری کوردە و ئەوانی تریش کراونەتە رووکەشێکی دەرەوەی ئەو بازنەیە!..

پێشتر یەکێتی لە دوا کۆنگرەیدا چەند ئافرەتێکی هێنایە ناو سەرکردایەتییەوە، تەنانەت رێژەیەکیشی بۆ ژمارەی ئافرەت دانابوو، کە ئەمە پێموایە سووکایەتییە! ئەدی ئەوان دەیان ساڵە بانگەشەی ئەوە ناکەن کە ئافرەتی کورد مرۆڤی کوردە و نیوەی خەڵکی کوردە!..

ماوەیەکە پارتیش بۆ هەمان مەبەستی مۆدێل و هێنانی ئافرەتی کورد بۆ سەرکردایەتییان بانگەشە دەکات، بەشێوەیەك

کە دەیانەوێت ژمارەیەك ئافرەت بهێننە ناو سەرکردایەتییانەوە لە کۆنگرەی داهاتوویاندا..

با لەوە بگەڕێین کە ئەو ئافرەتانە وێرای ڕێزم، زۆربەیان کچی ئەم لێپرسراو و بووکی ئەو و خۆشکی ئەون! بەڵام تاوەکو ئێستا هیچیان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە حاڵەتێکی خەتەنە لەو گەرمیانە کەمبکەنەوە..

ئافرەتی کورد، وەك چەوساوەترین مرۆڤی کورد، نابێت بەو شێوەیە بەشداریی ئەو شانۆگەرییەی پیاوی سیاسیی کلاسیکی کورد بکات و ئامانجەکانی ئەوان بهێنێتەدی!.. دەبێت بەشداریی ئافرەت لە سیاسەتدا بەو شێوەیە بێت کە بەڕاستی خەمەکانی خوشك و دایك و کچمان کەم بکەنەوە.. دەبێت نەبنە پڕکردنەوەی بۆشایی ڕەگەزی ناو سەرکردایەتیی حیزبەکان! ئەگینا ئەوانیش لە پیاوە پیرە کلاسیکەکان زۆرتر ڕەوشی ئافرەتی کورد ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەکەن.. بەشێوەیەك ئەگەر پیاوانی سیاسی جارێك تاوانبار بن، تاوانی ئەمان دەبێتە دوو، یەکەم لەبەرئەوەی (سیاسی)ن و دووەمیش لەبەرئەوەی ژن!..

لاهای – هۆڵندا
2010-10-11

# تەعریبی خۆماڵی[1]

**پرسیاری میدیا: تەعریب لە ناوچە داپڕاوەکان بە بەرگێکی دیکە بەردەوامە و بوونی هەیە لە سایەی ئێراقی نوێدا ،کە کورد تیادا لەو دەسەڵاتە بەشدارە، لە لایەکی دیکە حکومەتی ئێراقی و گرووپە تیرۆرستەکان لەو کارە هەماهەنگن، بە رای ئێوە لەو قۆناخەدا بۆچی و مەبەست لەو کارە چییە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: زۆرێك لە چاودێران رایان وایە کە رەوشی کورد لە باشووردا، لە پێش رووخانی بەغدادا لە ئێستای باشتر بووە.. ئەم رایەی چاودێران دەکرێت زۆر هەڵوێستەی لەسەر بکرێت.. منیش تاڕادەیەك هەمان رام هەیە!. کورد پێش رووخانی بەغدا سێ پارێزگای هەبوو و لە هەمووشیان گرنگتر هیوای گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە داپڕاوەکانی تری هەبوو لە دوای رووخانی بەغدا!، بەڵام ئەوە ساڵانێکە بەغدا کەوتووە و کوردیش لە لایەنی زەوییەوە یەك بست نەچووەتە پێشەوە! و هیوای گەڕاندنەوەی ناوچە داپڕاوەکانیش رۆژ بە رۆژ کەمتر دەبێتەوە..

من دەمێکە گووتوومە کە جیاوازیی عەرەبێکی بەعسی و سوننی و شیعی بۆ کورد نییە! بەڵام کەسانێك هەبوون ئەم قسەیەی منیان بە رەگەزپەرستی لێکدەدایەوە!، کاشکی قسەکەی من راست دەرنەچووایە و عەرەبی نابەعسیی وەك شیعە و سوننەی ئێستا بۆ کورد باش بوونایە و هەر دوای رووخانی بەغدا هەرچی مافی کورد هەبوو بیانسەلماندایە! و هۆنراوەکەی گۆرانیش کە دەڵێت: برای عەرەبی چاورەشم، تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم، راست دەرچووایە!..

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 457– لاپەڕە 6 – 26-10-2010 – کوردستان – هەولێر.

ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، کڵاورۆژنە، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، پارتی چەپی کوردستان و ... – ئۆکتۆبەری 2010

من پێموایە کە ئەو بەعەرەبکردنەی کە ئێستا و لە دوای رووخانی بەغداوە لە ئارادایە زۆر لەوەی سەردەمی بەعس کاریگەرتر و ترسناکترە! هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوەی سەردەمی بەعس بە ویست و بەشداریی خۆمان نەبووە و بارودۆخی ئەوکاتە ئەوەی بەسەر ئێمەدا سەپاندبوو، بەڵام ئەم بەعەرەبکردنەی ئێستا، بەعەرەبکردنێکە کە دەستی خۆشمانی تێدایە!.. سەیرە کە کورد لە حکومەتی ئێراقدا بەشدار بێت و بەوتەی رابەرانی کایەیەکی گرنگی سیاسەت و پڕیاری ناوەندی بێت لە بەغدا و هێشتا بەعەرەبکردنیش هەر لە جاران خراپتر بێت.. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بەعەرەبکردنە بە ویست و بەشداریی کورد خۆیەتی؟!.
کە پێشتر گووتم جیاوازیی نێوان عەرەبێکی بەعسی و سوننی و شیعی بۆ کورد نییە! ئەمجارەیان گروپە تیرۆریستە عەرەبەکانیشی دەخەمەسەر! ئەوانیش بە شێوەیەکی سیستەماتیك و هەماهەنگ لەگەڵ عەرەبە (نا)تیرۆریستەکاندا نەخشەی زۆرتر بەعەرەبکردنی ناوچە داپڕاوەکان دادەڕێژن و جێبەجێی دەکەن، تاوەکو گەڕاندنەوەیان بۆ حکومەتی هەرێم ئەستەمتر بێت.. ئەوەشی جێی داخە کە ناوەندی پڕیاری کوردی زۆر لەمە خەمسارده و ئەم رۆژانە لە هەمووکات خراپتر ناوچەکانی وەك مەندەلی و سەعدییە و دەوروبەری بەهۆی گروپە تیرۆریستەکانی عەرەبەوە و بەپێی نەخشەیەکی عەرەبە (نا)تیرۆریستەکانی بەغدا کە ناوەندی پڕیاری ئێراقیان بەدەستەوەیە، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن و بە هەموو جۆرێك لە هەوڵی ئەوەدان کە کورد لەو ناوچانە دەرپەڕێنن.. دیارە مەبەستی ئەو عەرەبە تیرۆریستانە تەنها ئەوەیە کە رێوجێیەکی گونجاو بۆ سەرژمێریی گشتی لەو ناوچانەدا دروستبکەن و کورد بە هیچ شێوەیەك نەبێتەوە خاوەنیان، کە لەمەدا زۆرترین لۆمە بەر هەولێر و ناوەندی پڕیاری کوردی و خەمسارديی دەکەوێت!..
دەمێکە چاودێران ئاماژەیان بۆ ئەم بەعەرەبکردنە سیستەماتیکییەی ناوچە داپڕاوەکان کردووە، دەمێکیشە هەموو لەوە دڵنیا بووین کە حکومەتی ئێستای ئێڕاق کە کوردیش تێیدا بەشدارە، بەشداری ئەو بەعەرەبکردنەیە! هەر بۆیە ئەم باسە بە پرسیارێك کۆتایی دێنم! کە ئایا حکومەتی ئێستای ئێڕاق

بەشێوەیەکی ڕێکوپێك خەریکی بەعەرەبکردنی ناوچە داپڕاوەکانە و بووەتە بەربەستی سەرەکیی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆسەر باشووری کوردستان! ئیدی کورد بۆچی دەبێت لە حکومەتێکی واهی بەشداری بکات؟! و خۆی بەدەستی خۆی، خۆی بەعەرەب بکات!..

21-10-2010، لاهای – هۆڵندا

# خەونی سەربەخۆیی![1]

**پرسیاری میدیا: رای بەرێزتان لەسەر ئەوە چییە کە دەگوترێت سەربەخۆیی کوردستان لەم رۆژگارەدا خەونە و کەوتنە دوای عاتیفیەیە و جەهالەتە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: هۆیەکانی دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان زۆرن و زۆریشیان لەسەر نووسراوە. خودی خۆم چەند لەو شاهۆیانەی دانەمەزراندنی ئەو دەوڵەتەم وەك کتێبێك بەناوی (ئاڵای کورد، بۆچی نا! تاکوکەی؟!)یەوە بڵاوکردووەتەوە..

دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەگەر هەر بەڕاستیش خەون بێت، ئەوا من پێم وایە خەونێکی پیرۆزە و مرۆڤیش لە هیچ شتێکدا ئازاد نەبێت، ئەوا لە خەو بینیندا ئازادە. جەللادێك دەتوانێت رێگای زۆر شت لە زیندانییەك بگرێت، بەڵام ئەو جەللادە چەندێك نامرۆڤانە رەفتار بکات و چەندێکیش بەهێز بێت، ناتوانێت رێ لە خەوبینینی زیندانییەك بگرێت!..

دیارە سۆز و خەوبینین دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە و ناکرێت پێی بگووترێت نەزانی یان جەهالەت!. تەنها لەو کاتوبارانەدا نەبێت کە سۆز و سۆزدارییەکە پەیوەست بێت بە کۆت و بەندێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینییەوە، ئەوکات پاش ئەوەی ئارگومێنتی تەواو دەدرێت بەدەستەوە، دەکرێت پێی بگووترێت ئەوە دیاردەیەکی خراپە و کەوتنە شوێنی سۆز و نەزانییە!..

هەڵبەت ئەمە بەسەر سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردیدا ناچەسپێت، چونکە شتێکی ئەستەم نییە، بەڵام تابڵێی گران و ئاڵۆزە..

مرۆ ئازادە لەوەی چەند و چۆن لە هۆکاری کێشەیەك دەکۆڵێتەوە، بەڵام لە فڕێدانی قسەدا نابێت ئازاد بێت، دیارە ئێمە زۆر باش لەوە تێدەگەین کە عەرەبێك، تورکێك یان فارسێکی شۆڤێنیست بە خەون و سۆز و نەزانی باسی سەربەخۆیی

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 458– لاپەڕە 6 – 02-11-2010 – کوردستان – هەولێر.

کوردستان دەکەن، بەڵام کردنی قسەیەکی واهی لەلایەن کەسێکی خۆمانەوە بەبێ ئەوەی هیچ ئارگومێنتێکی ببێت جێی سەرسوورمانە!..

من پێموایە، خودی کورد خۆی یەکەمین و دواهەمین شاهۆی سەربەخۆنەبوونی کوردستانە، چونکە هەرگیز وەك نەتەوە رەفتاری نەکردووە و تاوەکو ئێستاش ئەوەی دەبینرێت کۆمەڵە هۆزێکە و پێیان دەگووترێت کورد، رەفتاری ئەم هۆزانە لەگەڵ یەکتریدا هەردەم خراپ بووە، تاکەکانی کوردیش ئەوەندەی دواکەوتەی هۆزەکانیان بوون، ئەوەندە بەگشتی خۆیان بە کورد نەزانیوە. ئەم هێزکاری هۆز و هۆزکارییە گوێزراوەتەوە بۆ ناو پارتەکانی کوردستانیش، هەربۆیە گوێمان لەو جۆرە لێدوانانە دەبێت..

مانگی پێشوو، ئەحمەد تورك کە بەناوبانگترین سیاسەتمەداری کوردی باکوورە و سەرۆکایەتی گەورەترین پارتی رێگەپێدراوی کوردی دەکات لە باکوور و تورکیا، لە کۆبوونەوەی سوڵحی عەشایەرییەکەیدا، پازدە هەزار کەس نانی خواردبوو! ئەو سوڵحە عەشایەرییە وردەکاریی زۆرە و لەم کوورتە باسەدا، باسکردنیان گونجاو نییە، بەڵام سەلمێنەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە پارتە کوردییەکان تەنها هۆزەکانن بەڵام بەناوێکی ترەوە..

سەربەخۆبوونی کوردستان خەون نییە، بەڵام تاوەکو پارتە کوردییەکان وەك هۆز رەفتار بکەن و بەرژەوەندیی باڵای سەربەخۆیی کوردستان نەخەنە سەروو هەر بەرژەوەندییەکی پارتایەتییانەوە، ئەوا سەربەخۆیی کوردستان بە رووداوێکی زۆر گران و ئاڵۆز دەمێنێتەوە..

2010-10-29، لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی یاسای خۆپیشاندان[1]

**پرسیاری میدیا: یاسای خۆپیشاندان لەو ماوانە لە لایەن پەڕلەمانی کوردستان پەسەند کرا، کە بە رای چاودێران پەسەندکردنی بەشێکە لە هەوڵەکان بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، ئێوە پەیامتان چیە بۆ ئەو مەسەلەیە؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: زۆر جار لە ئەدەبیاتی رێکخراوە کۆمۆنیستییەکاندا دەبینم داوای (ئازادیی بێ قەید و شەرت) دەکەن.. ئەم درۆشمە ئانارشیستییە ئەگەر باش وردی بکەیتەوە ئەوە دەگەیەنێت، کە بۆ نموونە ئەمبوڵانسێك نەخۆشێکی لە سەرەمەرگدا یان ئافرەتێکی دووگیانی پێیە و دەیەوێت بە زووترین کات بگاتە نەخۆشخانە، بەهۆی ئەو ئازادییە بێ قەید و شەرتەوە رێکەوتی خۆپیشاندانێك دەکات کە نە پۆلیسی هاتوچۆ و نە هیچ لایەنێکی تر خۆیی بۆ ئامادەنەکردووە، بەهۆی ئاپۆرای خۆپیشاندانەوە ئەمبوڵانس ناگاتە نەخۆشخانە و ئەوەی تێیدایە گیان لەدەستدەدات!..

ئەو نموونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێم ئازادی چەند پیرۆز بێت و چەند خۆش بێت، دەبێت سنووردار بێت و لە پێی یاسا و رێسا رێکبخرێت، ئەگەرنا ئەوا دەبێتە گەڕەلاوژێ..

خۆپیشاندانیش بەگشتی یەکێکە لە دیاردەکانی ئازادی و دیموکراسی.. ئەگەر خودی ئازادی و دیموکراسی سنووری هەبێت و بەپێی یاسا رێکبخرێت، ئیتر بۆچی خۆپیشاندانیش کە بەشێکی بچووکی ئەوانەیە سنووری نەبێت و بەپێی یاسا رێکنەخرێت!..

بوونی یاسای خۆپیشاندان لە هەموو وڵاتێکدا پێویستە، زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە دەچنە چوارچێوەی فەرمانڕەوا دیموکراتەکانەوە، خاوەنی ئەم یاسایەن.. هەڵبەت ئەم یاسایە بەگشتی دەبێت ماف و ئەرکی خۆپیشاندەرانیش و دەستەڵات

---

1 هەفتەنامەی میدیا – ژمارە 459– لاپەڕە 6 – 09-11-2010 – کوردستان – هەولێر.

و مافی گشتیش رێکبخات! ئەگەر نا ئەوا بەبێگومان دەبێتە هەوڵێك بۆ بەرتەسككردنەوەی ئازادی و ژیانی دیموكراسی..

بەكوورتی یاسایەكی لەو جۆرە دەبێت مافی ئەوە بداتە هەر توێژێك و لە هەر بوویەرێكی نەتەوەیی، كۆمەڵایەتی و هیی تردا، خۆپیشاندان بكات، خۆپیشاندەرانیش دەبێت بەپێی ئەو یاسایە ئەركەكانی خۆیان بزانن، هەر چوونەدەرەوەیەك لەو ئەركانەیان كە ئەو یاسایە دیاریی كردووە، دەبێتە سەرپێچی و دەبێت بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لێ بكرێت.. ئەگەرنا ئەوا دەبێتە كاری گێرەشێوێنی.

مافی خۆپیشاندەران، زۆر گرنگە، دەستەڵات دەبێت رەچاو و چاودێری ئەوە بكات كە هێزەكانی پۆلیس یان ئەو هێزانەی كە چاودێریی خۆپیشاندان و مافی گشتی دەكەن، بە شێوەیەكی هاوچەرخانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بكەن و هەرگیز پەنا نەبەنە بەر بەكارهێنانی هێز..

دەستەڵاتیش لەهەمان كاتدا ماف و ئەركی خۆیی هەیە، كە رەگەزێكی گرنگی یاسای خۆپیشاندانن و دەبێت چاودێرییان بكرێت، لەوانە دەبێت دەستەڵات ئەو مافەی هەبێت كە لە ئەنجامی خۆپیشاندانەكاندا مافی گشتیی كۆمەڵگە بپارێزێت و كارێكی واهی بكات كە خۆپیشاندانەكان نەبنە هۆی دەستدرێژی بۆسەر مافی گشتی یان هەر خراپەكارییەك بەرامبەر توێژێك یان هەر زیانێكی مادیی تری كۆمەڵگە..

هەر یاسایەكی خۆپیشاندان هەر سێ رەگەزی گرنگی ماف و ئەركی خۆپیشاندەر و دەستەڵات و كۆمەڵگەی رەچاو نەكرد، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرتەسككردنەوەی ژیانی ئازاد و دیموكراسییە و دەبێت ئەو یاسایە یان هەڵوەشێتەوە یان ڤێرشنی باشتری لێدروست بكرێت..

ئەو یاسایەی كە پەڕلەمانی كوردستان پەسەندی كردووە، دەبێت ماوەیەك بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە، ئەوكات باشتر دەردەكەوێت كە ئەو یاسایە تا چ رادەیەك توانیویەتی ئەرك و مافەكانی هەر سێ لایەنە گرنگەكەی ئەو یاسایە بپارێزێت.. دیارە ئەوكاتیش دەكرێت قسەی زۆرتری لەسەر بكرێت..

2010-11-05، لاهای – هۆڵندا

# عەرەبی (رەسەن) و کوردی (نا)ڕەسەن![1]

زاراوەسازیی رامیاری، پایەیەکی گرنگی رامیاریکردن و ئەتیکێتە دیپلۆماتییەکانە، لە مێژووی دیپلۆماسیدا و لە هەموو کات و شوێنێکدا گرنگیی تایبەتیی خۆیی هەبووە و هەیە.. روویداوە رێکەوتنی نێوان دوو دەوڵەت لە ساتەکانی کۆتاییدا بەهۆی زاراوەسازیی رامیارییەوە هەڵوەشاوەتەوە و جەنگی لێ پەرپابووە!..

زاراوەسازیی رامیاری لە ناو کوردا زانستیکی زۆر کۆڵە، گرنگیی پێنادرێت و مێژوویەکی دووریشی نییە.. ماوەیەکە بەهۆی پرۆسەی سەرژمێریی چاوەڕوانکراو یان (نەکراو)ەوە، کەناڵە کوردییەکان گرنگییەکی بەرچاو بە کوردی-شەبەك و کوردی-ئێزدی دەدەن و بە کوردی رەسەن پێناسیان دەکەن!، لەوە گەڕێن کە هەر ئاوەڵناوێك پێچەوانەی هەیە و بەم پێیە دەبێت کوردی ناڕەسەنیش هەبێت! بەڵام زاراوەسازیی رامیاریی کوردی، یان هی وتەبێژانی کورد پێیوایە کە عەرەبی ڕەسەنیش لە کەرکوك هەیە!. هەرچەند سەیری ئەم زاراوەیەی رامیارانی کورد دەکەم و بە هەرچی پێوەری مێژوویی و جوگرافی و هیی تر هەیە، نایێت لەمدیو حەمرینەوە عەرەبێك هەبێت پێی بگووترێت رەسەن!.. ئەم زاراوەسازییەی خودی رامیارانی کورد بوونی عەرەبیان لەمدیو حەمرینەوە کرد بە ماڵ بەسەرمانەوە!.. دڵنیام ئەگەر بشبینە حکومەت و کەرکوك و ناوچەکانی تریش تاکو حەمرین هی خۆمان بێت، ئەوا مۆتەکەی عەرەبی رەسەن هەر لە خەوەکانماندا دەمێنێتەوە..

بەو پێیە عەرەبەکانیش مافی خۆیانە تا دنیا دنیایە لە کەرکوکدا بمێننەوە، ئەدی رامیارانی کورد بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك و لێکدانەوەیەك هەردەم ناڵێن (کەرکوك کوردستانییە، بەڵام بە پێناسە ئێڕاقییەکەی!)، ئەمەیشییان مەتەڵێکی تری زاراوەسازیی رامیارانی کوردە و من ناتوانم تێی

---

1 گۆڤاری کۆوار – ژمارە 58 - ئۆکتۆبەری 2010– دوالاپەڕە - کوردستان – سۆران ماڵپەڕەکانی: کوردستان نێت، کڵاورۆژنە، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، پارتی چەپی کوردستان و ... – نۆڤەمبەرری 2010

بگەم!، ئەگەر کوردستانییە، ئیدی پێناسی ئێراقیی چی و ئەی ئەگەر پێناسی ئێراقییە ئیدی بۆچی داوای بکەینەوە و بە کوردستانی بزانین!..

دراوسێکانمان زۆر لە ئێمە ژیرترن، ئەوان هەر لە دەمێکەوە گرنگیی ئەم زاراوەسازیی رامیارییە تێگەیشتوون. ئێرانی داگیرکەر بە نموونە، دەیان ساڵە فەرمانڕەواییی دوورگەکانی ئەبو مووسا و هەردوو تەنبی گەورە و گچکە دەکات و لە بەرامبەریشدا ئیماراتی عەرەبیی دراوسێی دەیان ساڵە داوایەدەکاتەوە و بەخاکی خۆیی و نیشتمانی عەرەبی دەزانێت، دڵنیام گەر رێککەوتنێك بێتە ئاراوە و ئێران ئەو دوورگانە بداتەوە بە دراوسێکەیی و لە رێککەوتننامەکەیاندا دەستەواژەی کەنداوی فارسیی تێدا هاتبێت، ئەوا ئەستەمە ئیمارات ئەو دوورگانە بەو شێوەیە وەربگرێتەوە و واژووی زاراوەسازیی رامیاری لەسەر دەستەواژەی (کەنداوی فارس) بکات. ئێرانیش بە هەمان شێوە هەرگیز واژووی خاوەندارێتیی رێکەوتننامەیەکی واهی ناکات کە تێیدا دەستەواژەی (کەنداوی عەرەب)یی تێداهاتبێت!..

هەر بەهۆی ئەم زاراوەسازیی رامیارییەشەوەیە کە هیچ لێپرسراوێکی تورك ناوی کوردستان یان هەرێمی کوردستانی بەسەر دەمدا نایەت و تەنانەت کە سەرۆکێك یان لێپرسراوێکی باشوور روویان تێدەکات بە کەسێکی ئێراقی یان سەرۆك هۆزێك لە راگەیاندنەکانیاندا پێناسی دەکەن!..

هەر هەمان هۆیشە کە ئێراقی داگیرکەر پێی لەوە داگرت کە ناوی فڕۆکەخانەی هەولێر، ئەربیل بێت و هەولێر نەبێت! چونکە ناوی ئەربیل لە عەرەبییەوە نزیکە و هەولێریش کوردیی تەواوە، کەچی دەستەڵاتی باشووریش ملی بەو داواکارییەوە نا و کردییە (مەتار ئەربیل ئەلدەولی)!.

ئەم زاراوەسازییە وشەی بێگانە و تەنانەت چۆنێتیی دەربڕینەکانیشی دەگرێتەوە، کەسانی دیپلۆمات و هێمای بەرچاوی ناوەندە دیپلۆماتەکان دەبێت زۆر بەگرنگییەوە لێی بڕوانن..

زۆرینەی رامیارانی کورد کە بیانەوێت بۆ نموونە باسی هەڵەبجە بکەن، بە دەربڕین و شێوە عەرەبییەکەی دەڵێن حەلەبچە! هۆیەکەی چییە کە ناڵێن هەڵەبجە! تێناگەم، دیارە پیتی (هـ) بۆ هەموو کوردێکی رەسەن و ناڕەسەن لە پیتی (ح)

گەلێك ئاسانترە، ئەدی ئەو لەشکرە زمانەوانەی کورد و ئەو هەموو دکتۆرا و مکتۆرایەی زانکۆکانی کوردستان بۆچی لەم لایەنەوە دەنگێك ناکەن! ئەوەشیان تێناگەم..

پاش رووخانی سەددام و هاتنی عەرەبان بۆ سەیرانگاکانی کوردستان بۆ بەسەربردنی کات! هاوبیرێکی من و چەند هەڤاڵێکی رووداوەکەنە ئەحماوای هەورامان بۆ سەیران و لەوێ بەرامبەر کۆمەڵە گەنجێکی عەرەب بارگەی سەیران و خواردنەوەی لێدەخەن! یەك لە عەرەبەکانی دراوسێ سەیرانیان بە مۆبایلەکەی تەلەفون بۆ کەسێکی ئەودیو حەمرین دەکات و دەڵێت من لە (شیمال)م و زۆر خۆشە! هاوبیرەکەشم کەمێك سەری گەرم بووە و بەم وشەی شیماڵە دەیگرێت، پاش ئەوەی کابرای عەرەب قسەکانی تەواو دەکات، هاوبیرەکەم دەچێتە لای و هەڕەشەی ئەوەی لێدەکات ئەگەر دیسانەوە تەلەفون بۆ هەمان کەس نەکاتەوە و لە جیاتی شیمال نەڵێت کوردستان! ئەوە باشی بەسەر نایەت! ئیدی کابرای عەرەب لە ترسی خۆی بەوە دەسازێت و ناچار تەلەفون دەکاتەوە و دەڵێت من لە کوردستانم و زۆر خۆشە!.. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی زۆرڕەوییەکی تێدایە، بەڵام لێزانیی ئەو هاوبیرەم لە زانستی زاراوەسازیی رامیاریدا دەردەخات و هیوادارم رامیارانی کوردیش نەك بە خوماری، بەڵکو لە هۆشیاریدا چاو لەو بکەن و واز لە رەسەن و ناڕەسەن و پێناسی ئێراقی بهێنن..

لاهای – هۆڵندا
2010-10-13

## تێبینییەکانی ماڵپەری دەنگی سەربەخۆ:

### 2010/11/23 ئاسۆ بیارەیی

دەستخۆش هاوڕێ باخەوان

ئەمرۆ بەداخەوە زاراوەی ناوچە جێناکۆکەکان جێگەی ناوچە داگیرکراوەکانی گرتوەتەوە و ماسمیدیای زۆربەی پارتیەکانی باشووری کوردستان ڕۆژانە بە کاری دەهێنن. ئەوەش دیسان دەسەلاتی کوردی لێی بەرپرسە و لە ڕۆژانی داهاتوودا مۆرکی کوردانەی ئەو ناوچانە لە هزری تاکی کورد نامێنێت..

ڕێزی تایبەتیم

ئاسـۆ بیارەیی

# سوپاس، ئەمجارەش یەکسان بوون![1]

کێ بێت لە ئێمە ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردبێت: جیاوازیی نێوان یەکێتی و پارتی چییە! من بڵێم هەزاران، ئێوە بڵێن ملیۆنان جار لەم کۆڕ و لەو کۆمەڵدا ئەو پرسیارە کراوە.. هەیە سەرچاوەی نانەکەی لەسەر پارتییە و بۆ ئەوەی نانبڕاو نەبێت، کۆمەڵێك درۆ و دەلەسەی واهی ڕێکدەخات، کە خۆشی باوەڕی پێی نییە و تای تەرازووی پارتی و یەکێتی بە تێڕوانینی خۆی بەلای پارتیدا نزمدەکاتەوە و یەکێتیش دەبات بە ئاسماندا. هەشە لەوەتەی خۆی و بنەماڵەکەی خەریکی (کوردایەتی)ن سەربە جەلالییەکان بوون و تەرازووەکە وەك یاریی بەرزونزمی منداڵان لێدەکات و وەك بڵێی پارتیی لەولاوە خستووەتە خوارەوە، یەکێتی وا دەکەوێت بە زەوییەکەدا کە لەوانەیە کلۆت و کلێنچکەی خۆشیی پێوە شکاندبێت!..

ئەم پارتی و یەکێتییەی ئێمە پێشبڕکێیەکی سەیر لە نێوانیاندایە، هەرلایەکیان هەڵەیەك، شازشێك یان خیانەتێك بکەن، لایەکەی تر دەکەوێتە هاتوهاوار، دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەم زۆر لەو باشترە و ئەمان زۆر جیاوازن لەوان!. بەڵام پاش ماوەیەك ئەو کردەوەیەی بۆ نموونە یەکێتی کردوویەتی و پارتی ڕەخنەی لێگرتووە! خودی پارتی خۆی لە یەکێتی خراپتر دەکات..

بۆ ئەم پێشبڕکێیە سەیرەی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەگەر من نموونەیەکم لابێت، دەزانم تۆ دووانت لایە و ئەویش سیان و یەکی تر دەیان!.. چەند نموونەیەکی زەقیان: لە شەستوشەشەوە تاوەکو نەوەدوشەش، مەلاییەکان بە ئێمەیان دەگووت جەلال و دەستەکەی جاشن، کەچی خۆیان لە نەوەدوشەشدا لەوان خراپتریان کرد! پاشتر تۆپەکە هاتەوە گۆڕەپانی یەکێتی و دەیانگووت: جاشەکانی قیادە مۆقەتەی گرێدراو لە کوردەکانی ئێران دەدەن، کەچی پاشتر خۆیان کارەبای سلێمانییان کوژاندەوە و پاسداریان بەتاریکی بۆسەر کوردەکانی (ئێران) هێنایە کۆیە!.. پارتی دەیگووت مام جەلال

1 تێبینی: ئەم وتارە نێردرا بۆ گۆڤاری لڤین، لە ئۆکتۆبەری 2010دا، بەڵام لە بڵاوبوونەوەی ئاگادارنیم.

پشتی خەزرەجی دەگرێت بۆ ئەوەی دادگایی نەکرێت لە کەیسی ئەنفالدا، کەچی خۆیان حیمایەی تۆفیق سامەڕائییان دەکرد! وەك ئەو تۆفیقە لە ئەنفالدا شانبەشانی کورد دژی سوپای بەعس شەڕی کردبێت..

نموونە زۆرە و سەرتان نائێشێنم، تەنها فایلەکانی گەندەڵی و نەوت هەڵبدرێتەوە، دەزانن کە ئەم دووانە چ پێشبڕکێیەکیان بووە لەگەڵ یەکتریدا، هیچیشیانم دروستنەکردووە و من تەنها قسەکانی خۆیان دەکەمەوە! ساڵ هات و ساڵ رۆی، تاوەکو کێشەی ئازادکردنی فڕۆکەوانە عەرەبەکە هاتە کایەوە، ئەو فڕۆکەوانە چاورەشە، یەکێتی زۆر خەمساردانە و بەبەرچاوی دنیاوە ئازادی کرد.. ئازادکردنی ئەو فڕۆکەوانە، کێشەیەکی گەورەش بوو بۆ هاوکێشەکەی من، کە ئەویش ئەوەیە پارتی و یەکێتی دەبێت لە شتی خراپدا یەکسان بن.. ئەم شتێکی خراپ بکات، دەبێت ئەوی تریش بەدوایدا بکەوێتەخۆی و هاوکێشەکە یەکسان بکاتەوە.. خۆشبەختانە ئەوەندەی نەبرد و پارتیش خەمساردانە تەرازووە لەنگەکەی فڕۆکەوانەکەی بکوژی هەڵەبجەی راستکردەوە و قاسم ئاغای کۆیەی ئازاد کرد! بەمەش سوپاس بۆ هەردووکیان، ئەمجارەش یەکسان بوون!..

ئەگەر بەرنامەی من جیاوازم، لە جیاتیی کۆمەڵێك بەهرەمەند، پارتی و یەکێتی و تەنانەت حیزبەکانی تری کوردستان لە بەرنامەیەکی واهیدا کۆبکاتەوە و بزانێت کامیان جیاوازن، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەسیان جیاوازن نین و بەرنامەکە ناچار بۆ ئەڵقەی داهاتوو کاندیدی تر کۆبکاتەوە، چونکە کەسیان بۆ پلەیەکی باڵاتر سەرناکەوون!..

دیارە نازانم و دڵنیا نیم کە ئەمجارەیان کامیان کارێکی خراپی تر دەکات، بەڵام زۆر لەوە دڵنیام پاش روودانی ئەوە، لایەکەی تریش دەکەوێتە خۆی بۆ ئەوەی یەکسانیی خراپەکاری لەکەدار نەبێت و ئەویش بەقەولی سلێمانی پۆرتێکی تر بشکێنێت!..

ئەوە ژیان و مێژوو و پەیوەندیی راستەوانە و پێشبڕکێی یەکێتی و پارتی بووە، بەدرێژایی مێژوویان.. هەردەم لە جیاتیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ژیان! کاریان بۆ یەکسانیی هەڵە و سازش و خیانەت کردووە.. هەربۆیە دەکرێت بگووترێت لە هەموو شتێکدا یەکسانن!..

لاهای – هۆڵندا
2010-10-21

# دەستپێشخەرییەکی ئێراقچییانە![1]

**پرسیاری میدیا: هەوڵەکانی کاك مەسعود بارزانی بۆ یەکخستنەوەی هێزە ئێراقییەکان، هەوڵێك نەبوو بۆ گێڕانەوەی کورد بۆ باوەشی ئێراقچێتی؟**

وەڵامی هاوڕێ باخەوان: زاراوەی ئێراقچێتی وەك زاراوەیەکی سیاسی کاتی خۆی لە فەرهەنگی خەبات و سیاسەتی کوردیدا بەهیچ شێوەیەك بوونی نەبووە، لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیدا تاکە ئامانجی بزووتنەوەکەی دامەزراندنی پادشانشینێکی سەربەخۆ بووە و هەرگیز نەیویستووە خۆی ببەستێتەوە بە ئێراقی عەرەبییەوە. ئەم زاراوەی ئێراق و ئێراقچێتی و مانەوەی کورد وەك کۆیلە لە ئێراقی عەرەبیدا دەستکە دڕکی شیوعییە ئێراقییەکانە، بەتایبەتی شیوعییە کوردەکانی ناو حیزبی شیوعیی ئێراقی، ئەمانە خراپترینی ئەو تاوانبارانەن بۆ هێنانەکایەی بیری ئێراقی و ئێراقچێتی لە باشووری کوردستاندا.. پێویستە هەردەم پەنجەی تاوانبارییان بۆ رابکێشرێت..

لە هیچ کات و ساتێکدا بەرژەوەندیی کورد لەوەدا نەبووە لە چوارچێوەی ئێراقدا بمێنێتەوە، تەنانەت بە گووتنیش زیانێکی گەورەی هەیە، ئەگەر ئێراق وڵاتێکی عەرەبی بێت و بەگووتەی ئەم دواییەی سەرۆك کۆماری ئێراق و هەوڵی ئەوە بدات کە پێناسە عەرەبی و ئیسلامییەکەی لە دەستنەدات! ئیدی دەبێت پایە و پێناسی کورد لە کوێی ئەو چوارچێوەیەیدا بێت!..

لە ئێراقێکی فرەئاڕاستەدا، دەبووایە بیر و دیپلۆماسیی کوردی هەردەم بەلای ئەوەدا پرۆییشتایە کە چۆن بتوانێت سوودی نەتەوەیی لە ململانێی ئەو ئاڕاستە دژبەیەکانەدا ببینێت، چۆن زۆرتر بیانکات بەگژی یەکدیدا تاوەکو خۆی پایەی

1 ئەم پرس و رایە دەبووایە لە ژمارەی 460ی رۆژنامەی میدیادا بڵاوببوایەتەوە کە من بۆ ماوەی ساڵێك زۆرتر بوو کۆڵۆمێکی هەفتانەم تێیدا هەبوو، بەڵام رۆژنامەکە پێیوابوو کە بڵاوکردنەوەی ئەمە زیانی دەبێت بۆ پەزەکان و لەجیاتیی ئەوە پرسیارێکی تریان بۆناردم، بەڵام وەڵامم نەدانەوە و لای خۆمەوە گۆشەکەم وەستاند!

پتەوتر و داواکارییەکانی بهێنێتەدی! نەك ببێتە ناوبژیوان و دروستکردنەوە و پێکەوەلکانەوەی!.. لەبەرئەوەی هاوکێشەی هێز لە ئێراقدا پێچەوانەیە، تا لایەنە ئێراقییەکان تەبا و بەهێزبن، کورد تێیدا بێهێز دەبێت و بە پێچەوانەشەوە..

ئەم هەوڵانەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێم بۆ یەکخستنەوەی هێزە ئێراقییەکان هەمان درێژەپێدەری ئەو بیری ئێراقچییەی شیوعییەکانە. تەواوکەری ئەو بڕیارە کوژەرەیە کە دوای رووخانی بەغدا خودی کورد خۆی دای بۆ گەڕانەوە و بەشداریکردنی حوکم لە بەغدا.. ئەگەر دەستەڵاتی کوردی چەند هەنگاوی بۆ پێشەوە نایێت، ئەوا بەم یەکخستنەوەی هێزە ئێراقییەکان هەزار ئەوەندە هەنگاوی بەرەودواوەنا و چاکبوونەوەشی بەم زووانە ئاسان نییە..

زۆرجار کە دەبیستم فڵانە کەس راوێژکاری سەرۆکی هەرێمە بۆ کارێکی تایبەت، یان یەکێکی تر بۆ کارێکی تر، سەرم سووردەمێنێت و لەخۆم دەپرسیم کە سەرۆکی هەرێم ئەم لەشکرە راوێژکارەی هەیە، ئیدی ئەم بڕیارە هەڵانە بۆ و چی وایلێدەکات کارێك یان بڕیارێکی واهی بدات!، تۆ بڵێی سەرۆکمان راوێژکارانی ببینێت، یان تۆ بڵێی راوێژکارانمان خاوەن راوێژ بن، یان تەنها بۆ ناوە و ئەوانیش فەرمانبەری بندیوارن و هەر مانگانەیەکی ئەستووریان هەیە و هیچی دی..

ئەگەرچی زۆر کەس هەیە لەو راوێژکارە بێراوێژانەی سەرۆك زۆرتر دەزانن، بەڵام ئەگەر سەرۆك راوێژکارێکی زیرەکی لەو بوارەدا هەبووایە، دەبووایە راوێژی بۆ ئەم بوویەرە ئەوە بووایە کە هەرگیز هیچ کارێك بۆ یەکخستنەوەی هێزە ئێراقییەکان نەکات و بگرە بەپێچەوانەوە دەبێت زۆرتر هەوڵی ئەوە بدات کە بەیەکتریدا هەڵبشاخێن.. تاوەکو کورد لەو نێوانەدا شتێکی زۆرتر بەدەستبهێنێت..

زۆر کەس و لایەن ئەم دەسپێشخەرییەی سەرۆکی هەرێمی بە رووداوێکی مێژوویی ناوازە وەسفکرد و تەنانەت تاوەکو ئێستاش پیرۆزبایی لێدەکەن و میدیای نائازادی کوردیش بۆماوەیەکە کردوویەتییە مانشێتی سەرەکیی!.. بەڵام من پیرۆزبایی لە سەرۆك ناکەم! بەڵکو پێی دەڵێم سەرۆك: هەڵەت کرد! هەڵەیەکی مێژوویی! هەڵەیەك کە چەند نەوەیەکی تۆش و منیش و ئەویش بەدەستییەوە دەناڵێنن، هەڵەیەك کە بۆ

دەیان ساڵی تر هەڵکردنی ئەو ئاڵایەی کە لە پشت خۆتەوە داتناوە! دوادەخات...

2010-11-21، لاهای – هۆڵندا

# من و کچە گەرمیانییەکە[1]



زۆرم بیست و زۆرم خوێندەوە لەسەر خەتەنەی کچان، نازانم تاچەندێك هێزکاری خۆیی بووبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەم دیاردە دژبەمرۆڤایەتییە، بەڵام چەندی لەسەر بگووترێت و بنووسرێت هێشتا هەر کەمە، چونکە تاوەکو تاکە دیاردەیەکی خەتەنەی کچان لە وڵاتەکەماندا ببێت، هێشتا ئەو وتن و نووسینانە ئامانجی خۆیانی بەتەواوەتی نەپێکاوە! هەر بەهۆی ئەو وتن و نووسینانەشەوە بوو کە ئەو وێنانەی گەرمیان دزەی کردە ناو جیهانی رۆژنامەگەری و هەموومانی تووشی شۆك کرد..

هەڵبەت ئەو وتن و نووسینانە بەشێوەیەك لە شێوەکان هەر دەبێتە کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە و دەکرێت بگووترێت لەو رووەوە بەئاڕاستەیەکی باشدا دەڕۆین، بەڵام ئەوەی کەمی دەبیستم و کەمی لەبارەوە دەخوێنمەوە خەتەنەی کوڕانەیە، دیارە ناڵێم هێندەی خەتەنەی کچان کاریگەریی خراپی هەیە!

---

1 گۆڤاری کۆوار – ژمارە 60 – دیسەمبەری 2010 - لەبڵاوکراوەکانی دەزگای زاری کرمانجی – کوردستان – سۆران.
ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، کڵاورۆژنە و پارتی چەپی کوردستان و هی تر – دیسەمبەری 2010

بەڵام دەكرێت بەویش بگووترێت كارەسات.. بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی هێشتا ئەو رۆژە رەشەیان لە یادا ماوە و بیرچوونەوەی ئاستەمە..

نازانم ئەو نەفرەتلێكراوە كێ بوو كە بۆیەكەمجار لە مێژوودا خەتەنەی داهێنا! بەڵام دیاردەیەكی تابلێی كۆنە و خودی خۆم پەیكەری سەردەمی چەند هەزار ساڵ لەمەوبەرم بە خەتەنەكراوی لە شوێنەوارەكانی موسڵ بینیوە..

كەسانێك هەن خەتەنەكراون و بیریان نایەت چی روویداوە، بیریان نایەت چۆن بەبێ بەنج پارچەیەك لە لەشی دەكەنەوە، هەر بۆیەشە لەوانەیە هێزكارێكی ئەوتۆی دەروونی و سێكسیی نەكردبێتە سەریان.. هەربۆیە بووەتە رووداوێكی تێپەڕ بەلایانەوە، چونكە هیچ پاشەڕۆكێكی لە هەست و نەستیاندا بەجێنەهێشتووە.. كە سەیری لەشی خۆشی دەكات، چونكە هەر واهی بینیوویەتی، واشدەزانێ كە هەر واهی لەدایكبووە!.

من زۆر چاك ئەو رۆژە رەشەمم بیردێت! تەمەنم سێ چوار ساڵێك دەبوو، لەگەڵ سێ كەسی تر لە خزم و ناسیاوان، لە گەڕەكی گۆیژە لە هەیوانی ماڵی باپیرمدا گەورەترین برین و سوێیان كردە دڵمانەوە! هەر چوارمان بەڕیز لە تاوان دەگریاین، بۆ دڵنەوایی و ژیربوونەوەمان سەرو دیارییان داینێ! بەڵام نە دیاری و نە هیچ شتێكی تر نەیدەتوانی ئازاری ئێمە كەمبكاتەوە.. بیهێنەرە پێش چاوی خۆت، بەبێ بەنج! دیسانیش دەڵێم، بەبێ بەنج! ناسكترین و هەستیارترین پارچەی لەشت ببڕن و لێی بكەنەوە! ئیدی دەبێت چ شتێك دادت بدات و چۆن دان بەخۆتدا بگریت و پاشتریش چۆن لەبیرت بچێتەوە!..

دیارە هیچ لۆمەیەكی باوانم ناكەم، ئەوانیش وەك ئەوانەی ئێوە، ئەركێكی كۆمەڵایەتی یان ئایینییان بەجێهێناوە! بەڵام پرۆسەكە بەگشتی تاوانێكی گەورەیە كە بوێریت بڕیاری ئەوە بدەیت بەبێ هیچ هۆكارێكی تەندروستی پارچەیەك لە لەشی منداڵەكەت تەنانەت بە بەنجكراویش لێبكەیتەوە...

هەرچەند وێنەی ئەم كچە گەرمیانییە دەبینم كە لە تاودا دەستی بەداوێنییەوە گرتووە، هەمان ئەو رۆژەی خۆمم بیردەكەوێتەوە كە ئەتكیان كردم و ئەو پارچەیەی لەشیان لێكردمەوە.. زۆر باش لە ئازاری دەگەم و دەزانم چۆن ئەویشیان ئەتك كردووە.. چۆن بە زیندوویی تیرۆریانكردووە.. چۆن ئەو

برینەی دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ئەو کە تا دنیا دنیایە بیری نەچێتەوە..

بۆ من ئەوە دەیان ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەمدا تێپەڕی، ئەگەرچی هەزار بیانووی ناڕاستی پاکوخاوێنی و چی و چیی تر دەبیستم وەك پاکانەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.. بەڵام هێشتا هەر لە بیرمدایە.. هێشتاش ئازاری ئەو نەشتەرە و سەروچاوی ئەو جەللادەم کە پێیان دەگووت برینپێچ هەر لە بیردایە!..

تۆش ئەی کچە گەرمیانییەکە، دەزانم هەمان کێشەی منت هەیە.. دەیان ساڵی تریش گوێزان و دەستە چڵکنەکان و خاڵە ناشرینەکانی ئەو پیرێژنەت لە یاد ناچێت.. بەڵام خۆزگە تۆش وەکو من ئەو بڕیارەت دەدا! لە باتی منداڵێك هەزار منداڵت ببێت! چ کوڕ! چ کچ!.. نەکەی بڕیاری ئەوە بدەی پارچەیەك لە لەشیان بەهەر بیانوویەك بێت لێبکەیتەوە! نەکەی تۆش وەك باوانمان هەمان برینی هەردەم خوێن ئاڵ بکەیتە جەستەی کۆرپەتەوە...

لاهای – هۆڵندا

2010-11-23

ئەم نووسینە لەسەر ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ ئەم کۆمێنتەی لەسەر نووسرا:

**mirakrayi 2010/12/30**

**12/29/2010 میر ئاکرە یی**

---

دە ربارە ی خە تە نە ی کجان :

---

1-/ لە رووی قورئانە وە هیج ئایە تیك تیای نییە دە ر بارە ی خە تە نە کردنی کجان . لە رووی حە دیسە وە ، جە ند حە دیس هە یە لە م بارە وە بە لام ئە م حە دیسانە ناراست ولە رووی سە نە دە وە دابریانیان هە یە . وە خە تە نە ی کجان لە روی حە دیسە وە بە بیجە وانە ی مە سە لە ی خە تە نە کردنی کوران کە کومە لیکی زیادی حە دیس هە یە کە کومە لیکیان لە روی سە نە راست وتە واون . ئنجا لە بە ر ئە مە دە توتنم بلیم کە خت تە نە ی کجان بە بیجە وانە ی کوران جایز

ودروست نييه له روی شه رعييه وه ، هه روه ها خرابيشه بو كجان له روی ته ندروستی وسايكولوجی وخوشی جنسييه وه هه ر وهك بسبوران ودكتوران له م باره يه ليكولينه وه يان كردوه ورابورتيان بلاويان كردوته وه !!! .

2-/ بو ئاكاداری هه مو ناوجه كانی كوردستان كه لجه ری خه ته نه ی كجان به كار ناهينن وه كو ناوجه كانی باكووری كوردستان وروز هه لاتی وروز ئاوای وتا نيزيكه ی نيوه ی باشوور ، ته نها هه ندی ناوجه كانی هه ولير وسليمانی وكه ركوك خه ته نه ی كجان ده كه ن . وه بيويسته ئه وانيشس واز بينن لم عاده ته خراب وناشه رعی ونا ته ندروستييه ! .

3-/ مه سه له ی خه ته نه ی كجان عاده ت وكه لجه ريكی زور كونه وه كو نيقابی زنان كه ده كه ريته وه بو جه ند هزار سال له مه و به ر !

مير ئاكره يی

# مەرگەساتی سلێمانی![1]

زۆر باسی قەسابخانەکەی پارتی ناکەم لە سلێمانی! دەمەوێت زۆر خێرا و کەمێك بەو مێژووە کوورتە پڕلە مەرگەساتەی ئەو شارەدا بچمەخوارەوە، کە هەردەم لە هەموو لایەکەوە و لە هەموو سەردەمێکدا چ لەلایەن بێگانەوە و چ لەلایەن خودی کورد خۆیەوە غەدرێکی زۆری لێکراوە!.

بیرتان دەخەمەوە: سلێمانی بەو مێژووە کەمەیەوە، هەردەم پێشەنگ بووە، زۆرجار گووتوومە هەموو کورد ئێستا کۆببێتەوە تاکە دێڕێکی وەك (لە ناکەس کارییا خاکم بەسەر..)ی مەحویی سلێمانیی بۆ ناگووترێت!، هەموو سیناریۆنووس و شانۆکارانی کورد کۆببنەوە، نە دەتوانن شانۆیی چەخماخە بنووسن، نە دەشتوانن وەك ئەو دەستە شانۆکارەی سلێمانی نمایيشی بکەن!.. باسی چیی بکەم! باسی کورد و کوردستانەکەی ئەمین زەکی بەگی سلێمانی بکەم، باسی مێژووی سلێمانی بکەم لە رۆژنامەگەری و نووسین و هونەردا! باسی پیرەمێرد و هەموو ئەو سەربازە ونانەی بیری کوردبوون و خزمەتی زۆری هەر بوارێکی تری کوردەواریی بکەم! لەبن نایە و تەواو نایێت!.. لەخۆڕا نییە سلێمانی بەو مێژووە کەمەیەوە بەدرێژایی مێژووی لە هەموو لایەکدا چاوی لەسەربێت، لەخۆڕا نەبوو، ئینگلیزەکان شاری سلێمانییان بەنوێترین بۆمبای ئەوکاتە بۆمبارانکرد و شارێکی تری کوردستان ئەو بۆمبابارانەی بەخۆیەوە نەبینی، ئەدی سلێمانی ئەوکاتیش مەکۆی سەربەخۆییبوون و رووناکبیرانی وەك رەفیق حیلمی و جەمال عیرفان بوو.. ئەوکاتیش وتی نا!..

باسی شەشی رەشی ئەیلوول بکەم، یان مەرگەساتی نۆی حوزەیرانی شەستوسیّ! یان باسی ئەو هەزاران شەوە تاریکانەی سەردەمی بەعس بکەم، کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتیی ئەو شارەوە پشیلەشی بەدەرەوە نەبوو!، کەچی هەر

1 ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، کڵاوڕۆژنە و پارتی چەپی کوردستان و هی تر – فێبریوەریی 2011

شارێکی تری باشوور، تاڕادەیەك ژیانی شەوی بەخۆیەوە دەبینی و کێشەیەکی ئەوتۆ نەبوو!..

باسی ئەوەی بکەم کە زۆرینەی شەهیدەکانی بزووتنەوەی (ڕزگاریخواز)ی کوردستان بەوانەی پارتیشەوە! لە سلێمانی و دەوروبەریدایە!، ئەدی خودی پارتیش لە سلێمانی دانەمەزرا!. یان باسی ئەو زۆرینەیەی خەڵکی سلێمانی بکەم کە لە شەڕی ناوخۆدا کوژران!.. باسی ژمارەی ئەنفالەکان بکەم کە چەندی لە سلێمانیدا روویداوە! یان باسی بۆمبای کیمیاویی بکەم کە چەندی پێداکێشراوە!..

باسی پایتەختی لێکەوتووی پادشانشینی کوردستان بکەم، باسی ئەوەی بکەم کە لە سەردەمی بەعسدا جوانترین و خاوێنترین شاری نەك کوردستان، ئێراقیش بوو! کەچی ئێستا بووەتە زبڵخانەیەکی گەورە!..

باسی زانکۆ گوازراوەکەی بکەم، کە خودی کوردیش بەشداربوو لە تاوانی گواستنەوەیدا! یان باسی پشکی شێری چەوساندنەوە و ئاسن و خوێنی داگیرکەرە یەك لەدوای یەکەکانی بکەم...

شارەکەم زۆر باسی هەیە، زۆر مەغدوورە و زۆر فەرامۆشکراوە.. ئێستاش لەم مەرگەساتەیدا هەرلایەك دەیەوێت بۆخۆی و بۆ مەبەستێکی سیاسیی پارچە گۆشتێکی تری لێبکاتەوە..

کەسیان گوێ لە (نا)ی سلێمانی ناگرن و ترسی مەرگەساتی گەورەترم هەیە!..

دەبێت هۆی ئەوە چی بێت کە چارەنووسی ئەم شارە هەردەم مەرگەسات بێت، ئەی دەبێت هۆی ئەوە چی بێت کە لە بەختی شاری شارەزووردا، (چەکدارانێکی لە ڕۆمی خراپتر)! ئەوەندە شووم بن لە منداڵیش بدەن زەرەر!..

2011-02-22

لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دوواییەی هەرێم[1]

**رۆژی 2011-02-24، کۆمەڵێك پرسیارم لەلایەن سامال پۆستەوە پێگەییشت، پێشتر پرسیان پێکردبووم کەئایا ئامادەم بۆ دیمانەیەك، منیش رەزامەندیی خۆمم دەربڕیبوو. ئەگەرچی دەمزانی دیمانەکەم بڵاوناکەنەوە و وەڵامەکانی من زیانی هەیە بۆ پەزەکانیان، بەڵام لەبەرئەوەی کەم روویداوە وەڵامی پرسیاری هیچ کەناڵێك رەفز بکەم، بۆیە لە2001-02-27 وەڵامەکانم بۆ ناردنەوە و تکاشم لێکردن کە بەبڵاوبوونەوەی یان نەبوونەوەی وەڵامم بدەنەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێك وەڵامم لێیان نەبینی..**

ئەمە ئەو پرسیار و وەڵامانەیە کە بۆم ناردنەوە..

**سەرەتا سی ڤی بەرێزتان؟**

وەڵام: سی ڤیی من لەم لینکەی خوارەوەدا ئامادەیە:
http://www.bakhawan.com/kurdipedia/default.aspx?q=578

**لەسەر بنەمای رووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی ئەم دواییە، راگەیاندنەکان هەریەکەو بەشێوەیەك و گوتارێك ئەو پرسەئاراستەدەکات تەنانەت بەرپرسیاریەتی نیشتیمانی لەبەشێکی ئەو کەناڵانە رەچاو ناکرێت دەپرسم لەئێستادا رۆلی راگەیاندن چی بێت بەووردی؟**

وەڵام: سەرەتا من پێموایە کە رووداوەکانی ئەم دواییە زۆر چاوەڕوانکراوبوون، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دەستەڵاتی کوردی لەو ماوە دوورودرێژەی تەمەنیدا ئەوەی کەدەکرا بیکردایە، یەك بۆ سەدیشی نەکردووە!. دیارە زۆر

---

1 ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، کڵاوڕۆژنە و پارتی چەپی کوردستان، چراکان و هی تر – مارتی 2011

راستە کە هەر لایەك بەئارەزووی خۆی و لەبەرژەوەندیی خۆی گووتار دەدات! بەڵام بەرپرسیارییەتیی نیشتمانی لای کێیە ئەوەیان من پێموایە کە لە رۆژانی داهاتوودا بەرروونی دەردەکەوێت، ئەو لایەنەی زۆرینەی دەنگەکپکراو و چەوساوە و پەراوێزخراوەکانی لەگەڵدابێت، بەبێ هیچ گومانێك خاوەنی گووتاری بەرپرسەو براوەیە!.

ئاسان نییە بۆ هیچ کەسێك بڵێت رۆڵی راگەیاندن دەبێت واهی بێت، چونکە راگەیاندنی ئێمە بەشبەشە و هەرلایەکیان لە ئاوازێك دەخوێنن، حیزبییەکان تاوەکو بەرژەوەندیی خۆیان وەستایێت هیچ باکێکی تریان نییە، هەرچی ئەوانی تریشەیان سێبەر و ژێربەژێر فەرمانبەری حیزبن یان کەوتوونەتە نێوان بەرداشی پیشەییبوون و سێبەربوونەوە! بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی راگەیاندن دەبێت تەنها و تەنها بەشێوەیەکی پیشەیی دەرخستنی راستییەکان و وەستانی بێت لەبەرەی گەلدا، ئەگەرنا ئەوا دەبێتە کلکێکی نەویستراو و نەبیستراوی حیزب و کەسیش نەگوێی لێدەگرێت و نەدەیخوێنێتەوە!.

**ئەو کەشە دیموکراسیەی ئەمرۆ لەکوردستان بەرپابووە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات دەقۆزرێتەوە و لەلایەن دەسەڵاتیشەوە بەدروستکەر و بونیادنەری کەشەکە لێکدەدرێتەوە، تاچەند ئەم حالەتەدروستە؟ دەپرسم لەنێوان ئەمانەدا کامەی راستە؟**

وەڵام: لەوانەیە پێناسەی من و ئێوە بۆ دیموکراسی و کەشی دیموکراسی جیاوازبێت! هەربۆیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گران دەکەوێت بۆم. دیارەمن لێرەدا ناکەومە پێناسە و بنەماکانی دیموکراسییەوە بەگشتی، بەڵام هەر هێندە دەڵێم لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا هەزاران ئافرەت ناکوژرێن و ناوچەی گەرمیانیش کەوەك مەنکووبترین ناوچەکانی باشووری کوردستان و ژێر قەڵەمڕەوی ئەو کەشە دیموکراسییەیە کە ئێوە باسی لێوە دەکەن! بەو شێوەیە پەراوێز ناخرێت!.. لەکۆتاییشدا سیاسەت بریتییە لە دەستەڵات گرتنەدەست، ئەو دەستەڵاتەی کە ئێستە هەیە دەیەوێت پارێزگاریی دەستەڵاتەکەی بکات و ئۆپۆزیسیۆنیش دەیەوێت ببێتە خاوەنی دەستەڵات، هەربۆیە

هەردوولا خەریکی قۆزتنەوەی هەر هەلێکن، ئەمیان بۆ مانەوە بەهەر نرخێك بێت و ئەویشیان بۆ پێگەیشتنی! هیچ حاڵەتێکی سیاسی لەکوردستاندا دروست نییە، کەنگێ سیاسەت و بیزنز بوونە دوو کاری جوودا بۆ سیاسەتمەداری کورد، ئەوکات دەتوانین گفتوگۆی ئەو بابەتە بابەتییانەتر بکەین و وەڵامی باشترم هەبێت..

**ئەمڕۆ هێزێك لەکوردستان هەیەناوی هێزی پێشمەرگەیە و ئەرکی راستەقینەی ئەو هێزەپاراستنی بەرژەوەندی میللەت و ئاسایشی نەتەوەییە بەڵام لەمرۆدا ترس هەیە ئەو هێزە بۆ بەرژەوەندی حیزب بەکاربهێنرێت لەئەگەر هەر رووداوێکی چاوەروانەکراو بۆ حیزبێك؟**

وەڵام: ئەوەترس نییە، ئەوە راستییەکی بەڵگەنەویستە، پێشمەرگە ئەرکە راستەقینەکەی خۆیی لەبیربراوەتەوە و بووەتە پاسەوانی ئەو حیزبەی کە خاوەنییەتی.. هەر لەو رووەوە من وەزارەتی پێشمەرگە بەبێدەستەڵاتترین وەزارەتی باشووری کوردستان دەزانم، چونکەزۆر باش دەزانم ئەوەی جووڵە بەهێزی پێشمەرگە دەکات پارتی و یەکێتییە نەك وەزارەتی پێشمەرگە!.

**یەکێك لەو گلەییانەی کە بەردەوام ئۆپۆزسیۆن هەیەتی پەراوێزخستنەیەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەم حالەتە تاچەند دروستە؟**

وەڵام: دەستەڵات هەموو ئەو کەس و لایەنانە پەراوێزدەخات کەبەگوێی ناکەن، ئیدی ئۆپۆزیسیۆن بێت یان تەنانەت ئەندامێکی حیزبەکەی خۆشی، ئەمە ئەو پرنسیپە ترسناکەیە کەدەڵێت: یان لەگەڵمی یان دژمی.. هەربۆیە پەراوێزخستنی ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن هەردوو حیزبی دەستەڵاتدارەوە کارێکی ئاشکرایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی دواکەوتووانەی کورد و گوێنەگرتن لەرای بەرامبەر..

**دەکرێ پەراوێزخستنی ئۆپۆزسیۆن ببێتە مایەی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن داوای هەلوەشانەوەی حکومەتێك و سەرۆکایەتی هەرێمێك بکات کەبەدەنگی خەلکی**

**کوردستان پێکهاتووە؟ ئایا ئامانجی ئەوە تەنها لەگەیشتن بەدەسەڵات نابینەوە بێ حیساب کردن بۆ دەنگی جەماوەر و گەرانەوە بۆ هەلبژاردنەکان؟**

وەڵام: بەڵێ دەکرێت، ئەوەنییە چەندین رۆژە لەبەردەرکی سەرای سلێمانی و شارۆچکەکانی تری دەوروبەری هاواری هەڵوەشاندنەوەی پەڕلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمیانە! هەربۆیە دەکرێت بگووترێت کەئەو دەنگانەی کە ئەو پەڕلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتییەی پێکهێناوە، دەکرێت بەپێی گۆرانکاری و بارودۆخەکان گۆڕانکاریی خێرایان بەسەر بێت... بۆیە بەکارێکی زۆر پێویستی دەزانم کەچ حکومەت، چ پەڕلەمان و چ سەرۆکایەتیی هەرێم بەجدی گوێیان لێبگرێت.

**هۆکاری گەندەلیەکانی کابینەی شەشەم لەچیدا دەبینی؟ ئایا پارتی بەرپرسیارەیان یەکێتی خۆی؟**

وەڵام: من کێشەکەزۆر لەکابینەی شەشەم و تەنانەت خودی پارتی و یەکێتیش بەقووڵتر و دوورتر دەبینم.. ریشەکانی گەندەڵیی دەستەڵاتی کوردی هەر لەبەرەبەیانی دروستبوونی بزووتنەوەی (رزگاری)خوازانەی کوردەوە چەکەرەی کردووەو بەتێپەڕبوونی کات گەشەی کردووە، تاوەکو گەییشتووەتە ئەم ئاستە ترسناکەی ئەمڕۆ.. دیارە پارتی بەحوکمی ئەوەی کەحاکمی یەکەمی هەولێرە زۆرینەی گلەییەکان بەرەورووی ئەو دەبێتەوە.

**ئەو هاوپەیمانیەستراتیجیەی ئەمرۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی هەیەبەرای تۆ دوای ئەم رووداوانەچۆن پێَداچونەوەی بۆ دەکرێت؟ ئایا زیانی هەلوەشاندنەوەی ئەو رێکەوتنەلەچیدا دەبینی لەئەگەری هەلوەشاندنەوەدا؟**

وەڵام: ئەگەرچی نەك من کەم کەسی تەنانەت لووتکەی پارتی و یەکێتیش لەوردەکارییەکانی ئەو هاوپەیمانییە ئاگادار نییە! بەڵام من راموایە دەمێکە ئەو هاوپەیمانییە پێداچوونەوەی تێداکراوە، ئەو کاتە پێداچوونەوەی تێداکرا کەبزووتنەوەی گۆڕان

یەکێتیی کردە دوو لەتەوە و لاوازیکرد و ژمارەیەکی بەرچاوی کورسییەکانی پەڕلەمانیان بەرکەوت و تەرازووی پەنجا بەپەنجاکەی جارانی لاسەنگ کرد. من پێشتر لەبۆنەی تردا ئەوەم گووتووە کە هاوپەیمانییەکی لەو جۆرە نەبوونی زۆر باشترە لەبوونی.. ئەم هاوپەیمانییە هەرچی کەشی دیموکراسی هەیێت نە لە پەڕلەمان و نە لە حکومەتدا نەیهێشتووەو من دەمێکە هیواداری هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییەم..

**رووداوەکانی ئەم دواییە لەسلێمانی بەرەو توندوتیژی چوون و لەم دۆخەشدا پارتی کراوەتە ئامانج هاوکات ئۆپۆزسیۆن پاڵپشتی خۆپیشاندان بۆ ئەو ئامانجە رەتدەکاتەوە بەرای تۆ کێ لەپشت ئەو خۆپیشانانەوەیە؟**

وەڵام: بەدڵنیاییەوە گۆڕان و ئیسلامییەکان لەپشت ئەو خۆپیشاندانانەوەن و بەهۆی ئەو هەڵە مێژووەی پارتیشەوە لەرۆژی 17ی فێبریوەریدا، خۆپیشاندانەکان گەشەی کرد و گەشەی زۆرتریش دەکات.. من لەو باوەڕەدام خۆپیشاندەران ئەگەر بارەگاکەی پارتیشیان بسووتاندایە بەڵام بەمەرجێك پارتی تەقەی نەکردایە، ئێستا پارتی بەو شێوەیە نە دەکەوتە ئەو قەیرانەوە..

**بەشێوەیەکی گشتی لەدونیادا شەرەکانی سەر شەقام لەرێگەی نوێنەرەکانیانەوە دەبرێنە ناو پەرلەمان بەڵام لەکوردستان ئەو پێچەوانەیە؟ تاچەند ئەو حالەتە تەندروستە؟**

وەڵام: دیارە ئەوە حاڵەتێکی تاڕادەیەك نادروستە ئەگەر ئێوەباسی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دیموکرات بکەن، بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەك هەرێمی کوردستان بەجۆرێکی ترە. پێم بڵێن چ جارێك پەڕلەمانی کوردستان لەو هەموو گەندەڵییانەی کە روودەدەن، نەك وەزیر، تەنانەت فەرمانبەرێکی بچووکیشی بۆ پەڕلەمان بانگ کردبێت و لێپێچینەوەی لێکرابێت.. کەپەڕلەمان هیچ شتێك بەرامبەر ئەو هەموو دزی و گەندەڵییە نەکات، خەڵکی ناچارن شەڕی

گەندەڵی لە شەقامەکانەوە بکەن، ئاسان نییە بۆ گەنجێکی دەرچووی زانکۆ کەدینارێکی پێ نییە و کوڕی لێپرسراوێك ببینێت چەند هەمەرێکی پاسەوانی بەدواوەبێت!.. لەدنیاشدا شەڕی شەقام هەر هەبووە و بوونی دەمێنێك، کام وڵاتەی خۆرهەڵاتی ئەوروپا دەڵێی زۆر دیموکرات و پێشکەوتووە، هەر شەڕی شەقامی تێدادەکرێت.. مانگێك لەمەوبەر لەهۆڵندا هەزاران خوێندکاری زانکۆکان هاتنەسەر شەقامەکان و بۆ مافەکانی خۆیان ناڕەزاییان دەربڕی..

**لەم دۆخەدا هەست ناکەیت تەنها لایەن کە بۆتە زەحیەی نێوان یەکێتی و گۆران پارتیە؟ چارەسەر چییە؟**

وەڵام: قوربانی ئەو منداڵانەبوون کە پارتی تەقەی لێکردن، قوربانی ئەوانەبوون کەکوژران.. خەڵکی کوردستان قوربانیی یەکەمی شەڕەگورزی نێوان حیزبەکانە و هیچی تر.. پارتی قوربانی نییە.

**بەرای بەرێزتان هەنگاوەکانی چاکسازی پێویستە لە کوێوە دەست پێبکات؟ میکانیزمی ئەمەئەبێ چۆن بێ؟**

وەڵام: کەسی گونجاو و خوێندەوار لەشوێنی گونجاو زۆر کێشەچارەسەر دەکات، سەرکردایەتیی کورد نەخوێندەوارە، ئێستاش وادەزانێت بەشاخەکانەوەیە، هەندێکیان رانکوچۆغەکەیان کردووەتە قات و بۆینباخ و هیچی تر، بەڵام مێشکیان لەجاران خراپتر ژەنگی هەڵهێناوە.. دەبێت بەبەرپرسە ملیاردێرەکانی کوردستان و کورەکانیان بگووترێت ئەمەت لەکوێ بوو! ئەگەرنا ئەوا ئاگری ویستی چاکسازی بەمزووانە ناکوژێتەوە..

**لەمرۆدا پێویستمان بەبەرەیەکی دایلۆگی نیشتیمانیە و تا ئێستاش پێکنەهێنراوە، فەراغی ئەمەچی لێ ئەکەوێتەوە؟**

وەڵام: ئەمە بۆشاییەکی گەورەیەو نەبوونی خوێن و فرمێسکی زۆرتری لێدەکەوێتەوە، من بارودۆخەکە زۆر بەترسناك دەبینم و دەبێت بەزووترین کات دیلۆگی نێوان هەموو لایەنەکان

بکرێت و ئەوانەشی خۆپیشاندان دەکەن دەبێت گوێیان لێبگیرێت.. لەداهاتوودا بۆنەکانی نەورۆزیش بەڕێوەیەو ئەگەرنا ئەوا پێشبوونی گەرمتربوونی ناڕەزاییەکان دەکەم..

**رای کۆتایی یاخود پێشنیاری کۆتاییت بۆ ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان؟**

وەڵام: لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا زۆرینەی چاوەکان ئاڕاستەی پارتییە، نەك وەك لەیەکێك لەپرسیارەکانی پێشووتاندا وتتان: پارتی قوربانی نییە. پارتی لەکۆنگرەی سیازدەیدا بانگەشەی کرانەوەی بەرەو پارێزگای سلێمانی کرد، بەڵام سەرئەنجامی کۆنگرەکە گەورەترین هەڵەبوو کەچڕترین پارێزگای هەرێم یەك یان دوو ئەندامی سەرکردایەتیی پارتیی بەرکەوت! بەرامبەر ئەوە، گوندێکی وەك بارزان نزیکەی شەش یان زۆرتر پشکی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتیی بەرکەوت، سەرئەنجام کرانەوەی پارتی لەسلێمانیدا بەخشینەوەی هەزاران فیشەك بوو لەلکی چوارەوە بۆ خەڵکی سلێمانی.. ئەمەچەند کارەساتەبۆ خەڵکی سلێمانی ئەوەندەش کارەساتە بۆ ئەزموونی باشووری کوردستان و تەنانەت خودی کرانەوەی پارتیش لەو پارێزگایەدا! شاری سلێمانی لەچاو هەموو پارێزگاکانی تری هەرێمدا تایبەتمەندیی خۆیی هەیەو پارتی تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە تێی بگات، زۆرینەی شەهیدەکانی پارتی لەو پارێزگایەدان، یەکەمین شەهیدی شۆڕشی ئەیلول لەو پارێزگایەدا بووە!، خودی پارتی لەو پارێزگایەدا دامەزراوە و گەشەی کردووە! بەهۆی رووداوەکانی ئەم دواییەوە پارتی پارێزگای سلێمانیی دۆڕاند، تازە ئەستەمە بۆ چەند ساڵێکی تر بارەگایەکی پارتی بتوانێت بەبێ پارێزگاریکردنێکی زۆر بتوانێت بەئاسوودەیی بمێنێتەوە، ناشکرێت لکی چواری پارتی بەدوو فەیلەق پاسەوانەوە لەو شارەدا بمێنێتەوە!. پێشنیاری من ئەوەیە، پارتی پێش ئەوەی ناوچەی تریش لەدەستبدات، گوێ بۆ ئەوانەبگرێت کەفیشەك و مەرگی بەسەردا باراندن و ئەوانەشی تەقەیان لەخەڵکی کرد بەئاشکرا دادگاییان بکات.. ئەگینا ئەم لافاوە تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێنێت. دەبێت پارتی داوای لێبووردن لەو خەڵکەبکات و گوێیان لێبگرێت.. هەرکارێکی

تری پێچەوانەی لێبووردەیی و دیالۆگ، بارەکە بە کارەساتێکی خراپتردا دەشکێنێتەوە..

**تکایەلەگەل وەڵامەکان 2 وێنەی پۆستکاردمان بۆ بنێرە**

وەڵام: دوو وێنەبەپێویست نازانم و یەك وێنەم وەك هاوپێچ ناردووە!

2011-02-27
لاهای – هۆڵندا

# دەربارەی هاووڵاتیبوون و مافە بنەڕەتییەکانی![1]

**هاووڵاتیبوون و هۆشیاری و لێبووردەیی چەند چەمکێکی ئاوێتەن بەیەکتر، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کاریگەریی هەیە بەسەر دروستبوونی هەستی ئینتیما لای هاووڵاتی، هاووڵاتیبوون لەنێو کۆمەڵگایەکی سیڤیلدا پێگەیەکی شایستە و دیاری هەیە لەدابینکردنی مافەکانی لەڕووی یاسایی و دەستووریدا؟. ئەو گرفتانە چین کە ڕووبەڕووی هاووڵاتییان دەبنەوە لەکۆمەڵگای کوردستاندا و چۆن مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتی بوونیان دابین بکرێ؟، پەیوەندی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات لەکوردستاندا لە چ ئاستێکدا دەبینین؟ ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان تا چەندە توانیویەتی داکۆکی لەبنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هەستی ئینتیمای هاووڵاتیانی کوردستان بکات؟، هاووڵاتیبوون و پێکەوە ژیان و چەمکی لێبووردەیی تا چەند لە کۆنەستی تاك و گرووپەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا دەتوانرێت نۆژەن بکرێتەوە و داپرێژرێ و پەروەردە بکرێ؟ ، ڕۆڵی دامەزراوە دیموکراسی و مەدەنییەکان چییە لەبەرهەمهێنانی ئەم چەمکانە تا کۆمەڵگایەکی دروست بەرهەم بهێنرێت؟**

وەڵام:

مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون، هەمان مافە بنەڕەتییە مرۆییەکانە بەگشتی! ئەو مافە بنەڕەتییانە دەبێت لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبێت. هەر کێشەیەك بکەوێتە ناو ئەو مافە بنەڕەتییانەوە، لە نەبوون یان پێشێلکردن، ئەوا دەکرێت بگووترێت

1 ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی – ژمارە 893 لاپەڕە 7 – 16-03-2011 - کوردستان – هەولێر. ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، کڵاورۆژنە و پارتی چەپی کوردستان و هی تر – مارتی 2011

کە ئەو سیستمەی کە کۆمەڵگەی ناوبراو بەڕێوەدەبات، سیستمێکی نادیموکراسییە، بەرامبەر ئەو سیستەمە نادیموکراتییەش، کۆمەڵگە نەگەییشتووەتە ئاستێکی وەها کە داوای مافە بنەڕەتی و رەواکانی خۆی بکات و سیستمی بەڕێوەبەر ناچاربکات کە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون بسەلمێنێت.

دیارە لەنێوان مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوون و دەستەڵاتدا کێشە زۆرە و زۆر هۆکار هەن کە دەبنە هۆی ئەو کێشانە، دەکرێت هەوڵی زۆر هەبێت بۆ سەلماندنی مافە بنەڕەتییەکان، بەڵام لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییە دواکەوتووەکاندا، جگەلەوەی کە هەوڵەکان وەك پێویست نیین، بەرامبەریشیان سیستمەمی بەڕێوەبەر، سیستمێکی دەمارگیر، پۆلیسی و تۆقێنەرە، بەڕادەیەك خەڵکانێکی زۆر خواستی ئەوەیان هەیە بڵێن، نا! بەڵام بەهۆی ترس و تۆقاندنەوە، دەنگەکانیان کپکراوە.. کپکردنی ئەو دەنگانە دەکرێت زۆر کات بخایەنێت! لیبیا بە نموونە، پاش دەیان ساڵ لە کەڵەکەبوونی کێشەکان، ئنجا دەنگە ناڕەزاییەکان توانییان بڵێن نا!.

مافی بنەڕەتیی هاووڵاتیبوون، نەك لە کوردستان، بەڵکو بەگشتی و لە هەموو شوێنێك پێوستە بە یاسا دیاری و دابین بکرێت. ئەگەر یاسایەکی رێکوپێك ئەو مافانە دیارینەکات، ئەوا بەبێگومان مافە بنەڕەتییەکان دیاری و دابین نەکراون. دەکرێت یاسایەك هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەو یاسایە بەشێوەیەکی گشتی پراکتیك نەکرێت، ئەوا بەهەمان شێوە ئەو مافە بنەڕەتییانە دەکەونە ژێر پرسیارەوە!

لە کوردستان، یاسا و یاساوانی و حوکمڕانیی خۆبەخۆ گەلێك نوێیە! هەربۆیە دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم، مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیبوون دیار و دابین نین، چونکە باشووری کوردستان جارێ یاسا تێیدا سەروەر نییە و ئەوەی کە سەروەرە هەمان یاسای هۆزەکانە، ئەندامانی دیاری هۆزەکانی کوردستان، یاسان و بۆیان هەیە تاوەکو ئێستا فەرمانڕەوا و دادگا بن و قوربانیی ئەم یاسا دواکەوتووەش هاووڵاتیانی دەرەوەی هۆز یان دەرەوەی هۆزە ژێردەستەکانی کوردستانن..

دەستەڵاتی کوردی، نەك ئێستا بەڵکو ئەوکاتەشی لە شاخ بوو، نەیزانیوە هەستی هاووڵاتیبوون و مافە بنەڕەتییەکانی

هاووڵاتیبوون چییە، هەربۆیە زۆر چیرۆکی تراژیدییانەی نێوان شۆڕش و جەماوەر تاوەکو ئێستا لە گوێماندا دەزرنگێنەوە، نموونەش زۆرن، گەلێك جار بە هەق و بە ناهەق پیاوی ماقوڵی گوندێکی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە بە چلەی زستان و بۆ شکاندنی خراوەتە حەوزی مزگەوتەوە، گەلێك جار بە قۆنداغە تفەنگ لە گوندییەکان دراوە و بەزۆر هێستر و تراکتۆریان لێسەندراوە، بەزۆر نانیان پێدروستکردوون و شتی تریش کە شایانی باسکردن نین.. کەواتە پەیوەندیی نێوان دەستەڵاتی کوردی و هاووڵاتییان لە سەرەتاوە بەخواری هاتووە، هەربۆیە ئێستاش دەستەڵاتی کوردی بە بیری شاخ و هۆز نەیتوانیوە ئەو پەیوەندیی هاووڵاتبوونە رێکبخات. ئەگەرچی زۆرجار بانگەشەی پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتیان و سەروەریی یاسا و شتی تر دەکرێت، بەڵام ئەوە تەنها رێکلامێکی درۆیینەیە و خۆشیان لە ئێمە باشتر دەزانن کە هیچ بنچینەیەکی نییە..

داڕشتنی یاسایە، کە پەیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتی و دەستەڵات رێکبخات، کارێکی ئەستەم نییە، بەڵام بەمەرجێك بەشێوەیەکی چونیەك بەسەر هەموو هاووڵاتییاندا بچەسپێت، نەك هەژارێکی دەرچووی زانکۆ دینارێك لە گیرفانیدا نەبێت و کارێکی دەستنەکەوێت و کوڕێکی نەخوێندەواری کابرایەکی ناو دەستەڵاتیش دەیان ئوتومبیلی هەمەر! بەس پاسەوانیی بکات!..

کێشەی ئێمە کێشەی یاسا و جێبەجێکردنی یاسایە، ئەگەر یاسا ببێت، ئەوا گەندەڵی کە من پێی دەڵێم (دزی و بڕەوشتی) نامێنێت یان کەمتر دەبێتەوە، چونکە دەستەڵاتی گەندەڵ سەرچاوەی نەهێشتنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیبوونە، دەستەڵاتی گەندەڵ تەنها خۆی و بەرژەوەندیی خۆیی و نەوە و خزمەکانی دەبینێت و هاووڵاتیش بۆ ئەو تەنها مێگەلە و دەیەوێت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریبهێنێت، هەرچیش لە خزمەتیدا بوو، ئاوڕێکی بەمنەتی لێدەداتەوە، ئەگەرنا ئەوا دەکەوێتە دەرەوەی بازنە. ئەو بازنەیەش لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردەواریدا زۆر گەورەیە و دەتوانم بڵێم کێشەی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.. هەربۆیە لەم کاتەدا باشتربوونی پەیوەندیی دەستەڵات و هاووڵاتی زۆر بەپێویست دەزانم و ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات ترسی گەورەش دەکەوێتە

سەر چارەنووسی نەتەوەیی کورد لەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە ژێر هۆزرەوایی دەستەڵاتی کوردییەوە..
هاوتەریبانە لەگەڵ هاتنەکایەی یاسایەکی لەو جۆرە و بەخۆداچوونەوەی دەستەڵات، رۆڵی دامەزراوە دیوکراسی و مەدەنییەکان زۆرگرنگن، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە زۆرێك لەو دامەزراوانە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێرەوە و ئەوانیش بێگوێدانە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بۆ زۆرتر باڵادەستیی خۆیان، زۆرێك لەو دامەزراوانە بەکاردێنن.. بەڵام هەشن کە رۆڵی باش دەگێڕن لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و شیکردنەوەی مافە بنەڕەتییەکانیان بۆیان..
شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایی بۆ مافی هاووڵاتیبوون وڵاتە دواکەوتووەکانی گرتووەتەوە، باشووری کوردستانیش یەکێکە لەوان، دەستەڵاتی کوردی بەرامبەر لێپرسراوێتییەکی مێژوویی گەورە بووەتە و دەبێت بەرامبەر بە گوڵی هاووڵاتییان لوولەی تفەنگەکانی خواربکاتەوە! ئەگەر نا ئەوا ئەو بەلەمەی کە خودی دەستەڵات باسی دەکات، لەپێشدا خۆیان نقووم دەکات و پاشان هاووڵاتیان و ئەو ئەزموونەشی کە پاش بیست ساڵ لای هەمان دەستەڵات هێشتا ساوایە! لەناو هەمان بەلەمدایە و نغرۆ دەبێت..

رۆژی ئافرەتانی 2011
لاهای - هۆڵندا

# ئەگەر کوڕی چاڕڵس نەبوویتایە![1]




ئەمڕۆ، 29ی ئاپریل، زۆرتر لە دوو ملیار کەس، خەریکی بینی زەماوەندی شاهانەی ولیام و کاسرین بوون! منیش یەکێك بووم لەو دوو ملیار کەسە و بە رووداوێکی زۆر ناوازەم زانی! ناوازەییەکەی نەك لەبەر رۆژرایزەکەی ولیام و رازاندنەوەی کڵێسە و ئەسپ و گالیسکە شاهانەییەکانی ئەلیزابێتی داپیرەی! بەڵکو لەبەر زۆر شتی سەیر و سەمەرەی تری..

1 ماڵپەڕەکانی کوردستان نێت، پاسۆك، دەنگی سەربەخۆ، پێنووسەکان، کلاوڕۆژنە و پارتی چەپی کوردستان و هی تر – ئاپریلی 2011

زەماوەندەکە وەك دەڵێن دەیان ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەمە دیارە بێجگە لەو دەیان ملیۆن دۆلارەی تری ئەو هەموو سەرۆك و شا و شازادانەی تری جیهان کە شەرەفی بەشداریکردنی ئەو زەماوەندەیان پێبرابوو و بەهۆیەوە کام جل و شەپقەیەی گرانبوو لەبەریاندابوو و زۆر خەرجیی تر کە من و تۆ لەوانەیە بە خەوییش نەك هەر بۆی بچیین! بەڵکو پەییشی پێببەین!

بەدەم سەیرکردنی زەماوەندەکەوە بەخۆمم دەگووت: ئەگەر کوڕی چاڕڵس نەبوویتایە لەوانە بوو زەماوەندەکەت وەك من و ملیارانی تری وەك من لە ئاسایی، ئاساییتر بووایە! لەوانەبوو وەك ئەو ملیۆنانەی تر لەبەر بێپارەیی هەر ژنیشت بۆ نەهاتایە و کەیتی شازادەش وەك ملیۆنان قەیرەکچی تر، پرچی سپیی بهۆنایەتەوە! نەك فڕۆکەوانی و ئەو هەموو سامانەی کە پێش لە دایکبوونت بۆت دابین بووە! لەوانە بوو ئەگەر کوڕی چاڕڵس نەبوویتایە، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، یان کەسێکی ئالوودەی هیرۆیین و شەوان لە وێزگەی لیڤەرپوڵ ڕۆژت بکردایەتەوە.. یانیش یەکێك بوویتایە لەو سەدان هەزار گەنجە بێکارەی بەریتانیا و خەمی نانی بەیانیت بخواردایە!

نەك تۆ! باوکیشت ئەگەر کوڕی ئەلیزابێت نەبووایە! لەوانە بوو ئێستا داماوێکی خانەنشینی پەککەوتە بووایە! یان نەخۆش و کەلەلای نەخۆشخانان و خانەی پیرانی بەریتانیا بووایە!

ولیام و چاڕڵس، لە هەموو شوێنێك هەن! لە ئێراق کاتی خۆی عودەیی و قوسەی بوون! بەڵام لە باشووری کوردستان بە دەیانن! ئەگەر کەمم نەگوتبێت!

ولیەمەکانی ئێمە، بێ ئەوەی حەرفێك لە مێشکیانداببێت! ملیۆنەرن، خاوەن دەستەڵاتن، بوونەتە زیرەك! فەرمانداری هەموو وڵاتن! یاسا دەردەکەن! یاسا نایانگرێتەوە! دادگایان بەخەویش نەدیوە! خەمی نان و گەرما و سەرمایان نییە!

ولیەمەکانی لای ئێمەش، هەر لەبەرئەوەیە کە کوڕی چاڕڵسن و چاڕڵسەکانیشمان بەهۆی ئەلیزابێسەوەیە! ئەگەر چاڕڵسەکانی کوردستان نەبوونایە، ئەوا ولیەمەکانیشمان پاش تەواوکردنی زانکۆ، بێکارەبوون و خەمی نانیان دەبوو! ژنهێنان و شووکردن ئەوە هەر باسی ناکەم.. ئەگەر ئەلیزابێسەکانی کوردستان نەبوونایە! لەوانە بوو چاڕڵسەکان یان شوان بوونایە یانیش باخەوان!

2011-04-29
ڕۆژی زەماوەندی شاهانەی ولیام و کەیت
لاهای – هۆڵندا

# من و کوڕە وەرتێییەکە![1]



تەمەنم هەر پێنج ساڵ دەبوو کە خرامە بەر خوێندن لە قوتابخانەی دەرگەزێنی سەرەتایی کوران لە سلێمانی، زۆر شتی یەکەم ساڵی خوێندنم وەکو خەو بیرماوە! ڕووداوێکی ئەو یەکەم ساڵەی خوێندنم، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی من دانا و بەجۆرێکە کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە...

کە منداڵ بووم و پێش ئەوەی بخرێمە بەر خوێندن، زۆر خولیای وێنەکێشانم هەبوو، هەموو دەیانگووت: هاوڕێ، وێنەکێش یان هونەرمەندێکی باشی لێدەردەچێت!.

وانەکانی ساڵی یەکەمی خوێندنم بریتی بوون لە کوردی، ژمێرە، ئایین، سروود، وێنە و وەرزش.. لەوانەیە یەکێکی تریشمان هەبووبێت و من ئێستا بیرم چووەتەوە!..

بەهۆی خولیای وێنەکێشییەوە، دەبووایە وانەی وێنەم لەهەموویان خۆشتربوویستایە، لە سەرەتادا بەڕاستی واهی بوو، کە کاتێك مامۆستای وێنە کە ناوی تاهیر بوو و پێیاندەگووت (تایەرە سوور) هاتە ژوورەوە و کۆمەڵێك بۆیەی فلچە و سلە

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 85 – لاپەڕە 37 – مایی 2011 – کوردستان - سلێمانی

بۆیەی هێنا و پیشانی داین و خۆشی چەند وێنەیەکی لەسەر تەختەڕەشەکە کێشا، بۆ من گەلێك رووداوێکی ناوازە بوو! تایەرە سوور لە کۆتایی وانەکەدا داوای لێکردین هەریەکەمان بۆ وانەی ئایندە، واتە بۆ وانەی دووەمی وێنە لە یەکەم ساڵی خوێندنماندا، هەریەکە و وێنەیەك بکێشین و بیبەین بۆی!..

بۆ من، ئەوە ئەو رۆژە بوو کە بۆیدەگەڕام و هەر کە هاتمە ماڵەوە دەستمکرد بە کێشانی تابلۆیەك، ئافرەتێك و منداڵەکانی بەدیار زۆپایەکەوە دانیشتبوون و قۆرییەك چاش لەسەر زۆپاکە خۆیی نەخشاندبوو و گیزە و هەڵمی لێهەڵدەستا! زۆر شانازییم بە وێنەکەوە دەکرد و بۆ سبەینێ یان بۆ وانەی دووەم لەگەڵ خۆمدا بردم بۆ قوتابخانە..

جێی داخێکی گەورە بوو بۆ من کە وانەی وێنە لەو رۆژەدا کەوتبووە وانەی چوارەم یان پێنجەمەوە، واتە دەبووایە زۆر چاوەڕێم بکردایە! تەواوبوونی سێ یان چوار وانەکەی پێشی، وەك سێ ساڵ و زۆرتر وابوون بۆ من! هەرچۆنێك بێت نۆرەی وانەی وێنە هات و تایەرە سوور کە چوارشانەترین و کەتەترین مامۆستای قوتابخانەکە بوو خۆیی کرد بە ژووردا، بۆ من چونکە مامۆستای وێنە بوو، هەر لە یەکەم وانەوە خۆشمویست! مامۆستا تایەر پاش سڵاوکردن و هەڵسن وەك شێر و دانیشن وەك شێر!، وتی ئادەی ئەو وێنانەی دروستتانکردووە بیخەنە سەر مێزەکەی بەردەمتان.. هەموو فەرمانەکەییمان بەجێهێنا و ئیدی یەك لە دوای یەك بەسەر وێنەکاندا گەڕا. کە گەییشتە لای من و سەیری وێنەکەی بەردەممی کرد، زۆر وەستا، منیش هەر چاوەڕوانی ئەوە بووم پێم بڵێت ئافەرین زۆر جوانە! بەڵام تایەرە سوور ئەوەی نەگووت و وتی هەڵسە، منیش هەر هەڵستام و هەڵنەستام یەکسەر بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی پێداکێشام و وتی ئەمە کێ دروستی کردووە! ئیتر من یەکسەر دەستم کردە گریان و وتم (بەخوا مامۆستا خۆم دروستم کردووە)! مامۆستا نەیبسیت و وتی هەر دەبێت بیڵێیت کە کێ بۆی دروستکردوویت! نەمتوانی باوەڕ بە مامۆستا بهێنم کە خۆم دروستمکردووە، بەتایبەتی کە بەهۆی ئەو زللە بەهێزەیەوە تەواو گێژ ببووم و هەر دەگریام.. ئیتر تایەرە سوور وتی بڕۆ (هیوا)ی براتم بۆ بانگ بکە تا بزانم کێ بۆ دروست کردووی!.. کاك هیوام ئەو کات لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بوو و

منیش بە گریانەوە رامکرد بۆ پۆلەکەی و وتم وەرە مامۆستا بانگت دەکات...

تایەرە سوور لە کاك هیوامی پرسی: ئەمە کێ دروستی کردووە! ئەویش وتی مامۆستا خۆی دروستیکردووە، بەڵام تایەرە سوور پرواى بەویش نەکرد و دەستی بۆ من درێژکرد و دەباشیرێکی سپیی دایە دەستم و وتی ئادەی ئەوەی کردووتە لەسەر تەختە رەشەکە بۆم بکەرەوە! منیش بە گریانەوە کەوتمەوە کێشانەوەی ئەو وێنەیەی کە دەمویست ئافەرین و دەستخۆشانەی لە تایەرە سوورەوە پێوەرگرم! ئەو کات ئەگەرچی زۆر منداڵ بووم بەڵام لەگەڵ هەر هێڵێك کە بەو دەباشیرە لەسەر تەختەکە دەمکێشا نەمرەتم لە خۆم دەکرد، لە وێنە، لە هەموو شتێك لەو کاتەدا و ئیتر ببڕای ببڕ بەلای وێنەکێشاندا نەچوومەوە! ئەوەشی کە بۆم ناچێتەوە سەریەك و تاوەکو ئێستا مەتەڵێکە، پاش ئەوەی کە هەمان وێنەم بە دەباشیر! کێشایەوە، تایەرە سوور داوای لێبووردنی لێنەکردم و بە توورەییەوە ئاماژەی بۆ شوێنەکەم کرد تاوەکو دابنیشمەوە...

ئێستا نزیکەی چل ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، مۆتەکەی تایەرە سوور و زللە ناهەقییەکەی هەر بەسەر سەرمەوەیە و لێمنابنەوە!

ساڵ هات و ساڵ رۆیی و گەیشتمە قۆناغەکانی ئامادەیی، هەمان تایەرە سوور بەرامبەر ماڵی باوکم لە گەڕەکی رزگاری خانوویەکی دروستکرد! ئەو کاتیش حەزم نەکردەوە بیبینم! چ جای ببێتە دراوسێی رێك بەرامبەرمان! بەڵام خۆشبەخانە خانووەکەی فرۆشت و نەهاتە ناوی و ئیدی بۆ هەتا هەتا تایەرە سوورم نەدییەوە چونکە پێش چەند ساڵێك کە چوومەوە بۆ کوردستان و پرسیارم لێی کرد، بیستم کە تایەرە سوور کۆچی دوایی کردووە..

چل ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕی، لەم رۆژانەدا کە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە فرمێسکەکانی ئەو کورە وەرتێییەم بینی کە چۆن لەلایەن مامۆستایەکی تایەرە سوور ئاساوە سووکایەتیی پێدەکرێت! هەمان فرمێسکەکانی خۆمم بیرکەوتەوە، هەمان ئەو سووکایەتییەم بیرکەوتەوە کە کەسێکی وەك تایەرە سوور بەمنی کرد! چاوە تەڕەکانی ئەو منداڵە وەك ئاوێنەیەك وابوو بۆ من کە دیمەنی دەباشیر و تەختەڕەش و

وێنەکێشان و فرمێسکەکانی خۆمی تیدا ببینمەوە و سەرلەنوێ برینی دەیان ساڵەم بکولێنێتەوە!..

سەردەمی من، سەردەمێکی تر بوو، پەروەردە و قوتابخانە لە کاتی مندا بریتی بوو لە لێدان و دار و سووکایەتی.. ئێستا، پاش بیست ساڵ حوکمی خۆبەخۆییی کورد، هەمان فرمێسکەکانی من و هەمان تایەرە سوور لە گوندی وەرتێی ناوجەرگەی شۆڕشەکان ئامادەییان هەیە.. بەبینینی فرمێسکەکانی ئەو کوڕە وەرتێییە و هاتوهاواری مامۆستای نامامۆستای، بۆم دەرکەوت کە پەروەردەی ئێمە لە نێوان ئەو چل ساڵەدا بستێك نەچووەتە پێشەوە! زۆر بەداخەوە...

لاهای – هۆڵندا
2011-05-11

# رووبەری داهێنان و زنجیرە پرس و رایەك![1]

سازدانی دیمانە: هێمن مەلازادە

**پ1/ بۆ دەیەیەك دەچێت جۆرێك لە خەمساردی لە چاپەمەنی کوردی هەیە بەرانبەر بە شتە مێژوییەکان، ئەو خەمساردییە گەیشتووەتە ئاستێك کە بۆ نموونە هێشتاش زۆر بە کەمی ئەو کتێبانە وەردەگێڕدرێن و چاپ دەکرێن کە پەیوەستە بە مێژووی دوور و نزیکی ئێمەی کوردەوە، ئایا بە راستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە سەرچاوەگەلێکی باشی نووسرا و وەرگێڕدراومان هەیە بە کوردی یانیش لەبەرئەوەیە کە جۆرێك لە خەمساردیی لەو مەسەلەیەدا دروست بووە؟**

وەڵام: ئێمە بەدڵنیاییەوە سەرچاوەگەلێکی باشی نووسراو و وەرگێڕدراومان نییە.. دیارە زۆر شت لەسەر کوردستان و کورد نووسراون، چەندن ئەوەیان کەس نازانێت، چونکە ئێمە هەر لە وەرگێڕاندا کۆڵ و خەمسارد نیین! بەڵکو کێشەی ئاماریشمان زۆرە و تەنانەت ناوی ئەو نووسینە وەرنەگێڕدراوانە و نووسەرەکانیشیانمان بەتەواوەتی لانییە! خەمساردی تەنها لە وەرگێڕانی ئەو تێکستە مێژووییانەدا نییە، بەڵکو ئێمە لە ئەلفەوە تاکو یێ کێشەی زۆرمان هەیە!.. رووداوێکی گەورە و گرانی وەکو ئەنفال، تەنانەت نەشخراوەتە بەرنامەی خوێندنەوە بەتەواوەتی، ئیدی چۆن و بەچ بەرنامەیەك ئەو تێکستە مێژووییانە وەربگێڕدرێن!..

لە رووسیای پێش بەڵشەڤیکەکان و لە سەردەمی سزاردا، زمانی رووسی تاڕادەیەك گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام چونکە بەڵشەڤیکەکان بەرنامەی بەڕێوەبردنیان هەبوو، هاتن هەرچی ئەدەب و کتێبی گرنگی جیهان هەیە وەریانگێڕایە سەر

1 ئەم دیمانەیە بەسێ بەش لە ژمارەکانی 61، 62 و 64ی رۆژنامەی رووبەری داهێناندا بڵاوبووەتەوە. ساڵی 2011.

زمانی رووسی و زمانی رووسییان کردە زمانی، ئەدەب، زانست و هونەر!.. حەمە رەزاشای ئێران خزمەتیکی گەلێك گەورەی نەتەوەی فارسی کرد، کە لەشکرێك وەرگێڕی دروستکرد! بەڕادەیەك کتێبخانەی فارسی لە ناوچەکەدا دەوڵەمەندترینە و تەنانەت لەهی عەرەبیش دەوڵەمەندترە!..

ئەو دوو نموونەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە بڵێم، ئەو تێکستانە بە یەك کەس و دوو کەس وەرناگێڕدرێن، هەوڵ هەبووە، بەڵام تاکەکەسی بوون و نەچوونەتە چوارچێوەی دامەزراوەییەوە، دەبێت ئەم کارە سیستمێك پێی هەڵبستێت و پلان و بودجەی پێویستی بۆ هەبێت.. هەربۆیە زۆرجار وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێم کەوتۆتە بەر نیشانەی پرسیاری من و زۆری تریش و من بەڕاستی نازانم ئەو وەزارەتە بەتەواوەتی چیدەکات و کاری چییە!..

**پ2/ ئەو سەرچاوانەی کە وەردەگێڕدرێن زۆربەی ئەو گەڕیدانە نووسیویانە کە هاتوون سەردانی کوردستانیان کردووە، ئەوانەش هێندەی لە رووی سۆزدارییەوە پەیوەستن بە مەسەلەی کوردەوە کە غەدرێکی گەورەیان لێکراوە و دابەش کراوە، زۆرکەمتر لایەنە خراپەکانی کەلتووری ئێمە باس دەکەن و دەردەخەن، با پرسیارێکی جەوهەریی بکەین، ئایا ئەمە تا چەند قازانجی بە کولتووری کوردی گەیاندووە؟**

وەڵام: مێژوو، رابردووی نەتەوە یان کۆمەڵێك کەس یاخود دامەزراوێکە، ئەو مێژووەش هەمەلایەنەیە، باش و خراپ! ژیانی نەتەوەیەکیش نابێت لە هەموو ئان و زەمانێك وەك کاتژمێر بەڕێوەڕۆیشتبێت! تەنانەت من باوەڕم بەوەش نییە کە بە بەریتانیا دەڵێن ئەو شارستانییەیە کە هەرگیز خۆری لێ ئاوا نەبووە!.. چونکە ژیانی نەتەوەکان وەك ژیانی تاکەکەسێك وایە، بریتییە لە هەوراز و نشێو، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، نەخۆشی، شانازی و ملکەچی و زۆریتر..

مێژووی ئێمە، تا روویەکی گەشی شارستانیی تێدادەبینیت، هەزار و یەك تێشکان و ناپاکی و براکوژی و کاری خراپی تری تیادەبینیت، ئەمە هەر تەنها لەم دەیەیانەی کۆتاییدا وانەبووە، بەڵکو تازۆرتر قووڵببیتەوە و بکەویتە ناو میرنشین و دەوڵەتۆکە و هۆزەکانی مادەوە بەرەو خراپتر و داپرانی زۆرتر و پەرپەرتیی زۆرتر دەچێت..

کەم کەس هەیە بە راستگۆییەوە باسی دۆزی کورد و کێشەکانی کردبێت، ئەوەی دوژمنمان بووبێت، بە خراپە باسی کردووین و ئەگەر شتێکی باشیشمان هەبووبێت، لێیی سەندووینەتەوە، ئەوەشی دۆستمان بووبێت چاوپۆشی لە زۆرشتی خراپمانکردووە و بەچاوی سۆزەوە باسی کردووین.. خۆیشمان تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە راستگۆیانە لە خودی خۆمان و رابردووی خۆمان بتۆژینەوە!.

هەتا ئێستا جەژنی نەورۆز مشتومڕی زۆر لەسەرە! چۆن بتوانیین بەشێوەیەکی زانستییانە بیسەلمێنین کە ئەو کەلێندەرەی کە مێژووەکەی براوەتەوە بۆ ساڵی 700ی پ ز، بنەمایەکی مێژوویی هەیە؟ هەروەها ئەو 21 تیشکەی خۆرەکەی نێو ئاڵای کوردستان لە رووی مێژوویی و فەرهەنگییەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

مێژووی ئێمە، ئایا بەهۆی خۆمانەوە بێت یان دەستی دەرەکی، کۆمەڵێك درۆی گەورەی تێکەوتووە، دەبێت ئێمە باشتر خۆمان بناسین، ئەگەرنا، نەتەوە بوونمان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەوەشە کە تاوەکو ئێستا ئێمە نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان!.

**پ3/ بۆچی ئێمە بۆ مێژووی خۆمان هەمیشە شایەدی بۆ ئەو کەسانە دەدەین کە مێژووی ئێمەیان نووسوەتەوە، ئایا ئەگەر ئێمە خۆمان واتە کەسانی وەك جەنابتان و چەندانی دیکە لە جیاتی مێژوونووسە گەورەکانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو، مێژووی خۆمان بنووسیبایەوە، هەمان ئەو گرنگییەمان پێدەدا یان نا؟**

وەڵام: هەڵبەت ئەگەر خۆمان بەشێوەیەکی زانستییانە و دوور لە هەر روویەکی سۆز و سۆزداری مێژووی خۆمان بنووسینەوە، دیارە زۆرباشتر دەبێت. من ناڵێم نووسینی سۆزداریم نییە بۆ کوردستان و کورد، هەڵبەت نووسینە سەرەتاییەکانم هەندێکیان ئەو مۆرکەیان پێوەدیارە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە! نووسینی مێژوویی و شیعری دڵداری و خەیاڵەکانی زۆر جیاوازن، ئەدەبی نووسینی ئێمە بەگشتی لە شیعرنووسین دەچێت و تژییە لەئەندێشە! نووسینی مێژوویی و سیاسیم خوێندووەتەوە کە کابرای نووسەری بە حیسابی خۆی مێژووی نووسیوە، کەچی دێتەسەر باسی گیای سروشتی و وشککردنەوەی تەپاڵە لە لادێکانی کوردستاندا!.

ئەگەر نەزانین باسکردنی گیای سروشتی، پێوەندیی بە زانستی بایۆلۆجی و دەرمانسازی و وشککردنەوەی تەپاڵەش پەیوەندیی بە زانستی کۆمەڵناسیی کوردەوارییەوە هەیە! ئەوا ئەو مێژووەشی کە دەینووسینەوە لەوەی بۆ نموونە ئەوانەی سۆڤییەتی پێشوو باشتر نابێت!. ئەگەر کاوەی ئاسنگەر بکەینە کورد و کەلێندەرەکەمان ببەینەوە بۆ 700ی پێش زایین و باسی 21 تیشکەکەی ئاڵای کوردستان بکەین لە نووسینە مێژووییەکانماندا! ئەوەیشیان بەدڵنیاییەوە لەوانەی بێگانەکان باشتر و کاریگەرتر نابێت..

مێژوو دەبێت بنووسرێتەوە وەك ئەوەی کە روویداوە، ئەرکی مێژوونووس گێڕانەوە و بەراووردکردنی ئەو رووداوە مێژووییانەیە، هۆکاری روودانی رووداو و هۆکاری روونەدانی رووداوە روونەداوەکان بۆ خوینەر دەربخات، ئەوەیە نووسینەوەی مێژوو!.

**پ4/ ئەو خەمساردییەی کە لە مێژووی کورددا هەبووە تا ئێستاش بەردەوامە لەوەی کە ئەو کەسانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان داهێنان لە یەکێك لە بوارەکان دەکەن هەتا نەمرێت حورمەتی نازانن، لە ناو ئەو بوارەنەشدا مەسەلەی مێژوو، گەورەترین مێژوونووسی ئێمە دکتۆر کەمال مەزهەر، چونکە خۆی نەکردووەتە کاڵای سیاسی توانیویەتی کەسایەتی خۆی وەکو**

**کەسایەتییەکی نەتەوەیی بهێڵێتەوە، هەست دەکەی غەدرێکی گەورەی لێ دەکرێت، ئەویش وەکوو خوالێخوشبوو مامۆستا مەسعوود محەممەد تا لە ژیاندایە کەسێك حورمەتی نازانێت، با پرسیارێك لە هاوڕێ باخەوان بکەین، تۆ لەسەر ئەمە چ قسەیەکت هەیە؟**

وەڵام: تا لە ژیاندایە کەسێك حورمەتی نازانێت! ئەمە لەوانەیە بەتەواوەتی وانەبێت! بەڵام ئەگەر مەبەستتان دەستەڵاتی فەرمانڕەوای کوردستانە، ئەوا بەتەواوەتی وایە. مەسعود محەمەد، زماناس، مێژووناس، ئەدەبناس، نالی و حاجی قادرناس، کشتوکاڵناس، عەرەبیزانێکی گەورە بوو، بەداخەوە ئەوەندەی رژێمی بەعس گرنگیی بەم پیاوەدا و رێزی لێگرت، نیوئەوەندە دەستەڵاتی کوردی ئاوڕی لێنەدایەوە، دەکرا سوودی زۆرتر لەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنی مامۆستای گەورە وەربگیرایە! من پێش کۆچی دواییی چەند جارێك بینیم، ئەگەرچی کەمێك تووشی نەخۆشیی فەرامۆشی ببوو، بەڵام هەر هی ئەوە بوو ببێتە گەورە راوێژکاری راوێژنەکارانی هەردوو دەستەڵاتی کوردی بە پارتیش و یەکێتیشەوە..

مامۆستا کەمالیش، بەهەمان شێوە، ئەگەر دەستەڵاتی کوردی خەمسارد نەبووایە بەرامبەر مێژوو و مێژوونووسین، دەبووایە بەرنامەی تری بۆ مامۆستا کەمال ببوایە، دەبوایە تەواوی مێژووی قۆناغەکانی خوێندن بە زانکۆ و بەشی مێژووەوە لەژێر فەرمان و باڵادەستیی ئەم مامۆستایەدا بنووسرایەتەوە و سەرپەرشتیی بکردایە، نەك بەداخەوە رەوانەی لەندەنی بکەن بۆ وەرگێڕانی دۆکومێنتەکانی سەبارەت بە کورد لە مۆزەخانە و ئەرشیڤخانەکانی بەریتانیادا، ئەمە کاری مامۆستا کەمال نەبوو، ئەمە کاری هەر وەرگێڕێکی ئاساییی مێژووناس بوو، نەك کەمال مەزهەری مێژوونووس!.

**پ5/ لەسەر ئەو کتێبە مێژووییانەی کە بوونەتە سەرچاوە بۆ قۆناغی ئامادەیی و پێش ئامادەیی، جۆرێك لە نارازیبوون هەیە لەسەر ئەوەی کە پێیانوایە هەم**

**مەسەلەکان بە ئاڵۆزی باس کراون و هەمیش مەسەلەکە کە دێتە سەر لەبەرکردن قوتابی یان خوێندکار ئەزیەت دەدات، ئایا هاوڕێ باخەوان تا چەند ئاگاداری ئەو جۆرە کتێبە مێژوویانە و چ قسەیەکیشت لەسەریان هەیە؟**

وەڵام: پەروەردەی ئێمە کێشەی زۆرە، پەروەردەکەمان جگەلەوەی ئێستا بووەتە دوو شێوەزمان! هەروەها تاوەکو ئێستا لەژێر هێزکاری خراپی هەر دوو کارگێڕییتیی پارتی و یەکێتیدایە، هەرچی پارتییە دەیەوێت رۆڵی شۆڕشەکانی بارزان و مەلا مستەفا بخاتە ناو هەموو قۆناغەکانی خوێندنەوە، یەکێتیش دەیەوێت رۆڵی ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەب سیاسی و جەلال تاڵەبانی باڵادەست بێت! واتە کوردستان پەروەردەکەیشی کەوتووەتە نێوان دوو میرنشینەوە..

دیارە من هەموو ئەو کتێبانەم نەدیوە، بەڵام لە بەرنامەمدا هەیە ئەمجارە کە هاتمەوە بۆ وڵات هەموو کتێبی مێژووی قۆناغەکانی خوێندن کۆبکەمەوە و بزانم بەتەواوەتی چ باسن! ئەوەی بیستوومە و لێی دڵنیام ئەنفال بەو گەورەییە لە کتێبی پەروەردەی قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندیدا نین.. ئەمە کارەساتە!

نووسینی مێژوو زۆر جیاوازە لە نووسینی پەروەردەی مێژوویی. مێژوو، مێژوونووس دەینووسێتەوە، بەڵام پەروەردەی مێژوویی دەبێت کەسانێکی واهی بینووسنەوە کە شارەزاییان لە پەروەردە و مێژوودا هەبێت. بەڵام زۆربەی ئەو کتێبانە لەلایەن مێژوونووسەوە نووسراون و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە پەروەردەی منداڵ و مێرمنداڵەوە نییە، هەربۆیە ئەو کتێبە مێژووییانە خویندکار ئەزیەت دەدەن!.. کتێبی مێژووییم بینیوە کە هی قۆناغێکی خوێندن بووە، ئەوەی کە نووسیوویەتی نە فڕی بەسەر مێژووەوە بووە نە پەروەردەکاریش بووە!.

هەڵبەت هەموو ئەم هۆیانە دەگەڕێنەوە بۆ خراپیی سیستمی بەڕێوەبەریی کوردستان، وەزارەتی پەروەردەش وەك وەزارەتی رۆشنبیری وایە، نیشانەی پرسیار زۆرن لەسەریان!

**پ6/ ئەو دابەشکارییەی کە لە عەقڵی سیاسیی حزبی ئێمەدا هەیە، کەم کەسیشمان هەیە بتوانێت تێپەڕی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکەی خۆی بکات، تا چەند زەربەی لە مێژوو و نووسینەوەی مێژوو و لە کۆی ژیانی ئێستاشمانداوە؟**

وەڵام: ئەو دابەشکارییە گوورزی لە هەموو شتێك داوە، هەموو شتیك بەشێوەیەکی رەهای تەواو. مێژووش یەکێکە لەو گوورزلێدراوانەی ئەو هەموو شتانە.. تۆ سەیری چاپکراوەکانی دەزگای ئاراسی سەربە پارتی بکە، زۆرێك لە کتێبەکانی دەربارەی مێژووی بارزانی و پارتی و پەرینەوەی ئاوی ئاراس و هەموو ئەو شتانەیە کە پێوەندیی بە پارتی و بارزانییەوە هەیە!.. بەرامبەر ئەویش دەزگای سەردەمی سەربە یەکێتی باوەڕناکەم یەك کتێبی لەسەر پارتی و بارزانی چاپکردبێت!.

لە هەولێر شۆرش، شۆرشی گوڵانە، لە سلێمانی شۆرش، شۆرشی نوێیە! لە هەولێر گەورەترین نەبەردی پێشمەرگایەتی، شەڕی خواکورکە! لە سلێمانی داستانی قەیوان – ماوەت و دابانە! لە هەولێر بارزانی مەرجەعە، لە سلێمانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و بەوشێوەیە هەموویان جوودان و دابەشبوون!..

مێژوو، خەڵك دروستیدەکات و دەستەڵات بەهەڵە دەینووسێتەوە! ئەو مێژووەی دەستەڵات دەینووسێتەوە بە ئارەزووی خۆی و لە بەرژەوەندیی خۆی دەینەخشێنێت.. کێشەی ئێمە لەوەدایە لەباتی دەستەڵاتێك دووانمان هەیە! ئەگەر نەڵێم زۆرتر! مێژووش لە هەر لایەکیان بە ئارەزوو و بەرژەوەندیی ئەو لایەنە دەنووسرێتەوە! بەواتای ئەوەی خەڵك دروستیکردووە، دەستەڵات بۆی تێکدەدات..

دەسەڵاتی کوردی، هەڵەیەکی گەورە دەکات کە دەیەوێت مێژوو بنووسێتەوە، چونکە ناتوانێت لایەنگیریی تێدانەکات، ئەمە هەر تەنها تایبەت نییە بە دەسەڵاتی کوردی، بەڵکو کارێکی گشتییە بۆ هەموو دەسەڵاتەکان.. مێژوو دەبێت وازی لێبهێنرێت بۆ ئەوانەی کە سەریان لێی دەردەچێت و بەشێکن لەوانەی کە دروستییانکردووە، نەك ئەوانەی کە تێکیدەدەن!.

**پ7/ تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە بە ڕۆحییەتێکی نەتەوەیی بیر دەکەیتەوە و زۆر سەرسەختانە رەخنە لە یەکێتی و پارتی دەگریت وەك دوو حزب کە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا، ئایا ئەو رەخنەیە تا چەند پەیوەستە بەوەی کە تۆ دووربینانەتر سەیری مەسەلەکان دەکەیت و پێتوایە هەر حوکمڕانییەکی خراپ دواجار ئایندەیەکی خراپ بۆ ئەو میللەتە بەرهەم دەهێنێت؟**

وەڵام: دیارە من و زۆریتری وەك من لە پارتی و یەکێتی دووربینتر بووین، کاتی خۆی زۆرمانگووت و نووسینەکانیشمان ئەو گەواهییە دەدەن.. وتمان ئەگەر واهی وڵات بەڕێوەبەرن ئەوا ئاییندەیەکی خراپ بۆ ئەو میللەتە بەرهەم دێنن! ئێستاش زۆرێك لە بەرایی ئەو ئاییندە خراپە بەدەرکەوتووە و زۆر بەداخم بۆی!.

رەخنەی سەرسەختی من لە سنووری ئەدەبی نووسیندا هەر بەردەوامدەبێت، تاوەکو ئەم ئێستا خراپە و ئاییندە خراپترەمان چاکتردەبێت.. پێشتر لە یەکێك لە نووسینەکانمدا باسی بێگوێیی دەسەڵاتی کوردیم کردووە! ئەگەر گوێیان لە هەزاران کەسی دڵسۆز بگرتایە، دەسەڵات و جەماوەر سەنگەری بەرد و گوللەیان لەیەکدی نەدەگرت و رووداوەکانی ئەم دواییە و هی تریش کە بەڕێوەن، روویاننەدەدا! بەڵام خەمی گەورەی من نەتەوەکەمە، ئەوە کە یەکەمین و دواهەمین زیانی بێگوێیی دەسەڵاتی بەردەکەوێت!.

ڕاست نییە پارتی و یەکێتی بە دوژمن بزانیین و تائێستا من بە دوو پێکهاتەی گرنگی باشووری کوردستانیان دەزانم.. کە من سەرسەختانە ڕەخنەم لێیانگرتبێت، تەنها بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەیە کە ئێمە بەدەستمانهێناون و ئەوان خەریکن لەدەستی دەدەن و هیچی تر!.

**پ8/ یەکێك لەو بوارە تازانەی کە زمانی کوردی خەریکە گەشەی تێدا دەکات، مەسەلەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتە، لەمڕووەشەوە ناکرێت ڕۆڵی بەڕێز هاوڕێ باخەوان لەبەرچاو نەگیرێت، با پرسیارێکی سادە بکەین، ئایا بە ڕاستی ئەوەی تا ئێستا لە کۆمپیوتەر و لە ئینتەرنێت بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێت تا چەند شایستەی ئەوەیە کە گەنجێکی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دڵی پێی خۆش بێت؟**

وەڵام: سوپاستان دەکەم کە لەو ڕووەوە ڕۆڵی من لەبەرچاو دەگرن!

لەڕاستیدا دڵپێخۆشبوونەکە گشتگر نییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی، کە دەبووایە ئێمە ئێستا پاش بیست ساڵ فەرمانڕەوایی کوردی، بمانبووایە!.. نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە، کورد بە چەند شێوەزمان و چەند ڕێنووسێك دەنووسێت.. هەربۆیە لێکتێگەیشتنیش ئاسان نابێت و ناشتوانین وەك پێویست بچینە ناو زانستی دیجیتاڵەوە. بۆ نموونە ئەگەر داوا لە کۆمپانیایەکی وەك مایکرۆسۆفت بکەین ویندۆزمان بۆ بکات بە کوردی! پێی بڵێین بۆ کام شێوەزمان و بە کام ڕێنووس! لەوەوە بڕوانە هەموو لایەنەکانی تری زانستی ئای تی بەگشتی!.

بەڵام لە لایەکی ترەوە بوونی ئنتەرنێت هۆکارێکی گرنگە بۆ زانین و ناسینی پارچەکانی کوردستان بەیەکتری، من زانیاریی زۆرم بەهۆیەوە دەستکەوتووە و لەو ڕووەوە زۆر خۆم بە قەرزاری ئنتەرنێت دەزانم..

**پ9/ تۆ یەکێك بووی لە کەسە یەکەمینەکان کە خەمخۆرییەکی گەورەت نواند لە مەسەلەی داخلکردنی زمانی کوردی بۆ ئینتەرنێت، ئایا ئەم هەوڵە تاکە کەسییەی هاوڕێ باخەوان، دیسان زادەی خەونبینینی گەشەسەندنی پێشکەوتنی زمانێکی جوانی پاراوی کوردی بوو، یان ئەوە باخەوانی هاندا کە ئیتر زمانی کوردیش نابێت لەبیر ببرێتەوە و دەبێت بە قەدەر خۆی خزمەتی بکرێت؟**

وەڵام: لە راستیدا ئەمە چیرۆکی خۆی هەیە! ساڵی 1994 ویستم نامیلکەیەك لەسەر راپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان چاپ بکەم، ناوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە کۆرێکم بوو کە لە هەمان ساڵدا لە راوندز گرتم.. کێشەی چاپم هەبوو و لە هۆڵندا نەمزانی چۆن چاپ و بڵاوی بکەمەوە.. پاشان تایپرایتەرێکی فارسیم لە کاك (بەختیاری شەمەیی)یەوە وەرگرت و کەوتمە تایپی کتێبەکە! ئەگەرچی پێشتر کەمێك کارم بە تایپرایتەر کردبوو، بەڵام کارێکی تابڵێی ناخۆش بوو، بەتایبەتی کە دەبووایە دێرەکان درێژییان وەکو یەك بووایە تاوەکو لای چەپیشی رێك دەربچووایە.. هەر لەو ساڵەدا بڕیارمدا کۆمپیوتەرێك بکڕم و کاروباری تایپی نووسینەکانمی پێبکەم.. هاوسەرەکەشم خوێندنەکەی لەسەر کۆمپیوتەر و ئای تی بوو، پاش ئەوەی کۆمپیوتەرێکمان لە ساڵی 1995دا کڕی، چەند کۆرسێکم هەر لەو ساڵەدا بینی و زۆرباش کۆرسەکانم تەواوکرد، ئیدی لەو کاتەوە کەوتمە دنیای کۆمپیوتەر و سفر و یەکەوە! ساڵی دووایی لە پەیمانگای نێتوێرکینگ لە شاری لاهای وەرگیرام و ئەویشم تەواوکرد.. ساڵانێکی زۆر کاری بەرنامەوانیی ئنتەرنێت و بەرنامەی ویندۆزم بەچەندین زمانی بەرنامەوانیی جیاواز لە چەندین کۆمپانیا کردووە، ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە لەوانەیە دەیان کۆرس و راهێنانم بینیبێت و لەوکاتەوە بژێویی خۆمان لەسەر ئەو لایەنەیە و هەرگیز هەست ناکەم کە من کەسێم کاتی خۆی یاسام خوێندبێت و مافناس بم!. تاوەکو ئێستا کە بوومەتە ئای تی مەنیجەر لای نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی داتابەیسەکانی دادگای یۆگۆسلاڤیا من بەرپرسیاریانم و بەڕێوەیاندەبەم..

من هەر لە بەراییی دەرکەوتنی ئنتەرنێتەوە، بەگەڵی کەوتم و زۆر بە گرنگم دەزانی.. سەرەتا زمانی کوردی زۆر کەم بەکاردەهێنرا.. بەڵام پاشان وردە وردە زۆر بوو و منیش یەکێکم لەو سەربازە ونانەی کە کارم بۆ ئەوە کردووە و تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامم..

**پ10/ با پرسیارێکی جەوهەریی بکەین لەسەر باخەوان دۆت کۆم، ئێمە هەر رۆژێك سەیری سایتەکەی بەڕێزتان دەکەین، مێژووی رۆژێکمان بە تەواوەتی لە پێش زایینەوە هەتا ئێستا دەداتێ، ئایا ئەمە تا چەند خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشێتەوە کە خوێنەر زاکیرەیەکی بەهێزی هەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ رووداوەکان، ئایا ئەو هەوڵەی تۆش لەسەر ئەو بنەمایە بەرهەم هات؟**

وەڵام: ساڵی 1998 کە لە کۆمپانیای (ماگناشۆپ ئنتەرناشیۆناڵ بی ڤی)ی هۆڵەندی کارم دەکرد، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە وەك دەستخۆشانەیەك بۆ چەند ماڵپەڕێکی عەرەبی کە بۆ کۆمپانیاکە دروستم کردبوو، پێی گووتم کە دەتوانم لەسەر بودجەی کۆمپانیا دۆمەینێکی تایبەت بەخۆم و هۆستینگی بێسنوورم هەبێت، دیارە ئەوکاتە ئەوانە زۆر گران بوون!، منیش لەو کاتەوە بوومە خاوەنی باخەوان دۆت کۆم. ئەو ماڵپەڕە یەکێکە لە دۆمەینە بەراییەکانی مێژووی ئنتەرنێتی کوردی.. هیچ کاتێك ئەو دۆمەینەم بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارنەهێناوە، هەرچی نووسینی من هەیە لە کتێب و وتار و دیمانە لەسەر ئەو ماڵپەڕەن.. زۆرجاریش کتێبی نووسەرانی تر کە هۆستینگیان نەبووە دامناوە تاوەکو خەڵکی بیانبینێت..

ساڵی 1999، پێش چاپ و بڵاوبوونەوەی پەڕتووکی هاوڕێنامە لەلایەن دەزگای سەردەمەوە، تەواوی داتابەیسی هاوڕێنامەم خستە سەر باخەوان دۆت کۆم و ماشێنێکی گەڕانم پێیەوە گرێدا تاوەکو خوێنەران لە داتابەیسەکەدا بگەڕێن و زانیاریی تێدا بدۆزنەوە! لەوانەیە ئەوە کۆنترین یان یەکەمینەکانی سێرچ مەشینی کوردی بێت لەسەر ئنتەرنێت! دیارە دڵنیا نیم لەوە..

پاشان وایلێهات کە ڕۆژانە میوانانی دۆماینەکە ڕووداوەکانی ڕۆژیان بە ئۆتۆماتیکی دەستبکەوێت.. هەمان ڕووداوەکانی ڕۆژ کە ساڵانێکە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان سوودی لێدەبینن و هەندێکیان تەنانەت کۆماکانی منیش بڵاودەکەنەوە، بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی سەرچاوەی هاوڕێنامەیان کردبێت! ئێستا بووەتە (ئاڕ ئێس ئێس فید) و هەر ماڵپەڕێکی کوردی دەتوانێت ناوکێشی بکات لە ماڵپەڕەکەی خۆیەوە و ڕووداوەکانی ڕۆژ پیشانی میوانانی بدات..

خۆشبەختانە زۆر کەس سوودی لە ڕووداوەکانی ڕۆژ وەرگرتووە و زۆرێك ئیمێڵ و دەستخۆشانەم بەدرێژایی ساڵانی رابردوو پێگەییشتووە کە دەتوانم بڵێم سەدان و بگرە زۆرتریشە و هەموویم لای خۆم پاراستوون..

**پ11/ سایتی کوردیپێدیا سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر تەواوی کەس و ڕێکخراوو ناوچەکان، ئەوەیان زادەی چی بوو؟**

وەڵام: من لە ساڵی 2005ەوە لە فراوانترکردنی هاوڕێنامە وەستام، ئەویش زۆرتر بەهۆی هۆکاری چاپنەکردنەوەیەوە بوو! پڕۆژەی کوردیپێدیا دەمێك بوو لە بەرنامەمدا بوو، بەتایبەتی کە کۆمەڵێك سەرچاوەی باشم بۆی هەبوو، لەوانە: هاوڕێنامە و داتابەیسی ناونامە و ئەو ئەرشیفە دیجیتاڵەی کە ساڵانی رابردوو کۆمکردبوەوە. کوردیپێدیا لەسەر ئەو سەرچاوانە وەك (داتاوێر هاوس)ێك دروستبوو، شارەزاییی چەند ساڵەشم لە بەرنامەوانی و داتابەیس دیزاییندا زۆر یارمەتیدەرم بوو و ئەو کوردیپێدیایەی لێپێکهات کە ناوم ناوە (پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی!)..

کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا زۆر پرزانیاریتر بێت و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...! کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە.

وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (enkyklia paideia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات. دڵنیا نیم، بەڵام لەوانەیە وشەی پەیی کوردی یان پەیپێبردن هەر هەمان رەگوریشەی پیدیا بێت!.

بەکورتی کوردیپێدیا، هەوڵێکی (پرۆفیشناڵ)انەیە بۆ کۆکردنەوەی و خستنەڕووی زانیاریی پەیوەست بە کوردستان و کوردەوە..

دەمێکە بەنیازی نووسینێکم لەسەر زانیاری و چۆنێتیی زانیاری وەدەستخستن و تایبەتمەندییەکانی، بەڵام ماوەیەکە لە نووسیندا زۆر تەمبەڵ بووم و هیوادارم لە پاشەڕۆژدا ئەمە بۆ بکرێت..

پرۆژەکە خۆشبەختانە زۆر بەخێرهاتنی لێکراوە و خەڵکانێکی زۆر سەردانی دەکەن و زانیاریی لێوەردەگرن و راپۆرتی لێوە دادەبەزێنن. خەڵکانێکی زۆریش یارمەتی بۆ کوردیپیدیا دەنێرن بەناردنی بابەت و وێنە و راستکردنەوەی زانیاریی ناتەواو، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردیپێدیا ئنتەرئەکتیڤانە لەگەڵ سەردەرەکانیدا کاربکات.. هیواشم فراوانبوونی زۆرتریەتی و دەکرێت بگووترێت لەم کاتەدا داتابەیسەکەی، دوای داتابەیسی دەزگاکانی زانیاری و پاراستن، گەورەترین داتابەیسی کوردییە.. ئێستا کوردیپیدیا خاوەنی دەیان هەزاران بابەت و هەزاران وێنەیە.. ئامانجیشی ئەوەیە ژمارەی بابەتەکانی بگەیەنێتە یەك ملیۆن بابەت! تاوەکو هەرکەسێك بیەوێت بەدوای هەر شتێکدا بگەڕێت، نائومێد نەبێت و زانیاریی پێویستی لەسەر بابەتی داواکراو دەستبکەوێت..

بەرنامەی کاری زۆرترم بۆ کوردیپێدیا هەیە، بەوەی بەشێوەزاری بادینی و کرمانجیی پیتی لاتینیش کاربکات و

بەنیازیشم وەك رێکخراوێکی لێبکەم و ببێتە ناوەندیکی پرواپێکراوی زانیاریوەدەستخستنی کوردەواری..

**پ12/ هەست دەکەی بۆ چەند ساڵی داهاتوو، زمانی شیرینی کوردی هێندە دەبێتە واقیع و دێتە ڕێزی یەکێك لەو زمانە جیهانییانەی کە بۆ هەر بوارێك بتەوێت تۆ پرسیاری لێ بکەیت، واتە پرسیار لە گوگڵ بکەیت یان لە هەر سێرچێکی دیکە بکەیت، زانیاریی پێویستت دەست بکەوێت؟**

وەڵام: دەتوانم بڵێم لە پێنج ساڵی رابردوودا گۆڕانکاریی باش لە بواری زانیاریی تەکنەلۆجیدا هاتووەتە کایەوە، ئەو گۆڕانکارییانەش کورد و زمانەکەیی گرتووەتەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەست بە کوردەوەیە وەك پێویست نییە و ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە. کێشەکانمان زۆرن! ڕێنووسی یەکگرتوو و زمانی یەکگرتوو یەکێکن لە شاکێشەکان و دەبووایە لە بیست ساڵی رابردوودا حکومەتی باشووری کوردستان هەنگاوی زۆر گەورەی بنایە، بەڵام هیچی نەکردووە! ئەو کێشەیە دەبێت دامەزراو و سیستم چاری بکات و لە توانای یەك کەس و سەد کەسدا نییە!..

گووگڵ و هەر سێرچ ئەنجنێکی دی، هەرچی لە داتابەیسەکەیدا تۆمارکرابێت، هەر ئەوەت دەداتێت و هیچی تر، ئیدی ئەگەر سۆرانی و پیتی ئارامی یان بادینی و پیتی ئارامی یان لاتینی بێت، هەر ئەوەت پیشاندەدات!.. بەڵام ئایا زانیاریی پێویستت دەستبکەوێت، ئەوەیان دەکەوێتەوە سەرخۆمان کە تاچ رادەیەك زانیاری و دۆکومێنتمان لەسەر نێت هەیە! نەك سێرچ ماشینەکان!..

**پ13/ با بگەڕێینەوە بۆ ناوەندی مەعریفیەکان و زانکۆ و هەروەها خوێندنی باڵا لە کوردستان کە لەمەدا کەمتەرخەمییەکی زۆر گەورە هەیە، تەنانەت زانکۆ و پەیمانگاکانی ئێمە سایتێکی پێشکەوتوویان بۆ دامەزراوەکانی خۆیشیان نییە، ئایا ئەم کەمتەرخەمییە**

**لە خزمەتکردن بە زمانی کوردی و خزمەتکردن بە زانیاری و داتا بە زمانی کوردی، خەتای کێیە، ئایا ئەمەش دیسان خەتای کۆی سیستمی سیاسیی وڵاتە، یان خەتایەکە خەتای تاکە کەسە، چونکە جۆرێك لە ئیمکانیەت هەیە کە ئەوان بتوانن سایتێکی پێشکەوتوو پێشکەش بکەن و بە زمانی کوردی دەیان زانیاریی لەسەر بواری پزیشکی، بازرگانی، ئابووری، رۆژنامەوانی ....هتد، پێشکەش بکەن؟**

وەڵام: ئەگەر ئەوانەی کە لە باشووری کوردستان لەم سەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەدا سایتێکی پێشکەوتوویان بۆ دامەزراوەکانی خۆیان نەبێت، ئیتر چۆن من پێیان بڵێم ناوەندی مەعریفی و زانکۆ و خوێندنی باڵا!..

ئەوانە خەتای تاکەکەس نییە، من بەردێك لە ئاسمانی باشووری کوردستان بکەوێتە خوارەوە و بیدات بەسەری خودی دەستەڵاتیشدا! هەر خەتای دەستەڵات خۆی دەگرم، ئەوانە دەبێت سیستمی فەرمانڕەوایی بیکەن و کاری تاکەکەس نییە، تاکەکەس رۆڵی لەو پرۆژە گەورانەدا یەکەم جێبەجێکەر و بەرەوپێشبەری پلانەکەیە، دووەمیش کە گرنگترینیانە، سوودمەندبوونە لەو پلانە..

ئەوەی من تێی گەییشتبێتم دەستەڵاتی کوردی ئەوەی خەمی نەبێت و ئەوەی بیری لێنەکاتەوە زمانی کوردییە، ئەمە کارێکە من ناتوانم تێبگەم بۆ و لەبەرچی؟! تکایە هەر کەسێك ئەوە دەزانێت، ئەوا زۆر سوپاسی دەکەم ئەگەر منیش تێبگەیەنیت بۆ؟!.

ماڵپەڕی وەزارەتی رۆشنبیری بکەرەوە، رێنووس و دەستەواژەی وا ئەنتیکەی تێدایە شاخت لێدەڕوێنێت! لە دۆکومێنتە فەرمییەکانی حکومەتدا هەریەکە و بەئارەزووی خۆی رێنووس و زمان دادەڕێژێت.. تکایە ئەو ئەرکە بکێشن و سەیرێکی ئەو سەدان هەڵە رێنووسی و زمانەوانییانە بکەن کە من لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانم گرتووە و

لەسـەر باخەوان دۆت کۆم ئامادەیە و ئیدی خۆتان ئازادن لەوەی پێی پێدەکەنن یان بۆ زمان و ڕێزمانی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتان دەگرییێن!..

ئێسـتاش پاش بیسـت سـاڵ، لە دۆکومێنتە فەرمییەکاندا یەکێك دەنووسـێت، دەبێت! ئەوی دی دەنووسـیت ئەبێ! نەخێر یەکێکی تر ئەبێتی پێ راسـترە! یەکێکی تر دەنووسـێت ئەبێتن! یان دەبێتن یان و نازانم چیی تر! ئەمە کارەسـاتە، کارەسـات! و نازانم ئەو دۆکتۆراگەل و زمانەوانگەلانەی زانکۆکانمان چ دەکەن و کاریان چییە!..

**پ14/ ئەگەر هەوڵی تاکە کەسـی خەڵکانی وەکوو ئێوە نەبوایە، چونکە هەرچی تا ئێستا کراوە و کۆی شتەکان تاکە کەسین، تا چەند کورد زەرەری لەوە دەبینی کە بەزمانی شیرینی خۆی، کەمترین زانیاریی لە سێرچەکانی ئینتەرنێت بەدەسـتکەوتبایە؟**

وەڵام: ئێمەمانان، هەرچییەکمان کردبێت بە بەرنامەیەکی تەواوەوە نەبووە، هەربۆیە کارەکانمان کەموکوریی زۆری تێدایە! بەڵام بەوەشـەوە هەر توانیومانە بەردێك بخەینە سـەر دیواری دیجیتاڵی کوردسـتان و کورد!.

دیسـان دەگەڕێمەوە بۆ دەسـتەڵات! کاری دامەزراوەکانی دەسـتەڵاتە پیتی دیجیتاڵی کوردی دروسـتبکات، نەك ئەم کەس و ئەو کەس!.. کاری دامەزراوەکانی دەسـتەڵاتە کە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامە بەربڵاوەکان بکاتە کوردی نەك من و تۆ!..

هەڵبەت ئەگەر من و تۆ و ئەو، بە خۆڕسـکانە و خۆبەخشـانە کارمان لەو بوارەدا نەکردایە و بەهیوای دامەزراوە کوردییەکان بووینایە! ئێسـتا شـتێکی ئەوتۆ نەدەبوو پێی بگووترێت زمانی کوردی لە جیهانی سـفر و یەکدا!.

حکومەتی بەعس بەو هەموو خوێن و تاوانەوە، چونکە دامەزراوەی هەبوو، هەر زوو پیتە کوردییەکانی کردە ناو بەرنامەیەکی (دۆس)ەوە و پێش سەرهەڵدانی ویندۆز دەتتوانی بەکاریبهێنیت و تێکستی کوردیی بەسەروبۆرەوە پێبنووسیت!..

**پ15/ با بچینە بوارێکی دیکە ئەویش بواری میدیاکانە، میدیاکان بە چاك و بە خراپیانەوە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندن بۆ دونیای ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، ئێستا قسەمان لەسەر ئەوە نییە بە رۆژ و بە خولەك چییان کردووە یان نا؟ بەڵکوو قسەمان لەسەر ئەوەیە ئەگەر بەرێزتان لەسەر ئاستە گشتییەکە بینین، ئایا ئەمە خزمەتێکە بۆ بەرەوپێشچوونی رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کە وشەی جوان لەسەر کورد هەبێت لە ئینتەرنێتدا، یان بە پێچەوانەوە ئەوان هێندە فرە زار و هێندە بێ رێنووسن کە ئەوانەش لە ڕووێکەوە جۆرێکن لە زەڕبەدان لە زمانی کوردی؟**

وەڵام: میدیاکان، بەگشتی کاری زۆریان کردووە لەسەر ئنتەرنێت.. ئەوانە توانیویانە ملیۆنان لاپەڕەی کوردی بخەنە بەردەم خوێنەری کوردی لەسەر ئنتەرنێت و لەو رووەوە کارێکی گەلێك باشە، بەڵام دیارە لایەنی خراپیشی زۆرە! خراپی رێنووس، رێزمان و نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە نرخی هەوڵی ئەو میدیایانە بهێنێتە خوارەوە.. ئەگەر لەمەدا قوڵببینەوە، ئەوا هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر بێ بەرنامەیی دەستەڵاتی کوردی کە نەیتوانیوە ئەو میدیایانە ئاڕاستە بکات تاوەکو بەشێوازێکی باشتر و رێنووسێکی پوخت کارەکانیان بخەنە بەردەستی خوێنەرانیان!..

دەستەڵات تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت کتێبێکی ناوی منداڵان بکاتە یاسا و لە فەرمانگەی ناونووسکردنی منداڵانی تازەلەدایکبوو دایبنێت و بیکاتە پێوەر، ئیدی وادیارە ئێمە داوای شتی زۆر گەورەی لێدەکەین!..

**پ16/ بەوپێیەی کە کورد زمانی ستانداردنی نییە وەك عەرەب کە قورئانی کردووەتە زمانی ستانداردی خۆی، تا چەند زەرەر لەوە دەبینن کە بۆ ئاییندەیەکی دوور ئەگەر زمانی ستاندارنی کوردی دروست بوو و بەلایەکدا شکایەوە جا بۆ نموونە سۆرانی بێت یان کرمانجی، تا چەند ئەو زانیارییانە دەفەوتێن ئەوەی کە ئێستا هەیە؟**

وەڵام: هەڵبەت هێزکاری خراپی دەبێت، بەڵام بەو شێوەیەش نییە، ئێستا تەکنەلۆجیای زانیاری ئەوەندە پێشکەوتووە کە زۆر بەئاسانی لە چەندین زمانەوە بۆ چەندین زمانی تر دۆکومێنتی بۆ وەردەگێڕیت و بە کوالیتیی زۆر باشیشەوە، زمانی چینی و عەرەبی فڕیان بەسەر یەکترەوە نییە و دەتوانیت لای زۆرێك لە ماڵپەڕ و ماشێنی گەڕانەکان دۆکومێنتی بۆ - یان لێوەربگێڕیت! کە ئەوە بەئاسانی بلوێت! ئیدی بۆچی لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی تر نەلوێت! بەڕای من زۆر ئاسانترە و کوالیتیی وەرگێڕانەکەشی زۆر لە دوو زمانی جیاواز باشترە..

من ماوەی ساڵێك لە دادگای لاهای، لە پرۆژەیەکی لەو جۆرەدا کارم کردووە بۆ وەرگێڕانی زمانەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو بۆ زمانی ئینگلیزی و بەپێچەوانەشەوە! کارێکە دەکرێت لەنێوان شێوەزمانەکانی کوردیدا بەئاسانی بچێتەسەر و بەرنامەیەك دروستبکرێت دۆکومێنت لەنێوان شێوەزمانەکاندا وەربگێڕێت!..

تورکەکان کاتی مستەفا کەمال کە رێنووسەکەیان لە ئارامییەوە کردە لاتینی، شتیان فەوتا! بەڵام زۆرینەی ئەدەب و نووسراوە گرنگەکانی خۆشیانیان کردە سەر رێنووسی لاتینی..

من پێم وایە هەندێك شتمان بفەوتێت باشترە لەوەی کە زمانەکەمان بەبێ ستانداردی بمێنێتەوە.. دووبارە ئەوەشیان کاری دامەزراوەکانی حکومەتە کە هەموو ئەو ئەدەبیاتانە وەربگێڕێتە سەر زمانی ستانداردی کوردی لە پاشەڕۆژدا..

دروستبوونی زمانی ستاندارد، ئەوە ناگەیەنێت کە شێوەزمانەکانی تر دەفەوتێن! ئەگەر زمانی ستانداردی ئێمە ببێتە کرمانجی و پیتی لاتینی کە ئەمە بەهێزترین گریمانەکانە، ئەوا شیعری (تەبعی شەکرباری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا)ی نالی چۆن دەفەوتێت! هەرگیز نافەوتێت!.. تێکستێك نەمر بێت، هەر بە نەمری دەمێنێتەوە، ئیدی بەهەر زمانێك و بەهەر شێوەزمانێك نووسرابێت!..

**پ17/ یەکێك لەو ئیشکالانەی کە تا ئێستا لە سایتی ئەلیکترۆنیدا کەمە ئەوەی زۆربەی ئەو بیرمەند و کەڵەپیاوانەی کە داهێنان و خزمەتێکی زۆریان بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و مێژوو گەیاندووە، تا ئێستا سایتێکیان لە ئینتەرنێتدا بۆ دروست نەکراوە، بۆ نموونە بۆ مەسعوود محەممەد دروست کراوە بەڵام کەمترین شتی مەسعوود محەممەد خۆی تێدایە، ئەوە تا چەند جۆرێکە لەکەمتەرخەمی، بە ڕاستیش دەبوایە دەزگا چاپەمەنییەکانی ئێمە و دەزگا فەرهەنگییەکان ئەو پارە زەبەلاحەی لەو وڵاتە بۆ راگەیاندن و شتی دیکە سەرف دەکرێت، تا چەند دەبوایە کارێکی لەو بابەتەیان کردبوایە؟**

وەڵام: حەزم نەکرد جارێکی بێمەوە سەر قەوانی سواوی دەستەڵات و هەڵەکانی، ئەوەشیان پەیوەندیی بەپلانی بێپلانی وەزارەتی بۆ نموونە رۆشنبیرییەوە هەیە! ئەگینا کاری ئەو تاکەکەسانە نییە کە ماڵپەڕ بۆ مەسعود محەمەد یان بۆ مەلا شکور و کێی تر دروستبکەن..

دامەزراوێکی حکومی دەبێت کەسانێك لە مێژوو و ئەدەبی ئێمە دیاریبکات کە کارەکانیان کۆبکاتەوە و دیجیتەڵایزیان بکات و ماڵپەڕیان بۆ دروستبکات بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی.. نەك تاکەکەسانێك کە نەتوانن و توانای مادی و کاتی ئەوەیان نەبێت کە هەموو ئەو کارانە کۆبکەنەوە..

دیارە ئەوەش پێوەندیی بە هاوکێشە زانستییەکەوە هەیە، بۆشایی پردەبێتەوە ئیدی بەهەر شتێك بێت.. باش، خراپ، خراپتر یان خراپترین.. کە کاری باش و پلان نەبوو! کاری ناباش و بێپلانی جێی دەگرێتەوە..

لەڕاستیدا وەڵامی پرسیارەکان زۆرتر هەڵدەگرن و ئەگەر بەدڵی خۆم وەڵامیانم بدایەتەوە، کتێبێکی دەکرد! نەمویست درێژدادڕ بم و کاتی بەهاداری خوێنەری زۆرتر پێوە بکوژم! بۆیە لە کورتی دەیبڕمەوە و سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ پرسیارەکانتان و سوپاسی زۆریشم بۆ خوێنەرانم بۆ ئەو کاتەی تەرخانی دەکەن بۆ خوێندنەوەی وەڵامەکان..

لاهای – هۆڵندا
ناوەڕاستی ئاپریلی 2011

# زمانی وێنە - پەروەردەی باڵای سەرئاوەڵا![1]



ئێمە زیندانییەکانی مەحەتە و ئاکرێ و سوسێ نین، لەوێ ئەو سەربەستییە نییە لە حەوشەی زینداندا پاڵی لێبدەیتەوە! سەربازەکانی زێرەڤانی و فەرماندەیی سلێمانیش نین! هەروەها کرێکارە عەرەبەکانی باشووری ئێراقیش نین کە بۆ کارکردن هاتبێتینە کوردستانەوە و جێگای خەو و حەوانەوەمان نەبێت! دیارە گەشتیارەکانی هاوینەهەوارەکانیش نین کە لەبەر بێ جێگایی لێرەدا رۆژمانکردبێتەوە! رەمەزانیش هێشتا ماویەتی و ئەمەش هۆڵی مزگەوتێك نییە لەبەر برسێتی و تونیەتی تووڕە و تڕۆ بوویێتین و تەنانەت ئەڵلا و مزگەوتیشمان بیرچوویێتەوە!

ئێمە ئەو نەوەیەین کە پێماندەڵێن نەوەی راپەڕین! پێشتر بەعسمان نەدیوە و هەرکە چاومانکردوە بە وڵاتەکەمانیان دەگووت هەرێم و پایتەختیش یان سلێمانی بوو یان هەولێر! حکومەتیش یان پارتی بوو یان یەکێتی..

---

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە ٨٧ – جولایی ٢٠١١

پێش ئەوەی بچینە زانکۆ لە باوك و دایك و خاڵ و مام و پوورەکانمان بارودۆخی ناخۆشی خوێندکارانی زانکۆکانی سەردەمی بەعسمان دەبیست.. ئەوان دەیانگووت: ئیتیحادییەکان هەموو شتێك بوون لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا! چاودێرییان دەکردین و هەردەم لەبەر هەڕەشەیاندابووین، لێ ئێستا ئیتیحادییەکانی هەرێم نەك هەر هەموو شتێکن و هەڕەشەمان لێدەکەن! بەڵکو تەنانەت زانکۆش دادەخەن و رەوانەی ماڵەوەمان دەکەنەوە!

ئەوان دەیانگووت ئاستی خوێندنمان زۆر نزم بوو، بەڵام ئەوەی ئێستای ئێمە زۆر لەوەی ئەوان نزمترە.. ئێمە ئێستاش بەزمانی خۆمان ناخوێنین! تەنانەت لیستی نمرەکانیشمان بە زمانی بیابانە! تابلۆی سەر کۆلیژ و پەیمانگاکانمان بە کوردییەکی دوکەڵاوی نووسراوە.. مامۆستامان هەیە تەنها پیتی دال بەپێش ناوەکەیەوەتی و ناحاڵیی وەك خۆی مەگەر تەنها لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستاندا هەبێت..

ژووری بەشە ناوخۆییەکانمان لەبەر بێ کارەبایی وەك دۆزەخە! بۆیە ناچار بووین بە رست بۆ حەوشەی پشتەوەی بەشە ناوخۆییەکەمان رەو بکەین و رۆژی لێبکەینەوە! ئێمەی کور هەرچۆنێك بێت کەمێك باشترین لە هاوڕێ کچەکانمان، چ نەبێت ئێمە لێرەدا دەتوانین بە جلی کوورت تەنکەوە رۆژ بکەینەوە! بەڵام ئەوان زۆریان لە سایەی سیستمی وڵاتەکەماندا بە سەرپۆش و مانتۆی بیابان پێچراونەتەوە! دەبێت ئێستا ئەوان چەند گەرمایان بێت!

لە وڵاتەکەی ئێمەدا سێ وەزارەتی گەورە و گرانی وەك پەروەردە و رۆشنبیری و خوێندنی باڵا هەیە! بوونی ئەمان بە هەموو پێوەرێك نەبوونی ئەم وێنەیەیە! دوو وەزارەتی تریش هەیە پێیان دەگووترێت کاروباری کۆمەڵایەتی و داد، بوونی ئەوان دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکارانێك نەبن لەبەر رووناکی و هەوای فێنکدا بژین و بەئاسانیش خوێندن تەواوبکەن و ئێمەش لێرەدا وەك مێگەل لەنگەر بگرین!

ئێمە دەتوانین زۆرتر لەسەرخۆمان بڵێین.. زۆری تر لەسەر ئەم وێنەیەمان بنووسین.. دەڵێن ژیان تێکۆشانە، تێکۆشانیش لەپێناو خۆشگوزەرانیی مرۆڤدایە.. ئێمە بەم بارودۆخەوە تێدەکۆشین و گومانیشمان لە خۆشگوزەرانیی پاشەڕۆژمان

هەیە! نازانین ئایا بەم خوێندن و پڕوانامەیەمان دەتوانین کارێکی پێ بدۆزینەوە! دەتوانین خۆشگوزەران بین! پرسیارێکە و بیست ساڵی رابردوو بەباشی وەڵامی دراوەتەوە!.

لێرە کە پاڵکەوتووین، چیایەکی زۆر رووناکمان لێوەدیارە، ئەو چیایە رووناکیی هەموو بەشە ناوخۆییەکانی کوردستانی بردووە.. چیایەك کە دەبووایە لە هاویندا فێنکی بکردینایەتەوە و لە زستانیشدا یاریی بەفرمان تێیدا بکردایە، ئێستا ئەو چیایە نەك ئەوانەمان پێنابەخشێت! بەڵکو بووەتە هۆی ئەم گەرما و پاشاگەردانییەشمان..

سوپاس بۆ ئەو کەس و کامێرایەی ئەم وێنەیەی گرتین.. سوپاس..

2011-07-20
لاهای - هۆڵندا

# لۆزان کێشەی کورد نەبووە و نییە![1]

زۆرم بیستووە و زۆریشم خوێندووەتەوە لەسەر سیڤەر و لۆزان.. زۆرێکیش رایان واهییە کە زۆرینەی ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کوردا هاتوون هۆیەکەی لۆزانە! تەنانەت خۆشم ماوەیەك رایەکی لەو جۆرەم هەبوو!

ئەوەی لەو گفتوگۆ و نووسینانەدا نەمدەبینین، خۆمان و بیرکردنەوەی خۆمان بوو! ئێستا خۆشبەختانە ئەو رایانە کەمێك گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، خەڵکانێك هەن پێش هەموو شتێك پەنجە بۆ نەزانیی خۆمان رادەکێشن.. ئەمە پێشتر تابوو بوو و کەم کەس هەبوون جگە لە ستاییش و رەشکردنەوەی ئینشایەکی عاتیفییانە دەربارەی ئەوەی کە ئێمە نەتەوەیەکی ئازا و چەوساوە و چاونەترس و زیرەك و چی و چیی ترین! بەهیچ جۆرێك لە وەتەری هەستیاری نەدەداین!.. هەربۆیە ئەو نووسین و بیروڕایانە نەك هەر جێی خۆیانی نەگرت! بەڵکو بووشنە زیانێکی گەورە بۆ ئێمە و هۆکارێکی گەورەش بوو کە نەمانتوانی لە دوای لۆزانەوە، ببینە هۆی ئەوەی چەندین لۆزانی تر دروستنەبنەوە!

چەند جارێك چوومەتە لۆزان، پێش چەند رۆژێکیش بەڕێکەوت بە لۆزاندا تێپەڕیم، هەرچەند دەچمە ئەو شارە یەکسەر بیری خۆمان و کێشەکەمانم دەکەوێتەوە! هەموو جارێکیش دەڵێم لۆزان بەم جوانییەی! بەم دەریاچە ئەفسووناوییەی و ئەو چیا جوانانەیەوە نابێت ببێتە هۆی هەموو نەهامەتییەکانی کورد! دەبێت هۆیەکی تر هەبێت..

ئەوەی لۆزانی دروستکرد! خودی کورد خۆی بوو، بیرکردنەوەی نەزانانەی کورد خۆی بوو! نەزانیی ئاغا و میر و شێخ و مەلاکانمان بوون! ئێمە نەك ئەوکاتە، ئێستاش نازانین بەتەواوەتی چیمان دەوێت! ئێستاش لە گێژاوی بوون بە نەتەوەداین و لەو بازنە نەفرەتلێکراوەی ئایا سەربە هۆزێکین یان سەربە نەتەوەیەکین نەهاتووینەتە دەرەوە..

---

1 ماڵپەڕی نوچە نێت – ئۆگەستی 2011

لۆزان چی بکات! شێخی نەمر تا بەیانی لە ئەشکەوتی جاسەنە حەی ئەڵڵای بوو!

لۆزان بڵێت چی! سەرۆك کۆماری کوردستان بە هیچ و خۆڕایی خۆیی رادەستی هێزەکانی داگیرکەری ئێران کردەوە!

ئەدی لۆزان چی بکات! کە ئێمە ئێستا یادی ئیمامی خوێن و تاوان لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر دەکەینەوە و داگیرکەری ئێرانیش بە گوللە تۆپەکانی چاکەی ئەو یادکردنەوەیەمان دەداتەوە!

لۆزان نەبوو کە وەك هار بەربووینە یەکتری و بۆ ماوەی دەیان ساڵ یەکترمان کوشت!

لۆزانیش نییە کە وایکردووە ئەنفالی یەکتری بکەین و سوپای ئەم و ئەو بهێنینە سەر یەکتری..

پروا بکەن لۆزان گوناهی نییە کە وایکردبێت ناوی وڵاتەکەمانی کردبێتە هەرێم و لە هەر کات و ساتێکدا بەشێکیمان لەکیسدابێت..

ئەوەی کە واهیی پێکردین تەنها خۆمان بووین! خۆمان و بەس! ئێمە بەو مێژووی هەزاران ساڵەمانەوە جگە لە کۆمەڵێك گروپی دژبەیەکی لەژێر ناوی میرنشین و هۆز و حیزب و ئیدارە و چی و چیی تر.. زۆرتر هیچی تر نەبووین.. هەتا ئەوە بیرکردنەوەمان بێت و هەوڵی خۆناسین و کێشەکانی خۆمان نەدەین و سەیوانێکی بەرژەوەندیی هاوبەشمان نەبێت، نەهامەتی هەر بەردەوامە.. ئەنفال هەر رووودەداتەوە و دیسانیشەوە دەکەوینەوە گیانی یەکتری.. لۆزانی تریش بەڕێوەیە..

2011-08-03
لاهای – هۆڵندا

# دیمانە لەگەڵ زاری کرمانجی – سازدانی بەشار عەزیز گوانی[1]

**- هەرچەندە بەڕێزتان لای زۆربەی خەڵکی کوردستان ناسراون بەهۆی ئەو خزمەتە بێ وێنەیەی کردووتانە، بەڵام گەر بکرێت پرۆفایلێکی کورتی خۆت بنووسی؟**
وەڵام: تکایە ئەمە پرۆفایلی منە و خۆت سەرپشك بە لە کوورتکردنەوەی:
http://www.bakhawan.com/kurdihttp://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20081209101958578

**- خوێندنەوەتان چییە بۆ ئەم دۆخەی هەرێم؟**
وەڵام: دۆخی ئێستای ئەو بەشەی باشووری کوردستان دۆخێکی تەمومژاوییە و بەباشی نابینم.. بەداخەوە بۆ من بە زۆر پێوەر دۆخەکە پێش کەوتنی بەغداد زۆر لەبارتر و جێگیرتر بوو بۆ کوردا! ئەوەی ئێستا دەیبینم نەبوونی پروایە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکی.. حیزبە دەستەڵاتدارەکانیش لە ناو خۆیاندا پروایان بەیەکدی نییە و تاوەکو ئێستا باشووری کوردستان دوو حکومەتە و قۆناغی دوو ئیدارەیی هەر بەردەوامە! یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیەی هەولێر و سلێمانی درۆیەکی شاخداری گەورەیە و هیچی ترا! بەسەردانێکی ئاساییی ئەو دوو شارە بەتەواوەتی بۆت دەردەکەوێت کە دوو حکومەت و دوو سیستم و دوو عەقلییەتی جوودان! کەسیش هیچ شتێك بە کڵاوی حکومەت ناپێوێت و حیزب هەموو دەستەڵاتێکە!..

1 ڕۆژنامەی زاری کرمانجی – ژمارە 306 – لاپەڕە 6 – 2011-08-15 – کوردستان سۆران.
هەروەها هەمان دیمانە لەسەر ماڵپەڕی زاری کرمانجی لە بەشی دیمانەی هەڵبژاردەدا بۆ ماوەیەك دانرا.
تێبینی: بەداخەوە ئەم دیمانەیە ڕۆژنامەی زاری کرمانجی بە نیوەناچڵ بڵاویکردەوە، ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەکەیان و سپۆنسەرەکەیاندا نەبوون دایاننەنابوو! من لەو ڕووەوە گلەییم لە سازدەری دیمانەکە: کاك بەشار عەزیز گوانی هەیە.

پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئەوانەشی ناویان لە خۆیان ناوە ئۆپۆزیسیۆن، پەیوەندییەکە کە بەرژەوەندی و پارە بە ئاڕاستەیەکی خراپیدا دەبات..

سنوورەکانی ئەو بەشەی باشووری کوردستان زۆر ناجێگیرن ئێران لەلایەکەوە تۆپبارانماندەکات، تورکیاش هەڕەشە کلاسیکییەکەی ئێمەیە و سنووری باشووریشمان مەترسییەکی گەورەی لەسەرە بەهۆی لەدەستچوونی ناوچە داپڕێنراوەکانەوە!

پرسیارەکە زۆر گشتییە و دەکرێت سەدان و بگرە هەزاران ئەوەندەشی لەسەر بنووسرێت! بەڵام باشتر وایە لێرەدا کۆتایی پێبهێنم..

**- هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکان لە لایەن ئۆپۆزسیۆن تا چەند کارێکی لە جێی خۆی بوو و وەڵامەکەی دەسەڵاتیش بۆ ئۆپۆزسیۆن تا چەند دڵخۆشکەر بوو؟**

وەڵام: من ئەجیندای دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن زۆر بە جیاواز نازانم! هەردوولایان شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن.. ئەوەی لەو کۆبوونەوانەدا باسی لێنەکرێت و وەك ئەوەی من ئاگاداری بم باشکردنی گوزەرانی خەڵك و خەمەکانیانە! ئەوەی لەو کۆبوونەوانەدا دەگووزەرێت بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە لەسەر پێشبرکێی کۆمەڵێك بەڵێندەر لەسەر تەندەرێکی بازرگانی.. ئیتر پرۆژەکە بەباشی دروستدەکرێت هەروەك چۆن خەمی بەڵێندەرەکان نییە! وەك ئەو هەزاران پرۆژە سەقەتەی لە کوردستاندا ئەنجامدراوە! ژیانی خەڵك و کێشە بنەڕەتییەکانیشیان کێشەی ئەو کۆبوونەوانە نیین!

دەسەڵات ئەوەیە کە ئێمە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە دەیناسین و پێویست ناکات لەبارەیەوە بدوێین.. تا بڵێی پێکەڵکە!

هەرچی ئۆپۆزیسیۆنیشە، لایەنە ئیسلامییەکانی ناوی بریتین لە کۆمەڵێك بەکرێگیراوی داگیرکەری ئێران و عەرەبستانی سعودیە و هەردەم خەریکی نانەوەی ئاژاوە و خراپترکردنی بارودۆخی باشووری کوردستانن.. دەمێنێتەوە گۆڕان کە من تاوەکو ئێستا شەڕی ئەوەمە کە تێیانبگەم.. ئەمان بریتین لە تێکەڵەیەکی سەیر و هەندێك شت کۆیکردوونەتەوە! ڕەوتی کاریان زۆر ناجێگیرە. ئایدۆلۆژیایەکی ئاشکرایان نییە.. جارێك

عیلمانین و جارێکیش لەبەردەرکی سەرا هاواری ئەڵڵاهوئەکبەریانە! جارێك دوژمنی سەرسەختی بنەماڵەی مەلا مستەفان و جارێکیش قوڕ بۆ حەمایل خانم دەپێون! جارێك چین و جارێکی تریش چیی تر! من تا ئێستا بەتەواوەتی لە گۆڕان و ئەجیندا و نیازەکانیان نەگەیشتووم! کەنگێ تێیانگەییشتم ئەوکات قسەی ترم دەبێت..

**- ئەو پڕۆژە بارانەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە تا چەند لە بەرژەوەندی خەڵکی بوو؟ بۆ تا ئێستا یەکێك لەو پڕۆژانە پەسەند ناکرێت و لەبەرژەوەندی باڵای خەڵکی جێبەجێ ناکرێن؟**

وەڵام: ئەگەر بڵێم هیچ نەکراوە! ئەوا گوناهێك دەکەم! بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا دەتوانرا سەد ئەوەندە و باشتریش بکرایە..
پڕۆژە هەر ئەوە نییە لەسەر تەلەڤزیۆن پیشان بدرێت و کۆمەڵێك بەکرێگیراوی حیزبەکانیش لەسەر تەلەڤزیۆنەکان سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن..
وڵاتی ئێمە سیستمێکی باش بەڕێوەینابات، هەر بۆیە پڕۆژەکانیشی بێ پلانە و بۆ بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی نییە! من بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە هەر ئەوەی دەمی خەڵکی کوردستان دووبارە دەکەمەوە: کە باسی هەر پڕۆژەیەك بکرێت یەکسەر ناوی کەسێکی بنەماڵە یان فڵان لێپرسراو یان وەزیری لەگەڵدا دێت کە هاوبەشی پڕۆژەکەیە! ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارەی حکومەت هێشتا لەلایەن بنەماڵە و کەسانێکەوە تەسەڕوفی تەواوی پێدەکرێت.. نموونەت بۆ دێنمەوە لەم ماوەیەدا لەسەر تەلەڤزیۆنێکی پارتی گوێم لێبوو کە لەسەر ئەرکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یاریگایەکی گەورە بۆ زاخۆ دروستکرا!
لێرەدا زۆر قسە هەیە: یەکەم سوپاس بۆ کاك نێچیرڤان! بەڵام ئەی وەزارەتی لاوان و ئەوانەی کە کاریان ئەوەیە یاریگا دروستبکەن چ کارەن! دووەم کاك نێچیرڤان ئەو پارەیەی لە کام وەزارەت و لە بودجەی کام کابینەوە بۆ ئەو یاریگایە پەیداکرد! هەزارەم: ئایا شوێنکەوتەی کاك نێچیرڤان لەم حکومەتەی

ئێستاماندا چییە! مەبەستم کابینەکەی ئێستایە. ملیۆنەم: ئەو ئێستا کە کەسێکی حیزبییە و دەبێت بە ئابوونەی ئەندامانی حیزبەکەی بژی! ئەی ئەو ملیۆنانەی چۆن پەیداکرد بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشی لە شارێکی وەك زاخۆدا بەرزبکاتەوە..
ئەو پرۆژانەشی کە دەکرێن لە دوو خولگەی جیاوازی بەرژەوەندی و تێڕوانینی هەردوو پارتی و یەکێتیدا دەخولێنەوە.. بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی چی دەخوازێت! هێشتا نەبووەتە خەمی ئەم دوو ئیدارەیە!.
**تیبینی: ئەم پرسیار و وەڵامە بەر سانسۆری زاری کرمانجی کەوتوو بڵاونەکرایەوە!**

**- باس لەوە دەکرێت ئەو پرۆژانە و کۆبوونەوانە زیاتر لە بەرژەوەندی خودی هێزە سیاسیەکانن نەك لەبەرژووەندی خەڵکی، چونکە گەر بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو گیرابایە، ئەوا لەمێژبوو کێشەکان یەکلایی دەکرانەوە؟**
وەڵام: هەر کارێکی خراپ لەو وڵاتەی ئێمەدا روویدات پەیوەندیی راستەوخۆی بە بەرژەوەندی ئەو لایەنە دژبەیەکانەوە هەیە! ئەگەر وا نەبووایە هەموو ساڵی نەوەدەکانیان بە شەڕی براکوژی و بەرەی دیگەڵەوە لەکیسی نەتەوەیەك نەدەدا! ئەگەر وا نەبووایە من و تۆ و ئەو بەتەواوەتی دەمانزانی بودجەی ئەو وڵاتە بەتەواوەتی چیی لێدەکرێت! ئەگەر وا نەبووایە کێشەی کەرکوك بەهۆی ململانێی ئەوانەوە وا ئاڵۆزتر نەدەبوو.
من دەمێکە گووتوومە بەردێك لەو کوردستانەی ئێمەدا بکەوێتە خوارەوە و بەر سەری خودی پارتی و یەکێتیش بکەوێت! هەر خەتای پارتی و یەکێتی خۆیانە! ئەگەر خەتاشیان نەبێت! ئەوا هەر لە نەزانیی ئەوانەوەیە کە ئەو بەردە بکەوێتە خوارەوە!

**- لەمپەری سەرەکی بەردەم چاکسازی لە هەرێم چییە؟**
وەڵام: لەمپەری سەرەکی ئەوانەن کە لە راپەڕینەکەوە ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبەن و نایانەوێت خانەنشین ببن! ئەوان کە هاتنە خوارەوە کورسییەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا و ناویاننا کورسیی هەتاهەتایی و لێی نابنەوە! تا ئەوان وڵات بەڕێوەبەرن و

دەستبەرداری کورسییەکانیان نەبن بۆ خەڵکی تەکنۆکرات، ئەوا چاکسازی بوونی نایێت.. ئەوەشی دەکرێت هەر خۆڵکردنە چاوی خەڵکییە و هیچی تر..

**- چەند رۆژێك لەسەر واددەی بەڵێنەکەی سەرۆکی هەرێم تێپەڕبوون، تا چەند شوێنەواری چاکسازی بەسەر هەرێمەوە دیارە؟**

وەڵام: من مانگی پێشوو لە کوردستان بووم و ماوەیەك لە سلێمانی مامەوە و سەردانێکی هەڵەبجە و هەورامان و شارباژێڕیشم کرد.. بەردەوام پەیوەندیشم بە کوردستانەوە هەیە.. نە چاکسازیم بینی! نە تا ئێستاش بیستوومە! هیوادارم من کوێر و کەڕ بووبێتم و هەبوون و من نەمدیوە و نەمبیستووە!

**- زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە هەڵەی ئۆپۆزسیۆن لەوەدایە پێی وایە تەنها ئەبێ بەرنامەکەی ئەو بڕیاری لەسەر بدرێت و جێبەجێ بکرێت، دەسەڵاتیش بە هەمان شێوە، لە مەیدانی سیاسەتکردندا تەنازول نەکردن بۆ یەکتری لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی چۆنەو تا چەند ئەوە سیاسەتزانە کە تەنازول ناکات؟**

وەڵام: تەنازولکردن یان نەکردنی هەندێکجار سیاسەتزانییە و هەندێکجاریش نا، دیارە لە رووداوێك و شوێنێك و بارودۆخێکەوە بۆ هی تر دەگۆڕێت..

وڵاتی ئێمە ماوەیەکی زۆر بە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەر لایەکیان لە بەرژەوەندیی باڵای ئەو بارودۆخەدا تەنازولی کرد ئەوا بە دڵنیاییەوە سیاسەتزانە و براوەیە! بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوانە بەتەواوەتی لە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی تێگەیشتوون و دەزانن چییە! ئەوەیان دەبێت لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا وەڵامیان دابێتەوە!.

**- لە نێوخۆی هەرێم کۆمەڵێك کێشە هەن و لە لایەکی دیکەشەوە وەك باس دەکرێ کوردستان لەبەردەم پلانگێڕیەکی گەورەی وڵاتانی دراوسێدایە، بۆ هێزە کوردیەکان نەیان توانیوە خۆیان رێکبخەنەوەو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پلانگێڕیە خۆیان ئامادە بکەن؟**

وەڵام: لێرەدا دەبێت سێ وەڵام یان گریمانه هەبێت:
یەکەم: یان هیچ پلانگێڕییەك نییه و ئەوان له ئێمه باشتری دەزانن!
دووەم: یان ئەوان هەست بەو پلانگێڕییه ناکەن و شتێکه له سەروو بیرکردنەوەی ئەوانه!
سێیەم: یان بەڕاستی ئەو پلانگێڕییه هەیه و ئەوان خوێنساردن لەو کێشـەیەدا که ئەمەیان بەڕاستتر دەزانم!.

**- هەڵوێستی عێراق و هەرێم له بەرامبەر تۆپبارانکردنی سنوورەکان چۆن دەبینی؟ ئەوەی لەسەر شانیانه دەرهەق بەو پێشێلکاریانه کردوویانه یان زێده کەمتەرخەمن؟بۆ؟**

وەڵام: بەدڵنیاییەوە حکومەتی ناوەندی له ئێراق ئەو تۆپبارانەی پێخۆشـه! هەرچی حکومەتۆکەکەی خۆشمانه هەر له سەرەتاوه له یەکەم تۆپدا هەڵەی کرد! دەبووایه هەر له سەرەتادا ئەمیش به دوو تۆپ وەڵامی بدایەتەوە! بەدڵنیاییەوە ئەو کات کێشەکه بەمەی ئێستای نەدەگەیشت! ئەو کاتی که ئەمریکییەکان حوکمی ئێراقیان دەکرد، گەر وەڵامی داگیرکەری ئێران بدرایەتەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە ئێران نەیدەتوانی چیدی ناماقوڵیی واهی بکات و هەر کردەوەیەکی دی بەرەوڕووی ئەمریکای دەکردەوە..
ئێمه وەك ئەوەشمان نەکرد! هەموو ساڵێك یادی ئیمامی خوێن تاوانی له هۆڵی پێشـەوای هەولێری پایتەخت دەکەینەوە! ئەمەیه نەزانیی حکومەتەکەمان!

**تا چەند گەشبینی به راگەیاندنی سەربەخۆی کوردستان و لەم قۆناغەدا تا چەند به نزیکی دەزانی و دەرەنجامەکانی چۆن لێك دەدەیەوە؟**

وەڵام: راگەیاندنی سەربەخۆی کوردستان جارێ بوونی نییه! ئەوانەشی خۆیان به سەربەخۆ و ئەهلی دەزانن یان پارە له ئیسلامییەکان وەردەگرن یان له گۆڕان! هەر کەناڵێکیش پارەی له هەر لایەنێکی سیاسی وەرگرت سەربەخۆ نییه و پێویسته له بەرژەوەندیی ئەو لایەنه سیاسییه بنووسێت..

دامەزراندنی راگەیاندنی سـەربەخۆی کوردسـتان ئەسـتەم نییە، بەڵام زۆری ماوە..

**تێبینی: ئەم پرسیار و وەڵامە بەر سانسۆری زاری کرمانجی کەوتوو بڵاونەکرایەوە! ئیتر بزانن راگەیاندنی سەربەخۆی کوردستان چەند دوورە!**

هاوڕێ باخەوان
2011-08-03

# زمانی وێنە - نەزانكۆی گەرمیان![1]



من دوا زانكۆی كوردستانم، ناویان ناوم زانكۆی گەرمیان.. بۆچی دروستم دەكەن و كەنگێ تەواو دەبم! ئەوەیان نەك من! بەڵكو ئەوانەی ناو وێنەكەش نازانن!.. دەبمە زانكۆ یان نەزانكۆ! ئەوەشیان جارێ لە بازنەی نهێنییە سەیر و سەمەرەكانی وڵاتەكەی مندایە..

كە سەیری دەستەخوشكەكانم دەكەم زۆر وێرانن، ئەوەندەی تر بە لەدایكبوونم ڕەشبین دەبم.. چونكە من بەم بارودۆخەمەوە بە بیست ساڵی دیش ناگەمە ئاستی بێ-ئاستی زانكۆ كۆنەكانی وەك سلێمانی و هەولێر.. هەربۆیە هەر لەئێستاوە شەرم لەو نەوانە دەكەم كە من پێیاندەگەیەنم و پاشتر پێیاندەگووترێت دەرچووی زانكۆی گەرمیان، چونكە بەهۆی ئەو بڕوانامەیەی كە من پێیان دەبەخشم ناتوانن بژێویی خۆیان

---

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 88 – لاپەڕە 52 - ئۆگەستی 2011

پەیدابکەن!.
وابزانم ئەوانەی ناو وێنەکە لێیان تێکچووە! چونکە زانکۆ کردنەوە کارێکی هەروا ئاسان نییە! نە دوکانی وشکەیە و نە چایخانە! دامەزراوێکی واهی نابێت بە سەفقەیەکی سیاسی و لەبەر بارودۆخێکی تایبەتی دابمەزرێت! بەڵکو دەبێت سەرئەنجامی پلانێکی تۆکمەی باش لێکۆڵدراو بێت کە هەموو سەروبەرێکی لێکدرابێتەوە..
وڵاتەکەی منیان کردووەتە زانکۆستان! ئەو برادەرانە هەروا دەکەن زانکۆیەك و کۆلیجێك دەکەنەوە! ئاسانترین بڕیار لە وڵاتەکەی من بڕیاری کردنەوەی زانکۆیە! ئیدی شوێنی پێویستی هەیە، دارودیوار و شمەکی پێویستی بۆ ئامادەکراوە، مامۆستای زرنگ و خاوەن بڕوانامەی بەرزمان هەن! ئەوەیان کێشەی ئەو خاوەن بڕیاری کردنەوەی زانکۆیانە نین! بەڵکو تەنها ئەو وێنە و بەردی بناغەیە گرنگە کە لە میدیاکاندا بڵاوببنەوە.. ئیدی بیرکردنەوەی ئەوان واهییە کە هەر تەواودەبێت و دەکەوێتەکار.. مامۆستاکانی و ئاستی زانستیی زانکۆکە چەند پلە ژێر سفرە، ئەوەیان کێشەی بڕیاردەران نییە! خوێندکارەکانی کە لێیدەردەچن چ ئاستێکیان هەیە و چی پێشکەشی کۆمەڵگەی ئێمە دەکەن! ئەوەشیان هەر کێشەی بڕیاردەران نییە! پاشانیش کە بەهۆی بڕوانامەکەی منی نەزانکۆوە کارێك پەیدادەکەن یان نا! ئەویشیان کێشەی ئەوان نەبووە و نییە!.
زۆر چاك دەزانم چیم بەسەردێت! چەند باڵەخانەیەکی شەقوشڕم بە هۆی کۆمپانیا تورکی و ئێرانییەکانەوە بۆ دروستدەکەن! پاشانیش چەند کەسێکم بۆ دێنن کە پیتی (دال)یان کردووە بە پێش ناوەکەیانەوە و ئیدی چۆن و بەچ شێوەیەك و لە چ زانکۆیەکی رووسیا و بلۆکی ئەوروپای خۆرهەڵات ئەو دالەیان وەرگرتووە و تەنانەت زمانی ئەو وڵاتانەش دەزانن یان نا! ئەوەشیان کێشەی ئەوان نییە! پاشانیش نەك سەرۆکی زانکۆ یان وەزیری خوێندنی باڵا، بەڵکو حیزب لە رێی رێکخراوە پیشەییەکانییەوە بەڕێوەمدەبات و بەپێی بەرژەوەندیی خۆی بەڕاست و چەپمدا دەدات!..
زۆر چاك دەزانم بەهۆی منەوە، تورکیا و ئێران سوودێکی باش دەبینن! چەند بازرگانێکیش سەرمایەکانیان زۆرتر دەکەن.. لەوانەیە هەر بەهۆی منەوە چەند ملیۆنەرێکی تریش

بێتەکایەوە! بەڵام خۆم چی پێشکەشی بیر و زانستی کوردستان دەکەم و چەندێك دەبمە مایەی خۆشگوزەرانیی کەسوکاری ئەنفالکراوان! ئەوەیان بەداخەوە دڵنیانیم..

من پێم باشتر بوو، ئەوەی لە مندا خەرج دەکرێت، زانکۆکانی تری پێ پێشخەن.. کەنگێ ئەوان کێشەیان کەمبووەوە، ئەوکات کاتی لەدایکبوونی سرووشتیی منە! من دەبمە لەدایکبوویەکی پێشوەختەی ئیفلیج و ناتوانم بەتەواوەتی خزمەتتان بکەم..

کوورتەی قسە: نەبوونی من لە بوونم زۆر باشترە..

سوپاس بۆ ئەو کەس و کامێرایەی ئەم وێنەیەی گرتین.. سوپاس..

2011-08-05

لاهای – هۆڵندا

# پرس و وەڵامێك بۆ گۆڤاری شەپۆل1

سازدانی: ستیڤان شەمزینانی

**وەك دەبینین لەلایەن گۆڕانەوە کار بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی دەکرێت، ئێوە پێتانوایە جیاکردنەوەی سلێمانی لە دوو شارەکەی تری ئێستای هەرێم چ کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە بۆ سەر پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان؟. پاشان پێتانوایە خەڵکی سلێمانی دەنگ دەدەن بە داپڕینی شارەکەیان لە شارەکانی تری کوردستان؟.**

وەڵام:

کارکردن بۆ بەهەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی، پرسێکی زۆر ترسناکە! پێویستە هەرچی لایەنە خراپەکانێتی بەگشتی بخرێتە بەردەستی خەڵکی کورد بەگشتی و جەماوەری شاری سلێمانی بەتایبەتی..

خودی خۆم زۆر بەداخم بۆ ئەو هەوڵانە! چونکە سەرباری ئەوەی کە هیچ لایەنێکی باشەی تێدا بەدیناکەم! هەروەها کاری گەلێك گرنگتر و چارەنووسسازانەترمان لە پێش و پشتایە و دەبووایە تەواوی ئەو هەوڵانە بخرانایەتە گەڕ بۆ فراوانکردنی سنووری باشووری کوردستان و گەڕاندنەوەی ناوچە دزراوەکان. نەك کەرتکردنی ئەوەی کە هەمانە..

پارێزگای سلێمانی ئەگەرچی لەوانەیە لەباری ئابوورییەوە هێندەی هەولێر یان تەنانەت زاخۆش نەبێت.. بەڵام لە زۆر لایەنی ترەوە بەشێکی هەرە گرنگی ئەو قەوارە سیاسییەیە کە پێی دەگووترێت هەرێمی کوردستان. گرنگیی ئەم بەشە لە چڕیی دانیشتووانی و کلتووری پارێزگاکە و بەتایبەتی شاری سلێمانییە! کە لەم وەڵامە کورتەدا پێویست بەباسکردن ناکات. داپڕینی ئەم پارێزگایە و بوونی بە هەرێم! نەك کاریگەرییەکی نەرێنیی دەبێت، بەڵکو دەبێتە کارەساتێکی نەتەوەیی و

1 گۆڤاری شەپۆل – ژمارە 4 – نۆڤەمبەری 2011

ئەوەندەی تر یەکانگیربوونی نەتەوەییمان لاوازدەکات و دەشبێتە خزمەتێکی گەورەی دوژمنە داگیرکەرەکانی کورد..

هەمووومان دەزانین هەر لە سەرەتای نەوەدەکانەوە و بەهۆی شەڕی ناوخۆوە سلێمانی بەشێوەیەك لە شێوەکان لە شارەکانی تر داپڕدراوە، ئەم داپرانەش ئەگەرچی پاش یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتی یەکێتی و پارتی هەر درێژەی کێشا بەڵام لە باری فەرمییەوە بەشێکی گرنگی هەرێمی کوردستانە و لەلایەنی کارگێڕیشەوە ئەگەرچی هێشتا تەواو نییە! بەڵام سەربە هەولێری پایتەختە.. هەر بزووتنەوە یان حیزبێك ئیدی گۆڕان بێت یان ئەوانی تر کە بەخۆیان دەڵێن ئۆپۆزیسیۆن، دەبووایە یەکگرتنەوەی تەواوی ئەو دوو ناوچە لێکداپراوەی باشوور بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، ببوایەتە یەکەم خاڵی کارەکانیان.. نەك ئەوەندەی تر لێکداپرانیان!..

ئەم گەمەی بەهەرێمکردنی پارێزگای سلێمانییە کارتێکی سیاسیی دۆڕاوە و پێموانییە خەڵکی سلێمانی بەهیچ جۆرێك لەگەڵ ئەوەدابن و دەنگ بۆ کارێکی نابەجێی لەو جۆرە بدەن!..

شاری سلێمانی لە سەدەیەك لەمەوبەر هەرخۆی بەتەنها رژایە سەر شەقامەکان و بەتوندی رەفزی ئەوەی کرد کە بە ئێراقی عەرەبییەوە بنووسێت! ئێستاش مەحاڵە بە گەمەیەکی سیاسیی دۆڕاوی واهی بخەڵەتێت!

# دەربارەی ڕووداوەکانی بادینان[1]

سازدانی: رزگار چوچانی

**نوچەنێت :ئەمرۆ بریار بوو دانیشتنی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکگرتوو بەدەستپێشخەری کۆمەڵی ئیسلامی ساز بکرێت، بەڵام یەکگرتوو ئامادە نەبوو بە هۆی ئەوەی وەک خۆیان دەڵێن گیراوەکانیان ئازاد نەکراوە، بەڵام ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت ئەوەی ئەوان داواکاری بووە نەک مەرج، بەرای تۆ هۆکاری ئامادەنەبونیان چییە؟**

وەڵام:

ئەوەی لە بادینان روویدا، کارێکی خۆرسکانە نەبوو! بەڵکو لەلایەن لایەنە بەشداربووەوەکانەوە پلانی بۆ کێشرابوو! بەڵام پلانێکی تابلێی خراپ، پلانێك کە بۆ بەرژەوەندییەکی لایەنێك یان دوو، کۆمەڵێك کارەساتی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە زۆرتر خستنە مەترسیی ئەو ئەزموونەی کە خودی ئەو لایەنانە ناویانناوە باشترین ئەزموونی ئازادی و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناویندا و دەشیانویست بیکەنە پرۆتۆتایپێك! بۆ ئێراقی عەرەبی و شوێنەکانی تر!.

ئەگەرچی ئەم بابەتە بابەتی رۆژە، بەڵام من تاوەکو ئێستا یەك وشەش چییە لەسەریم نەنووسیوە! چونکە هەرچی چۆنێك رای خۆت دەربیریت دەکەویتە لایەکی ئەو تەرازووە لەنگە ناعەقڵانییەوە، کە ئەویش یان ئیسلامی سیاسیی نۆکەری تورك و ئێران و عەرەبستانی سعودین! یانیش پارتیی حیزبی دەسەڵاتە کە دەیەوێت تەنها خۆی بێت و بەس و ئەوانی تریش دەبێت هەموویان لە دەرەوەی بازنەکەبن..

هەر کێشەیەکی سیاسی، هەرچۆنێك بێت و لەنێوان هەر چەند لایەنێکدا بێت، دەبێت دانیشتن و دانوستاندنی

---

[1] ماڵپەڕی نوچە نێت – 2011-12-11

بەدوودابێت. ئیتر ئەو دانوستاندنە زۆر بخایەنێت یان یەکسەر دوای کێشەکە بێت! ئەمە زنجیرە رووداوێکی سروشتیی سووری ژیانی کێشە سیاسییەکانە. دیارە ئەوەشی لە نێوان ئیسلامییەکان و پارتیدا روویدا، هەردەبووایە دانیشتن و دانوستاندنی لێبکەوێتەوە..

ئەو دانیشتنەی کە دەبووایە ئەمڕۆ لەنێوان یەکگرتوو و پارتیدا بکرایە و بەهۆی ئامانەبوونی یەکگرتووەوە نەهاتەدی! هۆکارەکەی بۆ من زۆر ئاشکرایە! ئەویش ئەوەیە کە داگیرکەری تورك و فەتحوڵڵا گوڵەنەکان و بەرەی ئەردۆغانی شۆڤێنیی دژبە کورد رازی نەبوون بەم دانیشتنە و هیچی تر..

ئیسلامییەکان، بەشێوەیەکی زۆر ترسناك لە کوردستاندا پەرەیان سەندووە، ئەمانە پەیوەندیی خراپیان لەگەڵ بەعس و ئێران و تورك و هەموو ئەو لایەنانەدا هەبووە و هەیە کە دژی ئەو ئەزموونەی باشووری کوردستانن.. پەرەسەندنی ئەمانە بەو شێوە ترسناکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی و ئەو دوو لایەنە بەرپرسیاریی مێژوویی لە پەرەسەندنی ئەمانە دەبێت بخەنە ئەستۆ.. بێپلانی ئەوان و بەرژەوەندی و بردنەوەی جەنگی ناوخۆ بۆ لایەکیان بووە هۆی ئەوەی یارمەتیی زۆر بخەنە بەردەستی ئەم ئیسلامییانە تاوەکو پشتیان بگرن لە جەنگی ناوخۆدا دژی ئەوی تر!.. ئێستاش کە هەست بە مەترسیی ئەمانە دەکەن، هەروەك چۆن بەبێ پلان پەرەیان پێسەندن! ئەوهاش دەیانەوێت بەبێ پلان لەناویانبەرن! ئەمە کارێکی ئەستەمە و دەبێت پلانی باشتریان هەبێت..

داگیرکەرانی کوردستان چەندێك دژی ئەو ئەزموونەی باشووری کوردستانن، ئیسلامییەکانیش هەزار ئەوەندە.. چونکە ئەوان پارێزەری بەرژەوەندییە خراپەکانی ئەوانن لە باشووری کوردستاندا و دەبێت باشتر و بەپلانی کاراتر چالاکییەکانیان سنووردار بکرێت، نەك بەو شێوەیەی لە بادینان روویدا!..

2011-12-11
لاهای - هۆڵندا

لە هەمان ماڵپەڕی نوچە نێت ئەم کۆمێنتانە لەسەر ئەم نووسینە نووسرا:

قاسم سروش ووتی:
19. کانونی یەکەم 2011 لە 07:22
بەرێز تۆش لە کەسێکی بێ کەڵك و بێ سوود هیچی تر نیت ئەوەی تۆ دەیڵێت رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی زوڵمی پارتە دەستەڵاتەکان بەردەوام بێت و خۆشت بە ئازادی خواز وەسف دەکەیت لە کاتێکدا داوایی سنور دەکەیت ئێوەی فیکر...... هیچی تر نازانن جگە لەوەی خۆتان نازانن چی دەلێن ، ئەو سایتەش بە ئاشکرا دژایەتی یەکگرتوو دەکات.؟

qaraman ووتی:
12. کانونی یەکەم 2011 لە 20:49
ay bo naley partish pyawi ba3su turkiyaya pewist ba balga henanawsh nakt

karzan ووتی:
11. کانونی یەکەم 2011 لە 21:33
دەست خۆش هاورێی گول تێگەیشتنی تۆ لە راستیەکان هەندیک کەس تەنگەتاو دەکات.. بۆ دەبی هەست بەوە نەکەین کە کورد پلانی لە دژ داڕێژراوا .... کە ئیسلامیەکان جێبەجێی دەکەن

سۆران عەلی ووتی:
11. کانونی یەکەم 2011 لە 18:35
زۆر سەیرە کەسێک لەدوریەوە بڕیار دەدات. هاوڕێ باسی هەڵوێستێکی سروشتی دەکات (حزبێک بارەگای سوتێنراوە و خەلکی گیراوە و رۆژنامەنوسی تیایە) بە شێوەیەک پارتی بیری لێنەکردۆتەوە بەڵام باسی پارتی ناکات کە بەشی زۆری پرۆژەکانی بەرپرسانی شەریکیە لەگەڵ تورکیا ئیتر ئەردۆغان بەرژەوەندی لەگەڵ کێ زیاترە: یەکگرتو کو حزبێکی بچوکە یان پارتی کە دەسەڵاتدارە و پارەی لایە؟ قسەی زۆر سەیر دەکات: ئیسلامیەکان نۆکەری ئێران و تورکیا و سعودیەن! ئەمانئ چۆن بەیەکەوە کۆدەبنەوە؟ ئەم قسانە هی کەسێکی بێئاگایە یان کەسێکە لەرقەوە تەماشای بەرامبەر دەکات. ئامۆژگاریم بۆ

هاوڕێ ئەوەیە بۆ یەک جار لەنزیکەوە ئیسلامیەکان ئینجا قسەیان لەسەر بکە. تۆ قبووڵتە کەسێک بێ ئەوەی لەنزیکەوە بتناسێ قسەت لەسەر بکات؟ ئەگەر ئەوەت بۆ خۆت پێناخۆشە بۆ کەسانێکی تریش پێت ناخۆش بێ.

YAD ووتی:

11. کانونی یەکەم 2011 لە 15:58

ba rassti assti nossinakat o wtakant la assti KORDOPEDIA da niia har qssat nakrdaia zor chaktr boo la aow diow computarakataowa xariki kteb bllaowkrdnaowa boita zorr chaktr bo la am wta tako loiana

# زمانی وێنە - جێگەی نەرمونیان! [1]



دوو دیاردەی سروشتی، بەردێکی رەق و منداڵێکی نەرم و نیان!

دەکرێت لەو بەردە رەقە گەلێك شتی لێ دروستبکرێت.. پەیکەرێك کە بۆ هەزاران ساڵ بمێنێتەوە، بەردی بناغەی پرۆژەیەك کە خزمەتێکی زۆر بە منداڵان بگەیەنێت..

منداڵێکی نەرم و نیان! رێك پێچەوانەی سەرینەکەی! هەویرێك کە دەکرێت بکرێتە لاوێکی پێشکەوتوو.. پاشتریش ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو و شانبەشانی هاوتەمەنانی خۆی ببنە هۆی پێشکەوتنی وڵاتەکەیان..

دەبێت چی بێت کە ئەم دوو رەق و نەرمەی پێکدا نووساندووە و کۆییکردوونەتەوە! دایك و باوکی خراپ و خوێنسارد! یان هەژاری! یانیش سیستمێکی خراپی خەمسارد کە هێشتا نازانێت ئەو منداڵە گەورە دەبێت و ئەو بەردەی ژێرسەری ورد دەکات و پیایاندا دەکێشێت!

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 89 – لاپەڕە 53 - دیسەمبەری 2011

دەمەوێت ئەو بەردە رەقە ببێتە هۆکارێکی پێشکەوتنی ئەو منداڵە نەك سەرینەکەی! نامەوێت بەردەکە ورد بکەم و لە خۆپیشاندانێکدا بیدەم بەڕووی ئەوانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو سەرینە ببێتە جێ حەوانەوەی ئەو پەپوولەیە! بەڵکو لەسەر ئەو بەردە دەنووسم:
دەکرێت هەردووکیان ببینە هۆی خۆشگووزەرانیی منداڵیش و کۆمەڵگەش..
ئەگەر بەردەکە زمانی ببوایە! دەیگووت من سەرین نیم.. سروشت منی بۆ ئەوە نەئافراندووە کە بچمە ژێر رووومەتی نەرمی ئەم منداڵەوە.. من پێمخۆشترە بەر چەکوشم بدەن و بمکەنە پەیکەر! یان بە مشارێك هەناوم لەتبکەن و ژووری ئەو منداڵەم پێ پرازێننەوە! نەك بچمە ژێر سەرییەوە!..
گەر منداڵەکەش بیتوانییایە و پەیی بەوە ببردایە کە ئەوی نەرم و بەردی رەق ئەمە پەیوەندییان نییە! ئەوا ئەویش دەیگووت: منیش مافی سەرینی نەرمم هەیە! مافی سۆزی دایك و باوك.. مافی ئەوەم هەیە کە ئەوانەی وڵاتەکەم بەڕێوەدەبەن ژیانێکی ئاسوودە، پەروەردەیەکی هاوچەرخ.. فێری ئەوەیان بکردمایە.. چۆن مامەڵە لەگەڵ بەردا بکەم.. بیانکردمایەتە هونەرمەند و بەردەسەرینەکەمم بکردایە پەیکەرێك و لە شوێنێکی شایستەی وڵاتەکەمدا دابنرایە..
من و بەرد، نابێت ئەمە پەیوەندیمان بێت.. رووومەتی من زۆر لەوەش نەرمترە کە بکەوێتە سەر لۆکە.. بەردیش زۆر لەوە رەقترە کە منی پێ پەروەردە و گەورە دەکەن!

2011-12-25
لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە - جیهانی من![1]



جیهانی من، زۆر بۆنخۆشە! نابێت بۆگەنی گۆڕەوی بێت!
جیهانی من، جیهانی منداڵە! جارێ نابێت گەورە ببم و لەم کۆڕەدا بەهۆی بڵندگۆ و هاوار و وتافەوە ئەوەندە شەتەك ببم! خەوم لێبکەوێت!
زمانی من، زمانی دایکمە و ئەو زمانەیە کە پێی گۆشکراوم! نابێت ئەو زمانە بێت کە لەوانەیە ئەوانەشی بەسەر سەرمەوەن تێینەگەن! چونکە ئەوان بەزمانێك ویرد دەخوێنن، کە نە زمانی من نییە و لێی تێناگەم!
پەروەردەی من، لەگەڵ ئەوەی باوکم و هاوشانەکانیدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە! ئەوانیش هەر بە گەورەیی لەدایکبوون! هەر زوو باپیر و داپیرم بەوانیشی گووت: عەیبە تۆ گەورەیت و نابێت وا بکەیت! هێشتا نەبووبوویتە مێردمنداڵ، تێکەڵی پارتێکی سیاسی بوویت و نارنجۆکێکیان دایە

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 90 – لاپەڕە 48 - فێبریوەریی 2012

دەستت و لە شاردا تەقاندتەوە! کە بووشیتە شازدە ساڵ، گیرایت و هەزار و یەك چەرمەسەریت بەسەرهات..

ئێوەش منداڵیتان نەبوو! مێردمنداڵیشتان واهی!

تکایە، منیش هەر بە منداڵی گەورە مەکەن! تێکەڵی ئەم جیهانەی خۆتانم مەکەن و هێشتا زۆرم ماوە بۆ ئەم کۆرانە.. با لەناو جیهانی خۆمدا، لە ئەندێشە سادە و پەمەییەکانی خۆمدا، لەناو چیرۆکە ئەفسوناوییەکانمدا و لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆم بەشێوەیەکی سروشتی ئەم هەنگاوەم تێپەڕێنم.. با لەگەڵ ئەواندا یاری بکەم.. هەڵببەزم و دابەزم.. سەیری فیلمە کارتۆنییەکان بکەم و چیرۆکێکی منداڵانە بخوێنمەوە! پاشانیش خەریکی ئەرکی خوێندنەکەم بم.. هەر کاتێکیش ماندووبووم، ئەوکات شوێنی خەوتنی من بەلایەنی کەمەوە دۆشەکێکی نەرمە! نەك ئەم زەوییەی کە تەنها بۆ پێڵاو و تایەی ئوتومبیلەکان تەرخانکراوە! نەك بۆ سەر و لەشی ناسکی من!

ئێوە، من تێکەڵی جیهانێك دەکەن کە جیهانی من نییە! لەوانەیە جیهانی هەندێك لە ئێوەش نەبێت..

ئێوە، پەردەی گوێی من بەدەنگی ئەو بڵندگۆیانە زیانمەند دەکەن..

ئێوە، جیهانێك لە من دەستێننەوە کە زۆر بەبەهایە.. جیهانێك کە ئیدی هەرگیز نایبینمەوە و هەتا ماوم دەبێت خەمی بۆ بخۆم..

خۆزگە باوانم هەمان هەڵەی باپیر و داپیرمیان دووبارە نەدەکردەوە..

خۆزگە یاسایەك هەبووایە جیهانە ئەفسوناوییەکەی منی بپاراستایەوە..

تکایە.. لێمگەڕێن با منداڵ بم و خەریکی جیهانەکەی خۆم بم.. ئەمە جیهانی من نییە..

سوپاس بۆ ئەو کەس و کامێرایەی ئەم وێنەیەی گرتین و بە ئێوە دەڵێت: جیهانی من جیاوازە!

2012-01-10
لاهای - هۆڵندا

# کارەساتی ڕێنووسی کوردی و دنیای دیجیتاڵ![1]

لە گووگڵدا دەمویست بەدوای محەمەد ناوێکدا بگەڕێم! هەرچەندم کرد (حەمە)م بۆ نەدۆزرایەوە! بە عەرەبی نووسیم (محمد) هەر لە ئەندەنووسیاوە تاوەکو مۆریتانیای پیشاندام! پاشان نووسیم (محەمەد) هەر نەبوو! دیسان نووسیم (محەممەد) ئەویش هەر نەبوو! دواتر وەك ئیسلامییە سەلەفییە "کورد"ەکان ناوی (موحەممەد)یشم تاقیکردەوە! هەموو جوندولئیسلام و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی پیشاندام!. بەڵام حەمەی لەمەڕ من هەر دەنگی نەبوو! خۆ ئەگەر هەر حەمەی ڕووت بنووسیت! ئەوا هەرچی حەمە سەعید و حەمە ساڵح و لەوانەیە نیوەی کوردت پیشان بدات!

بە کورتی (حەمە، محمد، موحەمەد، محەممەد، موحەممەد، موحەمەد، حەمەد و زۆریتر...)م تاقیکردەوە! لەناو محەمەدستاندا بەتەواوەتی ونبووم و وازم لەگەڕانەکەم هێنا!

لەم ڕۆژانەدا وتارێکم بەرچاوکەوت و باسی پۆلێکی سەرەتاییی قوتابخانەیەکی هەولێری دەکرد، کە لە کۆی نزیکەی پەنجا منداڵی پۆلەکە، بیستوهەشتیان ناوی (حەمە، محمد، موحەمەد، محەممەد، موحەممەد، موحەمەد یان حەمەد)ە!.. ئەم هەموو ناوی محەمەدە، کێشەیەکی زۆریشی بۆ مامۆستاکانی ئەو پۆلە دروستکردووە و ناچاربوون بۆ هەر حەمەیەك کۆدێکی تایبەتی دابنین تاوەکو لەیەکتریان جیابکەنەوە!. کار واپروات ناوی محەمەد وەك پاشناوی (لی)ی چینیی لێدێت کە ژمارەکەی وابزانم لە هەموو کورد زۆرترە!.

سەیرە ناوێك ئەوەندە لە کوردەواریدا بەکاربێت، کەچی نەتوانین ڕێنووسێکی یەکگرتووی بۆ دیاریبکەین!

من باسی ئەوە ناکەم کە بۆچی پاش بیست ساڵ سەربەخۆیی ناوی بێگانە لەناوماندا زۆرتر پەرەی سەندووە! بەڵکو تەنها باسی ڕێنووسەکەی دەکەم..

---

1 گۆڤاری کۆوار - ژمارە 73ی مانگی 1ی 2012.

ئینگلیزە ناموسـوڵمانەکان زۆر لە ئێمە ژیرتر بوون و ئەوان هەر زوو ڕێنووسێکی یەکگرتوویان بۆ ناوە عەرەبییەکان داهێنا! بۆ نموونە هەموویان بەیەك جۆر دەنووسـن موهەمەد! کەچی ئێمە سـەرباری ئەوەی کە هەزار و ئەوەندە سـەد ساڵە بە زمانی محەمەدانییەکان ویرد دەخوێنین و سـەڵاوات لە ناوی محەمەد دەدەین، نەمانتوانیوە بەیەك جۆر ناوی بۆ نموونە محەمەد بنووسـین!.

حەمەم تەنها بۆ نموونە هێنایەوە، ئەگینا هەریەك لە ڕەوف، ڕەووف، ڕەئووف، تاهیر، تاهر و تایەر و سـەدان و زۆرتری ئەو ناوانە، کارەساتێکن بۆ ڕێنووسـی کوردی!.

ئێمە وەك نەمانتوانی تاکە هەنگاوێکیش بەرەو زمانی سـتاندارد بنێین، کەچی نەشـمانتوانیوە کەمێك لە ڕێنووسـی ئەو ناوانە بکەینە ڕێسـایەك و بیچەسـپێنین..

جیهانی دیجیتاڵ، جیهانێکی زۆر هەسـتدارە، بۆ ئێمە (حەمە، محمد، موحەمەد، محەممەد، موحەممەد، موحەمەد، حەمەد و زۆریتر...) لەوانەیە لای ئێمە یەك بن. بەڵام بۆ ماشێنی گەڕان و داتابانکەکان هەر یەکەیان کلیلە وشـەیەکی جوودان.. هەربۆیە هەردەم کێشـەمان بۆ دروسـتدەکەن و کێشـەکەش گەورەیە نەك بچووك!..

نازانم وەزارەتی (ڕۆشـنبیری) بیری لەم کێشـەیە کردووەتەوە! یان هەرگیز بەکێشـەی نەزانیوە! یان ئایا وەزارەتی خوێندنی (باڵا) بیری لەوە کردووەتەوە کارێکی واهی بە کۆلیجەکانی کۆمپیوتەر بسـپێرێت کە هیچ نەبێت سـپێڵ چێکێکی کوردی دروسـتبکەن و لەگەڵ نەرمەواڵاکانی مایکرۆسـۆفت و ئەوانی تردا ناوکێشـی بکەن و بەهۆیەوە کەمێك ڕێنووسـەکەمان ڕێکبخەین...

هاوڕێ باخەوان
2012-01-11
لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە: هۆلۆکۆست، هێرۆشیما و هەڵەبجە[1]



**هۆلۆکۆست**



**هێرۆشیما**

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 91 – لاپەڕە 52- مارتی 2012



**هەڵەبجە**

نزیکەی سێ چارەکە سەدە بەسەر دوو وێنەی یەکەمدا تێپەڕی و وێنەی سێیەمیش یەك چارەك!

هەرسێ وێنەکە قوربانیی دێوەزمەی کۆمەڵکوژیی خودی مرۆڤ خۆیین! یەکیان بەبیانووی ئایین و ئەوی تریشیان بەبیانووی بردنەوەی جەنگ و ئەوەی ئێمەش بەبیانووی رەگەز و شەڕڕ و لئوممەت بووین کە ئوخریجەت لیلناس!

هەرسێکیان سێ ئازاری مەزن! ئازارێك کە بیرچوونەوەی بۆ نییە!

لە چارەکە سەدەی پاش وێنەی یەکەم و دووەم (هۆلۆکۆست و هێرۆشیما):

- هەزاران مۆنومێنتیان لە وڵاتەکەی خۆیان و دەرەوەدا بۆدروستکرا!
- مردووەکانیان بەڕێزەوە ناشت! و تاوەکو ئێستاش کە سێ چارەکە سەدە بەسەر ئەو رووداوانەدا تێپەڕیوە هەر خەریکی دۆزینەوە و توێژینەوەن لەوەی روویدا!
- بریندارەکانیان چاککردەوە و ئەوەشی توانای چاکبوونەوەی نەبوو، هەموو زانست و تەکنەلۆجیای ئەوکاتەیان بۆ باشتربوونی دابینکرد!
- منداڵەکانیان بەباشی پەروەردەکردن.

• پیر و کەنەفتەکانیان ئاسوودە کرد و ژیانێکی شایستەیان بۆ فەراهەمکردن.
• نەوەکانیان ڕێزی تایبەتییان هەیە و شانازی بە باوان و حکومەتەکانیانەوە دەکەن بۆ ئەوەی کە بۆیی کردوون.
• هەزاران فیلم و فیلمی دۆکومێنتەرییان لەسەر دروستکردن! ناوی هەموو بەرکەوتوو و زیانپێگەیەنراوانیان تۆمارکرد!

لە چارەکە سەدەی پاش وێنەی سێیەم (هەڵەبجە):
• تاکە مۆنومێنتێکیان لە هەڵەبجەدا بۆ دروستکرا، ئەویش هەر بیری کیمیاباران سووتاندی و زیانێکی زۆریان پێگەیاند!
• ئێستاش سەدان تەرمی قوربانییانی هەڵەبجە لەژێرخاکدان و نەدۆزراونەتەوە و هیچ هەوڵێکی ئەوتۆش نەدراوە بۆ دۆزینەوەیان!
• بریندارانی هەڵەبجە نەك هەر چاکنەبوونەتەوە بەڵکو خراپتر بوون و زوو زووش یەکێکیان بەهۆی خراپیی تەندروستییەوە دەمرێت! ئەوەشی کە ماوە دەرمانی ئێکسپایەری ئێرانی بەکاردێنێت و هێندەی تر باری تەندروستیی خراپتر کردووە!
• منداڵانی هەڵەبجە نەك بەباشی لەلایەن حکومەتەوە دەستگیرۆیی ناکرێت، بەڵکو ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان منداڵانی هەڵەبجە لە پێش چارەکە سەدەیەك زۆرتر بووە!
• پیر و کەنەفتەکانی هەڵەبجە زۆر نائاسوودەن و خواخوایانە ڕۆژێك زووتر ئەم ژیانەیان جێبێڵن!
• نەوەکانی قوربانییانی هەڵەبجە بوونەتە تەندەرێکی بازرگانی بۆ زۆر لایەن و پارەیان پێپەیدادەکەن!
• چەند فیلمێکی دۆکومینتەری هەن، بەڵام زۆر بەسەقەتی. ئێستاش کەس نازانێت بەتەواوەتی چەند کەس لە هەڵەبجە کوژرا، چەند بریندار بوو و چەند زیانی پێگەییشت.. کێ گۆری ونە و کێش ناسراو!

ئێمه لەم چارەکەدا ئەوەمان بۆ هەڵەبجه کرد! بزانین چارەکه سـەدەی دووەم سێیەم چییان بۆدەکەین! خۆزگه بمانتوانییایه یەك بۆ ملیۆنی هۆلۆکۆسـت و هێرۆشـیما بۆ هەڵەبجه بکەین!

2012-02-29
لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە - پەتی سێدارە![1]



زۆرن ئەوانەی دەڵێن، بوونی ئەو پەتە زۆر پێویستە و کەسانێك هەن دەبێت نەمێنن و سزای لەسێدارە بدرێن تاوەکو ببنە پەند و ئامۆژگاری بۆ کەسانی تر!

بەڵام ئەوانەشی کە دژی بوون و بەکارهێنانی ئەم پەتە دەوەستنەوە کەم نین! ئەوان دەڵێن: ئێمە کێین! تاوەکو پریاری کۆتاییپێهێنانی ژیانی مرۆڤێکی برامان بدەین!

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 92 – لاپەڕە 52- ئاپریلی 2012

سزا، جگە لە تێکستە ئایینییەکان، بەتایبەتی تێکستە ئیسلامییەکان کە زۆر دڵڕەقانە داڕێژراون، دەبێت هۆیەك بێت بۆ چاکسازیی کەسانێك کە کەتن دەکەن یان تاوانکارن! هەموو پرینسیپی سزا لە تێکستە نوێ و یاسا هاوچەرخەکاندا لەو خولگەیەدا دەسووڕێتەوە کە ئەو کەسەی کە سزای بەسەردا دەچەسپێت، دەبێت لە پاشەڕۆژێکی نزیك یان دووردا بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە بە چاککراوی! هەربۆیە کەسانێکی زۆر دژی سزای مردن و پەتی سێدارە دەوەستنەوە، چونکە ئەم سزایە کۆتایی بەژیانی ئەو کەسە دێنێت و ئیدی چیدی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و پرینسیپی چاکسازیی سزاکانیش هیچ بەهایەکی یاسایی و مرۆڤایەتیی نامێنێت..

ئێمە مێژوویەکی زۆر تاڵمان لەگەڵ ئەم پەتە بەنەفرەتبووەدا هەیە! تا تاوانبارێکی زۆر خراپ ئەم پەتەی کراوەتە گەردن، سەدان کەسی تر بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییانەوە لەسێدارەدراون، بەڕادەیەك تۆقێنەرترین چیرۆکەکانی ناو زیندان، ئەوانەن کەباسی ژووی ئیعدام و چاوەڕوانیی ئەو پەتە دەکەن.. کەسانێك هەن بەشێوەیەك لە شێوەکان یان بەهۆی رێککەوتێکی لێبووردنی گشتییەوە لەو ژوورە ترسناکانە رزگاریان بووە و ئەوان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو پەتە چ سامێکی هەیە و چەندێکیش دژی پرنسیپە مرۆڤایەتییەکانە..

مێژووی ئێمە لەگەڵ ئەم پەتەدا هێشتا هەر بەردەوامە و ساڵانە دەیان هاوزمانمان لەلایەن ئاخوندە ئیسلامییەکانی داگیرکەری ئێرانەوە ملیان بەو پەتەدا دەکرێت.. هیچ کامێکیش لەوانە لەسەر سزایەکی مەدەنی نەبوون و تەنها بەهۆی بیروباوەڕی سیاسییانەوە بووە..

پەتی سێدارە و بەکارهێنانی، بووەتە پێوەرێکی گەورە بۆ رادەی پێشکەوتن و چەسپاندنی پرنسیپە مرۆڤایەتییەکان! پێوەرێکی رەش یان سپییە! بەکارهێنانی وڵات دەکاتە وڵاتێکی دواکەوتووی دژبە هەموو پرنسیپە مرۆییەکان و بەپێچەوانەشەوە دەیکاتە وڵاتێکی پێشکەوتووی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ بەگشتی.. هەربۆیە زۆرێك هەن دەڵێن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی دواکەوتووی دژبە مافەکانی مرۆڤە..

بەهیوای ئەوەی ئەم سزایە لە هەرێمی کوردستانیشدا قەدەغە بکرێت و ئێمەش وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان هەنگاوێك

لەو لایەنەوە بنێین و ئەو سزا نەفرەتلێکراوە لەلای خۆمان نەهێڵین..

2012-04-15
لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە - سەرۆك(گەلی) ئێمە پشوونادات! [1]



1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 93 – لاپەڕە 52- مایی 2012

سەرۆك لای ئەوان یەك دانەیە، چوار ساڵ جارێکە، بەدڵنیاییەوە بەهۆی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەوە دەبێتە سەرۆك! لە ماوەی ئەو چوار ساڵەیدا یاسا ئەرك و مافەکانی پاراستووە.. ئەرکەکانی خۆی وەك پێویست جێبەجێ نەکات! پێش هەموو کەسێك ئەندامانی پارتەکەی خۆی لێی دەکەونە تەقە!

مافەکانیشی وەك ئەرکەکانێتی و کەمێك لێی تێپەڕێت! ئەوا زۆر ئاساییە بەهۆیەوە حکومەتەکەشی بڕوخێت و هەموو لایەنەکان داوای هەڵبژاردنی نوێ بکەنەوە..

پاش تەواوبوونی ئەو چوار ساڵەی فەرمانڕەواییی، ئیتر خواحافیزی لە هەمووان دەکات، ئەگەر بەخت یاری بوو ئەوا بۆ چوار ساڵی تریش دەگەڕێتەوە هەمان پۆست، ئەگەرنا ئەوا خانەنشین دەبێت و کاتی خۆی بە نووسینی یاداشتەکانی و ئامۆژگاریکردنی حکومەتی داهاتوو و گەشتوگوزارەوە خەریکدەکات.. هەر هیچ نەبێت لە ڕێکخراوێکی مرۆڤییانەدا کاری مەدەنییانەی درێژە پێدەدات..

سەرۆك لای ئێمە یەك و دووان و سییان و چواریش نیین، گەلێك زۆرن و دەکرێت پێیانبگووترێت سەرۆکگەلی ئێمە!

هەر یەك لەمانە ئیمپراتۆرێکە بۆخۆی! چۆن و بەچ جۆرێك بووەتە سەرۆك ئەوا تابلێی ئاڵۆزە.. بەڵام لە هەمووی گرنگتر بۆ ماوەی چەند سەرۆکایەتی دەکات، ئەوە نەك من تۆ ئاهورامەزداش نایزانێت! هەربۆیە لە هەموو مێژووی ئێمەدا، بەخەویش وێنەیەکی واهی نابینیت! چونکە سەرۆکگەلی ئێمە یان بە مەرگی موفاجات یانیش بە ڕووداوێکەوە لە سەرۆکایەتی دەکەوێت!

ئەرك و مافی سەرۆکگەلی ئێمە هیچ پێوەرێکی بۆ نییە! زۆرجار ئەو ئەرکانەی کە دەبووایە بیکردایە، نایکات! زۆرجاریش مافەکانی ئەوەندە زۆرن کە نەك یاسا! بەڵکو لە زنجیرە کتێبێکیشدا جێی نابێتەوە!

سەرۆکگەلی ئێمە پێش مردنی، سەرۆکگەلی نوێشی دەستنیشان کردووە، ئەو کەمە ئەرك و زۆرە مافەشی کە هەیبووە، ئەویش رادەستی سەرۆکگەلی نوێ دەکات! ئەمیش بە دەستپاکییەوە زۆر لە ئەرکەکانی کەم دەکاتەوە و

مافەکانیشی زۆرتر دەکات.. ئیتر یاسا ئەگەر هەبێت چی دەڵێت با بڵێت!

بچووکترین سەرۆکگەلی ئێمە سکرتێرێکی زەحمەتکێش بوو! ئەم سەرۆکگەلە زۆرینەی ئەندامانی حیزبەکەی لێی ڕاستبوونەوە و لە سەرۆکگەلییان خست! بەڵام ئەم سەرۆکگەلە لەباتی ئەوەی بڵێت ئیدی بەسە و خانەنشین دەبم، یان کارێکی تر دەکەم.. بە ئامان و زەمان دەستی لە سەرۆکگەلایەتیی خۆی بەرنەدا و هەر بەتۆپزی حیزبێکی تری دامەزراند و بووەوە سەرۆکگەل!

سەرۆکگەلی ئێمە پشوونادات، وازهێنانی سەرۆکگەل لە سەرۆکگەلایەتی، یان مردنە یان ڕووداوێکی مەرگهێن!

هاوڕێ باخەوان
2012-05-18

# میستەر ریچ[1]



میستەر ریچ، لە سەدەی نۆزدەدا و لە شاری سلێمانی، چاوی بە میری ئەوکاتەی بابان کەوتووە. میستەر، دەیەوێت میری میران! ببزوێنێت و باسی پاشەڕۆژی میرنشینەکەیی و سەربەخۆییی کوردستانی بۆ بکات! بەڵام وەڵامی میر بۆ میستەر ئەوە دەبێت کە جگە لە خواپەرستی و زیکر و تەسەووف! هیچ شتێکی دیکەی نییە پێوەی خەریک بێت!

ئەمە میرەکەمان! هەرچی خەڵکی سادەی ئێمەشە لە عەرەب موسڵمانتر بووە! لە هەموو کات و بارێکدا هەرچییەکی هەبووبێت کردوویەتییە قوربانی ئەم ئایینە نوێیەی.. ئیدی خاکەکەی بووبێت یان پاشەڕۆژی نەتەوەکەی! لە ئایینەکەی گرنگتر نەبووە و هەمیشە ئەم دنیای کردووەتە قوربانی دنیایەکی دی کە خۆشی تاوەکو ئێستا بۆیی رووننەبووەتەوە کەی و چۆن و لەکوێیە!

دراوسێکانمان زۆر لە ئێمە ژیرترن، بەتایبەتی لە مامەڵەیان لەگەڵ ئایینەدا! ئەوان هەردەم ئەو ئایینەیان بۆ خۆشگوزەرانیی

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە 94 – لاپەڕە 48- جونی 2012

ئەم دنیایەیان و سەروەریی نەتەوەکانیان بەکارهێناوە! لەبەرامبەریشدا خوودی ئەو ئایینەیان لە دژی ئێمە و بۆ ماڵوێرانیی ئەم دنیایەمان و سەرشۆڕیی نەتەوەییمان بەکارهێناوە!

بۆ ئەوان ئاساییە چۆن ئایین لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن، نە کوفرە و نە زەندەقە! بۆ ئێمە نەک هەر کوفرە! بەڵکو نوێکردنەوەی بزووتنەوەکانی زنج و خەواریج و مەجوسییەتیشە!

ئایین لای دراوسێ تورک و فارس و بەتایبەتیش عەرەبەکان، پەردەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە بۆ پاراستنی سنوور و دەستەڵاتیان، سەرچاوەیەکی ماددیی ئاشکرایە بۆ مێزی قومار و شەوە پەمەییەکانیان! سەرچاوەکەش ئەو سامانە گەورەیەیە کە ساڵانە و بەدرێژاییی مێژوو خۆمان بەپێی خۆمان بۆیان دەبەین! ئەوانیش تەنها لە سێ شتدا خەرجی دەکەن، قومار، سۆزانی و غیلمان و سێیەمیشیان سەرکووتکردنی کورد و نەهێشتنی نهێنیی تێگەییشتنی ئایین بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییی کورد!

٢٠-٠٦-٢٠١٢
لاهای – هۆڵندا

# ئایا ئاڕاستەی یەکێتی بەرەو ئێرانە یان ڕۆژئاوا؟[1]

سازدانی: ستیڤان شەمزینی

**پرسیار: هەندێك لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە ئاڕاستەی یەکێتی نیشتمانی بەرەو ئێرانە و لە قەیرانی عێراقیشدا دەرکەوتووە کە یەکێتی بەپێی مەیلی ئێران مامەڵە دەکات. ئێوە خوێندنەوەتان بۆ ئەمە چییە؟**

وەڵام:
هەر لایەنێکی سیاسی، پێویستە دوو جۆر بەرژەوەندی لەبەرچاو بگرێت، یەکەمیان و گرنگترینیان بەرژەوەندیی گشتییە، پاش ئەم بەرژەوەندییە، بەرژەوەندیی خودی ئەو لایەنە دێت. ئەمە ئەلفوبای سیاسەتە! هەر لایەنێکی سیاسی رەچاوی نەکات و ئەم بەرژەوەندییانە پاش و پێش بخات ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان زیانێکی زۆر دەکات..

من لەم کورتە وەڵامەمدا تەنها باس لە یەکێتی ناکەم، بەڵکو بەگشتی مەبەستم هەر لایەنێکی کوردییە لە هەر لایەکی کوردستان.. تەواوی ئەو لایەنانە خویندنەوەیەکی زۆر هەڵەیان هەیە بۆ بەرژەوەندی، ئەمانە جگە لەوەی پەییان بەو دوو جۆرە بەرژەوەندییە نەبردووە! تەنها یەك بەرژەوەندی دەزانن یان لایان مەبەستە، ئەویش بەرژەوەندیی خودی ئەو لایەنە سیاسییەیە! هەردەم بەرژەوەندییەکی باڵادەستە و گەلێك جار، ئەگەر نەڵێم هەمووجار بەرژەوەندییەکانی تری دەکرێتە قوربان!

ئەم مەیل گۆرین و مەیل تازەبوونەوەی حیزبەکان، شتێك نییە پەیوەندیی بەم بارودۆخەی ئێستای کوردستانەوە هەبێت بەتایبەتی، بەڵکو ئەمە کارێکە کە رەگوریشەی نەك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی

---

1 گۆڤاری شەپۆل – ژمارە 11 – لاپەڕە 16- جولایی 2012
ئەم کوورتە وەڵامەی من وەک تەوەرێک لەگەڵ رای چەند کەسێکی تردا لە گۆڤارەکەدا تێکهەڵکێش کرابوو.

میرنشینەکانی کورد، بەڵکو پەیوەندیی بە خودی دروستبوونی کوردەوە هەیە وەك (نەتەوە)یەك.
ئەو فرەڕەگەزانەی کە کوردیان پێکهێناوە، هێشتا لە بۆتەی کوردا نەتواونەتەوە و نەیانتوانیوە هەموو پێکەوە نەتەوەیەکی تەندروست پێکبهێنن، بۆیە تاوەکو ئێستا بەو شێوە بەش بەشییە رەفتار دەکەن و ئەم لەدژی ئەو دەبێتە نۆکەری عوسمانی و ئەوی تریش دەبێتە نۆکەرێکی بێنرخی سەفەوی!.. هەربۆیەشە بەرژەوەندیی گشتی یان بەرژەوەندیی هاوبەش بەدرێژایی مێژوو لە کوردستاندا بوونێکی بەرچاوی نەبووە و هەر ئەمەشە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد نەبێتە خاوەنی ماڵی خۆی..
خوێندنەوەی من بۆ هەر مامەڵەیەکی یەکێتی و پارتی ئەوەیە کە ئەم دوو هێزە تەنها کۆپییەکی میرنشین و هۆزەکانی جاران و ئێستا ناوێکی تریان لەخۆیان ناوە! هەربۆیە بەرژەوەندیی لایەنییانەی خۆیان لە پێش هەموو بەرژەوەندییەکەوەیە، ئەو رەفتارانەشی کە دەیکەن تەنها کۆپییەکی رەفتاری میرنشین و هۆزەکانە و شێوازەکەیان گۆڕیوە! ئەگینا لە چاوگدا هەر هەمان رەفتارن.. جاران هۆزەکان خەرمانی یەکترییان دەسووتاند، چونکە خەرمان سەرچاوەی هێز و زیندەگیی هۆزەکانی بەرامبەری بوون، ئێستا خەرمان سووتاندن بووەتە بارەگا سووتاندن، چونکە بارەگا سەرچاوەی هێز و زیندەگیی هۆزە نوێیەکانن!

2012-06-19
لاهای - هۆڵندا

# کوورتە باسێکی تێپەڕ دەربارەی دادگا نێودەوڵەتییەکان[1]

ڕێکخستنی کاروباری نێوان دەوڵەتان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، کێشەیەکی بەردەوام بووە بەدرێژایی مێژوو..

زۆرینەی کێشە نێوخۆییەکان و دەرەکییەکانی نێوان دەوڵەت و ئیمپراتۆریەکان بە شەڕ و خوێن چارەکراوە.. هەندێکجار کێشەکان بەبێ چارەسەر ماونەتەوە و ڕوویداوە لە نێوان دوو وڵاتدا بەدەیان ساڵ پەیوەندیی نە شەڕ و نە ئاشتییان هەبوویێت.. ئەو کێشانە ئەوەندە بەشەڕ کۆتاییان هاتووە، ئەوەندە بە ڕێکەوتن کۆتاییان نەهاتووە.. هەربۆیە لە مێژوودا هێندەی شەڕ و خوێن دەبینین، ئەوەندە ڕێککەوتننامەی نێوان دەوڵەتان نابینین.. دوو زلهێزی وەك سەفەوی و عوسمانی کە سەدان ساڵ داگیرکەر و دابەشکاری کوردستان بوون، هەردەم لە جەنگدابوون.. مێژووی ئەو دووانەش ئەوەندەی جەنگ و وێرانکاری بووە ئەوەندە ئاشتی و ڕێکەوتن نەبووە..

بەرامبەر ئەم هەموو شەڕ و ئاژاوەگێڕییە، یاساناس و ڕۆشنبیرانی خۆرهەڵات هەمیشە لە خەمی ئەوەدابوون کە کاروباری نێودەوڵەتی و کێشەی نێوان وڵاتان بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.. هەر ئەو ڕووناکبیر و یاساناسانەش بوون کە بوونە هۆی پاڵپێوەنانی سیاسەتمەدار و دەوڵەتانی خۆرئاوا بۆ بەستنی ڕێککەوتننامەکانی لاهای لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.. هەر ئەم ڕێککەوتنامانەش بوون کە بوونە بەراییی ڕێکخستنی کاروباری نێودەوڵەتی و پاشان هێنانەکایەی یاسای نێودەوڵەتی و شاری لاهاییش ببێتە شاری داد و دادوانی!..

هەڵبەت هەموو ئەو ڕێککەوتنانە و ئەوانەی تریشی کە دوو بە دوو یان زۆرتر لە نێوان وڵاتانی تردا دەهاتە کایەوە نەیتوانی

---

[1] گۆڤاری نێوەند – ژمارە 89 – لاپەڕە 53 - دیسەمبەری 2011

پەیوەندی و کێشەکانی وڵاتان رێکبخات و چارەسەر بکات.. هەربۆیە هەموو ئەو رێککەوتنانە نەیانتوانی بەربە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی یەکەم بگرن..

کۆنگرەی ئاشتیی پاریس لە ساڵی 1919دا کۆتایی بە جەنگی جیهانیی یەکەم هێنا و بووشە هۆیەك بۆ دامەزراندنی رێکخراوی نێودەوڵەتیی (کۆمەڵەی گەلان یان کۆمەڵەی نەتەوەکان - League of Nations).. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم رێکخراوە نەهێشتنی یان روونەدانەوەی جەنگی جیهانی بوو، بەڵام وەك دەزانین پاشتر ئەو جەنگە هەڵگیرسایەوە و کۆمەڵەی گەلانیش نەیتوانی بەربە هەڵگیرسانی بگرێت..



**دادگای دادی نێودەوڵەتی – ICJ لە شاری لاهای – هۆڵندا**
**سەرچاوەی وێنە - ئنتەرنێت**

پاش وەستانی جەنگی جیهانیی دووەم، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان - United Nations لە ساڵی 1945دا دامەزرا، هەر لەو ساڵەشدا بەپێی پرۆگرام و پەیرەوی نەتەوە یەکگرتووەکان،

دادگای دادی نێودەوڵەتیش - The International Court of Justice ICJ دامەزرا. بەڵام ئەم دادگایە لە مانگی ئاپریلی 1946ەوە دەستیکردە کارەکانی..

دادگای دادی نێودەوڵەتی یەکێکە لە شەش پێکهاتە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر تەنها ئەمە کە لە شاری نیویۆرك نییە! هۆی دامەزراندن و نیشتەجێبوونی لە شاری لاهای، بەهۆی ناوبانگی نێونەتەوەیی و دادوانیی ئەم شارەوەیە!..

ئامانجەکانی ئەم دادگایە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دەوڵەتانەیە کە ئیمزای پروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە، دەشێت دادگا دادوەری بکات لە کێشەیەکدا کە وڵاتێکی تر لە کێشەکەدا بێت و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبێت! بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو وڵاتە بەشێکی خەرجی دادگاکە بدات لە کەیسی دیاریکراودا..

دادگاکە لە 15 دادوەر پێکهاتووە، هەریەك لەم دادوەرانە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی – General Assembly و ئەنجوومەنی ئاسایشەوە - Security Council بۆ 9 ساڵ هەڵدەبژێردرێن.

زمانی فەرمیی دادگا هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسییە، واتە هەرچی دۆکومێنتی دادگاکە هەیە بە هەردوو زمان هەیە! هۆڵەکانی دادگاش لەباری تەکنیکییەوە وا رێکخراون کە بە ئاسانی ترانسکریپت بکرێت لە هەر زمانێکەوە بۆ ئەو دوو زمانە و بەپێچەوانەشەوە..

هەمان ئەو دەوڵەتانەی کە ئیمزای پروانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە، ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیشن.. دادگا لە رووی تیۆرییەوە دەبێت بەچاوێکی یەکسان و بە پێی یاسای نێودەوڵەتی پروانیتە هەر کەیسێك کە دێتە بەردەستی، بەڵام دیارە شاردراوە نییە کە ئەوانەی مافی ڤیتۆیان لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا هەیە، هەمان ئەو دەوڵەتانەش کاریگەریی زۆریان بەسەر دادگا و کلتووری دادگا و زمان و لایەنەکانی ترییەوە هەیە..

دادگای دادی نێودەوڵەتی تەنها سەیری ئەو کێشانە دەکات کە دەوڵەت لایەنێك بێت تێیدا! واتە دادگاکە هەرگیز سەیری ئەو کەیسانە ناکات کە پەیوەندییان بە کێشەی ناوخۆیی وڵاتێکەوە هەیە، دەشێت دادگا سەیری کەیسی نێوان دەوڵەت و

دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بکات کە ئەو دامەزراوە لەڕووی یاساییەوە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتیی هەبێت.. هەر لەو رووەوە هەندێك جار لە میدیا کوردییەکاندا بەهەڵە باسی دادگای نێودەوڵەتی دەکرێت و کەسانێك پێیانوایە کە ئەم دادگایە بتوانێت سەیری کێشەکانی وەك هەڵەبجە و ئەنفال و قاڕنێ و هەموو ئەوانەی تر بکات کە پەیوەندییان بە کۆمەڵکوژیی ئێمە و بەگشتی کوردەوە هەیە.. ئەمە بەداخەوە وا نییە و ئەم دادگایە لە رووی یاساییەوە بۆی نییە پڕوانێتە ئەو کێشانەی کە لە رووی سیاسی و یاساییەوە بە ناوخۆی ئەو وڵاتانە دەزانرێت کە کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە..
دیارە ئەگەر دادگای دادی نێودەوڵەتی سەیری ئەو کێشە ناوخۆییانەی بکردایە، ئەوا تەنها چینییەکان هێندەی شوورای چین، لەبەردەمیدا ریزیاندەگرت بۆ پێشکەشکردنی سکاڵاکانیان!..

دادگا، وەك ئۆگانێکی سەرەکی و گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان، بودجەی تایبەتیی لەو رێکخراوەوە وەردەگرێت. بەو پێیەی کە دادگاکە (تەنها) دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتییە، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە بودجەی پێویستی بۆ دابیندەکات.. دیارە ماوەی چەند ساڵێکە دادگایەکی هەمیشەییی نێودەوڵەتیی تر بەناوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هاتووەتە کایەوە کە پاشتر دێمە سەری..

ئەم دادگایە تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری کەیسی بینیوە.. زۆرینەی کەیسەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەن کەبەهۆی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی نێوان دوو دەوڵەت یان زۆرتر هاتوونەتە کایەوە.. یەکەم کەیس کە ئەم دادگایە دادوەریی تێداکرد، کێشەیەکی نێوان بەریتانیا و ئیرلەند بوو لە ساڵی 1947دا.. ئێستا ئەم دادگایە خەریکی ئامادەکارییە بۆ دادوەریی کێشەی تێمپڵ – پەرستگاکانی نێوان کەمبۆدیا و تایلاند..

پاش وەستانی جەنگی جیهانیی دووەم، دوو دادگای کاتیی نێودەوڵەتی دروستبوون بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ، ئەوانیش دادگای نۆرمبێرگ و دادگای تۆکیۆ بوون.. ئەم دوو

دادگایە هیچ سەروبەرێکیان بە دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە نەبوو، چونکە دەستووری دادگاییکردنی ئەم دادگایە نەیدەتوانی کەیسگەلێکی گەورەی وەك تاوانبارانی جەنگی جیهانیی دووەم چارەسەربکات، سەرباری ئەوەش لایەنەکانی ناو ئەو کەیسانە تەنها دەوڵەتان نەبوون بە تەنها بەڵکو کۆمەڵکوژیی ناوخۆییشی دەگرتەوە، لەوانە کۆمەڵکوژیی جولەکەکانی ئەڵمانیا کە بەپێی یاسای دادگای نێودەوڵەتی پەیوەندیی بەکاروباری ناوخۆی ئەڵمانیاوە هەیە!

دادگای نۆرمبێرگ لە کۆتایی ساڵی 1945ەوە تاوەکو کۆتایی ساڵی 1946 بەردەوام بوو، ئەم دادگایە نزیکەی 200 تاوانباری جەنگی دادگایی کرد..



**دیمەنێکی دادگای نۆرمبێرگ – 1945 – 1946**
**سەرچاوەی وێنە - ویکیپێدیا**

شانبەشانی دادگای نۆرمبێرگ، دادگای تۆکیۆش کە ناوی فەرمیی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی بۆ ئاسیای دوور بوو - - The International Military Tribunal for the Far East IMTFE کەوتە دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ لە ژاپۆن، جگە لەمە لە وڵاتی چینیشدا چەندین دادگا دانرا بۆ دادگاییکردنی ژاپۆنییەکان، دادگای تۆکیۆ نزیکەی ساڵێك زۆرتری خایاند لەوەی نۆرمبێرگ، تێیدا سەدان کەیس چارەسەرکرا..



**دیمەنێکی دادگای تۆکیۆ – 1946 – 1948**
**سەرچاوەی وێنە - ویکیپێدیا**

پاش هەردوو دادگای نۆرمبێرگ و تۆکیۆ، بۆ دەیان ساڵ دادگای دادی نێودەوڵەتی وەك تاکە دادگای نێودەوڵەتی مایەوە، تاوەکو لە ساڵی 1993دا بەپێی بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان - دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یۆگۆسلاڤیای پێشوو دامەزرا The International Criminal Tribunal for the former Yugoslavia (ICTY). ئەمەیان بەگەورەترین دادگای نێودەوڵەتی دادەنرێت لە دوای دادگاکانی تاوانبارانی جەنگی جیهانیی دووەم. کەیسەکانی ئەم دادگایە هەموویان پەیوەستن بە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەوە. هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانەش لە

سنووری سیاسیی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا روویداون، هەربۆیە دادگایەکی نێودەوڵەتیی تایبەتیی بۆدانرا و دادگای دادی نێودەوڵەتی نەیتوانی چارەسەری بکات!.

دادگاکە، ئەگەرچی کاتییە، بەڵام زۆر درێژخایەن بوو. لە ماوەی ئەو نزیکەی بیست ساڵەی تەمەنیدا دەیان کەیسی گەورەی سەیرکردووە، زۆرینەی تەواوی ئەوانەی کە دادگاکە تاوانباری کردن، رادەستی دادگاکران، لەم دوو ساڵەی دوواییشدا سێ گەورە تاوانباری وەك: (ملادیچ، کارادیچ و هاجیچ)یش گیران و ئێستا لە زیندانی دادگا دان و چاوەڕوانی دادگاییکردنن..

ئەم دادگایە یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی دادگای نێودەوڵەتی و چارەسەرێکی باشیش بوو بۆ هەموو ئەو کێشەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدانەی کە لە ناوچەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوودا روویاندا..



**دیمەنێکی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو – 1993 – تائێستا**

## سەرچاوەی وێنە - ویکیپێدیا

ئەم دادگایە، دەبووە باشترین مۆدێل بۆ چارەسەرکردنی ڕووداوەکانی ئێراق! پاش ڕووخانی ئێراق.. چونکە ئەو کەیسانەی کە ئەم دادگایە چارەسەری کردوون زۆربەیان دەربارەی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدن و پەیوەندییان بە چەند نەتەوەیەکی جیاوازەوە هەیە لە نێوان سنووری سیاسیی یەك وڵاتدا کە ئەویش یۆگۆسلاڤیای پێشوو بوو، دیارە ئێراقیش لەو ڕووەوە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی لە ئێراقدا ڕوویدا و بەتایبەتی لە بەشە کوردستانەکەیدا، هیچی لەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو کەمتر نەبوو! ئەگەر زۆرتر نەبووبێت.. هەربۆیە دەکرا هەمان مۆدێلی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ئێراق دابنرایە و چارەسەری ئەو کەیسە گەورانەی تێدابکرایە! نەك بەو شێوەیە لەوەدا بچووکبکرانایەتەوە کە پێی دەگووترێت (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)!..

لە ڕاستیدا ملدانی کورد بۆ ئەو دادگایە و ڕازیبوونی دەستەڵاتی سیاسیی کورد بەو دادگایە، هەڵەیەکی مێژوویی کوژەر بوو بۆ کورد و کێشەکەی، دەبووایە هەرگیز بەوە ڕازی نەبووینایە و داوای دادگایەکی لەو شێوە نێودەوڵەتییەی یۆگۆسلاڤیای پێشوومان بکردایە..

شانبەشانی دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو، کۆمەڵێك دادگای نێودەوڵەتیی تر کە سەربە نەتەوەیەکگرتووەکانن، یان ناوکۆیین لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان و دادگای لۆکاڵیدا و زۆربەشیان چارەسەری کەیسی کۆمەڵکوژی و جینۆساید و تیرۆر دەکەن لەوانە:

- دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی ڕواندا: International UN ICTR – Criminal Tribunal for Rwanda
- دادگای تایبەتی بۆ سێرا لیۆن The Special Court for Sierra Leone – SCSL
- دادگای تایبەتی بۆ لوبنان - Special Tribunal for Lebanon – STL

- دادگای نائاسایی کەمبۆدیا - Extraordinary Chambers in the Courts of Cambodia – ECCC



**دیمەنێك لە باڵەخانەی سەرەکیی دادگای کەمبۆدیا**
**نۆم پێن – 2007**
**سەرچاوە: کامێرای نووسەر**

سەرباری هەموو ئەو دادگایانە دادگایەکی دی هەیە کە پێویستە زۆرتر لەسەری هەڵوێستە بکەین، ئەویش دادگای تاوانی نێودەوڵەتییە - International Criminal Court - ICC. ئەم دادگایە ئەگەرچی نێودەوڵەتییە، بەڵام سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە، لەلایەن ئەو وڵاتانەوە پشتگیریی دەکرێت کە واژوویانکردووە.. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا یەکێك نییە لەو وڵاتانەی کە واژووی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییان کردووە. هەر بۆیە ئەم دادگایە لە هەر دادگایەکی دی زۆرتر پابەندی سیاسەتی ئەو وڵاتانەیە کە واژوویان کردووە.. هەندێك لە چاودێران پێیان وایە کە ئەم دادگایە تەنها بۆ دژایەتیی ئامریکا

و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە خودی ئامریکا خاوەنی مافی ڤیتۆیە تێیدا!..

دادگاکە ساڵی 2002 لەسەرئەنجامی کۆنگرەی ڕۆماوە دروستبوو. ئامانجی دادگاکە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکانە، بەبێ گوێدانەئەوەی ئەو دەوڵەتە ئەندامی دادگاکەیە یان نا، هەروەها بەبێ گوێدانە ئەوەشی کە ئایا کێشەکە پەیوەندیی بە کاروباری ناوخۆیی وڵاتێکەوە هەیە یان نا! کە ئەمەیان بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە.. هەر بۆیە بینیمان دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەر زوو بە زوو لەسەر کێشەکانی دارفۆڕ هاتە وەڵام و دەستی تاوانی بۆ تاوانبار عومەر بەشیر درێژکرد..

ئەوەشی کە بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەم دادگایە زۆرتر سەیری ئەو کێشانە دەکات کە پەیوەندییان بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدەوە هەیە.. هەربۆیە دەکرێت ئێمەی کورد و بەتایبەتیش حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی تەواو بەم دادگایە بدات و پەیوەندیی لەگەڵدا دروستبکات..



**دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – لاهای – هۆڵندا**

## سەرچاوەی وێنە: ماڵپەڕی ICC

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەگەرچی بۆ دە ساڵێك دەبێت دامەزراوە، بەڵام هێشتا لە سەرەتای دامەزراندنیدایە و ئۆرگانەکانی دامەزراوەیی هێشتا بەتەواوەتی تەواو و جێگیر نەبووە.. ئێمەی کورد لە بەشداریکردنمان لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، هەڵەیەکی گەورەمانکرد و نەمانتوانی و بەختی ئەوەمان بۆ نەڕەخسا دادگایەکی لەو چەشنەی یۆگۆسلاڤیای پێشوومان بۆ دابمەزرێت.. بەڵکو بتوانین بەهۆی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە ئەو هەڵە مێژووییەی خۆمان کەمێك راستبکەینەوە..

لەسەر هەر یەك لەو دادگایانە، دەتوانرێت زۆرتر و زۆرتر بنووسرێت، بەڵام من لەم باسە تێپەڕەمدا هەر ئەوەندەی لێدەنووسم و خوازیارم لە پاشەڕۆژدا بەدوورودرێژی لەسەریان بدوێم.. بەتایبەتی کە هەندێك زانیاریی کەمبیستراوم لەسەر دادگای باڵای تاوانی ئێراقیم چنگکەوتووە کە زۆر شایەنی لێووردبوونەوە و بەراووردکارین لەگەڵ دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، بەتایبەتی ئەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو!..

سەرچاوەکان:

ماڵپەڕەکانی دادگای دادی نێودەوڵەتی، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و هەروەها دەکرێت بگووترێت کە ئەمە نووسینێکی زۆر کوورتی مەیدانییە، بەهۆی ئەوەی کە نۆ ساڵە کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکانم لە دادگای نێودەوڵەتیی یۆگۆسلاڤیای پێشوو.

لاهای – هۆڵندا
2011-08-09

# دەوێرم بڵێم (کوردیپێدیا) پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە![1]

سازدانی دیمانە: بەکر شوانی

لە سەردەمێکدا کە سەرچاوەکانی زانیاری بەرەو بەدیجیتاڵبوون دەڕۆن و ئەو کارە لەلایەن دەوڵەت و کۆمپانیا گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێت، رۆژنامەنووس و کارمەندی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوڕێ باخەوان بەدەستپێشخەریی خۆی بەتەنیا شانی داوەتە بەر ئەو کارە و هەنگاوی باشی لەو بوارەدا ناوە. باخەوان ماڵپەڕی (کوردیپیدیا)ی دامەزراندووە کە پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پێوەست بە کوردستان و کورد و وەك سەرنج دەدرێت، خەریەکە لەبەرەوە دەبێتە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی. لەم دیمانەیەدا باخەوان وەڵامی پرسیارەکانی (باس) دەداتەوە و تیشك دەخاتە سەر هەنگاوەکانی داهاتووی پڕۆژەی (کوردیپێدیا).

**1. پڕۆژەیەکی لە جۆری کوردیپێدیا کاری دەوڵەت و دەزگا گەورەکانە. بەلایەنی کەمەوە کاری گرووپە. ئایا تۆ تەنیایت، یان هاوکارت هەیە؟**

وەڵام:

زۆر راستە، پڕۆژەی کوردیپێدیا رۆژ بە رۆژ گەورە و گرانتر دەبێت، باشتر وابوو کە دەوڵەت یان دەزگایەکی گەورە بەو کارە هەڵبستێت! بەڵام کە نە دەوڵەت و نە دەزگایەکی گەورە هەبێت کارێکی لەو جۆرە بکات، یان تەنانەت بیریشی لێبکاتەوە! ناچار دەبێت ئەو تەلیسمە کەسێك بیشکێنێت.. لەو رووەوە من زۆر بەختەوەرم کە ئەو تەلیسمەم شکاندووە!

سەرەتا کە دەستم کردە پڕۆژەی کوردیپێدیا، بۆ ماوەی دوو ساڵێك هەر خۆم بووم بەتەنیا! ویستم سەرەتا پایەگرنگەکانی پڕۆژەکە دابنێم، چ لە باری تەکنیکەوە و چ لە باری ئەوەی کە ئایا

1 رۆژنامەی باس – ژمارە 77 – لاپەڕە 21- رۆژی 2012-01-17

پلانی پرۆژەکە چۆن بێت.. چ جۆرە زانیارییەك لەخۆ بگرێت.. هەڵبەت لەو دوو ساڵەشدا راوێژم بەزۆر کەس کردووە و پێشنیازی زۆر گرنگیان داومەتێ.. ئێستا کە پرۆژەکە زۆر گەورە بووە و دەوێرم بڵێم پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە! بەیەك کەس هەڵناسووڕێت، چ لە باری کاتەوە و چ لە باری مادییەوە! بەتایبەتی کە ماوەی دوو ساڵێکە خەڵکانێکی زۆر ماڵپەڕی کوردیپێدیا دەکەنەوە و بابەت و وێنە و پەڕتووك و زانیاری دەنێرن و ساغکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەم زانیارییانەش بە یەك کەس ناکرێت..

ماوەیەکە دەرگای دروستکردنی هەژمار بۆ هاوکارانی کوردیپێدیا کراوەتەوە و هەر کەسێك دەتوانێت هەژمار بۆ خۆی دروستبکات و بابەت تۆمار بکات.. بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو بابەتەی تۆماری دەکات لەگەڵ رێسا و ستانداردەکانی کوردیپێدیادا بگونجێت! هەربۆیە هەر هاوکارێك کە بابەتێت دەنێرێت، سەرەتا بابەتەکەی ئۆنلاین نابێت تاوەکو بە فیلتەری رێسا و ستانداردەکانی کوردیپێدیادا تێنەپەڕێت.. رێسا و ستانداردەکانی کوردیپێدیا، لەسەر ماڵپەڕەکە ئامادەیە و پەیوەندییان هەیە بە شێوازی بابەت و رێزمان و رێنووسی بابەتەکان..

لە ئێستادا گروپێکی بچکۆلە کار لە کوردیپێدیادا دەکات و بەهیوای ئەوەم کە گروپەکە گەورەتر بێت و بتوانین ئەو زانیارییانەی لە کوردیپێدیادا نییە وەدەستی بهێنین و ئەوەشی هەڵەیە یان کەموکورتیی تێدایە راستیبکەینەوە.. تاوەکو لە پاشەڕۆژدا هەرچی ویسی زانیاریی دەربارەی دیاردەیەکی کوردەواری دەستبکەوێت، یەکسەر کوردیپیدیا وەك یەکەمین کەناڵ بەکاربهێنێت..

**2. چۆن ئەم بیرۆکەیەت بۆ هات و تا چەند لەم کارەت رازیت؟**

وەڵام:

من بەهۆی کارەکەمەوە، شارەزاییەکی باشم لە ئەرشیف و ئەرشیڤوانیی دیجیتاڵدا پەیداکردووە. پێشتریش پرۆژەی (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)م خستە بەردەستی

هاوزمانانم، کە تاوەکو ئێستا گەورەترین و یەکەمین کرۆنۆلۆژیای کوردە لە مێژوودا و ساڵی 1999 لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بڵاوکرایەوە..

بۆ دەوڵەمەندترکردنی هاوڕێنامە و پەیداکردنی سەرچاوە بۆ نووسینەکانی ترم، سامانێکی گەورەی دیجیتاڵیم کەوتەلا، لەوانە: وێنە و پەڕتووك و زۆر بڵاوکراوەی تر.. ئەو زانیارییانە بەشێوەیەکی کلاسیکی ناڕێکوپێك لەسەر سی دی و هارد دیسك پاراستبوومن، زۆرجار بۆ خۆشم ئاسان نەبوو کە وێنەیەك یان سەرچاوەیەك لەناو ئەرشیفە دیجیتاڵەکەمدا بدۆزمەوە! هەربۆیە ویستم هەموویان بەشێوەیەکی مۆدێرن و ئاسان پۆلێن بکەم و ماشێنێکی گەڕانیشیان پێوە ببەستمەوە تاوەکو بەئاسانی ئەوەی دەمەوێت بیدۆزمەوە! پێشتریش زۆر لەم و لەوم بیستبوو کە کێشەی دۆزینەوەی زانیاریی پێویستیان هەیە بۆ نووسینەکانیان یان بۆ هەرشتێکی تر کە مرۆ پێویستی پێی بێت.. هەربۆیە ئەوەی کە هەمبوو ناویم نا کوردیپێدیا و لە کۆتاییی ساڵی 2008 خستمە سەر نێت. دیارە سەرەتا خەڵك کەم دەیناسی و ئیدی وردە وردە زانیارییەکان بوونە دەیان هەزار و وێنەکانیشی بوونە زۆرتر لە 11 هەزار و پەڕتووکخانەکەشی بووە گەورەترین پەڕتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی!

سەرەتا، ئەوەندە لە کارەکەم رازی نەبووم، ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە پرۆژەکە لەسەرەتایدا بوو، پاشان وردە وردە پلەی رازیبوونم لە کارەکەم بەرزتر بووەوە! بەڵام هێشتا هەر نەگەییشتووە بەنیوەی ئەوەی کە من دەمەوێت کوردیپێدیا پێی بگات!

ئەوی پلانەی کە بۆ کوردیپێدیا داڕێژراوە هێشتا 4 ساڵی تری ماوە کە بگاتە ئەو ئاستە. واتە ساڵی 2015 دەبێت پێشکەوتنی زۆر گرنگ بەخۆیەوە ببینێت...

بۆ ئەوەی کوردیپێدیا ببێتە داتابانکێکی نەتەوەیی و زۆرینەی زانیارییە گرنگەکانی نەتەوەییمان لەخۆبگرێت، کوردیپیدیا لە داهاتوودا ئەم هەنگاوانە پیادە دەکات! هەنگاوەکانیش دیارە پەیوەست دەبێت بەتوانای مادییەوە!

کوردیپێدیا دەبێتە خاوەنی وێب-هۆستینگی خۆی و نزیکەی 50 GB شوێنی دەبێت. ئەمە زۆر گرنگە تاوەکو هەموو فایلەکانی کوردیپێدیا لە یەك ناوەندا بێت و بەکارهێن تووشی کێشە نەبێت. تێبینی، کوردیپێدیا تەواوی فایلەکانی لەسەر وێبی باخەوانە و هەندێکیش لە فایلەکانی لەسەر سکای درایڤی تایبەتیی هاوڕێ باخەوانە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە کۆکردنەوەیان لە ناوەنێکدا پێویستی بە داراییەکی باش دەبێت.

کوردیپێدیا، بەشێوەیەکی بەردەوام دیزاینی ماڵپەڕەکەی باشتر دەکات. هیچ کاتیك دیزانی کوردیپێدیا گۆڕانی 100%ی بەسەردا نایەت، تاوەکو بەکارهێنەکانی سەریان لێ تێکنەچێت! هەر گۆڕانکارییەك بکرێت، هەنگاوی بەپەلەی تێدا ناکرێت. هەروەها گۆڕانکارییەکان نابێت ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی گەڕان و بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە، دەبێت هەردەم بەسادەیی بمێنێتەوە و رەنگی زۆری تێدا بەکارنەهێنرێت!

کوردیپێدیا وەك رێکخراوێکی کوردی لە وڵاتی هۆڵندا تۆمار دەکرێت.

ژمارە بانکی تایبەتی بۆ کوردیپێدیا دەکرێتەوە - بە دراوی یۆرۆ.

رووپەڕی کوردیپیدیا لە داهاتوودا دەکرێت بە شێوەزمانی باکوور بە هەردوو پیتی ئارامی و لاتینی.

رووپەڕی کوردیپیدیا لە داهاتوودا دەکرێت بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، فارسی و تورکی.

هەوڵدەدرێت هەڵبژاردەیەکی بابەتە گرنگەکان وەربگێڕدرێتە سەر ئەو زمانانەی ناوبران.

بۆ باشتر ناساندنی پڕۆژەی کوردیپیدیا لە هەندێك تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان رێکلامی بۆ دەکرێت.

کوردیپێدیا دەرگای دۆنەیشن لە ڕێی PayPalەوە دەکاتەوە و تەواوی یارمەتییەکان و خەرجییەکانی لەسەر ماڵپەڕەکەی بەشێوەیەکی ترانسپەرانت پیشاندەدات.

لاپەڕەی کارکردنی خۆبەخشەکانی کوردیپێدیا بۆ تۆمارکردن و گۆڕینی بابەتەکان باشتر و ئاسانتر دەکرێت.

لە باشووری کوردستان بنکەیەك دەکاتەوە و وەك ڕێکخراوێکی زانیاریبەخشی قازانجنەویست لەلای وەزارەتە پەیوەنددارەکان تۆماردەکرێت.

هەوڵی بەدەستهێنانی 5 کارمەندی باش دەدات بۆ بنکەکەی باشووری کوردستان. هەریەك لەو کارمەندانە دەبێت خەڵکی بەشێکی کوردستان بن. تاوەکو کوردیپێدیا بتوانێت بەهۆیانەوە زانیاریی زۆر دەربارەی تەواوی بەشەکانی کوردستان بە کوردەکانی سۆڤیەتی پێشووشەوە، کۆبکاتەوە.

تۆش پێشنیازێکی باشترت هەیە و ئێمە باسماننەکردووە! تکایە پێمان رابگەیەنە...

**3. زۆر گرنگە زانیارییەکانی کوردیپێدیا بە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیسپانی و هتد... هەبن. لەم بوارەدا چیت کردووە و چیت بەدەستەوەیە؟**

وەڵام:
لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا کەمێك لەسەر ئەمە وەستام، دیارە وەرگێڕانی هەموو بابەتەکانی کوردیپێدیا بۆ زمانە زیندووەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە ئەگەر کوردیپێدیا ببێتە دامەزراوێکی گەورە و لە باری دارایییەوە کێشەی نەمێنێت!
بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بیرمان لە سێ هەنگاو کردووەتەوە:
سەرەتا ڕووپەڕی ماڵپەڕی کوردیپێدیا وەردەگێڕینە سەر ئەو زمانانەی کە باسمانکردوون.

کۆمپانیای گووگڵ لە هەوڵی ئەوەدایە زمانی کوردی بخاتە لیستی ماشێنی وەرگێڕانەکەیەوە! ئەمە کەنگێ بەدیدێت ئەوەیان نادیارە، بەڵام ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی کوردیپیدیا تاوەکو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بتوانین بابەتەکان وەربگێڕینە سەر ئەو زمانەی کە خۆمان دەمانەوێت! هەڵبەت کوالیتیی وەرگێڕانی ماشێنی وەك هی مرۆیی نییە و ناتوانرێت لە 100% پشتی پێ ببەسترێت! بەڵام هەرچۆنێت بێت دەکرێت زۆر سوودی لێببینرێت.. بەو مەرجەی کورد خۆی ڕێنووسی خۆی باشتر و یەکگرتووتر بکات..

هەنگاوی سێیەم ئەوەیە کە ئەگەر کوردیپیدیا بووە دامەزراو! ئەوا بەشی وەرگێڕانی هەبێت، تاوەکو بتوانێت بەلایەنی کەمەوە زۆرینەی بابەتە گرنگەکانی وەرگێڕێتە سەر ئەو زمانانە..

هیوام زۆر کە کوردیپیدیا بە هاوکاریی هاوکارانی زۆرتر و زۆرتر بەرەوپێش بچێت..

2011-12-20

# لایەنە خراپ و لێکچووەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن![1]

سازدانی: رزگار چوچانی

**لایەنە خراپ و لێکچووەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن چین؟ بۆچی ئەوەندە لەیەک ئەچن؟، ئەمە کەش و هەوای سیاسی ئەو ناوچەیە وا دەکات؟ یان پەروەردەی سیاسی؟**

هاوڕێ باخەوان نوسەرو رۆشنبیر: لەڕاستیدا ئەمە چەند پرسیارێکە لەیەك پرسیاردا! دەکرێت زۆر زۆری لەبارەوە بگووترێت.. دڵنیام بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە سەدان کتێب و لێکۆڵینەوەی سیاسی نووسراون!. خاڵی لێکچوو و جیاوازی ئەم دوو لایەنەش تەوەرێکی گرنگی ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەن..

ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی لایەنی خراپ و لێکچووی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن خودی دەسەڵات خۆیەتی! هەرچی دەسەڵاتە دەیەوێت لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و هەرچی ئۆپۆزیسیۆنیشە دەیەوێت دەسەڵات بگرێتەدەست!، هەرکاتێکیش گەل لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیەدا بوو ئەوا دەسەڵات دەبێتە دیکتاتۆر و ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێتە دیکتاتۆری پاشەڕۆژ!.

دەربارەی ئەوەی کە بۆچی ئەوەندە لەیەکتری دەچن؟! ئەوەیان ئەگەر کۆمەڵگای خۆمان بەنموونە بهێنینەوە، دەبینین خودی ئۆپۆزیسیۆنی ئێستا، دەسەڵاتی دوێنێی ئێمە بووە! بەشداربووە لە هەموو کارە خراپ و باشەکانی دەسەڵاتدا، ئەگەر کاری باش هەبووبێت!. هەر بۆیە کاری ئۆپۆزسیۆنیش بەهەمان ئاواز و کردەوەی دەسەڵاتی دوێنێی دەکات و جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە!.

کێشەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە ئەوەیە، کە کەسانێکی دەرەوەی دەسەڵات و حیزبە کلاسیکییەکانی ئێمە نین. بەڵکو هەموویان بەگشتی بەشێکی ئەوبوون، زۆربەی سەرانی

---

1 ماڵپەڕی نوچە نێت - 2012-02-20

ئۆپۆزیسیۆنی ئێستا پێشتر لە شوێنی گرنگ و بڕیاردەری دەسەڵات یان حیزبەکاندا بوون! هەربۆیە ئاسان نییە جۆری کارکردنیان لەگەڵ دەسەڵاتدا جوودابکەیتەوە!.

لەم رووەوە دەکرێت نیشانەی پرسیاری گەورە بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە دابنرێت! هەر بۆیەشە هەندێك جار ئۆپۆزسیۆنێکی شەرمنە و پێناسەی تەواوی خۆیی پێ نییە!، چونکە بەستراوەتەوە بەڕابردووی ئەو دەستەڵاتەوە کە ئەم ئێستا رەخنەبارانی دەکات! واتە بەشێوەیەك لە شێوەکان زۆرینەی رەخنەکان خودی ئۆپۆزسیۆن خۆشی دەگرێتەوە.. لەمەشدا خەتای ئۆپۆزسیۆن خۆیەتی نەك دەسەڵات، چونکە ئۆپۆزسیۆن دەبووایە تانوپۆی کارەکانی، ئەگەر بەشداری هەڵەیەك بووە لەگەڵ دەسەڵاتدا ئەوا داوای لێبووردنی بکردایە! تاوەکو باوەڕ و متمانەی هەوادارانی بەتەواوەتی بەدەستبهێنایە.. ئەوان ئەوەیان نەکرد، کە دەستەڵاتیشیان گرتە دەست و کەوتنە هەڵەوە دیسانیش داوای لێبووردن ناکەنەوە.. هەربۆیە شێوازی کارکردنیان لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە!.

من پێموایە ئێمە لە هەندێك رووەوە کێشەی پێناسەمان هەیە! زۆرێك لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانمان بەخۆیان دەڵێن: سەربەخۆ و ئەهلی! بەڵام ئایا سەربەخۆ و ئەهلین؟! ئۆپۆزسیۆنەکەشمان بەهەمان شێوەیە، مەرج نییە ئەوەی لە دەرەوەی دەستەڵاتدا بوو و کاری رەخنەگرتن بوو، ئۆپۆزسیۆن بێت! لەو رووەوە من ناتوانم حیزبە ئیسلامییەکان کە جێبەجێکەری ئەجێنداکانی دەوڵەتانی ناوچەکەن لە کوردستاندا بە ئۆپۆزسیۆن دابنێم..

ئۆپۆزسیۆن، زۆرتر بزووتنەوەیەکی وریاکەرەوەیە بۆ دەسەڵاتیش و خەڵکیش، تاوەکو هەردوولا ئەرك و مافەکانی خۆیان بزانن، مەرج نییە هەمووکاتیش دەسەڵات بگرێتە دەست، یان ئامانجی دەسەڵات گرتنەدەست بێت! بەڵام ئەوانەی لەمەڕ ئێمە لەوەدەچێت تەنها دەستەڵاتیان بوێت و خەڵکیش پەیژەیەکی ئەو ئامانجەیان بێت!.

# دیمانە لەگەڵ گۆڤاری شەقام[1]

سازدانی: هەڵگورد مسعود

**پ1/ پرسیاری یەکەممان بەوە دەست پێدەکەین، بۆچی سەرکردایەتی کوردی گوتارەکانی جیاوازی زۆری تێدایە بەرامبەر دەوڵەتی کوردی و مافی چارەی خۆنووسین، ئەمرۆ یەکێکیان دەنگ بڵند دەکات بەراشکاوانە لەسەر داهاتووی کورد، بەڵام بۆ سبەی سەرکردەیەکی تر قسەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی پێشووتر دەکات، بەتایبەت گوتارەکانی دوو سەرۆکەکەی کورد؟**

وەڵام:

ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە ئێستای هەردوو حزبی فەرمانڕەوای پارتی و یەکێتییەوە نییە بەتەنها! بەڵکو رابردوویەکی دوور و درێژی هەیە و بۆ وەڵامدانەوەی و دەستنیشانکردنی هۆیەکانی دەبێت زۆر دوور بە قوڵایی مێژووی خۆماندا شۆڕببینەوە..

پارتی و یەکێتی، جگە لە دەمڕاستی دوو هۆزی کورد هیچی تر نین! ئەو دوو هۆزەش لە باری هزری و هۆش و ئامادەییانەوە بەهیچ جۆرێك ئامادەنین بۆ دروستکردنی گووتارێکی نەتەوەیی کە خەڵکی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئاڕاستە بکات! ئەگەر وا نەبووایە ئەوا دەبووایە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی رابردوودا ئەوەیان بۆ بچوایەتە سەر...

هۆی نائامادەییشیان تەنها بەرژەوەندیی هۆزەکەیانە.. ئەمانە هەمان ئەو دوو هۆز یان میرنشینانەن کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و پاشتردا یان ملکەچی سەفەوی یانیش عوسمانی بوون لە دژی یەکتری و بۆ مانەوەی قەڵەمڕەوی بچووك و بێهێزی خۆیان.. بەبێ ئەوەی بزانن کە بەم کارەیان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ چەندین سەدە دووردەخەنەوە..

1 ئەم پرسیارانەم لەلایەن کاك هەڵگورد مەسعودەوە پێگەییشت و دەبووایە لە گۆڤاری شەقامدا بڵاوبکرایەتەوە! بەڵام لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارنیم!

هەر کاتێك پارتی و یەکێتی، بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەییان خستە پێش بەرژەوەندیی هۆزەکانیانەوە، ئەوە ئەو کات دەکرێت باسی گووتارەکانیان بکەین.. بەڵام لە ئێستادا هەر گووتارێك بدرێت، جگە لە پاراستنی بەرژەوەندیی هۆزی یەکێکیان و شکستپێهێنانی ئەوی تریان هیچی تر نەبووە و نییە!..

من لە زۆر شوێنی تردا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە و نووسینی زۆر درێژیشم لەسەری هەیە.. بەڵام لێرەدا تەنها ئەوەندە بە بەس دەزانم..

**پ2/هەروەها یەکێك لە رۆشنبیرەکانی کوردی دەڵێ: ئەوەی لە میدیاکاندا گوێمان لێدەبێت بەرامبەر حکومەتی عیراق، بریتیە لە گوتارێکی بەرپەرچدەروانەی شەرماویی کورد لەئاست سیاسەتەکانی بەغداد، نەك کارکردنی یاسایی و دەستووریی بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد بەپێی دەستوور و یاسا، تۆ چەند لەگەل ئەم بۆچوونەدای؟**

وەڵام:

ئەگەر سیاسەتێکی روون و پلانێکی گونجاو بۆ کارەکان نەبێت، دیارە راگەیاندنیشمان هەڵەی زۆری لێدەکەوێتەوە.. راگەیاندن چەکی پاراستنی هێز و سنووری هەردوو فەرمانڕەواییەکەی کوردستانە، ئەم ئامرازە هەردەم لە خزمەتی ئەواندا بووە، جارێك دەهۆڵی شەڕی براکوژییان پێ کووتاوە و جارێك سکاندالێکی تری هۆزەکانیان پێ پەردەپۆش کردووە.. سیاسەتی کوردی ئەو کاتە شکستی هێنا و شەرمهێن بوو بۆ ئێمە، کە نوێنەرە عەرەبەکان لە بەغدا بە نوێنەرەکانی ئێمەیان گووت: ئێوە بۆ ناچنەوە وڵاتی خۆتان و چی دەکەن لێرە! کەچی ئەوانەی ئێمە بە پێکەنین و سووکایەتییەوە گووتیان: ئێمە هەموومان ئێراقین! نازانم ئەوانە چۆن ئەو جورئەتەیانکرد کە بەناوی ئێمە بڵێن: ئێمە هەموومان ئێراقیین! خودی خۆم هەرچی سووکایەتی هەیە پێمی بکەن زۆرم بەلاوە شەریفترە وەك لەوەی پێم بڵێن ئێراقی!

پێدەچێت ئەوەی ئەو رۆشنبیرە گووتوویەتی راست بێت...

**پ3/ هەندێ پێیانوایە ئەمرۆ هیچ جومگەیەکی بەهێزی بە دەوڵەت بوون نەبەستراوە بە پایەکانی ژیانی تاکی کورد لەلایەن حکومەت و سەرکردایەتی سیاسیی کورد، بەو مانایەی کورد تا ئێستا بڕیاری ئەوەی نەداوە دەوڵەتێکی حەقیقی نوێ بنیات بنێ لەسەر پێوەرە نێودەوڵەتیەکان؟**

وەڵام:

ئەو جومگەیە دەبووایە دەستەڵاتی کوردی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بەشێوەیەکی سیستەماتیك کاری بۆ بکردایە، دەبووایە ئەو منداڵانەی کە ساڵی 1992 چوونە پۆلی یەکی سەرەتایی، ئێستا ببوونایەتە ئەو جومگە بەهێزە و ساڵ بە ساڵ و نەوە دوای نەوە ئەو پەیوەندییە باشتر و ئەو پەروەردەیە گرنگی زۆرتری پێ بدرایە!

دەبووایە دەوڵەتی کوردی و بەهێزکردنی بنەما نەتەوەییەکان و بیری نەتەوەیی کوردی گرنگترین مادەکانی پەروەردەی منداڵەکانی ئێمە بوونایە..

وەك ئەوە رووینەدا! ئێستا رێژەی نەخوێندەواری لە پێش ساڵی 1992 لە کوردستاندا زۆرترە! ئیدی دەوڵەتی چی و حاڵی چی!

**پ4/ چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی، فکری، ئاینی لەکوردستان دەژین، لەسەروەختی دروست کردنی دەوڵەتی کوردی ئەم ئایا ئەگەر دووبارە دروست بوونی کێشە نییە بۆ ناونیشانی ئەم دەوڵەت دەوڵەتێکی عەلمانی دەبێ یان ئاینی و قەومی؟**

وەڵام:

دەوڵەت، تەنها و تەنها لەسەر پێوەری نەتەوەیی دادەمەزرێت، هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە رووخسارێکی ئایینی، کۆمۆنیستی و یان هەر شێوازێکی تریان هەبوویێت، لە بنەڕەتدا پێوەر و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە پشتییانەوە بووە! دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیی داگیرکەری ئێران و زۆری تریش هەر بەهۆی هەمان پێوەری نەتەوەیی بووە و ئایین وەك ئامرازێك بۆ ئەو بەرژەوەندییە بەکارهێنراوە.. خودی دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتیش بەهۆی

هەستی نەتەوەییانەی رووسەوە بوو و نەتەوەی رووس بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی خۆی یەکێتیی سۆڤیەتی دامەزراند! بەرژەوەندە نەتەوەییەکانیشی بە کاڵا و ئاڵای وەك یەکگرتنی کرێکارانی جیهان و سۆڤیەت دۆستی بەئەمەکی گەلان و کۆمەڵێك خورافیاتی تری لەو جۆرە دەشاردەوە و بە ئێمەی نەزانیان دەفرۆشتەوە و ئێمەش ماوەیەکی باش باوەڕمان پێدەکرن و هێشتاش زۆر هەن لە کوردستان باوەڕیان پێی ماوە!..

بەداخەوە کورد لەو لایەنەوە گەلێك نەزان بووە لە مێژوودا و ئەم نەزانییەشی لە ئێستادا گەیشتووەتە پلەیەکی ترسناك و هەرگیز نەیتوانیوە ئایین بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەییی خۆی بەکاربهێنێت.. هاوکێشەکەی لای کورد پێچەوانە بووە و ئایین زیانێکی زۆر ترسناکی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی گەیاندووە!

دەوڵەت، بیری نەتەوەیی دایدەمەزرێنێت.. ئێمە نەك ئەو بیرەمان نییە! بەڵکو خۆشمان بەزۆر پێوەر هێشتا لە قۆناغی دروستبوونی نەتەوەییداین و گرنگترین پایەی نەتەوەمان هێشتا تێدا دروست نەبووە کە ئەویش هەستی بەرژەوەندیی هاوبەشە لە نێوان تاك و هۆزەکانی کوردا!.

**پ5/ کورد لەم دوایانە هەڕەشەی جیابوونەوە لە عیراق دەکات، سەرۆکی هەرێمیش دەڵێ گەر بارودۆخی عێراق هەر وا بڕوات ئەوە ئێمە بڕیاری مانەوە لەگەڵ عێراق دەخەینە بەردەستی خەڵکی خۆمان، تۆ پێتوایە ئەگەر کورد جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێ بتوانێت سەروەری خۆی بپارێزی لەبەرامبەر کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەت کاردانەوەی حکومەتی عێراقی؟**

وەڵام:

کورد، هەر لە ساڵی 1991ەوە تا 2003 لە داگیرکەری ئێراقی جوودا بوو. کێشەی ئێمە و داگیرکەری ئێراق تەنها ناوچە دزراوەکانی وەك کەرکوك، شنگاڵ، خانەقین و مەخموور و ئەوانی تر بوو! لە 2003دا ئەوانەشمان هاتنەوە دەست! بەڵام هەر خۆمان بووین و بەنەزانی خۆمان، خۆمانمان نووساندەوە بە

داگیرکەری ئێراقەوە و ناوچە دزراوەکانیشمان کردە ناوچە کێشە لەسەرەکان! داگیرکەری ئێراقیش رۆژانە قەشمەریمان پێدەکات و کە باسی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەش دەکەین، باسی قەشمەرجاڕیی 140 و دەستووری داگیرکەری ئێراقیمان بۆ دەهێنێتە پێشەوە!

خەڵکی ئێمە هەر زوو بڕیاری خۆییدا کە نەنووسێنەوە بە داگیرکەری ئێراقەوە، ئەدی لە ریفراندۆمەکەی ئەو ساڵەدا لەسەدا نەوەد و ئەوەندەی خەڵکی کوردستان نەیانگووت بەڵێ بۆ دەوڵەتی کوردی! ئیتر چ پێویست دەکات سەرۆکی هەرێم بڕیاری مانەوە لەگەڵ داگیرکەری ئێراقیدا بخاتە بەردەستی خەڵکی خۆمان!

کێشەی ئێمە، تەنها ئەوەیە کە نەمانویستووە و نامانەوێت ببینە دەوڵەت! هەستمان بۆی نییە، باوەڕیشمان بەوە نەبووە کە بەرژەوەندیی گشتیی ئێمە لە هەموو بەرژەوەندیی هۆز و بنەماڵەکانمان گەورەترە.. ئەگین، ئێمە لە باشووری کوردستاندا هەلێکی زێرینی واهیمان لەدەستداوە کە دووبارەبوونەوەیان کارێکی ئاسان نییە.. ئەگەر هەلێکی تر بێتە پێشەوە، ئەوا هەر بەهۆی نەزانیی خۆمانەوە، سنووری ئەو دەوڵەتە نیوەی ئەوەش نایێت کە خۆمان ئاواتی بۆ دەخوازین یان مافیمان هەیە!

**پ6/ کورد زیاتر لە هەر بوارێکی تر کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ رۆژئاوا، بە بۆچوونی تۆ دەبێ سەرەتا لەکام لایەنەوە وەك بنیادێکی سەرەتایی بۆ دروست کردنی دەوڵەت کورد ئیشی لەسەر بکات؟**

وەڵام:

من نازانم کە کورد چۆن و بەچ شێوەیەك کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ رۆژئاوادا! من ئەگەرچی زۆر دواکەوتەی دەنگوباس و کێشەکانی خۆمانم بەڵام هەستم بەوە نەکردووە کە باش کار بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە بکەین!

لەم لایەنەدا کورد، دەبێت لەسەر ئەوە کاربکات کە بەڕاستی هەوڵی دابینکردنی ژیانێکی دیموکرات و یەکسان دەدات بۆ کۆمەڵانی خەڵکی باشووری کوردستان.. چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت، کۆمەڵگای مەدەنی، مامەڵەی خراپ لەگەڵ

ڕۆژنامەنووسان، چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسایش و بودجە و دزینی سامانی نەتەوە و قۆرغکردنی دەستەڵات لەلایەن چەند کەس و بنەماڵەیەکەوە.. ئەمانە ئەو شتانەن کە دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەبێت بەباشی کاری لەسەر بکەن و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان باشووری کوردستان و ڕۆژئاوا!

**پ7/ پێتوایە لەکوردستان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەردوولا هەڵویستیان دەربارەی دەوڵەتی کوردی و هەنگاونان بۆ ئەو دەوڵەتە وەك پڕۆژەیەکی جدی لە بەرنامەیاندا هەیە بە بۆچوونی تۆ؟**

وەڵام:

پێشتر باسی دەستەڵاتمان کرد، هەرچی ئۆپۆزیسیۆنە لە دەستەڵات باشتر نییە! ئامانجی ئۆپۆزیسیۆن لای ئێمە تەنها دەستەڵاتە و هیچ بەرنامەیەکی جدییان بۆ بەرەو بەدەوڵەتبوون تێدا بەدی ناکەم.. ئیسلامییەکان بە نموونە، بریتین جێبەجێکاری پلانی داگیرکەرانی تورك و ئێران و عەرەبستانی سعودیە! ئەمانە نەك باوەڕیان بە دەوڵەتی کوردی نییە، بەڵکو هەموو ئەو شتانەشی کە پەیوەستن بە کوردەوە کردوویانەتە کاری بێئایینی و دژی دەوەستنەوە..

بەداخەوە کە گۆڕان لەگەڵ ئەم ئیسلامییانەدا چووە بەرەیەکەوە و من پێموایە کە ئەوە خۆکوشتنێکی سیاسی بوو بۆ گۆڕان! بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، بەرەیەکی دژبەیەکە و تەنها کۆمەڵێك بەرژەوەندیی کاتی لە دژی دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی کۆیی کردوونەتەوە، کە تاوەکو ئێستا ئەوەی من هەستم پێی کردبێت، بەداخەوە بە سوودی ئیسلامییەکاندا شکاوەتەوە و گۆڕان خۆشی زۆر باش ئەوەی بۆ ئاشکرابووە، بەڵام پێویست ناکات کە ئەوە بڵێم کە هەڵەی سیاسی چاکبوونەوەی بۆ نییە!

**پ8/ نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە نەورۆزدا پەیامێکی ئاراستەی خەڵك کرد و گوتی " کوردستانی سەربەخۆ شتێ نییە بە قسە دابمەزرێ، بەڵکو تەلارێکە پێویستە پایەکانی**

**لەسەر زەمین بچەسپێن" بەمانایەکی دیکە کورد هەمیشە رەخنەی ئەوەی لێدەگرێت خۆی بەهەندێ کاری لاوەی خەریك کردوە لەسەر حیسابی هەندێ کاری گرینگ بۆ نمونە لەجیاتی زیاتر ورژاندنی دەوڵەتی کوردی، لەئێستادا خەریکی پێکهێنانەوەی حزبە ناکۆکەکانی عێراقە؟**

وەڵام:

منیش پێموایە کە کوردستانی سەربەخۆ بە قسە دانامەزرێت! پێویستیی بە کۆمەڵێك پایەی گرنگ هەیە، لەوانە هەستی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان تاك و هۆز و حیزبە کوردییەکاندا!

وروژاندنی دەوڵەتی کوردی شتێکە و هەنگاونانی کارا بۆی شتێکی ترە! هەندێکجار وروژاندنی کارێك زۆر زیان بە خودی وەدیهێنانی کارەکە دەگەیەنێت..

پێکهێنانەوەی حزبە ناکۆکەکانی باشووری کوردستان و داگیرکەری ئێراق کارێکە هەموو لایەنەکان کردوویانە، چ پارتی و چ یەکێتی هەوڵی زۆریانداوە و بەشانازیشەوە باسیان کردووە! گۆڕانیش لە ئاسمان بۆمان نەکەوتووەتە خوارەوە! ئەویش زادەی هەڵەکانی یەکێتی و پارتییە و زۆر پێم ئاساییە کە هەمان هەڵەی ئەوان دووبارە و زۆربارەش بکاتەوە!

**پ9/ لەم دواییانە هەرێمی کوردستان بە سێ خۆپیشاندانی گەورەدا تێپەڕی هۆکاری سەرەکی بەپرای چاودێرانی سیاسیی نا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی بوو، تۆ پێتوایە تاکی کورد ئەوەی ئەمرۆ خۆپیشاندان دەکات دژی حکومەتەکەی لەبەر ئەوەی پێوایە گەندەڵە، بەیانیش ئەگەر دەوڵەتی ڕاگەیاند بەجدی پشتگیری لێ بکات و خۆڕاگر بێت بەرامبەر کاردانەوە و گەمارۆکان؟**

وەڵام:

هەڵبەت هۆکاری ئەو خۆپیشاندانانە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی بووە.. بەڵام ئیسلامییەکان بە ئاشکرا دەستی خراپیان لە خۆپیشاندانەکاندا بووە.. ئەوەی بەردەکی سەرایان بەتەواوەتی تێکدا و دەستەڵاتی تەواویان گرت بەسەر

ڕەوتی خۆپیشاندانەکەدا و بەردەرکی سەرای سلێمانییان کردە شوێنی زیکر و تەراویح!.. لەو ڕووەوە من پێموایە گۆڕان زیانێکی زۆری کرد و نەدەبووایە جڵەوی خۆپیشاندانەکەی پێشکەشی ئیسلامی سیاسی بکردایە!

لە وڵاتی ئێمە ڕووداوەکان شێوازی سروشتی بەخۆوە ناگرن، هەربۆیە خۆپیشاندانەکانیش تەواو نین و هەر زوو لایەنێکی سیاسی دەیقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی. هەڵبەت سەرچاوەی یەکەمی ئەو خۆپیشاندانە نادادپەروەری و گەندەڵییە! چونکە خەڵکی هەمووی داخ لەدڵن و ناتوانن مل بەو شتانە بدەن کە ڕوودەدات.. لە پشت ئەو خەڵکە دڵسۆز و ڕۆحە پاکانەی خۆپیشاندەرانەوە، ئیسلامییەکان هەردەم لە بۆسەدان تاوەکو ئاڵای عەرەبستانی سعودیە و ئەنفالی تێدا بەرزبکەنەوە!

دیارە باس لەو خۆپیشاندانەی ئەم دواییەی هەولێر ناکەم کە ئیسلامییەکان بە ئاشکرا بە ئاڵای ئەنفالەوە کۆمەڵێك کاری تێکدانیان لە هەولێردا کرد و بەتەواوی سەلماندیان کە چین و چ پلان و ئەجندایەکیان هەیە..

هاوڕێ باخەوان
2012-05-24

# زمانی وێنە ، بۆرما و رۆبۆسكی و ئیسلامی سیاسی[1]



زۆربەی هەرە زۆری خوێنی مرۆڤایەتی بەهۆی ئایین و جیاوازیی بیری ئایینەوە رژاوە! لەنێو ئایینەكانیشدا ئایینی موحەمەدییەكان لەو خوێنڕژانەدا پشكی شێری بەركەوتووە!

جەنگی ئایینی، جەنگێكە هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینیووە، لە هیچ كاتێك و هیچ بارێكدا كپبوونەوەی بۆ نییە، دەكرێت هەندێكجار بۆ ماوەیەكی كاتی خامۆش ببێ، بەڵام هەر زوو پزیسكی ئەو شەڕە كڵپە دەسێنێتەوە.

رووداوەكانی ئەم دواییەی بۆرما، ئەو پزیسكە شاراوەیەی ناو ئاگردانە كپەكەی نێوان بۆرمای بوزایی و بۆرمای موحەمەدانی بوو. بووە هۆی جەنگێكی قێزەونی نامرۆڤانە و خوێن و خەمێكی زۆری لێكەوتەوە.. بەڕادەیەك كە دەبێت دادگایەكی نێودەوڵەتی دادگایی تاوانبارانی ئەم كۆمەڵكوژییە بكات.

---

1 گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٩٥، لاپەڕە ٤٨

لەوە گەڕێ کە لەمسەر تا ئەوسەری بۆرما نە ناوی کوردیان بیستووە و نە دەشزانن ئەنفال چی بووە و چی بە کورد کردووە! کەچی کوردە موحەمەدانییەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کەوتنە هاتوهاوار و وەك کورد خۆی هیچ خەمێکی نەبێت تەنها بۆرما و موسڵمانی بۆرمایی نەبێت!

بەرامبەر بەوەش، هەر چەند مانگێك لەمەوبەر تورکە فاشییەکان قەسابخانەیەکی لەو جۆرەلای بۆرمای لەدژی کورد بەرپا کرد و زۆرێك لە هاوزمانانی ئێمەیان لە گوندی ڕۆبۆسکی کۆمەڵکوژ کردا! بەڵام چونکە موسوڵمانە سیاسییەکانی کورد بە دارایی ئەردوگان و ڕژێمی داگیرکەری تورك بەڕێوەدەچن، بۆ ڕۆبۆسکی هاوزمانیان دەنگیان لێوە نەهات! ئەگەر دەنگیان لێوە بهاتایە ئەوا تورك نانبڕاوی دەکردن و فەتحوڵڵا گوڵەنی تیرۆریستیش کلك و گوێی دەکردن!

کەسانێك و بیرێك یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئەوە هەڵوێستیان بێت بەرامبەر هاوزمانانی خۆیان و خەڵکی بێگانە، دەبێت لە وڵاتێکی یاسا سەروەردا بەپێی یاسایەك کار و چالاکییان قەدەغە بکرێت.. دەبێت ئەو یاسایە فێری ئەوەیان بکات کە تا ماڵی کورد وەستابێت بۆرما قەدەغەیە! کەنگێ ماڵی کورد پێویستی بەمان نەما، ئیدی با هەر خەریکی زیکر و تەهلیلەی موسوڵمانانی بۆرما بن!

دوسڵدۆرف – سلێمانی

# دەربارەی گۆڕان و ئەجێندای ئێرانی! [1]

سازدانی: ستیڤان شەمزینی

**پرسیار: پاش سەردانەکەی نەوشیروان مستەفا دەوترێت گۆڕان بووە بە بەشێك لە ئەجنیدای ئێرانی و تەنانەت شەڕی کۆماری ئیسلامی بە وەکالەت دژی پارتی دەکات. ئێوە خوێندنەوەتان بۆ ئەم تێڕوانینە چییە؟**

وەڵام:

سەردانی ئەم بەرپرس و ئەو سەرۆک حیزب بۆ ئێران و وڵاتانی تر لە هەموو لایەکەوەیە! ئەگەرچی حیزبەکان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە تەنها حکومەتی هەرێم مافی بەستنی پەیوەندی و سەردانەکانی هەیە! بەڵام پێکهێنەرانی حکومەتیش پابەست نین بەم رێککەوتنەوە و بە ئاشکرا و بە نهێنی لە هاتووچۆدان! بۆ نموونە ماوەیەک پێش ئەوەی نێچیرڤان بارزانی دیسان بیێتەوە بە سەرۆکی حکومەت، سەردانێکی فەڕمیی بۆ ئێران کرد و هیچ سیفەتێکی حکومیشی نەبوو!

ئەم دیاردەیە، کاری ئێستامان نەبووە و نییە! سەردەمی میرنشینەکانی کورد، هەردەم ئەم دیاردەیە بەخۆیەوە دیوە! هەمیشە میر یان کوڕێکی یان لە چوون یان لە هاتنەوەیدا بووە بۆ پایتەختەکانی سەفەوی و عوسمانی!.

ئەم کارە ناپەسەندە یەکێکیش بووە لە هۆیەکانی رووخانی کۆماری کوردستان! سەرۆک هۆزە کوردەکان لەسەرەوە لەگەڵ کۆمار و پێشەوادا بوون و لەژێریشەوە هەریەکە و کوڕێک یان برایەکی خۆیانیان ناردووە بۆ تاران! تاوەکو ئەگەر کۆمارەکە سەرنەکەوت، ئەوا داگیرکەری ئێران گومان لە دڵسۆزییان نەکات و بتوانن هەر بە رسوایی و ژێردەستەیی لەژێر رکێفی شای ئێراندا بمێننەوە.. هەر ئەم کوڕ و برای سەرۆک هۆزانەش بوون کە فەرمانی دەستبەرداربوونی کۆماریان بۆ هۆزەکانیان لە تاران هێنایەوە و وازیان لە کۆمار و پێشەوا هێنا..

1 گۆڤاری شەپۆل – ژمارە ١٣ – لەپەڕە ٧ – سێپتێمبەری ٢٠١٢

ئەم سەردانانە پەیوەندییان بە باری ژێرێتیی کوردەوە هەیە و بەو ئاسانییە بنەبڕ نابێت..
سەردانەکان یەکلایەنەن و لە هەموو کات و بارێکدا تا کەسی میوان سەفتە دۆلارێکی دەستدەکەوێت بۆ حیزبەکەی، خانەخوێکەی سوودێکی زۆر زۆرتر دەبینێت!
لەم پرسەدا نەوشیروان مستەفا تەنها نموونەیە، ئەگینا سەردانەکانی ئیسلامییەکانیش بۆ تورکیا و ئێران هەر هەمان چەسپاندنی ئەجێنداکانی ئەو دوو داگیرکەرەی لێدەکەوێتەوە لە دژی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار!
دەبووایە حیزبەکانی ئێمە هەر زۆر زوو فێری ئەلفوبای سیاسەت ببوونایە! ناکرێت هیچ یەکێک لەو سەردانانە بەرژەوەندییەکی زۆر بۆ یەک لەو حیزبانە و پرسە نەتەوەییەکانمان بهێنێت! بەبێ ئەوەی داگیرکەرانمان هیچ سوودێک ببینن!..
ئەم سەردانانە پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە، تێیاندا هەبووە کارەساتی گەورەی بۆسەر نەتەوەکەمان هێناوە! دەبێت رای گشتیی بەردەوام لێ ئاگاداربکرێتەوە، تاوەکو ببێتە فشارێک بۆسەر ئەو حیزبانە و چیدی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان پرسە نەتەوەییە گرنگەکان نەخەنە پشت بەرژەوەنییەکانی خۆیانەوە..
لەلایەنی یاسایی و حکومیشەوە، پێویستە یاسایەکی واهی بێتە کایەوە کە ئەم سەردانانە باشتر رێکبخات و پەیوەستیان بکات بە کۆمەڵێک سزای یاساییەوە.. بەجۆرێک کە جگە لە نوێنەرانی حکومەتی کوردستان هیچ کەس و لایەنێکی تر نەتوانێت کارێکی لەو جۆرە بەئەنجام بدات و بخرێتە چوارچێوەی سکانداڵێکی نەتەوەییەوە و بەردەوام رای گشتیی لە سەرئەنجامە خراپەکانی لێ ئاگاداربکرێتەوە...

هاوڕێ باخەوان
٢٠١٢-٠٨-٢٦

# زمانی وێنە. رادیۆی تەکسییەکانی کوردستان![1]



زیکەی ٢٠ساڵێك دەبوو کوردستانم لە مانگی رەمەزاندا نەدیبوو! ئەم هاوینە دوو هەفتەی پشووەکەم رێکەوتی مانگی رەمەزانی کرد.. ئەوەی کە زۆر سەرنجی منی راکێشا، جاران رەمەزان و نوێژ و رۆژوو تەنها بۆ توێژی پ

یران بوو، کەچی ئێستا ئەو دیاردەیە لە هەموو شوێنێك دەبینرێت.. بەڵام ئەوەی کە هەر زۆر زۆر سەیر بوو بەلامەوە تەکسییەکانی کوردستان بوون! زۆرینەی شوفێرەکان بەو گەرمایە بەڕۆژوو بوون.. بێئەوەی گوێ بدەنە سەرنشینەکانیان، بەدەنگێکی بەرز گوێیان لە رادیۆی حیزبە ئیسلامییەکان دەگرت.. قسەم لەسەر قورئان و قسەکانی سەحیح و بوخاری نییە، بەڵام ئەو رادیۆیانە بەئاشکرا خەریکی بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان بوون کە بۆ خەڵکی و بەشێوەیەکی سیستەماتیك مێشکی موسوڵمانانی کورد دەشۆنەوە.

رۆژانە لە جارێك زۆرتر تەکسیم بەکاردێنا، واتە لە جارێك زۆرتر گوێبیستی ئەو درۆیانە دەبووم.. یەکێك لەو درۆیانە ئەو کۆلکە

1 گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٩٦، لاپەڕە ٥٢

مەلایە بوو کە لە رادیۆی حیزبێکی ئیسلامییەوە هاواری دەکرد و دەیوت: سویدییەکان پۆل پۆل دێنە ناو ئایینی ئیسلامەوە! کابرای شوفێری بەڕۆژووش سەری بۆ ئەم درۆشاخدارە بادەدا و دەیوت: ئەلحەمدولیللا! تاوەکو من لەو خەوەی بەئاگام هێنایەوە و پێم وت کە ئەمە جگە لە درۆ هیچی تر نییە! دیار بوو کابرای شوفێر زۆر ناحاڵی بوو و باوەڕی بە قسەکانی من نەکرد و هێندەی تر دەنگی زۆرتر کرد تاوەکو چیدی من قسە نەکەم.

رۆژێکی تر و تاکسییەکی تر و رادیۆیەکی تر و کۆلکە مەلایەکی تر دەیوت: خەڵکی ئەوروپی وەك ئاژەڵ دەژین، لە بەیانییەوە تا ئێوارێ کاردەکەن و پاشان ئەوەی دەستیان دەکەوێت دەیدەن بە خواردنەوە و مادەی هۆشبەر و ئینجا دەکەونە ژنانی یەکتر و کەس نازانێت کێ کوری کێیە و کێ باوك و دایکی کێیە!!

ئەو رادیۆیانە ژەهرێکی زۆر بەناو خەڵکیدا بڵاودەکەنەوە! ساڵ بە ساڵیش خراپتر دەبێت و زۆرتر شیرازەی

کۆمەڵایەتیی خەڵکی کورد تێکدەدەن.. ئەمە کێشەیەکە و بابەتێکە دەبێت زۆر باش گرنگی پێبدرێت و بەرنامە رادۆییەکان بەپێی یاسا رێکبخرێن و لە کاتی هەر سەرپێچییەکدا دەبێت بەرەو ڕووی سزدان و

تەنانەت داخستنیش ببنەوە.

هاوڕێ باخەوان – لاهای

# زمانی وێنە (بۆ یادگاری)! [1]




مرۆ، هەر بۆ ئەوە فێری خوێندەواری نابێت کە تەنها وشەگەلێک بنووسێت و بخوێنێتەوە! بەڵکو دەبێت بزانیت چی دەخوێنێتەوە، لەوەش گرنگتر دەبێت بزانێت چی دەنووسێت! چونکە لەوانەیە نووسینەکەی کارەساتێکی وای لێبکەوێتەوە کە زیانێکی زۆر بە دەوروبەری و نیشتمانەکەشی بگەیەنێت! دیارترین نمونەی ئەو نووسینە خراپانە، ئەو بەناو نووسەرانە بوون کە ڕۆژانە بە قەڵەمەکانیان وشەی ئاگراوییان دەکرد بە شەڕی براکوژیدا و لە گوللەی براکوژەکان زۆرتر خوێنی هاوزمانەکانی خۆیانیان دەڕژاند !

وشە، هەر تەنها مرۆڤکوژ نییە! بەڵکو مێژووکوژیشە! شوێنێکی گرنگی وەک ئەشکەوتی قزقاپانی ناوچەی چەمی ڕەزان، بەئاشکرا بەر ئەم مێژووکوژییە کەوتووە! خوێندەوارێکی بێ (مێشک) تەنها لەبەرئەوەی بە دەوروبەرەکەی بڵێت: ئەوە ئەم شوێنە مێژووییەشم بە پاشەڕۆی خۆم پیس کرد! بە دەستخەتێکی ناشیرین و ڕێنووسێکی هەڵە، ئەم شوێنە

---

1 گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٩٧، لاپەڕە ٥٢

مێژووییە گرنگەی بەجۆرێک تێکداوە کە تا لێی پڕوانیت خەفەتت زۆرتر دەبێت.

ئەم کەسە (یادگاری)یەکی وا ناخۆش و تاڵی بە دیواری ئەم ئەشکەوتە مێژووییەوە جێهێشتووە کە سڕینەوەی گەلێک گرانە، چونکە بۆ لابردنی ئەم یادگارییە ناخۆشە دەبێت توێژاڵێکی دیوارێکی ئەشکەوتەکە بکڕێنرێت، ئەو توێژاڵە ئەگەر یەک بۆ هەزاری ملیمێکیش بێت! هێشتا هەر دەبێتە زیانێکی گەورە بۆ مێژووی دێرین و پرشکۆی ئەشکەوتی قزقاپان!

ناوچەیەکی وەک چەمی ڕەزان، خاوەنی کۆمەڵێک شوێنەواری گرنگی نیشتمانەکەمانە، گوندی زەرزیی نزیک هەمان ئەشکەوتی خاوەن یادگاریی ناخۆش، یەکێکە لە کۆنترین گوندەکانی نەک کوردستان بەڵکو هەموو جیهان، هەر بستێک لە چەمی ڕەزان خاوەنی مێژوویەکی تایبەتە و دەبێت گرنگیی زۆرتری پێبدرێت..

بەم دواییە، ڕێگە و پلیکانەی تایبەتی بۆ درستکراوە، ئەگەرچی پلیکانە ئاسنینەکەی زۆر لە روخساری ئەشکەوتەکەی هێناوەتە خوارەوە و شاردوویەتییەوە، بەڵام چ نەبێت ڕێی لەو کەسە مێژووکوژانە گرتووە کە بیانەوێت یادگاریی ناخۆش لەسەر دیوارەکانی بنووسنەوە.

ئەگەر ڕۆژێک، زانکۆیەکی کوردستان بیری لە جیاکردنەوەی فاکەڵتیی مێژوو کردەوە بۆ کۆن و نوێ! ئەوا پێشنیاز دەکەم کە چەمی ڕەزان و گوندی زەرزی بکرێتە شوێنی خوێندنی مێژووی کۆنمان و زانکۆیەکی تایبەتی تێدا دابمەزرێت، چونکە زۆرینەی هەنگاوە مێژووییەکانی دیرۆکی دێرینی ئێمە هەر لە دامەزراندنی شارستانییەوە تاوەکو ماد و هەخامەنشییەکانی تێدابووە.

ئەم ئەشکەوتە ئەتککراوە، تەنها نمونەیە، دیوارە مێژووییەکەی ئاشوورییەکان لە قۆپیی قەرەداغ، سەردەمانێک کرابووە جێ نیشانەی تفەنگچیگەلێکی بێ بیر و هۆش، کە

زیانێکی گەورەی بە مێژووی ئەو هەنگاوەی وڵاتەکەمان گەیاند.. بەداخەوە!!

وێنە: ئەشـکەوتی قزقاپان – کامێرای نووسـەر

# زمانی وێنە: هەولێر، پایتەختی عەرەبستان![1]



لە هەر وڵاتێک، تەواوی شار، شارۆچکە، شارەدێ و گوند و تەنانەت کوێرە دێیەکانیشی چاویان لە پایتەختە! چاویان لە پێشکەوتن و بزاڤی رۆشنبیریی ئەو شاشارەیە! چاویان لە هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو شارەیە.

شاشار و پایتەختی نیمچە باشوورەکەی ئێمە هەولێرە، واز لە جادەی پان و دوکانی زەڕەنگەر و مزگەوت و مەلا و باڵەخانە بەرزەکانی بهێنە! ئەوانە سیما و هێمای شار و شاشار نین! هێمای پایتەختی هەر وڵاتێک رادەی بیرکردنەوەی خەڵکەکەی و ئاستی رۆشنبیرییانە.

فەڕەنسییەک لە دوورەدەستترین شوێنی فەڕەنساوە، چاوی لە پاریسە، شانازی بەهەموو شتێکییەوە دەکات، هەر کاتێکیش بە پاریسیان وت پایتەختی ئەڵمانیا! ئەوا دەنگی ناڕەزایی بەرزدەکاتەوە و بەوە نانازێت، چونکە ئەوە سووکایەتییە بە فەڕەنسا و پاریس و هەموو شانازییە نەتەوەییەکانی.

---

1 گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٩٨، لاپەڕە ٤٨

پیرە هەولێری ئێمە، ئەگەرچی لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتدا لەلایەن داگیرکەری بەعسەوە کرایە پایتەختی ئەوەی کە ناوی نرا ناوچەی حوکمی زاتی و پاشتریش لەدوای راپەڕینەوە ئەم پایتەختێتییەی لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە کرایە ئەمری واقیع و، ئەو کەرکوکە بەستەزمانەی کە دەیان ساڵ، بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بە پایتەختی ناوزەد دەکرد، لە پایتەختێتی خرا و خۆ ئەگەر بە قودرەتی قادر بێتەوە سەر باشوورۆکەکەی کوردستان ئەوا نەخشمان هێناوە!

کێشەی من ئەوە نییە کە هەولێر پایتەخت بێت یان قەرەتەپە! کێشەی من ئەوەیە کە پایتەختی وڵات نابێت تژی بێت لە هەزاران مەلای مێشک عەرەب و بە بەر چاوی دەستەڵاتەوە خەریکی جن و جنۆکە دەرکردن بن لە لەشی تافرەتان! کێشەی من ئەوەیە کە هەولێر بووەتە نیمچە بەغدایەک و تا دوو کورد دەبینیت بەدڵنیاییەوە عەرەبێکیش بەری چاوت تاریک دەکات! کێشەی من ئەوەیە، کە زۆرینەی تابلۆ و لیستی خۆراک و خزمەتەکانی هۆتێل و رێستورانتەکانی ئەو "شا"شارەمان بە زمانی بێگانەی عەرەبییە.

ئەوانەش بەهەر سوورەت، ئێستا پایتەختەکەمان بووەتە پایتەختی گەشتوگوزاریی وڵاتانی عەرەب! هەربۆیە پێتان سەیر نەبێت کە ماوەیەکی تر لەبەردەم پیرە قەراتی ئێمە حوشتر و دەوار و عەرەب و عەگال چاومان دەربهێنێت!

ئەمە تەنها تەعریبێکی خۆبەخشانەی کوردییە لە خۆمانەوە بۆ وڵات و پایتەختەکەمان!

# درۆکانی کوردایەتی[1]

هاوینی پار چووم بۆ مۆنومێنتەکەی هەڵەبجە، هەرچەند سەرم هێنا و سەرم برد و ناوی قوربانییەکانی سەر دیوارەکانم دەخەمڵاند، نەیدەکردە تەنانەت دوو هەزاریش.. ئیتر نازانم ئەو پێنج هەزارە خشتەمان لە کوێوە هێناوە!..

دەڵێن کاتی خۆی لە هەشتاکاندا هەشت هەزار بارزانی ئەنفالکراوە، کەچی ئەو تەرمانەی کە هێنرانەوە بۆ گوندی بارزان، هەر چەند سەد کەسێک دەبوون..

ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئەوەم کە ناوی ئەنفالکراوان کۆبکەمەوە و بگەمە ئەو ژمارە ئەفسانەییەی کە دەڵێن سەد و هەشتا و دوو هەزارە! بەڵام لیستەکەی من هێشتا یەک بۆ سەدی ئەو ژمارەیەشی نەپێکاوە!..

ئەگەر پێنج هەزار شەهیدمان لە هەڵەبجە هەبووە، ئەی کوا لیستی ناوەکانیان! ئەی باشتر نییە ئەو ناوانە بینە نامیلکەیەک و لە مۆنومێنتەکەدا دابەشبکرێت بەسەر میوانەکاندا!.

ئەگەر هەشت هەزار بارزانی ئەنفالکراون، ئەی کوا لیستی ناوەکانیان!

ئەگەر سەد و هەشتا و دوو هەزار ئەنفالکراومان لە ساڵی ١٩٨٨دا هەبووە، ئەی کوا ناوی تەنها (پێنج) هەزاریان!..

کوردایەتی، درۆی زۆرە و دەمێکە من ئاگاداریانم، دەمێکیشە گاڵتەشم بە کەلێندەری کوردی و دەستپێکی ٦١٢ یان ٧٠٠ی پێش زایینیی دێت.. ئیستاش نازانم ژمارەی ئەو بیستویەک تیشکەی ئاڵای کوردستان لە چییەوە هاتووە و بۆچی بیست نەبێت و یان هەر هێڵێکی زەرد بێت و ئەو ئاڵا ئاڵۆزەمان نەبێت..

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 02-12-2012 لە ماڵپەڕی پێنووسەکان بڵاوکراوەتەوە.

لەمەیاندا ماڵی چین ئاوا بێت کە ئەو ئەرکە گرانەی لە کۆڵ بەرگدرووەکانمان کردەوە و لەوێ بۆمان دروستدەکەن..

لەم بگرە و بێنەیەی ئەم دواییەی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و هێزەکانی پارتی و یەکێتیدا، کۆمەڵێک هەواڵێ فەڕمی و نافەڕمیم دەربارەی ژمارەی پێشمەرگە و چەک و چەکی قورس دەبیست! من دڵنیام ئەم شەڕەی ئێمە و مالکی درەنگ و زووی کەوتووە و هەر روودەدات، هیوادارم چەکە قورسەکان و ورەی پێشمەرگەشمان وەک درۆکانی تری کوردایەتی نەبن و لە یەکەم فیشەکدا هێزەکانی یەکێتی و پارتی لە بانی مقان و قوشتەپە خۆیان نەبیننەوە!..

02-12-2012

لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە – عەرەب سەددامە و سەددامیش عەرەب![1]

نازانم ئەو کەسە مەزنە کێ بووە وتوویەتی: لەناو ناخی هەر عەرەبێکدا سەددامێکی شاردراوە هەیە![2] بەڕاستی باشی بۆچووە و کەس بەمشێوەیە پێناسەی عەرەبی لەبەرامبەر کوردا نەکردووە! هەر کەسێک ئەم وتە بەنرخەی وتبێت دانایە، بلیمەتە و بیریارە.. بەڵام بەیارمەتیی ئەو خاوەن وتە بەنرخە، من ئەمەشی بۆ زۆر دەکەم و دەڵێم: لەناو هەر عەرەبێکدا (هەر لە سەردەمی قەحتان و عەدنان و کولەیبەوە تاوەکو ئێستا) سەددامێکی شاردراوە هەیە!

ئێمە هەزار چوار سەدو ئەوەندە ساڵە، تێکەڵیمان لەگەڵ ئەمانەدا هەبووە، بە زمانی ئەوان گفتوگۆ لەگەڵ ئاسماندا دەکەین، بە کلتووری ئەوان هاوسەرگیری دەکەین، هەر بە کلتووری ئەوانیش ژنانمان دەکوژین.. زۆر تێکەڵ بووین، تێکەڵبوونێکی وا کە ئەستەمە کلتووری کوردی کوردی بەبێ هێزکارە خراپەکانی عەرەب جوودابکەیتەوە! بەڵام ئەوەی کە تا بڵێیت سەیرە، تاوەکو ئێستا نەمان ناسیوون!

جاران، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ بەعس و سەددام و عەرەبی سوونە بوو! واماندەزانی شیعەکان هەموویان بەبێ هیچ ریزپەڕییەک مرۆڤی باشن!

جاران، شیعەکان لە شاخ بەجلی کوردییەوە، "دژ"ی سەددام خەباتیان دەکرد و دەمانگووت خۆزگە ئەمان دەهاتنە سەر حوکم و نەفرەتیشمان لەو کەسە دەکرد کە دەیگووت: ئەوەی بە نان بڵێت خوبز بیکوژن!

جاران، لەو خەیاڵ پڵاوەدا دەژیاین کە عەرەب دوو جۆرە: یەکیان دژی کورد و سەددامی، دووەمیان هاورێی کورد و دژە سەددام..

---

1 گۆڤاری نێوەند – ژمارە ٩٩ – دیسەمبەری ٢٠١٢، لاپەڕە ٥٢
گۆڤاری نێوەند، سەرباسی ئەم بابەتەی گۆری بە "مالیکی سەددامە و سەددامیش عەرەب"

2 پاش ئەوەی ئەم بابەتە بڵاوبووەوە و لەسەر فەیسبووکیش دامنا، بەڕێزێک بەناوی کاک (ئارام بۆگدی) لە پەیامێکیدا ئەوەی راگەیاند کە ئەم وتە بەنرخە هی ئەوە.

ئێستا، ئەگەرچی زۆر درەنگە، بەڵام دەزانین، کە جەمال عەبدولناسر و سەددام هەر یەک کەسن! ئەبو عەللای میعەری و سەددام هەریەک کەسن! موقتەدا سەدر و سەددام هەر یەک کەسن، ئەدی موقتەدا لەم رۆژانەدا نەیگووت کەرکوک شاری حسەینە..

مالیکی و سەددامیش نەک هەر یەک کەسن! بەڵکو گیانی سەددامە و لە مالیکیدا دۆنادۆن بووە!

هاوزمانانم، من ناڵێم عەرەب خراپن و دژیانم! تەنها ئەوەندە دەڵێم سەددام عەرەبە و عەرەبیش سەددام!.

٢٠١٢-١٢-٠٣
هاوڕێ باخەوان

# ئایینێکە و دوو قورئان![1]



کۆمارە ئیسلامییەکەی دراوسێمان، هەر تەنها تۆپ و مەرگمان مان بۆ نانێرێت! بەڵکو دەیان ساڵیشە هەرچی خۆراکی ئێکسپایەری تەواوی ئێران هەیە لە باشوورەکەی ئێمەدا ساغیدەکاتەوە! هەڵبەت ئەمەیان زۆر لە تۆپەکانی کوژەرتر و مەرگهێنترن! ئامارە ترسناکەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخۆشیی شیرپەنجە لە باشووری کوردستاندا بەزۆری بەهۆی ئەم سیاسەتە سیستەماتیکییەی کۆماری سێدارەی ئیسلامیی ئێرانەوەیە..

هەر لەو سنوورانەی کۆماری سێدارەوە ساڵانێکی زۆرە تلیاک و حەشیش و ماددەی هۆشبەری ترمان بۆ دێت! بەهۆی ئەمەوە ئێستا دیاردەی ئالوودەیی بە مادە هۆشبەرەکانەوە بووەتە دیاردەیەکی ناشایستەی بەرچاو لە کۆمەڵگەکەماندا..

کۆماری سێدارە بەوانەشەوە نەوەستاوە و بەشێوەیەکی سیستەماتیک خانمە لەشفرۆشە ئایدزاوییەکانمان بۆ ئەمدیو

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 11-12-2012 لە ماڵپەڕی پێنووسەکان بڵاوکراوەتەوە.

سنوور دەکات و نەخۆشیی ئایدزیش بووەتە دیاردەیەکی تر و چەپکە گوڵێکی تری ئەو کۆمارە ئیسلامییەیە..

باسی زیندانەکانی و لەسێدارەدانی هاوزمانەکانم هەر ناکەم لە دیوی رۆژهەڵات..

هەموو ئەوانە بەبەرچاوی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستانەوە روویانداوە و بەردەوامیش روودەدەن! کەچی ئەم یەکێتییە بۆ هیچ کام لەو تاوانە گەورانەی داگیرکەری ئێران و کۆماری سێدارە، هەڵی نەدایە و پەیوەندیی بە کونسوڵی داگیرکەری ئێرانەوە نەکرد لە هەولێر! کەچی بۆ سێ لۆری سێو کە سێوەکان بە پەڕی قورئانی دڕاو داپۆشرابوون، دەنگی ناڕەزاییان لێبەرزبووە و پەیوەندییان بە کونسوڵەوە کرد!

من لێرەدا دەپرسم، ئەو قورئانەی ئەوان بۆی بەپەرۆشن و باسی دەکەن، هەر هەمان ئەو قورئانە نییە کە مەلاکەی گوندی قارنێ بردی بۆ پاسدارانی داگیرکەری ئێرانی تاوەکو بەهۆیەوە بەربە قەتلوعامە کۆمارییە ئیسلامییەکەی گوندی قارنێ بگرێت! کەچی کۆماری سێدارە کە ئەم یەکێتییە بە ئیسلامیی دەزانێت، مەلا و قورئان و منداڵ و ژنەکانی قارنێشیان لە خوێن و بیسمیللادا گەوزاند!

تۆ بڵێی کوردواتەنی بانێکە و دوو هەوا! هەمان ئایینێکە و دوو قورئانیش بوونی ببێت!

11-12-2012
لاهای – هۆڵندا

# لە پشووی ڕۆژە ڕەشەکە! دەرگای پۆل و فەرمانگەکان بکەنەوە![1]



دیسان ڕۆژە ڕەشەکە نزیک بووەوە! ڕۆژی دامەزراندنی کوشت و کوشتاری کورد، ڕۆژی دامەزراندنی ئەنفالی نوێ! ڕۆژی دامەزراندنی سوپای ڕەش و کوردکوژی داگیرکەری ئێراقی.

کاتی کەس بەباسکردنی کارە دژبە کورد و نامرۆڤایەتییەکانی ئەم سوپا ڕەشەوە ناکوژم و هەموو کەس لە من زۆر باشتر دەزانێت سوپای داگیرکەری ئێراقی چیی کردووە و چیی تر دەکات بەرامبەر بە کورد، بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم کە پشووی فەرمی بەبۆنەی ئەو ڕۆژە ڕەشەوە تیپەڕاندنی یەک لە هێڵە سوورەکانمانە و تاوەکو ئێستا بیست جار لە دوای

1 ئەم بابەتە ڕۆژی 30-12-2012 لە ماڵپەڕی پێنووسەکان بڵاوکراوەتەوە. پاشتریش لە ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاوکراوەتەوە.

رزگاربوونی بەشێکی باشووری کوردستاندا ئەو هێڵە سوورەمان تێپەڕاندووە!
پەڕلەمانی کوردستان دەبووایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، ئەم پشووەی هەڵبوەشاندایەتەوە! دەبێت جیاوازیی نێوان شەشی کانوون و هەفتی نیسان و هەموو بۆنە دژبە کوردەکانی تر چی بن؟!

من دەمێکە باوەڕم بە دەستەڵاتی کوردی نەماوە کە ئەم پشووە لە کوردستاندا هەڵبوەشێنێتەوە و رۆژی شەشی کانوون بکاتە هەر رۆژێکی ئاسایی کاری دامودەزگا فەرمییەکان، یان بیکاتە رۆژی رەش لە مێژووی کوردستاندا! هەربۆیە پێشنیازێکی تر دەکەم کە خەڵکی گوێ نەدەنە ئەم پشووە و وەک هەر رۆژێکی ئاسایی رەفتاری لەگەڵدا بکەن، بەوەی بۆ نموونە، خوێندکاران وەک هەر رۆژێکی تر بەرەو فێرگە و زانکۆکانیان بڕۆن، مامۆستایان دەرگای پۆلەکانیان بکەنەوە، فەرمانبەران بچنەوە فەرمانگەکانیان..
ئەگەر هەر ساڵێک چەند خوێندکارێک و چەند مامۆستایەک و فەرمانبەرێک ئەم تەلیستمە بشکێنن، ئەوا دڵنیام دەبێتە دیاردە و هەر ساڵێک ژمارەی دژەپشووی ئەم رۆژە رەشە زۆرتر دەبێت..
کێ دەڵێت، بەڵکو دەستەڵاتی کوردی بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە وەخەبەر بێت و پەی بەوە بەرێت کە رۆژی شەشی کانوون، رۆژی شکاندنی کەرامەتی نەتەوەییمان بوو، رۆژی کاولکردنی کوردستان و لاقەکردنی دایک و خوشک و کچمان بوو لەلایەن سوپای عەرەبیی داگیرکەری ئێراقەوە...

هاوڕی باخەوان
٢٠١٢-١٢-٣٠

# بەیارمەتیی پەشێوی هاوڕێم*![1]



گەورەکان،
ئەی باشوورییە "خۆشبەخت"ەکان..
دەستگیرانم بێچووە کۆترێکی زاخۆییە..
حەزی لە شوێنی گەرم و نانی خۆش و یارییە..
بۆ بینینی،
گردەکانی نێوان قامیشلۆ و دێرکم پڕی
رۆژژمێرم پەڕ پەڕ دڕی
لە رووباری هیزلیش پەڕیمەوە..
پەساپۆرتم، تەنها کوردبوون و زمانم بوو
گولا سۆر و کەسک و زەری شێخۆم بوو
کە لە دەرگای ئەوبەری رووبارمدا
ئەوبەری باشوور و "وڵات"ی خۆم
لەجیاتیی بینینی بێچووە کۆترە بادینییەکەم!
تەلە نوێیە دڕکاوییەکانی سنوور
خوێناویی کرد خەونەکەم!

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 2012-01-03 لە ماڵپەڕی پێنووسەکان بڵاوکراوەتەوە.

لەباتی ماچ،
ماچی گەرمی کۆتری هاوڕێم!
تفی زەردی کڵاش لەپێی جامانەسەر!
هات سواغیدا ناوچەوانم!

* تێبینی: من شاعیر نیم تکایە، ئەمە تەنها هەڵگێڕانەوەیەکی بەشێکی هەڵبەستی مناڵەکانی پەشێوە و لەگەڵ داخستنی سنووری باشوور و رۆژئاوای وڵاتدا بە رووی منداڵە رۆژئاواییەکاندا گونجاندوومە! هیوادارم مامۆستا پەشێو زویر نەبێت لێم..

٢٠١٣-٠١-٠٣
لاهای – هۆڵندا

# زمانی وێنە: دیسان گفتوگۆ! [1]

کێشەی کورد و تورک، بەدرێژایی مێژوو قبوڵنەکردنی یەکتری بووە. ئەم قبوڵنەکردنە لە زۆربەی کاتدا لەلایەن تورکەکانەوە بووە، ئێستاش زۆرینەی خەڵکی تورک بە تورکمان و ئازەریشەوە منداڵەکانیان بە دژایەتیی کورد و کوردستان گۆش و پەروەردە دەکەن!

کورد، ئەگەرچی بۆ سەدان ساڵە ژێردەستەی تورکە، بەڵام بەگشتی و لە زۆر لایەنەوە تورکی قبوڵە.. هەربۆیە زۆرجار بە زمانی تورکی گۆرانیی وتووە، وتاری ئاییینی داوە، بە زمانی ئەو ئاخاوتنی کردووە و کتێب و هەڵبەست و رۆمانی نووسیوە و لە هەندێک باریشدا بووەتە زمانی دایکی و ئەمیش منداڵەکانی بەو زمانە بێگانەیە گۆش کردووە.. تا وای لێهاتووە کە زۆرێک لە تورک رەچەڵەکیان کوردە و بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان بەو هۆیەوە لە بۆتەی تورکدا تواونەتەوە.

قبوڵکردنەکەی ئێمە گەیشتۆتە رادەیەکی وا کە لەگەڵیاندا هەماهەنگ بین، ئەی نەبووینە سوارەی حەمیدییە و تەنانەت بەشداریشمان لە قەتلوعامی ئەرمەنەکانی هاونیشتمانی و دراوسێماندا نەکرد!

ئەم قبوڵنەکردنەی تورک زۆر زۆری خایاند، خۆشبەختانە ئێستا پێشەنگێکی "ئەرێنی"یانەی لەناو تورک و سیاسەتمەدارانیاندا دەرکەوتووە! هەربۆیە لەکۆتاییدا ئامادەیی خۆیانیان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کورد و پارتی کرێکاراندا دەربڕیووە و بەو هۆیەوە چەند پەرلەمانتارێکی کوردستانی باکووریش چاویان بە سەرۆک ئاپۆ کەوتووە.

کورد، چەندێک ئەزموونی خراپی شەڕ و دۆڕانی لەگەڵ داگیرکەرانیدا هەیە، هێندەی تر ئەزموونی خراپی لە گفتوگۆدا هەیە! ئەزموونە خراپەکانی کوردستانی باشوور لەگەڵ رژێمە

---

1 گۆڤاری نێوەند. ژمارە ١٠٠، فێبریوەریی ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٨

داگیرکەرەکانی عێراقدا بەخەروارن، ئێستاش داری ئەو ئەزموونە خراپانەی گفتوگۆیە کە بە پاشووی کوردستانی باشوورەوەیە و خراپترین بەرهەمیان بوونی ناوچە داپڕێنراوەکانە! هەر بەهۆی ئەم ئەزموونە خراپانەشەوە بوو کە بەردەوام ورەی خەڵک و پێشمەرگە رووی لە خواری بووە و تەنانەت لە یەکێک لەو گفتوگۆیانەی پاش راپەڕین تەواوی پاڵپشتی نێودەوڵەتیی و مرۆڤایەتیمان لەدەستچوو.

کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش خاوەنی چەندین ئەزموونی ناسەرکەوتووە و هەر بەهۆی گفتوگۆشەوە بوو کە سەرۆکێکی وەک قاسملومان لەدەستچووا!!

هاوزمانانی باکوورمان، ئەو هەموو ئەزموونانەی باشوور و رۆژهەڵاتیان لەبەردەستە و پێویستە زۆر سودی لێ ببینن و ئاگاداری یارییەکانی دوژمن بن، گفتوگۆ "لەوانەیە" سەرەنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە و بەهۆیەوە ڕا و بۆچوونی تورکان بەرامبەر دۆزەکەمان بگۆڕین، بەڵام بەو مەرجەی لایەنی سێیەم تێیدا بەشداربێت، لە بارودۆخی کوردستانی باکوور و تورکیادا، یەکێتیی ئەوروپا دەبێتە باشترین چاودێر و لایەنی سێیەم و دەستەبەرییەکیشە بۆ کورد.

بەهیوای ئازادکردنی ئاپۆ، وەک هەنگاوێکی قبوڵکردنی تورک بۆ کورد، ئەم هەنگاوە دەمێکە من پێشبینیم بۆی کردووە و ئاپۆی پێدەکاتە ماندێلای کورد.

# زمانی وێنە: دوور لە سیاسەت و بەرژەوەندیی حیزبی[1]



ماوەیەکی زۆری پێچوو تاوەکو کەوتینە یارمەتیی هاوزمانەکانی رۆژئاوامان! ئەو دواکەوتنەمان بەدڵنیاییەوە بووە هۆی مردنی کەسانێکی زۆر لەودیو سنوورەکانی رۆژئاوامانەوە

ساڵی ١٩٩١، کاتێک چەند ملیۆنێک کوردی باشوور روویان لە سنوورەکانی رۆژهەڵات و باکوور کرد، ئەگەرچی داگیرکەرانی فارس و تورک گەلێک کۆسپیان خستە بەردەم ئەو یارمەتیدانانە، بەڵام هاوزمانانی رۆژهەڵات و باکوور توانیان بەبێ هیچ دواکەوتنێک و بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو یارمەتی هاوزمانەکانی باشووریان بدەن.. ئەو یارمەتییانە بەجۆرێک بوو کە لە ئەندێشەی هەر خێزانێکی باشووردا، چەندین چیرۆک و یادەوەریی دروستکردووە.

1 گۆڤاری نێوەند. ژمارە ١٠١، فێبریوەریی ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٨

یارمەتیدانەکانی ئەوان بۆ ئێمە دوور بوو لە سیاسەت و بەرژەوەندیی حیزبی! تەنها و تەنها بۆ ئەوەیان بوو کە هاوزمانەکانیان لە کارەستاتدان و ئەمانیش وەک ئەرکێکی نەتەوەیی یارمەتیان دەدەن و چاکەی بێبەرامبەریان لەگەڵدا دەکەن و دەیدەن بەدەم ئاوەوە!

پاش چەند مانگ دواکەوتنی یارمەتییەکانی باشوور بۆ رۆژئاوا، سیاسییەکانی کورد کەوتنە کردنەوەی دەرگای بەزەییان بۆ هاوزمانەکانیان! بەڵام ئەم یارمەتیدانانە، هەر حیزبە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریهێنا! حیزبەکانی باشوور لەم یارمەتیدانانەدا ئەوەندەی گرنگییان بە هەڵواسینی دروشم و باسکردنی لە تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی تری راگەیاندیاندا دەدا! ئەوەندە لە خەمی کەمکردنەوەی خەم و سڕینی فرمێسکەکانی هاوزمانانی رۆژئاواماندا نەبوون!

لە هەولێر چاکە دەکرا و دەدرا بەدەم کوردستان تی ڤییەوە! لە سلێمانیش چاکەکان دەدرا بەدەم تەلەفزیۆنی کوردساتەوە! بەجۆرێک ئەم یارمەتیدانانە بەئاشکرا بە حیزبی کرا و مەبەستە سەرەکییەکە بیربرایەوە کە یارمەتیدانی هاوزمانەکانمان بێت.\

لەو رۆژانەدا ئەو پەندەی کە دەڵێت چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە! ئەم ڤێرشنە حیزبییانەی لێدەرچوون

چاکە لەگەڵ کوردانی رۆژئاوادا بکە و بیدە بە پارچە پەڕۆیەکەوە و بیکە بە پێش ئوتۆمبیلێکەوە و رەوانەی دهۆکی بکە.

چاکە لەگەڵ کوردانی رۆژئاوادا بکە و بیکە بە لۆگۆیەکی تایبەت و بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەسەر تەلەفزیۆنی کوردسات دایبنێ!

چاکە لەگەڵ کوردانی رۆژئاوادا بکە و بیدە بە هەڵدانی چادر لە هەولێر و هەرچی رادیۆ و تی ڤی و رۆژنامەکانی هەولێر هەیە پێوەی خەریک بک!

ئەم پێشبڕکێی بەرژەوەندیی هەولێر و سلێمانییە لە یارمەتیدانەکاندا کارێکی وایکرد کە کەس نەزانێت ئایا بەتەواوی یارمەتییەکان دەگەنە شوێنی خۆیان! یان دەکەونە دەستی کۆمەڵێک بازرگانی فرمێسک و خوێنەوە!

بەدڵنیاییەوە تەنها ئەوە سەرمایەیەکی لە راگەیاندنەکان و ئەو پێشبڕکێ حیزبییەی ئەو چەند رۆژەدا بەهەدەردرا، بەس بوو بۆ باشترکردنی باری ناهەمواری کوردانی رۆژئاوا!

چەند کارەساتە چاکەکان تەنها بۆ بەرژەوەندی حیزب بن و هیچی تر!

# زمانی وێنە – یادی هەڵەبجە[1]

ئێمە بۆ یادکردنەوە زۆر ئازاین! هەرکە رۆژی ١٦ی مارت نزیک دەبێتەوە، ئیدی حیزبەکان و رێکخراوەکان و دەزگاکانی راگەیاندن تووشی هێستریای یادکردنەوە دەبن.. هەموو شتێک دەبێتە هەڵەبجە، مارشێت، گۆرانی، سروود، سەروتار و زۆری تر... بەڵام هەرکە ١٧ی مارت هات، ئیتر کەس هەڵەبجەی قووربەسەری بیرنامێنێت! مارشێت و سروود و سەروتارەکان سەدوهەشتا پلە بەرە و گۆرانی و هەڵپەڕکێ بادەدەنەوە و دەبێتە نەورۆز و بەهار و ئەو شتانە.. هەڵەبجەش دەچێتەوە ناو رەفە و هارددیسکەکانی ئەرشیف و کەس فوویەک لە تۆزەکانی ناکات تاوەکو ساڵی دادێ و رۆژێکی تری ١٦ی مارت..

ئەگەرچی من لە ژمێریاریدا کۆڵم، بەڵام ئەگەر تێچوونی ئەو هەموو یادەوەری و هاتووچۆی سلێمانی و هەولێری بەرپرسان بۆ هەڵەبجە و تێچوونی تری ئامادەکاری و دەزگاکانی راگەیاندن و چی و چیی تر کۆبکەمەوە، ئەوا سەرمایەیەکی وای لێپێکدێت کە بەشی نەک هەڵەبجەیەک بەڵکو ئاوەدانکردنەوەی دوو هەڵەبجە و ناساندنی وەک جینۆساید بکات..

تێڕامێنن کە لە ماوەی ئەو بیست و ئەوەندە یادکردنەوەی هەڵەبجەدا تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە لیستەی ناوی قوربانییان بەتەواوەتی کۆبکەینەوە و کەس تاوەکو ئێستا دڵنیا نییە کە بەڕاستی چەند کەس لەو هێرشەی ژەهر و لمەی سوپای دراوسێ عەرەبەکانماندا بوونەتە قوربانی!

نازانم چ سیاسییەکی کورد کاتی خۆی گووتوویەتی: کاشکی دوو هەڵەبجە روویبدایە و ئەمە بۆ دۆزەکەمان باشە! ئێمە کە نەتوانین سوود لە یەکێکیان وەربگرین! ئەوا ئەوی تریان هەر دەبێتە کارەساتێکی تر و هیچی تر..

لە باسی هەڵەبجە و یادەوەرییەکانی ساڵانەیدا پێویستە حیزب و رێکخراوە مەدەنییەکان واز لە یادەوەرییە رۆتینەکانیان بهێنن و کارێک بکەن کە ئەگەرچی زۆر زۆر درەنگە! لەلایەنی نێونەتەوەییەوە هەوڵی بەجینۆساید ناساندنی رووداوەکە بدەن!

1 گۆڤاری نێوەند. ژمارە ١٠٢، مارتی ٢٠١٣، لاپەڕە ٤٨

لە باسی هەڵەبجە و یادەوەرییەکانیدا نابێت کار و هەوڵەکانی رێکخراوی چاک – کوردۆساید فەرامۆش بکرێت، کاشکی حیزب و رێکخراوەکانی تر کە هەر بۆ یادکردنەوە ئازان، یەک بۆ دەی کوردۆسایدیان بکردایە! ئەو کات بەدڵنیاییەوە دەمێک بوو دۆزی هەڵەبجە لە بازنە نێودەوڵەتییەکاندا بە جینۆساید ناسرابوو..

ئەو یادەوەرییانە ئەگەرچی لایەنێکی بیرخستنەوەی باشی هەیە بۆ نەوەکانی ئێستامان، بەڵام ناتوانێت تەنانەت برینێکی بیستوپێنج ساڵەی یەکێک لە قوربانییان چارەسەربکات!

هەڵەبجە پێویستی بە یادکردنەوەی رۆتینی ساڵانە نییە، هەڵەبجە پێویستی بەوە هەیە خزمەتی راستینە بکرێت.. دۆزی هەڵەبجە وەک جینۆساید بە گەلانی تر بناسرێت.. ئەمە یادکردنەوەی راستەقینەیە نەک وتارێکی سوواوی بەرپرسێک لەبەردەم مۆنومێنتەکەدا.. کە لەپێشدا مایەی پێکەنینە! ئنجا گریان..

٢٠١٣-٣-٣

# پرۆسەی ئاشتەوایی لە تورکیا! [1]

پرۆسەی "ئاشتەوایی"ی نێوان تورکیا و پەکەکە قسە و باسی زۆر زۆر هەڵدەگرێت و من لێرە و لەوێ کەم و زۆر لەسەریم نووسیوە و گووتووە! ئەم پرۆسەیە تابڵێی هەمە لایەنەیە، هەر لە لایەنی ناوخۆیی خودی تورکیا و باکووری کوردستانەوە، تا دەگاتە وڵاتانی دەوروبەر و پەیوەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکاوە...

تەنها ترسی من لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە پەکەکە چەک دابنێت و ئەو بزووتنەوەیە وەکو ئەوانەی پێشووی باشووری کوردستانی لێبێت و زۆرترین پاشاگەردانیی لێبکەوێتەوە!

ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان هێزکاری لەسەر هێزە کلاسیکییەکانی باشووری کوردستانیش کردووە، لەوانەش بەتایبەتی پارتی و یەکێتی..

ئەم جووتەی دوایی، ئەگەر شەڕەگوورزی دامەزراندنی بەڕێوەبەری بنکەیەکی کارگێڕییان هەبێت لە شارێکی وەک کەرکوکدا! ئەوا زۆر ئاساییە بیانەوێت بەهەر جۆرێک بێت، لەم پرۆسەیەدا سنگی خۆیان دەربپەڕێنن!

بیرکردنەوەی ئەم دوولایەنە و تەنانەت پەکەکەش بەو شێوەیەیە، کە بزووتنەوەی کوردایەتی بەبێ ئەمان، واتە هەریەک لەلایەن خۆیەوە، هیچ بەهایەکی نییە و لایەنەکانی تر هیچ نین و تەواو!

ئەم یەکێتی و پارتییەی ئێمەی باشوور، بەهەمان ئەڕۆگانتییەوە بیر لە گفتوگۆکانی نێوان تورک و پەکەکە دەکەنەوە! هەریەکەیان دەیانەوێت بیسەلمێنێت کە هێزکاری تەواو و ئامادەییان لەم پرۆسەیەدا هەیە!

من نازانم هەڵەم یان ڕاست! بەڵام ئەوەی من هەستم پێی کردووە ئەم جووتەی لەمەڕ ئێمە تەنها ئامادەییان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا هەیە! چۆن پێیان باش بێت لەو لایەنە نزیک دەبنەوە کە لە پرۆسەکەدان..

پەکەکە و بەدەپەش وەک "دوو" لایەنی سیاسی، هەردەم پەیوەست بوون بە بەرژەوەندییەکانیانەوە! ئەمڕۆ لەوانەیە

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 05-03-2013 لە ماڵپەڕی نوچەنێت بڵاوکراوەتەوە.

بەڕواڵەت لە یەکێتییەوە نزیک بن! بەڵام کەی بەرژەوەندییان پێویستی بەوەکرد کە لە پارتییەوە نزیک بن، ئەوا بەدڵنیاییەوە سێ و دووی لێناکەن!

بۆ نموونە، ئەمڕۆ بەرژەوەندیی بەدەپە لەوەدایە کە گفتوگۆ هەبێت، ئیدی تورک قەندیل بۆردوومان دەکات و تەنانەت وەفدەکەشی لەترسی ئەو بۆردومانە ناوێرێت بچێتە قەندیل! ئەوە کێشە نییە، کێشە ئەوەیە کە بەرژەوەندییان واهی دەخوازێت، ئەگەرنا، هەردەبووایە لە یەکەم ڕۆژەوە وەفدەکە بگەڕانایەتەوە بۆ ئامەد!

ئەم گفتوگۆیە، ئەگەرچی بووەتە ڕۆژەڤێکی گرنگ و من بەردەوام چاودێریی دەکەم، بەڵام هەردەم کە ئێمە هەنگاوێک دەنێین و تورکیش بۆمبامان پێوەدەنێت! بەیتە کوردییەکەم بیردەخاتەوە کە دەڵێت: خۆشە دڵداری لە هەردوو سەربێت، نەک کوڕ بسووتێ و کچ بێخەبەر بێت!.. نازانم ئەگەر گفتوگۆکەی تورک و پەکەکە لە هەردوو سەربێت، بەڵام لەوە دەچێت ئێمە سووتابێتین و توورکیش بێخەبەر!

لەم ڕۆژانەدا لە گووگڵدا بەدوای نموونەکانی گفتوگۆدا دەگەڕام تاوەکو بەراووردێک بکەم لەگەڵ ئەمەی تورک و پەکەکەدا، نەمبینی لایەنێک بڵێت ئێمە ئامادەین و لایەنی دووەمیش تەنها داوای چەکدانان بکات و زمانیشی تەنها ئێف شازدە بێت.. ئەمە تەنها لە ئێمە ڕوویداوە..

٢٠١٣-٣-٤

# حەڵاڵ و حەرام![1]

هەردوو دەستی مرۆڤ ببڕەرەوە حەرام نییە! بەڵکو حەڵاڵ و جێبەجێکردنی حوکمی "ئاسمان"ە بەسەر مرۆڤێکی بێدەستەڵاتدا!

دوو دوو، سێ سێ و چوار چوار، ژن وەک کاڵا بکەرە پەردەوەوە و ... حەرام نییە! بەڵکو جێبەجێکردنی ئەو لۆتۆ سێکسییەیە کە "ئاسمان" بە ردێندارانی بەخشیوە!

سێکس لەگەڵ کچێکی خوار هەژدەساڵاندا بکە حەرام نییە و پیدۆفیلیش نییە! چونکە حوکمی ئاسمانە گەرمەکان بە کەسانی سەرووە پەنجا ساڵ دەڵێن ئەمە مافی خۆتە...

ماڵ و منداڵی خۆت برسی بکە و پارە کۆبکەرەوە بۆ گەشتی بیابان، ئەمەش حەرام نییە! بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەمیر و شێخەکانی بیابان بیدەن بە قومار و هەتیوبازی!

باری هێستریکی قاچاخچییان تی ئێن تی لەخۆت ببەستە و دەیان کەس تێکەڵی خوێن و فرمێسک بکە حەرام نییە! بەڵکو بۆ ئەوەیە لەو دنیا حەفتا حۆریی وانێک و هەتیوی لووس وەرگریت!

ردێنێک بهێڵەرەوە و ببە مشەخۆر و پارە لە حوکمەت و خەڵکی بماشەرەوە حەرام نییە، بەڵکو ئەمە "زانا"یەتییە و گێژەڵووکەی بیابان بە دیاری بۆیی هێناویت!

هەموو ئەوانە و زۆری تریش حەڵاڵن! تەنها یەک شت نەبێت حەرامە، ئەویش نەورۆزە!

ئەگەرچی تێبینیم زۆرە لەسەر نەورۆز! بەڵام ئەگەر نیوەی حوکمی قەرەقۆشیش یاسا لەو وڵاتەی ئێمەدا هەبێت! دەبوایە لغاوی ئەو بەڕدێنە مێشک عەرەبانە بکرایە کە بەبەرچاوی دەستەڵاتەوە زۆر بێ پەروایانە دەڵێن نەورۆز حەرامە! تەنها لەبەرئەوەی جەژنی عەرەب نییە...

دەبێت ئەو بیرە چی بێت بە بۆنەیەک بڵێت حەرام، کە جگە لە شادی، هەڵپەڕکێ، جلی جوان، بەخێرهاتنی بەهار و گوڵ و نێرگز و خواردنی خۆش و دڵداری و ئاگری جوان... هیچی تری بۆ کورد و مرۆڤایەتی پێ نییە...

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 2013-03-10 لە ماڵپەڕی پێنووسەکان بڵاوکراوەتەوە.

٢٠١٣-٠٣-١٠
لاهای – هۆڵندا

# پرسی جینۆساید و بەنێودەوڵەتیکردنی![1]

سالآنێکی زۆرە ئەم پرسە کەم و زۆر هەندێکمانی خەریککردووە! چەند هەوڵێکی کەم لێرە و لەوێ دراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕێکوپێک! زۆرجاریش حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەم پرسەیان ئاڕاستەکردووە!

پرسیارگەلێکی گرنگ هەیە کە تائێستا بەباشی لەخۆمانمان نەکردووە، چی بکرێت بۆ ئەم پرسە؟ روو لە کوێ بکەین و چیمان پێیە و دەتوانین چی بکەین؟

ئەم پرسیارانە دەبنە چوارچێوەی پلانێکی داڕێژراو بۆ ئەم پرسە. زۆرینەی ئەو هەوڵانەش کە تائێستا دراون، پلانێک نەبوون لەم چوارچێوەی پرسیارانەدا!

زۆرجار لە وتارێکدا، لە رووبەڕوویەکی تەلەڤزیۆنی یان کەناڵێکی تردا ئەوە دەبیستم کە ئەم پرسە دەبێت لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتی لە لاهای چارەسەربکرێت! بەبێ ئەوەی وتارنووس یان رووبەڕوووان ئەوە بزانێت کە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە رووی یاساییەوە بەهیچ جۆرێک ناتوانێت سەیری کەیسی جینۆسایدی کورد بکات! بەواتایەکی تر ئەوانەی کە دەیانەوێت خەریک بن، لەڕووی پیشەییەوە شارەزانین، یان شارەزاییان بۆ ئەم پرسە گەورەیە وەک پێویست نییە! کە شارەزاییش نەبوو، پلانی پێویستیش نابێت، کە پلانیش نەبوو دیارە پرسەکەش بە ئاڕاستەیەکی باشدا ناڕوات و ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەبێت..

بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەم پرسە، کورد باشتر وایە جارێ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەبیربکات! ئەوەی گرنگە لە سەرەتادا، هەموو ئەو بەڵگە و داتایانەی کە هەمانە کۆیانبکەینەوە، ئەوەی دەیڵێین دەبێت لە بەڵگەیەک یان زۆرتر پشتڕاستی بکات، زمانی ژمارەکانمان نزیک بن لە راستییەوە! پاشان لەجیاتی ئەوەی خۆمان وەک نەشارەزایەک روو لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان پەڕلەمانەکانی وڵاتانی ئەوروپا بکەین! ئەوەی هەمانە و نیمانە لەڕێی رێکخراوێکی یاسایی کە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە کاری یاسایی بۆ وڵاتان و رێکخراوانی تری نێودەوڵەتی دەکات،

---

1 گۆڤاری نێوەند. ژمارە ١٠٣، مانگی ٤ی ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٢

شەنوکەو بکرێن و ئەو رێکخراوە وەک پارێزەرێکی ئێمە کار بۆ پرسی بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کورد بکات..

هەڵبەت کورد دەبێت تەنها یەک فۆکاڵ پۆینتی هەبێت کە لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا دانوستاندن بکات، نەک هەریەک و لایەنێک لەلایەن خۆیەوە ئەم رێکخراوە و پرسەکەش چەواشە بکات!

رێکخراوێکی لەو جۆرە، دەتوانێت بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ، لەجیاتی نەشارەزاکانی خۆمان لە ڕووی یاسایی و نێودەوڵەتییەوە، کار بۆ ئەم پرسە بکات و بەرامبەر هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبێتە زمانی کورد و داکۆکیکاری لە پرسەکەدا..

ئەمان پلانی یاسایی خۆیان دەبێت و باشتر دەزانن چ کارێک و چ ماتریاڵێک بۆ ئەم پرسە پێویستە..

کاری ئێمەش لەجیاتیی ئەوەی راستەوخۆ و بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو پرسەکە بشێوێنین، دەبێتە ئەوەی بەو رێکخراوەی کە کارمان بۆدەکات بڵێین ئەوەمان دەوێت و ئەمەش داواکارییەکانتانە...

٢٠١٣-٠٤-٠٨

# مەلا و حکومەت و ئێمە و ٣ پرسیار![1]

ماوەیەکی زۆرە، مەلا، بووەتە نان و ئاومان، بتەوێ و نەتەوێ بە گوێتدا دەقیژێنن، ئەسکوێیەکی نەشیاوی ناو هەر دیزەیەکی ژیانی رۆژانەمانن.. لە هەر کێشە و دیاردەیەکدا قسە و موداخەلە و فەتوایان هەیە.. لێی بزانن و نەزانن! مەوعیزە دادەدەن..

ئەم دەستەڵاتی مەلا و کۆلکە مەلایانە واتلێدەکات زۆرجار بە حکومەتی هەرێم بڵێیت، حکومەتی ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی ئێراق!

پرسیارێکە من دەمێکە لە خۆمی دەکەم! لەوانەیە هەمان پرسیاری تۆش بێت! ئایا مەلاکان ئەوەندە پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەم هەرێمۆکەیەی ئێمەدا هەیە کە بە ئارەزووی خۆیان فەتوا و مەوعیزەمان بۆ دەربکەن! دەربارەی هونەر، جلوبەرگ، سیاسەت، چاپەمەنی، هاوسەرگیری و زۆریتر لێدوان دەدەن، بەرامبەرەکانیان بە مورتەد و زەندەقە و زۆریتر ناوزەد دەکەن! بەئاشکرا تۆوی دووبەرەکی و ترس و خوێن دەنێژن، پێیەکیان لە تورکیای ئۆردوگان و ئەوی تریان لە ئێران و عەرەبستانی سعودیە!.

ئەمانە زۆریان هیچ رێزێک نە بۆ یاسا نە بۆ دابونەریت، نە بۆ تەنانەت مارشی نەتەوەیی کورد دانانێن و بەئاشکرا سووکایەتیی پێدەکەن! حکومەتیش وەک ئێمە تەماشاڤانە! بێدەستەڵاتە و زۆرجاریش یارمەتیدەریانە! بەدی ئەو مەلا بێکارانە بە مانگانەی چەند ملیۆنیی هەمان حکومەت ئەو فەتوا ئاگرینانە دەرناکەن! حکومەت هەیە لەسەر ئەم گۆی زەمینە زێر بدات و بەڵا بکڕێت! ئەوەی ئێمە نەبێت!

تۆ بڵێی حکومەتەکەمان، یان بەشێکی ئیدارەکەی بەشیوەیەک لە شێوەکان و لە بەرژەوەندیی تەسکی تاکلایەنانەی خۆی دنەی ئەم مەلا و ئەو کۆلکە مەلا نەدات، تاوەکو بە بیری خۆی بارودۆخێک بەلای بەرژەوەندیی خۆیدا سەنگەلا بکات!

---

1 گۆڤاری نێوەند. ژمارە ١٠٥، مانگی ٦ی ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٢

ئەمە سیاسەتە و سیاسەتیش زۆر قێزەونە، بەڵام زۆر لەجێی خۆیدایە سێ پرسیاری گرنگ لە خۆمان و حکومەتەکەشمان بکەین:

1. ئایا حکومەتەکەی ئێمە چ جۆرێکە؟ حکومەتێکی ئیسلامییە؟
2. ئایا مەلاکان بە جددی خاوەنی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ترسناکەن کە وەک ڕەفتار دەکەن و لەبەرامبەریشدا لای حکومەت کەس لەماڵ نییە!
3. ئایا دەکرێت حکومەت یان لایەنێکی نێوی دنەی ئەمانە بدات و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بیانکات بە گژ ئەم دیاردە و ئەم و ئەودا؟!

پرسیارگەلێکن و تا زۆرتر شیرازەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەمان تێکنەچووە، دەبێت هەموومان هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدەین!

سلێمانی
٢٠١٣-٠٦-١١

# ئێراق، وڵاتی خوێن و دژەکان

وڵاتی خوێن و دژەکان، دەکرێت بکرێتە باشترین پێناسە بۆ چوارچێوەی ئێراقی ئێستا! ئەم وڵاتە بەدرێژایی مێژوو لانەی رەگەزە جیاوازەکان بووە، هیچ کاتێک تەنانەت لە سەردەمی بەعسییەکانیشدا فەرمانڕەواییەکی ناوەندیی نەبووە، هەمیشە رەگەزێک، لایەنێک دژی دەستەڵاتە جیاوازەکان لەململانێدا بووە!

لە وڵاتی خوێن و دژەکاندا، یەکەمین و گەورەترین راگوازستنی زۆرەملێی تێدا روویداوە، بابلییەکان بەهۆی بەرژەوەندییان و جیاوازیی ئایینییەوە، دەیان هەزار جوولەکەیان بۆ بابل گوازتەوە! گەورەترینی جەنگەکانی پێش مێژوو و سەرەتای مێژوو لە چوارچێوەی ئێراقدا روویانداوە، لەوانە جەنگەکانی نێوان کاشی و بابلی، ماد و ئاشوور و پاشانیش زۆرترینی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکانی ئیسلامەکان هەر لەم ئێراقەدا بووە، زۆرترینی خوێنڕشتنی نێوان معاویە و ئەهلی بەیتیش هەر لێرەدا بووە، بزووتنەوەکانی شعوبی، زنج و شۆرشی ئەبو موسلیمی خۆراسانیش هەر لێرەدا بووە.

دەکرێت بەبێ دوودڵی بگووترێت کە چوارچێوەی ئێراق لانکەی سەرهەڵدانی تاوانە دژبە مرۆڤایەتییەکان و یەکەمین جەنگی جینۆسایدی تێدا کراوە! یەکەمین بەڵگەی ماددیی ئامرازەکانی ئەشکەنجەش هەر لەم ئێڕاقەدا دۆزراوەتەوە!

وڵاتێک بەم پاشخانە مێژووییە ترسناکەیەوە ئەستەمە ئێستا بتوانێت لە چوارچێوەی خۆیدا نەتەوە جیاوازاکانی وەک کورد، عەرەبی شیعە، سوننە و تورکمان  و ئەوانی تر لە خۆیدا بە ئارامی و ئاشتی کۆبکاتەوە!

دروستکردنی هەرێمە "فیدڕاڵییەکان" لە ئێراقی ئێستادا دەکرێت ببێتە چارەسەر و لە پاشەڕۆژی نزیکیشدا ببێتە هۆی دابەشبوون و هەریەک لەو رەگەزانە ببێتە سەروەری خۆی و کۆتایی بەو خوێن و دژایەتییە بهێنرێت..

پاش دروستبوونی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی باشووری کوردستاندا، عەرەبە سوننەکانیش لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دروستکردنی هەرێمێکی لەو شێوەیە. ئەم هەرێمەی سوننەکان ئەگەرچی لە ئێستادا بۆ دژایەتیی شیعەکانە، بەڵام دەستی شاردراوە و دژایەتیی سوننەکان

بەدرێژایی مێژوو ئاڕاستەی کورد بووە، سنووری کورد و سوننە زۆر بەرینترە لە سنووری کورد و شیعە! بەتایبەتی شیعەی تورکومان.. ئەم سنوورە درێژە و بوونی ئەو هەموو ناوچە "هاوبەش" و ناکۆکی لەسەرانەی هەردوولا، دەبێتە هۆی ئەوەی جەنگی داهاتووی عەرەبی سوننە دوای شیعە لەگەڵ کوردا بێت.. ئەم جەنگە دەبێتە حەتمی ئەگەر، پێش دامەزراندنی هەرێمی سوننەکان، کورد ناوچە ناکۆکەکان بەدەست نەهێنێتەوە، بەتایبەتی کەرکوک و ئەو ناوچانەی تر کە زۆر دەوڵەمەندن بە نەوت..

جەنگە ناوخۆییەکەی ئێراق بەڕێوەیە.. براوەی ئەو جەنگە ئەو لایەنەیە کە بە کەمترین قوربانی بستێک زەویی زۆرتر لەوی تر بەدەستدەهێنێت.. ئەو ناوچانەی کەبەهۆی رووداوەکانی ئەم دواییەی حەویجەوە کەوتنە دەستی هێزی پێشمەرگە، دەبێت باشتر بپارێزرێن و پێشمەرگە هەرگیز پاشەکشێی لێنەکات، ئەگەرنا، کورد دەبێت یەکەم دۆڕاوی دروستکردنی هەرێمی عەرەبە سوننەکان و جەنگی ناوخۆیی ئێراق!.

٢٠١٣-٠٥-٠٧

# یەک پارتی و دوو یەکێتی![1]

پێشتر بوونی دوو حیزبی گەورەی وەک یەکێتی و پارتیم زۆر بەلاوە زیانبەخش بوو، پێمواپێت ئەمە رای زۆری تریش بوو، ناهەقیشمان نەبوو، شەڕەگورزی ئەم دوو لایەنە بۆ چەند دەیەیەک گەلێک ماڵوێرانیی بۆ نەتەوەکەی ئێمە هێنا و زۆریش هەلی زێڕینی لە کیس داین!

پاشتر، بوونی ئەم دوو حیزبە گەورەیەم زۆر بە گرنگ زانی، چ نەبێت ئەگەر لەبەر بەرژەوەندیی یەکتریش بێت، هەڵە و کارە خراپەکانی یەکتریمان بۆ دەردەخەن و کەمێکیش لە دیکتاتۆریی حیزبەکانمان بۆ کەمدەکاتەوە. تەنانەت لەو کاتانەشی کە موو بە نێوانیاندا ناچێت و رێککەوتنە ستراتیژییەکەیان پتەوتر دەکەن، هەوادارانیان زۆر بەئەمەکەوە لەسەر فەیسبوک، هەڵە و کارەخراپەکانی ئەوی تر بۆ ئێمە بەیان دەکەن..

ئەم هاوسەنگیی هێزەی نێوان ئەم دووانە ئەگەرچی لە ١٩٩٢وەوە دوو ئیدارەییی حکومەتی لێکەوتووەتەوە، بەڵام دەکرێت زۆر لایەنی چاکەی تریشی هەبووبێت..

ماوەی چەند ساڵێکە بە مەبەست بێت یان پلان! خەریکە ئەو هاوسەنگیی هێزەی نێوان ئەم دوو هێزە سەنگەلا دەبێت و بەهۆیەوە حکومەتەکەی هەولێری بەهێزتر کردووە و ئەوەی سلێمانیش لاواز..

زۆر هەبوون لەتبوونی یەکێتی بۆ یەکێتی و گۆڕانیان بە لایەنێکی پۆزەتیف ناوزەد دەکرد، دیارە ئەمە پۆزەتیف دەبوو ئەگەر پارتیش بەهەمان شێوەی یەکێتی دوولەت ببوایە! من هەردەم رام واهی بووە کە گۆڕانکاری دەبێت هەر لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبەوە بێت.. ئەوەشی کە لەناو ئەم دوو حیزبەوە داوای گۆڕانکاری دەکات ئاستەمە بتوانێت خۆی لە هەڵە و کلتووری خراپی حیزبەکەی دایکی پاکبکاتەوە!.. تەنانەت ئەگەر لەو کلتوورەش رزگاری ببێت، هەر هاوتاوانباری هەموو کارە خراپەکانی حیزبەکەی دایکییەتی..

کلتووری گۆڕان، کلتووری یەکێتییە، ئەم بزووتنەوەیە جگە لەوەی بەبەهێزکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان و رێککەوتنیان

1 بەداخەوە، گۆڤاری نێوەند. ئامادە نەبوو ئەم بابەتە بڵاوبکاتەوە!

لەگەڵیاندا بۆ لێدانی پارتی و یەکێتی کەوتنە هەڵەیەکی مێژوویی گەورەوە، ئێستاش هەڵەیەکی گەورەی تر دەکەن کە سووکایەتی بە حیزبی دایکیان دەکەن و ئەمەش بەتەواوەتی تەرازووی هێز دەگۆڕێت و لاوازبوونی یەکێتیش و خودی بزووتنەوەی گۆڕانیشی لێدەکەوێتەوە... سەرئەنجامەکەشی لەجیاتی لاوازبوونی دەستەڵات و ملدانی بۆ داواکارییەکانیان، بەهێزبوون و دیکتاتۆرێکی بێوێنەی لێدەکەوێتەوە..

٢٠١٣-٠٧-١٥

# دیمانەی ئێستا نیوز دەربارەی هەڵبژاردن و ناوچەداپڕاوەکان

سازدانی: بەهمەن عومەر

**ئێستا نیوز: لەئێستادا کێشەیەکی زۆر لەسەر دەستوور و خستنە راپرسی یان گێڕانەوەی بۆ پەرلەمان لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە، رای تۆ لەسەر ئەو بابەتە چییە؟**

وەڵام: من کاتی خۆی بە کتێبێک وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە، کتێبەکە تاوەکو ئێستا بەداخەوە هەلی چاپ و بڵاوبوونەوەی بۆ نەرەخساوە، من لەو کتێبەدا نزیکەی هەزار و سێسەد و ئەوەندە رەخنە و سەرنجم دەربارەی ئەو دەستوورە نووسیوە! لێرەدا نامەێت ئەوەی نووسیومە دووبارەی بکەمەوە! تەنها دەڵێم من ئەو دەستوورەم پێ تەواو نییە و دەبێت پێداچوونەوەی زۆر زۆری لەسەر بکرێت و پاشان بگەڕێنرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ هەموارکردنی..

**ئێستا نیوز: لەئێستادا هەرێمی کوردستان لەبەرەبەری هەڵبژاردنێکی نوێدایە بەبڕوای ئێوە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت هاوکێشەی سیاسی کوردستان بگۆڕێت؟**

وەڵام: گۆڕینی هاوکێشەی سیاسیی کوردستان لەم کاتەدا ئەستەمە بە هەڵبژاردن ببێت، چونکە هەڵبژاردن یەکێکە لە پایە گرنگەکانی دیموکراسی، ئێمە جارێ نازانین دیموکراسی بەری لە کوێوەیە و لێی نێنەگەییشتووین! ئیدی چۆن بتوانین بە هەڵبژاردن هاوکێشەی سیاسی بگۆڕین.. دەکرێت کەمێک گۆڕانکاری رووبدات، بەڵام هێشتا هەر دەستەڵاتی هۆز و بنەماڵە باڵادەستە! ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان نییە و پەیوەستە بە هۆشیاریی نەتەوەییەوە.. هۆشیاریی نەتەوەییش لە ناو ئێمەدا بەداخەوە هێشتا زۆر لاوازە و دەستەڵاتی هۆز و بنەماڵە هەردەم رێگریی ئەم هۆشیاریی نەتەوەییەن!

**ئێستا نیوز: تاچەندە لەو باوەڕەدایت و لەڕێگای بە هەڵبژاردنەوە دەسەڕڵاتدارانی کوردستان، دەستبەرداری کورسیەکانیان دەبن؟**

وەڵام: سروشتی دەسەڵاتی جیهانی سێیەم ئەوەیە کە بە کوشتن و رسوابوون دەستبەرداری کورسییەکەی ببێت.. نموونەش زۆرن و لە بیرەوەرییەی هەموومانداییە.. دەسەڵاتی کوردیش دواکەوتووترینی دەسەڵاتەکانی جیهانی سێیەمە! لەوانەیە بەشێوەیەکی رووکەش دەموچاوەکان بگۆردرێن، بەڵام لە بنەڕەتدا دەسەڵات هەر هی هۆز و بنەماڵەیە! کەنگێ ئەم هۆز و بنەماڵانە بەرژەوەندیی نەتەوەیان لەهی خۆیان بەباڵاتر بینی، ئەوکات من گەشبینم بە گۆڕانکاری، ئەگەرنا بۆ من گۆڕینی ناو و دەموچاو هیچ واتایەکی نابێت و کرۆکی دەسەڵات هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە..

**ئێستا نیوز: ماوەی چوار ساڵی کارکردنی ئۆپۆزسیۆن چ لەپەرلەمان و چ لەدەرەوەی پەرلەمان چۆن دەخوێنیتەوە، تاچەندە توانیویانە بەئەرکی ئۆپۆزسیۆنی خۆیان هەڵبستن؟**

وەڵام: دیاردەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئێمە هێشتا نوێیە و هەردوولایان لە هەنگاوی دروستبووندان.. هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنیش وەک دەسەڵات هەڵەی زۆری هەیە..

من ئۆپۆزیسیۆن دەکەمە دووبەشەوە: یەکەمیان لایەنە ئیسلامییەکانن کە هەردەم خەریکی پیادەکردنی ئەجیندای بێگانەن و ناتوانم بەتەواوەتی بە ئۆپۆزیسیۆنیان دابنێم! ئەمانە دەبێت وەک بەکرێگیراو لێیان بڕوانرێت و چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەش دەبێت مامەڵەی جیاوازتریان لەگەڵ بکەن.. چونکە بە ئاشکرا پەیڕەوکاری سیاسەتەکانی داگیرکەری ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعودیەن..

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە تا ڕادەیەک بە ئۆپۆزیسیۆن دەچن، بەڵام بۆ من ئەم بزووتنەوەیە ناوچەیەکی خۆڵەمێشییە – Gray Area و هەندێک کار و رەوتاریان بۆم ناچێتەوە سەریەک و تێیدا ماوم و ناتوانم جارێ هیچ لەو بارەیەوە بڵێم..

بەڵام ئەوەی بەدڵنیاییەوە بۆم دەرکەوتووە چ دەسەڵات و چ "ئۆپۆزیسیۆن" دوو رووی دراوی بەرژەوەندیی تایبەتین و هیچ

لایەکیان بە دڵسۆزیی تەواوەتی بیر لە ئازارەکانی خەڵکی ناکەنەوە..

**ئێستا نیوز: لەچوار ساڵی رابردودا دروشمەکانی وەك، چاکسازی، گۆڕانکاری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و هەژاری، فراونکردنی ئازادی رادەربڕین، سەرەکیترین دروشمەکانی دەستی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بوون، لەواقیعدا ئەوانە تاچەندە جێبەجێ کراون؟**

وەڵام: ئەم دروشمە هەژارانە هەر هی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە نین، بەڵکو کام سیستمەی دەڵێیت زۆر ستەمکارە لە مێژوودا، هەڵگری ئەم دروشمە بێزمانانە بووە!

ژنکوژی، گەندەڵی، سواڵکردن، هەژاری، زیندانییانی سیاسی و سەرنگوومکردن و زۆر کارەساتی تر کە رۆژانە لە وڵاتی ئێمەدا لەبەرچاون دەبنە وەڵامی ئەم پرسیارە.. ئەگەرچی ئەمانە زۆرتر دەسەڵات لێی بەرپرسیارە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنیش بەو رادەیە کارا نییە! ئەگەرنا دەسەڵات ئەو بوێرە نەدەبوو! ئەوەی دەیەوێت بیکات..

**ئێستا نیوز: ئێستا دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە ئەمە پەیوەندی بە چییەوە؟**

وەڵام: ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە، کاتی خۆی بەشێکی دەسەڵات بووە، دەسەڵاتیش هەر لە سەردەمانی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە تاوەکو دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نەبووە، تەنانەت لە بزووتنەوەی ئەیلولیشدا ئەو یەکگرتووە نەبووە! ئەمانە گەلێکجار دەستیان چووەتە خوێنی یەکدییەوە و خوانی خوێنینیان بۆ یەکتری راخستووە! هەربۆیە ئاساییە کە متمانە بەیەکدی نەکەن، چونکە هەر هەمان مینتاڵیتیی جارانیان هەیە و بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە کە لە بەرژەوەندیی نەتەوە، ململانێ و خراپەکارییەکانی یەکتری بەرامبەر یەکتری لەبیربکەن!

**ئێستا نیوز: خوێندنەوەت بۆ کێشەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێم چیە، هۆی چیە لەماوەیەکدا دەبینی دەسەڵاتی کوردی دەکەوێتە هێز جوڵاندن لێدوانی ئاگرین، بەڵام لەپڕ هەمووشتێك بێدەنگ دەبێت و وەك ئەوەی هیچ کێشەیەك نەمانێت؟**

وەڵام: من لە زۆر شوێن و بۆنەی تردا دەربارەی ئەم کێشەیە دوواوم، کوورتەی بۆچوونی من دەربارەی ئەم کێشەیە بێ پلانی کورد بوو کە پاش رووخانی بەغدا، بۆ بەغدا گەڕایەوە!

ئەم بێ پلانییە وای کرد کە کێشە و هەڵەی سیاسیی گەلێک گەورەی لێبکەوێتەوە، بەڕادەیەک بووە هۆی نەگەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچە کوردییانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن!

هۆیەکی تری ئەم کێشانەش خۆشباوەڕیی کوردە بەرامبەر هەر بەڵێن و وتەیەکی حکومەتی بەغدا و ئێمە هەرگیز سیاسەتێکی روون و ستراتیژێکی نەتەوەییانەی پتەومان بەرامبەر بەغدا نەبووە! بەڕادەیەک ئێستاش بە ئەندێشەی ئێراقی فیدڕاڵ و دادگای فیدڕاڵ و دەستووری فیدڕاڵەوە دەژین!

دوژمنایەتیی بەغدا بەرامبەر بە کورد هەردەم راستەقینە بووە، ئیدی حوکمی بەغدا سوننە بێت یان شیعە! ئێمەش هەردەم باوەڕمان پێیان کردووە یان خۆمانمان گێل کردووە.. ئێمە تەنانەت باوەڕیشمان بە سەددام و رژێمەکەی کرد و چەندین جار، تەنانەت پێش کەوتنیشی بە ماوەیەکی کەم گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکرد!.

**ئێستا نیوز: تاچەندە باوەڕتان بەوە هەیە کە لەرێگای مادەی 140ەوە کەرکوك ناوچەداپڕاوەکانی دیکە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

وەڵام: من بە هیچ شێوەیەک باوەڕم بە مادەی ١٤٠ و دەستووری ئێراقی نافیدڕاڵ نییە، عەرەبەکان زۆر زۆرزانانە ئەم دەستوورەیان نووسیوەتەوە و کڵاویان لەسەر ئێمە کردووە! من پێموایە ئەو کوردانەی کە بەشدارییان لە نووسینی دەستووری ئێراقیدا کردووە دەبێت دادگایی بکرێن! من کەمێک شارەزاییم لە یاسا و یاساوانیدا هەیە، بەڵام ئەوانە هەڵەی وایان بەسەردا تێپەڕیوە کە نازانم چی دەربارەیی و دەربارەیان بڵێم!

**ئێستا نیوز: هەڵوێستی لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم، سەبارەت بە کەرکوك ناوچە داپڕێندراوەکان چۆن دەبینی؟**

وەڵام: هەر لایەنێکی ناکوردی لە چوارچێوەی ئێراقدا دژی گەڕانەوەی ناوچە داپڕاوەکانە، تەنانەت زۆرێک لە فەڵەکانی عەنکاوەش هەمان رایان هەیە! هەربۆیە زۆریان دەنگیان بە لیستی عەللاوی دا!.

ئێمە لەماوەی دە ساڵی رابردوودا هەڵەی زۆرمان کردووە لە پەیوەندییەکانماندا، دەبووایە هەموو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر بنچینەی گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە داپڕێندراوەکان بووایە، بەڵام بەداخەوە بەوشێوەیە نەبوو و زیانی زۆرمان بەرکەوت.. بەڕادەیەک لەماوەی دە ساڵی رابردوودا ژمارەی کورد لە ناوچەکانی سەعدییە، میقدادییە، شارەبان، خورماتوو، جەلەولا و زۆریتر لەچاو عەرەبدا کەمبوونەوە و سبەینێ ریفراندۆمیش ئەستەمە دادمان بدات!

**ئێستا نیوز: قسەکردنی ناوبەناوی بەشێك لەسەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی خودی مەسعود بارزانی، بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

وەڵام: من رای ئێستام زۆر جیاوازە بەرامبەر بەدەوڵەتی کوردی، ئەگەرچی ئەمە مافی ئێمەیە، بەڵام موستەحەقیشین کە تا ئێستا نەمانبووە، چونکە ئامادە نەبووین بۆی و هێشتا هەمووومان وەک نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەیەکدا نەتواوینەتەوە! کەنگێ بەرلەوەی ئەندامی بنەماڵە و هۆزەکانمان بین، ئەندامی نەتەوەکەی خۆمان بین! ئەوکات باوەڕ بەوە دێنم کە دەبینە دەوڵەت.. ئەگەرنا هەریەک لەلایەن خۆیەوە دەتوانێت بڵێت دەوڵەتی کوردی رادەگەیەنم.. بەڵام کە ئامادە نەبین و ئامادەکاریی بۆ نەکەین، ئیدی سەرئەنجامی ئەو دەوڵەتە وەک میرنشینەکانی چەند سەدەی پێش ئێستامانی لێدێت بەدڵنیاییەوە!

٢٠١٣-٠٦-٢٩

هاوڕێ باخەوان
لاهای - هۆڵندا

# دیمانەی کوردستانی نوێ دەربارەی کوردیپێدیا[1]

ئەنجامدانی: گۆران فەتحی

**1-بیرۆکەی دروستکردنی پێگەیەکی مەوسوعی بەناوی کوردپیدیا، چۆن بوو لەچییەوە هات؟**

وەڵام:

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکی زۆر پێویست بوو، ئەگەرچی ئێمە نزیکەی شەش ساڵی تەواوە کاری بەردەوامی تێدا دەکەین، بەڵام دیارە دەکرا کە زۆر پێشتر هەنگاوی بۆ بنرێت..




| % | ئامار | جۆر |
|---|---|---|
| | 13,189 | 2013 |
| | 11,120 | 2012 |
| | 43,331 | 2011 |
| | 16,797 | 2010 |
| | 2,047 | 2009 |
| | 913 | 2008 |

من لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی دیجیتاڵم لەسەر کوردستان و کورد. زۆرینەی ئەو زانیارییانەم لە ساڵی ١٩٩٩دا لە کتێبی هاوڕێنامەدا بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە کە دەتوانرێت بەیەکەم تۆماری گەورەی کرۆنۆلۆژیای رووداوە گرنگەکانی کوردستان و کورد دابنرێت هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ساڵی ١٩٩٩. کتێبەکە لەلایەن دەزگای

---

1 ئەم بابەتە رۆژی 31-12-2013 لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 6271، لاپەڕە 14 بڵاوکراوەتەوە.
هەمان بابەت لەسەر ماڵپەڕی کوردستانی نوێشدا بڵاوکراوەتەوە.

سەردەمەوە چاپ و بڵاوکرایەوە. پاشانیش بەهیوای چاپێکی باشتر و پوختەتر هەر بەردەوام بووم لە کۆکردنەوە و چاککردنی رووداوەکان، تاوەکو بووە دوو ئەوەندە و زۆرتریش، هەربۆیە کاری چاپکردنیشی قورستر بوو. سەرباری هاوڕێنامە، کۆمەڵێک وێنە، پەڕتووک و کوورتە لێکۆڵینەوەی زۆری ترم لەماوەی ساڵانی رابردوودا بەدەستهێنا. بەهۆی کارەکەشمەوە لە بواری ئای. تی.دا و پاشانیش کارکردنم لە بواری بەڕێوەبردنی تۆمار و ئەرشیڤکردنی دۆکومێنت لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ، شارەزاییی زۆرترم لەسەر دەستکەوتن و کۆکردنەوە و رێکخستنی زانیاری بەدەستهێنا، بەتایبەتی لە ساڵانی رابردوودا کە کۆمەڵێك راهێنان و خوێندنی زۆرم لەلایەن هەمان رێکخراوەوە بۆ کرا تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر کاری بەڕێوەبردنی تۆمار و دۆکومێنت ئەنجام بدەم..

زانیارییە کۆکراوەکانم گەلێک زۆربوون، هەر لە داتابەیسەوە تاوەکو فایلی ئاسایی، کە زۆرتر دەبوونە سەرچاوە بۆ نووسین و بابەتەکانی خۆم. بەڵام ئیتر گەڕان و دۆزینەوەی بابەتێکی تایبەتی گەلێک گران دەبوو لە ناو ئەو هەموو هارد دیسک و فۆڵدەرانەدا!.

ئەگەرچی لە پێش چاپکردنی کتێبی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد و پاشتریش من چ بەهۆی بەرنامەی کۆمپیوتەری یان لاپەڕەکانی ئنتەرنێتەوە، ماشێنی گەڕانم بۆ داتابەیسی هاوڕێنامە دروستکرد بوو و کەسانێکی زۆر سوودیان لێی وەردەگرت. تەنانەت هەردوو تەلەڤزیۆنی کوردسات و کوردستان تیڤیش زۆربەی تۆمارەکانی هاوڕێنامەیان بۆ بەرنامەی ئەمڕۆ لە مێژوودا بەکاردەهێنا!. زۆرجار تۆمارەکانی منیان کۆپی دەکرد بەبێ ئەوەی تەنانەت خاڵێکیش بپەڕێنن.

ئەو بەرنامەی گەڕانە پەیوەست بوو بە هاوڕێنامەوە و نەیدەتوانی ئەو هەموو وێنە و فایلی پی. دی. ئێف.انە رێکبخات، هەربۆیە بیری دروستکردنی کوردیپێدیام لەلا دروستبوو و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە وەک ماڵپەڕێک کەوتە کار. دیارە پێشتر ئامادەکاریی تەکنیکیی زۆر بۆ کرابوو.

**2-ئامانج لەدروستکردنی کوردپیدیا چی بوو، بەنیاز نین لەئایندەدا گۆرانکاری تیابکەن؟**

وەڵام:

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟!...

ئەگەرچی ئێستا ئەو گومانەم لەلا رەویوەتەوە، کە کوردیپێدیا بەبێ هیچ رکابەرێک گەورەترین سەرچاوەی کوردییە!.

دیارە کوردیپێدیا هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهاتووە، چ وەک ناوەڕۆک، چ وەک رووخسار، چ وەک ئاسانترکردنی بەکارهێنانی، سەرەتا ئێمە تەنها تۆمارەکانمان کۆدەکردەوە و پۆلێنمان دەکردن و تایبەتمەندییەکانیمان بۆ دەسنیشاندەکرد. بۆ نموونە بۆ کەسایەتییەک، جۆری کەس و رەگەز و شێوەزمان و لە چ بەشێکی کوردستان و زۆری ترمان پێوەی پەیوەستدەکرد، پاشانیش وێنەمان بۆ تۆمارەکان زۆرکرد، ئنجا کەوتینە کۆکردنەوەی کتێبی دیجیتاڵ. پاشتریش بۆ هەر تۆمارێک سیستمی فایلی پەیوەندیدارمان دانا، بەوشێوەیە کە بتوانین بە ئاسانی بۆ هەر تۆمارێک هەرچەندێک وێنە و فایلی تری پەیوەندیدار هەیە پێوەی پەیوەست بکرێت.. دیارە پلانی زۆرتریشمان هەیە لەبارەی تەکنیک و زۆرتر ئاسانترکردن و سادەترکردنی دیزاینی کوردیپێدیا..

ئێستا سەرباری ئەوەش، بەشی فوڵ-تێکست-سێرچ – Full-Text-Search مان بۆ بەرنامە کردووە، تاوەکو بەکارهێنەرانی بەئاسانی بتوانن تەنانەت لەناو فایلەکانیشدا بگەڕێن و بەئاسانی بتوانن ئەو فایلەی کە مەبەستییانە بیدۆزنەوە، ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ لێکۆڵەرەوان و خوێندکاران بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە زۆر بەئاسانی.

**3-پێیگەی کوردپیدیا لەچەندین بەش پێکدێت کەیەکێك لەو بەشانە (پەرتوکخانەیە) و سوودیکی زۆری بەخوینەران گەیاندووە، ئایە رۆشنبیر و نووسەران هاوکارییان کردووی لەو بەشەدا؟**

پۆلێنکردن، بەشێکی گرنگی جیهانی ئەرشیفکردنە، ئێمە تا ئەم ساتە لە کوردیپێدیا ٣٥ بەشمان هەیە، لەوانە پۆلی

کەسایەتی، شەهیدان، ئەنفالکراوان، شوێنەکان، ناوی کوردی و زۆریتر..

پەڕتوکخانە، یەکێکە لەو بەشانە.. ئێمە سەرەتا بەهۆی کەمی جێگاوە نەمانتوانی یەکسەر دەست بەم بەشە بکەین، تەنها ناوی کتێب و نووسەر یان وەرگێر و وەشانەکەیی و وێنەی بەرگەکەیمان بڵاودەکردەوە، چونکە فایلی پی. دی. ئێف. زۆر قورس و بوو و شوێنی پێویستمان لەسەر ماڵپەڕەکە نەبوو، بەڵام پاشتر ئەو کێشەیەمان چارەسەر کرد و کەوتینە دانانی پەڕتووکەکانیش، ئێستا نزیکەی ٥٤٠٠ کتێبمان بە فایلەکانییەوە هەیە، کتێبەکان فرە زمانن و تەنها ئەوانەن کە پەیوەندییان بە کوردستان و کوردەوە هەیە، بەو پێیە کوردیپێدیا خاوەنی گەورەترین پەڕتووکخانەی دیجیتاڵی کوردییە! تا ئەم ساتە زۆرتر لە ١٠٠ هەزار جار کتێب لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیاوە دابەزێنراوە!. مایەی خۆشبەختیمانە کە سوودێکی زۆرمان بە خوێنەران گەیاندووە.




ئێمە ئێستا بەردەوام لەلایەن نووسەران و وەرگێڕانەوە فایلی پەڕتووکەکانیانمان پێدەگات و ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە دایاندەنێین. ئەگەرچی ئیدی لەمەودوا دیسان کێشەی جێگامان بۆ دروستدەبێتەوە، چونکە فایلی پەڕتووکەکان زۆر قورسن و ئێستا لەسەر وێب-سێرڤەری کوردیپێدیا زۆرتر لە ٢٠ جیگابایت پەڕتووکی لەسەرە. کۆمپانیای هۆستینگەکەش بۆ هەر یەک جیگابایت دیارە داوای زۆرتر دەکات.

ئاماری پەرتووکەکان

| جۆر | ئامار |
|---|---|
| ئاماری پەرتووکەکان | 12.601 |
| بە فایلی PDFەوە | 5.457 |
| پەرتووک لەگەڵ فایلی PDF و بەرگ | 3.943 |
| بێ-PDF | 7.139 |
| قەبارەی هەموو فایلی پەرتووکەکان | **KB 21.343.083** |

## 4- لێکچوون هەیە لەنێوان ناوی کوردپێدیا و ویکپیدیا، کەسایتیکی مەوسوعی گەورەی سەر تۆڕی ئەنتەرنێتە، ئەو لێکچوونە لەچییەوە هاتووە؟

وەڵام:

کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (enkyklia paideia)کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

زۆربەی نەتەوەکانی جیهان ئەم جۆرە ئەنسیکلۆپیدیایەیان هەیە، بۆ نموونە ئینگلیشپێدیا، ئەرمەنیپێدیا و زۆریتر.. پاشگری پێدیا، ئەو لێکچوونەی نێوان کوردیپێدیا و ویکیپێدیایە، کە ئەوانیش هەمان مەبەستیان هەیە بەڵام بەشێوەیەکی نێونەتەوەیی.

ئەم دوو رێکخراوە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکدییەوە نییە، ئەوان زۆرجار تۆماری ئێمەیان وەک سەرچاوە بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە بەشی سۆرانی و کرمانجییەکەیان. ئێمەش ئەگەر تۆمارێکی بەکەڵک ببینین و پەیوەندیی بە کوردستان و کوردەوە هەبێت ئەوا لای خۆمان دایدەنێین و ئاماژە بە ناوی ویکیپێدیا دەکەین.

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە هەردوو بەشی سۆرانی و کرمانجیی ویکیپێدیا، بەتەواوەتی پەیوەست نین بە کوردستان و کوردەوە، بەڵکو زانیاریی گشتی و زانسیی زۆری تێدایە، بەپێی ئەو ئامارە سەرپێییەی کە خۆم لە ماڵپەڕی ویکیپێدیادا ئەنجامداوە، یەک بۆ هەشتی بابەتەکانیان پەیوەندیی بە کوردستان کوردەوە هەیە و ئەوانی تر گشتین. بەڵام لەو ٨٧ هەزار زۆرتر بابەتەی کوردیپێدیا، هەموویان پەیوەندییان بە کوردستان و کوردەوە هەیە، هەربۆیەشە ناوی کوردیپیدیایە!.

**5-ناوی ژمارەیەك كەس وەكو ستاف لەسەر رووپەڕی پێگەكە هەیە وەكو هاوكاری كوردیپێدیا، ئایە كاركردنی ئەوان و جەنابیشت لەپێگەكە خۆبەخشانەیە یان بەپارەیە؟**

وەڵام:

لێرە و لەوێ زۆر ئەم پرسیارەم لێکراوە، کە ئایا ئێمە بە پارە لە کوردیپێدیادا کاردەکەین!

نەخێر، پارەی کێ و لەکوێ!، ئێمە تەنها بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کاتی ئازادی خۆمان دەبەخشین بە کوردیپێدیا.

من سەرەتا هەر خۆم بەتەنها کارم لە کوردیپێدیادا دەکرد، هەربۆیە زۆرجاریش ناوی کوردیپێدیا لەگەڵ مندا دەهات!، ئێستا خۆشحاڵم کە کەسانێکی تر هاوکارمن و بووینەتە کۆمەڵێک هاوکار و خۆبەخشانە و خۆنەویستانە ئەوەی بۆمان بکرێت کۆیدەکەینەوە و پۆلێنی دەکەین بۆ هاوزمانانمان.

ئێستا، کوردیپێدیا هەر هی هاوڕێ باخەوان نییە، بەڵکو هی هەموو ئەو هاوکارانەیە کە کاری تێدادەکەن..

**6- هیچ لایەك هاوكاری یان كۆمەكی پێگەكەی كردووە لەرووی داراییەوە، بەتایبەت كە ئێوە خۆتان تۆماركردووە وەكو رێكخراو لە فەرمانگەی رێكخراوە ناحكومییەكان؟**

وەڵام:

ئێمە تا ئێستا هیچ هاوکارییەک نەکراوین، خەرجیی ماڵپەڕەکەش و هۆستینگەکەی تا ئەمڕۆ هەر لەسەر ئەرکی من بووە.

کوردیپێدیا لەسەر ئامۆژگاریی چەند دۆستێک دەرگای کۆمەکی لەرێگای پای-پاڵ-ەوە کردەوە، تاوەکو ئەگەر کەسانێک بیانەوێت کۆمەکی مادیی بکەن و پرۆژەکە زۆرتر پێشبخەین، بەڵام پاش ساڵێک لە کردنەوەی ئەکاونتی بانک و بەستنەوەی بە ماڵپەڕی کوردیپێدیاوە، تاوەکو لەڕێی ئنتەرنێتەوە کۆمەکی کوردیپێدیا بکرێت، تەنها ٥ ئێرۆ خراوەتە سەر ئەو ئەکاونتە! تەنانەت ئامۆژگاریکەرەکانیش یەک سەنتیان نەخستە سەر ئەکاونتەکە!

کوردیپێدیا، بەهەوڵی هاوکارمان کاک "هەڤاڵ نەژاد" توانی لە کوردستان ببێتە رێکخراوێکی فەرمی. ماوەی چەند مانگێکە ئەوەمان بۆ چووەتەسەر.

ئێمە هیوامان وایە، لە کوردستان بنکەیەکمان هەبێت و چەند کارمەندێکی شارەزا لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بەدەستبخەین تاوەکو کاری کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و پوختەکردنی ئەوەی هەمانە بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە پرۆژەکانمان بخەینە بەردەستی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان، تاوەکو ئەوانیش یارمەتیی ماددیی پرۆژەکان بدەن و رێکخراوی کوردیپێدیاش بەرەوپێشتر ببەین..

دیارە پلانیشمان هەیە کە لە وڵاتێکی وەک هۆڵندا کوردیپێدیا بکەینە رێکخراوێکی فەرمی، تاوەکو لە پاشەڕۆژدا دوو پێگەی فەرمیی هەبێت و ببنە تەواوکاری یەکدی..


**7-کوردپێدیا چەندین زمانی تێدایە لەپاڵ شێوەزارەکانی زمانی کوردی، ئایە خوێنەری ئێوە زیاتر لەچ ناوچەیەکی کوردستانە یان سەر بەکام زمانە؟**

وەڵام:

بۆ ئێمە گرنگ بوو کە کوردیپێدیا بە هەموو شێوەزمانەکانی کوردی و هەروەها زمانە بێگانەکانی وەک عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانی و زۆریتر بێت..

لەم بوارەدا کارمان زۆرکرد و ئێستا کوردیپێدیا بە ١٩ زمان و شێوەزمان چالاکە، بەمەش کوردیپێدیا بووەتە فرەزمانترین سەرچاوە و ماڵپەڕی کوردی، هەوڵی تێهەڵکێشکردنی زمانی تریشمان هەیە، کوردیپێدیاش وا بەرنامە کراوە کە دەیگۆڕیت بۆ هەر زمانێک یەکسەر بابەتەکانی ئەو زمانەت پیشاندەدات.. سوپاسی زۆرمان بۆ هەموو ئەو زمانزانانەی کە یارمەتیی کوردیپێدیایاندا و بەردەوامیشن لە پوختەکردنی وەرگێرانەکانیان.

| % | ئامار | جۆر |
|---|---|---|
| | 60,103 | کوردی - سۆرانی |
| | 16,975 | Kurmancî |
| | 3,891 | کوردی - بادینی |
| | 3,644 | هەورامی |
| | 1,148 | عربی |
| | 848 | English |
| | 305 | فارسی |
| | 128 | Türkçe |
| | 94 | Deutsch |
| | 62 | Nederlands |
| | 45 | Françase - En cours de construction |
| | 39 | Pyccкий |
| | 23 | Español - Bajo Construcción |
| | 16 | 日本人 - 工事中 |
| | 15 | Svenska |
| | 15 | Italiano - In Costruzione |
| | 10 | 中国的 - 正在建设中 |
| | 10 | Norsk - Under bygging |
| | 9 | עברית - בבנייה |
| | 8 | Kurdî - Soranî - Latînî |
| | 6 | لوڕی |
| | 2 | Fins |
| | 1 | ترکمانی |




ئەم فرە زمانییە زۆر گرنگ بوو چونکە بەداخەوە منداڵانی ڕەوەندی کورد هەموویان کوردی باش نازانن، هەروەها دەبێتە بنکەیەکی زانیارییەخشی باشیش بۆ کەسانی ناکورد.

زۆرینەی سەردانەکانی کوردیپێدیا لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سوید، بەریتانیا، هۆڵندا، ئەڵمانیا و ئەمریکاوەیە..




زۆرینەی سەردانەکانیش بە زمانی کوردیی سۆرانییە، پاشان ئینگلیزی و عەرەبی و زمانەکانی تر دێن.




**8-زانیارییەکانی کوردپیدیا لەکۆیوەیە و سەرچاوەکانتان لەکوێوە بەدەستدێنن؟**

وەڵام:

پێشتر کەمێک لەسەر سەرچاوەکان دووام، من پێشتر زۆر شتم کۆکردبووەوە، جگە لە داتابەیسی هاوڕێنامە، کە رۆژانە گەورەتر دەبوون، هەر تۆمارێکی تر دەربارەی بیۆگرافیای

کەسێک، شارێک، شوێنێک، شەهیدێک، ئەنفالکراوێک، پەڕتووکێک، بڵاوکراوەیەک و هتد.. دەبنە سەرچاوە بۆ کوردیپێدیا. ئەم سەرچاوانەش یان لەسەر ئنتەرنێت بەدەستدەهێنرێن، یانیش لەلایەن میوانەکانی کوردیپێدیا و نووسەرانەوە بۆ کوردیپێدیا دەنێردرێن..

سەردەرانی کوردیپێدیا، بە ئاسانی دەتوانن بەهۆی فۆرمێکی سەر ماڵپەڕەکە چییان بوێت بیگەیەننە دەستی کوردیپیدیا، یاخود لەڕێی ئیمێڵی فەرمیی کوردیپێدیا: contact@kurdipedia.org، یاخود ئیمێڵی هاوکارانی کوردیپێدیا، کە هەموویان لەسەر ماڵپەڕەکە لە لاپەڕەی هاوکاراندا هەیە..

سەرباری ئەمەش کوردیپێدیا خاوەنی چەند ئامرازێکی بەرنامەوانییە کە کاریان گەڕانە لەسەر نێت بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتانەی کە لە کوردیپێپدیادا نین، ئەم بابەتانە دەچنە خشتەیەکی نەبینراوەوە و پاش پوختەکردنیان، دەچنە خشتەی سەرەکییەوە و میوانەکان دەتوانن بیبینن..

ئێمە، هیوامان بە پرۆژەکەمان زۆرە و بە پرۆژەی هەموو کوردستانی دەزانین، بەردەوامیش دەبین لەکارکردن و دڵنیاشین کە لە کوردستان بنکەیەکی زۆر باش و کارمەندی زۆر شارەزا بەدەست دەهێنین و دەبینە رێکخراوێکی زانیارییەخشی قازانجنەویستی زۆر پرۆفیشناڵ..

لە ماوەی شەش ساڵدا، ٨٧ هەزار بابەت، ١٨ هەزار وێنە، ٥ هەزار زۆرتر پەڕتووک و زۆرتر لە ٢ هەزار فایلی پەیوەندیدارمان کۆکردووەتەوە، هەموو بابەتەکانمان پۆلێنکردووە، جگە لە پۆلێنەکان هەر بابەتێک Meta-Data مێتا-داتای تایبەتیی خۆیی هەیە تاوەکو بەهۆی گەڕانی وردەوە باشتر بابەتەکان گەڕانی تێدا بکرێت و راپۆرتی تایبەتی دروستبکرێت.. بابەتەکانمان زۆرتر و پوختەتر دەکەین و بەدڵنیاییەوە دەیگەیەنینە یەک ملیۆن بابەت لەسەر کوردستان و کورد، ئەوکات کوردیپێدیا دەبێتە زانکۆیەکی دیجیتاڵی ئازاد و ساناى کوردەواری.. دەبێتە داتابەیسی نەتەوەیەک..

هاوڕێ باخەوان
بەڕێوەبەری رێکخراوی کوردیپێدیا

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٣-١٢-٢٨

# ئاماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2013

ساڵی 2013 ساڵێکی پڕچالاکی بوو بۆ کوردیپیدیا، ئەم خشتەیەی خوارەوە، چالاکییە گرنگەکانی کوردیپێدیا ڕووندەکاتەوە، بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2014 چالاکیی زۆرتر و خزمەتی گەورەتر بە بەکارهێنانی بکات:

| **جۆری چالاکی لە ساڵی 2013** | **ژمارە** |
|---|---|
| تۆمارکردنی بابەتی نوێ | 13,244 |
| تۆمارکردنی وێنەی نوێ | 3,469 |
| تۆمارکردنی پەڕتووکی نوێ | 1,349 |
| چاککردنەوەی بابەت | 47,517 |
| تۆمارکردنی فایلی پەیوەندیدار | 2,706 |
| دابەزاندنی پەڕتووک | گەییشتە 116,812 جار |
| ژمارەی سەردانەکان | 1,227,924 |
| ژمارەی ئەو بابەتانەی لەلایەن میوانەکانەوە نێردراون و کوردیپێدیا بەباشی زانیون تۆماریان بکات | 39 |
| ژمارەی ئەو بابەتانەی لەلایەن میوانەکانەوە راستکراونەتەوە و کوردیپێدیا راستکردنەوەکانی بەباش زانیون | 52 |
| ژمارەی ئەو وێنانەی لەلایەن میوانەکانەوە نێردراون | 100 |
| ژمارەی ئەو پەڕتووکانەی لەلایەن نووسەرانەوە پێشکەشی کوردیپێدیا کراون | 134 |
| ژمارەی هاوکارە چالاکەکانی کوردیپێدیا | گەییشتە 20 هاوکار |
| ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە | زۆرتر لە 130 وڵات |

| | |
|---|---|
| ماڵپەڕی کوردیپێدیای تێداکراوەتەوە | |
| ژمارەی زمان و شێوەزمانەکانی کوردیپێدیا | 19 زمان و شێوەزمان |
| تێکڕای ژمارەی کلیکی بابەتەکانی کوردیپێدیا گەییشتە | گەییشتە 22,634,000 |
| ژمارەی کلیکی بابەتەکانی کوردیپێدیا بۆ هەر خولەکێک گەییشتە | 8 |

سەرباری ئەو چالاکییانە، لە کۆتایی ساڵی 2013دا کوردیپێدیا بووە ڕێکخراوێکی فەرمی لە باشووری کوردستان و لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمەوە تۆمارکرا.

بەهیوای ساڵێکی ئاسوودە بۆ کوردستانییان و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زۆرتریش بۆ کوردیپێدیا.

http://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org

هاورێ باخەوان، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کوردیپێدیا
01-01-2014
لاهای – هۆڵندا

# ڕووداوەکانی سەیسایەق و دوو سەرنج![1]

دەمێک بوو سەیسایەقم نەدیبوو، ساڵی پار لە گەشتێکمدا بۆ هەڵەبجە، بەوێدا تێپەڕیم. دوو شت زۆر سەرنجی ڕاکێشام، یەک پەیکەری ئەو دوو منداڵەی کە ساڵانێک لەمەوبەر لەسەرمادا ڕەقبوونەوە و دووەم ئەو چەمە وشکەی ناو شارەکە کە بووبووە زبڵدان و پڕ بوو لە شووشە و پلاستیک و زبڵی تر کە دیمەنێکی زۆر ناشرین و ناشارستانیی دابوو بە شارۆچکەکە.

سەرباری داگرتن و وێرانکردنی ئەم شارۆچکەیە لەلایەن بەعسەوە، پەیکەری ئەو دوو منداڵە ئەوەمان پێدەڵێن کە خەڵکی ئەم شارۆچکەیە چەند مەینەتییان چەشتووە، زبڵی ناو چەمەکەی سەیسایەقیش ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم شارۆچکەیە چەند فەرامۆشکراوە!

وێنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی سەیسایەقیش ئەوەی پێگووتین کە بەڕاستی ناکرێت و نابێت پاش بیست ساڵ زۆرتر لە فەرمانڕەواییی کورد، هێشتا جادەی سەرەکیی ئەم شارۆچکەیە لە هەزار لاوە ئاوی بارانی تێدا بوەستێت!

هەربۆیە بەڕەوای دەبینم کە خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بێنە سەر شەقامەکان و دەنگی خۆیان بگەیەنن بە خاوەن بڕیارەکان، تاوەکو کەمێک گوزەرانیان باشتر بکەن و شارۆچکەکەشیان بەر بەزەییی پلانی خزمەتگوزارییەکان بکەوێت..

---

1 بەداخەوە ئەم بابەتە ڕۆژی 07-01-2013 لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 6274، لاپەڕە 15 بەناوەڕۆکێکی هەڵەوە بڵاوکرایەوە، تەنها سەرباس و وێنەی نووسەر بڵاوکرابووەوە و باسێکی تری بەهەڵە خرابووەژێر.
هەمان بابەت لەسەر ماڵپەڕی کوردستانی نوێشدا هەر بەهامان هەڵەوە بڵاوکرایەوە بڵاوکراوەتەوە!.
پاشان هەمان وتاریان بەڕاستکراوەیی لە ژمارە 6276ی ڕۆژی 09-01-2014، لە لاپەڕە 5دا بڵاوکردەوە و ئەم تێبینییەشیان لەژێردا نووسیبوو:
**لەم بابەتەی هاوڕێ باخەوان-دا بەهۆی هەڵەیەکی هونەری و کەمتەرخەمی موحەریری لاپەڕەی (سەکۆی ئازاد)ەوە، مەتنی بابەتێکی دیکە لەجیاتی بابەتەکەی نووسەر بڵاوبۆتەوە، لەگەڵ داوای لێبووردن لەنووسەری بەڕێز و خوێنەران بەپێویستمان زانی بابەتەکە بڵاوبکەینەوە.**
هەروەها لەسەر ماڵپەڕەکەشیان هەمان وتاریان بەڕاستکراوەیی بڵاوکردەوە.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دوو داواکاریی سەیری خۆپیشاندەران بوون! یەکەمیان داواکردنی کردنەوەی زانکۆ لە سەیسایەق و دووەمیان دژی ئەوە بوون کە سەیسایەق بخرێتە سەر پارێزگای هەڵەبجە!

بۆ یەکەمیان دەڵێم، نابێت و ناکرێت لە هەر شارۆچکە و شارەدێیەکی کوردستان زانکۆ و پەیمانگا بکرێنەوە! ئەمە تەنانەت لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی خۆرئاواشدا نییە! تێناگەم ئەگەر زانکۆ لە سلێمانی، هەڵەبجە و گەرمیان هەبن، ئیتر دەبێت چ پێویستییەک بۆ کردنەوەی زانکۆ هەبێت لە شارۆچکەیەکی وەک سەیسایەق کە زۆر لە سلێمانی و هەڵەبجەوە نزیکە! ئێمە تەنانەت لە زانکۆ کۆنەکانی وەک سلێمانی و هەولێریش کێشەی ئاستی زانستی و مامۆستای بەئەزموونمان هەیە، ئیتر بەو ئاستە زانستییە خراپەوە چۆن دەکرێت زانکۆی تر بکرێنەوە، مامۆستای زانکۆمان هەیە کە دوو ڕستە لەو زمانە بێگانەیە نازانێت کە دکتۆراکەی پێ وەرگرتووە، ئیتر زانکۆی چی!

دەکرا ئەم داواکارییەی یەکەم بەو شێوەیە بوایە کە خوێندکارانی سەیسایەق لە زانکۆکانی تردا گرنگیی باشتریان پێبدرێت و ڕەوشی بەشە ناوخۆییەکان باشتر بکرێت نەک کردنەوەی زانکۆیەکی کەم ئاست لە ڕووی زانستییەوە!

شارۆچکەی سەیسایەق، بەو پێیەی کەوتۆتە ناو دەشتی شارەزوورەوە و مەڵبەندی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، دەکرا داواکەیان بۆ ئەوە بووایە کە پەیمانگایەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بکرێتەوە بۆ پێشکەوتنی ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری نەک زانکۆ!

زانکۆ، وشەیەک و لێپرسراوییەکی زۆر گەورەیە لە زۆر ڕووەوە، گومانم هەیە کە داواکارانی بەتەواوی تێیگەیشتبن! کار واپرواتت دانیشتووانی شانەدەری و ناڵپارێز و ئەوانی تریش داوای کردنەوەی زانکۆ دەکەن!.

بۆ داواکاریی دووەمیان دەڵێم، شارۆچکەی سەیسایەق، سنووری بە هەڵەبجەوەیە، زۆرجاریش ناوی سەیسایەق لەگەڵ هەڵەبجەدا دێت. دەبێت نهێنیی ئەوە چی بێت کە سەیسایەق لەسەر سلێمانی بمێنێتەوە و نەخرێتە سەر هەڵەبجە!

راستە سلێمانی لە هەموو روویەکەوە بەراوورد ناکرێت لەگەڵ هەڵەبجەدا، بەڵام دیارە داواکارانی بیریان چووەتەوە کە ئەوان دەخرێنە سەر بەناوبانگترین شاری کوردستان! بەهۆی ئەو هێرشە کیمیاییەی کە ساڵی ١٩٨٨ کرایە سەری!

ئەم داواکارییەی دووەمیان زۆرتر سیاسییە و پەیوەندیی بە حیزبە ئیسلامییەکانەوە هەیە! وەک دەزانین ئەوان لە ناوچەی هەڵەبجەدا یەکەم بوون و تاوەکو حیزبە نائیسلامییەکان بەم شێوەیەی ئێستایان رەفتار بکەن، هەر واهی دەمێنێتەوە، بەخستنەسەر شارۆچکەی سەیسایەق بۆ سەر سنووری پارێزگای هەڵەبجە، بۆ ئیسلامییەکان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ پێکنایەت، چونکە لە سەیسایەقیشدا هەر پێشەنگ بوون و بۆ ئەوان گۆڕانکاری لە هەڵەبجەدا دروستناکات! بەڵام ئەوەی کە ئەوان خەمی بۆ دەخۆن کەمکردنەوەی دەنگی ئیسلامییەکانە لە سنووری پارێزگای سلێمانی کە بە داپرانی ئەم شارۆچکەیە، دەنگەکانیشیان کەم دەبێتەوە! هەربۆیە داواکارییەکی لەم جۆرە بە دووری دەزانم لە خواستی راستەقینەی خەڵکی شارۆچکەکە بێت و ئەجێندای ئیسلامی و لەوانەیە ئێرانی و تورکیشی لەپشتەوە بێت!

کارەساتە، پاش ئەو هەموو ساڵەی فەرمانڕەوایی کورد، رەوشتی گوزەرانی شارۆچکەیەکی وەک سەیسایەق بەو شێوە خراپە بێت! هەربۆیە بەهەموو شێوەیەک دانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە مافی خۆیانە کە دەنگی ناڕەزاییان بەرزبکەنەوە و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن.. بەڵام دەبێت داواکارییەکانیان لە سنووری لۆژیکدا بمێنێتەوە، هەربۆیە هیوادارم کە بەو دوو داواکارییانەیاندا بچنەوە و دەستەڵاتیش دەبێت زۆر بەوردی گرنگی بە داواکارییەکانیان بدات و چیدی بە گوللە وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی نەداتەوە..

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٤-٠١-٠٥



# رووداوەکانی سەی سایەق‌و دوو سەرنج!

هاوری باخەوان

دیارە داواکارانی بیریان چووەتەوە کە ئەوان دەخرێنە سەر بەناوبانگترین شاری کوردستان، کە لەساڵی ١٩٨٨ هێرشی کیمیایی کرایەسەری!

## دۆستی ئاودانیو دوژمنی گەندەڵییە

## درێژکردنی دەستی تۆمەت

## لەجیاتی لێپرسینەوە، رەخنە دەگرن!

# کەناڵ



گەورەم هێمن، کاتی خۆی تۆ
سنوورت ناونا بستوولکە!
ئێستا سنوور بستێک نییە
ئێستا سنوور کەناڵێکە قووڵ و بەرین!
ئەملاولاشی بەرزە و گڵین!

جاران سنوور نەدەبینرا
زۆر زۆر لێرە، یاخود لەوێ
دڕکێک، سمێک نیشانی بوو،
بەڵام ئێستا لەدوورەوە
بەدرێژایی دڵی هێمن
بەئاسانی دەردەکەوێ..

ئەوەی ئەوسا هی دوژمن بوو
ئەوەی ئێستام لەخۆمانە و دژخۆمانە!
گەورەم ئێستا، گەر جەنابتان لە ژیاندا بمانایە

دەبوو لەسەر ئەو شەفەڵ و حەفارانەی سەر سنووری رۆژاوامان
چۆن و بەچی دەردە دڵت هەڵڕشتایە!

سەردەمی تۆ، بۆ بینینی خۆشەویستان
گران نەبوو ئاودیوی بستوولکە بیت
بەڵام ئێستا ئەستەم بووە ببەزێنیت!
دڵنیام لەجیاتی بستوولکە، لەدوا دێڕی شیعرەکەتدا ئەتۆ
دەتگووت:
تۆی لە من دوور کرد و منی لە تۆ دوور
ئەو کەناڵەی کە خۆمان کردمانە سنوور!

گەورەم هێمن:
خەونی ئێوە لابردنی دڕکەتێل و بۆردەکانی سنوورمان بوو
خەونی هاوڕێت ئاسان نییە!
من سەرباری ئەوانەی تۆ، کەناڵیشم بۆ زێدە بوو!

٢٠١٤-٠٤-١٨

# (منداڵی ون)



برام پەشێو،
من نازانم ئەم رۆژانە تۆ وای لە کوێ و
بەچییەوە گرفتاری!
تکا و تکا، وەرە دەنگ و وانەکانت بکە سێزدە!
بەس ئەمجارە بە کۆ مەدوێ و تەنها و تەنها رووت لە یەککە!
تەنها و تەنها وانەی سێزدەت بۆ منداڵە بێناوەکەی ئەم
کۆستەمان تەرخان بکە..
پێویست ناکات خۆت ماندووکەی!
هەر هەمان کەرەستەی دوازدە وانەی رابردووتان وەگەڕ بخە!
بەس ئەمجارە تفی زەردی وانەی پێشووت لە خۆمانە بۆ
شەنگالە
رەنگی پۆستاڵ رووی خۆمانە! پۆستاڵ لەپێ بووەتە نەعل و
دەروازەکەش زوممارە!
لەم وانەیە، فێرمان بکە
شەڕڤانی ون هەر سەرباز نین!
بەڵکو ئێستا بەهۆی ئەزموونی دەیان ساڵەی باشوور

مندالّی ونیش کەوتە سـەر خەرمانی دەوڵەمەندی پێشـمەرگە!
٢٠١٤-٠٨-٣٠

# منیش چاڕلیم




لە فەڕەنسا، نزیکەی هەزار و حەوت سەد مزگەوت هەیە! لە بەرامبەردا لەو جەزائیرەی کە نیشتمانی هەردوو کواشییە، تەنها پێنج کڵێسە هەیە! لە راستیدا چوار، چونکە ساڵی پار یەکێکیان رووخاند!.

لە فەڕەنسا، رۆژی هەینی کە موسوڵمانان نوێژ دەکەن، ئەوەندە زۆرن لەسەر جادەکانیش بەڕماڵ دادەخەن و جادەکان دەگرن! لە بەرامبەردا لە جەزائیر ساڵی پار قەشەیەک لە دەرەوەی کڵێسەیەک نوێژی کردبوو، سزایاندا و بەپێی یاسای شەریعە قەدەغەیانکرد.

لە قوتابخانەکانی فەڕەنسا، ملوانکەی خاچ و هەر هێمایەکی تر بەپێی یاسا قەدەغەیە، تەنها بۆ ملوانکەی ئەڵڵا و محەمەد و هێما ئیسلامییەکان نەبێت کەس هیچ ناڵێت!. بەڵام دەزانم لە جەزائیر نەک بەپێچەوانەوەیە، بەڵکو کوشتنیشی لەسەرە..

هەر لە هەمان قوتابخانەکانی فەڕەنسادا، بەپێی یاسا خواردنی قوتابیی موسوڵمان و ناموسوڵمان جیاوازە، هی موسوڵمان بەرازی تێدا نییە و هی ئەوانی تر خواردنی ئاساییە..

کەچی عەرەب هەر ناڕازییە! هەر بۆیە منیش چاڕلیم..

٢٠١٥-٠١-١٣

# گفتوگۆیەک لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنییەکان و "رۆڵ"ی جاشە کوردەکان تێیدا![1]

هاوڕێ باخەوان ٢٤-٠٤-٢٠١٥:
لەیادی ١٠٠ ساڵەی جینۆساید ئەرمەنەکان، وەک کوردێک داوای لێبووردن لە گەلی ئەرمەن دەکەم کە کۆمەڵێک جاش و سوارەی حەمیدییەی کوردی هاوزمانی من، بەفیتی تورکە عوسمانییەکان بەشدارییان لەو کۆمەڵکوژییەدا کرد.. بمبوورن ئەرمەنییەکان..

خەسرەو حەمە کەریم:
بەهیوام کوردە رەگەزپەرستەکانی وڵاتی من، بەدلێکی گەورەوە ئەم هەلوێستە ئینسانییەت لێ وەربگرن.

عاسی گەرمیانی:
خەمت نەبێ ئێستاش ئەوانەی ئامادەن شەڕی خۆمان بەخۆمان بکەن سەدەها ئەوەندەی سوارەی حەمیدییەکانن.

رێبین رۆستەم:
بەداخەوە هەمشە جاشەکان مێژووی ئەم گەلە پاکە پیس دەکەن..

حەیدەر هەمەوەند:
کاک هاوڕی باخەوان تۆ کەسێکی تێگەیشتویت بەداخەوە کە خوێندنەوە و هڵسەنگاندنت بۆ ئەم بابەتە نەکردووە . مەسەلەی قەتڵوعامی ئەرمەن ئەجێندایەکی سێ سەد ساڵەی لە پشتە واتە لە زەمانی پیتەری تزاری روسیا . مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزە و

1 لەپای ئەو لێبووردنەی مندا، گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر پەیجی فەیسبووکم لەلایەن چەند بەڕێزێکەوە روویدا. گفتوگۆکانم بەپێویست زانی بۆیە لێرەدا بڵاومکردەوە.

لە راستیدا پیلانێکی درێژخایەنە لە دژی گەلی کورد لە باکووری کوردستان .
https://www.facebook.com/zhwan.dilshad1/posts/10204051317471943?fref=nf&pnref=story

ژوان دڵشاد:
ئایا کورد پێویستە داوای لێبوردن لە ئەرمەن بکا یان بە پێچەوانەوە؟
هەموو ساڵێك ئەرمەنەکان لە ٤/٢٤* یادی کارەساتێك دەکەنەوە و ناویان ناوە جینۆسایدی ئەرمەنیەکان. لە سەروبەندی یادی سەد ساڵەی ئەوەی بە ناوی کۆمەڵکوژی ئەرمەنی ناونراوە، داوا دەکرێت کە گەلی کورد داوای لێبوردن لە گەلی ئەرمەن بکا چونکە گوایە باوباپیرانمان دەستیان هەبووە لەو (کۆمەڵکوژیە). پێشتریش چەندان سیاسەتمەدار و نووسەر و ڕۆشنبیری کورد بە ناوی کوردەوە داوای لێبوردنیان لە گەلی ئەرمەن کردووە.
بۆ زانینی بنج و بناوانی مەسەلەی ئەرمەن و کێشەی بەردەوامیان لەگەڵ کورد، وا باشتر و بەسودترە بەکورتی بە ناو مێژوویدا گوزەر بکەین.
ئەرمەنەکان لە ساڵانێکی کۆنەوە لە ناوچەی کوردستان لەگەڵ کوردەکان ژیاون، هەرچەندە ئەوان مەسیحی و کوردیش موسلمان بوون، بەڵام هیچ کێشەیەکی جددی لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیە نەبوو. لە سەردەمی دەولەتی عوسمانیش دا ئەرمەنەکان لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکان بە سەربەستی ژیانیان بەسەربردووە.
پاش لاوازبوونی دەولەتی عوسمانی لە سەدەی ١٩، ڕووسیای قەیسەری گەیشتە ئەو سنوورانەی کوردستان. ڕووسیا تەماعی لەو ناوجەیە کردبوو. باشترین کارتیش بە دەستی ڕووسیا ئەرمەنەکان بوون. دیارە هۆکاری دینی بیانوویەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو دەست تێوەردانە. چەند سەرکردەیەکی ئەرمەن بە چڕی کاریان بۆ ڕووسیا دەکرد. هانی گەلی ئەرمەنیان دا بۆ شۆڕش کردن دژ بە دەولەتی عوسمانی. ئەو ناوجانەی کە ئەرمەنەکان بە فیتی ڕووسیا داوایان دەکرد تەواوی کوردستانی تورکیا (باکوور) ی ئێستای دەگرتەوە. حاجی

قادری کۆییش لە شیعرێکی ناوازە لە ساڵانی** ١٨٧٠کان دەفەرموێ:

خاکی جەزیرە و بۆتان،یەعنی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
وا ڕێگاتان دەبەسترێ ئێلاتی جاف و بڵباس
گەر مردن لە گەرمیان مەمنوعە بچنە کوێستان
کامی کچ و هەتیوی شیرین بی ڕایدەکێشن
هاوار دەبەنە بەر کێ پەشمە دەخیل و ئەمان
مەسجد دەبێتە دێرە و ناقوسیان موئەززین
مەتران دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە رەهبان
هیچ غیرەتێك نەماوە سەد جار قەسەم بە قورئان
پەیدا بێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە کوردان
سەرتان لە قوڕ هەڵێنن، ئەحواڵمان ببینن
چۆنن لە دەستی زوڵمی بێ دینی دوور لە ئیمان
والله ی ثم بالله تالله ی ئەم بەڵایە
هەر هێندەی پی دەزانن ئیقلیمی کردە تۆفان
تۆفانی ئەو نییە هیچ دەرچێ لە کێوی جودی
بەحری تفەنگ و تۆپە، ئینسان و بەحری عوممان
هەر ئێستاکە وەهایە مەگەر خودا بە سووکی
تێکیان بدا وە ئیلا دوورە لە عەقڵی ئینسان
هەرچی وەکو بەیانم بۆ کردن بە تەحقیق
پەیدا دەبن سەگانە، کام قوڕ بکەین بە سەرمان
لەو بەینە ئیتتفاقی پەیدا بکەن بە مەردی
فەرقی نەبی شوان و جووتیار و میر و گاوان
...... ***

دەبینین حاجی مەزن هەر لە ساڵانی ١٨٠٠کان (سەدەی ١٩) هەستی بە خەتەری ئەرمەنەکان کردیە کە کو دەیانویست کوردستان داگیربکەن. دیارە ئەو بەزمەش بە فیتی ڕووسیای قەیسەری بووە. ئەوەی جێی داخە سیاسەتمەداری ئێستای کورد نەک هەر درک بەو راستیانە ناکەن، بەڵکو هێندە مل شۆڕ و موونەرمن بەرامبەر بێگانە، کە خەریکە کورد بکەنە تاوانباری سەرەکی لەو بە ناو کۆمەڵکوژیە.

کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم ڕوویدا لە ساڵی ١٩١٤، ئەرمەنەکان دەستیان لە کوردەکان نەدەپاراست. وەکو دڕندە بە

ناو گوندە کوردەکان کەوتبوون. تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتاند. حزبی ئیتحاد و تەڕەقی کە ئەو کاتە حاکم بوو، بەرپەرچی ئەرمەنەکانی دایەوە. دیارە نەك لەبەر خاتری کورد، بەڵکو لەبەر ئەوەی کوردستان بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و ئەو ناوجانەی کە ئەرمەنەکان داوایان دەکرد ناوجەی ستراتیجی بوون بۆ دەوڵەت.

ساڵی ١٩١٥ حکومەتی ئیتحاد و تەڕەقی پڕیاری راگواستنی ئەرمەنەکانی دا. هەروەک وتم پێشتر چەتە ئەرمەنەکان دەستیان نە لە سەربازانی دەوڵەت و نە لە خەڵکە مەدەنیەکە (کە دیارە زۆرینەیان کورد بوون) نەدەپاراست. ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا وەك پیشەی هەمیشەییان بە هیچ شێوەیەك باسی کۆمەڵکوژیەکانی ئەرمەن ناکەن بەرامبەر بە هاوڵاتیانی کوردی مەدەنی. تەنها باسی ئەو چەکدارە کوردانە دەکەن کە یارمەتی دەولەتیان دا بۆ کوشنی ئەرمەنەکان. لە کاتێکدا کورد دەولەتی نەبوو بەلکو لە لایەن دەوڵەتەوە هان دەدران. هەروەها بەشداریکردنی زۆر لەو کوردانە لە کاردانەوەی کارە تیرۆریستیەکانی چەتە ئەرمەنەکان بوو بەرامبەر عەشیرەتە کوردەکان.

ئەوەی جێی سەنجە لەگەڵ ئەو بارودۆخەش کوردێکی زۆر دڵفراوانیان نواند بەرامبەر ئەرمەنەکان، یارمەتیان دان بگەنە سوریا و لوبنان و شاردنیانەوە لە لای خۆیان، بەلام بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو مرۆڤدۆستیەی کورد ناکرێ.

بە هەرحاڵ بە گوێرەی هەموو ڕاستیە مێژووییەکان هەر دوولا لە یەکتریان کوشتوە و ماڵی یەکتریان تاڵان کردووە و سووتاندووە. کەچی جێی داخە کوشتاری ئەرمەنەکان وەک جینۆساید دەناسێندرێ بە پێچەوانەی کوشتاری کوردەکان کە کەس باسیشی ناکا. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە چەندان سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر ( لە ڕاستیدا مێکێشی کورد وەکو کاك علي سيريني گۆتەنی) داوا دەکەن بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە ئەرمەنەکان بکرێ بێ ئەوەی هەمان داوا لە ئەرمینیا بکەن. وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا داوای زەوی و زار و خاکی (ئەرمەنەکان) دەکا لە (ئەرمینیا ڕۆژئاوا) کە ئەرمەنەکان ئەو تێرمە بۆ کوردستانی تورکیا بەکاردەهێنن. بینە بەرچاوت تاکو ئێستا ئەرمەنەکان خاکی کوردستان بە بەشێك لە خاکی

ئەرمینیا دەزانن هەروەك حاجی مەزن فەرموویەتی. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕە نەزاندراوەکەی حاجی قادر کە کورد هێندە بی وەفایە هەتا ئێستا کەس نازانی گۆڕەکەشی لە کێندەرە پاش ئەو هەمووە خزمەتەی کە بە کوردی کرد. لە وکاتە زووە هەستی بەو مەترسیە کرد و کوردی لی ئاگادار کردەوە کەچی تازە بە تازە کاکی سیاسەتوان و فەریکە ڕۆشنبیر ملی بەرامبەر ئەرمەنەکان و رۆژئاوا شۆڕکردیە، بە زەلیلی کورد خەتابار دەکەن لە مەسەلەیەك کە کورد تییدا قوربانی یەکەم بووە.

لۆ زانیاری خوێنەران سەرەرای ئەوەی کە ئەرمەنەکانی کوردستان خاوەنی هەموو مافێکن لە هەرێمی کوردستان، ئەندام پەڕلەمانی خۆیان هەیە و خویندنگەی تایبەتی و جەندان خزمەتگوزاریی کەیان هەیە، کەچی لە ئەرمەنستان مافی کوردان بەردەوام پێشێل دەکری، تەنانەت بە هاندانی حکومەتی ئەرمینیا ئێزیدیەکان لە نەتەوەی کورد جیاکراونەتەوە لە ئەرمینیا. لۆ خویندن و مافە ڕۆشنبیریەکانی کوردیش هەر مەپرسە !

* بڕیاری کۆچپێکردنی زۆرەملێی ئەرمەنەکان لە مانگی مەی ١٩١٥ دەرچوو، بەلام ئەرمەنەکان بۆ مەبەستێکی سیاسی ڕۆژی ١٩١٥/٤/٢٤ یان بە یەکەم ڕۆژی یادەکە هەلبژاردووە.

** بە داخەوە نەمزانی حاجی مەزن کەی ئەو شیعرەی نووسیوە، بەلام بێگومان پاش پەیماننامەی سان ستیڤانۆ بوو لە سالّی ١٨٧٨ کە دەولەتە ئەوروپیەکان بەسەر دەولەتی عوسمانییان سەپاند بۆ دامەزراندنی دەولەتی ئەرمەنستان لە سەر خاکی کوردستان !

***تکایە بۆ خوندەنوەی تەواوی شیعرەکە تەماشای ئەو لنکە بکە

http://www.pertwk.com/pdf/haciqadikoye.pdf

هاوڕێ باخەوان:

کاک حەیدەر، سوپاس بۆ کۆمێنتەکەت، بەڵام من تەنها بەناوی خۆمەوە داوای لێبووردن لە ئەرمەنییەکان دەکەم و دەمڕاستی کەسیش نیم.. ئەوەش لەو پەڕی قەناعەت و خوێندنەوەکانمەوە هاتووە.. سوپاس..

بەشـداریکردنی سـوارەی حەمیدییە لەو کۆمەڵکوژییەدا بەڵگەنەویستە و نابێت پاکانە بۆ ئەو چاشـانە بکرێت...

حەیدەر هەمەوەند:
کاک هاوڕی باخەوان کورد کیانی قەومی خۆی نەبووە و بوونی چەکداری کورد لەڕێزی سوپای وولاتانی تر پاسـاو نییە بۆ تاوانبارکردنی کورد وەک نەتەوە چونکە لەم حاڵەتاندا پڕیاری شـەڕ و ئاشـتی لە دەسـت کوردا نەبووە

هاوڕێ باخەوان:
کاک حەیدەر، من لەگەڵتام و راسـتدەکەی.. بەڵام سـوارەی حەمیدپیەی کورد بەشـدار بوون و بەداخەوە..
هەڵبەت تورکە عوسـمانییەکان بەتەنها تاوانبار نین، بەلکو ئەڵمانیا و هەندێک دەوڵەتی تر لەو کۆمەڵکوژییەدا تاوانبارن...

حەیدەر هەمەوەند:
سـەیر بکە ئەرمەنیەکان هەمیشـە دەڵێن ئێمە قەتڵوعام کراوین لەبەر ئەوەی ئێمە مەسـیحین بەڵام ئەم کەسـایەتیە ئەرمەنیە ئێرانیە دەڵێت ناشـیونالسـیتی تورک لێپرسـراوە لە قەتلوعامی ئەرمەن .
کاکە هاوری بەڵام من هەمیشـە رێزم هەیە بۆ تۆ و لەم هەڵوێسـتەت تێ دەگەم کە لە هەندێک وولاتی ئەوروپی کە بانگەشـەی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین دەکەن قانونیان داڕشـتووە بۆ بە تاوانبار ناسـینی ئەو کەسـانەی کە نکۆڵی لە قەتڵوعامی ئەرمەن یان جولەکە دەکەن . بەڕاسـتی من ئەو وولاتانە بە کۆمەڵێک وولاتی فاشـیسـت دەزانم .

هاوڕێ باخەوان:
کاک حەیدەڕ گیان ئەوە دوو باسـی زۆر جیاوازە و من لەوەیاندا لەگەڵتدام و زۆر باش لە مینتاڵیتیی ئەوان تێگەیشـتووم، بەڵام راسـتییە ئەوەیە ئێمە خۆمان بکوژین و ببڕین سـوارەی حەمیدییە بەشـدار بووە لەو کۆمەڵکوژییەدا هەروەک چۆن فەوجە سـوکەکانی باشـوور بەشـداربوون لە تاوانی ئەنفالدا..

هەڵبەت تاوانباری یەکەم و سەرەکی تورکە عوسمانییەکانن لەم کۆمەڵکوژییەدا کاک حەیدەر پاشان ئەوانی تر دێن و بەداخەوە کەمە پشکێکی ئێمەشی پێوەیە..

حەیدەر هەمەوەند:
کاکە هاوڕی لەسەرەتادا سوپای روسیا و ئەرمەنیەکان هێرشیان کردۆتە سەر باکووری کوردستان و لە رۆژئاواشەوە بەریتانیا فەرەنسا هێرشیان کردۆتە ناوچەی چانەقەڵا نزیک ئەستەنبول . واتە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەجێندایە پەلامارێکی سەربازی نەخشەبۆ کێشراو جێ بەجێ کراوە بۆ غافڵکردنی عوسمانیەکان . هەر لەم پەلامارەی قۆڵی رۆژهەڵاتەوە سەرەتا ئەرمەنی و سوپای روسیا قەتلوعامی کوردیان کردووە کە بێگومان ئەوکات کوردیش وەک مافی رەوای بەرگری لەخۆکردن پەلاماری ئەرمەنی و سوپای روسیایان داوەتەوە.

هاوڕێ باخەوان:
کاک یاخی باشی بۆ چوویت، کورد هەردەم بەهۆی دین و ئیسلامەوە زۆر خراپ تێکەوتووە، ئێستاش شتێکی هەر لەو بارەیەوە لە باشووری کوردستان روودەدات..
کاک حەیدەر ئەوەی تۆ باسی دەکەیت راستینەی مێژوویین و من لە زۆر سەرچاوەدا بینیومە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سوارەی حەمیدییە ژنانی ئەرمەن لاقە بکەن! و موڵک و ماڵیان بۆ خۆیان بەرن.. بۆ زانیاریتان هەموو ئەو شارۆچکە و گوندانەی دەوروبەری گۆلی وان هی ئەرمەن بووە و بەهۆی ئەو رووداوانەوە ئێستا بوونەتە هی کورد!

حەیدەر هەمەوەند:
لەبەر ئەوەی کورد کیانی سیاسی خۆی نەبووە بۆیە بەهیچ شێوەیەک کورد تاوانبار نییە لە هەڵگیرساندنی شەڕ و بەرپرسیاریش نییە لە ئاکامەکانی

سالار قەراخی:
Salar Qeraxi Kaka Hawreh Bakhawan rasta Kurdi Musilmani xain armanyan zor kushtwa, wa bira kurdakay

xoshyn zor Kushtwa balam zurbay kurdi xawan Halwest .Armanyakanyan shardotawau hawkaryan kirdun

هاوڕێ باخەوان:
راستە، کورد تاوانبار نییە، بەڵام سوارەی حەمیدییە تاوانبارن و ئەوانیش کورد بوون. بەڵام کاک حەیدەر گیان کە ئێمە ئەنفالی خۆمان بکەین و دەیان ساڵ شەڕی براکوژی بکەین، ئەدی بۆچی ئەرمەن ناکوژین..

حەیدەر هەمەوەند:
کاک هاوری دان نان بە قەتڵوعامی ئەرمەن لێکەوتە و دەرەنجامی زۆر خراپی لیدەکەوێتەوە بۆ کورد . ئێمە پێویستە زۆر بە ووریایی مامەڵە لەگەل ئەم مەسەلەیدا بکەین . من زۆر دەترسم کە بەشێکی زۆری باکووری کوردستان داپرن و خەڵکەکەی قەتڵوعام و ئاوارە بکەن هەروەک جولەکەکان لە فەلەستین کردیان .
هەروەک لە نەخشەی ناشیونالیستە ئەرمەنیەکان دەردەکەوێت باکووری کوردستان ناونراوە ئەرمینیای رۆژئاوا . تەنانەت لە پەیمانی سیڤەر ئەم نەخشەیە پەسەند کراوە کە بەشێکی زۆر باکووری کوردستان دراوە بە ئەرمەنستان http://www.hri.org/docs/sevres/map1.html

هاوڕێ باخەوان:
کاک حەیدەر من لە ترسی تۆ تێدەگەم، بەڵام من هەزار ساڵی تر ئەو زەوییە ئەرمەنییانەی کە کورد لە کۆمەڵکوژییەدا دەستی کەوتووە بە کوردستانی نازانم، ئەوەیە کوردایەتیی راستەقینە بەلای منەوە..
سوپاس کاک یاخی، دیارە ئارام تیگرانی گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد-ئەرمەنی یەکێکە لەوانەی کە کورد رزگاری کردووە و دالدەی بنەماڵەکەیی داوە..
کاک حەیدەر ئێستاش کڵێسەکانی ئەرمەن لە ناوچەکانی گۆلی وان و بەرەو باکوور تا ئەرمەنستان بەپیوە ماون، ئەدی بۆ ئەمیان چ بڵێین!

حەیدەر هەمەوەند:
کورد هیچ زەوی دەست نەکەوتووە لە ئاکامی قەتڵوعامی ئەرمەن بەڵکو ئەم ناوچانە شوێنی بەیەکەوە ژیانی مێژووی گەلی کورد و ئەرمەن و گەلانی دیکەی قەفقاس بووە . ئێمە لەگەڵ ئەرمەنیەکان یەک ریشەی نەژادیمان هەیە . من چەند ساڵێک پێش ئێستا ووتارێکم لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕا بۆ کوردی سەبارەت بە DNA گەلی کورد و نزیکی نەژادی کورد . لەوێدا و لەزۆر شوێنی تریش جەخت کراوەتەوە کە ئێمە لە رووی جیناتەوە زۆر لە یەکتر نزیکین
من ناڵێم ئەرمەنی نەکوژراون بەڵکو لە هەموو گەلانی قەفقاس خەڵکانێکی زۆر کوژراون بەڵام بۆچی زلهێزەکان تەنیا ئەو کەیسانە دەوروژێنن کە ئەجێندایەکی خۆیانی لە پشتە . ئەدی قەتلوعامی کورد بە دەستی ئەرمەنی و سوپای روسیا. قەتڵوعامی کورد بە دەستی ئینگلیزەکان لە کاتی شۆڕشی شێخ مەحمود و رژێمی سەددام . قەتڵوعامی جەزائیریەکان لەلایەن فەرەنساوە و هتد

هاوڕێ باخەوان:
کاک حەیدەر، ئەگەر ئەو ناوچانە هەمووی پەرستگای زەردەشتی یان مزگەوتی کوردییان! لێبووایە وادەبوو، بەڵام بەردەکانی ئەو کڵێسانە خۆیان بۆ خۆیان دەدوێن، منیش دەزانم کورد و ئەرمەن بەشێوەیەک لە شێوەکان نزیک و دراوسێن، بۆ دی ئێن ئەی نازانم بەڵام بۆ ئێمە باشترە کە بە ئەرمەن بڵێین کۆمەڵێک جاشی کورد بە فیتی تورک بەشداربوون نەک بەتەواوەتی نکوڵیی لێبکەین.. دیارە ئەم گفتوگۆیە زۆر دەخایەنێت و سوپاسی راو و بۆچونەکانی جەنابتان دەکەم.. دیارە هیچ نەتەوەیکیش نییە نەخشی زیادەڕوەیی خۆیی نەبێت، ئێمە نەخشەی کوردستنمان هەیە سەرێکی لە قەزوێنە و یەکێکی تریشی لە گەرووی هورمز!

حەیدەر هەمەوەند:
زۆر سوپا س کاکە هاوری بیرو بۆچونەکانت هەمیشە لای من بەها و نرخی خۆی هەیە کە بەشێوەیەکی بێلایەنانە دەنوسیت و لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمدا

هاوڕێ باخەوان:
دەربارەی بەرژەوەندیی ئەو زلهێزانە من ١٠٠% لەگەڵتدام، بۆ ئەوەی بزانی من لەو بارەیەوە چۆن بیردەکەمەوە، هیوادارم کەمێک کات بەم نووسینەی من ببەخشیت:
http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=201011171028301
0761
کوردیپێدیا - رۆژی شۆرش یان رۆژی تیرۆر

حەیدەر هەمەوەند:
بەڵی کاک هاوری من چەندین ساڵ پێش ئێستا ئەمەم خوێندۆتەوە . دەستخۆش . زۆر گرینگە کە نووسەرانی دیکەی کوردیش تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەبێت نەک دید و بۆچوونی خەڵکانی تر بجوونەوە .هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم .

هاوڕێ باخەوان:
شتێکی ترم بیرکەوتەوە، ئەمڕۆ بێجگە لە ڕۆژنامەنووسانی کورد کە بەدوای سمتی کارداشیانەوەن، لاوگەلێکی زۆر لە جیهاندا خولیای خاتوو کیمن، ئەو لەم ڕۆژانەدا گووتی کوردیش بەشداربوون، ئەمە باش نییە بۆ ئێمە و دەبووایە ئێمە زۆر زووتر داوای لێبووردنمان بکردایە و بۆمان روون بکردنایەتەوە کە ئەوە کورد نەبووە بەڵکو جاشەکانی حەمیدییەی سەربە تورک بوون..
راستە کاک یاخی ئەوە پرۆژەیەکی سیستەماتیکی تورک بوو بە یارمەتیی کۆمەڵێک دەوڵەت، سەرەتا کۆمەڵکوژیی نائیسلام کە ئەرمەنی گرتەوە و پاشانیش کۆمەڵکوژیی ناتورک کە کوردی گرتەوە..
Hawreh Bakhawan
http://xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=35009&Jor
=1
بۆ کورد و بۆ ئەرمەنیش زۆر گرنگە پەرلەمانتارانی کوردستان واژۆ لەسەر بەجینۆسایدناساندنی...

حەیدەر هەمەوەند:

ئەم هەواڵەم خوێندەوە کە نوێنەری ئەرمەنیەکان وادەزانێت منداڵ هەڵدەخەڵەتێنێت و دەڵێت بۆ کورد باشە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان دان بنێت بە قەتڵوعامی ئەرمەن هەتا بڵێن کورد تیرۆریست نییە . سەیری عەقڵیەتی خەڵکان و وولاتانی بە ناو مەسیحی بکەن . وولاتی ئێمەیان دابەش کردووە بە سەر چوار پارچە و دەیان جینۆسایدیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە لە ئەمەریکا و ئوستراليا و ئەفریقیا هێشتا ئەوان بەخەڵک تر دەڵێن تیرۆریست ، بەڕاستی تیرۆریستی راستەقینە ئەو وولاتە دڕندە و خەڵەفاوانەن کە قەتڵوعامیان لەهموو قاڕەکانی دونیا ئەنجامداوە نەک میللەتێکی بێوەی وەکو کورد . کوردیش زۆر ساویلکەن چون خۆیان توشی شەڕی داعش کرد لە کۆبانی و شنگاڵ و هتد وەک ماستاوکردنێک بۆ زلهێزەکان تا ناوی کورد لە لسیتی تیرۆر بهێننە دەرەوە کەچی تا ئێستا سەرەرای ئەوەی هەزاران پێشمەرگە و گەریلا کوژران و بریندار بوون بەڵام ناوی کورد هێشتا لە لسیتی تیرۆرە.

جەعفەر ئیبراهیم:

کاک باخەوان ،کورد وەکو کورد، کیانی کورد ،کەسایەتی کورد ،پەرژەوەندی کورد، هەموو ئەوانەی وابەستەنە بە کوردی خاوەن باوەر، بەشداری نەکردوە لە جینوسایدی ئەرمەنەکان، بەلکو چەند جاشێک ،خۆفرۆشێک ،کە هەلبەت جاش یان مورتەزەقە، هیچ کاتێک نەک لەناو کوردان بەلکو لە ناو هەموو نەتەوەکان ئەوان تەمسیلی ناسنامەی میللەتەکەیان ناکەن بەلکو چەند بەکرێگیراوێکن بۆ مەرامی نەگریسی خۆیان بوون بە بەکرێگیراو، ئەی هەمان جاشی کوردی باشوور نەبوو لە ئەنفالەکان شان بەشانی عەرەبەکان خاک و نەتەوەی خۆیان ئەنفال دەکرد، بۆیە بەرای من کورد بە هیچ شێوەیێک بەشداری جینوسایدی ئەرمەنیەکانی نەکردوە

عوسمان جوامێر:

بەلام کورد خاوەنی بریار نەبوە، لەبەر ئەوە کورد هیچ گوناهێکی نیە لە قرکردنی ئەرمەندا، تورک خاوەن دەولەت و بریاردەری قرکردنەکە واتە جێنوسایدەکە بون، بەلام کورد

دەتوانێت وەکو نزیکترین شاهد دان بەو جینوسایدەی ئەرمەندا بنی کە بە دەستی تورک کراوە.

شێرکۆ هەژار:
Sherko Hejar sali 1915 ne Hamidiya hebu u ne . AlbdulHamid Sultan bu

هاوڕێ باخەوان:
سوارەی حەمیدییە ئێستاش لە باکوور هەر ماوە

شێرکۆ هەژار:
کاك یاخی گیان
چیلکە وەردان دە مێژووی وەحشیگەریی یەك ملیۆن ساڵی مرۆڤی سەر ئەستێرەی زەوی، بە میزاجی پرتەقاڵیی بەشێك لە خەڵکی ئێستا، حەتمەن بۆنی خۆش نادات . بەڵام جیاکردنەوەی باسی ئانترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجیی خەڵکی کوردستان لەوەی باقیی مرۆڤایەتی، باسەکە لە چوارچێوەی زانستی دەردەخات . ئەم کوردستانە، لە کۆتایی دوا قۆناغی- تا ئێستای- سەهۆڵبەندەوە دە هەزار ساڵێکە قەت ملی بۆ بێگانە نەداوە . ئەوجا، کوردستان بە حوکمی جوغرافیای، کە دروستکەری قەومی کوردە، لەلایەکەوە، قەت نەیهێشتووە هیچ بێگانەیەك حوکمی بکات و، لەلایەکی تریشەوە، تەبیعە تی جوغرافیایی وای بەسەردا سەپاندووە کە قەت یەك دوژمن نەتوانێت بەسەر هەموویدا زاڵ بێت تا ئەویش بەیەك دەست وەڵامی بداتەوە . لەلایەکی ترەوە، تاکتیکەکانی عە شیرەتان و ئەمارەتان لەگەڵ ئیمپراتۆرییانی هاوسێدا باری بە شێوەیەك شکاندووەتەوە کە نەتیجەی لەوەی ئەمارەتان و عە شیرەتانی ئەوروپا جیاواز دەرچێت ( میرانی یەزیدیەکان بەنموونە لەسەدەی شازدەوە بەرژەوەندی خۆیان لە دۆستایەتیی سوڵتانانی عوسمانیدا لە دژی سۆران دیتووە) .
سەرتاسەری مێژووی ئەوروپا پڕ بووە لە لەشکرانی سنووران لە قەومانی تر و، ئەوە " نەزم"ی قۆناغێکی سیاسیی دنیا بووە . ئەوجا، رووحی نەژادپەرستیی ئەرمەنییەکان لەدژی کورد، کە

چوونە کۆنگرەی بەرلین و داوایان کرد هەموو، هەر هەموو باکووری کوردستان

ببێت بە دەوڵەتێکی ئەرمەنی، بە بێ یەك ئۆتۆنۆمی بۆ گوندێکی کورد، کە وا ئاگری دە حاجی قادری کۆیی بەرداوە، نەدەکرا مەگەر هەر عە شیرەتانی کورد لە بەرژەوەندیی حەیاتییان بترسێنێت . ئەرمەنی خۆیان بە بەشێك لە لەشکری داگیرکەری رووسیا دادەنا بە بێ ئەوە کە رووسیا وایان دابنێت و ئەوە هەڵەیەکی گەورەیان بوو، کە باجەکەیان زۆر قورس دا . کێشەی پێوەندیی عە شیرەتان بە ئیمپراتۆران و قەومان و ئەهلی ئاینانی ترەوە ئێجگار زۆڕ لەو ریزکردنە بێ ویژدانییە عاتیفییەی دەرەوەی زانستی مێژوو ئاڵۆزترە .

هاوڕێ باخەوان:

Hawreh Bakhawan

http://xendan.org/dreja.aspx?=hawal&jmara=35099&Jor=1

لاوێکی کورد تاجە گوڵینە لەسەر مۆنۆمێنتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان دادەنێت

# چارە، هەر دیواری کۆنکرێتییە!

دراوسێی خراپ کارەساتە، ئێمە چواردە سەدەیە لە باشووری وڵاتەکەماندا ئەم دراوسێ خراپەمان هەیە. ئەم عەرەبانە بە شیعە و سوننە و "چاک" و خراپیانەوە هەردەم خەریکی خوێنڕشتن و سەرپڕین وماڵوێرانکاری بوون بۆ خۆشیان و بۆ گەلانی دراوسێشیان. باوەڕناکەم هیچ نەتەوە و ئایینێک بەدرێژایی مێژوو لە رۆژێکدا سەدان خوێندکاری بەو شێوە دڕندانەیە کوشتبێت! وەک ئەوەی کە عەرەب لەم رۆژانەی دواییدا لە تکریت کردیان!.

هەرچی تیۆری سیاسی و چارەسەرە باوەکانی وەک فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵی و ئەوانی تر بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەم عەرەبانەدا لە قسەی قۆر زۆرتر هیچی تر نییە! سەرئەنجامەکەی هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ نا سبەی هەر سەرماندەبڕن.. ئەمە مێژووی ١٤ سەدەی تەواوی ئەم عەرەبانەی دراوسێمان بووە، بەرامبەر خۆشیان و ئێمەش.. کلتووری ئەمانە، کلتووری شمشێرە، بەبێ شمشێر ژیانیان نییە..

ئەی چار! من پێموایە وەک جوولەکانی هاودەردمان، دیوارێکی کۆنکرێتیی لەوەی ئەوانیش بەرزتر لەنێوان خۆمان و عەرەبدا دروستبکەین.. لەمە زۆرتر چارەمان نییە..

ئەم دیوارە تا رۆژێک زووتر بکرێت، چەند خوێنێک لە ئێمە کەمتر دەرێژرێت.. وابزانم چ لەلایەنی مادییەوە و چ لەلایەنی لۆجستییەوە توانای دروستکردنی ئەو دیوارەمان هەیە! ئەدی ناڵێن سلێمانی گەورەترین بەرهەمهێنەری چیمەتۆیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەدی کارگەی دروستکردنی ستیڵی هەولێریش یەک نییە لە کارگە گەورەکانی ستیڵی ناوچەکە..

هەرچی چارە هەیە بیخەنە کەنار، با هەموو هەوڵدەین بۆ دیوار..

بەهیوای دیوار..

٢٠١٤-٠٦-١٦

# کوردیپێدیا، سەربە پارتییە! یان یەکێتی؟ و بەپارەی کێ ئەمە دەکات و (عاید)ی کێیە!

زۆرجار ئەو پرسیارەم ئاڕاستەکراوە، ماوەیەکیشە هەمان پرسیار بە مەبەست یان بێ مەبەست لە کاک مانو بەرزنجیی هاوکارم دەکرێت، کە بەم دواداوابیە کارە خۆبەخشەکانی لە کوردیپیدیادا جێگای خۆشحاڵییە و گوڕێکی زۆر باشە چ بۆ من کە بەتەنیا نەبم و چ بۆ کوردیپێدیاش..

کوردیپێدیا، ساڵی 2008 تەنها و تەنها لەسەر ئەرکی بەندە دامەزرا، سەرەتا بەسادەیی دەستم پێکرد و پاشان گەشەی کرد، خۆشبەختانە هەر زوو چەند هاوکارێکم بۆ پەیدابوون و پێکەوە لە کارێکی تاکە کەسییەوە بووە کارێکی ناوکۆیی و بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارم کاک هەڤاڵ نەژاد، بوویشە ڕێکخراوێکی فەرمی لە کوردستان و لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا..

ئێستا کوردیپێدیا بووەتە خاوەنی زۆرتر لە سەد و ئەوەندە هەزار بابەت، دەیان هەزار وێنە و فایلی پەیوەندیدار بە بابەتەکانییەوە پەیوەست کراون، سەرباری ئەوەش بووەتە یەکەمین پەڕتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی کە ریپۆزیتۆرییەکەی زۆرتر لە شەش هەزار فایلی پی دی ئێفی پەڕتووکی دەربارەی کوردستان و کورد لەخۆی گرتووە..

ماڵپەڕەکەمان لە کایە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکاندا ئێستا باش ناسراوە، ڕۆژانە سەردانکەری زۆرمان هەیە و زۆرتر لە ملیۆنێک دۆکومێنت لەسەر ماڵپەڕەکەمان داونلۆدکراوە..

کارێکی لەم جۆرە لە کلتووری ئێمەدا ناکرێت و نابێت! بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، کلتووری ئێمە کلتووری (عاید بەکێیت)ە! و ئاسان نییە بتوانیت بەبێ ئەوەی سەربە هیچ لایەک بیت کارەکانی خۆت بەڕێوەبەریت!.. هەربۆیە من هیچ

گلەییەک لەو پرسیارکەرانە ناکەم، چونکە ئێستا پەیجەکانی فەیسبووکیش عایدی لایەنێکن و لەوەوە پروانە بۆ رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان..

کوردیپێدیا، عایدی هیچ لایەنێک نییە، هەر کاتێکیش کوردیپێدیا یەک فلس لە کەسێک یان لایەنێکەوە وەربگرێت لە بەشی کۆمەکدا بە بەڵگەی ناردنەکەیەوە بڵاودەکرێتەوە و هەموو کەسێک دەتوانێت سەیری ئەو لاپەڕەیە بکات.. کارەکانی ئێمە زۆر بێلایەن، ترانسپەرانت و پرۆفیشناڵە و تکایە وازمان لێبهێنن با بەردەوام بین.. ئێمە عایدی یەک لایەنین، ئەویش ناوی دەستەبەرکردنی زانیارییە بۆ هەر تاکێکی کورد دەربارەی وڵات و نەتەوەکەی.. ئامانجمان ئەوەیە وەک هەر نەتەوەیەکی تر خاوەنی داتابەیسێکی نەتەوەییی خۆمان بین.. کە لەو رووەوە کوردیپێدیا دەبێتە یەک لە بەراییی پایەکانی..

لەگەڵ رێزی هاوڕێ باخەوان، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری رێکخراوی کوردیپێدیا

2015-06-27
لاهای – هۆڵندا

# کورتەی ڕەگوڕیشەی سەلەفیی جیهادی لە کوردستان

چاکسازییە ئایینییەکانی جیهانی ئیسلامیی دەرەوەی کوردستان، کەم تا زۆر باندۆری لەسەر ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستانیشدا هەبووە. بیرۆکە نوێیەکانی جەمالەددینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە و ئەوانی دیکە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لەنێو کەمێك لە خوێندەوارانی کورددا بڵاوبوونەتەوە. ئەم بیرە "چاکسازی"یانە کارێکی وایانکردوە کە لە کوردستانیشدا ڕەوتی ئیسلامی بەکزی سەرهەڵبدات. مەلای گەورەی کۆیە و شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانی، هەندێك لەو ڕووناکبیرانە بوون کە کاریگەریی ئەو چاکسازە ئیسلامییانەیان لەسەر درووستبووە و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە داوای چاکسازیی ئایینی و کۆمەڵایەتییان کردوە. هەر ئەو بیرۆکانەش بوون وایانکرد کە ساڵی ١٩٣٤ پارتێکی ئیسلامی بەناوی حیزبی ئیسلامیی کورد لە هەڵەبجە دابمەزرێت. ئەم حیزبە تەنیا دوو ساڵێك لە کارکردن بەردەوامبووە.

پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتیی ئیسلام لە ئێراق، بیری ئیخوان لە ناوچەکانی موسڵ و بادینان بڵاوبووەوە، بەڵام زۆرینەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە مێژووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. سەرەتای پەنجاکان کۆمەڵێك مەلا و موسڵمانی کورد کە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا ساڵحی گەورە لەنێویاندا بوون، بەشێوەیەکی نافەرمی گرووپێکی ئیخوان موسلمینیان لە کوردستان دامەزراند. ئەمانە سەرەتا کەوتبوونە ژێر هێزکاری بیرۆکەکانی حەسەن بەنناوە کە خۆی لە سەلەفی زانستیدا دەبینییەوە. ئەم گرووپە چالاکییەکی ئەوتۆی بەرچاویان نەبوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا. هەروەها نەیانتوانی جێدەستیشیان بەسەر ڕووداوەکانی ئەوکاتی باشووری کوردستانەوە هەبێت. تاوەکو حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧١دا ئیخوانەکانی ئێراق و کوردی هەڵوەشاندەوە و

چالاکییەکانیانی قەدەخەکرد. بەڵام دەکرێت بگوترێت کە ئەمانە پێشەنگ بوون بۆ بەسیاسیکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان و بنە هەوێنێك بۆ دامەزراندنی تەواوی پارتە ئیسلامییەکان و موتوربەکردنی هەندێك لەو تاکانەی ئەو حیزبانە بە بیری سەلەفیی سوننی جیهادی کە پاشان لە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامدا خۆی بینییەوە.

لە ساڵی ١٩٧١ەوە، هیچ جموجوڵێکی ئەوتۆی ئیسلامییەکانی کوردستان بەدیناکرێت کە شایانی باسبێت، جگە لە یەکێتیی زانایانی ئایینیی کوردستان کە دەستنێژ و لایەنگری ئەوکاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون . ئەم یەکێتییەش ساڵی ١٩٦٨ بە پێشنیازی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا دامەزرێندرا. شێخ عوسمان عەبدولعەزیز، ئیخوانی بوو و پاشتریش بووە دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی و ئیسلامی سەلەفی لە کوردستاندا. واتە ئیخوانەکانی کوردستان، یەکێتیی زانایانیان کردە ئەلتەرناتیف بۆ چالاکییەکانیان و بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان.

هەرچەندە سەرچاوە کەمە لەبارەی کۆبوونەوەیەکی چەند حاجییەکی کورد لە شاری مەککە لە وەرزێکی حەجی کۆتایی ساڵی حەفتاکاندا، بەڵام لێرە و لەوێ باسی ئەوە دەکرێت کە ساڵی ١٩٧٩ چەند حاجییەکی کوردی باشوور و ڕۆژئاوا لە شاری مەککە هەوڵی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی ئیسلامیی سەلەفییان داوە. ئەم بزووتنەوەیە تاوەکو چ ڕادەیەك بە هەوڵی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیە بووە، ئەوەیان تائێستا نازانرێت، بەڵام بوونی ئەو کۆبوونەوەیە لە شوێنێکی وەك شاری مەککە خۆی لە خۆیدا زۆر باسوخواس هەڵدەگرێت.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیسلامییەکانی کورد بەیارمەتی ئێران کەوتنەخۆ و خۆیانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کۆکردەوە. پرسیارێکی گرنگە کە بۆچی ئێرانی شیعە یارمەتی ئیسلامییە کوردە سوننەکان دەدات تاوەکو هێز پەیدابکەن و ببنە خاوەن ڕێکخراوێکی بەهێز؟ هەڵبەت ئەمە پەیوەندی بە ئەجێندای تایبەتی ئێرانەوە هەبووە و هەیە و هەردەم ویستوویەتی لەڕێگەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە

کوردستاندا بپارێزێت و وەك کارتێك (هەرچەند بچووکیش بێت) لەدژی سعودیەی سەرچاوەی سوننە مەزهەب بەکاریان بێنێت.

ئیسلامییەکانی کورد لە باشووری کوردستان هەر زوو هێزیان پەیداکرد و بوونە خاوەنی هێزی چەکدار. کایەی کارکردنیان سنوورەکانی ئەوکاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. تەواوی پاڵپشتی مادی و لۆجستییان بەئاشکرا لە ئێرانەوە پێدەگەیشت. پاش ڕێککەوتنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ لەدژی ئێران، ئێرانیش ویستی ئیسلامییەکانی کورد لەو شەڕەدا لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت. هەر زوو ئیسلامییەکانی کوردستان لەشکری ئیسلامیی کورد - لیك و هێزەکانی یەکێتی پێکدا هەڵپڑان و قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە. سەرئەنجام ئیسلامییەکان لە سنوورەکانی یەکێتی دەرکران و کایەی کارکردنیان تەنیا ناوچە سنووریەکانی نزیك ڕۆژهەڵات بوو و بەشێوەیەکی زۆر چڕیش لە ناوچەی هەڵەبجەدا بەنهێنی خەریکی خۆڕێکخستن بوون.

پاش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ڕاکردنی زۆرینەی خەڵکەکەی بۆ دیوی ڕۆژهەڵات، ئیسلامییەکانی کورد توانییان دیسانەوە خۆیان ڕێکبخەنەوە و هەر لەم ساڵەشدا بوو کە بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی ئێراق بەسەرۆکایەتیی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز بەتەواوەتی پەرەیسەند.

بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی ئێراق، یەکێك لە گرنگترین ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستانە، چونکە هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان بە سەلەفیی زانستی و سەلەفیی جیهادییەوە لەناو ئەم بزووتنەوەیەدا پەروەردەبوون و لێی جودابوونەتەوە. بۆ نموونە دوو لە پێنج حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەر لە بزووتنەوەوە جوودابوونەتەوە، یان سەرکردەکانیان و زۆرینەی کادیرە پێشکەوتووەکانیان ئەندام و چالاکی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بوون.

بزووتنەوە، لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە بنکەیەکی جەماوەری تاڕادەیەك فراوانی هەبوو، بەتایبەتی لە ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان و سلێمانی. تەنانەت لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ی

باشووری کوردستاندا کاندیدیشی بۆ پۆستی رابەری هەرێمی کوردستان هەبووە.

لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا، کۆمەڵێکی دیکەی ئیسلامی پەیدابوو کە کەوتبوونە ژێر بیرۆکەکانی سەید قوتب، ئیبن تەیمییە، مەودوودی و ئەوانەی دیکە کە باوەڕیان بە سەلەفیی جیهادی هەبوو، لەوانە وریا هەولێری کە نازناوی ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی بووە و لە ئاکامدا لە ٥ی دیسەمبەری ٢٠٠١ رێکخراوی توندڕەوی جوندولئیسلامی دامەزراند و دەکرێت ئەم رێکخراوە بکرێتە خاڵی وەرچەرخان لەنێوان رێکخراوە ئیسلامییەکان و رێکخراوە جیهادییە سەلەفییەکانی کوردستان.

وریا هەولێری، پێشتر چووبووە ئەفغانستان و سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئوسامە بنلادنی دیوە و کەوتووەتە ژێر باندۆری رێکخراوی قاعیدەوە و رێکخراوی جوندولئیسلامیش هەر بە خواستی خودی ئوسامە بنلادن لە کوردستاندا لە بزووتنەوە جودابووەتەوە و دەکرێت ببێتە یەکەمین هۆکاری بوونی رێکخراوی قاعیدە لە باشووری کوردستان و سنووری سیاسی ئێراقی ئەوکاتدا. تەنانەت ئەم رێکخراوە پاشان بووە رێخۆشکەرێك بۆ درووستبوونی ئەنسارولسوننە بەسەرۆکایەتی زەرقاوی کە رۆڵێکی گرنگ و ترسناکی لە ئێراقدا لە دوای کەوتنی بەغداوە گێڕاوە.

شانبەشانی وریا هەولێری و بزووتنەوەکەی، لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامیدا چەندین کەس و بنەرێکخراوی دیکە هەبوون کە نزیکبوون لە رەوتی سەلەفی-سوننی-جیهادییەوە و لەژێر هێزکاری بۆچوون و نووسینەکانی سەید قوتبدا بوون. لەوانە بزووتنەوەی حەماسی کورد و بزووتنەوەی ئیسڵاح و تەوحید.

رۆژی ١٠ی دیسەمبەری ٢٠٠١ ئەم دووانەی کۆتایی و جوندولیسلام یەکیانگرت و بەسەرۆکایەتی مەلا کرێکار (نەجمەدین فەرەج) رێکخراوێکی نوێ و گەورەتریان پێکهێنا بەناوی ئەنسارولئیسلامەوە.

پێشتر سەران و ئەندامانی جوند و حەماسی کورد و تەوحید، هاتوچۆی بەردەوامی ئەفغانستانیان کردووە و لەوێ راهێنانیان پێکراوە، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ رێکخراوی قاعیدەدا هەبووە و دەکرێت بگوترێت کۆکردنەوەی ئەو باڵە

سەلەفییە جیهادییانەی ناو بزووتنەوە و پێکهێنانی ئەنسارولئیسلام بە خواست و ئامۆژگاری قاعیدە بووە. هەربۆیەشە لەناو ئەنساردا نزیکەی ١٢٠ ئەندامی عەرەبی ئەفغان هەبوون، بەتایبەت بۆ پتەوکردنی ئەنسار لە ئەفغانستانەوە هاتبوونە چیاکانی هەورامانی لهۆن.

چ بزووتنەوەی ئیسلامی، چ ئەنسار، هەردەم پەیوەندیی نێوان ئەنسار و قاعیدەیان بەدرۆخستووەتەوە. بەڵام سەرچاوە ئەمریکی و کوردییەکانی وەك یەکێتی و پارتی هەردەم جەخت لەسەر پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەنسار و قاعیدە دەکەنەوە.

تەنانەت یەکێتی نیشتمانیی کوردستان زۆر دڵنیایە لەو پەیوەندییە و یەك لە دیلەکانی ئەنسار کە ئەفسەرێکی موخابەراتی ئێڕاقی بووە بەناوی کازم، دانی بەو پەیوەندییە پتەوەدا ناوە.

سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئەمریکاش باس لە چوونی کەسێك دەکەن بەناوی مەلا نامۆ بۆ ئەفغانستان و لەلایەن قاعیدەوە نزیکەی ٣٠٠ تا ٦٠٠ هەزار دۆلاری وەرگرتووە بۆ بەهێزکردنی رێکخراوی ئەنسارولئیسلام.

باس لەوەش دەکرێ کە هەندێك لە چەکدارانی ئەنسارولئیسلام هەمان جلی عەرەبە ئەفغانییەکانی قاعیدەیان لە هەورامان پۆشیوە کە شەڕواڵێك و کراسێکی درێژ و کڵاوێکی ئەفغانی بووە!

ئەنسار، هەر زوو لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا کەوتە ململانێ و شەڕەوە. بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی نزیکی سنوورەکانی یەکێتی بوون، هەر زوو بوونە هۆی کوشتاری گەورەی وەك خێڵی حەمە و تیرۆرکردنی شەوکەتی حاجی موشیر ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی و هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکوەزیرانی ئیدارەی سلێمانی د. بەرهەم ساڵح لە ٢ی ئەپریلی ٢٠٠٢ و زۆر کاری هاوشێوەی دیکە.

سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی هەزار کوژراو و بریندار لەلای یەکێتی و نزیکەی ١٠٠ کوژراو و برینداری ئەنسار لەو پێکدادانەی نێوان یەکێتی و ئەنساردا هەبووە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش، تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دەداتە پاڵ ئەم گرووپە.

هەر بەهۆی ئەو شەڕانەشەوە بوو کە حیزبە کوردییەکان و ئێران، لە ڕێککەوتننامەی تاراندا لەسەر لەنێوبردنی ئەنسار ڕێککەوتن.

بەهۆی سەختیی ناوچەی هەورامان و بەکارهێنانی شێوازی شەڕی پارتیزانی "لێدە و راکە"ی ئەنسارەوە، هێزەکانی یەکێتی، هەرچەندە بە ژمارە و چەك زۆر لە ئەنسار زۆرتربوون، نەیانتوانی ئەنسار لەنێوبەرن و رۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوون و کردەوەی گەورەتریان ئەنجامدەدا. ناوچەکەشیان بەتەواوەتی خستبووە ژێر یاساکانی شەریعەتی ئیسلامییەوە، موزیك و وێنەهەڵواسینیان قەدەخەکرد، نەشیاندەهێشت کچان بچنە قوتابخانە و پیاوانیش دەبووایە ردێنیان بهێشتایەتەوە. هەروەها سەردانی گۆڕی "پیاوچاك"انیشان قەدەخەکرد و بگرە هەندێك لە مەزاری نەقشبەندییەکانیشیان تێکدا و ئێسکوپروسکیان گواستەوە. لەسەر ئەم کارانەی ئەنسار، رێکخراوی "هیومان رایتس ووچ" هۆشدارییدا و راپۆرتێکیشی لەسەر بڵاوکردنەوە.

ئەنسارولئیسلام، هەروەك هەموو بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان، باوەڕی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی نییە، هەروەك ئەوانیدیکە دەڵێن "لا قومیە الا الاسلام" واتە هیچ نەتەوەیەك نییە جگە لە ئیسلام. لەمەدا سەداسەد لەگەڵ داعش و بیری داعشدا یەکدەگرنەوە. گوێچکە پرین و سەرپرینی تەرمی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە گوندی خێڵی حەمە، هەمان شێوازی وەهابییەکانی سەرەتای سەدەی بیستی سعودیە و ئێستای داعشە. تەنانەت ئەو سروودانەی کە لە دیکیۆمێنتەرییەکانی ئەنسارولئیسلامدا بەکاردەهێنرێن، هەمان ئەوانەن کە سەلەفییە جیهادییەکان و بەتایبەتی داعش بەکاریدەهێنن. هەربۆیە دەتوانین بڵێین: ئەنساریش وەك هەر رێکخراوێکی سەلەفیی جیهادی لە خزمەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی و عروبەی عەرەبیدا بووە.

پاش رووخاندنی بەغدا، کۆمەڵێك ئەفسەری بەعسی و موخابەراتی ئێراقی پەیوەندییان بە ئەنسارولئیسلامەوە کرد. ئەنسار بەمە لەجاران بەهێزتر بوو. ئەم پەیوەندییە ئەوە دەگەیێنێت کە بیری سەلەفیی جیهادی و شۆڤێنیزمی عەرەبی کە پێیدەگوترێت عروبە لێك جیانابنەوە. لەو رووەوە زاراوەی سەلەفی بەعسی دەکرێت ببێتە زاراوەیەکی گونجاو بۆ هەموو

گرووپە جیهادییەکان، چونکە لە بنەڕەتدا خزمەت بە بیروبۆچوونەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی دەکەن کە سەلەفی و بەعس لە سەردەمە جوداکاندا ڕابەرایەتییان کردوون.

بەتاوانی پەیوەندییان لەگەڵ قاعیدە و بوونی کارخانەی کیمیایی سەردەمی بەعس لە هەورامان، ئەمریکییەکان لە ٢٣ی مارتی ٢٠٠٣ لەرێی مووشەکەوە لە دەریای سوورەوە هێرشیانکردە سەر ئەنسارولئیسلام لە هەورامان و هێزەکانی یەکێتیش لە زەوییەوە پەلاماریاندان. لەم هێرشەدا کە ٨ ڕۆژی خایاند، سەرچاوەکان باس لە کوژرانی ٥٧ کەسی ئەنسار دەکەن و بەهۆیەوە ناوچەکانی هەورامانیان پێ چۆڵکرا و ئاودیوی ئێران بوون و هەندێکیشیان لە شارەکانی باشووری کوردستاندا خۆیان حەشاردا. ئەوانەی کە عەرەبی ئەفغان و ئەفسەر و موخابەراتی ئێراقی بوون پاشتر لە ئێرانەوە گەڕانەوە و پەیوەندییان بە زەرقاوییەوە کرد. ئەو ئەفسەرانە بەسەرۆکایەتی زەرقاوی رۆڵێکی کاریگەریان لە گواستنەوەی ئەنساری "کوردی" بۆ ئەنساری بەعسی بینی کە هەردووکیان لە بناواندا یەك مەبەستیان هەیە کە ئەویش سەلەفی بەعسییە و لە خزمەتی شۆڤێنیزمی عەرەبیدان.


بەم هێرشە ڕێکخراوی ئەنسار پەرتەوازەبوو و تەنانەت هەندێك لە سەرکردەکانیشیان گیران و مەلا کرێکاریش لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆی گەیاندە ئەوروپا و تائێستا چەند جارێك لە نەرویج دراوەتە دادگا و زیندانیکراوە.

دوای پاشەکشەی ئەمریکا لەئێراق لە ٢٠١١دا، دیسان ئەنسار چالاکبووەوە. لە سەرەتای دامەزراندنی داعشەوە، زۆر لە ئەندامەکانی پەیوەندییان بە داعشەوە کرد. تەنانەت ئەنسارولئیسلام بەیعەتی بە خەلیفەی داعش ئەبوبەکر بەغدادی دا. هەرچەندە ئامارێکی تەواو سەبارەت بە ژمارەی کوردانی نێو داعش و پاشخان و پەیوەندییەکانی پێشووتریان نییە، بەڵام زۆرینەی هەرەزۆری کوردانی ناو داعش یان بزووتنەوە بوون یان ئەنسارولئیسلام! یاخود بیریان نزیکی ئەم دوو ڕێکخراوە بووە، هەڵبەت هەندێك ئەندامی پێشتری کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامیش لەنێو داعشدا هەن.

ئێستا ئەنسارولئیسلام لە کوردستان و بەتایبەتی لە باشووردا، جگە لە ئەندامەکانی نێو داعشیان هیچ چالاکییەی

ئەوتۆیان نییە کە بەرچاو بێت، بەڵام لێرە و لەوێ چەندین خانەی نووستوویان هەیە و چاوەڕوانی هەلێکی لەبارن بۆ ئەوەی چالاك ببنەوە! خانە نووستووەکانی ئەنسار و چالاکییەکانی پاشەڕۆژیان، دەکرێ بچنە خانەی کوردستان و پۆست-داعشەوە.

# دیاگرامی مێژووی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا



# باشووری کوردستان و پۆست-داعش

ئەستەمە باس لە بارودۆخی باشووری کوردستان و پۆست-داعش بکرێت، ئەگەر کەمێك لەسەر بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و یەکەم بەرکەوتەی لەگەڵ داعشدا هەڵوەستەیەك نەکەین.

داعش پاش گرتنی موسڵ، وردەوردە هێزەکانی خۆی بە یارمەتی عەرەبە سوننەکانی سەر سنووری باشووری کوردستان و ئێراقی عەرەب کۆکردەوە. هەرچەندە چاودێران رایان وابوو کە داعش هێرش ناکاتە سەر کوردستان! بەڵام هەر زوو بەهەمان شێوازی شەڕکردنی وەهابییەکانی عەرەبستانی سعودیە و هێنانی ترس و تۆقاندن، هێرشیکردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەوەندەی نەبرد جەنگێکی بەرەیی دوور و درێژ لەگەڵ هێزەکانی داعش هەر لە شنگالەوە تاوەکو جەلەولا بەرپابوو. درێژایی بەرەی جەنگ گەییشتە زۆرتر لە یەك هەزار کیلۆمەتر! نزیکەی دوو ساڵە ئەم جەنگە بەردەوامە. سەرەتا چەندین شارۆچکە و سەدان گوندی باشووری کوردستان لەلایەن داعشەوە داگیر و خاپوورکران. خەڵکەکەی ئاوارە و کۆمەڵکوژکران. هەزاران ئافرەتی ناوچەکانی شنگال و زوممار لەلایەن داعشەوە بە سەبییەکران و کاریگەرییەکی دەروونی زۆر خراپی لەسەر تەواوی تاکەکانی کورد بەجێهێشت. زیانێکی گیانی و مادی زۆر گەورەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنە بەشداربووەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گەییشت.

داعش، پاش داگیرکردنی شنگال و مەخموور کە دوو شارۆچکەی گەورەی سنووریی کوردستانن، ویستی هێرش بکاتە سەر هەولێری پایتەخت! ئەم هێرشە پشێوییەکی زۆری لەبەرەی ناوخۆیی کوردستاندا دروستکرد و هەر زووبەزوو فڕۆکە ئەمریکییەکان هاتنە دەست و ئەوان لە ئاسمانەوە و هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و دژەتیرۆر لە زەمینەوە مەترسیی داعشیان لەسەر پایتەخت دوورخستەوە.

باشووری کوردستان و حکومەتەکەی لەماوەی دوای ڕاپەڕینەوە، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ناوچەییانەوە، هەرگیز نەیتوانیوە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و سەربازیی خۆی پتەو و جێگیربکات. هەربۆیەشە باشووری کوردستان بەهیچ جۆرێك ئامادەی شەڕی داعش و بەڕێوەبردنی بەرەیەکی درێژی یەك هەزار کیلۆمەتری نەبووە. ئاکامەکەشی ئەو زیانە زۆر و سورپریزە سەربازییانە بوو کە لە سەرەتای جەنگەکەوە تووشی هێزی پێشمەرگە بوو!

بەرەی ناوخۆیی باشووری کوردستان و دابەشبوونی هێزە سیاسی و سەربازییەکان

پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی

بەرەی ناوخۆیی باشووری کوردستان و دابەشبوونی هێزە سیاسی و سەربازییەکان، هەر لە ڕێککەوتنی واشنتنەوە کە پارتی و یەکێتی تێیدا ئاشتکرانەوە، جگە لە ناوچەی سلێمانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو. هەرچەندە پاشتر هەردوولا هەوڵی کاراکردنی حکومەت و پەڕلەمانی باشووری کوردستانیان دا و خواست یان هەوڵی ئەوەش هەبوو کە سێکتەرەکانی دارایی، ئاسایش و هێزی پێشمەرگە ڕێکبخەن، بەڵام ئەم خواستانە هەرگیز بەتەواوی نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەکورتی، پارتی و یەکێتی بانگەشەی یەك حکومەتییان دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا هیچی وایان لە قۆناخی دوئیدارەیی تێنەپەڕاندبوو. بەشێوەیەکی دیکە هەولێر حکومەتێك و سلێمانیش یەکێکی دیکە بووە!

پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان

هاوسەنگی هێزی سیاسی لە ناوچەی سلێمانیدا گۆڕانکاری شێرگیریی بەسەرداهات. ئەویش بەهۆی جیابوونەوەی بەشێکی زۆری ئەندامانی یەکێتی و دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان. ئەم بزووتنەوەیە هەر زوو توانی ببێتە هێزی سێیەم و پاشان لە پەڕلەمانیشدا بووە دووەم. بزووتنەوەکە تەنانەت لە ناوچەی زۆنی زەردیشدا تاڕادەیەك بنچینەی جەماوەریی پەیداکرد، یان بەشێوەیەکی دیکە هەندێك لە بنچینە جەماوەرییەکەی یەکێتی گواسترایەوە بۆ گۆڕان. بەڵام لە ڕاستیدا لە ناوچەی سلێمانی و ئەوەی کە پێیدەگوترێت زۆنی

سەوز، هێزی پێشمەرگە، ئاساییش و کاروباری دارایی هەر لە دەستی یەکێتیدا مایەوە. هەرچەندە گۆڕان ژمارەی دەنگەکانی لە یەکێتیش زۆرتربوو، بەڵام لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا نەیتوانی ببێتە هێزی دووەم. هەر ئەمەش بووە هۆکاری دژایەتیکردنی سەرسەختی یەکێتی و گۆڕان و کێشمەکێشی گەورەی لێکەوتەوە.

ئەو کێشەیەی نێوان یەکێتی و گۆڕان بووە هۆی ئەوەی کە رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی کارا ببێتەوە و هەردوو لەدژی گۆڕان بوەستن. ئەمەش لە هاوکێشەی سیاسیدا دەچێتە چوارچێوەی هاوپەیمانیی دژەکانەوە!

پەیوەندییەکانی هەردوولا زۆر بە ناجێگیری مایەوە. یەکێتی ماوەیەکی زۆر کەوتبووە نێوان بەرداشی گۆڕان و پارتییەوە، لەلایەك نەیدەتوانی پشتگیری ئاشکرای هەندێك لە هەڵوێستەکانی پارتی لەدژی گۆڕان بکات! ئەویش بەهۆی لەدەستدانی بنکە جەماوەرییەکەی لە ناوچەی سلێمانیدا و گواستنەوەیان بۆ گۆڕان. لەلایەکی ترەوە، نەشیدەتوانی پشتگیری ئاشکرای گۆڕان بکات بەتایبەتی لەکاتی ناردنەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و رێگرتن لە سەرۆکی پەڕلەمان، بەهۆی لەدەستدانی رێککەوتنیان لەگەڵ پارتی و نەمانی دەسەڵاتیان لە هەولێردا. بەتایبەتی هەولێر لەم دواییانەدا و بەهۆی شەڕی داعشەوە بووەتە بنکەی کۆبوونەوە گرنگەکانی نێوان باشووری کوردستان و هێزە دژبە داعشەکانی وەك ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا و نێردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئاسان نەبووە و نییە بۆ یەکێتی کە هەڵوێستی خۆی لە کێشەکانی گۆڕان و پارتیدا بەلایەکدا بشکێنێت. ئەمە سەرباری کێشە ناوخۆیی و باڵباڵێنەکانی یەکێتی کە پەیوەندی گرنگیان بە گۆڕان و پارتییەوە هەیە.

**پەیوەندی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان**

سروشتی لێکترازانە سیاسییەکانی نێو هەر رێکخراوێك وایە کە لایەنی ترازاو لە لایەنی دایك رادیکاڵتر دەبێت. دژایەتی بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا لە زۆنی سەوزدا نەبوو، بزووتنەوەکە وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، دەیویست گۆڕانکاری ریشەیی لە حکومەت و پەڕلەمانیشدا بکات کە بەتایبەتی زۆنی زەردیشی دەگرتەوە. سەرباری دژایەتی مێژوویی توندی

ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پارتی و سەرکردەکانی پارتی، سەرکەوتنەکانی گۆڕان و بەدیهێنانی ئەو ڕێژە کورسییە زۆرەی پەڕلەمان. ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەر پێکەوبوون لە یەك حکومەتدا ، ململانێییەکانی نێوانیانی نەوەستاند. تاوەکو کار گەییشتە ئەوەی پارتی ڕێگری لە سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان کرد کە سەربە لیستی گۆڕان بوو و نەیهێشت بگەڕێتەوە هەولێر و تەواوی وەزیرەکانی گۆڕانیشی لەسەر کار لابرد و ناردنییەوە بۆ ماڵ.

لە سەرەتاوە لەنێو یەکێتیدا، باڵێك یان چەند باڵێك هەبوون کە هەردەم دژایەتی پارتییان کردووە، بەوەی کە پارتی حیزبێکی پارێزگارە و دەبێ دەسەڵاتی سیاسی و سەربازییان کەمبکرێتەوە. ئەم باڵە پاشتر وەك بزووتنەوەی گۆڕان خۆی ناساند. گۆڕان لەسەر ئەم هەڵوێستانەی بەردەوامبوو و پاشان زۆرینەی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان و تەنانەت گیرانی زۆربەی شارۆچکە و ناوچەکانی ژێردەستی داعشیشی دەدایە پاڵ پارتی.

پرسی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێندەی دیکە کێشەکانی گۆڕان و پارتی ئاڵۆزکرد، بەجۆرێك گۆڕان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی پێناسەدەکات و پارتیش بە یاسایی. یەکێتیش لەم نێوانەدا هەردەم بەئاشکرا سیاسەتی دڵڕازیکردنی هەردوولای بەکارهێناوە و کەم کات هەڵوێستی ئاشکرای لایەنگری هەبووە. دیارە لێرە و لەوێ زۆرجاران باسی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بۆ یەکخستنی هێزەکانیان لەدژی پارتی دەکرێت.

**پارتە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستان**

ئیسلامییەکانی کوردستان، هەردەم هەڵوێستیان ناجێگیر بووە. هەردوو یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی، دوو لە گەورەترین پارتە ئیسلامییەکانی کوردستانن و دوو لە پێنج حیزبە گەورەکەی باشووری کوردستان پێکدێنن. جگە لەوەی لە ئەنجامی ململانێ نێوخۆییەکانی ئیسلامییەکانی کوردستان دابەش و دروستبوون، هەردەمیش لەسەر ئاستی سیاسی کوردستاندا هەڵوێستەکانیان پەیوەست بە وڵاتانی ناوچەکەوە بووە. ئەم دوو حیزبە هیچ کاتێك لەسەر هێڵێکی گشتی لە

پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرسێ حیزبەکەی دیکەی باشووری کوردستان بەڕێوەنەڕۆیشتوون.

ئێستا کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێگەی پەڕلەمانیان هەیە. هەرچەندە سەرەتا بەهۆی بزووتنەوەی گۆڕانەوە چەندین دەسکەوتی سیاسییان بەدیهێنا بەوەی کە هەرسێکیان پێکەوە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیان دامەزراند لەدژی پارتی و یەکێتی، بەڵام ئێستا دەیانەوێت لە ململانێی پارتی و حیزبەکانی دیکەدا، دەسکەوتی زۆرتر بەدەستبێنن و ئەوەشی کە پێشتر پێی دەگوترا ئۆپۆزیسیۆن ئەو کاریگەرییەی پێشتری نەماوە.

**باشووری کوردستان و هێزە کوردییەکانی دەرەوەی باشوور**

- باشوور، هەر لەدوای راپەڕینەوە نشینگە و بۆ هێزەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستان شوێنێکی تاڕادەیەك ئارامبووە. دەکرێت زۆر بە کورتی پەیوەندییەکانی ئێستای باشووری کوردستان و هێزە کوردییەکانی دیکە بەوشێوەیە چڕبکرێتەوە:
- **رۆژهەڵات**، تەواوی پارت و رێکخراوە کوردییەکانی رۆژهەڵات جگە لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاك هەر لە نێوەڕاستی هەشتاکانەوە کایەی چالاکی و بارەگاکانیان لە باشووری کوردستان بووە. گەورەترین ئەو رێکخراوانە (دیسان جگە لە پژاك)، هەر لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە وەك رێککەوتنێکی نێوان دەسەڵاتدارانی باشوور و خۆیان، هەموو چالاکییە سەربازییەکانیان دژی ئێران هەڵپەسارد. پژاك لەم هاوکێشەیە بەدەرە، چونکە ئەویش یەکێکە لەو پارتانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە ئاڕاستەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی دەکات و دەچێتە ریزی پارتە ئاپۆییەکانی دیکەوە. پەیوەندی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و باشوور هەمیشە پەیوەست بە پەیوەندی باش یان خراپی پارتەکانی باشوور لەگەڵ ئێراندا بووە. هەرچەندە نزیکترین پارتی باشوور لە ئێرانەوە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام ئەم پەیوەندییە

بەتایبەتی لە ١٠ ساڵی رابردوودا نەبووەتە هۆی تێکدانی نێوان ئەو پارتانە، بەتایبەتی هەردوو بارەگای سەرکردایەتی و زۆرینەی هێزەکانی دێموکرات بەهەردوو بەشەکەیەوە و کۆمەڵەکانیش لە سنووری ناوچەکانی پەکێتیدان. دەکرێت بگوترێت کە پارتەکانی رۆژهەڵات هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نە لەسەر سیاسەت نە لەسەر رووداوەکانی باشووری کوردستاندا نەبووە. لە شەڕی داعشدا، پارتەکانی رۆژهەڵاتیش ویستیان وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بەشدارییان لە بەرەکاندا هەبێت. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە و پارتی ئازادی کوردستان بەشدارییان کرد، پاشان بە گوشاری ئێران، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە بەرەکانی شەڕ کێشرانەوە. دیارە کشانەوەی دیموکرات و کۆمەڵە و بەشداری بەردەوامی پاك، پەیوەندی بە سنووری جیۆپۆلیتیکی ئەم دوو لایەنەوە هەیە. هەستیاری ئێران بەرانبەر بە کۆمەڵە و دیموکرات زۆر لە هەستیاری بەرانبەر بە پاک زیاترە. رەنگە بونی پێگەی کۆمەڵە و دیموکرات لە زۆنی سەوز و بونی بارەگاکانی پاک لە زۆنی زەردیش کاریگەری لە سەر ئەم بابەتە هەبوبێت! بەشداری هێزەکانی رۆژهەڵات، هەرچەندە کەمیش بێت دەچێتە چوارچێوەی سوودەکانی شەڕی داعشەوە بۆ پتەوکردنی یەکانگیریی نەتەوەیی کورد.

- **باکوور**، یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی کوردستانە کە کاریگەری جیددی لەسەر باشووری کوردستان هەیە. ئەم کاریگەرییانە هەردەم پەیوەستبوونە بە بەرژەوەندییەکانی تورکیا-پارتی دیموکراتی کوردستان، گواستنەوەی نەوت و بازرگانی لەنێوان تورکیا و باشووری کوردستان و ئێراق. هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری گەریلاکانی پەکەکە لە باشووردا و بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان رۆڵی گرنگی بینیوە. ئەم پەیوەندییانە زۆرتر تایبەت بووە بە

ناوچەکانی ژێردەستی پارتییەوە، هەروەها هەندێکجار کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، پارتی و گۆڕانیش هەبووە. بەوەی بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەیەکی چ شاردراوە چ ئاشکرای پەکەکە-یەکێتی-گۆڕان لەدژی پارتی لەئارادا بووە. پەکەکە وەك یەکێك لە زلهێزەکانی کوردستان، هەردەم هەمان سیاسەتی کلاسیکیی "پارتی پێشڕەو"ی بەکارهێناوە. لە تەواوی باکووری کوردستاندا باڵادەستە، هەر هێزێکی فەرمی یان نافەرمیش هەبێت، دەبێ سەر بە پەکەکە بێت و ئەو ئاراستەی سیاسەتەکانی بکات. لە رۆژهەڵاتیش پژاك هەمان رۆڵ لەدژی هەردوو کۆمەڵە"کان" و دیموکرات"ەکان" دەگێڕێت. لە رۆژئاواش بەهەمان شێوە. باشووری کوردستان کایەیەکی گرنگی پەکەکەیە. گرنگترین و زۆرترین گەریلا و بارەگاکانی پەکەکە لە باشووری کوردستانن . چەندین پارت و رێکخراوی سەربەخۆ-ی لە باشووردا هەن، هەڵوێستی پەکەکە لە باشووردا هەردەم پێچەوانەی هەردوو کۆمەڵە و دێموکرات بووە. ئەمان بۆ سەرخستنی دۆزی باکوور و پێشخستنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کەمتر بارودۆخی ناسکی باشووری کوردستانیان لەبەرچاوگرتووە. دیارە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران رۆڵی ترسناکیان لەم پەیوەندییانەدا گێڕاوە. هەربۆیە هەندێکجار پەکەکە و یەکێتی یان پەکەکە و پارتی یان پەکەکە و هەردوو یەکێتی و پارتی، پێکدادانی خوێناوییان ئەنجامداوە. ئەم رۆڵە ترسناکانەی دەوڵەتانی ناوچەکە شکۆی باشووری کوردستان و تەنانەت ئێراقیش کە باشوور بەشێکە لە نەخشەی سیاسییەکەی، خستووەتە مەترسییەوە، بەوەی بەردەوام فڕۆکەکانی تورکیا بەبیانووی بوونی گەریلاکانی پەکەکە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستانی کردووە کە

پەکەکە ئەو ناوچانانەی ناوناوە "هەرێمی پاراستنی میدیا". دەیانجار هێزەکانی تورکیا سنووریان بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە بەزاندووە. لە شەڕی داعشدا، پەکەکە وەك هێزێکی ئامادە لە باشووری کوردستاندا، ویستی ئامادەیی هەبێت. هەرزوو لە ناوچەکانی مەخموور، جەلەولا و پاشان چیای شنگال وەك هێزی سەربەخۆ یان شانبەشانی هێزەکانی باشوور لەدژی داعش بەشداربوون. پاشتر لە سنووری رۆژئاوا و باشووری کوردستان بەهۆی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگالەوە کە سەربە پەکەکەن و هەمان سیاسەتی ئاپۆیی پەیرەودەکەن، ناوچەکانی چیای شنگالیان کۆنتڕۆڵکرد. رەخنە و گازندەیەکی زۆریان لەدژی هێزەکانی باشوور بەتایبەتی پارتی بڵاوکردەوە بەوەی وەك پێویست بەرگریان لە شنگال نەکردووە. ئەم بارودۆخە ململانێی نێوان پەکەکە و پارتی ئاڵۆزتر کرد و تائێستاش بەردەوامە.

- **رۆژئاوا**، ئەم بەشەی کوردستان هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە کایەی کاری پەکەکە بووە. پێش دامەزرانی پارتی یەکێتی دیموکراتی – پەیەدە زۆر لە گەنجانی رۆژئاوای کوردستان لەنێو پەکەکەدا کاریان کردووە، ژمارەیەکی زۆریان لە شەڕی تورکدا شەهید بووبوون کە بە پێنج هەزار شەهید مەزەندە دەکرێن. زۆرترین پارت و رێکخراوەکانی رۆژئاوای کوردستان پێشتر نزیکی پارتی بوون. پەکەکە زۆر کاری بۆ نەهێشتنی ئەم نزیکییە کرد و لەوەدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا. دامەزراندنی پەیەدەش لەسەر رەوتی ئاپۆیی و نزیکی پەکەکە یەکێك لەم هۆکارانەیە. پاش رووداوەکانی بەهاری عەرەبی، رۆژئاوای کوردستانیش خۆپیشاندانی گەورە و گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، ناوچەکە نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەستهێنا. پاشتر کانتۆنەکانی سەربە پەیەدە دامەزران و هاوشێوەی باشووری کوردستان تووشی شەڕی

داعش بوون. داعش زەبری کوشندەی لە ڕۆژئاوادا و ئەوەندەش نەمابوو شارۆچکەی کۆبانێ بەتەواوەتی بکەوێتە دەستیان. ئەم شەڕەی داعش هەندێکجار هەردوو باشوور و ڕۆژئاوای لێك نزیکخستووەتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوو سنووری نێودەوڵەتی بڕی و چوو بە هانای یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە. دیارە ئەمەش هەر دەکرێت بچێتە خانەی سوودەکانی شەڕی داعشەوە. بەڵام پەیوەندییەکان هەر ئاسایی نەبوونەوە. سنووری باشوور و ڕۆژئاوا تەنیا دوو هێز کۆنتڕۆڵی دەکەن، ئەوانیش پارتی و پەیەدەن. پەیەدە وەك حیزبێکی ئاپۆیی هەردەم پەیوەست بە سیاسەتە گشتییەکانی پەکەکەوەیە. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر پەیوەندی نێوان پارتی و پەکەکە باش ببێ، پەیوەندی ئەوانیش باش و پێچەوانەکەشی ڕاستە. هەربۆیە پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان، پەیوەست بە پەیوەندییەکانی باکوور و باشووری کوردستانەوەیە. دیارە لەوەدا تورکیا و بەرژەوەندییەکانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. هەرچەندە بەهۆی شەڕی داعشەوە سنووری سایکس-پیکۆی نێوان هەردوو ئێراق و سووریا نەما و داعش هەر زوو ئەو سنوورەی لابرد! بەڵام هێشتا سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ماون و کورد خۆی سنوورەکەی چەسپاندووە. زۆرکات هیچ ئاڵوگۆڕێکی ئابووری لەو سنوورەدا نییە، تەنانەت هاتووچۆی کەسانیش لە هەردوو دیوەوە ئاسان نییە.

## نەخشەی دابەشکردنی هێزەکان لە باشووری کوردستاندا




**تێبینی: ئەم نەخشەیە بەهۆی ناجێگیری تەرازووی هێزەکانەوە، بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادێت.**

## باری ئابووری کوردستان

پێش هێرشی داعش، باشووری کوردستان و حکومەتی ناوەندیی ئێراق کێشەی ئابووری زۆرییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو. لە بودجەی ئێراقدا ئەوەی کە بەشی کوردستان بوو، لەلایەن بەغداوە دەستی بەسەرداگیرا. تەنانەت مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کە دەبووایە لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە وەك هێزێکی دەستووریی و نیزامی بدرێت، ئەویش نەدرا. کێشەی نەوت و دەسکەوتە گومرگییەکان و داهاتە نێوخۆییەکانی دیکەی باشووری کوردستان، بووە جێگەی مشتومڕ و شاندناردن و هێنان لەنێوان هەولێر و بەغداد. سەرئەنجام کێشەیەکی سیاسی و دارایی قوڵی لێکەوتەوە.

ئەم کێشەیە و خراپبوونی باری ئابووری کوردستان، بووە هۆی خراپتربوونی بەرەی نێوخۆیی. پاشان کە داعشیش هێرشیکرد، بەو بارە ئابوورییە خراپەوە ئاسان نەبوو لەوماوە درێژەدا بەرەیەکی درێژی یەك هەزار کیلۆمەتری بەڕێوەببرێت.

ئێستا دەکرێت بگوترێت کە باری ئابووری کوردستان خراپە. چاودێرە ئابوورییەکان هۆشدارییان داوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ملیار دۆلار قەرزدارە. زۆر لە پرۆژە ئابوورییەکان وەستاون. داهاتی تاکی کورد کە پێشتر لە ئێراقدا بەرزترین بووە، زۆر هاتووەتە خوارەوە، بەڵام ئێستاش هەر بەرزترە.

زۆرینەی چاودێرانی ئابووری، خراپبوونی ئەم بارودۆخە دەگەڕێننەوە بۆ ئەم خاڵانە:

1. خراپ بەکارهێنانی داهاتی کوردستان و نەبوونی پلانێکی گونجاو
2. شەڕی داعش و تێچووە زۆرەکانی
3. دابەزینی نرخی نەوت بۆ کەمتر لە چارەکی نرخی ئاسایی و خەمڵاندنی خەرجییەکانی کوردستان بە نرخی بەرزی پێشتری نەوت

ئێستا پێویستییەکی گرنگ هەیە بۆ باشترکردنی باری ئابووری باشووری کوردستان. حکومەت چ پلانێکی هەیە بۆ ئەم باشترکردنە، هێشتا بەتەواوی روون نییە.

## باشووری کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێی

- **ئێراق**، لە شەڕی داعشدا، سنووری نێوان باشوور و حکومەتی ناوەندیی ئێراق پچڕا. باشوور بووە خاوەن دراوسێیەکی نوێ لە بەشی باشووریدا ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی - داعش بوو. پاشتر ئەم سنوورە دیسان لەنێوان خورماتوو و خانەقینەوە کرایەوە. لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، عەرەبە شیعەکان لە ئێراقدا باڵادەستبوون و حکومەتی ناوەندییان بەڕێوەبردووە. سیاسەتی شیعەکان هەردەم لەژێر باندۆری هێڵی شیعەی ئێرانیدا بووە. دەشگوترێ ئێراق ئێرانی عەرەبییە و بەشێکی گرنگی کەوانەی شیعەیە کە بۆ سووریا و لوبنان درێژدەبێتەوە. هەربۆیە پەیوەندی باشووری کوردستان و ئێراقی عەرەبی، زۆرتر ئێران کۆنتڕۆڵی دەکات. پەیوەندییەکان هەردەم لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوون. ئێراق، بەهۆی ئامۆژگارییەکانی ئێرانەوە لەو ماوەیەدا ویستوویەتی بەرەی "یەکگرتوو"ی کورد تێکبدات. هیچ کاتێك حکومەتی باشووری کوردستانی وەك یەکەیەکی یەکگرتووی فەرمی نەبینیوە. هەردەم ویستوویەتی پەیوەندییەکان لەنێوان پارتی و یەکێتیدا و پاشتریش گۆراندا تێکبدات. ئێستا دەکرێ بگوترێت، پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و ئێراق لە خراپترین باردایە. وتەکانی عەبادی لە کۆنگرەی میونشن و سەرکۆنەکردنی حکومەتی باشووری کوردستان بەبەرچاوی دنیاوە لە ١٢ی فێبریوەری ٢٠١٦دا، پەیوەندییەکانی هێندەیتر خراپکرد. دوای بەزینی سوپای ئێراق لە موسڵ و داگیرکردنی لەلایەن داعشەوە، کورد توانی زۆرینەی ناوچە داپرێنراوەکانی چوارچێوەی مادەی ١٤٠ بە زۆرینەی پارێزگای کەرکووکیشەوە کۆنتڕۆڵبکاتەوە. دیارە ئەمەش یەکێکە لە سوودەکانی شەڕی داعش و کۆنتڕۆڵکردنی کەرکووك هەمیشە جێگەی ناکۆکی باشوور و ئێراق بووە کە رەهەندەکانی دەچێتە

هەنگاوی پۆست-داعشەوە. دەسەڵاتی پارێزگای کەرکووك، یەکێك لە خاڵە ناکۆکەکانی پارتی و یەکێتی و رەهەندێکی ناوخۆیی دیکەی هەنگاوی پۆست-داعشە. سەرباری هەموو ئەوانە، بوونی هێزەکانی "حەشدی شەعبی" لە ناوچەکانی خورماتوو، جەلەولا و رووداني چەند پێکداداننێك لەنێوان ئەوان و هێزی پێشمەرگەدا زۆر بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە و لە پۆست-داعشدا دەبێتە رۆژەڤێکی گرنگ و باس لەوە دەکرێت کە پاش شەڕی داعش، ئەگەری ئەوە هەیە کورد ناچار بێ خۆی بۆ شەڕی حەشد و شیعەکان ئامادەبکات!

- **ئێران**، وەك لە بەشی ئێراقدا کورت و چڕکرابووەوە، ئێران کاریگەری بەرچاوی لەسەر سیاسەتی گشتیی ئێراق هەیە. ئێستا هەوڵەکانی ئێران بۆ زۆرترین دەسکەوتی ئابووری و سیاسیی لە باشووری کوردستانە. بۆ ئێران زۆر گرنگە کە دراوسێیەکەی باشووری کوردستان تەنیا عەرەبی سوننە نەبێت. هەربۆیە پلانێکی گەورەی بوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتووەوە تاوەکو خانەقین هەیە و دەیەوێ بەهەر شێوەیەك بێت دیموگرافیای پارێزگای دیالە لە سوننەوە بۆ شیعە بگۆڕێت و ئەمەش رەهەندێکی ترسناکی دیکەی پۆست-داعشە.
- **تورکیا**، یەك لە ئاڵۆزترین پەیوەندییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان هەیە. باشوور لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەردەم جێچاوی تورکیا بووە. ئاڵوگۆڕی ئابووری لەگەڵ تورکیادا تائێستاش لەسەرەوەیە. بوونی گەریلا و "هەرێمی پاراستنی میدیا" لە باشووردا یەك لە خاڵە گرنگەکانی ئەم پەیوەندییەیە. سیاسەتی تاکڕەوانەی پارتی داد و گەشەپێدان –ئاکەپە و ویستی زیندووکردنەوەی شکۆی لەنێوچووی دەوڵەتی عوسمانی، کێشەی موسڵی لەلای تورکیا لەجاران زۆرتر ژیاندووەتەوە. کێشەی موسڵ زۆر لە سنووری جوگرافی باشووری

کوردستان دەگرێتەوە. تاچەند تورکیا لە زیندووکردنەوەی کێشەی موسڵ و بەدەستهێنانەوەی سەرکەوتوو دەبێت، پەیوەستە بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە و رەهەندێکی گرنگی دیکەی پۆست-داعشە. هەرچەندە پەیوەندییەکانی رووسیا و تورکیا بەهۆی شەڕی داعشەوە لە خراپیدایە و بەهۆیەوە باندۆری سەربازیی تورکیای لە باشوور و رۆژئاواشدا کەمکردووەتەوە، بەڵام تورکیا تائێستاش کاریگەری شێرگیری لەسەر سیاسەت و پاشەڕۆژی هەرسێك لە باکوور، باشوور و رۆژئاوای کوردستان هەیە. پاشەڕۆژی تورکیا و باشووری کوردستان رەهەندێکی گرنگی دیکەی پۆست-داعشە.

- **سووریا**، لاوازترین دراوسێی باشووری کوردستانە. بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانییەوە لەم ساڵانەی دواییدا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باشووری کوردستان نەبووە. تەنانەت ئێستا ناتوانرێت پێی بگوترێت دراوسێی باشووری کوردستان، بەهۆی کۆنتڕۆڵکردنی تەواوی سنوورەکانی خۆرهەڵاتییەوە لەلایەن یەپەگە و داعشەوە.

## باشووری کوردستان و پۆست-داعش

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ بەسەر شەڕی باشووری کوردستان و دەوڵەتی ئیسلامی -داعش، ئێستا لەگەڵ ئەوەی هێشتا مەترسی داعش هەر ماوە، بەڵام دەکرێ بگوترێت مەترسییەکانی کەمبوونەتەوە. هەربۆیە ئێستا دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە ئایا باشووری کوردستان لە پاش شەڕی داعش چی بەسەردێت و سیناریۆکانی چین؟

زۆرینەی کێشە سیاسی، ئابووری، شکۆییەکانی باشووری کوردستان کە پێشتر باسکران، لە هەنگاوی پۆست-داعشیشدا درێژەیان دەبێت. هۆکارەکەشی ئاڵۆزی کێشەکانە و چارەسەرەکانیشیان یان ئاڵۆزن یان درێژخایەن.

### بەرەی ناوخۆیی

لە کوردستان پێنج حیزبی گەورە هەن کە حکومەت و پەڕلەمان "بەڕێوە"دەبەن. لەوانە تەنیا پارتی و یەکێتی شادەمارە ئابووری، سەربازی و سیاسییەکانیان بەدەستەوەیە. هەر ئەوانیشن بەرەکانی شەڕ لەگەڵ داعش بەڕێوەدەبەن.

ئێستا باشووری کوردستان لە کۆتاییهاتنی شەڕی داعش نزیکدەبێتەوە و بە رزگارکردنی موسڵ "کۆتایی"ی پێدێت. هەردوو پارتی و یەکێتی لەسەر گەلێك تەوەر ناکۆکن و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ناکۆکیانە بۆ قۆناخی پۆست-داعش بگوێزرێنەوە!

هێڵی گشتیی پارتی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان، ئەنجامدانی گشتپرسی (ریفراندۆم) و راگەیاندنی سەربەخۆییە. لەبەرامبەریشدا یەکێتی پێیوایە کە باشووری کوردستان هێشتا ئامادەی گشتپرسی و سەربەخۆیی نییە، هەرچەندە بەم دواییانە ئەوانیش خوازیاری ئەو گشتپرسییەن. بەواتایەکی دیکە دابەشبوونێك لە هەڵوێستی یەکێتیدا هەیە.

هەرچی گۆڕان و پارتە ئیسلامییەکانن، هێشتا هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ ئەنجامدانی گشتپرسی و راگەیاندنی سەربەخۆیی رانەگەیاندووە لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان بەهۆی ئەوەی کە گشتپرسی دەستپێشخەریی پارتییە. دووەم تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کوردستان دابەشدەکەن دژی گشتپرسی و جیابوونەوەی کوردستانن و ئەوانیش بەتایبەتی پارتە ئیسلامییەکان هەڵوێستی هەرێمی بەهەند وەردەگرن. دیارە هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوە و لێکنزیکییەکیان لەگەڵ پارتیدا هەیە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی و راگەیاندنی سەربەخۆیی. گۆڕان و ئەوانی دیکە پێیانوایە کە ئێستا خەڵکی باشووری کوردستان پێویستیان بە باشترکردنی باری ئابوورییە کە ئەمەش لە رێگەی حکومەتی ناوەندیی ئێراقەوە چارەسەردەبێت نەك بە جیابوونەوە لە ئێراق. ئەم حیزبانە هەر یەك لەلایەن خۆیەوە پرۆژەی چاکسازی پێیە کە دەکرێت ئەم هەنگاوە ناوبنرێت قۆناخی پرۆژەکان! بەڵام تاوەکو چ رادەیەك پرۆژەکان کارا و سەرکەوتوو دەبن، ئەوە لە هەنگاوی پۆست-داعشدا دەردەکەوێت.

ئەم دوو هەڵوێستییەی بەرەی ناوخۆیی کورد باندۆری خراپی لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی دەبێت و سەرکەوتنی

دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئەگەر رۆڵی پەڕلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە، دەکرێت بڕیارێکی پەڕلەمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی بە زۆرینەی دەنگی پێویست بەدەستبهێنرێت.

هەڵبەت دابەشبوونی هەڵوێستی کورد و هێزە سیاسییەکان لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی پەیوەندی گرنگی بە جیۆپۆلیتیکی دابەشبوونی هێزەکانی کوردستانەوە هەیە کە هەردەم لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە ئاراستەکراون.

وا مەزەندە دەکرێت کە پێش کۆتاییهانی جەنگی داعش، پرسی کاراکردنەوەی پەڕلەمان و دابەشکردنی وەزارەتەکان دەستپێبکرێتەوە. بەمەش گوڕێك بە بەهێزبوونی بەرەی ناوخۆیی باشووری کوردستان دەدرێت و کاریگەری گرنگی لەسەر گشتپرسی و پاشەڕۆژی باشووری کوردستان لە دوای نەمانی داعش دەبێت.

## باشوور و ئێراقی عەرەبی

زۆرینەی خاڵە ناکۆکە ئابووری و سیاسییەکانی باشوور و ئێراق بۆ قۆناخی پۆست-داعش دەگوێزرێنەوە، چونکە ئەستەمە لە ئێستاوە تاوەکو کۆتایی شەڕی داعش خاڵە ناکۆکەکان کە زۆر ئاڵۆزن، چارەسەر بکرێن.

کێشەی نەوت لەگەڵ حکومەتی ئێراق، یەکێك لەو ناکۆکیانەیە کە باشووری کوردستان لە پۆست-داعشدا دەیبێت.

حەشدی شەعبی و هێزەکانی سوپای ئێراق و میلیشیا شیعەکانی دیکە، لە سنووری خانەقین- خورماتوو مۆڵدراون و ترسی بەریەککەوتنی کورد و شیعە لەدوای داعش زۆرە. دیارە باشووری کوردستان لە شەڕی داعشدا زیانێکی گیانی و ماددی زۆری بەرکەوتووە. لەبەر ئەوە ئایا بۆ شەڕی شیعە و دەستێوەردانەکانی ئێران ئامادەیە؟ ئەوە پرسیارێکی گرنگی هەنگاوی پۆست-داعشە و باشووری کوردستان دەبێ باشتر بیری لێبکاتەوە و خۆی بۆ ئامادەبکات. بەتایبەتی کە پێشتریش لەنێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لە خورماتوو پێکدادان روویداوە و قوربانیشی لێکەوتووەتەوە.

حەشدی شەعبی وەك ئەلتەرناتیڤێکی سوپای ئێراق دروستبووە، جێبەجێکاری ستراتیژی شیعەگەرایی ئێرانییە و هەر

لەلایەن ئەوانیشەوە راهێنان و پاڵپشتی لۆجیستی دەکرێن و کۆپییەکی سوپای پاسداران و بەسیجی ئێرانییە و ئیدیعای ئەوە دەکرێ سوپای قودس راستەوخۆ حەشد بەڕێوەدەبات.

عەرەبە سوننەکان هەر لە زووەوە هۆشدارییان داوە لەسەر ئەم دەستێوەردانەی ئێران لە ئێراقدا و بە پلانێکی "فراوانخوازیی سەفەویی" دەزانن.

هەرچەندە ناوچە داپڕاوەکانی ماددەی ١٤٠ بەهۆی شەڕی داعشەوە هاتنەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی باشووری کوردستان و ئێستا بووەتە ئەمری واقیعی نێوان باشووری کوردستان و ئێراقی عەرەبی، بەڵام لە پۆست-داعشدا دەبێتە خاڵێکی سەرەکی ناکۆکییەکانی باشووری کوردستان و ئێراق. کۆکردنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو و ناوچەکانی دیکەی نزیك کەرکووك پێشەکیی هەڵگیرساندنی جەنگی کورد و شیعەیە لەپاش نەمانی داعش.

## باشوور و هێزەکانی پەکەکە و لکوپۆکانی

پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان بە پەکەکەوە رەهەندێکی گرنگی دیکەی پۆست-داعشە. ئەم پەیوەندییانە هەردەم لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. ماوەیەکی زۆرە خۆشبەختانە هیچ بەریەککەوتنێکی سەربازی روونەداوە. هێزەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستاندا لە قۆناخی پۆست-داعشدا هەر دەمێننەوە. باشتربوونی پەیوەندییەکان، بەتایبەتی پەیوەندییەکانی پارتی و پەکەکە، دەبێت لە توێی ستراتیژیەکی نەتەوەییدا یەکلایی بکرێتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە سەرکەوتنی گشتپرسی ئەو پەیوەندییانە بەرەو باشتر ببات.

پەیوەندییەکانی تورکیا و بارودۆخی کورد لە باکووری کوردستان هەردەم باندۆری باش و خراپی لەسەر رەوشی باشووری کوردستان هەبووە. ئەم پەیوەندییانە کارێکی وایانکردووە کە چەندجارێك بۆرییە نەوتەکەی باشووری کوردستان-جەیهان بتەقێندرێتەوە و زیانێکی ماددیی گەورە بەر ئابووری باشووری کوردستان بکەوێت. پرسی نەوت و بۆری باشووری کوردستان-جەیهان، کێشەیەکی هاوکاتی داعش و پۆست-داعشیشە. دەسەڵاتدارانی باشوور و پەکەکە پێویستە ژیرانەتر لەسەر ئەم دۆزە بدوێن بەتایبەتی کە ئەو بۆریە گرنگترین شادەماری ئابووریی باشووری کوردستانە.

## باری ئابووری

چاکسازییە ئابوورییەکان لەسەرەتای مانگی فێبریوەریی ٢٠١٦دا بە فەرمی چ لەلایەن حکومەت و چ لەلایەن سەرۆکایەتیی باشووری کوردستانەوە بڕیاری لێدراوە. ئەم چاکسازییانە گرنگ و درێژخایەنن، واتە قۆناغی پۆست-داعشیش دەگرێتەوە. چاکسازی ئابووری زۆر پەیوەستە بە هەڵوێستی سیاسی لایەنەکانی کوردستان و پاشەڕۆژی سیاسی کوردستانەوە. دیارە هەموو لایەنەکان کۆك نین لەسەر چاکسازییەکان و هەندێکیان چاکسازییەکان وەك داپۆشینێك بۆ قەیرانی سیاسی دەبینن.

## دیمۆگرافیای باشووری کوردستان

بەهۆی شەڕی داعشەوە دیمۆگرافیای باشووری کوردستان گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە. زۆرتر لە ملیۆنێك ئاوارەی عەرەب ڕوویانکردووەتە شارەکانی باشووری کوردستان. زۆریان لە کەمپەکانن و ئەوانەش کە توانای داراییان باشە لە شار و شارۆچکەکاندا نیشتەجێبوون. مانەوەی ئەم عەرەبانە لە کوردستاندا مەترسی هەیە بۆ ئاساییشی نەتەوەیی کوردستان، بەتایبەتی کە زۆرینەی ئەوانە عەرەبی سوننەی ناوچە کێشە لەسەرەکانن.

هەر بەهۆی شەڕەکانەوە، زۆرینەی گوندنشینە عەرەبەکانی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێراقی عەرەبی کە زۆرینەی هەرە زۆریان هاوکار و ڕێنیشاندەری داعش بوون، لە شوێنی خۆیان هەڵکەندران و لە هەندێك شوێنیش بەهۆی شەڕەکانەوە گوند یان ماڵەکانیان خاپووربوون. لە هەندێك شوێن هەندێ هۆزی عەرەبی بەتەواوی لە شوێنی "خۆیان" نەماون، هۆزی کەروی ناوچەی جەلەولا وەك نموونە. ئەمانە هەموویان لەو عەرەبانە بوون کە بەهۆی پرۆسەی بەعەرەبکردنەوە لەسەر زەوی کورد نیشتەجێکرابوون. پاش شەڕی داعش ئەوانە هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکان"یان" و دەبێ بە هەموو شێوەیەك ڕێگرییان لێبکرێت، تاوەکو سنوورەکانی باشووری کوردستان پارێزراوبن و ئاساییشی نەتەوەیی پتەوتربکرێت. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و لە پۆست-داعشدا دەبێ زۆر بەگرنگییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بەتایبەتیش کە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ لە جەنیوەری ٢٠١٦دا هێزی پێشمەرگەی

کوردستانی بەوە تۆمەتبارکرد کە بەمەبەست هەزاران خانووی عەرەبیان رووخاندووە!

بێجگە لە ئاوارەی عەرەب، زۆر کوردی رۆژئاوای کوردستان لە باشووری کوردستان بەهۆی شەڕەکانەوە نیشتەجێبوون. ئەمانە لە وڵاتی خۆیاندان و گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەیان هیچ کار ناکاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، بگرە سوودیشی بۆ تێکەڵبوونی یەکانگیریی نەتەوەیی دەبێت.

## شانە نووستووەکانی داعش

داعش لە باشووری کوردستاندا بەرەو پووکانەوە دەچێت، بەڵام شانە نووستووەکانیان لە زۆر شوێندا هەن. ئەمانە یان کوردن یانیش عەرەب کە خۆیانیان لەنێو رەوی ئاوارەکان و کەمپەکاندا حەشارداوە و دەبنە کێشەیەکی گەورەی قۆناخی پۆست-داعش لە باشووردا و پێویستە هەردوو ئاژانسی زانیاری و پاراستن هاوئاهەنگی تەواویان بۆ هەڵمالینی نهێنییەکانیان و لەنێوبردنیان هەبێت.

# سیناریۆکانی پۆست-داعش

## کەی ترسی داعش نامێنێت؟

داعش، بەهێزێکی زۆر و ترس و دڕندەییەکی بێوێنەوە هاتە ناوچەکە. هەر زوو رووبەرێکی فراوانی ناوچەکانی عەرەبی سوننەی لە هەردوو وڵاتی سووریا و ئێراق خستەژێر رکێفی خۆیەوە. سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەی نەهێشت، زۆرینەی بەربەستە سنوورییەکانی لابرد. پاشان هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر باشوور و رۆژئاوای کوردستان. بەرەیەکی دوور و درێژی جەنگ هەر لە عەفرینەوە تاوەکو خانەقین تاوی سەند، دەیان شارۆچکە، سەدان گوندی کوردستانیان داگیر و خاپوورکرد.

داعش بە بەراوورد بە دوو ساڵی پێشوو، لاوازبووە. هێرشەکانیان وەك پێشتر سیستەماتیك نییە. رزگارکردنەوەی شنگال، کۆبانێ، مەخموور، جەلەولا و ئەوانی دیکە ورەی داعشی لە بەرامبەر هێزە کوردییەکان رووخاند. کەمە کەمەیەك نەیێت لێرە و لەوێ، لێدە و راکەیەك دەکەن یان بۆمبێکی چێنراویان دەتەقێتەوە. ئەمانە نیشانەی بەراییەکانی کەمبوونەوەی مەترسیی داعش لەسەر سنوورەکانی کوردستانن.

رزگارکردنەوەی موسڵ لە بەرنامەی وڵاتانی رۆژئاوا، ئێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە و کاری زۆریشی بۆ کراوە. بە گرتنەوەی موسڵ دەتوانرێت بگوترێت کە ترسی داعش لەسەر کوردستان بەگشتی و بەشی باشووری زۆر کەمدەبێتەوە یان نامێنێت.

پاش "نەمان"ی داعش زۆر گرنگە ئەم سیناریۆ و گریمانانە لەبەرچاو بگیرێن، تاوەکو چ حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ فیدراڵیی رۆژئاوای کوردستان و چ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ئامادەی هەر گۆڕانکارییەکی خوازراو و نەخوازراو لە پاشەڕۆژی پۆست-داعشدا ببن.

دیارە ئەم سیناریۆیانە هیچیان پێشبینیی رەها نین و زۆرینەیان دەرئەنجامی خوێندنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

سیناریۆکان تەنیا تایبەت بە رەوشی چاوەڕوانکراوی هەردوو بەشی باشوور و رۆژئاوای کوردستانن. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە شەڕی داعش زۆرتر لەگەڵ ئەم دوو بەشەدا بووە و باندۆری ترسناکی سیاسی، سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەریان هەبووە.

## سیناریۆ "خراپ"ەکان

- دروستبوونی سەعدئابادێکی نوێ و رێککەوتنی دوو یان زۆرتری داگیرکەرانی کوردستان لەسەر زۆرتر سەرکووتکردنی دۆزی کورد، یەك لە سیناریۆ هەرە خراپەکانی پۆست-داعشە.
- دابەشنەکردنی هەردوو وڵاتی سووریا و ئێراق و گێڕاندنەوەی سنوورەکانی سایکس-پیکۆ، یەکێکی دیکە لە سیناریۆ خراپەکانی پۆست-داعشە. مانەوەی سنوورەکان واتە دانەمەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە زۆر لە چاودێران پێیانوایە پاش داعش باشوور و رۆژئاوای کوردستان دەوڵەتی کوردستان لە خانەقینەوە تاوەکو سەر دەریای نێوەڕاست، دەبنە یەك دەوڵەت و ئەو ناوچەیەش بە ڕاڕەوی کوردی Kurdish Corridor ناوزەدکراوە.
- درێژەکێشانی خراپی پەیوەندییەکانی نێوان باشوور و رۆژئاوای کوردستان، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی یەکێتی دیموکراتی و نەکرانەوەی سنووری هەردوو بەشی کوردستان، سیناریۆیەکی خراپە. ئەمە باندۆری زۆر خراپی لەڕووی نەتەوەیی و ئابوورییەوە هەیە.
- زۆرتربوونی دەسەڵاتی شیعە و ئێران، یەکێك لە گرنگترین گریمانە ترسناکەکانی پۆست-داعشە. هەرچەندە پێشتر سنووری باشووری کوردستان بەشێکی زۆر کەمی بە شیعەی عەرەبەوە گرێدرابوو لە باشووری خانەقین، بەڵام بەهۆی هەوڵە بەردەوامەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیای پارێزگای دیالە لەلایەن ئێران و حکومەتی ئێراقەوە کە بەشێکی ناوچە کوردستانییەکانیش دەگرێتەوە، هەروەك پێشتر لە بەشی باشووردا باسکرا سنووری کورد و

شیعە لە جاران فراوانتربووە. پێکدادانی خوێناویی بەرفراوانی هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی گریمانەیەکی بەهێزە. ئەمە زۆر ترسناکە چونکە کوردستان لە جەنگێك دەچێتە دەرەوە و بەرەورووی جەنگێکی دیکە دەبێتەوە. دیارە جێگیرنەبوونی ناوچە داپڕاوەکان لە پۆست-داعشدا کە پەیوەندی زۆری بە شیعەکانەوە هەیە بەتایبەتی لە ناوچەی خورماتوودا ترسێکی دیکەی پۆست-داعشە.

- لەکاتی جەنگی داعشدا بەرەی ناوخۆیی کورد زۆرتر پەڕتەوازە بوو، ململانێی لایەنەکان لەسەر دەسەڵات گەیشتە لووتکە. ئەم ململانێیە باندۆری خراپیشی لەسەر جەنگی داعش هەبووە. دوورکەوتنەوەی دەسەڵاتدارانی هەولێر و سلێمانی، باشووری کوردستان بەخراپی بەرەو دووئیدارەیی و دوو ئیرادەیی دەبات.
- دڕندەیی دەوڵەتی ئیسلامی نەیتوانی رەوتی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی لە کوردستاندا کەمبکاتەوە! هەندێك خانەی نووستوو لە باشووری کوردستاندا ماونەتەوە و دەبنە سیناریۆیەکی ترسناك و بەدڵنیاییەوە لە پۆست-داعشدا هەوڵی کاری تیرۆریستی لە باشووری کوردستاندا دەدەن و ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوخۆیی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە پاشماوەکانی داعش لە سنووری باشووری کوردستانەوە هەوڵی کاری تێکدەرانە و شەڕی چەتەیی دەدەن.

**سیناریۆ "باش"ەکان**

- تەواوی هێزە دەسەڵاتدارە جیهانی و ناوچەییەکان چاویان لە کێکەکەی پۆست-داعشە. رووسیا دەیەوێت ئاواتی چەند سەدەیی بۆ گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بهێنێتەدی و لە بەشە عەلەوییەکەی سووریا خۆی جێگیرکردووە و جبەخانەیەکی سەربازی گەورەی بۆ ئەو ناوچەیە گواستووەتەوە. ئەمریکا و خۆرئاواش لە ناوچەکەدا ئامادەیی چالاکیان هەیە و نەوت و گازی باشوور و رۆژئاوای

کوردستانیان لەبەرنامەدایە و بەپێی رای زۆر لە چاودێران لە هەوڵی بینینەوەی رێیەکدان بۆ گواستنەوەی ئەو بەرهەمە پەترۆڵییانە لەدەرەوەی خاکی تورکیا. هەڵبەت یەکەمین و باشترین ئەلتەرناتیڤیش گەیاندنی کوردە بە دەریای سپی نێوەڕاست . بۆیە چاوەڕواندەکرێت گۆڕانکاری گەورە بەسەر نەخشەی جیۆپۆلیتیکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت. بەهۆیەوە کوردیش ببێتە دیوارێکی جیۆپۆلیتیکی لەنێوان شیعە و سوننە و داپڕانی توندڕەوی ئایینی.

- لە رۆژئاوای کوردستان، هەوڵەکان بۆ بەستنەوەی هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین بەردەوامە. هێزە رۆژئاواییەکان یارمەتییەکی بەرچاوی رۆژئاوی کوردستانیان داوە لەڕووی هێرشی ئاسمانی و پێشکەشکردنی پاڵپشتی لۆجیستیی دیکەوە و لە هەوڵی ئەوەدان کە سووریا ببێتە دەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵی. بنکەی سەربازییان لێرە و لەوێ داناوە. پارتی یەکێتی دیموکراتی ئەو نەخشەیەی بڵاوکردووەتەوە کە کورد چەندین ساڵە خەباتی بۆی کردووە و ئاواتی ئەوە بووە کە رۆژئاوای کوردستان لە باکووری لازقییەوە دەگاتە دەریا. لەکاتی کردنەوەی بنکەی پارتی یەکێتی دیموکراتی لە مۆسکۆ، ئەم نەخشەیە بەبەرچاوی میدیای رووس و جیهانییەوە دانرابوو. زۆرینەی هەرەزۆری سەرچاوە نەوتییەکانی سووریا دەکەونە رۆژئاوای کوردستانەوە. ئێستا بەنداوی ستراتیژیی تشرین لەسەر رووباری فرات لەژێر کۆنتڕۆڵی کوردە. رۆژئاوای کوردستان لەڕووی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند دادەنرێت. هەموو ئەمانە ئەم سیناریۆیە دەکاتە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو تاوەکو کورد بگاتە دەریا.



**بارەگای پەیەدە لە مۆسکۆ**

- هەر لەسەرەتای ساڵی 2016ەوە خواستی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان لەئێراق بووەتەوە رۆژەڤ. خواستی گشتپرسی هەرچەند هەموو لایەنە کوردییەکان لەسەری تەبا نین، هەروەها ئاستەنگی یاسایی و تەکنیکیشی زۆرە و ناوچە داپڕێنراوەکانی سنووری مادەی 140یش کێشەیەکی دیکەیە کە ئایا گشتپرسی ئەو شوێنانە دەگرێتەوە یان نا؟ لە پۆست-داعشدا یەك لە سیناریۆکان ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆییە.
- سیناریۆی دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ رۆژئاوا و باشووری کوردستان دەبێتە مانەوەی بەشێکی سنووری سایکس-پیکۆ. ئەمە هەرچەند بە یەکێك لە سیناریۆ باشەکان دادەنرێت، بەڵام ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی سایکس-پیکۆ بژاردەیەکی بەهێزە و زۆر تۆژینەوە لەسەر ئەوە کراوە کە باشوور و رۆژئاوای کوردستان پێکەوە بلکێن و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە خانەقینەوە تاوەکو عەفرین و بۆسەر دەریای نێوەڕاست بێتەکایەوە. ئەم سیناریۆیە لەگەڵ سیناریۆی یەکەمدا زۆر پەیوەست و لێکئاڵاوە و بەرژەوەندییەکانی رووسیا و ئەمریکا و رۆژئاوا دەبنە ئافرێنەری ئەم سیناریۆیە. گرێدانی باشوور و رۆژئاوای کوردستان لەستراتیژی ناتۆدا بە

کوردیش کۆریدۆر-ڕاڕەوی کوردی ناسراوە و باسی لێوەدەکرێت .




## نەخشەیەکی نزیك لە ڕاڕەوی کوردی (دیواری کوردی)

- لەباری سەربازی و هەواڵگرییەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەریلا و شەڕڤانان بەهۆی شەڕی داعشەوە هەرچەند زیانی زۆریان بەرکەوت، بەڵام پێشکەوتنی گەورەیان لە هونەری سەربازی و جەنگیدا بەدەستهێناوە. دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی و دەزگایەکی هەواڵگری پێشکەوتوو یەکێکی دیکە لە سیناریۆ باشەکانە.
- لەباری ئابوورییەوە، ڕۆژی 7ی مارتی 2016 باڵیۆزانی ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ژاپۆن لەئێراق لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەری بانکی نێودەوڵەتیش بەشدارییکرد و باسیان لە کێشەی دارایی باشووری کوردستان کرد. پێدەچێت ئەمە بەرایی باشتربوونی قەیرانی دارایی لە باشووری کوردستان بێت کە لە پۆست-داعشیشدا هەر بەردەوام دەبێت. سەرباری بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی نەوت لە سەرەتای

مارتی 2016ەوە دەکرێت ببێتە هۆکارێکی زۆر گرنگی باشتربوونی قەیرانی دارایی لە پۆست-داعشدا. چاکسازییەکانی حکومەتی باشووری کوردستان بەراییی تاڕادەیەك تێگەیشتنی حکومەتە بۆ پرنسیپی بەناوبانگی "Best value for money" بەواتای باشترین بەها بۆ دراو. بەپێی ئەم پرنسیپە، دراو دەبێت لە پرۆسەیەکی سوودمەندا خەرج بکرێت، کوالیتی و درێژخایەنیی کاڵا و خزمەت لەم خەرجییانەدا پێویستە تاکە مەبەست بێت. هەر ئەمەشە کە دیاردەی گەندەڵی لە پۆست-داعشدا کەمدەکاتەوە.

- خانە نووستووەکانی داعش لە کوردستان و پۆست-داعشدا بەردەوام هەوڵی کاری تێکدەرانە دەدەن. هێزەکانی ئاساییش و دەزگا هەواڵگرییەکان لە پۆست-داعشدا بەهۆی نەمانی خەریکبوونیان بە بەرەکانی شەڕەوە دەتوانن باشتر چاودێرییان بکەن و بیاندەنە دەست یاسا.

## سەرچاوەکان


1. ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان 1946 - 1991، ئیدریس سیوەیلی، چاپی دووەم، 2009
2. داعشنامە - وەشانی 2ەم - تایبەتە بە داعشە کوردەکان و کارەکانیان کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە، ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا ، - 2015 http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=20141116153648118137
3. ٢٠١٤نامە - وەشانی ١ - ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٤ یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە. ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، ساڵی وەشان – ٢٠١٥. http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150101161006118594
4. ٢٠١٥نامە - وەشانی ١ - ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی ٢٠١٥ یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.

ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، ساڵی وەشان - ٢٠١٦.
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20160101180029128872
5. دۆکومێنتەریی ئەنسارولئیسلام پەیامێکی روون و کاروانێکی بەردەوام – بڵاوکراوەی ئەنسارولئیسلام لەسەر یوتیوب - https://www.youtube.com/watch?v=K2tV1c99A0A
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێك لەبارەی چاکسازی دەردەکات – پۆرتاڵی رووداو - http://rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=180752
7. چارەسەری قەیرانی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان – بزووتنەوەی گۆڕان، ٢٠١٦ - http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=2016021719595894017
8. فراکسیۆنی گۆڕان: چاکسازییەکانی حکومەت بۆ داپۆشینی قەیرانی سیاسییە - http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2016021714010893999
9. د.بەرهەم ساڵح: هیوادارم لە داهاتوودا ئێراق ببێتە دراوسێیەکی باشی کوردستان - http://www.basnews.com/index.php/so/news/kurdistan/258280
10. نەخشەرێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە قەیران و بنبەستی ئێستا - حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان - http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2016022020281794079
11. مەسرور بارزانی: ئاوارەکان هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن - http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2015092321253786109
12. ئاوارەکانی کەرکوک 400 هەزار کەسی تێپەڕاند - http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2014102215064677788

13. Ansar al-Islam: Back in Iraq, by Jonathan Schanzer. Published in the Middle East Quarterly, Winter 2004, pp. 41-50.
14. Ansar al-Islam in Iraqi Kurdistan - Human Rights Watch - تێبینی: کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم کورتە راپۆرتە نادیارە.
15. Ansar al-Islam (Iraq, Islamists/Kurdish Separatists), Ansar al-Sunnah. Author: Kathryn Gregory, November 5, 2008
16. Iran's Role in Iraq - Alireza Nader - http://www.rand.org/content/dam/rand/pubs/perspectives/PE100/PE151/RAND_PE151.pdf
17. انصار الاسلام في كردستان العراق - وثائقية بالعين المجردة (ديانا مقلد)، تلفزيون المستقبل – ٢٠٠٣ - https://www.youtube.com/watch?v=oPZLpoqA5a0
18. جماعة أنصار الإسلام.. من هي ولماذا قصفت؟ جريدة اليوم، مارس 24, 2003 - http://www.aljazeera.net
19. أنصار الإسلام الكردية.. من التأسيس حتى داعش – http://burathanews.com/news/281312.html
20. الحركات الاسلامية الجهادية انصار الاسلام - جيش انصار السنة - ابو مصعب الزرقاوي - كتائب ابي حفص - د. هاني السباعي
21. الإخوان المسلمون في كردستان العراق.. تبعية لايران تدفع للمزيد من الانشقاقات - عبد الرحيم علي - http://www.islamist-movements.com/4923
22. ميليشيات «الحشد الشعبي» نسخة عراقية من «الباسيج» الايراني، د. خالد يايموت - جامعة محمد الخامس - جريدة الشرق الاوسط، العدد ١٣٢١٥، ٠٢ فبراير ٢٠١٥
23. الاستراتيجية الإيرانية في مواجهة أميركا في العراق - د. هيثم مزاحم - http://www.beirutme.com/?p=697&print=pdf
24. أضواء على المشروع الصفوي الإيراني - عمر خليفة راشد - http://omarblog.com/media/67.pdf
25. النائب حيدر الملا: محافظة ديالى تتعرض للتغيير الديموغرافي منذ 13 عاما – فيديو -

http://altaghier.tv/2016/01/17/%D8%AD%D9%8A%D8%AF%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%84%D8%A7-%D9%85%D8%AD%D8%A7%D9%81%D8%B8%D8%A9-%D8%AF%D9%8A%D8%A7%D9%84%D9%89-%D8%AA%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D8%B6-%D9%84%D9%84%D8%AA%D8%BA%D9%8A%D9%8A%D8%B1/

26. تمهيدا لتغيير ديموغرافية المدينة: تصفية ممنهجة بين مكونات محافظة ديالى - عايدة الخطيب - http://www.sotaliraq.com/newsitem.php?id=317010#axzz40VLdz600

27. مواجهات بين البيشمركة والحشد الشعبي في طوزخورماتو – موقع شبكة روداو - http://rudaw.net/arabic/kurdistan/1211201524

28. كردستان العراق- تهجير وتطويق واعتقال العرب - Human Rights Watch - https://www.hrw.org/ar/news/2015/02/25/266992

29. الأمم المتحدة: مليون و800 ألف لاجئ في العراق - http://www.kurdipedia.org/?lng=1&q=2014090114410577209

تێبینی: ئەو سەرچاوە دیجیتاڵیانەی بۆ ئەو سێ نووسینەی پێشەوە سودی لێوەرگیراوە و بەستەرەکانیان دانراون، لە مانگی فێبریوەریی ٢٠١٦دا خوێندراونەتەوە و ئۆنلاین بوون.

# داعش کێیە؟

داعش، عەرەبی راستەقینەیە، داعش ئیسلامی راستەقینەیە، ئەوەی داعش دەیکات هەر هەمووی لە کتێبەکانی قورئان و سوننەدان! ئەوان هیچ شتێک ناکەن جگە لە جیبەجێکردنی ئەوەی کە ئەو کتێبانە نووسیویانە. تەنها یەک ئیسلامی راستەقینە هەیە، ئەویش داعشە! دەتانەوێت بزانن ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر خالید و عومەر و تیرۆریستەکانی تر چیانکرد! سەیری رووداوەکانی ئەم رۆژانە بکەن.. ئەمانە تەنها دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوانەیە و هیچی تر.. داعش واتە جێبەجێکردنی حوکمی قورئان و ئیسلامی راستەقینە... ئەوەی دەڵێت داعش ئیسلام نییە! درۆ دەکات..

٢٠١٤-٠٨-٠٩
لاهای – هۆڵندا

# قەڵەمەکانی براکوژی

قەڵەمەکانی براکوژی تیژکرانەوە، هەمیشە وابووە! پێشتر قەڵەمەکان کەوتوونەتەکار و پاشانیش براکان پەنجەکانی یەکتریان شکاندووە! کەواتە قەڵەمبەدەستەکان لە تەقەکەرەکان تاوانبارترن...

٢٠١٦-٠٦-١٧
سلێمانی

# نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان

بە نزیکبوونەوەی یەکێتی و گۆڕان خۆشحاڵبووم و وتم شارەکەم ئارام دەبێتەوە و کەمێکیش هێزەکانی باشوور هاوسەنگ دەبنەوە! ئەمڕۆ یەکێتییەکە نەک لەگەڵ گۆڕاندا یەکینەگرتەوە! بەڵکو خۆشی بووە دوو بەش! دەترسم ئەمە ماڵوێرانیی زۆرتر بۆ سلێمانی بهێنێت و چەند کوڕە هەژارێکی تریش بچنە سەر ژمارەکانی تر و دوایی پێیان بگوترێت شەهیدی بڕیار یان شەهیدی شەرعییەت!

٢٠١٦-٠٩-٠١
لاهای – هۆڵندا

# پیرۆزبایی لە نادیە موڕاد

پیرۆزبایی لە نادیە موڕاد دەکەم بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.. بەڵام خۆزگە بە زمانی عەرەبی وتارەکەی نەدایە! ئەوە ئەو زمانەیە کە رفێنەران و لاقەکارانی ئاخاوتنی پێدەکەن..

٢٠١٦-٠٩-١٦
لاهای – هۆڵندا

# ئەوەی بەعس بۆی تەواونەکرا!

پازدە ساڵ لەمەوبەر لە وتارێکمدا نووسیم: ئەوەی بەعس بۆی تەواونەکرا! حیزبە کوردییەکان بە ئەمانەتەوە بۆی تەواوکردن.. ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵە حیزبەکان لە بەعسیان تێپەڕاند لە سووککردنی تاکی کوردا.. ئەو پێشێلکارییانەی روویانداوە و زۆرتریش روودەدەن، دەبنە هۆی کارەساتی زۆرتر کە پێش هەموو شتێک سەری ئەو حیزبانە خۆیان دەخوات...

٢٠١٦-٠٩-٢٨
لاهای – هۆڵندا

# بۆ دەمیرتاش و هاوڕێیانی چیمان کرد!

کە دەمیرتاش و هاوڕێیانی گیران، تەنها ئەوەمان پێکرا یەکی چەند پۆستێک و دێرە شیعرێکی سۆزئامێز لە فەیسبووکدا بکەین و بنووسین.. سەدان خۆپیشاندانیشمان رێکخست و بووە هۆی ئافراندنی هەزاران وێنەی سێلفی و جێ دڵداریی لاوەکانمان! کەسێک نەبوو بڵێ ئەمە بۆ روویدا! هیچ خوێندنەوە و دیارە پێشهاتیشمان نەبووە بۆ ئەم رووداوە! ئێمە هەموومان زۆر هەژارین.. لە هەمووشی کارەساتتر، ئەوانەی رۆژی چوار پێنج وتار دەنووسن! ئەوانیش کەوتنە شیعراندن و هیچیان پێ نەبوو!

2016-11-06
لاهای - هۆڵندا

# ڕاپۆرتەکانی هیومان ڕایتس وۆچ ئاماژەیەکی ترسناکن بۆ پاشەڕۆژی سیاسیی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان

ڕۆژی ١٣-١١-٢٠١٦، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی دەیان لاپەڕەییی بە هەرسێ زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و عەرەبی بەناونیشانی (نیشانەکراوەبە "X" وێرانکردنی ئەو ماڵ و گوندانەی دەکەونە ناوچەکانی شەڕی داعش لەلایەن هێزە کوردیەکانی عیراقەوە) بڵاوکردەوە.

لەم ڕاپۆرتەدا بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک داتا، ئەرگومێنت و وێنەی ساتەلایتی باس لە رووخاندنی (بەمەبەست – وەک ئاماژەی پێکراوە) گوندە عەرەبییەکانی باشووری کەرکوک، دەشتی نەینەوا و زوممار کراوە.

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەسەڵاتدارانی کوردی و هێزی پێشمەرگە، شەڕی دەوڵەتی ئیسلامییان کردووەتە بەهانە بۆ رووخاندنی ئەو ماڵە عەرەبانە.

هەڵبەت ئەوە مەبەستی ئەو ڕاپۆرتە نییە کە ئەو شوێنە عەرەبنشینانە پێشتر زەوی و ماڵی کورد بوون و بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەوە هێنراونەتە ئەو ناوچانەوە و نیشتەجێکراون. بەڵام ڕاپۆرتەکە زۆرتر جەخت لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و لانەوازبوونی مرۆڤ دەکات بەگشتی. باسیش لەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە بنەما یاساییە نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە.

ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە ترسناکن و چونکە سروشتی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی وەهایە، گەر بیانەوێت لە لایەنێک، دەوڵەتێک یان دەسەڵاتێک بئاڵێنن، ئاوا پێش هەموو شتێک کێشەی مافی مرۆڤ و پیشێلکردنی بنەما نێودەوڵەتییەکانی بۆ دێننە کایەوە و کاری لەسەر دەکەن تا دەگەنە ئەو مەبەستە شاردراوەیەکی کە خۆیان مەبەستیانە. بەتایبەتیش کە مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی بنەما نێودەوڵەتییەکان هەمیشە ڕۆژەڤی گەرمی ڕای گشتیی جیهانی و میدیاکانی بووە.

دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان دەبێت زۆر بە گرنگییەوە پروانن ئەم راپۆرتانە و وەڵامی دروستیان لە بەرامبەردا بە داتا و ئەرگومێنتی بەهێز بداتەوە.. چونکە هەر لێدوانێک یان بەیاننامەیەکی ئینشائامێزی حکومەتی هەرێم نەک هەر بەس نییە، بەڵکو ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتانە باشتر دەسەلمێنێت! دیارە ئەوەش دەبێتە ترسێکی گەورە بۆ لەدەستدانەوەی ناوچەکانی مادەی ١٤٠ لە قۆناغی پاش داعشدا.

٢٠١٦-١١-١٤

لینکی راپۆرتەکە بە هەر سێ زمانەکە:
http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=2016111410035297693

# ئەوە بوو ترسی من![1]

ڕۆژی ١٣-١١-٢٠١٦، باڵیۆزی ئەمریکا لە ئێراق، جەختی کردەوە لەوەی متمانەیان هەیە هێزەکانی پێشمەرگە لە و ناوچانە دەکشێتەوە کە کۆنترۆڵیکردوون، پێشیوایە مەسعود بارزانی و حەیدەر عەبادی "خاڵێکی گەورە"یان لە متمانە لەنێوانیاندا گەشەپێداوە.

ئەمڕۆش ١٦-١١-٢٠١٦، یەکینەکانی پاراستنی گەل پیاڵە ژەهراوییەکەی لەژێر فشاری ئەمریکییەکاندا خواردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکیان تەواوی هێزکانیان لە مابوک-مەنبەج کشاندەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات بەبیانووی بەشداریپێکردنیان لە پرۆسەی توورەیی فورات – ئازادکردنی رەققەدا. ئەم بەیاننامەیە ئێمەی لەو خەونە بەئاگا هێنایەوە کە هەردوو کانتۆنی جزیرە و ئەفرین پێکەوە گرێبدرێنەوە و کورد جارێکی تر دەستی بگاتەوە بە دەریا و ئەو سیناریۆی ڕاڕەوی کوردییەی کە میدیاکانی ڕۆژئاوا باسیان لێوەی دەکرد بێتەکایەوە!

ئەو لێدوان و بەیاننامەیە تەنها ئەوە بە من دەڵێن کە هاوپەیمانان کوردیان وەک ئەو دەستە بەکارهێناوە کە ماری دەوڵەتی ئیسلامییان پێگرتووە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەختەی بەڵگەدار لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا ببێت. ئەگەر بشبووبێت، ئەو کاریگەرییەی نەبووە!

هەڵبەت ئەمە ڕووداوێکی نوێ نییە لە مێژووی ئێمەدا، کورد بەدرێژایی سەدەی بیست لە جارێک زۆرتر لەلایەن زلهێزانەوە بەکارهێنراوە و دواتریش نەک هەر مایەپووچ، بەڵکو بە کارەساتی گەورەوە لێی هاتووەتەدەرەوە.

کارەساتی ئەمجارەمان، بەسەبییەکردن و لاقکردنی هەزاران کچە کوردی ئێزدی و وێرانبوونی دەیان شارۆچکە، شارەدێ و سەدان گوندی کوردنشین بوون. ئەوە سەرباری ئەو گیانانەی لەو جەنگەدا لەدەستمانداوە کە تەنها ڕێکخراوی کوردیپێدیا تا ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەکەی یەپەگە کۆیی کردوونەتەوە و

1 ماڵپەڕی دواڕۆژ، ١٦-١١-٢٠١٦

ژمارەیان هەزاران شەهیدە! لە هەردوو باشوور و رۆژئاوای کوردستان. هەڵبەت ئەم ژمارەیە کەمترە لەوانەی کە لەو جەنگەدا لەدەستمان چوون و هەموویان بەتەواوەتی تۆمار نەکراون.

سەرەتای ئەمساڵ (٢٠١٦)، لەگەڵ چەند لێکۆڵەرێکدا، پەڕتووکێکمان لەسەر بارودۆخی کوردستان و پۆست-داعش دەرکرد. لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە زۆرینەی ئەو باسانەی باسی باشووری کوردستان و سیناریۆکانی دەکرد لەلایەن منەوە نووسراوە، جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە کورد بەبێ هیچ رێکەوتنێک نابێت چی دی هێزەکانی خۆی لە بەرگری زۆرتر بەکاربهێنێت. بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئێستا روودەدات یەکێکە لەو سیناریۆ خراپانەی کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسم کردووە و هاولێکۆڵەرەوەکانی تریشم لەوەدا پشتگیرییان کردووم.

هیوادارم ترسەکەی من لە شوێنی خۆیدا نەبێت!

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-١٦

# قەیرانی دادگای دادی نێودەوڵەتی – ICC و خواستی دامەزراندنی دادگایەکی بەهێزی نێودەوڵەتی[1]

تێکەڵی و بێسەروبەرییەکی زۆر لە وتارە کوردییەکاندا لەبارەی ئەم دادگایە و دادگای دادی نێودەوڵەتی – ICJ بەدیدەکرێت! ئەم دادگایە نوێیە و زۆر لەو جودایە. سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە ! بەڵام بەشێوەیەکی ناوکۆیی هەندێک رێکار و رێسای کارەکانی ئەو رێکخراوە بەکاردێنێت. دادگاکە هەموو دەوڵەتانی جیهان تێیدا ئەندام نین. لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەو دەوڵەتانەن کە دانی پێدانانێن. ئەم دادگایە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا و لاهای کایەی کارکردنییەتی. دادگایەکی "پسپۆڕ"ە "یان دەیەوێت پسپۆڕ بێت" لە جینۆساید و تاوانی جەنگدا2. هیچ کامێک لە داگیرکەرانی کوردستان لەم دادگایەدا ئەندام نیین. دادگاکە هێشتا لە دروستبوونیدایە و نەیتوانیوە تائێستا هیچ کەیسێک یەکالابکاتەوە. چەندین لێکۆڵینەوەی تاوانیی لە کەیسەکانی ئۆگەندە و دارفۆردا کردووە بەڵام هێشتا هەر "بەردەوام"ە.

زۆرێک لە چالاکوانانی کەیسی ئەنفال و پاشتریش شنگال پێیانوایە کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت کارێک بۆ ئەم کەیسانە بەتایبەتی شنگال بکات. ئەمە ریسکێکی زۆر گەورەیە، چونکە دادگاکە لە کارەکانیدا زۆر سستە و هێشتا شارەزاییەکی واهیی لە دادگاییی کەیسەکانی جینۆساید و تاوانی جەنگدا پەیدانەکردووە!3

گرنگترین کەیسێک کە ئەم دادگایە بەهیوابوویێت کە سەرکەوتوو بێت تێیدا ئەوەی دارفۆڕ بوو، بەڵام تەنانەت

---

1 ماڵپەڕی دواڕۆژ، ٢٠-١١-٢٠١٦

[2] Rome Statute of the International Criminal Court, Published by the International Criminal Court, ISBN No. 92-9227-227-6

[3] رۆڵی رووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد – هاوڕێ باخەوان، ٢٠١٦

نەشیتوانی تۆمەتباری سەرەکیی کەیسەکە "عومەر ئەلبەشیر"ی سۆدانیش دەستگیر بکات.
کایە دادییە نێودەوڵەتییەکان گەلێکیان لەسەر ئەم دادگایە وتووە و نووسیوە، دادگاکە لە سەرەتادا کایەی کارکردنی تەنها لە چەند وڵاتێکی ئەفریقادا بوو و بەس، هەربۆیە دەکرێت پێی بگووترێت دادگای دادی ئەفریقی نەک نێودەوڵەتی.
بەدرێژایی ئەو ساڵانە دادگاکە نەیتوانی تەنانەت لەو کەیسە ئەفریقاییانەشدا سەرکەوتوو بێت، چ جای لە سنووری ئەفریقا بێتەدەرەوە و بۆ نموونە چارەسەری کێشەکانی سووریا، ئێراق و وڵاتانی تر بکات کە بەئاشکرا تاوانی جەنگ و جێنۆساید تێیاندا ڕوودەدەن!
ئەم لۆکاڵیبوونەی ئەم دادگایە دەمێکە وڵاتە ئەفریقییەکانی تووڕەکردووە، هەربۆیە لە چەند مانگی ڕابردوودا وڵاتەکانی باشووری ئەفریقا، گامبیا و بوروندی لە دادگاکە کشانەوە. ئەمە گورزێکی کاریگەر بوو بۆ دادگاکە.
تاکە زلهێز کە بەسەرزارەکی لە دادگاکەدا مابووەوە، ڕووسیای فیدڕاڵ بوو. ئەویش ڕۆژی ١٦-١١-٢٠١٦ بەفەڕمی خۆیی لە دادگاکە کێشایەوە و قەیرانی دادگاکەی گەورەتر کرد و ترسی زۆری هەڵوەشاندنەوە یان سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی هەیە. ئەگەرچی ڕووسیا لە سەرەتادا وەک بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەمریکییەکان ئیمزای لەسەر دادگاکە کرد و بووە ئەندام تێیدا، بەڵام ئەم وڵاتە هیچ کاتێک گرنگیی بە دادگاکە نەداوە و وەک پێویست پشتگیریی نەکردووە. ئەگەری ئەوەش هەیە کە پشتگیریی ڕووسیا بۆ ڕژێمی بەشار ئەلئەسەد لە سووریا یەکێک بێت لە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ڕووسیا لە دادگاگە.
سەرەتا زۆرێک پێیان وابوو کە دادگاکە زۆر بەهێز دەبێت و سەرکەوتنی گەورە لە چارەسەری کەیسەکانی جینۆسادیدا بەدەست دێنێت. بەڵام هەرزوو کێشەکان سەریان هەڵدا و بەتایبەتی کە کارکردن لە کەیسە نێودەوڵەتییەکان پێویستی بە داراییەکی زۆر باش دەبێت و ئەم دادگایەش ئەوەی وەک پێویست نەبوو. پاشانیش دادگاییکردن و گرتنی تۆمەتباران لەلایەن دادگاوە کارێکی ئاسان نەبوو ئەگەر زلهێزانی وەک ئەمریکا و ڕووسیا پاڵپشتی دادگاکەیان نەکردایەوە وەک ئەوەی

لە دادگاکانی نۆرمبێرگ، تۆکیۆ، یۆگۆسلاڤیای پێشوو، دادگای پۆلپۆت لە کەمبۆدیا و دادگای رواندا و ئەوانی تردا روویدا. بۆ نموونە گەر پشتگیرییەکانی ناتۆ، ئەمریکا و رووسیا نەبووایە ئەوا دادگای یۆگۆسلاڤیای پێشوو هەرگیز دەستی بە تاوانبارانی وەک میلۆسۆڤیچ، کارادیچ، ملادیچ و هاجیچ و ئەوانی تر نەدەگەییشت!

زۆرینەی دادگا نێودەوڵەتییەکان، جگە لەم دادگایە یان سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، یان دادگای ناوکۆیی نێوان ئەم رێکخراوە و دەوڵەتێک یان زۆرتر بوون وەک بۆ نموونە دادگای تایبەتیی لوبنان کە کار لەسەر دادگاییکردنی تۆمەتبارانی بکوژانی حەریری دەکات.

هەموو ئەو دادگایانە ئەگەرچی نێودەوڵەتین، بەڵام تەنها سەیری کەیسێکی دیاریکراو دەکەن. دادگا کلاسیکییە نێودەوڵەتییەکەش (دادگای دادی نێودەوڵەتی - ICJ) تەنها سەیری ئەو کەیسانە دەکات کە لایەنە رکەبەرەکانی دەوڵەت یان کەسایەتیی نێودەوڵەتییان هەیە. هەربۆیە ئەم دادگایەش ناتوانێت وەک پێویست سەیری کەیسەکانی داعش و لایەنە نانێودەوڵەتییەکان بکات.

بەلاوازتربوونی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ویستی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی دێتەکایەوە کە زۆرینەی ئەو دەوڵەتانەی ئیمزای پروانامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی کردووە، پاڵپشتی بن بەتایبەتی هەردوو زلهێزانی ئەمریکا و رووسیا یان باشتروایە تەواوی وڵاتانی جی-هەشت پاڵپشتی بن تاوەکو دادگاکە چ لەباری نێودەوڵەتییەوە و چ لەباری داراییەوە پاڵپشتی بکرێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-١٦

# کوردستان، وڵاتی بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەکان!

لەم چەند مانگەی کۆتاییدا هەر کە ئیمێڵەکەم دەکەمەوە، چەند بەیاننامە یان ڕاگەیەندراوێکی تێدایە. هەڵبەت من هیچیان ناسڕمەوە و لای خۆم دەیانپارێزم.. کەمینەیەکی زۆر کەمیشیان دەخوێنمەوە.
کە ڕۆژانە بۆ چەند جارێکیش سەیری ماڵپەڕ و سەرچاوە هەڵبژاردەکانی خۆشم دەکەم، بۆ زانینی ئەوەی ئایا ئەمڕۆ چ هەیە و چ باسە! ئەوانیش پەیتا پەیتا بەیانێکی ئەم حیزب و ڕاگەیەندراوێکی ئەو لایەن بڵاودەکەنەوە.. هەندێکیان بەشێوەیەکی واهی مانشێتئامێزی دەکەن کە وا هەستدەکەیت لە چەند چرکەساتێکی داهاتوودا هەرچی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێمەیە چارەسەردەبن و دەوڵەتەکەشمان دادەمەزرێت!
ئامارێکی سەرپێیی ئیمێڵەکەی خۆمم کرد و لە سەرەتای ئەمساڵەوە (٢٠١٦) زۆرتر لە چوارسەد بەیان و ڕاگەیەندراوی حیزب و لایەنەکانی کوردستان – بەتایبەتی باشوورم پێگەییشتووە!
لەوە گەڕێ ئایا ئەم بەیان و ڕاگەیەندراوانە بارودۆخەکەی تا چەندێک هێورکردووەتەوە یان زۆرتر ئاگری پێوەناوە، یان هەندێکیان چەند بە زمانێکی زبر، نارێک لەباری زمان ڕێنووسەوە نووسراون! بەڵام دەمەوێت کەمێک لەسەر لایەنە ئابووری و تێچوونەکانی هەڵوەستەیەک بکەم!
دیارە ئەو زۆرتر لە ٤٠٠ بەیاننامەیە هەموو ئەوانە نین کە لە باشووری کوردستان ئافرێندراون! بەڵکو لەوانەیە سەدانی تریش هەبن و بە من نەگەییشتوون یان من خۆشبەختانە نەمبینیوون.
٤٠٠ بەیاننامە زۆرتر لە ١٠٠٠ کاژێری ویستووە بۆ نووسینی، لە نووسینی بەیاننامە هەمیشە دوو کەس و زۆرتری ویستووە، هەندێکیان زۆرێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی لایەنێکیشی بۆ چەندین کاژێر بەخۆوە خەریک کردووە! واتە تەنها ئەو ٤٠٠ بەیاننامەیە زۆرتر لە هەزار کەس پێوەی خەریک بووە!

باسی ئەوە ناکەم کە ئەو زۆرتر لە هەزار کەسە لەو زۆرتر لە هەزار کاژێرە لەوانە بوو کارێکی زۆر بەرهەمهێنتریان بۆ وڵات بکردایە! بەڵام زۆر گرنگە باسی تێچوونەکانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان بکرێت کە ئایا چەندیان تێدەچێت و دەکرا بەو پرە پارەیە چی بکرایە!

بەیاننامە، دەبێت لەلایەن چەند کەسێکەوە بنووسرێت، لەوانەیە چەند کەسێکی تریش پیاچوونەوەی تێدابکات، هەندێکیان بۆ زمانەکانی تریش وەردەگێڕدرێن. دەبێت تایپ بکرێت، لە رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەڤزیۆن، ماڵپەڕ و پەیجە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بڵاوبکرێتەوە! هەموو ئەمانە تێچوونی گەورەیان دەوێت. هەندێکیان کۆڕ و مێزگردی تەلەڤزیۆنیی لەسەر دەگیرێت. هەندێکیشیان وەک چۆن قسە قسە دێنێت! ئەوا بەیاننامەش بەیاننامە دێنێت! واتە دیسان تێچوونی تر!

بەکورتی خەڵکانێکی زۆر و ماشێنێکی گەورەی لە کەسان و تەکنەلۆجیا بەخۆوە خەریککردووە و دیارە هەمووشی سەرمایەی دەوێت و خەرجیی دەوێت.

دروست نازانم و ناتوانم تەخمینی ئەوە بکەم کە تێچوونی بەیاننامەیەک چەندە، بەڵام دڵنیام بە (تێکڕایی) زۆرتر لە هەزار دۆلاری تێدەچێت..

بەو پێودانگە سەرپێییەی من بێت، ئەوا لەم ساڵدا و لە باشووری کوردستان بەلایەنی زۆر زۆر کەمەوە نیو ملیۆن دۆلار بۆ بەیان و راگەیاننامە و دژە راگەیاننامە خەرجکراوە! ئەگەرچی دڵنیام ژمارەی بەیاننامەکان و خەرجییەکانی زۆر لەوە زۆرترە.

ئەمە بەدڵنیاییەوە بەهەدەردانێکی تری سەرمایەی وڵاتە بۆ کارێک کە من پێموایە هیچ جێیەکی ئەوتۆ ناگرێت و لە دژی پرنسیپەکانی (باشترین بەهایە بۆ دراو) کە زۆرێک لە وڵاتان و رێکخراوە سەردەمییەکان پەیرەویی دەکەن! ئەویش هەرکاتێک سەرمایەیەک خەرجکرا پێویستە شوێنەکەی دیار بێت، ئایا شوێنی خەرجکردنی ئەو سەرمایەیە بۆ ئەو بەیاننامانە لەکوێدایە؟

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-٢١

# بۆ مێژوو بنووسە! (کێشەی کات و ڕێکەوت و شوێن لە نووسینەکانماندا)

ئەمڕۆ، دوێنێ، پار، ئەمساڵ و لەم ڕۆژانەدا... ئەو وشە و دەستەواژانەن کە زۆرجار لە زۆرێک لە نووسینەکانماندا دووبارە دەبنەوە! کات و ڕێکەوت یەک لەو ڕەگەزە گرنگانەی نووسینە کە ناتوانین خۆمانی لێ هەڵبوێرین. ئەویش بەهۆی ئەوەی کە هەر نووسینێک باس لە هەنگاوێکی ژیان و سەردەمیی کێشەیەک دەکات کە پەیوەستێتی. هەر بۆیە دەبێت هەموو ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ئاماژە بۆ کاتێک، ڕۆژێک و سەردەمێک دەکەن، بەڕوونی لە نووسینەکاندا دەستنیشان بکرێن.

کە نووسەرێک لە وتارێکیدا، یان هەواڵسازێک لە هەواڵێکیدا دەنووسێت بۆ نموونە (دوێنێ یان ئەمڕۆ) و نووسینەکەی یان هەواڵەکەی بەڕێکەوت پاش دە ساڵی تر لە ڕۆژی نووسین یان بڵاوکردنەوەی وتارەکە یان هەواڵەکەوە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەرێک، نازانێت ئەو دوێنێ و ئەمڕۆیە کەیە!

نووسەر و هەوڵساز پێویستە بۆ هەموو ئان و زەمانێک بنووسێت، هەربۆیە پێویستە کە دەنووسێت دوێنێ، لەتەنیشتییەوە و لەنێوان دوو کەوانەدا ڕێکەوتی دوێنێ بنووسێت! بۆ نموونە (٢٤-١١-٢٠١٦) تاوەکو خوێنەر لە هەر کات و بارێکدا بەتەواوەتی بزانێت کە ئەو نووسینە کەی نووسراوە و مەبەستی دوێنێی نووسەر بەدروستی چ ڕۆژێک بووە. ئەگەرنا ئەوا ئەو نووسینە یان ئەو هەواڵە لەباری زانستییەوە نایێتە سەرچاوەیەکی بەهێز و دەچێتە خانەی گریمان و لەوانەکانەوە!

بەهەمان شێوە کە دەنووسیت ئەمساڵ، بنووسە ئەمساڵ (٢٠١٦)، یان پار (٢٠١٥). ئیدی نووسینەکەت بۆ هەتاهەتایە بەڕوونی دەمێنێتەوە و پاش چەندین سەدەی تر دەزانرێت مەبەستت چییە و کەیە..

هەروەها کە دەنووسیت لەم ڕۆژانەدا، بەلایەنی کەمەوە بنووسە (نۆڤەمبەری ٢٠١٦).

نووسینی ڕۆژ، مانگ و ڕێکەوت، هەر لە سەرەتای نووسینی کوردییەوە کێشەیەکی گەورە بووە و تاوەکو ئێستا بە

کێشەیەکی گەورە نەبینراوە و نەبووەتە بەشێک لە کێشەی ڕێنووسی کوردی!

هەریەک لەلای خۆیەوە بە جۆرێکی دەنووسێت! تێڕامێنن کە ئەمڕۆ ٢٥ی نۆڤەمبەرە و زۆر ئاسایی لە نووسینی وتار و هەواڵە کوردی و بەڵگەنامە فەرمییەکانی باشووری کوردستاندا بەم چەند جۆرەی خوارەوە دەنووسرێت! بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی بەستانداردکردنی درابێت..

٢٠١٦-١١-٢٥

٢٠١٦/١١/٢٥

٢٠١٦\١١\٢٥

٢٠١٦_١١_٢٥

٢٥,١١,٢٠١٦

٢٥ی ١١ی ٢٠١٦

٢٥ـی ١١ـی ٢٠١٦!

٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦

ئیسلامییەکان و کوردانی خۆرهەڵات کەلێندەری هیجری و هەتاوی بەکاردێنن و ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و پێویستت بە ئامێری ژمێریاری هەیە تاوەکو بزانیت ئەو نووسەرە مەبەستی چ کات و سەدەیەکە!

دیارە زۆر شێوازی نووسینی تریش کە دەبنە کێشەیەکی تەکنیکی و دەروونی بۆ خوێنەر..

من پێشنیازی جۆری یەکەم دەکەم بۆ نووسینی ڕێکەوت و هیوادارم زمانەوانە بەڕێزەکان لایەک لەم کێشەیە بکەنەوە و وتارنووس و هەوڵسازە بەڕێزەکانیش کە ئاوەڵناوە کاتییەکان بەکاردێنن، ڕێکەوتەکەشی لەگەڵدا بنووسن..

بۆ شوێنیش بەهەمان شێوە، کە دەنووسرێت ئێرە یان لێرە یان لەوێ، باشتروایە شوێنەکە دیاری بکرێت تاوەکو بەدروستی بزانرێت ئایا ئێرە سلێمانییە یان ئامەد یاخود سنە. ئەوێ و لەوێ هەولێرە یان قامیشلۆ یان هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە!

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-٢٥

# خۆزگە فیدێل وانەبووایە!




ئەمڕۆ (٢٦-١١-٢٠١٦)، فیدێل کاسترۆ لە تەمەنی نەوەد ساڵ بەرەوژووردا کۆچی دوایی کرد. دیارە پێویست بەوەناکات من دەربارەی کاسترۆ و کار و شۆڕشە بەناوبانگەکەی هیچ بنووسم، چون بۆ هەمووان ئاشکرایە و یەکێکیشە لە کەسایەتی و شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکانی دونیا لە سەدەی بیستەمدا.

فیدێل، گەر وەک چێی هاوڕێی بە پرینسیپ و بنەماجوانەکانی سەرەتای خەباتییەوە بمایەتەوە، ئەویش ئێستا وەک چیێ هاوڕێی وێنەی بەسەر تی-شێرتی زۆرێک لە لاوە ئازادیخوازەکانی جیهانەوە دەبوو..

هەر چیێ باشی کرد و ئەو ناوە گەورەیەی بۆ خۆی تۆمارکرد، ئەگەر وانەبا دەبووە وەزیرێکی درێژخایەن لە حکومەتە پەنجا ساڵییەکی ڤیدڵی هاوڕێیدا و دەبووە پیرێکی گەندەڵی بێکەڵک و لە بیر و نەستی ئێمەشدا بەو جوانییە نەدەمایەوە..

ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا گفتوگۆی ئەوەمان دەکرد ئەگەر ئایا ئێستا فڵان شەهید بمایە چی دەبوو؟! (لەگەڵ ڕێزم بۆ شەهیدەکانمان)، هەریەک لە ئێمە سیناریۆیەکی بۆ دروستدەکرد! یەک دەیگوت: ئێستا ملیۆنەر بوو، یەکی دی: نا ئێستا دوو ژنی تری هێنا بوو، ئەوی تر: ئێستا دەیان لاندکرۆزەری بەدوواوە بوو و زۆر سیناریۆی تر.. هەموو پاشتر هاتینە سەر ئەوەی بڵێین کەواتە باش بوو شەهید بوو!

ئەوەیە کلیلی سەرکەوتنی مرۆڤەکان. کە دەستەڵاتت بوو، هەر ئەوەندە پێوەی پەیوەست ببە تا دەتوانیت خزمەتێک بکەیت و نابیتە بار و مشەخۆر بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێشتر "خەبات"ت بۆی دەکرد! گەر هەر پەیوەست بووی بەدەستەڵاتەکەتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی وەک ئەوەی فیدێل و پاشانیش کە هیچت پێوەنەما و رادەستی یەک لە ئەندامانی خێزانەکەت کرد، وەک ئەوەی کە فیدێل بۆ راوڵی برایی کرد، ئەوا خەبات و پرینسیپ و دەستەڵات و هەموو شتێکت دەبێتە بازرگانی، خۆپەرستی و بەرژەوەندیی بنەماڵەیی و هیچ شتێکی جوانی پێوەنامێنێت..

خۆزگە فیدێل هاوڕێی سەددام نەبووایە!

خۆزگە فیدێل وانەبووایە.. ئەگەرنا لە مردنەکەی ماندێلا زۆرتری بۆ دەکرا..

لاهای - هۆڵندا
٢٠١٦-١١-٢٦

# ئۆتومبیل سووتاندن هەر هەمان هزری خەرمان سووتاندنە!



**خەرمانی سووتاوی یەک لە مامۆستا ناڕازییەکان**

ئەم بەیانییە (٢٧-١١-٢٠١٦)، لە سلێمانی ئوتومبیلی دوو مامۆستای "ناڕازی" سووتێندران. کێ سووتاندوویەتی ئەوەیان نازانرێت، بەڵام لە زۆر ڕەهەندییەوە کارەساتێکی گەورەیە..

کارەساتەکە لە زیانە مادییەکەیدا نییە، هەروەها لەوەشدا نییە کە لەوانەیە ئەو دوو مامۆستا هەژارە بە هەزار ئەملاولا و پارەکۆکردنەوە و لەوانەشە بە قیستی مانگانە ئەو ئوتومبیلانەیان کڕیبێت! بەڵکو لەوەدایە کە هزری ئێمە، هزری ئاغاکانی ئێمە، هزری ئوتمبیلسووتێنەرانی ئێمە، هەمان هزری سەدان یان هەزاران ساڵی ئاغاکانی پێشترمانە! کە بیانویستایە جووتیارێک یان کەسێک بێدەنگ بکەن و ڕەنج بێوەری بکەن، ئەوان خەرمانەکەیان دەسووتاند! خەرمان سووتانیش واتە سووتانی ڕەنجی ساڵێک و برسێتی و ناچارکردنی ئەو جووتیارە بە چۆکدادان بۆ ئاغاکان!

مێژووی هزری سیاسیی ئێمە، سەدان ساڵە بستێک نەچووەتە پێشەوە! ناوەکان گۆڕدراون و هیچی تر..

ئاغا بووتە سیاسی، ئەسپی رەسەن بووەتە لاندکرۆزەر و هامەر! باڵەخانە و فەرشی کاشان بووەتە کۆشکی سەر گرد و سەر چیا! زیندانی گەوڕ بووەتە ژوورە تاریکەکانی ئاساییش! خەرمان سووتاندیش بووەتە ئوتومبیل سووتاندن!

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-٢٧

# بەیاساییکردنی حەشدی شەعبی و ترسەکانی پۆست-داعش

ڕۆژی ٢٦-١١-٢٠١٦، پەڕلەمانی ئێراق بەزۆرینەی دەنگ پڕۆژەیاسای حەشدی شەعبیی پەسەندکرد. زۆرینەی سوننەکانی ئێراق دەنگیان بەم یاسایە نەدا چونکە دەیانزانی ئەمە دەبێتە ترسێکی گەورە بۆ پاشەڕۆژی سیاسی و دەسەڵاتیان لە ئێراقدا. هەڵبەت سوننەکان چەندێک ئەو دەنگنەدانەیان ویستی خۆیان بوو، دە هێندەش ویستی عەرەبستانی سعودیە بوو.

کورد، وەک خوی هەمیشەییی، لەمەشدا بێگومان یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نەبوو، هەندێک دەنگی پێدا و هەندێکیش نەخێر! واتە نە وەک شیعەیان کرد و نە وەک سوننە، بەڵکو وەک ئەوەیان کرد کە سەدان ساڵە دەیکەن!

حەشدی شەعبی، پێش ڕۆژی بەیاساییبوونی، بە هەموو پێوەرێک میلیشیایەک بوو هیچی تر. بەڵام لەپاش ئەو ڕێکەوتەوە حەشدی شەعبی دەبێتە سوپا یان سێمی-سوپایەکی فەڕمی لە ئێراقدا. بەتایبەتی کە بەهۆی شەڕی ڕزگارکردنی موسڵەوە سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و بەهۆیەوە زۆرتر بووەتە هێزێکی ئەڕۆگانتی ناوچەکە.

زۆرجاران لەنێوان حەشدی شەعبی و هێزەکانی پێشمەرگەدا پێکدادان ڕوویداوە، بەهۆیەوە لە هەردوولا دەیان کەس گیانی لەدەستداوە. پاش دەستپێکردنی شەڕی داعش هێڵە بەرگرییەکانی جەلەولا، خورماتوو، باشووری کەرکوک، مەخموور و دەشتی نەینەوا، هەمیشە جێ پێکدادانی، داعش-پێشمەرگە، داعش-حەشدی شەعبی و پاشانیش پێشمەرگە-حەشدی شەعبی بووە. ئەم پێکدادانانەی ئەم دوو بەرەیەی کۆتاییان هەر لە خۆڕا نەبووە. بەڵکو ئەجێندایەکی شیعەگەرایی گەورەی لەپشتەوەیە و ماشێنێکی گەورەی هزری، ئابووری و سیاسیی شیعەکانی جیهان بەسەرۆکایەتیی ئێرانی بەدواوەیە.

هەرچی بەرەی یەکەمە، کە پێشمەرگەیە، ناوچەکان لە هەردوو باری مێژوویی و جوگرافیدا هی خۆی بووە و لێی

زەوتکراوە و دەیەوێت بەهۆی ئەم شەڕەی داعشەوە جارێکی تر ئەو ناوچانە لەدەست نەداتەوە.

هەرچی بەرەکەی ترە، کە بە رووکەش حەشدی شەعبییە، بەڵام لەڕاستیدا ئێران و ئەجێندای شیعەگەراییە کە دەیەوێت هەرچی چۆنێک بێت جیۆپۆلیتیکی خۆی فراوانبکات و ئەو خەونە گرنگەی بەدیبێنێت کە هێڵی خورماتوو بە باشووری کەرکوکدا بگەیەنێتە دەشتی نەینەوا و دەستی بگاتە زێدی شیعە تورکمانەکانی تەلەعفەر و بەهۆیەوە لە سنووری سووریا بدات!

هێزەکانی حەشدی شەعبی، ئەگەرچی ئێراقین، بەڵام لەڕاستیدا لەلایەن سوپای قودس و خودی شیعەگەرای ئێرانەوە ئاڕاستەدەکرێن. زۆرجاریش بە ئاشکرا فیگەرە بەرچاوەکانی ئێران لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا دەبینرێن. تەنانەت کلتوور و هەڵسوکەوتیشیان کتومت بەسیجی ئێرانییە!

گەییشتنی هەژموونی ئێرانی بە سنووری سووریا گەلێک گرنگە بۆ ئەجێندای شیعەگەرای جیهانی بەڕابەرایەتیی ئێران. سووریا بەهۆی ئەوەی کە بۆ چەند دەیەیەکە بنەماڵەی عەلەوییەکان فەرمانڕەوان و هەمیشەش پاڵپشت و لایەنگری ئێران و شیعەگەرای ئێرانی بوون. تەنانەت لە جەنگی هەشت ساڵەی ئێران-ئێراقیشدا هەردەم پاڵپشتێکی گەورەی ئێران بوون لە دژی ئێراقی عەرەبی.

ئەم پێگەیشتنەی ئێران بە سنووری سووریا، هەر چوار تەورە گرنگەکەی شیعە پێکدەگەیەنێت کە ئەوانیش ئێران، ئێراق، سووریا و لوبنانە کە حیزبوڵڵای لوبنانی سەرکردایەتیی دەکات. ئەم پێکگەییشتنە بلۆکی شیعەی ئێرانی دەباتە سەر دەریای سپی و دەشبێتە دراوسێی ئیسرائیل!

هێزەکانی باشووری کوردستان وەک هەمیشە لەم نێوانەدا یەک گووتار نەبوون! دووکەرتییەکی تەواو هەیە لەنێوان هزری سەفەوی و عوسمانیدا کە لە هەردوو ئێرانی ئیسلامیی شیعەی ئێستا و تورکیای ئەکەپەی عوسمانیی ئێستادا خۆیان دەنوێنن.

تاکە سوودی بوونی حەشدی شەعبی لە نزیکی کەرکوک کەمکردنەوەی هەژموونی تورکییە لەسەر کەرکوک کە چەندین ساڵ پێشتر کاری بۆ کرد و بەرەی تورکمانیی ئێراقیی بۆ ئەو مەبەستە خستبووە کار و کارمەندییەوە. بەڵام دیارە زیانەکانی

لە سوودەکانی کەمتر نین. چونکە هەژمونێکی ترسناک بە یەکێکی تری ترسناک یان ترسناکتر گۆڕدراوە.

بەنەمانی داعش، حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی "مادەی ١٤٠" کەم نابێتەوە! بەڵکو زۆرتر دەبن. ئەم بە یاساییبوونەی حەشدی شەعبییە ئەوەندەی تر بوونی ئەوان لەو ناوچانەدا قاییمتر و یاساییتر دەکات. هەربۆیە دەبنە ترسێکی گەورە بۆ سەر سنووری باشوورمان و شەڕی دوای داعشمان لەگەڵ حەشدی شەعبی و ئەو ماشێنە گەورەیەیە کە ناوی شیعەگەرای ئێرانییە.

هەڵبەت حەشدی شەعبی زۆرینەی عەرەبە سوننەکانی لەو ناوچانەدا نەهێشت و پاکسازیی کردن. پاکسازییەکە گەییشتە رادەیەکی واهی کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەندین راپۆرت لەسەر ناوچەکانی پارێزگای بەعقوبە دەربکەن. ئەوە سەرەتایەکە بۆ گەییشتنی ئێران بە سنووری سووریا!

پرسیارەکە لێرەدایە، کورد چەندێک ئامادەیە بۆ ئەو شەڕە و چۆن گووتاری خۆی رێکدەخات و بە چ شێوەیەک بەرەورووی شیعەگەرای ئێرانی دەبێتەوە؟

هەرچۆنێک بێت بۆ بەرەورووبوونەوەی ئەم هەژموونە ترسناکە پشتبەستن بە هەژموونێکی ترسناکی تری وەک تورکە عوسمانییەکان خۆکوشتنێکی تر و دۆڕانێکی ترە!

لاهای – هۆڵندا
٢٠١٦-١١-٢٩

# لیستەی گۆڤار، رۆژنامە و ماڵپەڕەکان

ئەو کەناڵانەی ئەو کورتە لێکۆڵینەوە و وتارانەی بەرگی سێیەمی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمانەن:

تێبینی: هەندێک لەم ماڵپەڕ و کەناڵانە بەبێ پرسی من نووسینەکانیان وەرگرتووم و بڵاویانکردوونەتەوە.

مەرج نییە هەموو ئەو ماڵپەڕ و کەناڵە راگەیاندنانەی کە نووسینەکانی منیان بڵاوکردووەتەوە لەم لیستەیەدا بین.

- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی – باڵی قادر عەزیز
- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی – دەستە جیابووەوەکە
- هەفتەنامەی رووداو
- ماڵپەڕی رووداو نێت
- ماڵپەڕی کڵاورۆژنە
- ماڵپەڕی پێنووسە ئازا و ئازادەکان – پێنووسەکان
- ماڵپەڕی کوردستان نێت
- ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ
- ماڵپەڕی کورد نێت
- هەفتەنامەی میدیا
- گۆڤاری کۆوار
- ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید – چاك
- ماڵپەڕی پەیڤ
- ماڵپەڕی هەڵوێست
- ماڵپەڕی زاری کرمانجی
- گۆڤاری نێوەند
- ماڵپەڕی پاسۆك
- رۆژنامەی رێگای رزگاری
- گۆڤاری شەقام
- ماڵپەڕی نوچە نێت
- ماڵپەڕی خوداکان
- رۆژنامەی زاری کرمانجی
- ماڵپەڕی پارتی چەپی کوردستان
- ماڵپەڕی بیری نوێ

- ڕۆژنامەی هاوڵاتی
- ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز
- ماڵپەڕی شەفەق
- ڕۆژنامەی ڕووبەر
- ماڵپەڕی ڕووبەر
- ماڵپەڕی نوچە نێت
- گۆڤاری شەپۆل
- ڕۆژنامەی باس
- ماڵپەڕی نێوەند
- ماڵپەڕی پێنووسەکان
- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
- ماڵپەڕی کوردستانی نوێ
- ماڵپەڕی کوردیپێدیا
- پەیجی هاوڕێ باخەوان لەسەر فەیسبووک
- ماڵپەڕی دواڕۆژ

# پەڕتووکەکانی نووسەر

1: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان - چاپی یەکەم - هۆڵندا - 1994.

2: پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد - چاپی یەکەم - هۆڵندا - 1994. چاپی دووەم - هۆڵندا - 1995. چاپی سێیەم - هەولێر - 2002 - لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا – چاپخانەی ئۆفسێتی هەولێر.

3: کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە - چاپی یەکەم - هۆڵندا - 1996. چاپی دووەم – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – کوردستان هەولێر – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – ژمارەی سپاردن: 91 - 2003.

4: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

5: ئاڵای کورد - چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (117) - سلێمانی - 2001.

6: ڕۆژی شۆرش یان ڕۆژی تیرۆر - چاپی یەکەم – ئۆکتۆبەری 2003 – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری – ژمارەی سپاردن: 301 - کوردستان – هەولێر.

7: وشە پەڕتەوازەکان – بەرگی یەکەم – سەرجەمی 100 وتار و کورتە لێکۆڵینەوەیە کە لە نێوان ساڵانی 1995 و 2005دا لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردی و بێگانەکانی کوردستان و هەندەراندا بڵاوکراونەتەوە - ژمارەی سپاردنی (1994)ی ساڵی (2008)ی پێدراوە – چاپخانەی سیما - 2009 – کوردستان – سلێمانی.

## ئامادەیە بۆ چاپ

1: وشـە پەڕتەوازەکان – بەرگی دووەم – سـەرجەمی ئەو وتار و دیمانانەیە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لە نێوان ساڵی 2005 و سێپتێمبەری 2009دا بڵاوبوونەتەوە.

2: وشـە پەڕتەوازەکان – بەرگی سێیەم – سـەرجەمی ئەو وتار و دیمانانەیە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا لە نێوان ساڵی 2009 و 2014دا بڵاوبوونەتەوە.

3: بەراووردەکانی ژیان - پرس و ڕایەکی بەراووردکارییە بۆ بەرەو نەتەوەییبوون.

4: ئەدەبیاتی کاژیك - کۆکراوەی تەواوی ئەدەبیاتی کاژیکە بەپێی توانا و لەداهاتوودا ئامادەدەکرێت بۆ چاپ. تکایە هەرکەسێك هەر نووسراوێکی کاژیکی لەلایە و لەم کۆکراوەیەدا نییە، ئەوا ئاگادارم بکاتەوە تاوەکو لەم کۆکراوەیەدا تایپ و ناوکێشبکرێت.

5: دەستوورم واهی خوێندەوە!
کۆمەڵێك ڕەخنە و تێبینیی یاسایی، زمانەوانی و لۆجیکییە لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – 2009

6: زمانی کورد، بگونجێنە بۆ 0 و 1 – 2015

7: ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد - 2016

**Hawrê Baxewan**

# Wişe Pertewazekan

## Bergî Sêyem

**Sercemî ew witar u dîmananeye ke le sêptêmberî 2009we le gowar u rojname u malpere Kurdîykanî Kurdistan u Henderanda bilawkirawnetewe**